# کەسایەتیەکانی شاری ڕواندز

نوسینی

صالح محمد صالح

کۆمەڵگای فەرهەنگی
ئەحمەدی خانی
KOMELGEHA FERHENGÎ YA EHMEDÊ XANÎ


- کەسایەتیەکانی شاری ڕواندز
- نووسین: صالح محمد صالح
- نرخ: ٩٠٠٠
- تیراژ: ٥٠٠
- ژمارەی سپاردن: ٩٢٢ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
- چاپی یەکەم
- بەرگی یەکەم
- کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی



مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە ٢٠٢٢

## * پێشەكی *

هەمووخەڵكی كوردستان بەتايبەتی نوسەروڕۆشنبيرانی شاری ڕواندزودەوروبەری باش دەزانن كە ئەم شارە مێژوويێكی زۆر كۆنی هەيە، هەرلەسەردەمی ميرنيشنی سۆران تا كۆتای سالآنی هەشتاكانی سەدەی بيستەم لە بنەڕەتدا باسی هەموو بنەماڵە وكەسايەتی وپياوە ناودارەكان دەكات كە لەم شارە چاويان بەدونيا هەڵ هێناوە، هەرلەم شارەش پێگەيشتوونەو ژيانيان بردۆتە سەرو پارێزگاريان لەم شارەش كردووە، ديارە خەڵكی ئەم شارەش پێك هاتووە لە چەندين مرۆڤی دڵسۆزوكورد پەروەر وكەسايەتی وبنەماڵەی ميرو بەگزادە ومەلاومامۆستا وزاناوداناوهونەرمەند وفەرمانبەروڕۆشنبيروپيشەوەروحاكم ودكتۆرودادپەروەروی بەتواناوئازاو زۆر زيرەك وتێكۆشەری هەبووە، بۆيە ئەگەرلاپەڕەكانی مێژوی كەسايەتی وپياو ماقول وناودارو بنەماڵەكانی شاری ڕوانـدز هەڵ بدەينەوە دەبينين ئەوكەسانە وبنەمالآنەش زۆركاری باش وچاكيان ئەنجام داوە، بۆخەڵكی دەڤەرەكەيان وبۆ شارەكەی خۆيان ، بۆيە ئێمەش ئێستاكە بەشانازيەوە باسی پيشەوئيش وكاروچالآكيەكانی سەردەمی زيندويی خۆيانتان بۆ دەكەين، هەروەها وەبيرهێنانەوەی هەموو يادگاريەكانی سەردەمی باب وباپيرانمان بۆنەوەكانمان دەگێرينەوە وكە نەوە لەدوای نەوە تاهەتايە لە ناوئەم كتێبە بمێنێتەوە ، وەك مێژوويێكی جوان و زۆربەنرخ لە گێڕانەوەی ئازايەتی ودڵسۆزی و مەردايەتی وكردەوە باش وجوان وكاروكاسبی وچالاكيەكانيان، تابە پاكی وبەجوانی وەك خۆی بمێنێتەوە، لە كاتی خۆيدا چۆن بەردەوام لـەم شارەكاريان كردوەو تێكۆشاون بۆئەوەی سروشتی جوانی شارەكەيان پاكوخاوێن وڕازاوە بێت لە هەموو بوارەكاندا بەرەو پێش بچێت ، خۆديارە تائێستاكەش جێی پەنجەجوان ونەرمەكانيان ديارە، بۆيە لەم پەڕتوكەم دا توانيم هەريەك لە بنەماڵەكان وكەسايەتيەكانی شاری ڕوانـــدز بەچەند دێرێك بەسەربكەمەوە ، دەمەوێت بەشێكی كەم بە كورتی باسی ژيانی چەندين كەسايەتی وناودارانی شاری ڕواندز بكەين، لە هەڵوێست وجوامێری ودڵسۆزی يەكە يەكەی بنەماڵەكان وكەسايەتی ئەوشارە، سەرەتا لە ميرنێشنی سۆران باس دەكەين تاكۆتايی ساڵی هەشتاكانی سەدەی بيستەم، ئەگەر دڵسۆزوخزم وكەس وكاريان هاوكارم بان لەپێدانی زانياری و وێنەكانيان بۆئەوەی لەبير نەكرابان وناوەكانيان تۆمار بكرايە لەم كتێبەدا . بۆيەسوپاسی هەموو ئەو كەسانە دەكەم كەيارمەتيان داوم لەزانياری كەس وكاری خۆيان لەكەسايەتيەكانی ئەم شارە هەروەها نيگەرانم لەوكەسانەی كەنەيان توانی وێنەو ناوی كەسايەتيەكانيان بۆم ڕەوانە بكەن تامنيش لەم پەڕتوكە ناويان تۆمار بكەم ، بۆيە داوای لێبوردن

دەکەم ئەگەرئەم کتیبە هەرکەم وکوڕێکی هەبێت ئەوانەی کە نەیان توانیوە کەسایەتیەکانیان بۆم ڕەوانە بکەن ئەتوانن لە بەرگی دووەمی کتێبەکە بەشدار بن زانیاری تەوامان بدەنێ تابتوانین، بە جوانی ، ناویان تۆمار بکەین،



**کۆمەڵێک کەسایەتی شاری رواندز**

## * میرانی میرنیشینی سۆران *

میرئۆغوزبەگی گەورە کوڕی میرعەلی بەگی کوڕی میرسلیمان بەگی برای خانزادی سۆرانە میرئۆغوز بەگ لەپاش نەمانی باوکی لە ساڵی (١٦١١) یزاینی بۆتە میری میرنیشنی سۆران لە شاری ڕواندز و دەسەڵاتی وەرگرتووە ئینجا فکری لەوەکردۆتەوە کە زیاترمیرنیشنەکەی گەورەترو فراوانتر بکات بۆیە لە وڕۆژەی کە شاری ڕواندزی کردۆتە پایتەختی میرنیشنەکەی بەدەستی خۆی نامەی بۆعەشیرەتەکانی ناوچەکانی باڵەکایەتی برادۆست وسورچي وئاغا وکوێخای گوندەکان ومەسیحیەکانی دیانەو هاودیان ناردوە کەپشگیری لەمیرنیشنەکەی بکەن بۆبەرژەوەندی میرنیشنەکەی وناوچەکانیان بەم جۆرە هەموو ئەو ناوچانە هاتوونەتە ژێرفەرمانی میر ئۆغوزبەگ هەتا هۆزەکانی (فەلە) واتە مەسیحی یەکانیشی هێناونە تە ژێر فەرمانی خۆی، دوای ئەو .

## میرە بەگ

بەگوتەی (ئەمین زەکی بەگ لە (تاریخی نعیما) یگواستۆتەوە دەڵێ (میرەبەگی سۆران) بۆتە جێ نیشنی برای خۆی لەساڵی (١٦١٩) ی زاینی واتە (٢٣١٩) ی ساڵی کوردی میرە بەگ کەبۆتە میری سۆران چاوی بە خەسرەوشا دەکەوێت پەیمان نامەیەێک لەنێوان خۆیاندا دەبەستن لە دژی داگیرکەرەکان بۆپاراستنی ناوچە کانیان لەڕۆژگاری ئەودا (خان ئەحمد خانی) ئەردەلانی ووڵاتی سۆران داگیردەکەن گومان لەوەدانیە کەمیرە بەگ برای ئۆغزبەگی گەورە بووە، بەڵام نەزانراوە کەبۆچی حوسێن حوزنی لە نووسینەکانی خۆیی بەهیچ شێوەیەک باسی میرەبەگی نەکردوە ، لە دوای ئەومیرئحمەد بەگ بۆتەمیر.

## میرئەحمەد بەگی کوڕی ئۆغوزبەگ

میرئەحمدبەگ کەباوکی دەمرێت پاش ڕۆژێک لە دوای تەواوبوونی پرسەی باوکی یەکسەرخزم وکەس وکاری خۆی وخەڵکي شاری ڕواندزوهەمووگوندەکانی دەوروبەری لەمزگەوتی گەورەی شاری ڕواندز کۆ دەکاتەوە، هەموویان ئاگادار دەکاتەوە بۆنانی نیوەڕۆ، بانگێشیان دەکات نان وخوانێکی زۆربۆئەوخەڵکە ئامادە دەکات بەشێوەیەکی زۆرجوان وڕێک وپێک خواردنەکەیان بۆدەڕازێنێتەوە بۆژەمی نیوەڕۆ ئەوجا لەدوای نان خواردنەکەیان میرئەحمدبەگ لەسەر بانی مزگەوتەکە قسەیان بۆدەکات خۆی دەست نیشان دەکات، کەپشگیری لێ بکەن بۆبوون میری

میرنیشینی سۆران، ئینجائەو خەڵکەی کە لەوێ بوون قەناعەتیان بە قسەکانی میرئەحمەدبەگ دێت و هەموویان پشگیري لەقسەکانی دەکەن ڕەزامەندی لەسەر بوونی بە میری میرنیشی سۆران دەکەن وزۆردڵخۆش دەبن کە ئەحمدبەگ ببێتەشوێن گرەوەی ئۆغوزبەگی باوکی، ئەوجالەو ڕۆژەوە دەبێتە میری میرنیشینی سۆران، میرئەحمەد مرۆڤێکی زۆردادپەروەر ومرۆڤ دۆست وخێرخوازوهەژاو دۆست و بە ئەمەک بوو لەشاری ڕواندز، میر ئەحمەد هەرکارێکی بکردایە پرسی بەڕیشسپی و پیاوەماقوڵانی شاری ڕواندز و ناوچەکەی دەکرد، هەروەها میرئەحمد زۆر کەیفی بەڕاوکردن دەهات بۆڕاوکردنەکەشی بەزۆری لەبناری چیای کۆڕەک وشاخەکانی پشتی بێخاڵ بووە، دەڵێن ڕۆژێکیان لەگەڵ هەندێک کەسایەتی شاری ڕواندزدەچێتە ڕاوی بزنە کێوی لەناومیل کەخۆی تیادا عەشار دابوو لە یەکێک لەلاتەکانی پشتی ئاوی بێخاڵ لە ناوعەشارگەکە لەشوێنی ڕاوکردنەکەی بەهۆی سەرماوە لەناومیل دڵەگەورەکەی ڕادەوەستێت وکۆچی دوای دەکات، هەربۆیەتا ئێستاکەش بەلاتەوشوێنە دەڵێن میلی پاشای، میل ئەوشوێنەیە کەبۆ کەمین دانان وەیان خۆعەشاردان لەبزنەکێوی هەر ئاژەڵێکی تربێت لەشوێنی ڕاوکردن، گوایە دەڵێن لەناو میلەکە لەسەرما دڵی دەوستێت لەساڵی (١٧٥٩) زاینی کۆچی دوای دەکات لەدوای میر ئەحمەد میرئۆغزبەگی بچوک کە کوڕی میر ئەحمد بەگ بووە دەبیتە شوێن گرەوەی باوکی.

## میر ئۆغزبەگی بچوک

میرئۆغزبەگی بچوک کوڕی میرئەحمد بەگ لە ساڵی (١٧٥٩) دوای مردنی باوکی دەبێتە شوێن گرەوەی باوکی، واتە شوێنی باوکی خۆی دەگرێتەوە، دەبێتە میری میرنیشینی سۆران، میرئۆغزبەگی بچوک پیاوێکی دەم بەخەندەو پێکەنێن وقسەخۆش وئاوەدان ومەدریس خۆش بووە، هەروەها مرۆڤێکی موسڵمان ودادپەروەروخواناس وخێرخوازو هەژاردۆست بووە، زۆرحەزی لەدۆستایەتی کردنی خەڵکی کاسبکار وکرێکارو پیشەوەروجوتیاران دەکرد، بەتایبەتی زۆرهانی جوتیارانی ئەدان کە کشتوکاڵ ودارودرختی بەبەربەرهەم داردابچینن زۆرهیوایەتی سەوزایی وداچاندنی ڕەزوباغی بەبەرو جوان بووە، هەروەها میرئۆغزبگ بەپارەوکەرستەی کشتوکاڵی زۆر یارمەتی جوتیارانی دەدا بۆ ئەوەی بەرهەمی خۆماڵی وەبەرهێنن، میرئۆغزبەگ کەسێکی دووره شەڕبووە، پیاوێک بووە تابڵێت ئـاقل وزانا وهۆشیار بووە، ماوەی (١٢) دوانزه ساڵ دەسەڵاتی لـەدەست بووە لەناو میرنیشنەکە، لە سـاڵی (١٧٧١) کـۆچی دوای کـردوە، لـە دوای خـۆی (٦) شــەش کـوڕ و (٢) دووکـچی بەجێ هێشتوە

ئەمەش ناوی کـوڕەکـانی بووە (١- مستەفا بەگ ٢- تەمەرخان بەگ ٣- یەحیا بەگ ٤- بـایز بەگ ٥- ئەحمد بەگ ٤- حەسەن بەگ) یەحیا بەگ کردبووە لێپرسراوی ناوچەی برادۆست وسیدەکان وەبایزبەگیش بۆسەر بابشتیان ڕادەسپێرێ تەمەڕخان وحەسەن بەگ وئەحمەد بەگیش دەبنە یاریدەدەری مستەفابەگی برایان بەهەموویان کاروباری ناومیرنیشنەکە بەڕێوەدەبەن هەرکەسەو لەبوارێکا کارەکانیان بەڕێوە دەبرد، لە کتێبی شەرەفخانی بەدلیسی دا لەم بارەیەوە بەباشی باسی کردوە .

## میر مستەفا بەگ

میر مستەفابەگ دەبێتە کوری میرئۆغزباگی بچوک لە دوای وەفات کردنی ئۆغز بەگی باوکی دەبێتە جێنیشنی باوکی، میرمستەفابەگ پێش ئەوەی ببێتە میرات گروجێنیشنی باوکی هەموو براکانی خۆی بەزەبری هێزوبەزۆری بیان هێنێتە بەرفەرمانی خۆي، بۆیە هەرزووقەڵا وسەنگەرەکانی خۆی لە کۆیە وڕانیەو زینوەو خەلان و باڵەکایەتی و سیدەکانی ناوچەی برادۆست وحەریرو هەودیان ومەزنەوشێتنە و وەرتێ دامەزراندن، بوونی مستەفابەگ بەمیری میرنیشینی سۆران برایەکانی زۆرپێی پەست بوون، بۆیە بەدائم پیلانیان دەگێڕا لەدژی کاروچالاکیەکانی کانی دەوەستانەوە، نیازیان زۆر خراپ بوولەگەڵ (میرمستەفابەگ) هەرچەندە مستەفابەگ زۆرگوێی پێ نەدەدان لەگەڵیان بەباشی دەجولایەوە، ئەوهەموو براکانی خۆی کردبوونە سەرپشک لە هەموو کارەکانی ناو میرنیشنەکە هەریەکەو ناوچەیەکی پێ سپاردبوون، بە باشی بەڕێوەی بەرن بەڵام براکانی زۆرتوندو تیژیان لەگەڵی بەکار دەهێنا هەروەها لەدژی خەڵکی ناوچەکە زۆر خراپەکاریان دەکردو توندوتیژیان بەکاردەهێنا تا هەیکەلی میرنیشنەکە لەبەرچاوی خەڵکی ناشیرن بکەن بۆیە ناوە ناوە دەچوو سەردانیان و سەری لێ ئەدان وقسەی پێ دەووتن کە ئیدارەی خەڵک بەڕێک و پێکی بەڕێوەبەرن لەگەڵ خەڵکی بەباشی بجولێنەوە ویارمەتیان بدەن، بەم سەردانەی تاماوەیەک دای دەمرکاندنەوە بۆئەوەی لەگەڵ خەڵکی باش بن ئینجا بەم شێوەیە مایەوە تا ساڵی (١٧٨٤) ی زاینی بەوەش لێی نەگەڕان زانیان کە پەیوەندی میرمستەفا لە گەڵ بابانیەکان باش نیە لەژێرەوە لە گەڵ بابانیەکان ڕێک دەکەون دۆستایەتي دەکەن هانی بابانیەکانیان دا کەبێنە سەر مستەفابەگ ومیرنیشنەکە داگیر بکەن بە بێ ئەوەی مستەفابەگ ئاگاداربێت براکانی خیانەتیان لەگەڵ کردو هەموو ناوچەکانی ڕانیەو کۆیەوحەریر بە دزیەوە سپارد بوو بە لەشکری بابانیەکان وداگیریان کرد ئەم داگیر کردنەی ئەو ناوچانە بەناپاکی براکانی میرمستەفا بەگ بووە، لەولاشەوە تەیمورخانی

برای مستەفابەگ هەودیان تا دەگاتە ناوچەی شەمزینای کردە هی خۆی تاسنوری زەرزاو موکوریان چوبایزبەگیش دۆڵی باڵەکایەتی و دۆڵی ڕوست وناوچەی برادۆستی کردە هی خۆی ئینجا بۆمستەفا بەگ مایەوە شاری رواندزو دەشتەدیان و باپشتیان وخلیفان و سەرچیاو دۆڵی ئالانەو جۆلە مێرگ بۆیە میرمستەفا بەگ زۆر بەم خیانەت کردن وکارە ناڕەوایەی براکانی پەست دەبێت هەرزوو خۆی ڕێک دەخات ولەشکرێکی مونتەزەم ڕێک دەخات شوێنە سنوورەکانی خۆی کەماوەتەوە لەژێردەستی دەی کاتە قەڵاو سەنگەر بەتەواوەتی خۆی قائم دەکات نامەیەک بۆ محمود پاشای بابانیەکان ڕەوانە دەکات



**میرمستەفا بەگ**

ئەوناوچانەی کە داگیری کردوە بەزووترین کات چۆلیان بکات وبگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان کەچی پاشای بابانیەکان گوێی نەدایە نامەکەی مستەفابەگ ئەمە مایەوە,


تا ساڵی (١٧٨٧) ی زاینی سولێمان پاشا بە لەشکرێکی زۆر گەورە لەڕێی بالیسانەوە بەرەو دۆڵی ئالانەو خلیفان کەوتە ڕێ میرمستەفا هەمووئەو ڕێگایانەی لەخەلیفانەوە بۆدۆڵی ئالانە هێزێکی زۆرگەورەی تیادا جێگیرکرد (کەمین) واتە بۆسەیان بۆلەشکری بابانیەکان دانایەوە ئەوجا لەبەرە بەیانێکی زۆرساردو تەموومژاویدا لە (کونەفیچ) ودەربەند سەرکردە وپیاوە پاڵەوانانەکانی لەشکری سۆران وهۆزەکانی سورچی وهەروتي لێ یان هاتنە دەست ئازایانە لێیان ڕاپەڕین وکەوتنە لێدان وکوشتن ڕاوە دونانیان ئەوها شپرزەیان کردن کونەمشکیان لێ کردبوون بە قەیسەری لەم شەڕە چەندکەسیان لە لەشکری بابانیەکان بەدیل گرتن لەهەموو لایەکەوە ڕێیان لێ گرتن ئەوەی کەلوپەل وئازوقە وچەک وتەقەمەنی بوو هومووی دەکەوێتە دەستی لەشکری میرنیشینی سۆران ئەوی مابوونەوە هەربابایان بوو شوێنی شەڕەکە بەجێ بهێڵن ودەست بکەن بەهەڵاتن ئینجا بە دوایان کەوتن بەم شێوە تالەسنورەکەیان وەدەریان نان وکۆتایان بە هێرش ولەشکرکێشیەکەی بابانیەکان هێناو دەرسێکی وایان دایە لەشکری بابان نەیان توانی جارێکی تر هەڵەی وابکەنەوە میرمستەفابگ توانی تاماوەی زیاترلەسێ ساڵی تر ئاسایشی میرنیشنەکەی وناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی

خۆی بەڕێک وپێکی بپارێزێت، تائەوکاتەی پیردەبێت وچاوی نابینێت وتاقەتی نەماو لە بەر ئەوەی چاوەکاني بەتەواوەتی نابینا بووتوشی نەخۆشی دەبێت ماوەیەک دکتۆر چاوەکانی دەرمان دەکرد، تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات واتە لە ساڵی (١٨٢٦) ی زاینی ماڵئاوای لەمیرنیشنەکەی دەکات . دکتۆر ڕووس کەبۆ چارەسەر کردنی چاوی دەچێتە لای لە١٩ی مایۆی ساڵی (١٨٢٤) ئەودەڵێت کەمستەفابەگ (٤) چوار کوڕی هەبووە بەناوەکانی (١- محمد بەگ ٢- ڕەسوڵ بەگ ٣- سولێمان بەگ ٤- ئەحمەد بەگ) هەروەها ئەمین زەکی بەگ دەڵێت چوار کوڕنەبوون بەڵکو پێنج کوڕبوونە پێنجەمیان ناوی (٥- تەیمور بەگ) بووە ، بەگفتی (ئەمین زەکی بەگ دەڵێت لە ساڵی (١٨٢٥) ی زاینی پێش ئەوەی وەفات بکات کوڕی خۆی بەناوی (محمد بەگ) لەشوێنی خۆی دەکاتە میری میرنیشنەکەی (میرمحەمەدبەگ) کوڕێکی زۆر زیرەک و ئازاو چاونەترس بووە، بۆیە میرمستەفا بەگ زیاتر پێداگری دەکرد کە لەدوای خۆی محمدی کوڕی لەشوێنی ببێتە میری سۆران وپێش وەخت دەست نیشانی کردبووە کەئەو ببێتە میری میرنیشینەکەی.

## میر محمد بەگ

میرمحمدبەگ کوڕی میرمستەفا بەگ:- ناسراوبووە بە (کۆر پاشا یان پاشای کۆرە) واتا پاشای گەورەی ڕواندزمیرمحمد بەگ لە ساڵی (١٧٨٤) ی زاینی لەشـاری ڕوانـدز لەدایک بووە، لە تەمەنی هەشت ساڵی چۆتە بەرخوێندنی فەقێ لە مەدرسەکانی شاری ڕوانـدز، خوێندنی فەقێ تەواو دەکات تا دەبێتە موستەعید، ئەوجا بۆئەوەی زیاتر زانیاری وەرگرتن لە (زانستی) فەلەک ناسی وتەفسیلی قورئان دەچێتە ناوچەی باڵەکایەتی وگوندی (دیڵزە) لە لای مەلا ئەحمەدی ئیبنول ئادەم دەخوێنێت تا خوێندنی دوانزەی زانستی تەواو دەکات وەک مەلایەکی قورئان خوێن ودوانزەعیلم ودادوەرێکی زۆر زیرک وزانا، دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، ئینجا لە بەرڕەوشت ورۆشنبیری و هەیبەتی بەژن وبالای و زیرەکی میر محمد بەگ، بایزبەگی مامی یەکسەرخەجیجەی کچی خۆی پێشکەش دەکات وهەر زوومەلای بانگ دەکات و لێ مارە دەکات ودەیکاتە زاوای خۆی، دوای ماوەیەک کە دەسەڵات لەباوکی وەردەگرێت دەیەوێت میرنیشینەکەی زیاتر فراوانتر بکات بۆیە هەرزووناوچەی خەلیفان جۆلەمێرگ وگەوەڕان دۆڵی هەروتیان و سەرچیاو سرێشمەو دۆڵی خەلانێ بیاوێ دەخاتە ژێر دەستی خۆی لەولاشەوە ودەرگەلە وخانەقا ووەرتێ ناوچەی باڵەکایەتی گوندەکانی دۆڵی ڕوستێی کۆنترۆل دەکات لەوکاتی میرمستەفا بەگی باوکی لەبەر ئازاری

چاوەکانی توانای میرایەتی نەمابووە، بۆیە بانگی ڕەسول بەگ و سولیمان بەگ و ئەحمەد بەگی براکانی خۆی دەکات



لەگەڵیاندا کۆدەبێتەوە پێیان دەڵێت کەتوانای میرایەتیم نەماوە بۆیە دەمەوێت لەشوێنی خۆم محەمەد بەگی کوڕم بکەم بە جێنشینی خۆم، لە بەرچاوی خەڵک بە هەمووشیان دەڵێت ئەبێ پابەندی قسەکانم بن لە ئەمڕۆ بەدواوە میری میرنیشنی سۆران محمدبەگ دەسەڵات وەردەگرێت ودەبێتە میری ئەم میرنیشینە کەچی هەندێکیان پێیان ناخۆش بوو بەڵام لەحەق محمد بەگ نەهاتن ناچار بوون پابەندی ئەمری براکەیان بن .

محەمەد بەگ کەبووە پاشای میرنیشنی سۆران نەرم وشلی نەدەزانی هەرکەس خیانەتی دەکرد بەتوندی سزای دەدا، هەروەها لەسەر خیانەت کردن هەردوو مامەکانی خۆی کە لە دژی مستەفا بەگی باوکی کەپێشتر لە ژێرەوە لەگەڵ میرنیشنی بابانیەکان ڕێک کەوت بوون چەند ناوچەیەکیان داگیر کردبوو، وەک هەریرو کۆی و ڕانیە بەردەوام هەڵسوکەوتی مامەکانی لەگەڵی باش نەبووەو دژی میر محمد بەگ وخەڵکی ناوچەکانیان ڕەفتاری ناشیرینیان زۆرکردبوو، بۆیە هەر زوو هەردوومـامی خۆی (تەیمورخـان ویەحیـا بەگ) ی گرتن و لە سەرپردی ڕوانـدز، هەڵی واسین لەوڕۆژەوە کەوتە خۆوناوی خۆی دەرکردو سافی خۆی داڕشت ئینجابە لە شکرێکی زۆرگەورە هێرشی کردو حەریرو کۆیەو ڕانیەی لەبابانیەکان سەندەوەو دوای پەلاماری شاری هەولێری داپردێ وسـەرزێی بچوک خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی تا دەهات لەشکری پاشای گەورە بەرەو زیادەبوون دەچوو لەساڵی (١٨٣٣) ی زاینی بەلەشکرێکی زۆرەوە چووە سەر ئاکرێ و ئامێدی داگیری کرد سەعید پاشای میری بادینانی بەدیل گرت ئەوجا هەڵي کوتایە سەرشەنگال ومیری ئێزید یانیشی بەدیل گرت ولەگەڵ خۆی هێنایە ڕوانـدزو خستیە بەندیخانە لەدوای یەکساڵ لەبەر ئەوەی گوێی نەدایە ئامۆژگاریەکانی میرمحەمەد بەگ لەسەرپردی ڕوانـدز هەڵی واسـی وکوشتی ئینجابەرو جەزیر پێشڕەوی کردوماردین ونوسەیبینی داگیرکرد بەم هێرشەی عوسمانیەکانی زۆر ترساند بۆیە لەدژی دەسەڵاتەکەی دەستیان کرد بەپیلان

دارِشتن ، کەوتنە خۆسوڵتان مەحمودی عوسمانی لەشکرێکی گەورەی درووستکرد کەژمارەی (٧٥٠٠٠) هەزارە چەکداربووە بەسەرکردایەتی محەمەد ڕەشید پاشای سەدری ئەعزەم ناردەشەڕی وەنامەیەکی بۆعەلی ڕەزاپاشای والی موسڵ نارد کەئەویش لەلای خۆیەوە هێزێکی گەورە ئامادە بکات لەگەڵ ئێمە هێرش بکاتە سەر ڕوانـدز ومیرنشینەکەی لەناو بەرین عەلی ڕەزاش لەشکرێکی (٢٥٠٠٠) هەزارکەسی ڕێکخست بەرو ڕواندز کەوتنە ڕێ خەبەر گەیشتە میرمەحمەدبەگ پاشای کۆری ڕوانـدز میرمەحمەد بەگ کەزانی توانای ئەو لە شکرە بەلێشاوەو پڕچەک و زۆربەهێزە نیە وەناتوانێت لە دەشتدا شەڕی ئەو هەموو هێزەبکات ناوچەیەکی زۆرو بەر فراوانی جێ هێشت خۆی لەگردو چیاکانی ئاکرێ وبەنی هەریر قائم کرد برەوسپیلک وشوێنە بەرزەکانی دەوروبشتی ڕوانـدز هاتەوە خۆی ئامادە کرد لەقەڵاقائمەکانی خۆی وەهەروەها ڕێگای گەلی عەلی بەگی لەدوژمن گـرت ئەوەبوولەشکری عوسمانی گەیشتە دەشتی هەریر نەی توانی زیاتر پێشڕەوی بکات، چەندین ڕۆژ لەسەر یەک هێرشیان دەکردە سەرسەنگەرەکانی لەشکرەکانی میر محەمەد بەگ ، بەڵام دوژمنی تورکی دژی گەلی کورد بە کوژراوبریندارو زیانێکی گەورە دەگەڕانەوە بۆ دواوە.




**دراوی میرنشینی سۆران پایتەختەکەی لەشاری ڕواندز بووە**

ئینجاعوسمانیەکان کەزانیان بەهێرشکردن هیچ سودی نیە، سەدری ئەعزەمی ناردە ڕواندز لای میر محەمەد بەگ کەپێی بڵێت شەڕی ئیسلام و خەلیفەی موسڵمانەکان نەکات کەواتەخۆشتان دەزانن کەئێمە هەموومان ئیسلامین، ئەوە بووبە فێڵ وبەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەستیان کرد بەشاکەشاک و درۆو دەلەسەوقسەی بێ بنەما، لەژێرەوەش چەند مەلایەکی مزگەوتەکانیان هاندا کەشەڕ نەکەن لەگەڵ عوسمانیەکاندا کە لەشکری عوسمانی بۆشەڕنەهاتوون ، کوردي بەسەزمانیش زۆر دڵساف وخاوەن باوەڕە لەسەررێبازی پیرۆزی ئیسلام ئینجا سەدری ئەعزەم توانی بەواستەی هەندێک

لە مەلایەکانی ڕوانـدزو دەوروبەروابکات کەمیرمحمەد بەگ باوەڕی پێبکەن وشەڕەکەی پێ ڕابگرن دەست بکات بەگفتو گۆکردن لەگەڵ عوسمانیەکان، ئەوە بوو مەرامە گڵاوەکانی عوسمانیەکان وعەلی ڕەزا هاتەدی ، ئەوجاعوسمانیەکان دەستیان کردبە فرِوفێڵ وگفتوگۆیەکی بەدرۆ و پیلان دان بۆ لە ناوبردنی میرمحمد بەگ و ڕوخانی میرنیشنەکەی وایان لەخەڵکی گەیاند بوو بەواستەی چەند مەلایەکی بی مێشکو پول پەرستی سەرمیمبەر ئەگەر محەمەد بەگ شەڕنەکات هیچ زیانی پێ ناگات بەڵکو لەجارانیش بە هێزتردەبێت وەدەسەڵاتی باشتر دەبێت میرنیشنەکەشی بۆ گەورەترو بەهێزتر دەکەین ویارمەتی تەواوی دەدەین وپێکەوە وەک برادەژین وناوچەکان بەڕێوە دەبەین ئەوجا سەرکردەی لەشکری عوسمانیەکان چەند جار بۆگفتوگۆ کردن هاتە ڕواندز ولە قەڵای پاشا کۆدەبوونەوە دواجار بە میرمحەمەد بەگ دەڵێن کەئەویش بێتە ئەستمبۆڵ لەگەڵ سوڵتان مەحمود لە تورکیا ڕێکەوتن نامەیەکە قبول بکەن بۆیە قسەکەیان بەتەواوەتی جێی خۆی نەگرت جێی داخ وکەسەربوو کە پیلانەکەیان بەناوی ئاینەوە سەری گرت ومیرنیشینەکەیان تاهەتایە نایەژێرگڵ، دوژمنان دەزانن نەتەوەی کورد ئەوەندە دڵساف وخۆش باوەڕە کەبتوانن زوو سەرکردەکانیان لەڕێ بەرن ئەوە وای کرد کە میرمحەمەبەگ لەگەڵ سەدری ئەعزەم بچێتە تورکیا لەساڵی (١٨٣٧) ی زاینی ماوەي چەندڕۆژێک لە ئەستمبۆل مایەوە ئینجا لە گەڵی ڕێکەوتن بەفرت وفێڵ لەپاش ئەوماوە خۆی وئەو کەسانەی کە لەگەڵی دەبن دەگەڕێنەوە بەرەو شاری ڕواندزو لەسەر سنوری تورکیاو عیراق دەکەونەکەمینی تورکەکان لە تەڕابزون هەموویان دەکوژن ولاشەکانیشیان دەخەنە ناوزێی دیجلە (مێجەرفریدیک میلنگن) باسی ئەو خۆبەدەستوەدانەی لەڕسوڵ پاشای برای میرمحەمەد بەگ گوێ بیست بووە، ئەگەر دەتەوێت زیاتری لەم هەواڵە بزانی تەماشای کتێبی (تاریخ الدول والامارات الكردیه) و (مشاهیر الكردوكوردستان) وژیانی سەرەتایی کوردان، تا ئێرەوەپەراوێزی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بووە. بەڵام چونکە تاریخی کوردوکوردستان، ئەمین زەکی بەگ لەهەندێک شوێن پێچەوانەو وەهەندێک جاریش پتری نووسیوە ئەودەڵێ مستەفابەگ لەساڵی (١٨٢٦) ی زاینی کۆچی دوای کردوە، میر محەمەد بەگ لەدوای ئەو ناوی بەمیری گەورە دەرکردوە، لەساڵی (١٨٣٠) زاینی سەربەخۆی ڕاگەیاندوە شێروان وبرادۆستان وسورچیاتی وخۆشناوەتی وهەولێرو ئاڵتون کۆپلی خستۆتە ژێردەستی خۆی، وەهەروەها کۆیەو ڕانیە هەریری لەبابانیەکان سەنەدۆتەوە کەپێشتر داگیریان کردبووە تاسەر زێی بچوک چووە، بۆیە عەلی ڕەزاکەزانی بەشەڕبەمیرمحمد بەگ ناوێرێت خۆی کردە دۆستی بەناچاری میرنیشینی

سۆرانی بەڕەسمی ناساند پلەی پاشای ڕوانــدزی پێ دا لەساڵی (١٨٣١) ی زاینی هێرشی بردەسەر ئێزیدیەکان هۆیەکەش ئەمە بوومیری ئەوان عەلي ئاغای باڵەتەی کوشتبوه مەلا یەحیای مزووری برازای عەلی ئاغا بووە هاتە لای میرمحەمەد بەگ گازاندەی خوێنی مامی خۆی لای ئەوکرد دەڵێن بۆیە میر لەشکری بۆسەر عەلی بەگی ئێزیدی بردوە بەدیلی گرتوەو هێناویەتە ڕوانـــدز پاش یەکساڵ هەڵی واسیووە، چووە سەر ئاکرێ وسمایل پاشای لەوێ وەدەرناو شارەکەی گرت ئەوجا ڕووی کردە زێبار کەبەدەستی سەعید پاشای ئامێدی بوو ئەویشی لەئامێدی دەرپەڕاندوە موساکەخزمی ئەوبوو دوژمنیشی بووە لەجێگەی ئەوی داناوە بۆتە پاشای ئامێدی پاش گرتنی دهۆک وزاخۆ ئینجاکەوتەڕێکخستنی وولات ومیر نیشنەکەی بەپێی قانوونی قورئان وئاینی پاکی ئیسلام کارەکانی ئەنجام دەدا بەبێ پرسی مەلا دەستی دەئاویش ڕانەدەکرد کاروبارەکانیشی وەک (مێجەرلۆنگریک) دەڵێت میر محەمەد بەگ کارەکانی لەهەمووکەس ڕێکوپێک تر بووە، دەسەڵاتێکی دادپەروەرو خەڵکەکەشی زۆر پشگیریان دەکرد لەخۆشی وناخۆشی لەگەڵی بوون خۆشیان دەویست لەهەموو کارێکی ئەو بەجدی لەگەڵی بوون بەڵام تورکەکان زۆر ڕقیان لەناوی کورد دەبووە وە قەت نەیان دەوویست کەس لەوان بەرزتربێت بۆیە دەستیان کرد بەجموجۆڵی سەربازی ڕەشید پاشا بۆ شەڕی میر خۆی تەیارکردلەڕێی جەزیرەو زاخۆوە هاتە موسڵ ولـەوێش لەشکری ئینجەبیر ئیقدارئۆغلی وەگەڵ کەوت وپێکەوە بەرەوڕواندزو گەلی عەلی بەگ کەوتنە ڕێ لەشکری والی بەغدا و موسڵ گەیشتنە دەشتی هەریربەتۆپ و جبەخانەکانیانەوە سەنگەرەکانی لەشکری میریان دەکوتا هەموو ڕۆژێ لە بەرەبەیان تا ئێوارە شەڕوتۆپ باران بەردەوام بووە، دوای چەند ڕۆژ ڕۆژێکیان لە بەرەبەیانیکی زۆر ساردوسڕاوی لەشکری عوسمانی هێرشێکی گەورەی کردەسەر لەشکرەی میر محەمەد بەگ بەڵام توشی شکەستێکی گەورەهات زۆریان لەسەربازەکانی عوسمانی کوشتن وبەدیل گرتن بۆڕۆژی دوای دووبارە هێرشەکەیان دەستی پێکردەوە توانیان لەسەر سپیلک سەرکەون وتادەگەنە جۆلەمێرگ و دۆڵی ئالانە ئەو هێرشە بەچەند ڕۆژێک بەڵام لەزار گەلی نەی توانی بەهیچ شێوەیەک خۆیان لەسەنگەرەکانی لەشکری ڕواندز میرنیشینەکەی بدەن بۆیە عوسمانیەکان ناچابوون، کەوتنە فروفێڵ، ڕەشید پاشا نامەیەکی بۆ میرمحەمەدبەگ نووســی ورەوانەی لای لەشـکرەکەی کرد کەبەزووترین کات بدەنە دەستی لەنامەکەی داوای ئاشتی وبرایەتی لێی کردبوو گوایە لەخوتبەی ڕۆژی هەینی مەلایەکان لەسەر میمبەرخوتبەیان داوە کەهەرکەسێک شەڕی خلیفەی ئیسلام بکات تەلاقی دەکەوێت و بەبێ ئیمانی دەمرێت .



**لەشکرەکەی میرنشینی سۆران**

ئەم قسەو باسە دەنگۆیەکی خراپی لەناو لەشکری میرمحمد بەگ هێزەکانی ڕوانـدز پەیداکرد وبۆیە تادەهات سەنگەرەکان چۆل دەبوون ئەمەزۆر کاری گەری کردە سەر شەڕکەرو قارەمانانی ناوسەنگەرەکانی بەتایبەتی لەشاخەکانی سەر ڕێگەی گەلی عەلی بەگ وشوێنە بەرزەکان دەوروبەری شاری رواندزبەمەش میری گەورە پەڕوباڵی کێشاو بۆیە ناچاربوو دەست بکات بەدانووسان لەیاداشتەکانی خوالێخۆشبوو (مەلا ئەسعد ئەفندی خیلانی) ئەویش لەزاری بابی خۆی (مەلاعومەرئەفندی ) گوێبیست بووە گێڕاویەتیەوە کەباپیری ئەو بنەماڵە بە ناوی (خەتی ئەفەندی) بووە ئەویش لەلای میرمحمد بەگ زۆرڕێزو ئیحترامی هەبووە قسەی لای میرڕۆیشتوە وەهەروەها میرمحەمەدبەگ گوێی زۆر لە ئامۆژگاریەکانی ئەوگرتووە گوایە هەر ئەویش بەقسەی سەدری ئەعزەم شەڕی لەگەڵ عوسمانیەکان ڕاگرتوە چۆتە بەرباری تورکان کەعوسمانیەکان لەبەرامبەردا لێی خۆش بن لەدوژمنایەتی کردنی تورکەکان بەقسەی صـەدری ئەعزەم (خەتی ئەفەندی ) لەگەڵ تورکان گفتوگۆی دەست پێ دەکەن ڕەشید پاشا زۆر ڕێزی دەگرێت دوای لێبوردنی ڕەوانەی ئاستانەی دەکات دەچێتە تورکیا وماوەی چەند ڕۆژێک لەتورکیا دەمێنێتەوە دوای ناردیانەوەبەرەو ڕوانـدز بەڵام گەردون کاری خۆی کردو چونکە لەوسەین وبەینەدا ڕەشید پاشا دەمرێت وبەڵێنەکانیش لەگەڵ ئەوچوونە ژێر گڵ، هیچی لێی شین نەبوو چونکە ئەوکاتی عەلی ڕەزاپاشا والی بەغدا بوو زۆر ڕقی لە ڕەشید پاشا ومیر محەمەد بەگ میری سۆران بوو بەخوێنی کـوردان زۆرتێنوو بوو بۆیە بەپەلە چەند پیاوێکی ناردە لای سوڵتان مەحمود وای تێگەیاند ئەگەر میرمحەمەد بەگ بگرێتەوە شاری ڕواندز ئاگری ئاژاوە هەڵ دەکاتەوە بەهیچ شێوەیەک



**میر محمد بەگ**

دانامرکێتەوە ئێستاکەش فرسەتە وئەو هەڵە لەکیس خۆتان مەدە بۆیە فەرمانی دەرکرد کە گەیشتنەسیواس خۆی و ئەوکەسانەی کەلەگەڵي دان دەورەیان بدەن هەموویان بکوژن ئەوکاتەی میر محەمەد بەگ لەئاستانە دەرچووبوو بەرەو سـیواس دەچـوو کەبگـەڕێتەوە ڕواندز شەولەوێ دەمێنێتەوە بەمیوانی سەرکردەی سوپای عوسمانیەکان بەقسەی سوڵتان مەحمودی  فەرمانیان ناردە لای جەندرمەی تورکان لەسیواس هەرکەمیر محەمەد بەگ گەیشتە ئەوێ یەکسەر بیکوژن وشوێن بزری بکەن نەیەڵن بگەڕێتەوە ڕوانــدز بۆیە دەست بەجێ هێزێکی زۆر دەچنە سەری لە ماڵی کوێخای سیواس قۆڵبەستی دەکەن و دەگیرێ ویەکسەرشەهیدی دەکەن، ئەمەشیان نوسراوە کە داگیرکەرانی عوسمانی و والی بەغدا لە مێژووی کوردو کوردستان بەشی یەکەم لە تەرجەمەی عەرەبی محەمەد عەلی عەونی، یەکەم چاپکراوی لەبەغداد لەساڵی (١٩٦١) ڕوبەر (٢٢٨ هەتا٢٣) هجری .دێینە سەر باسی میر ئەحمەد بەگ،

## میر ئەحمەد بەگ

میرئەحمەدبەگ دەبێتە برایمیر محمد بەگ واتە کوری مستەفابەگە، لەکاتی دەسەڵاتی باوکی وەک فەرماندەیەکی گەورە، چەندین شوێنی لە ژێردەست بووە، ئینجا کەمیر محەمەد بەگی برای هاتە سەر حوکم ودەسەڵاتی گرتە دەست یەکسەرئەحمەد بەگی برای کردە والی هەولێر لەساڵی (١٨٣٣) ی زاینی کە دکتۆر ڕووس بۆ چارەسەری چاوی باوکی هاتبووە ڕوانــدز لەماڵی میرمحەمەد بەگ میوان بووە دەگێڕێتەوە ئەوکاتی دوای نەمانی میر محەمەد بەگ ئەحمەد بەگ بۆتە میری سۆران بەڵام لە دووساڵ زیاتری نەخایاندوە بەقسە وبە فیتی ئامۆزاکانی بەکوشت چووە، بۆیە لەدوای ئەوبراکەی بەناوی سلێمان بەگ دێتە شوێنی دەسەڵات وەردەگرێت.

## میر سلیمان بەگ

میر سلێمان بەگ کوڕی میر مستەفا بەگە، لەسەردەمی میر مستەفای بەگی باوکی هەندێک شوێنی لەژێر دەستدا بووە، بەڵام کەمیر محمد بەگی برای دەسەڵاتی وەرگرتوەو بۆتە میری میرنیشینی سۆران شوێنی زیاتری خستۆتە ژێر دەستی سلێمان بەگ لەدوای کوشتنی میر ئەحمەد بەگی برای شەش مانگ دەسەڵات وەردەگرێت دەبێتە میری سۆران لەبەر ئەوەی کارەکانی بەباشی پێ هەڵ نەدەسوڕان وازی لەمیرایەتی هێنا ئەوجا ڕەسول بەگ لرشوێنی بۆتە میری میرنشینی سۆران .

## میر ڕەسـوڵ بەگ

(میرڕەسوڵ بەگ) کوڕی میرمستەفا بەگی کوڕی ئۆغزبەگی میرانی سۆرانە، واتە برای میرمحمد بەگی میری سۆران بووە، ڕەسوڵ بەگ لەساڵی (١٧٩٨) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، لە ڕواندز فێری خوێندن و نوسین زانست و ژمارە بووە، لە ساڵی (١٨١٧) دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی پیشەسازی وسەربازی میرنیشینی سۆران، میر محمد زۆربەی کارەگەورەکانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی ڕەسوڵ پاشا، هەروەها لەساڵی (١٨٢٣) وەک فەرماندەیەکی سەرکەوتوولە گەڵ میر محمد بەگ شاری هەولێری گرت تا دەگاتە شارۆچکەی گوێڕ ودەشتی شەمامک وکەندێ ناوە گوندەکانی دەشتی قەراج ولەولاوە تا پردێ و ئاڵتون کۆپلی خستە ژێردەستی حوکمڕانی میرنیشینی سۆران لە ساڵی (١٨٣٣) ڕەسوڵ بەگ دەبێتە حاکمی ئامێدی لە ساڵی ( ١٨٤٤تا ساڵی ١٨٥٢) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز زۆر بەڕێک وپێکی وداد پەروەرانە خزمەتی خەڵکی کوردستانی کردبووە وخاکی سۆرانی پاراستووە لەگەڵ ئەوەش تورکەڕەگەز پەرستەکان گرفتیان بۆ دروست دەکرد، تاوای لێهات لەساڵی (١٨٥٦) تورکەکان بەهاوکاری هۆزە کوردە خائین و خۆفرۆشەکان ڕێک دەکەون هێرشێکی زۆر گەورەیان کردە سەری لە شاری ڕواندزو داگیریان کرد ڕەسوڵ پاشاخۆی وژمارەیەک فەرماندەی گەورە بەرەو سیدەکان کەوتنەڕێ لەوێشەوە بۆ شاری شنۆ بۆماوەی (٥) ساڵ لەوێ مایەوە، لەساڵی (١٨٦١) دووبارە لەگەڵ والی بەغداد ڕێک دەکەوێت دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، لەساڵی (١٩٦٣) دەبێتە متەسرڕیفی شاری بەغدا تاساڵی (١٨٦٥) ئەوجا دەچێتە ئەستەمبۆڵ لە ساڵی (١٩٦٦) دەبێتە والی شاری وان و ئەرزەڕۆم لە کوردستانی باکوری سەر بە تورکیا بۆماوەی (١٠) ساڵ، هەروەها



**پاسەوانانی کۆر پاشا**



**میر ڕەسـوڵ بەگ**

ڕەسوڵ پاشا لە ساڵی (١٩٧٧) لەگەڵ لەشکری ئەحمەد موختار پاشای بابانی ئیستاکی بە شەری ڕوسی کردوە، پلەو پایەی وەزیری فەخری وەرگرتوە، ڕەسوڵ پاشا لەساڵی (١٨٨١) ی زاینی لەشاری ئەرزەڕۆم کۆچی دوای کردوە هەر لەم شارەش بەخاکسپیردراوە ڕوحی شادبیت ڕەسوڵ بەگ (٥) پێنج کوری هەبووە بەناوەکانی (ئەسعەد بەگ ، فتاح بەگ ، ڕەشید بەگ ، ئیحسان بەگ ، بەهرام بەگ) .

## * شـێخ وپیـــاو چـاکەکـــان *

ئەگەر باس لە ئاستی کۆمەڵایەتی وکوردایەتی وکەسایەتی و پیاوماقوڵان وتێکۆشان وخەبات کردن لەپێناو ئازادی خاکی کوردستان و سەربەخۆی گەلی کورد بکەین دەبێت یادگاری ئەو هەموو زاناو داناو پیاوە ناودارو تێکۆشەرانە لە یاد نەکەین بەڵکو دەبێت وەسفی چاکەو خۆشەوویستی وجاغی هەموو ئەو بنەماڵە شێخانەی شاری ڕوانـدزو گوندەکانی دەوروبەری بە پاکوجوانی بگێڕینەوە تانەوەی دواڕۆژ بزانێت ئەو زاتانە کێ بون وخەڵکی کوێن ولە کوێ هاتونە چۆن بوون بەشێخ ، بۆیەلەخوارەوە یەک بە یەک باسی چاکەوپیاوەتی وگەورەیان دەکەین،


### ١- پیر نەبی :- ناسراوبووە بە (پیری ماویلیان)

پیری ماویلی زاتێکی زۆرگەورەوبە تەقواودیندارو وئیسلامێکی خواناس بووە ، موحجیزی زۆریان پێوە دیووە، تا دەبێتە شێخ پیری ماویلی خەڵکی گوندی ماویلیانی سەر بە قەزای ڕوانـدزە، لەساڵی (١٨٠٢) لەگوندی ماویلیانی سەربە قەزای ڕواندزلە دایک بووە، لە بنەماڵەی (مەلا سعدالدین) ی ماویلی یە لە تیرەی (شێخ سێنی) بووە، ناوبانگی بە (پیری ماویلی) ڕۆیشتوە ئەوزاتە لە تەمەنی (٨٤) ساڵی کۆچی دوای کردوە، واتە لەساڵی (١٨٨٦) زاینی وەفاتی کردوە لە گوندی خانەقا بەخاکسپێردراوە، مەرقەدی پیرۆزی لەگوندی خانەقایە، پیری ماویلی مرۆڤێکی زۆر زیرەک وبەتواناو عالم وزاناوڕۆشنبیربووە، هەروەها زاتێکی زۆر بە نورونەزەربووە، مرۆڤێکی زاناوهێمن ولەسەر خۆ و ڕۆشنبیربووە، لە هەموو عیلمەکانی ناو کتێب شارەزا بووە (پیرنەبی) منداڵیەوە چۆتە بەر خوێندن لەمەدرەسەی ئیسلامی لای مەلا (محمەدی خەتێی) لە شاری ڕواندز خوێندویەتی تا دەبێت بە مەلای ئاینی دوانزە عیلم، دوای ماوەی چەند ساڵێک لەبەرزیرەکی وتەقوایی بۆتە شێخ ئەوەش بە موحجیزەکانی خەڵکی ناوچەکە قەناحەتیان پێی کردوە ناوی بەشێخ نەبی هاتووە وئەوجا کە کەوتۆتە ناوتەمەنەوە بەپیری ماویلی ناویان هێناوە (٢) دوو مەدرەسەی هەبووە، لەم مەدرەسانە چەندین فەقێ پێگەیشتوون، بوون بەمەلاو زانـا لە سەر دەستی ئەو زاتە خۆشە ویستە جگە لە مەدرەسەکان پیری ماویلی زۆر خەلیفەی هەبووە کەژمارەیان یەکجار زۆربووە ئەو بەم خەلیفانەی زۆر بۆ ئاین و خواپەرستی خۆیان ماندوکردوە هەروەها چەندین مریدی هەبووە تەریقەتی پێ داون ئەو مریدانە لەسەر دەستوری پیری ماویلی ڕۆیشتوون، هەروەها زانیاریەکی تریشی هەبوو ئەو دەیزانی بەیانی چی دەقەومێت وچی ڕوودەدات هەردوعایەکی دەکرد شوێنی خۆی دەگرت ویان قبول

دەبوو پێش شتێک ڕوبدات ئەو دەیزانی کەپاش چەند ڕۆژێک ئەو شتە ڕوودەدات وەیان شتێک دەقەومێت دوای ئەو ماوە شتەکە ڕوی دەدا ئەو زاتە سفەتێکی تری هەبوو قەت لەکەس تورە نابوو هەرحەزت دەکرد گوێ لەقسەکانی بگری ، خەڵکی ئەوکاتی زۆر شتیان لێی دەگێڕایەوە وەک موحجیزە وشتی زۆرسەیروسەر سوڕهێنەریان پێوە دیووە هەر بۆیە شێخ گەیشتۆتە ڕیزی ئەولیاکان تابۆتە شێخ.

### ٢- شێخ مەلا صادیق خلیفە حارسە

شێخ مەلاسادق لەساڵی (١٨٨٤) ی زاینی لە گوندی ماولیان لەدایک بووە، لەتەمەنی (٧) حەوت ساڵی چۆتە مەدرەسە وبەرخوێندن وبۆتە فەقێ، لە ناو فەقێکانی مزگەوتی ماولیان زۆر زیرەک بووە هەموو ساڵێ یەکەم دەبووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی فەقێ بەچەند ساڵێک دەبێتە مەلاودوای بەهۆی موحجیزەکانی دەبێتە شێخ ئەوجا لەبەر زیرەکی وزانستەکانی دەیان محجیزە، ناوی بەشێخ مەلاصادق دەردەکات، هەرچەندە ئەوزاتە لە بنەماڵەی پیری ماویلیان نەبووە واتە لەپشتی نەبووە، بەڵکولەزگی یە، کە دەبێتە یەکێک لەنەوەکانی پیری ماویلي کەکچی پیری ماویلی دەبێتە دایکی شێخ مەلا صادیق بۆیە شێخ مەلاسادق دەبێتە نەوەی پێری ماویلیان ، شێخ مەلا صادیق کوڕی خلیفە حارسە، هەرلە لای باوکی فێری خوێندن ونووسین بووە، تا بۆتە موستەعید ئەوجا هاتۆتە مەدرەسەکانی .شاری ڕواندز دوای چۆتە کوردستانی ڕۆژ هەڵات بۆخوێندن لەشارەکانی ئێران وەک شاری مەهابات و شنۆ ولاجان زۆر شت فێردەبێت ئەوجا دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە کوردستانی باشووربۆخوێندن وزانیاری زیاتر وەرگرتن دەچێتە شاری سلێمانی و هەولێرو دەڤەری خۆشناوەتی دوای دێتەوە شاری ڕواندز



شێخ مەلاصادق

زیاتر دەخوینێت تا خوێندن تەواو دەکات وئەوجا لەشاری ڕواندزمۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت دەبێتە ئیمام و خەتیب و پێش نوێژی جەماعەت و مەلای سەر میمبەر خوتبە خوێندنەوەی ڕۆژانی هەینی لەمزگەوتی گوندی ماویلیان .دوای ماوەیەک لە

بەرزیرەکی وزاناي وفەلەک ناسی موعجیزەکانی دەبێتە شێخ ئەوجا زیاتر پەرە بەمەدرەسەکەی خۆی لە ماویلیان دەدات وزیاتر فەقێ لەخۆی کۆ دەکاتەوە بۆیە لەژێر دەستی ئەو چەندین فەقێ پێگەیشتوون و بوون بەمەلای ئاینی زۆر زیرەک وزانا وفەلک ناس شێخ مەلا صادیق لە ساڵی (١٩٥٥) چۆتە ماڵی خوا حەجی خۆی کردوە، هەروەها حاجی شێخ مەلا سادق مرۆڤێکی زۆرزاناو ئاقل وهێمن وڕاستگۆ بووە، بەدائیم ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد لەسەر کردەوەی چاک هەروها موحجیزەی گەلێک زۆربوون هەر لەبەر خۆشەوویستی خەڵکی شاری ڕواندز کەزۆر هاتووچۆی هەندێک کەسی خواپەرستی دەکرد خەڵکیش زۆر ڕێزیان دەگرت کەدەهاتە شاری ڕواندز لە هەر ماڵێک بایە بۆ نوێژ کردن دەچووە مزگەوتی (حاجی حمدامین ئەحمد شا) شێخ ، مەلا صادیق لەلای وەستا حمدامین ئەحمدشا زۆر خۆشەوویست بوو، هەرلەبەر ئەوەش بوو شێخ دەچووە ئەو مزگەوتە بۆنوێژکردنی بۆیە حاجی حمدامین ئەحمدشا بڕیاری دەرکرد کەناوی تابلۆکەی ئەومزگەوتە بگۆڕێت لە (مزگەوتی حمدأمین ئەحمد شا ) بۆمزگەوتی (شێخ مەلا صادیق) ئەمەش یەکێکە لەمرۆڤە دڵسۆزوخواناس و بەئەمەکەکانی شاری ڕواندز بەرامبەربەشێخ مەلا صادیق ماویلی ئەوجا شێخ لەساڵی (١٩٧٠) لە گوندی ماویلیان وەفات دەکات هەرلە وگوندە لەسەرگردێکی بڵیند لەپشتی ماویلیان بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت شێخ مەلاسادیق (١) کچی هەبووە بەناوی (هەمین) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕی بەناوەکانی (سەعید . محمد ، عبدالقادر ، عبدالله) .

### ٣- بنەماڵەی شێخی سەردڕە

بنەماڵەیکاکی شێخی سەردڕە بنەماڵەیەکی زۆرگەورەوبەناوبانگ بوونە باپیرەگەورەیان ناوی (شێخ مەلا عباس) بووە زانایەکی زۆر عالم وبەناوبانگ وگەورە بووە ئەو زاتە گەورەترین شێخی گوندی سەردڕە بووە ئیستاکەش مەرقەدی پیرۆزی لە گۆڕستان سەر زینۆکە لە ناو دۆڵێک گۆڕستانێک هەیە بەناوی زینۆک لەم گۆڕە بەخاکسپێردراوە ئەو شوێنە لە گوندی سەردڕەیە زۆربەی زۆری ئەو بنەماڵەیە بەپلەی مەلاو شێخ گەیشتوون، ئەو مەلا و زانایانە لەکاتی خۆی لە گوندی سەردڕە مەدرەسەیان هەبووە چەندین فەقێ لەمدرەسەکانیان پێگەیشتوون ، بوون بەمەلای زۆر باش وزاناو عالم هەروەها زۆر مەلاو زاناو عالم لەم بنەماڵەیە پێگەیشتوون وبوونە وەک شێخ و مەلای زۆرزانا وعالم زیرەک وباش ئەمەش ناوی چەند مەلایەکە لەم بنەماڵەیە پێگەیشتوون،

١- شێخ مەلا عباس
٢- شێخ مەلا محەمەد
٣- شێخ مەلا نبی
٤- شێخ مەلا مستەفا
٥- مەلا محمود
٦- مەلا کاکی گەورە
٧- مەلا کاک ئەحمد

کاکی گەورە یەکێک بووە لەزاناوعالم ومەلایەکی زۆر زیرک وبەتوانای ئاینی لەگوندی سەردڕە ئەو مەلایە گەورەیە لەهەموو بوارەکانی زانستی وزانیاری فەلەکناسی عالم بووە، ئەو کەسێکی زۆر بەتواناو زیرەک بووە لە ڕووی شەریعەتەوە هەروەها بەدەیان مەلا لەبن دەستی ئەو بوونەتە مەلای زۆر باش وزیرەک هەروەها چەندین کەسی فێری قورئانی پیرۆز کردوە شێخ عباس سورباشی دەبێتە باپیرەگەورەی مەلا تاهیری بروسکانی وەمەلا کاک ئەمین دەبێتە کوڕی مەلا تاهیر ئەویش هەرلەبنەماڵەی شێخ عباسە، مەڕقەدی شێخ عباس لە زارگەلی یە نزیک کۆمتان کە زۆرنزیکە لەگوندی بەرگرکەی بۆکریسکانە، شێخ ئەمین قرناقاوی لەهەمان بنەماڵەیە دەبێتە باپیری مەلا شێخ محەمەد ئیستاکە لە دەڤەری ڕاپەڕین دادەنیشێت ماڵی لە چوار قوڕنەیە شێخ مەلا حوسێن وحاجی مەلا ئیسماعیل ومەلا کاک ئەحمدکاک ئەمین ومەلا تاهیر ومەلا قادرکوڕی کاک محمد مەلا سەعید محمدامین مەلا عبدالله حاجی محمد ئەوانە وەهەموویان مەلای زۆر چاکوزاناو عالم وبە تەقواو خواپەرستن وەهەندێکیان دەرسخانەیان هەبووە کەدەرسیان بەفەقێ گووتووە هەروەها خێزانەکانیان وەک مەلاژن خوێندنی قورئان و نوسینیان فێری کچان کردوە وەک (مەلاژنە فاتیمە ، مەلاژنە سافیە ، مەلاژنە زلێخا ، مەلا ژنە ئامینە ) وچەندانی تر بۆسودی کچانی دەڤەرەکەیان وناوچەکە خۆیان وەک مامۆستا نیشان داوە تاکچەکانیشیان بێ بەش نەبن لەنووسین وخوێندنی قورئان و تربیەی ئیسلامی .

### ٤- شێخ مەلا کاک محەمەد

ئەم زاتە زانایەکی زۆر گەورەو زیرەک وبەتوانا بووە لەڕووی فەلەک ناسی مێژوو وجوگرافیای ناوچەی باڵەکایەتی وکوردستان هەروەها مەدرەسەی دینی هەبوو، چەندین فەقێی پێ گەیاندوە لەم مدرەسانە پێگەیشتون وبوون بەمەلای دوانزە علم و زانای گەورەی ئاینی ، لەکاتی خۆیدا زۆر چالاکی و قازانج وسودیان هەبووە بۆخەڵکی

دەڤەرەکەیان، ئەم زاتە تابلی زۆر چاکەیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەی خۆی کردوەویارمەتیان داون لە هەموو ڕوێکەوە ، هەروەها کاکی سەردرە دۆستیی میری سلێمان بەگی دەرگەڵە بووە، ئەو بنەماڵە وەجاغێکی زۆربە تەقواو ئاین دۆست و بەقوەت بوونە لەڕووی نهێنی ئەجنداوە توانیویانە زۆر لەنەخۆشیەکان وەک سەرح وشێتی ودەماخ نەخۆشیەکانی تر چاک بکەنەوە بەگرێنتی چونکە ئەوبنەماڵەیە ئەوەندە بەتەقواو ئاین دۆست وخواپەرست بوونە خەڵکی دەڤەرەکەیان وگوندەکەیان شاهێدن تاچەند بۆخەڵک بەسودو قازانج بووینە ، هەروەها ئەو بنەماڵەیە لە لای خەڵکی شاری ڕوانـدز زۆرخۆشەوویست بوون قەدریان هەبووە ئەوەش بەهۆی وجاغ و خواپەرستی ئەو بنەماڵە یە بووە، کە لەناو خەڵک دیارو پێش چاو بوون بەتایبەتی لەچاکەو پیاوەتی و دینداری ، دیارە ئێستاکەش هەندێکیان لەو بنەماڵە .لەژیاندا ماون لەکوڕو نەوەکانیان کەبڵاو بونەوە لەشارەکانی ڕانیەو چوار قوڕنەو سۆران وڕوانـدز، ئەمەبوو باسی شێخەکانی گوندی سەردرە لە دەڤەری ڕواندز.

### ٥- شێخەکانی گوندی سەران

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە خوالێی خۆشبێت مەلامحمد نەوەی شێخەکانی سەرانە کە ناسراوەبووە بە (مەلای سپی) ووتارخوێن وپێش نوێژی مزگەوتی خانەقا بووە، لەشاری ڕوانـدز لەزاری ئەو بەرێزەگوێم لێی بووە، کە باسی بنەماڵەکەی خۆی دەکرد بەم شێوەیە دەیگوت گوایە ئەم بنەماڵە تێکۆشەرە لەساڵی (١٦٧٨) ی زاینی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەی ناودەشتەوە هاتوونەتە شاری ڕوانـدز، بەڕەگەزسەیدی حوسێنی حەیدەرین، زۆرمرۆڤی بەتەقواو زانا و ئیماندارو خواپەرست بوونە ، بەم شێوەیە چەندین شێخی بەتواناو عالم وفەلەک ناسیان لێ هەڵکەوتووە زۆربەی زۆریان لە مەدرەسەکانی شاری ڕواندز پێگەیشتوون بووینە مەلاو زاناو عالمی زۆرگەورە ، لەگوندەکەی سەرانیش مەدرەسەیان هەبووە چەندین فەقێ لەبن دەستیان بۆتە مەلاو زانای زۆرگەورە ، هەروەها بنەماڵەی شێخەکانی سەران مزگەوتێکیان لە شاری ڕواندز دروست کرد بەناوی مزگەوتی خانەقا بۆ (شێخ عبدالقادرکوڕی شێخ محمودی سەران) ڕابەری ڕێبازی قادری دروستی کردوە، لەشێخەکانی سەران زۆر مەلاو شێخی زیرەک وبەتەقواو خواپەرستی لێ هەڵکەوتبووە، ئەوان توانای سحربەتاڵ کردن وچاکردنەوەی شێت ونەخۆشەکانیان هەبووە، بۆنمونە (شێخ سەمەد) نازناوی (مدارالدین) بووەوە هەروەها شێخ سەمەد بەپیری کۆسەناویان دەهێنا ڕابەری ڕێبازی نەقشەبەندی لە شێخ عوسمان سراجالدین

هەورامی پێ دراوە ، هەروەها شێخ ئیبراهیم بەڵگەنامەی زانستی ئاینی ئیسلام لەلایەن مەلا ئەسعد ئەفندی جەلیل زادە پێ دراوە، ئەم زاتە بەدەست خەتی خۆی چەندین زانیاری گرینگی دەربارەی شەرع وفەرموودەکانی بۆبەرژەوەندی ئاینی ئیسلام ونیشتمان پەروەری ئەم ڕۆڵە گەورەیان بەمەلا محمود وشێخ کاکەمین وشێخ عبدالله وحاجی مەلاعەلی شێخ عبدالرحمان داوە، لە ساڵی (١٩١٦) ی زاینی بۆپاراستنی شاری ڕواندز زۆر بەئازایانە ڕووبەڕووی هەموو ئەو هێزوو لەشکرکێشە داگیرکەرانیان کردوە، ئەو کاتی کە هێرشی گەورەیان دەکردە سەرشاری ڕواندز، لە هەموویان گەورەتر لەشکری (عروس) واتە ڕووسیای قەیسەریەکان و تورکەکان و ئینگلیزەکان، شێخەکانی سەران لەگەڵ خەڵکەکەیان زۆر ئازایانە هاوکار بوونە لە گەڵ خەڵکی ڕواندز بەشدار دەبوون لەهەموو خۆشی وناخۆشیدا، بەرگریان لە ناوچەکانیان کردوە، هەروەها ئەوەی جێگای تێڕامانە بۆ مێژوو نوسان ونوسەران لە والی دیاربکر نامەیەکی گیان فیدایانی واتە (خۆبەخشەکان) بۆبەرگری کردن لەپێشڕەویەکانی داگیرکەرانی کوردستان بەدەستی گەیشتووە ، بەتایبەتی بەرگریی کردن لە شاری ڕواندز وگوندەکانی دەورووبەری بۆتێکشکاندنی هێرشی داگیر کەرانی ئینگلیز، نامەکەش لەڕێکەوتی ( ٣٣٨/٥/٣) ی ڕۆمی نوسراوە کەدەکاتە ساڵی (١٩٢٢) ی زاینی وەڵامی (شێخ عبدالرحمانی سەرانی) بۆ والی دیار بەکری نووسیوە، لە گەڵ ئەم تێبینیانەی خوارەوە .


**شێخ کاک ئەمین**

١- نامەکە وانیشان دەدات کە بەر لە هاتنی (ئۆزدەمیربەگ) قائیمقامی ڕواندز تا دەگاتە هەریر و باتاس وسیساوە

٢- ڕاپەڕین وهەستان وهۆشیارکردنەوەی خەڵکی ڕواندز وەک شۆڕشێک وابووە لەدژی داگیر کەرانی ئینگلیزو مەلیک فەیسل مەلیکی عێراق،

٣- ئەم نامەیە ئەوڕاستیە دەسەلمێنێت کە هێزولەشکری تورک کەهاتۆتە ڕواندز لەسەرداوای شێخ عبدالرحمان و شۆڕشگێڕان بووە.

٤- زۆر بە خۆڕاگری ونەبەزی موجاهیدەکانی نیشان دەدات کەتوانیویانە بەرامبەرهێرشی سامناکی ئینگلیز بووەستن وسەربکەون دیارە ئەم نامەیە بە زمانی تورکی نووسی بووی کە نامەکە لەلایەن تاریق جامبازەوە لەزمانی عەرەبی کرواوەتە کوردی دەقی نامەکەی والی دیاربەکر بەم شێوەیە نوسی بووە ، کەدەڵێت بۆ بەڕێز بنەماڵەی شێخەکانی سەران شێخ عبدالصمد زادە ڕواندز دۆڵی ئاکۆیان گوندی سەران


شێخ عزالدین شەرانی

بەڕێز شێخ عبدالرحمان ئەفندم نامەکەی تۆمان بەدەست گەیشت زۆر سوپاست دەکەم ، لەنامەکە وادیاردەکەوێت کەشێخ عبدالرحمان سەرانی هاوڕێ یەکی باشی والی دیاربکر بووە، بۆیە داوای پشگری لێ کردوە ، دیارە بنەماڵەي شێخەکانی سەران ، بنەماڵەیەکی زۆر خواناس وبەتەقواو ئیمانداربوون لەڕووی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، خەڵکی ڕواندز دەزانن کە تائێستاکە مزگەوتی خانەقا لەشاری ڕواندز هەرماوە کە لەسەر دەستی ئەوبنەماڵەیە دروستکراوە،

### ❊ مەلاو عالم وزانایانی ڕواندز ❊

شاری ڕوانــدز یەکێکە لەشارە هەرەکۆنەکانی کوردستانی عێراق و کوردستانی گەورە هەرلەکۆنەوەو لەدێر زەمانداچەندین مەلاوپیاوی هەڵکەوت و زاناو عالم وکەسانی ڕۆشنبیروبەتوانای لێی هەڵکەوتووە، هەروەها لەبارەی ئاینەوە چەندین مەلای بە ناوبانگی ئاینی وتەریقەتی لێی پەروەردە کراوە بوون بە مەلای دوانزە عیلم وزاناو دانا لە ڕووی ئاینی ئیسلام لەم شارە هەرلەسەردەمی میرمحمد بەگ تا ساڵی (١٩٧٦) خوێندن ونوسین لەمەدرەسەی ئیسلامی لەم شارە لە گەشەکردن دابووە، بەڵام پاش نەمانی مامۆستا مەلا عبدولکریم ئەفەندی مەدرەسەکان لەناو چون ونەمان لەوکاتی چرای ڕوناکی علم وزانست دەربارەی فەقێ وە خوێندنی قورئان وفێربوونی پەروەردە وڕەوشتی ئیسلام وبوون بە مەلا لەوشارە نەماوکۆتای پیی هات جگە لەوەش چەندین شێخ زادەی بە توواناى لێ هەڵکەوتبووە، وەک پیری ماویلی ، شێخ مەلا صادق ، پیری کۆسە ، شێخەکانی سەران ، هەروەها چەندین عالم وزاناو قورئان خوێن و پیاوچاکی خاوەن باوەڕو بەتوانا وەهەروەها چەندین بنەماڵەی تێکۆشەروناوداروڕۆشنبیری ترهەبوونە کەدەستی شیعروچیرۆک نووسین یان هەبووە، بۆیەئەتوانین بڵێن هەرلە کۆنەوە شاری ڕواندز ودەڤەرەکەشی شوێنی علم زانست ئەدیب و کەسانی ڕۆشنبیر بووە توانیویانە گرنگي یەکی زۆر بە خوێندن و زانست وزانیاری و داوە چەندین زانای بەناوبانگی گەورەوبەتوانی لێ هەڵکەوتبوون وەک قازی کاری خەڵکیان هەڵ دەسوڕان مەلا گەورەکانیش ئەمانەی خوارەوەن.



**مەلاو زاناکانی ڕواندز**

### مەلا محمەدی خەتێ

مەلای محمد خەتێ (ناسراوبووە بەمەلای خەتێ) ئەم مەلا بەڕێزە لە منداڵی کەسێکی زۆرزیرەک وبەتوانا بووە بۆخوێندن هەموو ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە هەروەهالە ناوچەی باڵەکایتی لەلای مەلا گەورەکانی دوانزە عیلم خوێندویەتی زۆر زانیاری لەخوێندنەکەی وەرگرتبووە تابۆتە مەلایەکی دوانزە علیم واتە هەوڵی زۆری داوە لەژیانی خۆی تابۆتەمەلا کەبۆتە مەلا بۆماوەی (٢) دوو ساڵ لەناوچەی پشدەر کاری

ئیمامی دەکات لەیەکێک لەمزگەوتەکانی ناوچەکە دوای دێتە ناوچەی باڵەک ماوەیەک لەمزگەوتەیێکی گوندەکانی باڵەیان مەلایەتی دەکات دوای ئەو ماوەی یە هاتۆتە شاری ڕواندز مەدرەسەی ئیسلامی فراوانتر کردوە لەڕووی فەقێ و زانست و زانیاری چونکە مەلا محمدی خەتێ مەلایەکی زۆر زاناو ئاقل وتێگەیشتی بووە لەڕووی علم و زانست وفەلەک نا سی لەسەردەستی مەلای خەتێ زۆرفەقێی پێگەیاندوە بوون بەمەلای عالم وزانا وەک مەلا ئەحمەدی گەلالی ومەلائیبراهیم ڕەمەکی ومەلا عومەرە ئەفەندی چەندین مەلای زۆر زیرەک وبەتوانا ئەوجا مەلامحمدی خەتێ زیاتر لەبیست کتێبی دەسنوسی خۆی لەپاش بەجێ مابوون تاساڵی (١٩١٦) بەهۆی هێرش وشەڕی ڕووسەکان بۆسەر شاری ڕواندز ژمارەیەکی زۆریان لەناوچوون ، دەڵێن ئەودەست نوسانە کتێبی زۆر بەسودو مێژوویی بوونە هەرچەندە ئەم کتێبانە هەندێکیان هەرمابوون لەلای مەلا عبدالکریم ئەفندی کە وەک ئامانەت لەباب وباپیرانی خۆی بۆی مابوونەوە تا ڕێکەوتی شەووی ١٥ لەسەر ١٦ ی کانونی دووەمی ساڵی (١٩٧١) ئەم کتێبخـانە لەمزگەوتی گەورە لەنیوە شەوێکی تەم ومژاوی زۆر ساردی زستان لە سۆپەی دارئاگر بەردەبێتە مزگەوتی گەورەکە دەسووتێت لەم مزگەوتەش ژوورێکی بچوکی هەبوو کەتایبەت بوو بەشوێنی ڕۆژانەی مەلا عبدالکریم ئەفەندی دیاربووە کتێبخانەکەی هەرلەم ژوورە بووە کەپڕبوو لەکتێبی کۆن وەک کتێبی زانستی ومێژووی کوردستان و ناوچەکەو بەتایبەتی کارەساتەکانی شاری ڕواندز وەهەروەها چەندین کتێبی دەسنووسی سەردەمی میرمحمد بەگ ومەلای خەتێ مەلا وزانایانی تری ناوچەکە بەداخەوە هەموو یان دەسوتێن و ئێستاکەش لەگەڵ بێ کەس نایزانێت کەچۆن ئەم مزگەوتەسوتاو ئاگری گرتووەولەخۆیەوە یان بەدست کەسانی ناحەزەوە بووە مزگەوتی گەورەی شاری ڕواندز کە سـووتاوە هــەموو کـتێبەکانی نـاو مکتەبەکەش لـەژوورەکەی مەلا عبدالکریم بوون سوتان لەگەڵ هەموو کتێبەکانی قورئانی پیرۆزو کتێبی مەلای خەتێ مەلا عومەرەئەفەندی وەهەروەها چەندین هۆنراوەی دینی وهۆنراوە شاعێرانی دەڤەرەکەمان لەگەڵی سووتاوە هەرچەندە مەلای خەتێ زانایەکی زۆر بەهرەدارو بە تواناو زیزەک بووە لە ڕووی ئاین و سیاسی و علم و زانست و فەلەک ناسی مەلای خەتێ تەنها مەلاو زانای ئەم شارە نەبووە بەڵکو عالم وزانای عێراق وئێرانش بووە لە سەردەمی دەسەلاتی میرمحمد بەگ و میر نیشینی سۆران لە وولاتانی دەورووپشت وەک ئێران وسـوریاو خـواروی عـێراق بۆدەرس خوێنـدنی فەقێ وەک قوتابی دەبوونە (فەقێ) لە سەرەتاوە لەمەدرەسەکانی شاری ڕوانـدزدەرسیان دەخوێند لەبەر ئەوەی ئەم شارە مەدرەسەیەکی گەورەی ئیسلامی

پڕزانست وزانیاری هەبووە وە هەروەها لەم مەدرەسەیە مەلا ومامۆستای ئاینی زۆر بەتواناو زیرەک و زانای باش لە هەموو وانەکانی بەزمانی عەرەبی وکوردی دەربارەی ژمارەو حیساب ومێژوو باری ئابوری وباری کۆمەلایەتی وئەستێرەناسی ومانگ ورۆژ هەمووجۆرعلم وزانیاری دەخوێنرا، هەرچەندە بەشێکی زۆر لەوانەکان بەزمانی عەرەبی بووە لەو کات چونکە ئەووانانە لە قورئانەوە دەستی پێی دەکرد هەرچەندیش بووە بەشێکی زۆریان کردبووە بەکوردی بۆفەقێ کوردەکان شی یان دەکردەوە سالانە زیاترلە دوسەدوپەنجا فەقێی کوردوعەرەب لەم مەدرەسانە خوێندویانە وەک فەقێ واتە (قوتابی) هەبوونە جگە لە وەی لە ناوچەکەمان دەبوایە سالانە هەرماڵەو کوڕێکی خۆی بناردایە بەرخوێندن تابێت بە مەلا لە دواڕۆژی کەلکی هەبێ بۆکۆمەڵگاکەیان هەربۆیە ناوی ئەم مەلایە بەگەورەترین مەلای ئەوسەردەمی ناوبانگی دەرکردبوو. وەهەروەها مەلامحمدی خەتێ کەناسراو بووبە (مەلای خەتێ) چونکە خەڵکی گوندی خەتێ بووە سەربەناحیەی بالیسانە مەلا محمد ڕاوێژکاری پاشای گەورە بووە هەرچەندە مەلای خەتێ تۆمەت بار کراوە بەوەی کەئەو بۆتەسەبەبی ڕوخانی میرنیشینی سۆران کە مەلاکانی هانداوە لەڕۆژی هەینی لەسەر مینبەر فتوایەک بدەن وبۆخەلکی ڕوون بکەنەوە کە شەڕلەگەڵ هێزی عەرەب و والی بەغداو عوسمانیەکان حەڕامە کە گوایە ئەوان بۆشەڕ نەهاتوون ڕواندز داگیربکەن بەڵکو بۆ یارمەتی ئێمە دێن و عەرەب وتورکیش ئیسلامن بۆیە ئێمە نابێ ئیسلام شەڕلەگەڵ ئیسلام بکات ئەوەی شەڕی ئیسلام بکات بەبێ ئیمانی دەمرێت و دوایش تەلاقی دەکەوێت بەلام وابزانم ئەوە کەسانێکن بوونە کەدوژمنی مەلاوزانایانی ئیسلام بوونە ئەو تۆمەتەیان خستۆتەپاڵ ئەو زانا گەورەو بەڕێزەوە وەهیچ ڕاستیەکیش نیە بەتەواوەتی کەقسەیەکی وای کردوە باشە ئەگەر وابووە پاشای گەورە بۆچ لەناوی نەبردوە میرمحمد بەگ توانی دوومامی خۆی لەسەرخیانەت کردن لە (میرنیشینەکەی) هەڵبواسێت وبیان کوژێت کە هەردووکیان لە ژێرەوە دەستیان لە گەڵ دوژمن تێکەڵ کردبوو بەچ شێوەیەک میرمحمد بەگ لە مەلایەک دەترسێ کەخزمی نەبێت و کارێکی وابکات یان هەرئەم ڕاوێژکارەی هەبووە نەخێرئەو لەبابی خۆشی قبول نەدەکرد وەحیسابی بۆکەس نەکردوە، لە بەربەرژەوەندی میرنیشینەکەی و گەلەکەی بۆیە کە دەڵێن لەسەردەمی دەسەلاتی ئەو گورگ ومەڕ بەیەکەوە ئاوی دەخوارد مەسەلەکە ئەوەیە کەکەس نەی دەتوانی دزی وکوشتن و زینا و درۆکردن و بوختان کردن وهیچ جۆرەخراپەیەک بکات ، ئەوکاتەی ئەو دەسەلاتی بەدەست بووە، دەڵێن لەسەردەمی دەسەلاتی ئەو ئەوەی خۆی بزاوتایە بزۆتی لەچاوی ڕادەکرد، باشە کەواتە مەلایەک

چۆن توانی دژی میرمحمد بەگ بەهەوەستی خۆی لەمزگەوتەکان ئەو جۆرە فتوایە بدات کەواتە ئەوقسانە تۆمەتە یەکەم دژی ئاین دووەمیان دژی مەلا وزانایانی ئاینی کراوە و بەتایبەتی دژی مەلای محمدی خەتێ ، ئەم تۆمەتە ئەسل وئەساسی نیە وشتی واش نەبووە ئەگەرمەلای خەتێ بۆ پارەو سامان ومالّ وای کردبێ ئەو ڕوێژکار بووە ، قازی بووە ، نازانم بەچ جۆرێک ئەوخیانەتەی کردوە، کەبزانێت سەری خۆشی تیا دەچێت وەک کورد گۆتەنی خودابەخۆی زانایە لەبەرئەوەی بەلّگەی تەواومان لەبەردەست نیە ئەم زانایە چەندین مەلای بەتواناوزانای پەروەردە کردبوون


**مەلای محمەدی خەتێ**

لەپاش نەمانی وکۆچکردنی ئەوانە زیاترپەرەیان بەومەدرەسانە ئەدا بۆئەوەی پەرە بەزانست وزانیاري بدەن هەرلەدوای نەمانی میرمحمدبگ مەدرەسەکان لەکار نەکەوتن بەلّکو زیاترمەلای خەتێ کۆلّي نەدا لەسەفێرکردنی منداڵانی کوردو ناوچەکەمان زیاترپەرەیان بە فەقێ ومەدرەسەکانی ڕواندز ئەدا بەلّکو خۆي ومەلایەکانی ناومەدرەسەکەی لەشاری ڕواندز ڕۆژانە هانی باوکی منداڵانیان ئەداتا کە مندالّەکانیان بنێرنەمەدرەسە بۆ ئەوەی دوا ڕۆژی مندالّەکەو هەم گەلەکەمان ڕوونبێت بۆیە ئەم زانایە هیچ هەلّەیەکی وای نەکردوە تا ناوچەکەڕوو لە خراپەکاری بکات بەلّکو ئەو زانست و زانیاری بەڕووی خەلّکی دەڤەرەکە کردۆتەوە، دونیاش هەروایە کەسێک کارێکی زۆرباش بکات بۆگەلەکەی کەس بەباشی باسی ناکات واتە کەس لێی ڕازی نابێت.لەکۆتای دوای مەلای محمەدی خەتێ ئەومەلا بەڕێزانە

لەمەدرەسەکانی شاری ڕواندز بەردەوام بوونەلە فێرکردنی زانست وزانیاری پەرپێدان بە مەدرەسەکان پەروەردەکردنی فەقێ وەک ١ (- مەلا عومەر ئەفەندی ٢- مەلا ئەسعد ئەفەندی ٥- مەلا عبدوالکریم ئەفەندی) ئەم مەلایانە یەک لەدوای یەکتری لەباب وباپیرانەوە بۆیان مابووەوە بۆیە وازیان لەمەدرەسەکان نەهێنا تامردنی مەلاعبدالکریم ئەفندی واتە مەدرەسەی فەقێ هەرمابوون لەشاری ڕواندز تا سالّی (١٩٧٦ ) لەدوای نەمانی خوالێخۆش بوومەلاعبدالکریم ئەفەندی هیچ کوڕونەوەی وەک مەلا نەبوون کە لە مەدرەسەکان دەرسی فەقێ بخوێنن دیارەلەکاتی خۆی مەلاعبدالکریم کوڕەکەی

نەناردۆتە بەر خوێندنی فەقێ یان مەیلی لێی نەبووە لە فەقێ یەتی بخوێنن تەنها دوو کوڕی هەبووە بەناوەکانی ( خەسرۆ و مەحسوم ) بەڵکو هەردووکوڕەکانی ناردونەتە قوتابخانە، بۆیە دوای نەمانی مەلاعبدوالکریم بەتەواوەتی چرای ڕوناکی خوێندنی فەقێ کۆتای پێ دێت ومەدرەسە و حوجرەکان بەتەواوەتی نەمان و پێگەیاندنی فەقێ و بون بە مەلا لەشاری ڕواندز بە تەواوەتی ماڵ ئاوایای کرد،


## بنەماڵەی مارەمەلایانی ڕوانــدز

بۆئەوەی خوێنەری خۆشەویست بزانێت، چەند بنەماڵەیەک لەڕواندز هەبووە ، بنەماڵەی مارەمەلایەکانی شاری ڕواندزیەکێک بووە لەو بنەماڵانە، ئینجا یەکەم کەسی ئەوبنەماڵە کێ بووە ، واتە یەکەم کەسی ئەو بنەماڵە ، ناوی سۆفی بووە ، هەروەها سۆفی کوڕێکی هەبووە بە ناوی (حمد) ئینجالەکوڕەکانی (حمد) دەست پێ دەکات بەم ناوانە (١-عومەر٢- مستەفا٣- خدر ٤- حەسن ٥- مەلا عەلی ٦- حاجی شێخ ٧- مەلا عیسا ) دوای منالەکانی (حاجی عومەرە ئەفندی) دەست پێ دەکات لە (١- محمد ئەمین ٢- مەلا ئەسعد ٣- مەلا سەعید) دوای مندلەکانی (محمد ئەمین) دەست پێ دەکات لە (١-عەلی ٢- عبداللە ٣- عبدالرحمان ٤- محمدنجیب) دوای منداڵەکانی (مەلا سەعید) دەست پێ دەکات لە (١- محسین ٢- مەلا عومەر٣- جەلال ٤- کمال ٥- نوری ٦- ئەسعەد) ئەمەبەشێکە لە (شەجەرەی) بنەماڵەی مارەمەلایانی شاری ڕواندز، بۆیە لێرەوە باسی کەسایەتی یەکانی ئەو بنەماڵەیەدەکەین ، یەکەم مەلابەناوی (حاجی مەلا عومەرە ئەفندی) یە، کەلە هۆزی خەیلانی بووە ، مەلاعومەر لەساڵی (١٧٩٨) ی زاینی لەدایک بووە ، یەکێک بووە لە بنەماڵە وکەسایەتی وزاناومەلا و عالم وفەلک ناس وئەستێرە ناس وعلمی شەریعەت لە شاری ڕواندز ، مەلاعومەرئەفندی لەتەمەنی (١٠) ساڵی چۆتە بەرخوێندن لە یەکێک لە مەدرەسەکانی خوێندنی فەقێ لەشاری ڕواندز، دیارە ئەوکاتی لەجیاتی قوتابخانە خوێندنی سەرەتای لەمەدرەسەومزگەوت وحوجرەکانی ئیسلامی بووە ، ئەوجا کەخەڵک منداڵی خۆی دەنارده بەر خوێندن تەنها مەدرەسە هەبووە ، لەشاری ڕواندز ، ئەوجا خەڵکی کە منداڵیان دەنارده بەر خوێندن لەم مەدرەسانە بۆ ماوەی چەند ساڵێکی کەم خوێندنی فەقێی تەواو دەکرد ، لە فەقێ دەبوون بەموستەعید ، دوای (٣) سێ ساڵ مۆڵەتی مەلایەتیان وەردەگرت بە تەواوی دەبوون بە مەلاوعالم وزاناو فەلک ناسی بە ناو بانگ، بۆیە یەکێک لەم مرۆڤانە مەلا عومەرە فەندی بووە، لەدوای تەواو کردنی خوێندنی فەقێ و بوون بە مەلا، هاوسەرگیری دەکات، مەلا عومەر ئەفندی لە تەمەنی (٨٠) هەشتاساڵی واتە لە کۆتایی

ساڵی (١٨٧٨) زاینی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، ڕوحی شاد بێت ، لەدوای مەلاعومەر ئەفندی ، کوڕەکەی بەناوی (مەلا ئەسعەد ئەفندی) شوێنی دەگرێتەوە ، مەلا ئەسعد ئەفندی کوڕی (حاجی عومەرئەفندی) یە لەساڵی (١٨٥٠) ی زاینی لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، لە دوای باوکی لەساڵی (١٨٧٩) حوجرەومەدرەسەکانی ڕواندز دەگرێتە ئەستۆی‌خۆی، مەلا ئەسعەد زانایەکی زۆر گەورە وخاوەن بیرورا و فەتوا ونووسەربووە ، گەلێک حاشییە و تەعلیقی نوسیووە لە ناوخەڵکی بەڕێزوخۆشەووست بووە ، لەلای زانایان بڕواپێکراوبووە ، لە بواری وانەگووتنەوە زۆرزیرک بووە دەڵێن فـەقێ لەبەردەستی زووفێری نوسین وخوێندنەوە دەبوو، لەهاوینی ساڵی ( ١٩٢٩) زاینی واتە لە تەمەنی (٧٩) حەفتاونۆساڵی کۆچی دوای کردوە، ڕوحی شاد بێت هەرچەندە پاش نەمانی مەلا ئەسعد ئەفندی مەدرەسەکان کەمێک کەم وکوڕی وسستی بەخۆیەوە دی لەبواری خوێندن ونووسین ، عیلم وزانست وفەلک ناسی وشەریعەت تا ماوەیەک کەمووکورتی هەبووە ، بەڵام دوای ئەوماوەیە بەهیمەتی مەلاعبدالکریم ئەفەندی کوڕی مەلا ئەسعەد پێ ڕاگەیی ڕێچکەی باوکی گرتە ئەستۆی خۆی وەک زاناو دەرس وتنەوە ، ئەوجا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە مەدرەسەو حوجرەکان چرای خوێندن لەمزگەوتەکانی شاری ڕواندز ئەدرەوشایەوە ، زیاترلە جاران پەرەی بە خوێندن وزانست دەدرا ، بەهێنانی مامۆستاومەلاو زاناو وانە بێژی زۆرباش بۆدەرس وتنەوە بە فەقێ ، مەلاعبدالکریم توانی زۆر زیاتر پەرە بەخوێندنی فەقێ بدات لە هەموو بوارەکان ، مەلاعبدالکریم ئەفندی ، لەشاری ڕواندز وەک مەلایەکی دیارو ناسراو و زیرەک ودانا و زۆر زاناو بەتوانا ناسراو بووە ، چونکە دوای باوکی نەي هێشت علم وزانیاری لەشاری ڕواندزکۆتایی پێ بێت وخوێندنی فەقێ شکست بێنێت ، بەڵکو زیاتر هەموو توانای خۆی خستە بواری خوێندن وزانست لە حوجرەومەدرەسەکان ، هەروەها مەلاعبدالکریم ئەفندی ، لەگوند وشاروشوێنە دوورەکانیش هانی خەڵکی دەدا کەمنداڵە کانیان بێ بەش نەکەن لە خویندن ونوسین ، ئەگەر هەرنەبێت کوڕێکتان بۆ خویندن بنیرنة شاری رواندز ، بۆیەڕۆژانە منداڵی خەڵکی لەگوندوشارەکان دەستە دەستە دەهاتنە شاری ڕواندز ناوی خۆیان دەنوسی بۆ خوێندنی فەقێ ، لەحوجرەومەدرەسەکانی شاری ڕوانـدز ، وەردەگران ویەکسەر دەبوون بە فەقێ واتە (قوتابی) یـان (خوێنکار) ئەوجا لەدوای

چەند ساڵێک فەقێ لەم مەدرەسانە دەبوون بەمەلا و زاناو مامۆستای ئاینی ، خۆدیارە ئەوکات وزەمانی تامەلاعبدالکریم ئەفندی لەژیاندا مابوو خوێندنی فەقێ لە حوجرەومەدرەسەکان هەرمابوون ، مەلاعبدالکریم ئەفەند کوڕی مەلا ئەسعد ئەفەندی کوڕی مەلاعومەرە ئەفندیە، بۆیە مەلاعبدالکریم وەسیەتی باوکی جێ بەجێ دەکات و بەردەوام دەبێت لەسەربڵاو کردنەوەی زانست و زانیاری و وانەی فەقێ لەحوجرەومەدرەسەکانی شاری ڕواندز بەفێرکردنی قورئانی پیرۆزو نوسین و خوێندنەوەی کتێبەکان ، هەروەها لەوکاتەی کە مەلاعبدالکریم ئەفندی لە ژیاندا مابوو ، ژمارەیەک کتێبی

دەسنووسی کۆنی مامۆستا (مەلامحەمەدی خەتێ ومەلاعومەرە ئەفندی) باپیرەگەورەی لە کتێبخانەکەی لە مزگەوتی گەورەی شاری ڕواندز هەرمابوون کتێبەکان هی سەردەمی میرنشنی سۆران بووە ، هەموویان دەربارەی مێژوو وبەسەرهات و زانیاری ناوچەکە و فەلەک ناسی و ژمارەیەکیش ئاینی بوون ئەمانە هەمووی پارێزراو بوون لەناوڕەفەکانی کتێبخانەکەی لەژوورێکی مزگەوتی گەورەی ڕواندز. مەلا عبدالکریم ئەفەندی ئەوکتێبانەی لە باب وباپیران بۆ مابوونەوە ، چەندین ساڵ وەک ئامانەت زۆربەجوانی و بەباشی دەی پاراستن وپارێزگاری لێ دەکردن ، دەسنووسەکانیش لەناو پەرتوکەکانی کتێبخانەکەی خۆی لەژوورێکی مزگەوتی گەورەی ڕواندز پارێزراو بوون و دەی پاراستن کەخۆی سەرپەرشتی مزگەوتەکەی دەکرد . بەڵام زۆر بەداخەوە لەساڵی (١٩٧١) لەنیووە شەوێکی ساردوسڕو باراناوی وتەمووومژاویدا ئاگربەردبێتە مزگەوتی گەورەی ڕواندز ، هەموو ئەو نوسراو کتێب ودەستنوسانە بەتەواوەتی لە ناو دەچن ، مزگەوتەکەش بە تەواوەتی سوتاوداڕما دوای ماوەیەک حکومەتی ئێراق سەرلە نوێ نۆژەنی کردەوە بەشێوەیەکی باشتروجوانتر، مەلاعبدالکریم بەردەوام بوو تـاساڵی (١٩٧٧) نەی هێشت تەنها یەک ڕۆژیش دەرسخانەکان چۆل بێت لەخوێندنی فەقێ ، بەڵکو زیاترخزمەتی پەروەردە کردنی منداڵانی دەکرد لەڕووی فێرکردن وزانست وزانیاری لە شاری ڕواندز دوای کۆچکردنی مەلا عبدالکریم ئەفندی چرای خوێندن وفێرکردنی فەقێ بەتەواوەتی کوژایەوە کۆتای بە دەرسخانەکان هات لەشاری ڕوانـدز ، مەلا عبدالکریم



**مەلاعبدالکریم ئەفەندی**

ئەفندی لە ساڵی (١٩٧٧) لەشاریڕواندز کۆچی دواکردووە لەگۆرستانی گەردەگەرد بە خاکسپردراوە ، ڕوحی شادبێت مەلاکریم ئەفندی (٢) دووکوڕی هەبووە بەناوەکانی (مەعسوم ، خەسرۆ) .

## مەلا تاهێرە ئەفەندی

کوری عبدولحکیم ونەوەی زاناوعالم ، مەلاموحەمەدی خەتێ یە ، یەکێک بووە لەمەلاوزاناوعالم وکەسایەتی وریش سپی وپیاوماقولان وکوردپەروەرو کەسایەتێکی بەهێزوناسراوی شاری ڕواندز بووە، لەوکات وزەمانی مەلا تاهێرمامۆستایەکی گەورە و زانا وناسراو بووە، هەربۆیە لەلای خەڵکی شاری ڕواندزو دەوروبەری بەکەسێکی زۆربەڕێزوڕێزداروخۆشەویست ودیارو بەرچاو بووە ، جگە لەمەش هەرکەسێ کە دەهاتە شاری ڕواندز بەتایبەت ئاغاو سەرۆک هۆزەگەورەکان ، یەکسەرلەماڵی ئەومیوان دەبوون بۆیە بەدائم دیوەخانی قەلەبالغ و بەمیوان بوو گەلێک جاریش میوانەکانی لەوکاتی تایبەت بوون وەک سەرکردە وسەرۆک وملیکی عێراق لە گەل قائدفرقە وپیاوی گەورەی سەربازی لە ماڵی مەلاتاهێر ئەفەندی میوان دەبوون ، بە بەردەوام دیوەخانەکەی زرمەی دەهات لە میوان گەلێک جاریش بۆچەند ڕۆژێک میوانەکانی لەم دیوەخانە دەمانەوە ، ئەوکاتی کە تەلەفۆن وڕادیۆ لەعێراق زۆرکەم بووە، لەماڵی ئەوتەلەفۆن وڕادیۆ هەبووە ، مامۆستا مەلاتاهێرئەفندی تەنهایەک کوڕی هەبووە بەناوی باوکی خۆی کردبوو ناوی (عبدولحکیم) بووە، عبدالحکیم کە پلەی سەربازی (ڕئیس ئەوەل) بووە



**مەلا تاهیر ئەفەندی**

لەسوپای عێراقدا زۆرگەورە بووە ، هەروەها مامۆستا مەلا تاهیرکچێکی هەبووە بەناوی (نەفیسە) تاپۆلی شەشەمی سەرەتای خوێندووە . مەلا تاهیرمەلایەکی زۆرقسەخۆش و زیرەک وڕۆشنبیرو زاناوعالم و بە توانا بووە . لەڕووی زانست وزانیاری مەلایەکی دوانزە عیلم بووە ، لە ڕووی فەلک ناسی وپەروەردە وتەفسیلی قورئان ویاساوقانون وئاینی ئیسلام مەلایکی زۆر زیرەک بووە . لە ساڵی (١٩٦٨) بە نەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە ، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت. مەلاتاهیر (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (عبدالحکیم) لە سەربازگەی ئێراق پلەی سەرۆکی یەکەم بوو.

## * کەسایەتیەکان *

١- ئیسماعیل سەعید عبدالله بەکر بەگ:- ناسراو بووەبە (سمایل بەگ) لەساڵی (١٨٩٥) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە ، ئیسماعیل بەگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، خوێندنی ڕوشدیەی لەشاری ڕواندز تەواوکردوە، سمایل بەگ یەکیک بووە لەو کوردە تێکۆشەرانەی کەڕۆڵێکی باشی هەبووە لەبزاڤی ڕۆشنبیری وسیاسی کوردستان، ئەوکاتی لە دەوڵەتی عێراق دەبێتە ئەندام پەڕلەمان ئیسماعیل بەگ لەتەمەنی (٢٣)ساڵی واتە لە ساڵی (١٩١٨) باوکی وەفات دەکات، لەحلی خانی دایکی لەباوەشی خۆی دەگرێت، شوێنی باوکی بۆپردەکاتەوە تا ئیسماعیل بەگی کوڕی پێ دەگەینێت بۆئەوەی هەست نەکات کەباوکی مردوە لە دوای مردنی باوکی خۆی ودایکی لەگەڵ (عەولا پاشا) ی باپیری پێکەوە دەژین لەخانوێکی دوو نهۆمیدا، لەحلی خان وەک دایکێکی زۆر بەوەفا دەورێکی گەورە دەگێڕێت لە ژیانی ئیسماعیل بەگی کوڕەکەی کەباوکی کۆچی دوای دەکات ئەوکاتی تەمەنی باپیری لە (١٠٠) سەد ساڵ تێپەڕی کردبووە (ئیسماعیل بەگ کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەولاپاشا کوری بەکر بەگ کوڕی بایزبەگ کوڕی ئۆغزبەگە) .ئیسماعیل بەگ نوێنەری پاریزگای هەولێربوو، لە ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراق .لە دوای داگیر کردنی عێراق وکوردستان لە لایەن ئینگلیزەکان، کە هێزەکانی ئینگلیزگەیشتنە شاری ڕواندز خەڵکی ڕواندزیان کۆکردەوە بۆئەوەی یەکێک هەڵبژێرن، لە ناو کۆبوونەوەکە، کەس نەی توانی وەک پێویست قسەی باش بکات، ئەوجا لە ناو کۆبوونەوە ، بەتەنها ئیسماعیل بەگ هەڵدەستێ قسەی زۆر جوان لەگەڵ ئینگلیزەکان دەکات لە جیاتی جەماوەری شاری ڕواندزو دەڤەرەکە، دیارە هەموو کەم وکوڕیەکانی شاری ڕواندزو دەڤەرەکەی بۆئینگلیزەکان ڕوون دەکاتەوە، ئەوکاتە قسەکانی سمایل بەگ زۆر کاریگەربووە بۆئینگلیزەکان ناوی دەنووسن دوای ماوەیەک کە دوو بارە هاتنەوە بۆ شاری ڕواندز لە (١٢/١٥/ ١٩١٩) یەکسەر ئینگلیز بانگی دەکەن وبەحاکمی سیاسی شاری ڕواندزیان هەڵبژاد، بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری خەڵکی ڕواندزو گوندەکانی دەڤەرەکە، هەروەها بۆئیدارە کردنی کاروباری سیاسی وکارگێڕی لە جیاتی حاکمی سیاسی ئینگلیزەکان. هەروەها خەڵکی ڕواندز زۆر لە کارو چالاکیەکان سمایل بەگ ڕازی بوون چونکە هەموو کارەکانی خەڵکی بەڕێکوپێکی جێ بەجێ دەکرد هەرچەندە هەندێک کەس دژایەتیان دەکرد تاواز لە کارەکەی بهێنێت بەلآم ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ کارەکانی گەشەی دەکرد ئیسماعیل بەگ یەکێک بووە لەڕۆشن فکرەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم هەرچەندە بەتەمەن زۆر بچوک بووە بەلآم

خوێنەرێکی زۆر بیرمەندورۆشنبیروئاقل بووە، لەڕوی خوێندنەوەی کتێبەکان، ئیسماعیل بەگ مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیرو کۆمەڵایەتی بووە، هەروەها ئیسماعیل بەگ زۆر بیری لەجوگرافیاو مێژوی کوردو کوردستان دەکردەوە، شاهێد حاڵەکانی ئەوکاتی بە بەڵگەباسی ئەوکەڵە پیاوەیان کردوە، هەروەها (هامیلتۆن و دەبیلوئارها) کەواباس لە فراوانی مەودای هۆش وفکری نەتەوەی کوردپەروەر ئیسماعیل بەگ دەکەن ئیسماعیل بەگ دژبە داگیرکاری وستەم و چەوساندنەوە بووە هەمیشە حەق خواز بووە، ئیسماعیل بەگ هێشتاکە هاوسەرگیری نەکردبووە ، بەهۆی دروست بوونی دوژمنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی باویل ئاغا، زۆری نەخایاند کەخەون ومرازەکانی بێتەدی قەدەروای کرد لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٦/٨) بە هۆی کەمین دانانەوە لە لایەن نوری باویل ئاغاو پیاوەکانی لە دۆڵی نیشاوەی مابەینی سپیلک وخەلیفان کە ڕێگای سەرەکی هەولێر ڕواندز دەکەوێتە کەمینەکەیان ، دەستڕێژی گولەی لێ دەکرێت و هەرلەم شوێنە گیان لە دەست دەدات، کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی لەحلی خان لەنزیک ماڵی خۆیان لەشاری ڕواندز بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێ .



**ئیسماعیل بەگی ڕواندزی**

٢- سلێمان بەگ سیلاحشور :- ناسراو بووە بە (سلێمان بەگی سیلاح شور) سلێمان بەگی سیلاح شور کوڕی عەلی بەگی سلاح شورکوڕی عبدللە بەگ کوڕی میرئەحمەد بەگی سۆران کوڕی میرئۆغزبەگ باپیری میر محمدبەگی میری سۆران بووە، واتە سلێمان بەگ دەبێتە نەوەی میرمحمد بەگی میری میرنیسینی سۆران کەپایتەختەکەی لەشاری ڕواندز بووە، سلێمان بەگ پیاوێکی دەست ڕۆیشتوو کەسایەتی و بنەمالەیەکی بە ناوبانگی شاری ڕواندز بووە، هەرلە هەڕەتی لاویدا سیلاح شورکەسێکی چالاک وتواناساز بووە، هەروەها هەستێکی تەواوی لەسەر گەلەکەی و کوردو کوردستان و نیشتمانەکەی هەبووە ، جگە لەمەش کەسێکی هەژار دۆست و پاک و باوەڕی بەخوای گەورەو ئاینی ئیسلام هەبووە، لە لای خەڵکی شاری ڕواندزو دەورو بەری کەسێکی بەڕێزو خۆشەویست بووە ، هەروەک دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ئامادەکردنی عبدللە زەنگەنە بەرگی دووەم (چاپی یەکەم) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر لە ساڵی (٢٠٠١)




**سلێمان بەگی سیلاح شور**


لاپەڕە (٢٩٦) نووسیویەتی کەدەڵێت ، سلێمان بەگی سیلاحشور وعوسمان بەگ هەردووکیان خەڵکی شاری ڕواندزن و لە بنەماڵەی میرانی سۆرانن هەردوکیان ئەندامی پارتی (خۆي بوون) کەلقێکی لە سلێمان بووە، کە مستەفا زەنک سائب سەرۆکی لقەکەی بووە، کە دەبێتە باوکی (شەماڵ سائب) ی گۆرانی بێژ، ئەوەی ئاشکرایە ئەو دوو کەڵە پیاوە کەسایەتی و ڕۆشنبیری شاری ڕواندزن لە بنەماڵەی میرانی سۆرانن .

٣- ئەسعد مەلاسەعید خەیلانی:- ناسراو بووە بە (ئەسعد خەیلانی) لەڕێکەوتی (١/٧/ ١٩٣٢) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز هەروەها لەخانەوادەیەکی مەلازادەو وزانست دۆست وخاوەن مەدرەسەیەکی گەورەوبەناوبانگی شاری ڕواندزبووە، ئەسعد خیلانی کوری مەلاسەعید برای مەلا ئەسعد ئەفندی بووە ، باوکی زانایەکی گەورەی شاری ڕواندزبووە هەروەها مەلاسەعید قازی بووە ، مامۆستا ئەسعد خیلانی زۆر بەناوبانگ بووە ناوی مەلا ئەسعد ئەفەندی لەلای خەڵکی شاروکەس وکاری بە ئەفندی ناویان دەهێا واش واناسرابووە ، بۆیە ئەسعد خیلانی هەروا ناوەکەی بەئەفندی هاتووە، ئەسعد خەیلانی لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی لە (١٩٦٦) ڕوودەکاتە ئەمریکا بۆ لە، ماوەی (٥٥) ساڵ لەویَ ژیانی بەسەردەبات تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات ، ئەسعەد خەیلانی لە ڕۆژی چوارشەمە ڕیکەوتی (١/٤/٢٠٢٠) ی زاینی لەئەمریکاکۆچی دوای کردوە، ڕوحی شاد بێت.



**ئەسعد مەلاسەعید خەیلانی**

٤- جەلال مەلاسەعید مەلاعومەر ئەفندی خەیلانی :- مامۆستا جەلال لەڕێکەوتی (١/٧/١٩٢٥) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، مامۆستا جەلال برای ئەسعد خەیلانی یەکێکە لە بنەماڵەی مارە مەلایانی شاری ڕواندزبووە ، مامۆستا جەلال خەیلانی



**مامۆستا جەلال**

کەسێکی زۆر زیرەک و بەتوانا بووە ، لەڕووی پەروەردەو فێرکردن و دەرس ووتنەوە بە قوتابیان، جەلال ئەفەندی مامۆستایەکی زۆر زیرەک بووە هەروەها لە ڕووی سیاسەت وکوردایەتی کەسێکی ڕۆشنبیرو ڕوناکبیروبووە، زۆرحەزی لەسیاسەت وکوردایەتی بوو، هەروەها لەڕووی کەسایەتی وکۆمەڵایەتی زۆر ناسراو بووە هەرچەندە تەمەنی زۆر درێژ نەبووە، لە ڕێکەوتی (١٩٦٥/١٢/١٢) لەتەمەنی (٣٣) سی وسێ ساڵی کۆچی


دوای دەکات بەهۆی کارەساتێک لەو ڕۆژەدا لە شاری هەولێر دەگەڕایەوە بەرەو شاری ڕواندز ئێوارەی بە سەرادێت لەوکاتی چەند فڕسانێکی چەکداردوژمن بەگەلی کورد لەڕەبایەکانی ئیسقەڵا تەقە لە ئۆتۆمبیلەکەی دەکەن لەڕێگای گەڕانەوەی بۆ شاری ڕواندزتووشی جەڵتەی مێشک دەبێت، بەداخەوە لەدرەنگانی شەوکۆچی دوای دەکات لەم ڕۆژە ماتەمینی وتارمایەکی ڕەش بەسەر شارەکەی ڕواندز دادگرێت...مامۆستا سامی عبدالقادر ڕواندزی لەوکاتی شعرێکی جوان وپوختەی بەسەرمامۆستا جەلال خەیلانی دا دەڵێت زۆرکاریگەرو سەردەمیانەیە ئەمەش شعرە جوانەکەیەتی کە زۆرناخ هەژێنە لە خوارەوەکە نووسیویەتی دەڵێت.

ئەی چاو برێژە ڕۆندک خوێنین
ئەدل دەست بەچۆک دانیشەبۆشی
قوتابیانی شار، وانە نەخوێنن
مەلان پاساران ، هیچ نەجروێنن
بانگەوازێ کەن: کەس بۆکار نەچێ"
ئیمرۆ مامۆستا جەلال خەیلانی
لەڕەوت تەمەن کۆتای هانی
میوانی خاکی پاکی گەردەگەرد
دەست لەملانێمان خەزا قژی زەرد
بێ وزەو ئارام دەم نایەتەگۆ
بۆخواپەرستی وهێمن ولەسەرخۆ

بۆ جگەر سۆزی قوتابی و وانە
نەوا نوتەکی دۆست وبێگانە
بۆباوکی نزاروکامەڕان ئەگری
ڕەشی پۆشیوە ئاسمان وهەوری
زیندوە هەردەم دەشنێ، لەیادە
بە یەزدان پەنا بە بەهەشت شادە

ئینجا تەرمەکەی لەگۆڕستانی گەردە گەرد بەخاک دەسپێرن ، ڕوحی شادبێت ، مامۆستا جەلال ئەفندی (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (بەیان ، سەیران ، پەیمان) هەروەهالەگەڵ (٣) کوڕبە ناوەکانی (نزار، کامەران، دارا) .

٥- نوری سەعید عومەر ئەفندی خەیلانی:- ناسراو بووە بە (نوری ئەفندی) مامۆستانوری کوری مەلا سەعید کوری‌مەلاعومەر ئەفندی یە لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری رواندز لە دایک بووە مامۆستا نوری یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز دەبیتە کوڕی مەلاسەعید ئەفەندی ، مامۆستا نوری لەساڵانی شەستەکان مامۆستای قوتابخانەی سەرەتای کوڕانی ڕواندز بووە، دوای حکومەت ناونیشانی دەگۆڕێت بۆ بەرێوەبەری‌قوتابخانەی پاشای گەورە، مامۆستا نوری ئەفندی کەسێکی زۆرلە سەرە خۆو زیرک و بەتوانا بووە، لە ڕاپەراندنی کاروئەرکەکانی خۆی لە قوتابخانەکەدا ، هەروەهالە ناومامۆستاو قوتابیان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکەی زۆر خۆشەوویست وبەرێز بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بوو، بۆماوەی یەکساڵ، لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٦/٢٣) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ، مامۆستا نوری (٤) کچی هەبووە بەناوەکانی (تاڤگە ، نیگار ، گۆڤار ، ڕۆژگار) هەروەها لە گەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (پێشرەو ، بژار ، ڕێبوار ، عبدالقادر) .



**مامۆستا نوری سەعید**

٦- ئەمین پاشا ڕواندزی :- ناسراوبووە بە (ئەمین پاشا) لە ساڵی (١٨٦٥) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ئەمین پاشا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لە مەدرەسەی ئیسلامی خوێندنی فەقێی لەشاری ڕواندز تەواوکردوە ، دوای چۆتە مەدرەسەی ڕوشدیدە بە زمانی عەرەبی وتورکی خوێندویەتی، ئەوجا دەچێتە خوێندنی ئەرکان و جەنگی سەربازی بۆماوەی دوو ساڵ دەخوێنێت دەبێتە ئەفسەرئینجا پەیوەندی بە سوپای عوسمانی دەکات دوای چەند ساڵ تاپلەی لیوا وەردەگرێت ، هەروەها بەشداری لە جەنگی جیهانی یەکەم دەکات ، ئەمین پاشا لە دوای‌جەنگی جیهانی دەگەڕێتەوە شاری بەغداد لە ساڵی (١٩٣٥) دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای دەبێتە سەرۆکی لێژنەی کارو باری سەربازی لە عێراق، دوای لە بەر نەخۆشی وبێ تاقەتی خۆی خانەنیشن دەکات، بۆماوەی چەند ساڵێک بەنەخۆشی ژیان بەسەر دەبات ، ئینجا لە ساڵی (١٩٤١) هەرلە شاری بەغداد کۆچی دوای دەکات، لەم شارەش بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.

٧- باویل عەزیز عبدالله قادر:- ناسراو بووە بە (باویل ئاغای) باویل کوڕی مەلاعزیز کوڕی عبدالله کوڕی قادرە، ناوی ئەسڵی (ئەبوبکرسەدیق) بووە، باویل ئاغا لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتییێکی گەورەی ناسراوی شاری ڕواندز بووە ، باویل ئاغا لەساڵانی بیستەکان بەتوندی لە بەرامبەر ئینگلیزەکان وەستاوە، لە دژیاندا شەڕی کردوە دەورێکی باڵای گێڕاوە، باویل ئاغا پیاوێکی زیرەک وبە زاناو بە تواناوشەڕکەرو ئازاو چاو نەترس بووە ، باویل ئاغا مرۆڤێکی خێر خواز و هەژار دۆست بووە زۆر یارمەتی هەژاران و لێقەوماوانی دەدا، دیوەخانی باویل ئاغا هەموو دەم بەشەو بەڕۆژ شوێنی حەوانەوەی میوان بووە، هەروەها باویل ئاغا کەسێکی نەرم و نیان وقسە خۆش وبەخزمایەتی بووە ، باویل ئاغا (٦) شەش کوڕی هەبووە بەناوەکانی (مستافا ، کەریم ، عەلی ، عەزیز ، قادر ، نوری) .

٨- سید موحەمەد سید ڕسول سید حوسێن :- ناسراو بووە بە (مامۆستا سید موحەمەد) لەڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە ، مامۆستا موحەمەد یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستاسەید محمد چەندین جارلەسەر کوردایەتی کێشە وگرفتی بۆ دروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی (١) یەکساڵ، سەیدموحەمەد مامۆستایەکی زیرەک وبەتوانابووە، لەڕووی

پەروەردەو فێرکردنی قوتابی وانە بێژی،  هەروەهاکەسێکی کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیرو زۆر تێگەیشتی و زانا بووە،  مرۆڤێکی زۆربە هەیبەت وهێمن و قسەخۆش و پاک ودەم بە خەندەوپێکەنین و نوکتە چی وچیرۆک زان بووە،  لە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/١/٢) خانەنیشین کراوە،  لە ڕێکەوتی (٥/١٢/ ٢٠٠٣) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردووە لە گۆڕستانی کەسنەزان بەخاکسپێردراوە،  ڕوحی شاد بێت،  مامۆستا سید موحەمەد (٤) چوار کچی هەبووە بەناوەکانی (پەروین ،  ژیان ،  پەیمان ،  نەرمین) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕبە ناوەکانی (سالار ،  نەوزاد ،  نژاد ،  فەرهاد) .

٩- نوری باویل مەلا عەزیز:- ناسراوبووە بە (نوری باویل ئاغا) .لەساڵی (١٨٩٨) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە،  نوری باویل ئاغا لە بنەماڵەیەکی خانەدان نیشتمان پەروەروتێکۆشەروکەسایەتی شاری ڕواندزە،  هەروەها نوری باویل کەسێکی ڕۆشنبیروزیرەک بووە.مرۆڤێکی باوەڕ پێکراوی شاری ڕواندز بووە،  نوری باویل ئاغا لەساڵی (١٩٥١تا١٩٦٢) لە ناودامودەزگای حکومەتی عێراق دەورێکی باڵای هەبووە کاتێک دەبێتە (موفەوەز) واتە مەئمورمەرکزی پۆلیس،  لەسەراو پۆلیسخانەی شاری کۆیە دەوام دەکات،  نوری کەسێکی زۆر باوەرپێکراوی حکومەتی عیراق بووە، نوری باویل ئاغا لەساڵی (١٩٦٣) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە،  لەگۆڕستانی گەردەگەربەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت،  نوری باویل ئاغا (٦) شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (صباح ،  سمکۆ،  کوردۆ ،  ولید ،  خالید ،  ئەیوب) .

١٠- علی باویل مەلا عزیز:- ناسراو بووە بە (علی ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩٠٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە عەلی ئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەرو وکەسایەتی شاری ڕواندز، عەلی ئاغالە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز،  عەلی ئاغا پیاوێکی قسەزان ودەم بەخەندەوقسەخۆش ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، گەلێک جاربۆکاری سوڵح کردن و گرفتی کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕواندز ودەوروبەری عەلی ئاغایان ئاگادار دەکردەوە بۆ ئاسان کردنی کارەکانیان ،  چونکە عەلی ئاغا وەک مرۆڤێکی ڕیش سپی و بەتەمەن وزیرەک خەڵک تەماشایان دەکرد وبەقسەیان دەکرد هەروەها ئەو شارەزایەکی باشی هەبووە لە جۆری قسەکردن بەتایبەتی لەهەموو مەدریس وکۆڕوکۆبوونەوەکاندا،  عەلی ئاغاکەسێکی دونیا دیتەو شارەزایەکی باشی لە مێژووی



علی باویل ئاغا

شاری ڕواندزو ناوچەکە هەبووە، هەندێک جار خەڵکی لەشوێنە دوورەکان دەهاتنە لای پرسیاریان لێ دەکرد بۆی شی دەکردنەوە. علی ئاغالەتەمەنی (٨٨) ساڵی واتە لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٤/٣٠) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، عەلی ئاغا (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (گورناز ، حەلیم خان ، ڕەحمە ، سبریە ، خاتوون) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕ بە ناوەکانی (صەدیق ، شەفیق ، باویل، مستەفا ، خۆشەوی) .

١١- شاکرمەجروم : ناسراوبووە بە (شاکرمەجروم) لەساڵی (١٨٩٤) لە شاری سلێمان لەدایک دەبێت لە ساڵی (١٩٠٥) دەچێتە بەرخوێندن وخوێندنی سەرەتای وناوەندی و دواناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو دەکات ، دوای لە فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن دادەمەزرێت وەهەروەها شاکرمەجروم هەندێک دەستی شیعری هەبووە، شاکرمەجروم کەسێکی زۆر زیرەک وچالاک بووە، بەتایبەتی لە کارەکانی ڕۆژانەی خۆی، هەروەها زۆر برادەری لەپێش وخۆشەویستی شێخ محمودی نەمربووە. ئەو بەرێزە لەدەزگاکانی سەر بەحکومەتی شێخ مەحمود کاری کردوە لە کارەکانیش سەرکەوتوو بووە، بۆیە شێخ محمود زۆری خۆش ویستووە، دوای لەشێخ محمود نەمرحادز دەبێت ڕوودەکاتە شاری ڕواندزو بەیەکجاری سلێمانی جێ دەهێڵێت لە ڕواندز نیشتەجێ دەبێت وژیانی هاوسەرگیری پێک دەهێنێت، شاکر مەجروم کەسێکی بەتواناوڕۆشنبیروتێگەیشتی وئاقل بووە، لەڕووی زانست و زانیاری ونووسین، هەروەها دەست خەتی لە نووسین زۆرخۆش بوو، لە ساڵی (١٩٥٧) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، شاکر مەجروم (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالعزیز ، شێرکۆ ، فەرهاد) .



شاکر مەجروم

١٢- عبدالعزیز شاکرمەجروم :- ناسراوبووە بە (عزیز ئەفەندی) لە ڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، عەزیزئەفەندی یەکێک بوولەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لەگەڵ ئەمەشدا هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی وکوردایەتی هەبووە، عزیز ئەفندی لەسەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت ودەربەدەری و گرتن وڕاوەدونان وئاوارەی بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ئۆردوگای زێوە دەمێنێتەوە، دوای لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، هەروەها لەساڵانی شەستەکان لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی بۆماوەی (٢) دووساڵ دەکەوێتە بەندیخانەی نوگرە سەلمان لە خواروی عێراق لەبەرئەوەی هیوایەتی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگەوشۆڕشی کوردو سەربەخۆی وڕزگارکردنی خاکی کوردستان بووە، ئەوهیوایەتی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە بووە، هەروەها زۆرحەزی لە ئاشتی وئازادیو برایەتی ویەک ڕیزی نەتەوەکەی خۆی دەکرد ، عزیز ئەفەندی پیاوێکی لەسەرخۆوهێمن وقسەزان وزاناو ڕۆشنبیرو قسەخۆش بووە، هەروەها لەزمانەکانی (کوردی ، عەرەبی، تورکی، فارسی) زۆر باش شارەزابووە، لەسەر سیاسەت چەند جار دوور خراوەتەوە لە کاری فەرمانبەرایەتی خۆی ، عەزیزئەفەندی زۆرڕێزی لەبەرامبەرەکەی خۆی دەگرت هەرئەوەش وای کردبووسەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ببێتە خاوەن کەسایەتیەکی زۆر گەورە لە شاری ڕواندزو عزیز ئەفندی لەڕێکەوتی (١٩٩٩/٢/٧) دوای ململانێکی زۆرلەگەڵ نەخۆشیەکەی کۆچی دوای دەکات ، لەگۆڕستانی گەردەگەردبە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، عبدالعزیز (٤) کچی هەبووە بەناوەکانی (ژیان ، کوردستان ، ئەدیبە ، ئامینە) هەروەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (نەوزاد ، ئازاد ، بەهزاد) .



**عبدالعزیز شاکرمەجروم**

١٣- شێرکۆ شاکر مەجروم :- ناسراو بوو بە (شێرکۆ ئەفند) لە ڕێکەوتی (١٩٣٤/٦/٢) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە شێرکۆ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو وکەسایەتی شاری ڕواندز. شێرکۆ شاکرمەجروم فەرمانبەری دادگای بەرای

ڕواندزبووە بەناونیشان نووسەری داد، شێرکۆفەرمانبەرێکی زیرەک وقسەزان وئاقل وبەتوانا و لێهاتووبووە، بە تایبەتی لە ڕووی نووسین وکاری دادگا، لەکارەکەی خۆی هیچی لەبەردەستی نەدەوەستا، گەلێک جارحاکم ودادوەرەکان پرسیاریان لێ دەکرد لە کاروباری دادگا، بەتایبەتی لەڕووی تەڵاق ومارەبڕین وزەوی وزار وکارو باری تری دادگا، شێرکۆ زۆرحەزی لە کارکانی خۆی دەکرد، بۆئەم مەبەستەگەلێک جارخەڵکی ئەگەر موشکیلە یەکیان هەبووایە لە ڕووی دادگا دەچوونە لای لەماڵەکەی ئەویش ڕێوشوێنی بۆ دادەنان بەم شێوە کارەکانی خەڵکی ڕادەپەڕاند، هەروەها شێرکۆ جگە لەمەش ڕۆژانە شتی دەنووسی هەمووڕۆژێک هەرشتێک ڕووی دەدا لە ژیانی ڕۆژانەی، لە دەفتەرە بچوکەکەی خۆی دەی نووسی بۆ ئەم بابەتانەش چەند دەفتەرێکی هەبوو هی تەمەنی گەنجی هەموو ساڵ دەفتەرەکەی خۆی نوێ دەکردەوە، ئەوجا یەکێک دەمردیان کەسێک هاوسەرگیر بکردایە .یان لەوەری زستان لە چ ڕۆژێک بەفرو باران دەباری لەدەفتەرەکەی خۆی تۆماری دەکرد، تائێستاکەش دەفتەرەکان هەرماون لەلای کوڕەکانی بەئامانەت هەڵگیراون، شێرکۆئەفندی جگەلەمەش لەڕۆژەکانی ساڵی دەزانی لەڕووی ساردوگەرمی ومانگە کوردیەکان هەروەها لەبواری قسەی کوردی پیروپێشینان زۆر زیرەک وبەتوانابوو، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٧/٩) لە شاری رواندز کۆچی دوای کرد، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، شێرکۆئەفەندی تەنها (٦) شەش کوڕی هەبووە بەناوەکانی (شاکر ، صبحی ، ڕزگار ، ئومێد ، علمی ، درسیم) .


**شێرکۆ شاکر مەجروم**

١٤- فەرهاد شاکرمەجروم:- ناسراوبووە بە (مامۆستا فەرهاد) لە ڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، مامۆستا فەرهاد کوڕی شاکرمەجروم بووە، کەسێکی خاوەن ئەزموون کەسایەتی ورۆشنبیری شاری رواندزبووە، هەروەها مامۆستایەکی بەتواناو زیرەک بووە، بەتایبەتی لەڕووی هونەری خەت وشێوەکاری دەستێکی باڵای هەبووە، جگە لەمەش چەندین شعری جوانی نوسیووە بەزمانی کوردی، شیعرەکانیشی لەسەر کوردایەتی وخاکی کوردستان وشاری ڕواندز بووە، جگە لەمە مامۆستا فەرهاد شاکر زۆر زەحمەتی کێشاوە لەسەر کوردایەتی



**مامۆستا فەرهاد شاکرمەجروم**

چەندین جار گیراوە خراوەتە بەندیخانە جارێکیش لەبەندیخانە ڕای کردووەو وخۆی گەیاندۆتە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان بۆتە پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلول، هەروەها لە سەرسیاسەت وکوردایەتی نەفی ودەربەدەرکراوە لە ساڵی (١٩٧٤) ئاوەری دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە کوردستان و سەرکارو وەزیفەکەی خۆی لە شاری ڕواندز، مامۆستا فەرهاد کەسێکی زۆربەرێزو خۆشە ویستی ناو خەڵکی شاری ڕواندزو گوندەکانی دەوروبەریەتی بەتایبەتی گوندی دەرگەڵە کە بۆماوەی چەند ساڵ لەم گوندە مامۆستا بووە، مامۆستا فەرهاد لەڕێکەوتی (١٩٩٩/٧/١) خانەنیشین کراوە ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لەژیاندا ماوە ماڵی لەشاری سلێمانیە ، تەمەن درێژی بیت، مامۆستا فەرهاد شاکر (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (شیرن ، ئەژین) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (بێستوون ، دیاری ، فەریدون ، شێردل )
.


١٥- صبری نجیب نەورۆز:- ناسراو بە (صبری ئەفەندی) لە ڕێکەوتی (١٩٢١/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، صبریکوڕی حاجی نەورۆز ئەفندی یە کە دەبێتە نەوەی وەستا ڕەجەب: صبری ئەفەندی یەکێک بووە لەکەسایەتی شاری ڕواندزهەروەها فەرمانبەری حکومەت بووە، بەناونیشانی بەڕێوەبەرلە دارای ڕواندز (مدیرمالیە) صبری ئەفندی لەکارەکانی خۆی زۆر زیرەک وبەتواناوئاقل وکەسێکی زۆر ڕۆشنبیروقسەزان وکوردپەروەربووە، صبری ئەفندی لەسەرکوردایەتی چەندجارنەفی وئاوەرەو دەربەدەربووە لەکارەکەی خۆی دورخراوەتەوەو یان خراوەتە زیندان، ماوەی (٧) حەوت ساڵ لەسەر سیاسەت وکوردایەتی لە شاری ڕواندزوکوردستان دوورخراوەتەوە، بۆباشووری عێراق هەروەها صبری هیوایەتی سەرکەوتنی گەلەکەی بووە،



**صبری نجیب نەورۆز**

زۆرخۆشحاڵ دەبوو بەسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە، لەشۆڕشەکانی گەلی کورد، هیوایەتی ڕزگارکردنی خاکی پیرۆزی کوردستان بووە صبری نجیب لەساڵی (١٩٧٥) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکارو وەزیفەکەی خۆی سەبری ئەفندی کەبەڕێوەبەری دارای ڕواندز بووە کەسێکی بەئەزمون بووە لەکارەکانی خۆی لەڕێکەوتی (١٩٨٤/٧/١) لەکارەکەی خۆی خانەنیشین کراوە، سەبریە فەندی لەڕێکەوت (٢٠٠١/١/١٠) لە شاری سۆران کۆچی دوای کردوە، لە گۆرستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت، صبری نجیب نەورۆز (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (نەرمین ، پەروین ، ئاوات) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕبەناوەکانی (سالار ، دڵدار ، ڕزگار ، بەختیار ، ڕێبوار) .

١٦- مستەفا ئاغا لەحلی خان: ناسراوەبە (مستەفا ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩١٤/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، هەروەها یەکێک بووە لەڕیش سپی وکەسایەتی شاری ڕواندوز، مستەفا ئاغا مرۆڤێکی لەسەرە خۆوهێمن ونەرم ونیان بووە، بەهیچ شێوەیەک خراپەی کەسی نەبووەوبەدائیم حەزی لە چاکەکردن دەکردوکاری باشی ئەنجام ئەدا ، مستەفا ئاغا هیچ ڕەفتاری نەشیاو دژایەتی وخیانەتی بەرامبەر شۆرشگێران وشۆرشی کورد نەکردوە، تەنها توانیویەتی پارێزگاری لەخۆیی وخێزان وخزم وکەس وکارەکانی بکات، هەروەها ئەونەیهێشت دیوەخانی سمایل بەگ ولەحلی خان دابخرێت بەڵکوزیاتر ئاوەدانی کردبوەوە، حکومەتی عێراق تەنها بۆ ئەومەبەستە یارمەتی داوە،



**مستەفا ئاغا**

ئەمەش وای کردووە کەخەڵکی شاری ڕواندزخۆشیان دەویست ، مستەفا ئاغا مرۆڤێکی زۆرئاقل وزاناو داناوتێگەیشتی بووە ، گویێ لە قسەی بەرامبەرەکەی وخەڵکی ڕادەگرت ، هەروەها خەڵکی شاری ڕواندز و دەوروبەری زۆر خۆشیان دەویست چونکەمستەفا ئاغا پیاوێکی زۆر بەوەفاو خاوەن ئەزموون وباوەڕ پێکراوبوو، مستەفا ئاغالە شاری ڕواندز خاوەنی چەند پیاو دیووەخانی خۆی بووە، هەروەها یەکێک بووە لە بنەماڵەی ئیسماعیل بەگی ڕواندزی .لە ساڵی (١٩٧٣/٦/٢٤) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە. لەگۆرستانی سمایل بەگی لحلی خان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی

شادبێت . مستەفا ئاغای لحلی خان (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی ( شێخ ونس ، ئیدریس ، موخلیس) .

١٧- عبدالله الیاس ئەحمەد :- ناسراوبووە بە (وەستا عبدالله) یان (عبدالله فەریدە) لەڕێکەوتی (١٩٠٣/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، وەستا عبداللەفەریدە، یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، وەستا عبدالله کاروکاسبیی وپیشەی وەستای دیواری خانووبەرە بووە لە شاری ڕوانـدز بەدەیان خانووی جوان وڕێک وپێکی بەشێوەی ئەندازیاری بۆخەڵکی شاری ڕواندزو دەوروبەری دروستکردوە، وەستا عبداللەی فەریدەی وەستایەکی کارامە وزۆرزیرەک وبەتواناو دەست ڕەنگین بووە، هەروەها عبدالله فەریدە پیاوێکی هێمن وقسەخۆش وقسەزان وڕۆشنبیرولەسەرەخۆ وسادە بووە، عبداللەفەریدە لە بەرئەوەی مرۆڤێکی ڕاسگۆوئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە, زۆرتێکەڵ بووە لەگەڵ بنەماڵەی مارە مەلایانی شاری ڕواندز، هەروەها سەربردەو چیرۆک وداستانی سەردەمی مێرمنداڵی وگەنجایەتی خۆی بۆهاورێ وکەس وکارەکان خۆی دەگێرایەوە، ئەگەرهەرکاتێک لای دادەنیشتی هەرحەزت دەکرت گوێ لە قسە خۆشەکانی بگری ، وەستا عبدالله هیچ موچەی لەحکومەت نەبووە تەنها بەدەست وبازوی خۆی کاری کرێکاری دەکرد بۆبژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وخێزانەکەی خۆی ، ئەوکات وزەمانی دروستکردنی دیواری خانوەکان بەخشتە وقوڕو بەردو داربووە ، وەستا عبدالله فەریدە لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/٥/١٦) لە شاری ڕواندز بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، وەستاعبداللەی فەریدەی (٤) چوارکچی هەبووە بەناوەکانی ( ڕافیدە ، نەجیبە ، فەریدە ، قانیعە) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (ئەلیاس ، شوان ، دارا) .



**عبدالله الیاس ئەحمەد**

١٨- ئەلیاس سۆف محمد ئەمین:- ناسراوبووەبە (مام ئەلیاس ) لە ڕێکەوتی (١٩١٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، مام ئەلیاس کەسێکی زۆرهێمن و قسە خۆش وزیرەک و ڕۆشنبیربووە، هەروەها مام ئەلیاس یەکێک بووە لەڕیش سپی

وکەسایەتی شاری ڕواندز، مام ئەلیاس مرۆڤێکی بەڕێزوبووە، ڕێزێکی تایبەتی هەبووە لە لای خەڵکی شاری ڕواندز و دەڤەرەکە هەمووکەس خۆشیان دەویست مام ئەلیاس کەسێکی سیاسی وکورد پەروەربووە، لەسەر کوردایەتی کورێکی شەهید دەبێت لە شەڕی هەندرێن بە ناوی (صالح) جگە لەمەمام ئەلیاس، چەندین جاردەربەدەری وگرتن وبەندیخانەی دیووە، کەچی ئەوهەرکۆڵی نەدا، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ، لەساڵی (١٩٧٦) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، هەروەها مام ئەلیاس زۆرحەزی لە ڕاودەکردن بووە، بەتایبەتی ڕاوی کەو. لەماڵەکەی خۆی چەندین جۆرکەوی ڕاویشی هەبووە، بۆ ڕاوکردن بەکاری دەهێنان، مام الیاس محمەد ئەمین صۆفی لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١١/١٥) لەشاری ڕواندز بە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوای کرد، لە گۆڕستانی گەردەگەرد نێژراوە ڕوحی شاد بێت. مام ئەلیاس (٨) هەشت کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (صالح ، جەوهەر ، ئەنوەر، شێرزاد ، مەزهەر ، گەیلان ، هاوار ، هجوم) .



**مام ئەلیاس**

١٩- صالح حاجی نەورۆز :- ناسراوبووە بە (سالح ئەفندی حاجی نەورۆزی) لەڕێکەوتی (١٩١٥/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، سالح ئەفەندی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، سالح ئەفەندی لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان وشاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، هەروەها سالح ئەفەندی نەوەی وەستا ڕەجەبە، سالح ئەفندی مرۆڤێکی سادەوهێمن ولەسەرەخۆو زیرەک وخاوەن باوڕوکەسێکی زۆر ڕۆشنبیر بووە، نووسەرێکی خەت خۆش وزۆر زیرەک وبەتوانا بووە، سالح ئەفەندی لەڕووی نووسین



**صالح حاجی نەورۆز**

وداواکاری بۆکاری دادگاو فەرمانگەکان کەسێکی بەتوانابووە، کە ڕۆژانە لە شوێنی خۆی لەنزیک مەرکەزی پۆلیس (عەریزە) واتا داواکاری دەنوسی، وەک نووسەرکاری خەڵکی لە دادگاو فەرمانگەکانی میری بۆهاوڵاتیان بەڕێ دەکرد، بۆیە خەڵکی شاری ڕواندز زۆر لێی ڕازی بوون هەروەها لە نووسین کەسێکی زیرەک وخۆش نووس بووە، واتەخەتی لەنووسین زۆرخۆش بووە، سالح ئەفەندی لەڕێکەوتی (١٩٨٤/٤/٦) لەماڵەکەی خۆی بەنەخۆشی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، سالح ئەفەندی (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (هونەر ، جواد ، سەلام ، چەتۆ ، هەڤاڵ) .

٢٠- صالح سەعید هەولێری :- ناسراوبووە بە (سالح هەلێری) لەڕێکەوتی ( ١٨٩٦/٣/٢٣) لە شاری هەولێرلە دایک بووە سالح کوڕی سەعید هەولێری بووە، یەکێک بووە لەڕیش سپی و کەسایەتی شاری ڕوانــدزهەروەها لە بنەماڵەیەکی ىیشیمان پەروەروکورد پەروەربووە، سالح پیاوێکی زۆرڕۆشنبیرو ئاقل وقسەزان و قسەخۆش ومەدریس خۆش ودونیا دیتە بووە، جگەلەوە زۆر کەیفی بەداچاندنی کشتوکاڵ دانانی ڕەزوباغ وبێستان دەهات، کەسێکی زۆر بەئەزمون بووە، لەبواری داچاندنی کشتوکاڵی دا زۆرزاناوبەهێزوبەکارە بووە، گوایە لە گوندی ماویلیانی سەربەقەزای ڕواندز چەندین ڕەزوباغ وبێستانی هەبووە، ساڵانە کاری تێ دەکرد وبەرهەمەکەش لە شاری ڕواندزساغ دەکردەوە، جگە لەوەش ژمارەیەک (هەنگ) واتە مێش هەنگوینی بەخێودەکرد، زۆرحەزی لە بە خێوکردنی هەنگ دەکرد، سالح هەولێری مرۆڤێکی ئیمانداروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەها پیاوێکی زۆرباوەڕ پێکراو بەئەمەک بووە، سالح هەولێری کەسێکی زۆر بە توانا وکاسب بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٥٧/٥/٤) لە شاخی گەلی خاڵەڕەش دەکەوێتە خوارتا ناوگەلی خاڵەڕەش ویەکسەرشەهید دەبێت .لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت سالح هەولێری (٤) چوار کوڕی هەبووە بەناوەکانی (سەعید ، عەلی ، محمد ، حاجی الیاس) .

٢١- محمد صالح سەعید ئەحمەد :- ناسراو بووە بە (محمد صالح هەولێری) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە ، محەمەد سالح یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، محەمەد سالح هەمووژیانی خۆی بە ناخۆشی ودەردەسەری وبەندیخانە ودەربەدەری وپێشمەرگایەتی لە پێناوی

کوردایەتی ورزگارکردنی خاکی پیرۆزی کوردستان بەڕێکردووە، لە تەمەنی (١٨) هەژدەساڵی دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی قازی محمد لەکۆماری مەهاباد بەشداری دەکات لە گەڵ مەلامستەفای بارزانی دەچێتە یەکیەتی سۆڤیەت دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، لەڕێکەوتی (١٩٥٣/٤/٢٣) هاوسەرگیری لەگەل کچێک دەکات بەناوی (گوریێ سید ئەحمەد)



**محمد صالح هەولێری**

محمد صالح لەناو خەڵکی شاری ڕواندز زۆر خوشە ویست وقەدرگران دەبێت دەبێتە خاوەن کەسایەتیکی زۆر بەرێزوخۆشەوویست لە ساڵی (١٩٥٧) دەبێتە پۆلیس دوای ماوەی (١١) یانزە ساڵ بە مەبەستی ڕاوکردن بەیانیەکی زوولەماڵ بەڕێ دەکەوێت دەچێتە گەلی بێخال لە ڕێگا تووشی کۆمەڵێک چەتەوسەربازی عەرەب وتورکمانی رەگەز پەرست وشۆفینی دەبێت، کە سەنگەرەکانیان لە سەر شاخی بیخاڵ دەبێت بۆ یەکەم جارئەو سەربازە دوژمن بە گەل ونەتەوەی کورد بە بەردی گەورە وبچوک لە سەر شاخی بێخال بەرد بارانی دەکەن کەچی زۆربەداخەوە، لەتەمەنی (٣٩) ساڵی بێ ڕەحمانە لە ڕێکەوتی (١٩٦٨/٨/٢٤) لە شاخی بێخال بەدەستی دوژمنی پیس وچەپەڵ و سەربازەکانی ئەوکاتی ڕژێمی بەعسی عێراق شەهید دەبێت ودەچێتە کاروانی شەهیدە نەمرەکانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان، لەگۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندزبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، محمەد صالح (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (خونچە) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕ بە ناوەکانی (دڵشاد ، صالح ، شێروان ، ڕەشاد) .

٢٢ - حاجی الیاس صالح سەعید :- ناسراو بووە بە (حاجی الیاس) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە حاجی الیاس مرۆڤێکی بەتەقواوئەهلی مزگەوت وجەماعەت وکەسێکی قورئان خوێن بووە، هەروەها حاجی ئەلیاس سالح فەرمانبەربووە، لە نەخۆشخانەی عەسکەری ڕواندز، لە تەمەنی (٦٣) ساڵی خانەنیشن کراوە ، حاجی الیاس یەکێک بووە لە کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی ئەلیاس کەسێکی کورد پەروەربووە، لەتەمەنی گەنجی کاری سیاسی لەحزبی هیوا کردووە، بۆ ئەوەی



**حاجی الیاس سالح**

نەتەوەکەی بگات بە ئامانج بۆ چەندین جار ئاوارەی ودەربەدەری دیووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ واتە تا ساڵی (١٩٧٥) کە لەئێران گەڕاوەتەوە بەهیچ شێوەیەک خۆی لە سیاسەت نزیک نەکردەوە، ئەگەرچی زۆریش تەمەنای دەکرد کە کوردببێت بەدەوڵەت و سەربەخۆی ڕابگەینێت هەرچەندە ئاواتەکەی نەهاتەدی، حاجی ئەلیاس کەسێکی زۆر ڕۆشبیرو خوێنەوار بووە، مرۆڤێکی ئیماندارو بەوەفاوخێرخوازو هەژار دۆست بووە، هەروەها حاجی ئەلیاس پیاوێکی هێمن ومەدریشخۆش وقسە زان ودەم بەخەندە بووە، لەتەمەنی (٦٩) ساڵی واتە لە ڕێکەوتی (٢٠٠١/٥/١٩) لە شاری هەولێربە نەخۆشی دڵ کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بە خاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، حاجی الیاس (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (فاتیمە ، بەهار ، بێریوان) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (کامەڕان ، قارەمان ، لوقمان ، شاخەوان ، سیروان) .

٢٣- سەعید صالح سەعید :- ناسراو بووە بە (سەعیدەڕەش) لەڕێکەوتی (١٩٢٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە.سەعید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز ، سەعید سالح فەرمانبەربووە لەبنکەیەکی سەربازی بە ناو نیشانی (تەباخ) چێشتی ئامادەدەکردبۆ زابت وپلە باڵاکانی سەربازی لەحامیەی عەسکەری سەربازگەی مەسیف سلاح الدین تا ئەوکاتەی نەخۆش دەکەوێت لەوەزیفەکەی بەردەوام بووە، ئینجا کۆچی دوای دەکات، سەعید صالح کەسێکی زۆر هێمن لەسەرە خۆ بووە، لە لای خەڵکی شاری ڕواندز کەسێکی زۆرخۆشەوویست بووە ، هەروەها سەعید سالح پیاوێکی بەتواناوزیرەک ورۆشنبیرو خوێنەوارو قسەخۆش بووە، زۆربەسەرهات وچیرۆک وکارەساتی سەردەمی منداڵی بەبیربووە، گەلێک جار بۆخزم ودۆست وهاوڕێکانی خۆی دەیگێڕایەوە ، لەکاتی قسەکردنی هەرحەزت دەکرد لای دابنیشیت گوێ لەچیرۆک و قسە خۆشەکانی بگریت ، جگە لەمەش کەسێکی خێرخوازبووە، زۆرهاوکاری کەسانی هەژاری دەکردو سەعیدسالح پیاوێکی ئیماندارو ئەهلی مزگەوت و جەماحەت بووە، ئەومرۆڤە شوێنی خۆی

لەناوخەڵکی ڕواندزکردبووە ، چونکە کەسێکی ئەمین وباوەڕ پێکراو ناسرابووە، لەڕێکەوتی (١٩٦٩/٤/٢٣) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، سەعید صالح (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (نەجیبە ، پایزە ، تاهیرە) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (عبدالصمد ، شێرزاد ، تاهێر ، عبدالرزاق) .

٢٤- کوردۆ نوری باویل ئاغا:- ناسراو بووە بە (کوردۆ ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، کوردۆ ئاغا یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی خانەدان وکەسایەتی شاری ڕواندز، کوردۆنوری باویل کەسێکی دەست ڕۆیشتو و ڕۆشنبیرو قسەزان و زیرەک و بەتوانا بووە، کوردۆلە ساڵی (١٩٦٢تاساڵی١٩٧٠) سەرۆک فرسان بووە، زیاتر لە (٢٥٠) چەکداری وەک فرسان هەبووە، لەساڵی (١٩٨٢تا ساڵی١٩٨٥) دەبێتە ئەندامی مەجلیسی تەنفیزی وتەشریحی حوکمی زاتی ناوچەی کوردستانی عێراق هەروەها کوردۆ ئاغا لە ساڵی (١٩٨٦) دەبێتە مستەشاری فەوجی خەفیفە لە شاری ڕواندز زیاتر لە (٢٥٠) چەکداری بۆدادەمەزرێنن ، فەوجەکەشی لە دۆڵی ئاکۆیانی سەربەقەزای ڕواندز بووە، کوردۆ ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٣/٢٣) لە ناوگەڵی عەلی بەگ دەکەوێتە کەمینی کۆمەڵێک چەکدارو دەکوژرێت تەرمەکەشی لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، کوردۆئاغا (٩) کچی هەبووە، لەگەڵ (٩) کوڕ، کوڕەکانی بەناوەکانی (بهرام ، دلاوەر ، فارس ، هاوار ، نوری ، ئەحمەد ، سەباح ، دڵشاد ، تاریق) .


**کوردۆ نوری باویل ئاغا**

٢٥- شێخ سلێمان مستەفا ئەفندی : ناسراو بووە بە (شێخ سلێمان ئەفەندی) لەڕێکەوتی (١٩٢٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، شێخ سولێمان، پیاوێکی هێمن و قسەزان و بەئەزمون دونیا دیدە بووە، هەروەها یەکێک بووە لە بنە ماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها شێخ سوڵێمان پیاوێکی تێگەیشتی وسیاسی وبووە، فەرمانبەری میری بووە ، نوسەر بووە بەناو نیشانی (کاتب عدل) لە دادگای شاری ڕواندز هەروەها شێخ سلێمان ئەفندی مرۆڤێکی بەئەزمون وزانا

وزیرەک بووە بە تایبەتی لەکاروباری دادگاو یاساوکێشەی زەوی وزارو ژن وژن خوازی کاروباری کۆمەڵایەتی زۆر باشی لەکارەکانی دەزانی. شێخ سلێمان هیچ کوڕی نەبوون تەنها (٣) سێ کچی هەبووە، بەناوەکانی (هاژە ، هێرۆ، شنە ) لە دوای کۆچکردنی شێخ سولێمان مستەفا ئەفەندی کچەکان بۆ ئەولە کوڕباشتربوون کەتوانیویانە شوێنی باوکیان پڕبکەنەوە. بەتایبەتی (هاژە ) ی کچێکی زۆرزیرەک وبەتواناو لێهاتووبووە، ئەوتوانی بە دەست و بازو زیرەکی خۆیی ودەنگی خەڵک بەدەست بهێنێت دەربچێت بە ئەندام پەرڵەمان لە پەرڵەمانی کوردستان بۆماوە (٤) چوارساڵ ئێستاکە هاژەخان کەسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیرو زیرەکە، شێخ سلێمان مستەفا ئەفندی لە ڕێکەوت (٢٠٠٠/١٢/٢١) لە تەمەنی (٧٧) حەفتاو حەوت ساڵی لەنەخۆشخانەی جادریەی شاری بەغداد بە نەخۆشی کۆچی دوای کرد تەرمەکەشی لەشاری ڕواندزلەگۆڕستانی گەردە گەرد بە خاکسپێردراوەو ڕوحی شاد بێت.



**شێخ سلێمان ئەفەندی**

٢٦- شەوکت بەگ ئەحمد بەگ :ناسراو بووە بە (حاجی شەوکەت بەگ) لە ڕێکەوتی (١٩٢٥/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بویەو، شەوکەت بەگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، شەوکەت بەگ کەسێکی ناسراودیارو زاناو بەئەزمون بووە. یەکەم کەس بووە کە تەلفزیۆنی هێنایە شاری ڕواندز، شەوکەت بەگ سێ ئاشی ئاردوبەفردروستکردنی لەشاری ڕواندز هەبووە، هەروەها ئاشێکی لە نزیک گەلاڵە لە پردێ زەرد دروستکردبوو، شەوکەت بەگ لە گەڵ حاجی حوسێن چاوشین لە کاروکاسبیەکانی شەریک بووە، واتە کارو باری ئەم ئاشانەیان پێکەوە بەڕێوە دەبرد ئەم مرۆڤە گەلێک کاری چاکەو پیاوەتی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز کردوە هەروەها کەسێکی خێرخوازوئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، ئەو مرۆڤە یەکێک بووە لە



**شەوکەت بەگ ئەحمەد بەگ**

پیاوە هەرە دەوڵەمەندەکانی شاری ڕواندز لەبەردەوڵەمەندی ئەوکاتی ڕواندزیەکان بەچەلەبی ناویان دەهێنا لەساڵی (١٩٧٤) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر تائەوکاتەی کۆچی دوای دەکات، شەوکەت بەگ لە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/١٠/١٥) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد نێژراوە ڕوحی شاد بێت ، حاجی شەوکت بەگ (٦) شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (بهرام ، سالٌح ، صباح ، صلاح ، دلشاد ، دلێر ، یوسف) .

٢٧- نەشەت شەوکەت ئەفندی :- ناسراو بووەبە (نەشەت ئەفندی) لەساڵی (١٩٠٤) لەشاری رواندزلە دایک بووە، نەشەت ئەفەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، نەشەت ئەفەندی مرۆڤێکی پۆشتەو پاک وخاوین و بەساڵا چووی پشتی کوڕببووە، بەدائیم چاکەت وپانتۆڕی دەبەردەکرد، هەروەها لەجیاتی کڵاو شەپقەی لەسەری خۆی دەنا نەشەت مرۆڤێکی سەر ڕاست و هێمن و زۆر تێگەیشتی و ڕۆشنبیرو زاناوقسەزان بووە، یەکێک بووە لەخانەدانەکانی شاری ڕواندز، هەروەها مرۆڤێکی ناسراوبووە ، خاوەن ئەزموون و کەسێکی کورد پەروەربووە ، نەشەت زۆر نوکتەوچیرۆک وبەسەرهات و داستنانی دەزانی و لەبیری بووگەلێک جاربۆهاوڕێ وکەسە نزیکەکانی خۆی دەگێرایەوە، کەقسەی دەکرد هەر حەزت دەکرد لە لای دابنیشیت و گوێ لەقسەکانی بگریت ، نەشەت ئەفەندی تەمەنی گەیشتبووە (٩١) ساڵ پیاوێکی زمان زان خوێندەواروسیاسی وئاقل ولەسەرەخۆو بووە، لەساڵی (١٩٨٥) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆرستانی گەردەگەر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. نەشەت (٢) دووکچی هەبووە لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (دڵشاد) .

٢٨- حاجی عبدلله عبدلله :- ناسرا بووبە (عەدیلە قنج) لەساڵی (١٩٠٠) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، عەدیلە قنج لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی وناسراوی شاری ڕواندزبووە، حاجی عەدیل یەکێک بووە لەزیرەکەکان وقسەزان وڕیش سپی شاری ڕواندز لە کۆتای ژیانیدا هەردوو چاوی کوێردەبێت، هەروەهاحاجی عەدیل کەسێکی بەتەقواو ئیماندارو ئە هلی مزگەوت وجماعەت بووە، پیاوێکی وریاوبەتوانا بووە، لەمەدریس وبۆنەکاندا کەقسەی دەکرد قسەکانی جێگای خۆی دەگرت، هەروەها لەگێڕانەوەی چیرۆک وبەسەرهات وداستان دەورێکی باشی هەبووە، ئەوکات وزەمانی خەڵکی شاری ڕواندز شەوانە لە ماڵێک کۆدەبوونەوە کە دادەنیشتن یەکێک چیرۆکی واتە (حکایەت) ی دەگێڕایەوە ، مەدریسیان گەرم دەکرد ، حاجی عبدالله یەکێک بووە لەو مرۆڤانە کەتوانای گێڕانەوەی چیرۆکی هەبووە ، بۆیە خەڵکی بەتایبەتی هاوڕێ وخزم ودراوسێکانی زۆر خۆشیان دەویست چونکە کەسێکی زۆرتێکەڵ و قسەخۆش بووهەروەها دەستی حەیران ووتنی هەبووە گوایە چوار ژنی هێناوە هەندێک جارحەیرانی بە سەر هەمووهاوسەرەکانی دەگوت حاجی عبدالله لە تەمەنی (٩١) ساڵیدا لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی شاری هەولێربەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حاجی عبدالله (٦) شەش کچی هەبووە بە ناوەکانی (زولێخا ، ئامینە ، حەتیە ، بەڵقیسە ، پاکیزە ، ڕازیە) هەروەها لە گەڵ (٤) چوار کوڕبە ناوەکانی (حسن ، محمد ، ئیسماعیل ، نورالدین) .



**حاجی عبدالله عبدالله**
**(عەدیلە قنج)**

٢٩- حەسەن عبدلله عبدلله :- ناسراو بووبە (حاجی حەسەن) حاجی حەسەن لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی حەسەن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی حەسەن کەسێکی ناسراوی شاری ڕواندز بووە، جگە لەوە زۆرمرۆڤێکی دەم بەخەندەو پێکەنین قۆشمەجی وسوعبەت چی وقسەزان وقسە خۆش بووە، هەروەها مرۆڤێکی ئیمانداروئەهلی جومعە وجماعەت بووە، بەدائم وەک خزمەتکارێک کاری بۆمزگەوتی گەورەی ڕواندز دەکرد، لەڕووی چاککردنەوە و پێداویستی و کەل وپەلی پێویستی ناو مزگەوتەکە، حاجی حەسن گەلێک جار لەسەرکوردایەتی تووشی کێشەو گرفت وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دوو بارەدەگەرێتەوە بۆشاری ڕواندز سەر کاروکاسبی خۆی کە دوکانداری فرۆشیاری بووە، واتە (بائع) حکومی بووە، لەڕێکەوتی (٢٠١٣/١١/١) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆرستانی مەلاوسووشێخان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.حاجی حەسەن (٨) کچی هەبووە بەناوەکانی (نەوال ، ئەلماس ، سوهام ، سوحاد ، سەروین ، سەوسەن سوندس ، ڕۆژان) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕ بە ناوەکانی (نیهاد ، شوان ، شێروان ، عەلی) .


**حاجی حەسەن عبدلله**

٣٠- ئەحمەد موحەمەد عەلی ئاغا:- ناسراوبووەبە (ئەحمەد دیاب) لە ڕێکەوتی (١٩٢٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ئەحمەد دیاب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لە سەرکوردایەتی چەندین جار توشی گرتن و بەندیخانەو دەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزو ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت ، ئەحمەد دیاب قۆناغی سەرەتای لە شاری ڕواندز تەواو کردوە ، دوای بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندن دەچێتەشاری هەولێر شەوێک بەمەبەستی هۆشیارکردەنەوەی خەڵکی شاری هەولێر ، لەگەڵ قوتابیانی شاری هەولێرو کۆیە ویستیان چالاکیەک ئەنجام بدەن بە چەندە بڵاوکراوەی سیاسی لەلێدانی چەند پۆستەری سیاسی لەدوکان و دیوارەکانی ناوبازاڕی شاری هەولێر ، نوسراوەکان لەدژی گەندەڵی و کاروکردەوە ناشیرینیەکانی حکومەتی مەلەکی ئەوکاتی بووە ، لەئەنجام دەکەونە بەر دەست ڕێژی گولەی پۆلیس و پاسەوانانی شەوکەپییان دەگوتن حەس حەسەکان ، زووخۆیان دەرباز دەکەن بە بێ زیان دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان ، لە ساڵی (١٩٣٩) بەشداری لە حزبی (هیوا) دەکات بۆماوەی چەند ساڵێک دوای لە ساڵی (١٩٤٣تا١٩٤٥) بەشداری لە شۆڕشی بارزان دەکات ، تادوای لە شۆڕشی ئەیلول بەشدار دەبێت ئەحمەد دیاب لەساڵی (٢٠١٩) لە هاوینەهەواری جوندیان سەربە قەزای ڕواندز کۆچی دوای کردوە.ڕوحی شاد بێت.ئەحمەد دیاب (٣) سێ کوڕی هەبووەبە ناوەکانی (بروسک ، کامەران ، ئەیوب) .



**ئەحمەد دیاب**

٣١- جەلال ئاغا بەزاز : ناسراوبووە بە (جەلال ئاغا) لە دایک بووی ساڵی (١٩٢٣/٧/١) بووە، جەلال ئاغا مرۆڤێکی زۆر هێمن کاسب وڕەوشت بەرزو تێگەیشتی و ڕۆشنبیرو ناسراو زیرەک وقسەزان بووە، وە هەروەها یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، جەلال ئاغا لە بازاڕی شاری ڕواندز ڕۆژانە سەرقالی کاروکاسبی خۆی بووە، بۆ بژێوی ژیانی خۆی وخێزانەکەی، دوکانی قوماش فرۆشی واتە (کوتاڵ فرۆشی) هەبووە، لە ناو بازاڕی ڕواندز، جەلال ئاغا کەسێکی سەرڕاست ومحامە لە خۆش بووە، مروڤێکی ئیمانداو ئەهلی مزکەوت

وجەماعەت بووە ، لای هاوڕێکانی و خەڵکی شاری ڕواندز زۆرخۆشەوویست بووە، جەلال ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٢/٤) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت ، جەلال ئاغا (٤) چوار کچی هوبووە بەناوەکانی (بەیان ، جیهان ، پەخشان ، سوڵحیە) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (خەسرۆ) مامۆستای ئبتیدائی بووە، مامۆستا خەسرۆلەساڵی (١٩٨٣) بە کارەساتی ئۆتۆمبیل لەڕیگەی ڕواندزدیانە لە دەشتە دیان کۆچی دوای کرد.

٣٢- حەمدێ ئیسماعیل میرزا :- ناسراو بووە بە (مام حەمدێ) لەڕێکەوتی (١٩١٧/٧/١) لە گوندکانی یەڕەش سەر بە ناحیەی سیدەکانی ناوچەی برادۆست، لە دایک بووە، مام حەمدێ لەساڵی (١٩٥٠) بۆکاروکاسبی کردن وبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی ڕوو دەکاتە شاری ڕواندز، لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، ناگەرێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی وناوچەی برادۆست، دەبێتە فەرمانبەری میریلە فەرمانگەی تووتنی ناحیەی دیانە، مام حەمدێ یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها مرۆڤێکی هیمن وقسەزان و مەدریس خۆش وقسەخۆش بووە، هیوایەتی ڕزگارکردنی خاکی کوردستان بووە لەدەستی داگیرکەرانی کوردو کوردستان ، مام حەمدێ لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ ونیو لەکۆتای ساڵی (١٩٧٥) دەگەرێتەوە بۆ شاری ڕواندز، دوای چەند ڕۆژێک لە سەر کوردایەتی (٢) دوو لە کوڕە گەورەکانی نەفی دەکرێن بۆ شارەکانی خواروی عێراق، بۆماوەی زیاتر لە دوو ساڵ وەک دەست بەسەر دەمێنەوە ، دوای حکومەتی بەعسی ئەوکاتی لێبوردەی گشتی دەر دەکات، واتە بە (حەفوی عام) دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان ولە شاری هەولێر نیشتە جێ دەبن وناگەڕێتەوە شاری ڕواندز، مام حەمدێ لە ڕێکەوتی (١٩٩١/٦/١٠) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات ولە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێراوە، ڕوحی شادبێت، مام حەمدێ (٦) شەش کوڕی هەبووە بەناوەکانی (سەعید ، خورشید ، عوسمان ، عومەر ، ڕەشاد ، جمشید) .

٣٣- مستەفا عەزیز حسەن وەسمان ئاغا :- ناسراوبووە بە (حاجیلە) لەڕێکەوتی (١٩٠٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، نازناوێکی تر بۆخۆی دانابووە لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵێک شعری هەبووە، (حاجیلە) وەک کۆلکە شاعێرێک توانیویەتی چەند هۆنراوەیەک بۆخۆی دابنێت، نازناوی (شەوقی) بووە، ناوی تەواوی مستەفایە، بەڵام خەڵکی بە (حاجیلە) ناویان دەهێنا، حاجیلە مرۆڤێکی ئیمانداروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، مرۆڤێکی بەتەقواو زۆر باوەڕی پتەو بووە بەدین وقورئان وئاینی ئیسلام ، جگە لەمەش ڕێگای تەریقەتی قادری گرتبووە بەر، دوای بۆتە خەلیفەی کاکی هیرانی وبۆتە کەسێکی زۆر نزیک وخۆشە ویستی (صافی هیرانی) صافی هیرانی شاعێری گەورەی کوردستان مستەفای زۆر خۆش دەوویست هەربۆیە نازناوی مستەفا بە (حاجیلە) ی پێ بەخشی بووە، لە بەر ئەوەی (صافی هیران) ی گوڵە حاجیلەی زۆرپێ جوان بووە بۆیە بەم گوڵە مستەفای وەسف کردوە ، ناوی لێ ناوە گوڵە (حاجیلە) مستەفا عەزیز فەرمانبەر بووە لە شارەوانی شاری ڕواندزبە ناونیشانی (چاودێری شارەوانی) واتە (مراقیب بەلەدیە) حاجیلە لەوکاتی زۆرکاری باشی بۆشارەکەی خۆی کردووە، لە ڕووی پاک وخاوێنی و تەندروستی و نۆژەن کردنەوەی ڕێگاو بان وکۆڵانەکانی شاری ڕواندز، (حاجیلە) لە قائیمقام باشتر قسەی دەڕۆیشت، لەبەرئەوەی فەرمانبەرێکی بەتواناو زیرەک وچاڵاک وکارا و باش بووە، هەروەها (حاجیلە) کەسێکی زۆر قسەزان وڕۆشنبیرو ئاقل بووە، لە ڕێگای قائیمقام وسەرۆکی شارەوانی ئەوکاتی ڕێگە پێدراوبووە، پاڵپشتی تەواوی لێ دەکرا ، بۆکاروباری شاروپاک وخاوێنی و خزمەت گوزاری وکاری باش خزمەتکردنی خەڵکی شاری ڕواندز، لەو سەردەمەکە ئەو چاودێری شارەوانی ڕواندز بووە، شاری ڕواندز شەقام وکۆڵان وبازاڕەکەشی زۆرخاوێن وبژون بووە، هەروەها حاجیلە (٩) ژنی هێناوە، لەم نۆ ژنە یەکیان (مەسیحی) بووە، یەکێک (جولەکە) بووە، حەوتیان کوردی موسلمان بوونە (حاجیلە) لەتەمەنی (٦٦) ساڵی واتە لە ڕێکەوتی (١٩٧٥/١٠/٢٧) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە هەرلە شاری هەولێر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، حاجیلە (٧) حەوت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی



**حاجیلە**

(محمد ، عزیز ، محمدسەدیق ، ئیسماعیل ، ئیبراهیم ، عبدالله ، گەیلان) .ئەمەش چەند دێرێک لە شعرەخۆشەکانی (حاجیلە) .

قسەم بەزاتی قورئانێ
هێند نەماوە ڕۆژ وەرگەڕێ لە ئاسمانێ
ڕەواجی شێخ ودەروێشان
کەم بووە بۆ هەڵدێرو بۆنەمامێ
دەزانن سەبارەت بەچیە
کە زەمانی ئەلمۆدەیە
شەرعی خواوپێغەمبەرکەم بوو
دونیا بۆی تە قانونی نامە
هەندێ ژنی زەمانە بێ باکە
شەرم وئەدەب لەکەس ناکا
پێکەنین یان لە کۆلانا
ئەولاد بەگوێی باوک ناکا
کە ئەمرۆدیارە نیشانەی ئاخرزەمانە
بەعزێ سۆفی بەڕیشەوە
تەحریکیان وەکو شەیتانە
بەعزێ دەروێش بەپرچەوە
کردی یاران ماڵ وێرانە
تەرک ناکەن سەرو جانا
بەخوا دەڵێم خانەدان پاڵیان داوە
ئەرێ شەوقی ڕواندزی
ئەوغەزەلەت چلۆن دانا
لەلای هەندێ شەوقی شێتە
لەلای بەعزێ بێ ئیمانە
هەتا نەمرین دیارناکات
بەهەشت لۆکێ بەنیشانە
پشت وپەناش هەر خودایە
دەروێش وخەلیفەی صافیمە

مەنزڵگاشی لە هیرانە
شێتم بۆ دیدارت صافی
دەلیلیش غەوسی گەیلانە....

ئەم هۆنراوەیەکێک بووە لە هۆنراوە جوانەکانی خلیفە حاجی مستەفا عەزیزحەسەن وەسمان ئاغا کە ناسراوبووە بە (حاجیلە) ونازناوی (شەوقی) یە.


٣٤- حاجی عبدللە سلێمان :- ناسراوبوو بە (عەوڵای سێمانی) لە ساڵی (١٨٩٨) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی عبداللە کەسێکی زیرەک ودونیا دیتەو قسەزان ومەدریس خۆش بووە، عبداللە سلێمان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، عبداللە سلێمان پیاوێکی بەساڵا چووی بەتەمەن وزۆر زیرەک وبەتوانا بووە، لە پەرتوکی ئومێد شێرکۆلاپەڕە (١٧) لە کتێبی ڕواندز لە لاپەڕەکان مێژوودا باس کراوە لەساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) بۆیەکەم جار کە (چا) هاتۆتە شاری ڕواندز بۆکڕینی تۆچایان (دەرمان چا) لەگەڵ کاروان چیەکان دێتە شاری ڕواندز ئەمیش بەڕێگای ئەو کاروان چیانە دەچون بۆ ئێران شەکرو چاوشتومەکی خواردنیان دەهێنا (حاجی عبداللەسلێمان) لەکاتی خۆیی کە لە ژیاندا مابوودەیگێرایەوە ودەگوت لەکاتی خۆی کەمن گەنج بووم خۆم یەکێک بووم لەو کەسانە کە دەرمان چام لە ئێران هێناوە


حاجی عبدللە سلێمان

دوای ئەوە کە لە ڕێگا لەلای ئێرانیەکان دەمان بینی هیچ شتێک نەبوو کەچایەکەی تێدا بکوڵێنین ، بۆیە مەسینەی ڕەشمان بەکار دەهێنا ، چامان تێ دەکرولەسەر ئاگر دەمان کوڵاند ودەمان خواردەوە . حاجی عبداللە سلێمان لە ساڵی پەنجاکان کۆتای ساڵی هەشتاکان لەشاری ڕواندز دوکانی شەکروچاو برنج و هەندێک مەوادی خۆراکی دەفرۆست، هەروەها بائعی ئاردیشی هەبووە، عبداللە سلێمان لەساڵی (١٩٩٧) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، عبداللە سلێمان (٢) دوو ژنی هێنابووە، لە هەردوکیان (٧) حەوت کوڕی هەبووە

بەناوەکانی (ئیبراهیم ، حمدامین ، سلێمان ، عومەر ، صالح ، محەمەد ، عبدلخالق) .

٣٥- ئیبراهیم عبدالله سلێمان :- ناسراو بووە بە (برایمی عەوڵای سێمانی) یان ( مام برایم) لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، مام برایم یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مام برایم لە سەرکوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفت و گرتن و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای بەلێبوردنی گشتی بۆ کوردە ئاوارەکان لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەرێتەوە بۆشاری ڕواندزو دوکانی خۆی دادەنێتەوە دەست دەکات بەکارو کاسبی وپیشەکەی خۆیی کە سەوزە فرۆشی بووە، مام برایم ماوەی زیاتر لە (٢٠) ساڵ دوکانی سەوزەفرۆشی لە ناو بازاڕی شاری ڕواندزهەبووە، مام برایم کەسێکی سیاسی و قسەخۆش وهێمن ورۆشنبیروقسەزان وهەژاردۆست وخێرخوازوبە خزمایەتی بووە ، هەروەها لە شۆرشی ئەیلول پێشمەرگە بووە چەکی بەرامبەر دوژمن هەڵگرتووە زۆر دەردەسەری و دەربە دەری دیووە ، مام ئیبراهیم لە ڕووی کەسایەتی و کۆمەلایەتی وەکوکەسایەتی ورِیش سپی ئەو شارە دەورێکی باشی هەبووە، لە ناو کۆمەڵگای ڕواندزیەکاندا، مرۆڤێکی خۆشەوویستی خەڵکی ومتمانە پێکراوی شاری ڕواندز بووە، مام ئیبراهیم لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/٥) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوەلەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت برایم عبداللەسلێمان (٢) دووکچی هەبووە بە ناوەکانی (زارا ، چیمەن) هەروەها لەگەڵ (٧) حەوت کوڕبە ناوەکانی (مەهدی ، هادی ، موسلیح ، موخلیس ، نجات ئیدریس ، هەژار) .



**ئیبراهیم عبدالله سلێمان**

٣٦- مەلاحمدئەمین عبدالله سلێمان :- ناسراوبە (مەلاحمدئەمین) لە ڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، مەلاحمەدئەمین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی ومامۆستا و مەلاو زانای شاری ڕواندز بووە، مامۆستا مەلاحمدئەمین لەساڵی (١٩٥٣) لەسەرڕاسپاردەو پاڵپشتی باوکی دەچێتە

بەرخوێندنی فەقێ لەحوجرەومزگەوتی گەورەی شاری ڕواندزلە سەردەستی چەندین مەلاوزانای مزگەوتەکانی شاری ڕواندزو دەوروبەری فێری خوێندنی قورئان وپەروەردەی ئیسلام وزانستەکانی فەلەک ناسی وزانیاری تر کراوە، دوای تەواوکردنی هەموو زانستە شەرعیەکان وخوێندنی مەلایەتی بەچەند ساڵێک دەبێت بەمەلا، لەساڵی (١٩٦٦) لەسەر دەستی مەلاعبدالکریم ئەفەندی لەمەدرەسەی گەورەی مزگەوتی مەلاعبدالکریم ئەفەندی لەشاری ڕواندزمۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت ودەبێتە مەلاومامۆستای ئاینی، مەلاحمدئەمین لە بواری تەفسیلی قورئان وزانستی ئاینی وشەریعەتی ئیسلام مەلایەکی زۆر زیرەک وبەتوانا بووە، کەبۆتە مەلا لەیەکێک لەمزگەوتەکانی شاری ڕواندز بۆ یەکەم جارلە ڕۆژی هەینی لە مزگەوتی گەورەی شاری ڕواندز وتارێک دەخوێنێتەوە، خەڵک پێی سەرسام دەبێت، دوای ماوەیەک دەگوازرێتەوە بۆمزگەوتی تەکیەی ڕواندز، لەومزگەوتە دەبێتە ووتارخوێن تاساڵی (١٩٧٠) لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، سەر کارو وەزیفەکەی مەلایەتی خۆی لەساڵی (١٩٧٦) دەبێتە مەلاو ئیمام و پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی خانەقای شاری ڕواندز، تا ساڵی (١٩٨٨) ئینجا لەبەر بارودۆخی سیاسی شاری ڕواندزخۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر، لەو شارە نیشتەجێ دەبیت، مەلاحەمەد ئەمین لە تەمەنی (٧١) ساڵی واتە لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/١١/١٧) بە نەخۆسی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی شاری هەولێر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مەلاحمدئەمین (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکان (عبدالرحمان ، شادی ، ماهیر ، زاهیر ، زیرەک) .



**مەلا حمد ئەمین عبدالله سلێمان**

٣٧- مستەفا مەزهەرحاجی محمد:- ناوی مستەفا فەندی ڕواندزی بووە نازناوی مەزهەر بووە، لە ساڵی (١٨٩٧) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە یەکێک بووە. لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی وشاری ڕواندز، مستەفا مەزهەر پیاوێکی ڕۆشنبیروقسەزان ودەم بەخەندەو قسەخۆش بووە، هەروەها شارەزایەکی باشی لە زمانەکانی (عەرەبی و تورکی وفارسی) هەبووە ، جگەلەمەش دەستێکی باڵای لە

نووسینی هۆنراوە واتە (شیعر) ی کوردی هەبووە جگە لە وەش چیرۆک نووسیش بووە زۆربەی شیعرەکانی لە بواری ئەدبیات و زانست بوون هەروەها چیرۆکی لە زمانەکانی تورکی وفارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی مستەفا مەزهەر لەڕێکەوتی (١٩٥٢/١٢/١٦) لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندزبە نەخۆشی کۆچی دوایکردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مستەفامەزهەر (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (مریەم) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبەناوەکانی (ئەنوەر ، محەمەد ، شێخ سولێمان) . ئەمەی خوارەوە چەند دێرێکە لە شیعرە جوانەکانی مستەفا مەزهەر کە دەڵێت .

چیاوکێوی کوردستانمان هەمووی قەلاو سەنگەرن
بەرامبەر دوژمنی کورد وەک سەددەی ئەسکەندەرن
گەورەو بچوک کوردەواری شێرو بەچەوجەنگاوەرن
ڕۆژی جەنگ هەندێ ڕۆستەم ، هەندێ زاڵ وحەیدەرن
بۆپارێزی وەتەن خۆڕاوەستاون ڕێـــزبەڕێـــز......
تفەنگ بە شان مل بە فیشەک دەست بە شیرو خەنجەرن
فیکری خاوە دوژمنی کورد کەس نەخاتە مێشکی خۆی
هەڵمەتی کورد هەروەکو شێر خۆتانی لەبەر لابەرن

٣٨- محەمەد عەلی حسێن:- ناسراوبووەبە (محمد عەلی ئەفندی) لەڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١ ) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، محمد عەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز هەروەها محمدعەلی مرۆڤێکی هێمن وزۆرقسە خۆش وقسەزان وڕۆشنبیربووە ، محمد علی کەسێکی ناسراو زیرەک بووە ، لەوکاتەی کەڕێگای سەرەکی لە هەولێرە وە بۆ شاری ڕواندز هاتووە ، بەتایبەت ڕێگای گەلی عەلی بەگ بۆدەشتی دیانە و ڕواندزو حاجی ئۆمەران کە ناسراو بووە بەڕێگای هاملیتۆن ، محمد عەلی حوسێن چاودێربووە لەسەر وەستاو کرێکارانی دروستکردنی ڕێگاکە ، بۆئەوەی پشوو نەدەن زیاترکاربکەن لە ئەو ڕێگایە زووتر تەواو بکرێت تاخەڵکی دەڤەرەکەش سودی لێ وەربگرن، محمد عەلی لە بەرزیرەکی زمان زانی وقسەخۆشی و کاری ئەم ڕێگایە



**محمد عەلی ئەفندی**

زیاتر بۆتە دۆستی هامیلتۆن و ئینگلیزکەخۆشیان ویستووە، هەر بەم بۆنەیەوە هامیلتۆن چەند جارخەڵاتی کردوە، هەروەها هامیڵتۆن کتێبێکی خۆی پێشکەش بە محمد عەلی کردبووە ئەوکتێبە لە سەر چاڵاکیەکانی هامیلتۆن ڕێگاو بانەکانی خاکی کوردستانی ئەوکاتی بووە، وەک دروستکردنی ڕێگاوبان وپرد و دەرهێنانی نەوت لەلایەن حکومەتی بەریتانیا هەروەها کارە جوانەکانی بە هەندیسەیی ڕێگاوبانی هامیلتۆن بووە ، لەوکات وسەردەمی لەشارەکانی عێراق وکوردستان ئەنجامیان دابووە، لە کتێبەکەی بەڕونی دیاری کرابووە، هەروەها موحەمەد عەلی مرۆڤێکی بەخزمایەتی وزۆر تێکەڵاو دەم بەخەندەو پێکەنین بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٧٣/٨/١٨) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت، موحەمەد عەلی (١) کچی هەبووە بەناوی (گولیستان) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (شاپور ، سەردار ، ڕۆستەم ، ئازاد ، جهانگیر.)
.


٣٩- محمد نەورۆز مستەفا ڕەجب :- ناسراو بووە بە (محمد نەورۆز) لەساڵی (١٩٠٨) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، محمد نەورۆزیەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، محمد کوڕی نەورۆزە ئەفەندی کوڕی مستەفا کوڕی ڕەجەبە، واتە لە بنەماڵەی وەستا ڕەجەبی داهێنەرودروستکەری تۆپ وتفەنگ وکەرستەی جەنگی میرنیشینی سۆران بووە، محمد نەورۆزپیاوێکی ڕۆشنبیروبەخزمایەتی و قسەزان ومەدریس خۆش بووە، هەروەها مرۆڤێکی بە تەقواو ئەهلی مزگەوت و جەماعەت وخیرخواز و هەژاردۆست بووە، محمد نەورۆز لە ساڵی (١٩٧٧) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، محمد نەورۆز (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (مەزهەر ، ئازاد ، نەوزاد) .

٤٠- عبدالله سعید ئەحمەد:- ناسراو بوو بە (عبدالله عەیشە گور) عبدالله لە ڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، عبداللەی عیشەگورێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها کەسێکی لە هێمن و دەم بەخەندە وقسەزان ورۆشنبیر بووە، مرۆڤێکی زۆر کاسبکار بەتەقواو هەژاردۆست بوو دوکانی بایەعی شەکرو چاو ئاردی هەبووە، لەناو بازاڕی شاری ڕواندز، بێجگە لەوەش ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ڕواندز بووە ، عبدالله عیشە گورێ لەساڵی


عبدالله عەیشە گوڵ

(١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز بۆماوەی یەکساڵ ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ سەرکارو کاسبی خۆی لەشاری ڕواندزهەروەها، عبدالله مرۆڤێکی زۆر تێکەڵ و بە خزمایەتی و قسەخۆش وهەژاردۆست خێرخوازو لە سەرە خۆبووە، نازناوەکە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەبەناوی دایک ناوی بڵاوبۆتەوە، عبداللەعیشەگورلەبەر ئەوە لەمنداڵی باوکیان کۆچی دوای دەکات و، دایکیان سەرپەرشتیان دەکات تاگەورە دەبن، بۆیە بەناوی دایک بانگیان دەکردن ئەم بنەماڵە بەم ناوە ناوبانگیان دەرکردوە، عبدالله عیشە گوڕێ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢٧) بە نەخۆشی جەلتەی دڵ لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کرد لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، خوای گەورە لێی ڕاز بێت. عبدالله عیشەگور (٧) حەوت کچی هەبووە بەناوەکانی (نازەنین ، کلسوم ، مەعسوم ، پەروین ، چیمەن ، دیمەن ، دێرین) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بەناوەکانی (سلێمان ، ڕزگار ، لوقمان ، ئەیوب) .

٤١- محەمەد سەعید ئەحمەد:- ناسراوبووە (محەمەد عەیشە گور) محمد سەعید لە ڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز، محەمەدی عیشەگوڕێ مرۆڤێکی هێمن وڕۆشنبیروقسەزان وقسەخۆش بووە، هەروەها کەسێکی کاسبکاروزیرەک وبەتوانا بووە، لەناو بازاڕی شاری ڕواندز دوکانی فرۆشیاری شەکرو چاو ئاردی هەبووە، محمد عەیشە گوڕێ لە ڕووی کوردایەتی کەسێکی زۆر دڵسۆزو نیشتمان پەروەر بووە ، لە سالی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، محەمەدی عەیشە گوڵ مرۆڤێکی هەژاردۆست وخێرخواز وئەهلی جومحەو جەماعەت بووە، بێجگە لەوەش پیاوێکی بەخزمایەتی و مەدریس خۆش دەم بەخەندەو پێکەنین بووە،


محەمەد عەیشە گوڵ


لە ساڵی (١٩٩٦) ماڵی خۆی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەرلێر لەم شارە نیشتەجێ دەبێت و ناگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز ئیستاکە لەژیاندا ماوە، محمدعیشە گورێ (٦) شەش کچی هەبووە بەناوەکانی (سەبریە ، فەخریە ، حەمدیە ، نەجیبە ، شیرن ، شنە) هەروەها لەگەڵ (٨) هەشت کوڕ بە ناوەکانی (خۆشەوی ، یوسف ، سابیر ، حمید ، هونەر ، سەتار ، مجید ، ولید ) .

٤٢- ئیسماعیل سەعید ئەحمەد:- ناسراو بە (ئیسماعیل عیشەگورێ) لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی ئیسماعیل یەکێک بوولە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی ئیسماعیل عیشە گورێ کەسێکی هەژار دۆست وخێرخواز بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، دەست دەکاتەوە بەکاروکاسبی خۆی حاجی ئیسماعیل دوکانی شەکرو چاوقەند وبرنج هەموو جۆرە خۆراکێکی دەفرۆشت هەروەها پاکت جگەرەو شخاتەی لەلای دەست دەکەوت حاجی ئیسماعیل پیاوێکی هێمن و قسە خۆش مەدریس خۆش بووە، لەڕێکەوتی (٢٠١٣/١٢/٢٤) کۆچی دوای کردوە ڕوحی شادبێت، حاجی ئیسماعیل (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (بوار ، بەیان) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (سەعید ، ڕەفیق ، تۆفیق ، شەماڵ ، سادیق ، سەدیق) .



**ئیسماعیل سەعید ئەحمەد**

٤٣- وەستا عزیز یوسف ئاسنگەر:- ناسراو بووە بە (وەستا عزیز ئاسنگەر) وەستاعزیز پیاوێکی چوارشانەی باڵا بەرزی بەدەست وبازوبەهێزوبووە ، هەرلەتەمەنی مێرمنداڵیەوە تا بەساڵا چوونی وپیردەبێت هەموو تەمەنی خۆی کاروکاسبی وبەکاری ئاسنگەری بردۆتەسەر بۆیە ئەو مرۆڤە بە یەکەم ئاسنگەری بە هێزو بەتوانای سەدەی بیستەم لەشاری ڕواندزو دەوروبەری ئەژمار دەکرێت،



**وەستا عزیز ئاسنگەر**

وەستا عزیزئاسنگەرلە پیشەی ئاسنگەری خۆی توانای زۆری هەبووە لە دروستکردنی هەموو جۆرە پێداویستی وکەلەپەل ودەزگای کشتوکاڵی وئاژەڵی وەک ڕێشمە وناڵ وزنجیری وولاغ، وە هەروەها دروست کردنی چەقۆ و بیورو تەمشو وتەوروداس وگاسن وپێمەڕە و جەنجەرو جۆرەهاکەل وپەلی ناوماڵی دروست دەکردن وەستا عزیز ئاسنگەر کەسایەتێکی ناسراو قسە خۆش وخانەدان وکەسێکی گەورەوبەڕێزی شاری ڕواندز بووە، خەڵکی ڕواندز زۆر خۆشیان ویستووە، وەستا عزیز لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، وەستاعزیز (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (شوکریە) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (عبدلله ، فتح لله ، یوسف) .

٤٤- فتح الله عزیز یوسف:- ناسراوبووە، بە (حاجی فتح الله) فتح الله کوڕی وەستاعزیز ئاسنگەرە لە ڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە. حاجی فتح الله یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی فتح اللهلە سەرکوردایەتی چەندین جار تووشی کێشە وگرفت وئاوارەی بووە، فتح الله وەستا عزیزلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزسەرکاروکاسبی دوکانداری خۆی، حاجی فتح الله کەسێکی کۆمەڵایەتی وقسەزان وقسەخۆش وهێمن و زیرەک وبە توانای چوست وچالاک بووە، هەروەها پیاوێکی کاسب وکارا بووە، هەموو جۆرە کاسبی دەکرد ئەگەر بۆی بگونجایە ، هەروەها حاجی فتح الله کەسێکی هەژار دۆست و خێرخوازوئەهلی مزگەوت وجەماحەت بووە، فتح الله لە تەمەنی منداڵی لەگەڵ باوکی کاری ئاسنگەری کردوە، تاباوکی لە ژیاندا مابووە کاروپیشەی ئەوبەڕێزە ئاسنگەری بووە، بەدائیم لە گەڵ باوکی خۆی کاری ئاسنگەری دەکرد ، لە دوای نەمانی باوکی لەسالانی پەنجاکان و تاکۆتای شەستەکان دوکانی (بائع) واتە فرۆشیاریی وەک شەکروچاوڕۆن



**فتح الله عزیز یوسف**

وئاردی هەبووە و دەیفرۆشت، دوای لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان دوکانی سەوزەفرۆشی بەقالی دانابووە، فتح الله لە ڕێکەوتی (١٩٩٦/٢/١٣) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوەلەگۆڕستانی گەردەگدرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی فتح الله (٢) کچ و (٥) پێنج کوڕی هەبووە، کچەکان بە ناوەکانی (نوریە ، لاجان) هەروەهاکوڕەکانی بەناوەکانی (نورالدین ، ئیسماعیل ، ئیبراهیم ، عبدالقادر ، تۆفیق) .

٤٥- یوسف عزیز یوسف:- ناسراو بووە بە (مامۆستا یوسف) لە ڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستایوسف یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا یوسف خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە، دوای چۆتە خانەی مامۆستایان لەشاری بەعقوبە بۆماوەی (٣) سێ ساڵ کەخوێندنی خانەی تەوای کردوە، دەبێتە مامۆستای سەرەتای لەشاری ڕواندز، مامۆستا یوسف کەسێکی هیمن وقسەزان وقسەخۆش بووە، هەروەها مامۆستایەکی زیرەک و بە ئەزموون وڕۆشنبیرو بەخزمایەتی بووە، مامۆستا یوسف لەوکاتی کە مامۆستا بووە لە قوتابخانەی زۆزکی سەرەتای کوڕان لەشاری ڕواندز هیوایەتی ئازاد کردنی خاکی کوردستان وسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، مامۆستا یوسف لەساڵی (١٩٧٤) لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی کوردستان بەتایبەتی شاری ڕواندز ماڵی خۆی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر لەو شارە نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە بۆ ڕواندز، مامۆستا یوسف لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/١٢/١) لە شاری هەولێربە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، ٠ ڕوحی شادبێت، مامۆستایوسف (٣) کچی هەبووە بەناوەکانی (ڕوخۆش ، ڕیڤان ، ڕێکان) هەروەها لەگەڵ (٦) کوڕ بە ناوەکانی (ئیدریس ، عەزیز ، جەردیس ، زۆزک ، زانا ، دانا) .

٤٦- محمد مەولود قادرگەردی:- ناسراوبووبە (محەمەد گەری) لەڕێکەوتی (١٩١٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، محمد گەردی یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاریڕواندز هەروەها پیاوێکی زۆربە خزمایەتی ومرۆڤ دۆست وکاسب بووە، لە هەرشوێنیک کاسبی هەبووایە بۆکارکردن وکاسبی و بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی ڕووی لەوشوێنە دەکرد، لە هەڕەتی مێرمنداڵی خۆیدا کەسێکی زۆر بە تواناوکاسب بووە، بەتایبەتی لەکارو باری

چێشتخانەو گازینۆ و چایخانە، لای ئەو زۆر پیرۆزبووە، هەموو ساڵێک بەتایبەتی لە سەرەتای وەرزی هاوین بۆکارکردن ڕووی دەکردە ناوچەی باڵەکایەتی وشارەدێی ناوپردان ودەربەند و ڕایات شوێنی گازینۆی بەکرێ دەگرت لەسەر ڕووباری دەربەندی گازینۆیەکی گەورەی دروست دەکردن ، ئەو کات گەشتیارانی عەرەب و کوردو بەتایبەتی بیانیەکان لەکاتی هاویندا بۆگەشت کردن لە هەموو شوێنێک ڕوویان دەکردە دەربەندوشەوان لە گازینۆی ئەودەمانەوە چونکە محمد گەردی کەسێکی ناسراومتمانە پێکراو زۆر قسە خۆش وپاک وخاوێن بووە ، محمد گەردی بەدائم جل وبەرگی ڕانکوچۆغەی دەلینگ بەرین و نوێ وخاوێنی لەبەردەکردن زۆرکەیفی بەپاکوخاوێنی دەهات هەروەها کەسێکی بە ئەزموون و ڕۆشەنبیرو زاناو قسەزان وقسە خۆش ونوکتە چی بووە، هەروەها محمد گەردی کەسێکی کورد پەروەربووە ، لەسەر



**محەمەد گەری**

کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشە وگرفت و ئاوارەی بووە لەساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆ ماوەی یەکساڵ لەئێران دەمێنێتەوە، دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکاروکاسبی جارانی خۆی ، محمد گەردی پیاوێکی چوارشانە وسۆروسپی وپۆشتەبووە ، بەدائیم ڕوحانی لەبەر پشدێن دابووزۆر حەزی لە بۆنی خۆش دەکرد، لە کاتی قسە کردنیدا هەرحەزت دەکرد لە لای دابنیشیت زۆر زاناوقسەخۆش وکەیف خۆش بوو.لە ساڵی (١٩٩٩) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، هەر لەم شارە بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت ، محمد گەردی (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (خێریە ، حەسیبە ، وەحیدە ، عەزیزە ، ئاشتی) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوری بە ناوەکانی (دلشاد ، فەرهاد ، شێرزاد ، ئازاد) .

٤٧- قادرمولود قادر:- ناسراو بوو بە (قادری مەولودی) لە ڕێکەوتی (١٩٠٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، قادرمەولود یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، هەروەها قادری مەولودی کەسێکی تێکەڵ بووە، بەتایبەتی لە گەڵ خزم ودۆست وجیران و دەوروپشتی خۆی ، قادرمەولود مرۆڤێکی زیرەک وقسەزان وکۆمەلایەتی بووە، لە کاتی خۆی شەوان کارەباو ڕوناکی شەقام



قادر مولود قادر

وکۆلاێنەکانی شاری ڕواندز زۆر کەم بووە کۆلانەکانی شار تاریک بوون لە هەندێک گەڕەک لە مالآن کارەبا هەرنە بووە. هەروەها وەک ئێستاکە ئامێرەکانی کارەبا وەک ڕادیۆو تەلەفزیۆن سەلاجە و هەتا پانکەش نەبوون بۆیە شەوان کۆمەلێک خێزانێک لەمالێک کۆدەبوونەوە شەو چەرەیان دادەنا لە ناو خێزانەکانیش کەسێک چیرۆک و بەسەرهاتی بۆ مەدریسەکە دەگێرایەوە، قاردی مەولودی یەکێک بوو لەوپیاوەڕۆشنبیرونوکتە چی وچیرۆک زانانەی شاری رواندزلەو سەردەمی لە شەوەکانی وەرزی زستان کاتەکانیان بەقسەی خۆش وچیرۆک واتە (حەکایەت) دەبردەسەرتادرەنگانی شەو، ئەو جۆرە پیاو و کەسانەش نمونەیان زۆر کەم بوو کە لە بەسەرهاتەکانی دونیاو چیرۆک وداستان و مەتەل بزانن ، دیارە ئەو کەسێکی زیرەک بووە لەم بوارەدا، قادرمەولود لە ڕێکەوتی (١٩٦٥/٣/١) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، قادر مولود (٢) دووژنی هێناوە لەژنی یەکەم (٤) چوارمندالّی هەبووە لەژنی دووەم (٢) دوومندالّی هەبووە لەگەڵ (١) یەک کچی بە ناوی (سێوە) لەگەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (جەوهەر ، جەعفەر ، ئەنوەر ، مەزهەر ، ئەزهەر) .

٤٨- قاسم محمود کوردە:- ناسراو بووە (بەقاسم کوردە) لەسالّی (١٨٩٠) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، قاسم کوردە یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، قاسم مرۆڤێکی خوێندەوارو قسەزان ورۆشنبیرو قشەخۆش بووە، هەروەها کەسێکی بەخزمایەتی ودەم بەخەندەو پێکەنین بووە، جگە لەوە قاسم کوردە لەوتنی حەیران دەنگی زۆر خۆش بووە، حەیرانەکانیشی لەسەر سروشتی شاری ڕواندزوگەلی وخەرەندی شاخ وگرد ودۆڵەکان بووە، قاسم کوردە کەسێکی زۆر کاسب بووە لە شاری ڕواندز دوکانی کوتاڵ فرۆشی هەبووە، قاسم کوردە لەڕێکەوتی (١٩٣٠/١١/١٨) بەنەخۆشی جەڵتەی مێشک لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی گەردگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد



قاسم محمود کوردە

بێت، قاسم کوردە (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (حاسیە) هەروەها لەگەڵ دوو کوڕ بە ناوەکانی (کەریم ، جەمیل) .

٤٩- حاجی کەریم قاسم کوردە:- ناسراو بووە بە ( کریم قاسم کوردە) حاجی کەریم قاسم کوردە لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی کەریم قاسم یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها کەسێکی هەژار دۆست وخێر خوازوئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە ، حاجی کریم تا لە ژیاندا مابووە، زۆر کاری باشی لەڕێگای خودا ئەنجام داوە ، بۆنمونە لەکاتی گرانیەکەدا وەک کارێکی خێرخوازی لە ساڵی (١٩٩٦-١٩٩٧ ) لە دەرەوەی وولات پارەی زۆری بۆخەڵکی شاری ڕواندز کۆکردەوە ، بەتایبەتی بۆخەڵکی هەژارو کەم دەرامەتی شاری ڕواندز. ئەوجا پارەکەی دەهێنا ودابەشی دەکرد ئەوکارە خێرخوازیەشی بووە کارێکی زۆر پیرۆز، حاجی کەریم قاسم کەسێکی ڕۆشنبیروقسەزان وبەخزمایەتی و قسە خۆش بووە، حاجی کەریم مرۆڤێک بووە هیچ کات لە چاکەو خێرو پیاوەتی درێخی نەدەکرد ، حاجی کریم لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٤/٦) لە ئەوڕوپا لە شاری سوێد کۆچی دوای کرد، هەر لەم شارە بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، حاجی کەریم (٣) کچی هەبووە بە ناوەکانی (ساجیدە ، ناجیحە ، قانیحە) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕ بە ناوەکانی (قاسم ، حازم ، سەلام ، سالم ، عامل ، عامر) .



**حاجی کریم**

٥٠-حاجی لەتیف محمد ئیبراهیم ئاغا:- ناسراوبووەبە (حاجی لەتیف) لەڕێکەوتی (١٩١٠/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، حاجی لەتیف یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەهاحاجی لەتیف کەسێکی زۆربەتواناو زیرەک نیشتمان پەروەروکوردێکی هەتابڵێت دڵسۆزبووە ، چەندین جارلەسەر شۆرش وپێشمەرگە وکوردایەتی تووشی دەیان کێشەوگرفت بووە ، هەروەهاچەندین جار لە لایەن حکومەتی عێڕاق گیراوە وخراوەتە بەندیخانە یان دەربەدەرو ئاوارە بووە ، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاواری دەولەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، دەست دەکات بە کارو کاسبی خۆی

لەدوکانەکەی، حاجی لەتیف ئەوەندە کەسێکی کورد پەروەرو ڕوحی کوردایەتی هەبووە لەوکاتی ئاوارە بووە لە ئێران لە ئۆردوگای زێووە بووە، لەوساڵی شەڕێکی گەورەدەستی پێکردبووە لە چیاکانی کوردستان ودەشتی هەولێرو شاری ڕواندزوچیای کورڕەک لە نێوان حکومەتی بەعس عێراق وپێشمەرگەی کوردستان درێژەی هەبووە، لەم کاتە هەرکەسێک مزگێنی کەوتنەخوارەوەی تەیارەی شەرکەری بەعسی عێراق بدایە بەحاجی لەتیف ئەو یەکسەر پێنج دیناری دەدایە ئەو کەسەی کەمزگێنی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی دەدایێ، زۆر خۆشحاڵ دەبوو کە هەواڵی کەوتنی فرۆکەی دەبیست ، هەروەها هیوایەتی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە بە سەردوژمنانی گەلەکەی بەتایبەتی لەمیحوەری شاری ڕواندز و چیای کوڕەک وگۆڕنۆک وگۆڕەزو گەل عەلی بەگ، هەروەهاحاجی لەتیف زۆرحەزی لەیاری دامە دەکرد، کەسێکی زۆر زیرەک بووە، لە سەریاری دامە گەلێک جارتوڕە دەبوو بەتایبەتی ئەگەر فێڵیان لێ بکردایە ، حاجی لەتیف مرۆڤێکی زۆر ڕوح سوک وقۆشمەچی وبەهەوەست بووهەروەهاحاجی لەتیف پیاوێکی لەسەرەخۆو هێمن بووە ، پیاوێکی زۆرکاسب بووە لەدوکانەکەی مێوژو ومازی و قەزوان وباوی وگوێزوبەڕو عەلوکەی ووشک وهەرشتێک کەووشک دەکرا بۆ وەرزی زستان لای ئەودەست دەکەوت ودەی فرۆشتن ، حاجی لەتیف کەسێک بووە ، هەمووخەڵکی ڕواندز خۆشیان دەویست ، هەروەها پیاوێکی بە تەقواو ئیمان داروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، مرۆڤێکی باوەڕپێکراو و هەژار دۆست و خێرخواز بووە ، لەڕێکەوتی (٢٠٠٠/٨/٢٢) بە نەخۆشیەکی کوشندە لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە ، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت.حاجی لەتیف (٣) کچی هەبووەبەناوەکانی (نەسرین ، نەرمین ، نیشتمان) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (ئاغا ، حسن ، حوسێن ، عبدالله ، برایم ئاغا ، ڕزگار) .

٥١- عومەر یوسف قادرعبدالله:- ناسراو بە (عومەر پل دەمانجە) لەڕێکەوتی (١٩٢٥/٧/١) لە شاری قادرکەرەم لە دایک بووە، عومەریوسف یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٤٣) دەبێتە سەربازلەسوپای عێراق دوای دووساڵ لەسەربازی دەبێتە برین پێچ و ناونیشانی دەگۆڕێت بۆپلەی (جوندی ئەوەل) لەساڵی (١٩٤٨) بەشداری لەجەنگی فەلستین دەکات کەدەگەڕێتەوە لەم جەنگە پلەی بەرز دەکرێتەوە بۆ (نائب عەریف برین پێچ) یەکسەر دەگوازرێتەوە بۆ حامیەی ڕواندز لەساڵی (١٩٥٠) هاوسەرگیری پێک دەهێنێت لەساڵی

(١٩٥٨) لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەموزدووبارە پلەی بەرز دەکرێتەوە بۆ یاریدەدەری ئەفسەردەبێتە (نائیب زابت) لەساڵی (١٩٦١) پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلول دەکات بەکەل وپەلی دەرمان و برین پێچی یارمەتی برا پێشمەرگەکانی دەدات لەساڵی (١٩٦٥) لە دوکەنەکەی لەشاری ڕواندز دەسکاری نارنجۆک دەکات لەدەستی دەتەقێتەوە دەم وچاولەشی هەمووی دەبێتە ساچمەسێ پەنجەی دەستی دەپەڕێت، دوای ئەم کارەی دەگیرێت ڕەوانەی بەندیخانەی قەسری نیهای دەکرێت لەخواروی عێراق ئینجا لە دوای ڕێکەوتنی ٢٩ی حوزێرانی ساڵی (١٩٦٦) ئازاد دەکرێت، لەسەربازیش بەپلەی (نائیب زابت) خانەنیشین دەکرێت، عومەر یوسف لەسەرکوردایەتی ئاوەرە و دەربەدەری زۆری دیووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕوانــدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکاروکاسبی خۆیی عومەریوسف پیاوێکی زۆربەتوانا وزیرەک ولەسەرە خۆو هێمن و ڕاستگۆ و بە خزمایەتی بووە، هەروەها پیاوێکی



**عومەر یوسف قادر**

زۆرکاسب بووە، کەپیشەی جامچیەتی بووە، دوکانی کارکردنی لەناو بازاڕی شاری ڕواندز بووە، وەستای جامی پەنجەرەی ماڵان وباڵەخانەکانی حکومی بووە ، لەڕێکەوتی (٢٠٠٢/١/١) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت ، عومەر یوسف (٤) کچی هەبووە بەناوەکانی (بدیحە ، پیمان ، چیمەن ، سەیران) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (سیروان ، کمال ، جمال ، ئیسماعیل ، شێروان ، سیدوان ، یووسف ) .

٥٢-حاجی محمود عزیز محەمەد:- ناسراوبە (حاجی محمود پەڕۆ) لەڕێکەوتی (١٩١٣/٦/٢٤) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، لە تەمەنی ١٩ساڵی بۆتە سەربازوگواستراوەتەوەشەربازگەی حامیەی ڕواندز، دەمێنێتەوە تاخزمەتی سەربازی لەو سەربازگەیە تەواو دەکات، دوای تەواو کردنی خزمەتی سەربازی شاری ڕواندزی زۆر پێ خۆش دەبێت و ناگەڕێتەوە بۆشاری سولێمان بە تەواوی لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، دوکانی قوماشفرۆشی لە ناو بازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت ، دەست دەکات بەکارو کاسبی دووکانی قوماش فرۆشتن دادەنێت وئەنواعی قوماشی پیاوان و

ئافرەتان دێنێتە دوکانەکەی لەشاری ڕواندز، هەر لە بەر قوماشفرۆشی نازناوەکەی بەمەحمود پەڕۆ دەرکردبووە، لە وکاتی بە قوماشفرۆشیان دەگووت (پەڕۆفرۆش) ئەوجاحاجی محمود لە بازاڕی شاری ڕواندزلەسەرکاروکاسبی خۆی دەبێت تا زۆر دەوڵەمەند دەبێت ، لەوکاتی وەک قوماش فرۆشێکی زۆر بەتواناو زیرەک لە شاری



حاجی محمود پەڕۆ

ڕواندز دەمێنێتەوە ، تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوای دەکات، تا ئێستاکەش پیشەکەی بۆکوڕونەوەکانی جێ هێشتوە، منداڵەکانی لە شاری هەولێر دوکانیانی قوماشفرۆشیان هەیە ، حاجی محمودپەڕۆ پیاوێکی زۆرسەنگین وخواناس وهێمن وخێرخواز و زۆر قسەخۆش بووە، بەتایبەتی لای خەڵکی ڕواندز مرۆڤێکی باوەرپێکراو زۆربەڕێزو خۆشەوویست بووە ، حاجی محمود بە ئەسل ونەسەب خەلکی شاری سولێمان بووە ، دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی لەسەربازگەی حامیەی ڕواندزلەم شارە نیشتەجێ دەبێت ، ودووکانی قوماشفرۆشی دادەنێت، هەرلە شاری ڕواندز هاوسەر گیری دەکات (٣) سێ ژنی هێناوە بە ناوەکانی (حبیبە و عەیش و فاتیمە) حاجی محمود پەرۆ لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/١٢/٧) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی ملاوسوشێخان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. حاجی محمود پەڕۆ (٨) هەشت کوڕی هەبووە بەناوەکانی (خالید ، عبدالحمید ، عبدالمجید ، کاک ئەحمد ، عبدلرحمان ، عوسمان ، عزیز ، عومەر) .

٥٣- حاجی شاکر سیکۆ: ناسراوبووە بە (شاکری سیکۆی) ، حاجی شاکرسیکۆ لە ڕێکەوتی (١٩٠٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی شاکریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز حاجی شاکر سیکۆگەلێک جارلەسەر سیاسەت و کوردایەتی توشی کێشەوگرفت و بەندیخانە و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوحاجی شاکرسیکۆکەسێکی



حاجی شاکر سیکۆ

کاسب ودوکاندار بووە، دوکانی هەبووە لە ناو بازاڕی شاری ڕواندز، لەدوکانەکەی عەتاری و شەکروچاو وگوێزوباوی ومازی و قەزوان وگولە بەرۆژەی بەکیلۆ و بەفەردە دەفرۆشت هەروەها گەلێک جارخوری وکەورە دەرەک ورێوی وگیاندارانی کێوی وشتی گران بەهای وەک هەنگوین وپەنیرو ژاژی وکەشک ومێوژیشی دەفرۆشت شاکرسیکۆ لە ڕێکەوتی (١٩٧٨) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆیی لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە ، لە گۆرستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت. حاجی شاکرسیکۆ (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (حبیب ، سبیحە ، سەروین) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (سەعید ، عەزیز ، جەلال) .

٥٤- حاجی ئەحمد حاجی نەبی: ناسراو بووە بە (ئەحمدی حاجی نەبی) لە ڕێکەوتی (١٩١٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بوو، ئەحمەدی حاجی نەبی لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکورد پەروەرو کەسایەتی وشاری ڕواندزبووە ، ئەحمەد کەسێکی زۆر قسەخۆش و قۆشمەچی ودەم بەپێکەنین بووە گەلێک جارخەڵکی بەتایبەتی هاورێ وهاوپیشەکانی دەوروپشتی هەموو دوکاندارەکان لەلای دادەنیشتن وکۆدەبوونەوە ، دەستیان دەکرد بە قسەی هەڵیت و پەڵیت مەدریسەکەیان گەرم دەکرد، تاحاجی نبی بەقسە دەهات ، ئەوجا کە بەقسە دەهات کەس لەقسەکان تێر نە دەبوو، بەم شێوەیە ئەوڕۆژەیان بە خۆشی و پێکەنین وبەزم ورەزم وقسەی هەڵیت وپەڵیت بەسەر دەبرد ، هەروەها حاجی ئەحمەد نەبی کەسێکی زۆرکورد پەروەربووە، لەسەرکوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەو گرفت و ئاوارەی و دەربەدەری بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، حاجی ئەحمەد پیاوێکی زۆر ڕوخۆش ودەم خەندەوبەپێکەنین وکۆمەلایەتی بووە ، هەوەها مرۆڤێکی خێرخوازو باوڕدارو بە تەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، دوکانی بادەم ومێوژوو گوێزو هەنگوینی هەبووە، گەلێک جار شەکرو چاو شەکەراتی لە دوکانەکەی دەفرۆشت ، حاجی ئەحمەد نەبی لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/١/١٤) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەردی شاری ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حاجی ئەحمەد (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (دڵشاد ، شێروان) .

٥٥- حاجی مستەفا قەساب :- ناسراوبووە بە (حاجی مستەفای قەساب) لەڕێکەوتی (١٨٩٦) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی مستەفا قەساب مرۆڤێکی زۆرئاقڵ وتێگەیشتی وقسەزان وباوەڕپێکراوبە تەقواو دیندابووە، حاجی مستەفا قەساب

یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی مستەفا قەساب پیاوێکی ڕیش سپی ومەدریس خۆش بووە، زۆرحەزی لەمیوان دەکرد هەروەها، کەسێکی خێرخوازو هەژاردۆست بووە ، زۆریارمەتی هەژارانی دەدا، جگە لەکاری قەسابی کاری مەڕداریشی دەکرد وەک بەخێوکردنی مەڕوبزن وگاومانگا ، حاجی مستەفا قەسابێکی زۆر زیرەک بوو بەتایبەتی لەکاری مەڕداری وحیوانداری وکاری قەسابی دا ، لە وڕۆژەی کە کۆچی کردوماڵ ئاوای لەشاری ڕواندزکرد ، خەڵکی شار زۆربۆی حادزوغەمبار بوونە ، لەدوای خۆی هەموو سەروەت وسامان وماڵەکەی بۆکوڕونەوەکانی بەجێ هێشت ، ئێستاکەش هەندێک لە نەوەکانی کاری قەسابی دەکەن ، حاجی مستەفا قەساب تەمەنی (٧٥) ساڵ بووە، لە ساڵی (١٩٧١) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆیی بەنەخۆشی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، حاجی مستەفا قەساب (٤) چوارکوڕی هەبووە، بەناوەکانی (قادر ، حمداغا ، کاک ئەمین ، شوان) .

٥٦- قادرحاجی مستەفا ئەحمەد :- ناسراوبووە بە (قادر قەساب) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، قادر قەساب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، قادرمستەفا قەساب کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بووە، قادرقەساب نەچۆتە بەرخوێندن هەرلەمناڵیەوە لەگەڵ حاجی مستەفای باوکی بووە ، سەرقاڵی کاری قەسابی وبەخێوکردنی مەڕوماڵات بووە ، هەروەها ئاژەڵی دابەستیان هەبووە، وەک مەڕ وگۆلک وجوانەگا ، بەماوەی چەند مانگێک قەڵەو دەبوون بۆسەربڕین و قوربانی ئامادەیان دەکردن ، هەندێکیان سەریان دەبڕین گۆشتەکەیان لەدوکانی گۆشت فرۆشی خۆیان لەناو بازاڕی شاری ڕواندزساغیان دەکردەوە ، ئیستاکەش هەندێک لە کوڕو نەوکانی بەردەوامن لەکاری قەسابی، هەروەها شانازی بەکارو کاسبی وپیشەی باب وپیرانیان دەکەن بۆیە دەست بەرداری کارەکەیان نەبوونە ، هەرچەندە کارێکی پیس ومەترسی داریش بووە، قادر قەساب لەڕێکەوتی (١٩٩٤/١٢/٢٣) کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، خوای گەورە لێی ڕازی بێت. قادر قەساب (٢) ژنی هەبووە بەناوی (شوکریە وعایشە) (٤) چوارکچی هەبووە بەناوەکانی ( حەمدیە ،



**قادر قەساب**

شلێر ، شیلان ، خونچە) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (فاتح ، فالع ، ڕەشید ، ڕەشاد ، نیاز ، سەعید) .

٥٧-کاک ئەمین مستەفا ئەحمەد:- ناسراو بوو بە (کاک امین قەساب) لەڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە کاک ئەمین پیاوێکی هێمن ولەسەرەخۆ بووە، لە قسەکردنا زۆرڕێزی لەکەسی بەرامبەری خۆی دەگرت قەت لە کەسی بەرامبەرەکەی تووڕە نەدەبوو لە قسەکردن کەسێکی ڕۆشنبیرو زیرەک ودەم بە خەندەو قسەزان بووە، کاک ئەمین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، کاکئەمین کەسێکی کاسبکاربووە، هەر لە تەمەنی مێرمنداڵی دەستی داوەتە پیشەی قەسابی زیاتر لە (٢٥) بیست وپێنج ساڵ کاری قەسابی کردوە، لەساڵی (١٩٨١) وازی لەکاری قەسابی هێنا ، دەستی داوەتە کاری تەندەری خۆی بەکاری قۆندرات چیەتی سەرقاڵ دەکات، وەک چاکردنەوەی شەقام ونۆژەن کردنەوەی بینایەی حکومی، کاکەئەمین قەساب کەسێکی دڵسۆزی شارەکەی خۆی بووە، جگە لەمەش کاکەئەمین قەساب زۆر کەیفی بەڕاوی کەو دەهات کەویشی بەخێوکردن، باڵندەی کەوی زۆرخۆش دەویست ، بەدائیم لەماڵەکەیدا کەوی لە قەفەزبەخێو دەکردن، کاکەئەمین کەسێکی کورد پەروەرو نیشتمان پەروەر بوو لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٣/٤) لە شاری ڕواندز بە نەخۆشیەکی کوشەندە کۆچی دوای کردوە، کاک ئەمین قەساب (٥) کچی هەبووە بەناوەکانی (حبیب خان ، ماردین ، توران ، تورکان ، هێڤی) هەروەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕ بە ناوەکانی (مستەفا ، بدرخان ، ڕەشۆ) .



**کاک امین قەساب**

٥٨- ئەحمد سولێمان حوسێن:- ناسراو بووە بە (ئەحمد تانۆک) ئەحمد تانۆک لە ڕێکەوتی (١٩٠٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ئەحمەد سولێمان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ئەحمەد تانۆک مرۆڤێکی قسەخۆش وزۆر هێمن وقسەزان و ڕۆشنبیرومدریس خۆش بووە ، جگە لە وەش ئەحمەد تانۆک کەسێکی زۆر دەنگ خۆش بووە، بەتایبەتی لە لاوک وحەیران هەروەها داستان وچیرۆک وبەسەرهاتی زۆر دەزانی ئەحمەد تانۆک پیاوێکی ئێسک سوک ودەم

بەخەندەو پێکەنین بووە، هەروەها مرۆڤێکی هەژاردۆست وبەتەقواو دیندار و خواناس وئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، زۆر کەیفی بە میوانان دەهات حەزی دەکرد بە دائیم میوانی هەبێت ، ئەحمەد تانۆک فەرمانبەری میری بووە بە ناونیشانی (بەردەست) لە فەرمانگەی دارای قەزای ڕواندز، هەروەها زۆر حەزی لە بەخێوکردنی مانگا دەکرد بە دائم دووتا سێ مانگای هەبووەو بەخێوی دەکردن بۆبەرهەمی شیروماست ، ئەحمەد تانۆک لە ڕێکەوتی (١٩٧٠/٨/٤) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت ئەحمەد تانۆک (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (فەوزیە ، مژدە) هەروەها لەگەڵ (٧) حەوت کوڕبە ناوەکانی (ئەسعەد ، محەمەد ، عەلی ، سەربەست ، ڕەشاد ، ڕوشدی ، ئازاد) .

٥٩- وەستا بەکر خدر:- ناسراو بووە بە (وەستا بەکر) لە ڕێکەرتی (١٩٢٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، وەستابەکر یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، وەستا بەکرلە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی گرتن کێشەی سیاسی بووە، وەستا بەکر لەشاری ڕواندز کەسێکی خانەدان ودیارو خۆشەویست بووە ، پیشەی وەستای بووە ، وەستا بەکرلەشاری ڕواندز وەستایەکی زیرەک وکارامەو دەست ڕەنگین بووە، یەکێک بووە لە باشترین وەستای شاری ڕواندز بەتایبەتی لەدانانی دیواری قوڕو بەرد وخشتە ودیواری بەردی زۆر بە هەندەسی وقائیم وبەجوانی وبەڕاستی دادەمەزراندن، وەستا بەکر پیاوێکی ڕاستگۆ وهێمن وقسەزان و ڕۆشنبیرو خوێندەوار بووە ، کەسێکی خێرخواز وڕاستگۆ وهەژار دۆست و خێرخوازو باوەڕ پێکراوبە خزمایەتی بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/٣/٢٢) بەنەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە، ڕوحی شادبێت. وەستا بەکر (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (مەدینە ، جەمیلە ، شەفیقە) لە گەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (محەمەد ، خدر ، ئازاد ، عبدالقادر) .

٦٠-حاجی سەبری حەسەن :ناسراو بووە بە (حاجی سەبری) لەڕێکەوتی (١٩٠٧/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە. حاجی سەبری، یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی سەبری کەسێکی ئیماندارو بەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەها مرۆرڤێکی قسەخۆش وقسەزان و خێرخواز وهێمن وڕۆشنبیر بووە ، حاجی سەبری لەکاتی خۆیدا دۆستی شۆرش وکوردو

پێشمەرگەی کوردستان بووە ، زۆریارمەتی پێشمەرگەی داوە، هەربۆیەچەندین جارتوشی کێشەوگرفت ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) لەگەل خێزانەکە ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە. حاجی سەبری مرۆڤێکی ناسراوی شاری ڕواندز بووە، لەبازاڕی شاری ڕواندز چایخانەی هەبووە، حاجی سەبری دەوڵەمەندێکی مام ناوەندی بووە ، هەروەها کەسێکی کاسب و هەژار دۆست وخێرخواز بەوەفاودەم ڕاست وڕاستگۆ بووە، بەتایبەت لەکاروکاسبی کردنەکەی ، حاجی سەبری لەڕێکەوتی (١٩٧٧/٦/٢٥) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت حاجی سەبری (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ڕەشید ، مەجید ، ڕەشاد ، شاکر) .

٦١- محەمەد قادر ئیبراهیم :- ناسراو بووە بە (حاجی موحەمەد فەخری) لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٨/١) لە گوندی گەرەوانی خواروی سەربە قەزای ڕواندزلەدایک بووە، محمد قادر یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی محمد قادرلەساڵی (١٩٦٣) ماڵی خۆی لەگوندی گەرەوان دەگوازێتەوە بۆشاری ڕواندز لەم شارە نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی ، حاجی محەمەد مرۆڤێکی بەهێزوبەقوەت وزۆر بەکارە بووە، حاجی محەمەد کەسێکی کورد پەروەرو دۆستی پێشمەرگەو شۆڕشەکانی کوردستان بووە، هەروەها حاجی پیاوێکی خێرخوازو ئەهلی جومحەو جەماعەت ئاین دۆست بووە، لەکاتێکدا هەرکەسێک لەشاری ڕواندز دەمرد ئەوخۆی ئامادە دەکرد بۆ گۆڕهەڵکەندن ، لەهەموو کات وساتێک ئەگەرباران و بەفرو کرێوەش بایە ئەو بەڕێزە خێری خۆی هەردەکرد حاجی محەمەد پیاوێکی زۆر هێمن وقسەخۆش وسیاسی و نووکتەچی وقسەزان ودەم بە خەندەو پێکەنین و قۆشمە چی بووە، هەروەها خانەنیشینی پێشمەرگە بوو، لەڕێکەوتی (٢٠١٦/٧/١٥) لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز بە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوای کرد، ڕوحی شاد بێت، حاجی موحەمەد (٤) چوار کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (خالید ، سەتار ، قادر ، جەبار) .



**حاجی موحەمەد فەخری**


٦٢- حاجی سەید قادر:- ناسراو بووەبە (حاجی سەید قادر) سید قادریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، بنەماڵەی سید عزیز، پێک هاتووە لە ماڵی سید جبار و سەید ڕەشید وسەید قادر وسەید نوری، هەرچوار براکەسانی ڕۆشنبیرو ئەهلی مزگەوت و جەماعەت وخواناس بووینە، هەروەها ڕێزی تایبەتیان لە ناوخەڵکی شاری ڕواندزو دەوروبەرەی هەبووە ، بەتایبەتی حاجی سەید قادرکەسایکی ئاقڵ وتێگەیشتی ودیاری ئەم بنەماڵە بووە، هەروەها پیاوێکی کاسب وزۆر دەوڵەمەندو خێرخوازو هەژاردۆست بووە، سەیدقادر، لە ناو بازاڕی شاری ڕواندزدوکانێکی زۆر گەورەی هەبووە لەدوکانەکەیدا ئەنواعی کەل وپەلی ناوماڵی تێدا دەفرۆشت تاساڵی (١٩٥٩) دوکانەکەی هەرمابووە ، هەروەها کوڕەگەورەکەی سەید عزیز چایەچی بووە، چایخانەی هەبووە، لە ساڵی (١٩٥٣) یەکەم کەس بووە لە بنەماڵەکەی کە بۆتە چایەچی وچایخانەی داناوە، لە شاری ڕواندز، سید عزیز زیاترلە (٣٥) ساڵ چایەچی بووە، تائەوکاتەی پیر دەبێت وبێ تاقەت دەبێت توانای کارکردنی نامێنێت ئینجا چایخانەکەی تەسلیم بەکوڕەکەی خۆی سید جباردەکات، چونکە سەید جەبارزیاتر ئیش وکاری چایەچیەتی لەگەڵ باوکی دەکرد وشارەزایەکی تەواوی هەبووە، لەکاروباری چایخانەو لێنانی چاوخزمەتکردنی موشتەری وپاکوخاوێنی چایخانەکە، سید عزیز کەسێکی زۆر زیرەک وتێگەیشتی وئاقل وخاوەن کەسایەتیی خۆی بووە، هەروەها یەکێک بووە لەکەسایەتی وباوەڕپێکراو ناسراوی شاری ڕواندز، دەلێن گەلێ جارئەگەرلە کارەکانی خۆی زۆر ماندو دەبوو شێوازی دەم وچاوی دەگۆڕا واتە توڕەبوونی پێوە دیار دەبوو هەرچەندە پیاوێکی ڕوح سووک و کەسێکی زۆرلەسەر خۆش بووە .

٦٣ - سیدجبارسید عزیز: ناسراوبووە بە) سید جبار) لە ڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، سەید جبار یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سەیدجەبار لەبەر پیشەکەی خۆی دەبێتە کەسێکی ناسراو لەزۆربەی شارەکانی عێراق لە باشوروناوەڕاستی عێڕاق لای کوردو عەرەب ناوبانگی دەردەکات بەچایەچیەکی ناسراوی شاری ڕواندز، ئەم ناوبانگەی هەربەهۆی چایخانەکەی بووە، کەزیاتر لە (٥٨) پەنجاوهەشت ساڵ لەدوای باوکی چایخانەی هەبووە کەواتە بەخۆی وباوکی خوالێخۆشبووی (٩٣) نۆوەت وسێ ساڵ لەشاری ڕواندز چایەچی بووینە وچایخانەیان هەبووە، بۆیەخەڵکی سید جەباریان وادەناسی چونکە ئەوکاتی عەرەبەکانیش بەهۆی سەربازیەوە کە دەهاتنە چایخانەکە لەگەڵی ئاشنا


**سید جبار**

بوون دیارە لەکاتی خۆی سەربازە عەرەبەکان کەلەم دەڤەرە سەرباز بوونە هەموو ڕۆژێک پاش ڕاهێنان کردنیان لەحامیەی ڕواندز دەهاتنە بازاڕی شاری ڕواندزو یەکسەر بۆچایخانەکەی سیدجبار بۆ چاخواردنەوە و یاری دۆمینە وتاوڵەودامەکردن وەلەم چایخانە دادەنیشتن ویەک دووچای بەهێل و بەتامیان دەخواردەوە هەر بۆیە سید جبارلە لای عەرەبەکانیش کەسێکی دیارو ناسرابووە، سید جبارلەڕێکەوتی (٢٠١٢/٢/١٠) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کرد ڕوحی شادبێت ، سەید جەبار (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (شلێر ، پیرۆز ، فاتیمە ، جمیلە) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕ بەناوەکانی (حمید ، تەها ، موسلیح ، موخلیس ، ئیدریس) .

٦٤-جەلال ئاغا سەعید حمد :- ناسراوبە (مامۆستاجلال) یان مامۆستاجەلالی مام ئاغای، لە ڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە مامۆستا جەلال یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی و مامۆستاو زاناو ڕۆشنبیری شاری ڕواندز، مامۆستا جەلال ئاغاخوێندنی سەرەتای و ناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە، دوای چۆتە خانەی مامۆستایان لەشاری هەولێردوای تەواوکردنی خانەلە ڕێکەوتی (١٩٦٨/١/١٨) دامەزراوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی زۆزکی سەرەتای کوڕان، کەبۆتە مامۆستاش بۆساڵی یەکەم لەگوندەکانی دەوروبەری شاری ڕواندزوەک مامۆستا دەست بەکار بووە، وەک مامۆستایی قوتابخانەی سەرەتای مامۆستا جەلال مامۆستایەکی زیرک وقسەزان و بە تواناوبەخزمایەتی بووە، لەلای مامۆستاو قوتابیەکانی قوتابخانەکەی، زۆر خۆشەویست بووە ، مامۆستا جەلال لە هەر قوتابخانەیەک وشوێنک مامۆستا بووە، بەدڵسۆزی دەوام وئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ کردووە، زۆربە ڕێک وپێکی پەروەردەی قوتابی دەکرد ، بۆئەوەی


**جەلال ئاغا سەعید**

قوتابیەکانی قوتابخانەکەی زیرەک وسەرکەوتووبن لە ڕووی زانست وزانیاری پێشخستنی پڕۆسەی خوێندن لەشارەکەی خۆی، مامۆستا جەلال بەهۆی تێپەڕاندنی تەمەن لەتەمەنی (٦٣) ساڵی واتا لەڕێکەوتی (٢٠١٢/٧/١) خانەنیشن کراوە ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە ماڵی لەشاری هەولێرە لەژیاندا ماوە، مامۆستاجەلال (١) یەک کچی هەبووە بە ناوەکانی (سروە، ) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (سرود ، سۆران، سامان ، لاوەند ، گۆران ، برین) .

٦٥- عبدولوەهاب محمد عەلی ئاغا:- ناسراو بووە بە (وەهاب ئاغای جوندیان) لەڕێکەوتی (١٩١٢/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە وەهاب ئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، وەهاب ئاغا کەسێکی زۆر بە توانا وزیرەک بووە، گوایە لەزمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی ، ئینگلیزی) تاڕادەیەک باش بووە، واتە توانیویەتی قسەیان لە گەڵ بکات و لێیان تێ بگات ئەوانیش لێ تێ بگەن وەهاب ئاغا لە سەر سیاسەت وکوردایەتی چەندین جاردەسگیر کراوەوخراوەتە بەندیخانە بۆ دواجار دەگیرێ دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر زیندانی هەتا هەتایە دەکرێ، بەڵام زۆری پێ ناچێت بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت لەبەندیخانە بەردەبێت، هەروەها وەهاب ئاغا لە شۆڕشی ئەیلول وەک فەرمادەیەکی بە توانا بەشداری شۆرشی کردوە، هەروەها بەشداری لە کۆماری مەهاباد کردوە، دوای گەڕانەوەی لەم کۆمارە، لە ساڵی (١٩٤٨) بەند دەکرێت فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت بەڵام دوای بۆیان گۆڕیوە بۆ بەندکردنی هەتا هەتایە ، وەهابا ئاغا بەکەسێکی تێکۆشەرو قارەمانی ئەوکات وسەردەم دەژمێردرێت، وەهاب ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٧٢/٢/٦) لە ڕۆژێکی ساردو سڕوبەفراویدا کۆچی دوای کردوە. وەهاب ئاغا (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئازاد ، پیشتیوان ، هەڵگۆرد ، فەیلی ، ئاری) .


**وەهاب ئاغای جوندیان**

٦٦– حاجی سەعید ئەحمەد: ناسراو بووە بە (سەعید چایەچی) لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی سەعید کەسێکی خاوەن ئەزموون وبەتوانا وزۆر زیرەک وقسەزان وقسەخۆش بووە، هەروەها پیاوێکی کاسبکاربووە ، حاجی سەعیدچایەچی لە شاری ڕواندز چەندین دوکانی هەبووە لەگەڵ یەک چایخانەی گەورە هەروەها لە گەڵ حەمامێکی گەوررە کەتائێستاکەش حەمامەکە ماوە بەڵام لەکار کەوتووە، لەکاتی خۆیدا کەمن وەبیرم دێت کەس لەماڵی خۆی گەرماوی نەبووە واتە (حەمام) ئەوکاتی خانووەکان لەشاری ڕواندز وەک ئێستاکەجوان وڕازاوە وبە چیمەنتۆ و شیش وکاش نەبووە، هەموومان دەزانین ئەوکاتی خانووەکان هەمووی بەقورو بەردوخشتەودارو عەسیر درووست کرابوون بۆیە ئەوکاتی لەهەموومالێک بە بەرد وچیمەنتۆ سەرشۆکیان دروست دەکرد لە ژووری نووستن، ئینجا ئاویان بە تەباغ یان پلێمز گەرم دەکرد، لەسەر ئەم سەرشۆکانە،



**سەعید چایەچی**

سەعید چایەچی

سەری خۆیان و منداڵەکانیان دەشوشت، بۆیە ئەوکاتی لەشاری ڕواندزحەمام زۆر بەهەرمێن بوونە، حەمامیش بە نۆبە بووە، لەسەعات (٨) ی بەیانی تا (١٢) یءنیوەرۆ بۆ ژنان بوولە کاتژمێر (١) ی پاش نیوەرۆتا (١٢) ی شەوبۆ پیاوان دەکرایەوە هەروەها ڕۆژانی هەینی لە بەیانی تا نیوەشەو بۆ پیاوان بوو، حاجی سەعید چایەچی پیاوێکی زۆر کورد پەروەربووە لە سەر کوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەوگرفت وگرتن ڕاوەدونان ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە شاری ڕواندزدوای ماڵی خۆی گواستۆتەوە بۆشاری هەولێر، لە ساڵی (٢٠٠٦) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە لە گۆرستانی شێخ ئەحمد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت ، حاجی سەعید (٤) چوارکوڕی هەبووەبە ناوەکانی (عبدالرزاق ، صالح ، مستەفا ، ئەحمەد) .



**قادری شەمامێ**

٦٧-مامۆستاقادر عبدالرحمان شەمامێ :- ناسراو بووە بە (قادری شەمامێ) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستا قادریەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا قادری شەمامێ خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە، دوای چۆتە خانەی مامۆستایان لەشاری هەولێرکە تەواوی کردوە بۆتە مامۆستای سەرەتای، مامۆستا قادر شەمامێ مامۆستایەکی هێمن وقسە خۆش وزیرەک وزاناو ڕۆشنبیربووە، ماوەی زیاتر لە (٤٠) چل ساڵ خزمەتی قوتابیانی کردوە لە قوتابخانەکانی گوندی ئاکۆیان وڕواندز وکەسنەزانی شاری هەولێر وەک مامۆستایەکی چالاک ودڵسۆزدرێخی نەکردوە وخۆی ماندوکردوە بۆ پەروەردەکردنی قوتابی، مامۆستاقادر چەندین جارلەسەر کوردایەتی توشی کێشەوگرفت وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە شاری ڕواندزوسەرکارو وەزیفەکەی مامۆستای خۆی، لەساڵی (١٩٨٤) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێرو لەقوتابخانەی کەسنەزان دەست بەکار دەبێت، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/٧/١) خانە نیشن دەکرێت، مامۆستا قادری شەمامێ مرۆڤێکی قسەزان و مەدریس خۆش وبەخزمایەتی وبە ئەمەک وخوورەوشت پاکو ئیمانداروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١٤) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت مامۆستا قادر (٢) دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (لوقمان ، کامەران) .

٦٨- حمدسەمین حسێن:- ناسراو بە (حەمەسەمین قەساب) لە ڕێکەوتی (١٩٢٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حمدسەمین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز حمد سەمین هەر لە تەمەنی منداڵیەوە سەرقاڵی مەڕداری و بەخێوکردنی مەڕوبزو مانگاوکاری قەسابی بووە، دوکانی گۆشت فرۆشی لەناو بازاڕی شاری ڕواندز هەبووە، ئەومرۆڤە یەکێک بوو لەقەسابە هەرەکۆن وناسراوەکانی شاری ڕواندز لە گەڵ بنەماڵەی حاجی مستەفا قەساب و قادری حاجی مستەفا قەساب، لە منداڵیەوە تێکەڵی یەکتری بوینەحەمە سەمین مرۆڤێکی هێمن وقسەزان و کاسب بووە ، گوایە لە ساڵی (١٩١٩) باوکی حمدسەمین بە ناوی (سەمین حوسێن) لە بەردەرگەی مزگەوتی گەورەی ڕواندز وپێش حوجرەی فەقێیان بە دەستی عوسمانیەکان لە سێدارە دەدرێ کەگوایە ئامێرێکی کۆڵەپشتی تە لەفۆنی دەنگی لە شاری سلێمانی بۆئینگلیز هێناوەتە شاری ڕواندز بۆیە سەرکردەی عوسمانیەکان بە ناوی (ئۆزدەمیر) یەکسەر دەسگیری دەکات ولەبەرچاوی خەڵکی ڕواندز لەسێدارەی دەدات بە تۆمەتی خیانەت کردن لەتورک ولەشکری عوسمانیەکان، هەروەها حاجی حمد سەمین قەساب لەڕێکەوتی (١٩٩٥/٧/١٣) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، حمەسەمین (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئەمین ، سەلام ، عبدالله ، سەمین) .




**حەمەد سەمین قەساب**

٦٩- سەید محمد سەید سەعیدسەید ئەحمەد:- ناسراوبوو بە (سەید محمد سەعاتچی) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی سەید محەمەد یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سەید محمد خانە نیشینی حکومی بووە، لەکاتی خۆی پۆلیس بووە، سەید محمدلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، سەرکارو کاسبی خۆی




**سەید محمد سەید سەعید**

ئینجا بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی دووبارە دووکانی چاککردنەوەی کاژمێر دادەنێتەوە، سەید محەمەد کەسێکی لە سەرەخۆو هێمن ومرۆڤ دۆست بوو هەروەها لەدوکانەکەی هەموو جۆرەسەعاتی دەستی ودیواری دەست دەکەوت ودەیفرۆشتن، سەید محەمەد لەقسەکردندا گەلێک جار لە موشتەری تورە دەبوو، سەید محمد زیارەتی ماڵی خوای کردبووبۆیە بەحاجی سەید محەمەد ناسراوبووە هەروەها کەسێکی خێرخواز بە تەقوابوولە ڕێکەوتی (١٩٩٤/١٠/٢) لەشاری ڕواندز بە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە لە گۆرستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت سەید محەمەد (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (ماجیدە) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (عبدالله ، دلشاد ، ئازاد) .



حەمەدئەمین ئەحمد شاه

٧٠- حاجی حەمدئەمین ئەحمد شاه:- ناسراو بوو بە (حاجی حەمەدئەمین ئەحمد شاه) یان (وەستاحەمەدئەمین) لە ڕێکەوتی (١٩١٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی حەمەدمین ئەحمەد شاە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز هەروەها کەسێکی ئیمانداروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، لە ساڵی (١٩٦٥) مزگەوتێکی بۆموسڵمانان لەسەر پارچە زەوزەیەک لەتەنیشت ماڵی خۆی لەگەڕەکی ئازادی شاری ڕواندز دروست کردووە، ئەو مزگەوتەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بە ناوی خۆی بوو، دوای ناوی گۆری بۆ مزگەوتی شێخ مەلا سادیق، لە بەرئەوەی زۆر هاورێ نزیکی شێخ مەلاسادیق بووە، تا ئێستاکەش مزگەوتەکە هەرماوە وبەناوی شێخ مەلا سادیق ماویلیان، جگە لەمەش حاجی حمد ئەمین وەستایەکی زۆرزیرەک وباش وکارامە بووە ، بەتایبەتی لە دروستکردنی دیواری خانووبەرە، هەروەها حاجی حمەدئەمین ئەحمەدشاء کەسێکی زیرەک ورۆشنبیروقسەزان و زۆر هێمن ولە سەرە خۆ بووە. ئەوخراپەی بۆکەس نەبوو، جگە لە چاکە، حاجی حمدئەمین کەسێکی هەژاردۆست وخێر خوازوباوەڕدارو بە تەقوابوو لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/٥/١٨) لە شاری ڕواندزکۆچی دوایکردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، حاجی حمدئەمین ئەحمەد شاه (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (ئامینە ، نازەنین ، نەرمین) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (حوسێن ، عەدنان ، ئەحمد شاه ، کەنعان ، شوکر) .


حوسێن نانەوا


٧١-حوسێن سەید ئەحمد:- ناسراو بوو بە (حوسێن نانەوا) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حوسێن سەید ئەحمەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حوسێن سیدا لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفتی گرتن وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوەرەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزدەست دەکات بەکارو کاسبی خۆی، کەپیشەکەی نانەوای بووە، بەتایبەتی فڕنی کولێرای لەپێش ماڵی خۆی دروست کردبوو کەڕۆژانە بۆبژێوی ژیانی خۆی وخێزایەکەی کۆلێرای دروست دەکردو دەی فرۆشتن، حوسێن نانەوا کەسێکی کەم ئەندام وکوردپەروەر بووە، لە سەر کوردایەتی زۆر دەردەسەری دیووە، حوسێن نانەوا هەرچەندە کەسێکی کەم ئەندام بووە، کەچی یەک چرکە وای نەکردبووە ماڵ ومنداڵی تووشی گرفتی نەبوونی بێت بەڵکوزۆرباشتریش بوون، لە منداڵی خەڵکی تر، لە فڕنیەکەشی خۆشترین نای کولێرای دروست دەکرد بە زمانی ڕواندزیان پێیان دەگووت (ئەستورکی بەڕوونی) کە خۆشترین وبەتامترین نانی ئەوکاتی بووە، وەستا حوسێن نانەوا لەکارەکەی خۆی زۆر ڕازی بووەو لەکاسبی کردنی بەردەوام بووە، تا کۆتای ساڵی (١٩٧٩) ئەوجا وازلە کاری نانەوای دەهێنێت، خۆی لەبنکەی وەرزش و لاوانی ڕواندز دادمەزرێنت، دەبێتە فەرمانبەری حکومەت بە ناونیشانی پاسەوان ئەوجا دوای پێنج ساڵ لەبنکەی وەزش ولاوانی ڕواندز لەساڵی (١٩٨٤) لە بەربارودۆخی سیاسی ناوچەکەوشاری ڕواندز ڕاژەکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆبنکەی وەرزش ولاوانی هەولێر، ماڵی خۆشی دەگوازێتەوە ناگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز تا ئەوکاتەی لە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٢/٧) بەجەڵتەی مێشک لەشاری هەولێرکۆچی دوای دەکات، لەگۆرستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت. حوسێن نانەوا (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (بەیان) هەروەهالەگەڵ (٨) کوڕبە ناوەکانی (حەسەن ، بارزان ، سەرباز ، سیروان ، سیدە ، پێشڕەو، کاروان ، کارزان) .

٧٢- عەزیز محەمەد عەزیز:- ناسراو بووە بە (نایب زابت عەزیز) عەزیز دەبێتە کوڕی برای وەستاحوسێن نانەوا عەزیز لە ڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە عزیز محەمەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز هەروەها عەزیزکوڕی شەهید محمد عەزیز بووە، باوکی لەکۆماری مەهاباد بەشداری کردوە، لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی بووە تا کۆماری مەهاباد کۆتای پێ دێت، دوای ڕوخانی ئەوکۆمارە لەترسی شای ئێران بەرورسیا دەکەوێتەڕێ بەرەویەکێتی سۆڤیەت، دیارە لەوڕێگایە زۆرماندو دەبێت نەخۆش دەکەوێت لە سنوری ڕووسیا باوکی کۆچی دوای دەکات لەوێ بەخاکسپێراوە، عزیز بە منداڵی کەباوکی شەهید دەبێت، لە لای مامی خۆی گەورە دەکرێت، عەزیز لەتەمەنی (١٨)ساڵی دەبێتە سەربازو چوار ساڵ تەواو دەکات دوبارە خۆی تەتەوح دەکاتەوە بۆماوەی چەند ساڵێک لە سەربازی دەمێنێتەوە تا دەبێتە نائب زابت، لەساڵی (١٩٨٠) هاوسەرگیری لە گەڵ کچی مامی خۆی پیک دەهێنێت، ماوەی یەکساڵ پێکەوە دەبن لەڕێکەوتی (١٩٨١/١٠/٢) بە نەخۆشیەکی کتوپڕ لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات.لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە. ڕوحی شاد بیت،



**عەزیز محەمەد عەزیز**

٧٣- خەسرۆ جەلال ئەحمەد :- ناسراو بوو بە (مامۆستا خەسرۆ جەلال ئاغا) لە ڕێکەوتی (١٩٤٤/٤/٢٩) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، مامۆستا خەسرۆلە قوتابخانەی زۆزکی سەرەتای کوڕان لە شاری ڕواندز مامۆستا بووە، مامۆستا خەسرۆ پیاوێکی باڵا بەرزی چوار شانە بووکەسێکی زۆر زیرەک وڕۆشنبیروبە هێمن ولەسەرەخۆ بوو بەتەیبەتی لە ڕووی پەروەردە و وانە ووتن بە قوتابیان، هەروەها لەگەڵ هاوشاران و دۆست وهاورێکانی کەسێکی زۆر بەڕێز وخۆشەویست و باش بووە ، مامۆستا خەسرۆ جەلال کەسێکی کۆمەلایەتی مەدریس خۆش وچالاک بووە، ئەوەش وای کردبووە کە خەڵکی ڕواندز بە گەورەو بچوکی زۆر خۆشیان دەویست مامۆستا خەسرۆ بە ڕوداوی هاتووچۆ لە قەزای سۆران کۆچی دوای کرد، لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/١/١١) لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بیت.

٧٤- صدیق حمدامین فتاح :- ناسراو بوو بە (مامۆستا صدیق ئەفندی) لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە مامۆستا صدیق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی وڕۆشنبیری شاری ڕواندن، مامۆستا لەسەر سیاسەت وکوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەو گرفت و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (1974) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزو سەر کارو وەزیفەکەی خۆی کە مامۆستای قوتابخانەی زۆزکی سەرەتای کوڕان بووە لە شاری ڕواندز مامۆستا صدیق مامۆستایەکی زۆر بەئەزمون بووە، گوایە قوتابی لەبەر دەستی زوو فێری خوێندن ونوسین دەبوون، مامۆستا سەدیق مامۆستایەکی هێمن وزیرەک وبەتوانا بووە، هەروەها مامۆستا صدیق کەسێکی زۆرقسە خۆش و قسەزان بەخزمایەتی بووە، هەموو خەڵکی ڕواندز خۆشیان دەویست ، مامۆستا صدیق ئەفندی لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٣/٦) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مامۆستا صدیق (٤) کچ و (٣) کوڕی هەبووە کوڕەکانی بەناوەکانی (مستەفا ، محمدئەمین ، فاخیر ، فەرسەت ، هیوا ، هاوڕێ) .


**مامۆستا صدیق ئەفندی**

٧٥- باویل ڕەشید خورشیدئاغا:- ناسرابوو بە (باویل ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، باویل کوڕی خورشید ئاغایە لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکەسایەتی شاری ڕواندز بووە ، باویل ڕەشید کەسێکی ناسراو قسەزان و باوەڕ پێکراو بووە، بەتایبەتی لە ناو دام ودەزگاکانی حیزبی و حکومی لەحوکمەتی عێراق، باویل سەردەمانێک بەرپرسی فەرمانگەی ناسنامەی شارستانی ڕواندز بووە، واتە (مدیر نفوس) بووە لەقەزای ڕواندز هەروەها باویل مرۆڤێکی ئاقڵ وقسە خۆش وقسەزان و ڕۆشنبیرو کەسێکی بە ئەزمون بە خزمایەتی بووە،


**باویل ڕەشید خورڕشید**

باویل هەرچەندە دووره شەڕو پیاوێکی هێمن لەسەرەخۆبوو، بەهۆی دووژمنایەتی دوو بنەماڵەی چەکدار لە شاری ڕواندز ، خۆیی ودووبرای بە ناوەکانی (خورشید و سمکۆ) بەهۆکاری نادیارو تەمومژاوی و دووژمن داری دەکوژرێن ، باویل ڕەشید خوڕشید ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/٢/١) لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراو لە شاری هەولێر دەستڕێژی گولەی لێ دەکرێت و دەکوژرێت، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاک سپێردراوە ڕوحیب شادبێت، باویل (٣) کچ و (٢) دووکوڕی هەبووە، کچەکان بە ناوەکانی (شمیران ، ئەرخەوان ، جوان) هەروەها کوڕەکانی بەناوەکانی (باپیر ، ڕەشوان) .

٧٦- قاسم بەگ خوڕشید بەگ:- ناسراو بووە (بەقاسم بەگ) لە ڕێکەوتی (١٩٢٠/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، قاسم بەگ یەکێک بووە لە بنەماڵیەکی کورد پەروەرەوکەسایەتی شاری ڕواندز، قاسم بەگ کوڕی خوڕشیدبەگی کوڕی صالح بەگی کوڕی بەکر بەگی کوڕی بایز بەگی باپشتیە (بایز بەگ) دەکاتە مامی میرمحمد بەگی ڕواندزی واتە (پاشای گەورەی ڕواندزی) قاسم بەگ تا پۆلی شەشەمی دواناوەندی خوێندوە، لە بەرباروودۆخی سیاسی ناوچەکە خوێندنی پێ تەواو نەکراوە، ئینجا دەبێتەسەرباز لە ساڵی (١٩٤٣) لەبەر زیرەکی و توانای خۆی لە سەربازی ، لە هێزەکانی بەریتانی دەبێتە (ئەفسەرلیف) لە گەڵ سوپای ئینگلیزەکان چۆتە (قوبرص) هەروەها چەندین وولاتی تری لەگەڵ لەشکری ئینگلیزدا بووە، قاسم بەگ کەسێکی زیروک ورۆشنبیرو بەتوانا بووە، لە ساڵی (١٩٥٤) پەیوەندی بە حیزبی هیوا دەکات لە شاری ڕواندز دەبێتە ئەندامێکی زۆرچالاکی ئەو حیزبە، هەروەها لەسەر شۆڕش وکوردایەتی چەندین جار توشی کێشەوگرفت وگرتن وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە. لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە، یەکسەر ماڵی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێردوای ماوەی چەند مانگێک بەهۆی نەخۆشی شێر پەنجە لەساڵی (١٩٧٧) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی (چراخ) ی شاری هەولێر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت قاسم بەگ (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (دلشاد ، هۆشیار ، سەرکەوت) .

٧٧- ئەفەندی مامۆمحمد مامۆ:- ناسراو بووەبە ( بەئەفندی مامۆ) لە ڕێکەوتی (١٩١٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ئەفەندی مامۆ یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی

کوردپەروەررو کەسایەتی شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوەشاری ڕواندزوسەرکاروکاسبی خۆی ئەفەندی مامۆدوکانی بایەعی شەکروچاو ڕۆن وئاردی هەبووە، هەروەها ئەفەندی مامۆکەسێکی ناسراو باوەڕپێکراوی شاری ڕواندزبوو، کەسێکی کورد پەروەروئاین دۆست وئەهلی جومعەوجەماعەت بووە، ئەفندی‌مامۆ پیاوێکی هێمن وقسەزان ومەدریس خۆس وقسەخۆش بەخزمایەتی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز سەرکارو کاسبی خۆی کە پیشەی دوکانداری بووە، بەداخەوە ئەفەندی مامۆ بۆ ماوەی ساڵێک چاوەکانی لەدەست دەدات کۆرەدەبێت هیچ کارو کاسبی پێ ناکرێت لەماڵەوە دەکەوت تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/٣/٦) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، ئەفەندی مامۆ (٣) کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالمجید ، عبدالحمید ، عبدالقادر) .

٧٨- هاشم سەید سەعید:- ناسراو بوو بە (سەید هاشم) لە ڕێکەوتی (١٩٤٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە. سەید هاشم یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەیدهاشم لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن وبەندیخانە وئاوارەی ودەربەدەری بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز وکوردستان ئاوارەی




سەید سەعید سەید خدر

دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و شاری ڕواندز، سەید هاشم لە بنەماڵەیەکی خانەدانی شاری ڕواندز بووە . هەروەها کەسێکی زۆر کاسب وخاوەن ئەزموون بووە، لە ڕوویکاروکاسبی و پیشەکەی کە خۆی وباوکی لەکۆنەوە تەنەکەچی بووە ، سەیدهاشم کارەکانی لەدوکانەکەی خۆی زۆربەڕێک وپێکی دەکردن خەڵکی شاری ڕواندزو دەوروبەری لە کارەکانی زۆررازی بوون، سەید هاشم ئەو پیشەی لەسەید سەعیدی باوکی بۆمابووە، سەید هاشم لەکاتی خۆیدا لەگەڵ باوکی لەدوکانەکەی خۆیان سەماوەرو سۆبای‌دار وتەشت وپلێمزیان درووست دەکرد . بۆیە وەستا هاشم وەستایەکی کارامە وزیرەک بووە،

بەتایبەتی لەپیشەی تەنەکە چیەتی، سەید هاشم لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/١٠/٢٢) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، سیدهاشم (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (جەمال ، جبار ، جەلال) .

٧٩- سالّح عبدالله سولێمان:- ناسراو بووە بە (سالح عەولّای سێمانی) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، سالّح عبدالله سلێمان ، یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سالّح لەسالانی شەستەکانی سەدەی بیستەم یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول تاسالّی (١٩٧٠) خزمەتێکی زۆری کردوە، لەسالّی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەولّەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکسالّ لەسالّی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەفەرمانبەر بووە لەفەرمانگەی کشتوکالّی قەزای ڕواندز، سالّح عبدالله سولێمان کەسێکی هێمن زیرەک وقسەزان



**سالح عەولّای سێمانی**

وڕۆشنبیروخوێندەواروقورئان خوێن ودەنگ خۆش بووە، لە سالّی (١٩٩٧) لەبەر بارو دۆخی سیاسی ناوچەکە مالّی خۆی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولیرلەو شارە نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە، سالح عبدالله سولێمان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٦) لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر بەنەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، سالح عبدالله سلیمان (٥) پێنج کچی هەبووە، بەناوەکانی (دیمەن ، سامالّ ، نیگار ، یادگار ، ساکار) هەروەها لە گەلّ (٤) چوار کوڕ بە ناوەکانی (سەفین ، سامان ، سیروان ، گۆران) .

٨٠- ئەحمەد شاەحمدئەمین :- ناسراوبووەبە (مامۆستا ئەحمد شاە) لە ڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، ئەحمەدشاە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزە ، مامۆستا ئەحمەد شاە لە ساڵی (١٩٥٣) چۆتە قوتابخانە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە ، لەساڵی (١٩٦٥) چۆتەخانەی مامۆستایان لەشاری هەولێر بۆماوەی (٣) سێ ساڵ ، ئینجا لە ساڵی (١٩٦٨) خوێندنی لەخانەی مامۆستایانی هەولێرتەواو دەکات لەڕێکەوتی (١٩٦٩/٩/٢٩) بەمامۆستا (دادەمەزرێت) لە قوتابخانەی گوندی ئاکۆیان، بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی ناوچەکە نەی توانی لەم قوتابخانە بەردەوام بێت، بۆیە میری دەیگوازێتەوە بۆگوندی (باغەچەنەر) سەربە قەزای کۆیە، بۆماوەی ماوەی چەند مانگێک وانەی بە قوتابیانی ئەوگوندە دەوتەوە، لە ڕێکەوتی (١٩٦٩/١٢/١٨) دەگوازێتەوە بۆقوتابخانەی ناحیەی خەلیفان ئەوساڵە لە خەلیفان تەواودەکات بۆساڵی دواتر لەڕێکەوتی (١٩٧٠/٩/٢٣) دەگوازرێتەوە بۆ ناحیەی شێروان مەزن بۆماوەی یەکساڵ دەمێنێتەوە دوای لەڕێکەوتی (١٩٧٢/٩/١٨) لەشێروان مەزنە دەگوازرێتەوە بۆگوندی گەرەوان، یەکساڵ دەمێنێتەوە لەڕێکەوتی (١٩٧٢/٩/٢٠) دەگوازرێتەوە بۆ گوندی باپشتیان تا ساڵی (١٩٧٤) لە قوتابخانەی باپشتیانی سەرەتای دەمێنێتەوە لە ساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزلەڕێکەوتی (١٩٧٥/١٠/١١) دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی (بێخاڵ و موژدە) ی سەرەتای تێکەڵاو، تا ڕێکەوتی (١٩٨٩/١٠/١) لەم دوو قوتابخانە دەمێنێتەوە، دوای گواستراوەتەوە، بۆقوتابخانەی زۆزکی تێکەڵاودەبێتە بەرێوەبەری قوتابخانەکە تا ڕێکەوتی (٢٠١٠/٦/٣٠) تەمەنی تەواو دەبێت ئەوجا خانەنیشین دەبێت ، مامۆستا ئەحمەد شاە مامۆستایەکی زیرک وبەتوانابووە، بەتایبەتی لەڕووی پەروەردەوفێرکردنی قوتابی، مامۆستا ئەحمەد شاە زیاترلە (٤٢) ساڵ خزمەتی قوتابی وپەروەردەی کردوە، مامۆستا ئەحمەدشاە لەسەرکوردایەتی چەندین جار خراوەتە بەندیخانە وهەروەها توشی کێشەو گرفت و ڕاوەدوونان و ئاوەرەیو دەربەدەری بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٢/٥) لە شاری ڕواندز بەنەخۆشی جەلتەی مێشک کۆچی دوای کردوە، ڕوحی



**مامۆستا ئەحمد شاە**

شاد بێت ، ئەحمەد شاه (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (کەنار ، بنار ، گوڵخاتر) .

٨١- شفیح مەلامحمد ئەفەندی:- ناسراو بووە بە (شەفیح ئەفەندی) لەڕێکەوتی (١٩١٢/٣/٤) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، شەفیح ئەفەندی لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، شەفیح ئەفەندی مرۆڤێکی باڵا بەرزی هێمن وقسەزان وڕۆشنبیروزیرەک بووە، لەقایمقامیەتی قەزای ڕواندز (کاتب تحریر) بووە لەکاتی خۆیدا کە قوتابخانەی دواناوەندی کەلە شاری ڕواندز دروست کرراوە، لەوکاتی شفیح ئەفەندی لەساڵانی چلەکان وپەنجاکان لە قائیمقامیەتی ڕواندز وەک کاربەدەستێکی حکومی کاری پێی دەکرا، کە فکری لی کردەوە ڕۆژێکیان هەموو پیاوە ماقولانی لە ماڵی مەلا تاهێر ئەفەندی کۆ دەکاتەوە، کە بەناوی هەموویان نوسراوێک واژۆ دەکەن و دەیدەنە قائیمقام ئەویش بۆ پارێزگای هەولێر بەرزی دەکاتەوە تاڕەزامەندی لەسەردروستکردنی قوتابخانەی دواناوەندی لەشاری ڕواندزبکات، چونک ئەوکاتی قوتابی کەپۆلی شەشەمی سەرەتای تەواو دەکرد، دەبوو بۆخوێندنی ناوەندی ودواناوەندی بچێتە شاری هەولێر بۆتەواو کردنی خوێندن ، بۆیە شفیح ئەفەندی وەک هاندەرێک دەورێکی باشی هەبووە، لە دروستکردنی قوتابخانەی دواناوەندی لە شاری ڕواندز، هەروەها لەساڵانی حەفتاکان صلاالدین کە کوڕی شفیح ئەفندی بووە بۆماوەیەکی زۆی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووە، صلاح الدین مامۆستایەکی ڕۆشنبیرو چالاک بووە، دەورێکی باشی هەبووە، لە پەروەردەتابیانی قوتابخانەی دواناوەندی کوڕونی ڕواندز، شفیح ئەفەندی کەسێکی زاناو دەست ڕۆیشتوو بووە لە ناو دام ودەزگاکانی میری هەروەهاپیاوێکی قسە خۆش ومەدریس خۆش و بەخزمایەتی بووە، لەفەرمانگەکەی زۆر یارمەتی خەڵکی شاری رواندز و دەڤەرەکەی دەدا کار ئاسانی بۆ دەکردن، شەیح ئەفەندی لەڕێکەوتی (١٩٦٣/٦/١٤) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، شفیح ئەفەندی



**شفیح مەلامحمد ئەفەندی**

(٢) کچی هەبووە بە ناوەکانی () هەروەها لە گەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (صلاح الدین) .

٨٢- عبدالله نوری بایز:- ناسراو بە (عەولا نورە) لە ڕێکەوتی (١٩١٨/٧/١) لەگوندی ڕایات سەر بە ناحیەی حاجی ئۆمەران لە دایک بووە، لە تەمەنی مێردمنداڵی بۆکاروکاسبی دێتە شاری ڕواندزو لەم شارە نیشتەجێ دەبێت عبدالله نورە پیاوێکی چوارشانەی کەڵەگەت بووە، هەروەها کەسێکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، عەولا نورە پیاوێکی بەهیز وکاسب وبەکارەو زیرەک بووە، بەتایبەتی کاری دارفرۆشتن وکاریتەی خانوو عەسیروقیسپ وکەرستەی خانووبەرە دەفرۆشت ، ئەوکات وزەمانی خەڵکی شاری ڕواندز خانووەکان بەخشتە وقوڕو بەرد دەکران بۆیە پێویستی بە کاریتە ودارۆعەسیر و ئەوجۆرە کەل وپەلانە دەبوو، خەڵکی ڕواندزو دەوروبەری هەتا گوندەکانیش بۆدارکڕین وپێداوەستی خانوو بەرە دەهاتنە شاری ڕواندزولای عبدالله نوری کەل و پەلی خانوویان لێ دەکڕی ، عبدالله نورە مرۆڤێکی هێمن و زۆرقسەخۆش ونوکتە چی بووە، کە لەلای دادەنیشتی چیرۆک وبەسەرهاتی زەمانی منداڵی خۆی دەگێڕایەوە، خەڵکی ڕواندزخۆشیان دەویست هەروەها لە کارکردن کەسێکی زۆر زیرەک وبەهێزوبووە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٢/١/٤) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت عەولا نورە (٢) دووکچی هەبووە بەناوەکانی (حلیمە ، عائیشە) هەروەها لە گەڵ (٦) شەش کوڕبەناوەکانی (محمد ، عەلی، عومەر ، نوری ، زرار ، غفار) .

٨٣- فەقێ عەولا :- ناسراوبووەبە (فەقێ عەولای فەقیانێ) لە ڕێکەوتی (١٩٢٣ /٧/١) لە گوندی فەقیانەی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە فەقێ عەولا زیاتر لە (٧٠) ساڵ دەبێت لە گوندی فەقیان ماڵی خۆی گواستۆتەوە بۆ شاری ڕواندز و لەم شارە نیشتەجێ بووە، فەقێ عەولا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، فەقێ عەولا مرۆڤێکی زۆر هێمن و وقسەزان و ڕۆشنبیرو قسەخۆش ومەدریس خۆش ونوکتە چی بووە، فەقێ عەولا لە تەمەنی منداڵی چۆتە بەرخوێندن لە مزگەوتی فقیانی خوێندوەو بۆ تەفەقێ توانیویەتی خۆی فێری خوێندن و نووسین وژمارە بکات وسودی لە قورئان خوێندنەکەی وەرگرتووە، وەک مەلایەک زیرەک بووە ، کەخوێندنی فەقێیی تەواوکردوە ، نە ویستووە زیاتر بخوێنێت، خۆشی بکات

بەمەلایەکی ڕاستەقینە ، بۆیە یەکسەرماڵی دەگوازێتەوە، دێتە شاری ڕواندز لەوشارە نیشتەجێ دەبێت، دەست دەکات بەکاروکاسبی کردن، دوکانێک بۆخۆی دادەنێت بۆئەوەی ژیان وبژێوی ڕۆژانەی خۆی مسۆگەر بکات، هەروەها فەقێ عەولا دەستی شیعری هەبووە ، چەندین شعری جوانی هەبووە ، زۆر لە شیعرەکانی وەک دەسنووس ماون بزانە چۆن ئەم هۆنراوەی داناوە ، ڕۆژێک لەشاری ڕواندز بە هەروازێکا سەردەکەوێت زۆرماندودەبیت یەکسەرئەم هۆنراوەی بۆدێت، دەڵێت.

هەروازی مام سمایلی
سەرناکەوی بەفیلی
جارەک تووشی وێندەر بووم
هەریان گرتم بەپیلی
ئەگەر نەم گەیشتبانێ
تووش ئەبووم دەردەسیلی
جادوعا لۆخوای دەکەم
نەکەویە وێ بەدیلی
ئەگەر نا لەناوئەچی
بە فەقیری ورەزیلی

ئەمەو چەندین شعری زۆر جوان وفۆلکلۆری هەبووە فەقێ عەولا لە یاری دامە زۆر زیرەک بووە، کەم کەس ئەی توانی لە دامە لێ باتەوە، بەداخەوە ئەوپیاوە بەڕێزە لەڕێکەوتی (١٩٩٢/٤/٢٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوایکردوە هەرلە لەم شارەش دەنێژرێت. ڕوحی شاد بێت فەقێ عەولا (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (خدر ، سەتار ، ڕزگار) .


فەقێ عەولای فەقیانێ

٨٤- ئاغاسەعید حمد :- ناسراو بووە بە (مام ئاغا) لە ڕێکـــەوتی (١٩١٨/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، ئاغاسەعید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها ئاغاسەعید کەسێکی ڕۆشنبیروهادی وهێمن ولەسەرە خۆبووە ، مام ئاغا فەرمانبەری نەخۆشخانەی ڕوانـدزبووە، بەناونیشانی چێشت لێنەر واتە (تەباغ) ئاغاسەعید چێشتی بۆدکتۆرو نەخۆشی نەخۆشخانەکە ئامادە دەکرد، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) چێشتخانەیەکی بۆهێزەکانی پێشمەرگە لە ناوبازاڕی شاری ڕواندز دانابوو، چێشتەکەشی زۆربەتام ولەزەت بووە، مام ئاغا جگە لەکاروکاسبی و دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانی، کەسێکی زۆرئاقل وبە تواناو زیرەک وقسەزان وقسەخۆش ومەدریس خۆش بووە ، مام ئاغا لەڕێکەوتی (١٩٨٥/٥/١٩) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردووە هەرلەم شارە بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. ئاغا سەعید حمد (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (گورچین ، فەوزیە ، گەلاوێژ ، بەیان ، چنار) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕبە ناوەکانی (جەلال ، فازیل ، ماجید ، نزار) .


**ئاغا سەعید حمد**

٨٥- حەسەن عومەر بەکر:- ناسراوبوو بە (شێخەی پێڵاوفرۆش) لە ڕێکەوتی (٧/١ /١٩٢٩) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حەسەن عەمەر بەکر لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، حەسەن عومەرلەسەرکوردایەتی چەندین جار توشی کێشە وگرفت وئازاروئەشکەنجەوبەندیخانەو ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز وسەرکاروکاسبی خۆی کەدوکانی پێڵاو فرۆشی بووە، حەسەن عومەرکەسێکی کاسب بووە، بەتایبەی کاری پێڵاو فرۆشتن، کەهەموو جۆر پێڵاوی لادەست دەکەوت وەک پێڵاوی باتە وتورکی وئیتاڵی وسینی، حەسەن عومەر یەکەم کەس بووە کە دوکانی پێڵاوفرۆشتنی لە شاری ڕوانـدز دانا جگە لەوە حسن


**حەسەن عومەر بەکر**

کەسێکی خێرخواز وهەژاردۆست وئەهلی جومحەوجەماعەت بووە ، لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٦/٦) بەنەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە هەرلەم شارە لە گۆڕستانی کاک ئەحمد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێ. حەسەن عومەربەکر (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (سبیحە ، نجیبە ، فەوزیە) هەروەها لە گەڵ (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (محەمەد ، عومەر ، عبداللە ، ئیسماعیل) .

٨٦- صدیق حارس ئاغا سولێمان ئاغا :-ناسراو بووە بە (صدیق حارس ئاغا) لەساڵی (١٩٠٨) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، سەدیق ئاغا پیاوێکی نەرمونیان هێمن ومەدریس خۆش وقسەخۆش بووە ، پیاوێکی پاک وخاوین و پۆشتەو دەم بە خەندەو پێکەنین بووە، گەلێک جار هاوڕێکانی توڕەیان دەکرد هەرلۆفشەی پێیان دەووت (سەدیق فەڕاش) زۆر لێیان حادز دەبوو، صدیق ئاغا یەکێک بوو لە خانەدان وکەسایەتی وپیاو ماقوڵانی شاری ڕوانـدز، صدیق ئاغای حارس ئاغای دەبێتە نەوەی سلێمان ئاغای کوڕی زانەوێر ئاغای کوری ڕەشاغای ڕواندزیە، صدیق ئاغا لەکاتی خۆیدا فەرمانبەری میری بووە لە قائیمقامیەتی قەزای ڕواندز، صدیق ئاغا بە دائم جلی زۆرجوان وخاوێنی دەبەردەکرد وەک ڕانکو چۆغەی مەرەزی سپی وخەت خەتی دەلینگ بەرین هەروەها سەدیق ئاغا پیاوێکی خوێندەوارو قسەزان ورۆشنبێرو زۆر ڕێک وپێک بووە، سەدیق ئاغا ماڵی لە تەنیشت ماڵی سەعید حارس ئاغا باوکی زانەوێر ئاغای برای خۆی بووە، زانەوێرسەردەمێک بەڕێوەبەری شارەوانی ڕواندز بووە، کە دەبێتە برازای صدیق ئاغای حارس ئاغای سەدیق ئاغا لە ساڵی (١٩٧٦) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە ڕوحی شادبێت، سەدیق حارس ئاغا (٢) دووکچی هەبووە بەناوەکانی (ڕۆناک ، ڕۆژگار) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (عوسمان ، محمد عەلی ، عومەر ، بورهان ، خەسرۆ) .



**صدیق حارس ئاغا**

٨٧- فتح اللەسەعید بەگ :- ناسراو بووەبە ( فتح الله بەگ) لەڕێکەوتی (١٩١٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، فتح الله بگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەرەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، فتح الله بەگ پیاوێکی زۆر هێمن ولەسەرەخۆ بووە، هەروەها کەسێکی ڕۆشنبیروقسەزان وتێگەیشتی وئاقل بووە، دوکانی، وەکالەتی مشن وبیبسی کۆکا کۆلاو سینالکۆوکراشی هەبووە، لە شاری ڕواندز ڕۆژانە دابەشیان دەکردە، سەرفرۆشیارەکانیان لەڕواندز ودەوروبەری، فتح الله بەگ کەسێکی کاسب بووە، ئەوکاری دەکرد بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانی فتح الله بەگ لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، لە ڕێکەوتی (١٩٧٥/٨/١٩) لە ئاوارەی لەکەمپی دیسفولی دەوڵەتی ئێران کۆچی دوای کردوە هەرلەم کەمپەش بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت فتح الله بەگ سێ ژنی هێناوە (١٥) پانزە منداڵی لەهەرسێ ژنەکانی لێ هەبووە، واتا (١٠) دەکچ و (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (سەدیق ، ڕەفیق ، شەفیق ، فەریق ، تاریق) .


**فتح الله بەگ**

٨٨- علی بەگ حمید بەگ :- ناسراوبوو بە (عەلی بەگ) لەڕێکەوتی (١٩٠٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، عەلی بەگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی وشاری ڕواندز، هەروەها پیاوێکی قسەزان هێمن ولە سەرەخۆو قسەخۆش بووە . عەلی بەگ مرۆڤێکی زاناوزیرەک وڕۆشنبیر و بەتوانابووە ، زۆرجار لەمەدریسەکاندا کە قسەی دەکرد خەڵکی گوێیان لێ دەگرد بە تایبەتی لە نوکتە وچیرۆک وبەسەرهاتەکانی سەردەمی کۆنی زۆر دەزانی کە دەیگێڕایەوە هەرحەزت دەکرد لەلای دابنیشیت عەلی بەگ جگە لەمەش کەسێکی بەئەمەک وباوەڕپێکراوکاسبکار بووە ، دوکانی عەتاری ومیوەی ووشک کراویشی دەفرۆشت لەدوکانەکەی خۆی وەک پەنیروهەنگوین وگوێزوبادەم ومێوژو هەموو جۆرە خۆراکی وەرزی زستانی دەفرۆشت، عەلی بەگ گەلێک جار لەوەرزی زستاندا کەوی کوژراوەی لەڕاوچیەکان دەکڕی بە


**عەلی بەگ**

قازانج دەی فرۆشتنەوە، عەلی بەگ مرۆڤێکی بەتوانا وڕاستگۆبووە ، لە ڕێکەوتی (١٩٧٢/٤/٧) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لە گۆرستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت عەلی بەگ (٦) شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبداللەبەگ ، حامد بەگ ، احمد بەگ ، ئیسماعیل بەگ ، فازیل بەگ ، صلاح بەگ) .

٨٩- عبدالله عەلی بەگ حمید بەگ :- ناسراوبە (حاجی عبدالله) لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، حاج عبدالله یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز عبدالله عەلی بەگ لەکاتی خۆیدا فەرمانبەری حکومەت بووە لە فەرمانگەی عقارات وتاپۆلە کارەکانی کەسێکی زیرەک وبەتوانا بووە، بۆیە ئەوکاتی دەکرێتە بەرێوەبەری عەقارات و تاپۆ تا ئەوکاتەی خانەنیشین کراوە بەڕێوەبەر بووە، حاجی عبدالله پیاوێکی ئیماندارونەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەهاکەسێکی هەژاردۆست وخێرخواز بووە ، هەربۆیە دوای خانەنیشن بوونی سەردانی ماڵی خوای کردوە واتە چۆتە زیارەتی مەکەو مەدینە بۆتە حاجی .جگە لەمەش حاجی عبدالله مزگەوتێکی زۆرگەورەی لە شاری ڕواندز لەگەڕەکی شەهیدان دروست کردوە، مزگەوتەکەجگە لە شوێنی نوێژکردن دووهۆلی بۆنەو تەحزیەی ئافرەتان و پیاوانی تێدایە هەروەها هۆڵێکی گەورەی نوێژکردنی بۆئافرەتانیش دروستکردوە ، خواپادشتی بە خێروچاکە بداتەوە ، حاجی عبدالله لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٨) بەنەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لە شاری ڕواندز لە گۆڕستانی گەروێ ڕەزان بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، حاجی عبدالله عەلی بەگ (٧) حەوت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (دلشاد ، ئازاد ، نەوزاد ، کامەڕان ، موحەمەد ، ئیبڕاهیم ، سۆران) .



**عبدالله عەلی بەگ**

٩٠-حاجی سەدیق بەکرسەعدوڵلا :- ناسراوبووبە (سەدیق زێڕنگەر) لەڕێکەوتی (١٩٠٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی سەدیق زێڕنگەر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، هەروەها کەسێکی خوێندەواروقسەزان و هێمن و دەم بەخەندەو پێکەنین قسەخۆش بووە، حاجی سەدیق پیشەوەرێکی زۆر زیرەک بووە بە تایبەتی لەپیشەی زێڕنگەری ، حاجی سەدیق لەکاتی


حاجی سەدیق بەکر سەعدوڵڵا

خۆیدا یەکەم کەس بووە کە دوکانی زێڕەنگەری لە شاری ڕوانـدز داناوە ، حاجی سەدیق وەستایەکی زۆر دەست ڕەنگین بووە بەتایبەتی لەدروستکردنی تاسەی زێڕو بسکۆکەوگۆبەرەو ناوند وگەردن لەغەو ئەنگوستیلە وخرخاڵ وخەزێم وبازنە ، خۆ دیارە حەیران بێژەکانی ئەوکات وزەمانی هەر لە بەرپیشەکەی حەیرانیان بەسەرهەڵگوتووە حاجی سەدیق زێڕنگەر لە ڕێکەوتی (١٩٧٣/١٠/١٤) لەشاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی کاک ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت.

٩١- مستەفا عبدالرزاق محمود :- ناسراو بووەبە (مستەفا حاجی ڕەزاق) لەساڵی (١٩١٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز حاجی مستەفا عبدلرزاق لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت بووە، لەسەر سیاسەت وکوردایەتی چەندین جار گیراوە وخراوەتە بە ندیخانەکانی ڕواندز و هەولێر وکەرکوک وبەغدادو سەماوەو نوگرە سەلمان . ئەو مرۆڤە نیوەی تەمەنی وژیانی لەزیندان بەڕێ کردوە، حاجی مستەفا پیاوێکی خواناس وزۆر تەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەها کەسێکی هەژار دۆست وخێرخوازبووە ، مستەفا عبدالرزاق لە تەمەنی منداڵی لەساڵی (١٩٢٤) چۆتە قوتابخانەلە قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتای تاپۆلی (٦) شەشەی سەرەتای خوێندوەلە ساڵی (١٩٣٦) بۆتە سەربازو تا پلەی (نائب زابت) وەردەگرێت، دوای خانەنیشن دەکرێت، دەست دەکات بەکاسبی دوکانێک لەناو بازاڕی شاری ڕوانـدز بۆ بژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی دادەنێت، تا ساڵی هەشتاکان ماڵی لەشاری ڕواندز بووە، دوای ماڵی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر لەم شارە نیشتە جێ دەبێت، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٤/٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حاجی مستەفا عبدالرزاق (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (جمشید ، جۆمرد ، جوامێر ، هاوار)



مستەفا حاجی ڕەزاق

٩٢-ڕەشید محمد شەریف:- ناسراوبووبە (ڕەشید بەفرۆ) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە قەزای ئاکرێ لەدایک بووە، ڕەشیدبەفرۆ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ڕەشید بەفرۆلەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز دوکانی عتاری دادەنێتەوە، دەست دەکات بەکارو کاسبی جارانی خۆی، ڕەشید بەفرۆ بە ئەسل ونەسەب خەڵکی قەزای ئاکرێ بووە، لەسەرکێشەیەکی کۆمەڵایەتی خۆیی وبراکەی لە تەمەنی (٢١) ساڵی بۆکاروکاسبی دێتە شاری ڕواندزلەم شارە نیشتەجێ دەبێت ناگەڕێتەوە شاری ئاکرێ ، ڕشید بەفرۆکەسێکی قسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین بووە هەرچەندە هەندێک جارلەکاتی قسەکردن وگاڵتە کردن لە گەڵ هاوڕێکانی خۆی تورە دەبوو کە چی دوای پەشیمان دەبوەوە، دەستی دەکردەوە بە پێکەنین وقسەی خۆش وهەڵیت و پەڵیت وبەزم ورەزمی جارانی ڕەشید بەفرۆلەوەرزی زستاندا لە دوکانەکەیدا عەتاری ومێوژو گوێزوبادەم وقەسپ وخورماوهەنگوین ودۆشاوی ترێی دەفرۆشت، هەروەها لەوەرزی هاوین زیاتر سەرقاڵی فرۆشتنی بەفری چیاو بەفری دەسکردی ئاشەکان دەبوو، بۆیە نازناوی بە ڕەشید بەفرۆ ڕۆیشت بووە، ناوی تەواوی ڕەشیدمحمد شریف بووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٧/٨/١٥) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ڕەشید بەفرۆ (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (نیهاد ، ئیحسان ، نەوزاد ، ڕەشاد ، ئازاد) .



**ڕەشید بەفرۆ**

٩٣- ئیسماعیل خدرحوسێن قەساب :- ناسراوبووە بە (سمۆی خدر قەساب) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ئیسماعیل خدرقەساب لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە سمۆی خدرقەساب مرۆڤێکی دەم بە خەندە و دەم بەپێکەنین وقسەخۆش ودونیا دیتە وقسەزان وڕۆشنبیربووە، لەتەمەنی گەنجی خۆیدا کاری قەسابی دەکرد، پیشەی قەسابی لە باوکی بۆی مابووەوە ، باوکی ئیسماعیل پیاوێکی دەوڵەمەند ومەڕداربووە، خاوەنی چەندین سەرمەڕوبزن بووە، هەروەها مەڕوجوانەگای دابەستی هەبووەو لە وەرزی زستان وسەرەتای مانگی بەهارڕۆژانە دووتاسێ سەری مەڕومانگای دابەستی بۆسەربڕین دەبردە سەربڕخانەی ڕواندزسەری دەبڕین وگۆشتەکەیان لە دوکانی خۆیان لە بازاڕی شاری ڕواندز ساغ دەکردەوە، ئیسماعیل قەساب هەرچەندە کەسێکی دەم بە پێکەنین ونوکتە چی وقۆشمە چی بووە، بەڵام کە تووڕە دەبوو دۆودۆشاوی تێکەڵ دەکرد گەڵێک جار لە گاڵتەو گەپ لەگەڵ هاورێکانی کەمێک حەسەبی دەبوو هەرچەندیش تووڕە دەبوو دوای دەستی بە گاڵتەو پێکەنین دەکرد لەگەڵ هاورێکانی ، هەروەها ئیسماعیل خدرقەساب فەرمانبەری حکومەت بووە، لەفەرمانگەی کشتوکاڵی ڕواندز بە ناونیشانی پاسەوان، سمۆی خدر قەساب لە سەری ساڵی نوێی ڕێکەوتی (١٩٨١/١/١) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ئیسماعیل خدرقەساب (٦) کچی هەبووە بەناوەکانی (ڕابیعە ، ژیان ، شەونم ، چنار ، پەیمان ، پڕشەنگ) هەروەها (٦) شەش کوڕی هەبووە بەناوەکانی (جەمال ، کمال ، ئیبڕاهیم ، خلیل، بەختیار ، سلێمان) .



**ئیسماعیل خدرحوسێن قەساب**


صدیق عەلی ئاغا

٩٤- صدیق عەلی باویل ئاغا:- نا سراوبووه بە (صدیق عەلی ئاغا) لە ڕێکەوتی (١٩٥٢/٧/١) لە شاری ڕوانــدزلەدایک بووه، صدیق کوڕی گەورەی علی ئاغای باویل ئاغایە، سەدیق یەکێکە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەدیق عەلی باویل مرۆڤێکی هێمن وڕۆشنبیروقسەزان ولەسەرخۆو دوورەشەڕبووه، هەروەها سەدیق لە هەمووسەردەم وکات وزەمانێک قەت وای نەکردوە کەکەسێکی لێ حادز بێت زیاتر چاکەی هەبووە بۆ دەوروپشتی خۆی ، سەدیق عەلی باویل پیاوێکی مەدریس خۆش بەخزمایەتی وکۆمەڵایەتی مرۆڤ دۆست وخێرخوازە، هەروەها وەک پیاوێکی ڕیش سپی دیارو ناسراوەوپێکراوە، صدیق عەلی باویل ئاغا ئێستاکەکەساڵی (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە لەشاری ڕواندز دادەنیشێت، سەدیق عەلی باویل ئاغا (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سیروان ، سمکۆ ، ئیبراهیم) .

٩٥- ئیسماعیل باپیر مستەفا سولێمان :- ناسراو بووە بە (سمایل باپیر) .لە ڕێکەوتی (١٩١٤/٧/١) لەگوندێکی ناوچەی سورچیایەتی لەدایک بووە ، ئیسماعیل باپیرلەساڵی (١٩٣٤) بۆکارو کاسبی هاتۆتە شاری ڕواندز لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، لە ساڵی (١٩٥٢) بۆتە پۆلیس، ئیسماعیل باپیریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئیسماعیل باپیرمرۆڤێکی هێمن ودەم بەخەندە وپێکەنین وکەسێکی زۆرسادە وڕۆشنبیروقسەزان ولەسەرەخۆ بووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٠/٨/١٤) لەشاری ڕوانــدز بەنەخۆشی کۆچی دوای کردوەلە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، ئیسماعیل باپیر (٤) چوارکوڕی هە بووە بە ناوەکانی (صالح ، محمد ، خالید ، ڕەشید).


سمایل باپیر



**سمكۆ حوسێن عەزیز**

٩٦- سمكۆ حوسێن عەزیز :- ناسراو بوو بە (دكتۆرسمكۆ) لە ڕێكەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، هەرچەندە سمكۆ حوسێن تۆزێک دەشەلی وچاوێكی نەبوو واتە كەم ئەندام بووە، بەلاَم توانی بووی بژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەكەی بەجوانی دابین، بكات سمكۆ كەسێكی ڕۆشنبیرو بەتواناو زیرەكوقسەزان بووە ، هەروەها كەسێكی زۆر كاسبكار دەسرۆیشت وبووە، جگە لەمە سمكۆ فەرمانبەری میری بووە لە بنكەی بەیتەریەی قەزای ڕواندز، لەو چەند ساڵەی كەسمكۆ لەفەرمانگەكەی كاری دەكرد، لە گەڵ دكتۆری ئاژەڵان لەفەرمانگەی وەک دكتۆركی لێهاتوو لەكارەكەی ڕاهاتبوو بە باشی چارە سەری ئاژەڵە نەخۆشەكانی دەكرد ، سمكۆ حوسێن لەبنەماڵەیەكی كورد پەروەركەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لە سەركوردایەتی چەندین جارئەشكەنجەو بەندیخانەی دیووە، هەروەها تووشی دەربەدەری وڕاوەدونان وئاوەرەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەكەی لەگەڵ خەڵكی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەكساڵ، لە ساڵی (١٩٧٤) گەڕاوەتەوە بۆ كوردستان و شاری ڕواندز وسەركارو وەزیفەكەی خۆی ، سمكۆ مرۆڤێكی قسەخۆش و مەدریس خۆش و بەخزمایەتی بووە، سمكۆ لە ڕێكەوتی (٢٠٠٠/٩/٨) لە شاری سۆران دەكەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلێكی باڵ هەڵگری گەورە ویەكسەرتەواودەبێت، كۆچی دوای دەكات لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاكسپێردراوە، ڕوحی شادبێت سمكۆ حوسێن (١) یەک كچی هەبووە بەناوی (نەزیرە) هەروەها لەگەڵ (٢) كوڕبە ناوەكانی (دڵشاد ، عبدالقادر) .

٩٧- ڕەشید حەسەن عبدالله ئۆغز :- ناسراوبوو بە (عریف ڕەشید) لە ڕێكەوتی (١٩٢٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، عریف ڕەشید لە بنەماڵەیەكی كورد پەروەروكەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لەكاتی خۆیدا سەربازی پكومەتی عێراق بووە، تا دەبێتە عریف دوای چەند ساڵ خانە نیشین دەكرێت ، لە بەرئەوە پێیان دەگووت عریف ڕەشید، دوای خانەنیشین دوكانی عەتاری لەبازاڕی شاری ڕواندز بۆخۆی دادەنێت بۆ بژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەكەی لەدوكانەكەی شەكرو چاو عەتاری وەک سابوون وتایدوكێک وبسكویت و ئەنواعی شەكەرات وكەلی ناو ماڵی

دەفرۆشت ، عەریف ڕەشید مرۆڤێکی زیرەک و ڕۆشنبیروقسەزان ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، زۆرحەزی لە میوان دەکرد هەروەها کەسێکی هەژاردۆست و خێر خواز بووە، مرۆڤێک بووە هەموو خەڵک خۆشیان دەویست، ڕۆژێکیان لای ئێوارە لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی لە گەڕەکی شۆڕش پیاسەیان دەکرد، بێ ئەوەی ئاگاداری هیچ تیقینەوەیەک بن لەلایەن بەرد بڕەکانەوە، لەناکاودا بێ ئەوەی خەڵکی لە قومپارە ئاگادار بکەنەوە لە کاتی تەقینەوەی لە پڕێکدا بەردێ بە مەسافەی زیاتر لە ٣٠٠مەتربەرز دەبێتەوە لە دووری ٣٠٠ مەتر دێتە خوارەوە بە نێوچاوانی عەریف ڕەشید دەکەوێت و یەکسەر کۆچی دوای دەکات لەڕێکەوتی (١٨) ١٩٧٢/١٢) لەگۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت عەریف ڕەشید (١) کچی هەبووە بەناوی (نەسرین) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (وشیار ، حەسەن ، خورشید ، کەریم ، وریا) .

٩٨- سەعید حاجی حوسێن محمد:- ناسراو بە (سەعید خاتونێ) لە ڕێکەوتی (١٩١٨/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە ، سەعیدی خاتونێ یەکێک بووە لەکەسایەتی شاری ڕواندز سەعیدی خاتوونێ پیاوێکی قسەزان وقسەخۆش وڕۆشنبیروزیرەک وخاوەن ئەزموون و بەتوانا بووە، هەروەها کەسێکی زۆرکاسبکار بووە، لەکاتی خۆی کاری بازرگانی کوتاڵی کردوە، لە سنورەکانی ناحیەی سیدەکان کەل و پەلی وەک شەکرو چاو کوتاڵی ئاڵوگۆڕ پێ کردووە، هەروەها دوکانێکی زۆر گەورەی کوتاڵی لە بازاڕی شارۆچکەی دیانە هەبووە، سەعیدی خاتونێ جگە لەکاسبی پیاوێکی خێرخوازو هەژار دۆست و زۆر ڕاستگۆ بووە ، کەسێکی باوەڕ پێکراو بووە. لە زستانی ساڵی (١٩٧٠) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردووە ، لە شاری هەولێر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت،


**سەعیدی خاتونێ**

٩٩- ئەنوەرمستەفا ئەفندی :- ناسراو بووە بە (ئەنوەرمستەفا فەندی) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕواندزلەدایک بووە، ئەنوەر مستەفایەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، زۆرحەزی لەخزمایەتی میوان دەکرد، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە،

لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندز، سەرکاروەزیفەکەی خۆی، کەفەرمانبەری میری بووە، ئەنوەرمستەفا ئەفەندی پیاوێکی چوارشانەی باڵابەرزی قەڵەوبووە، هەروەها ئەنوەر مرۆڤێکی قسەزان وهێمن و مەدریس خۆش وڕۆشنبیرو قسە خۆش بووە لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/١٠/٢٨) بە نەخۆشیەکی درێژخایەن لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە .لە شاری ڕواندز لەگۆڕستانی گەردە گەرد بەخاکسپێردراوە .ڕوحی شادبێت ، ئەنوەری مستەفا ئەفندی (٣) کچی هەبووە بە ناوەکانی (سۆزان ، ماجەمین ، نازەنین) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبەناوەکانی (فوئاد ، سیروان ، گۆران) .

١٠٠- عبدلقادر محمد قادرکباب چی:- ناسراو بوو بە (قادر کبابچی) .لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، عبدالقادر مرۆڤێکی هێمن و زیرەک و قسەخۆش بووە ، عبدالقادر کوڕی محمد کەباب چییە، موحەمەدی باوکی لەشاری ڕواندز یەکەم وەستا بووە لەدروستکردنی کەباب ، کەبابی وەستا محەمەد زۆر بە تام وکێژوخۆش بووە، هەروەها وەستا قادری کوڕی محمد کباب چی وەستایەکی پاکوخاوێن وکەبابێکی زۆر خۆش و بەتام وکێژولەزەتی دروست دەکرد ، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ڕووی لەشاری ڕواندز دەکرد ویەکسەر دەچوونە کەبابخانەی وەستاقادر کەبابچی گەلێک جارموشتەری خواردنی کەبابی بەرنەدەکەوت، عبدلقادرلەڕێکەوتی (١٩٧٢/١١/٥) لەشاری ڕواندز بە نەخۆشێکی کتوپڕ کۆچی دوای کردوە ڕوحی شادبێت، عبدلقادر (٢) دوو کچی هەبووە هەروەها لە گەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (محمد) .


١٠١- وەستاعەلی نوری عبدول ئەحد :- ناسراوبووە بە (وەستا علی بۆڕی چی) وەستا عەلی لە ڕێکەوتی (١٩٠٤/٧/١) لەگوندیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٣٣دەکەوێتە شاری ڕواندز لەم شارە نیشتەجێ دەبیت و ناگەڕێتەوە، وڵاتەکەی خۆی وەستا عەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەروکوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، وەستاعەلی بەئەسڵ ونەسەب خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە، بەهۆیکێشەیەکی کۆ مەڵایەتی لە تەمەنی گەنجی دێتە شاری ڕواندز، لەم شارە بۆ بژێوی ژیانی خۆی دەست دەکات بەکارو کاسبی دوای دەبێتە وەستای بەلوحە و بۆڕی چییەتی، واتە لەم شارە پیشەی بۆڕی چیەتی بووە، دوای لە فەرمانگەی ئاوی ڕواندز دامەزراوەبە شێوەی گرێ بەست وەستاعەلی

زیاتر لە (٢٥) ساڵ خزمەتی کارکردنی لەفەرمانگەی ئاوی ڕواندزهەبووە ، دوای تەمەنێکی زۆرخانەنیشن دەکرێت، هەرچەندە وەستاعەلی ناسنامەی شارستانی دەوڵەتی عێراقی نەبووە ، چونکەخەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی سەربەدەوڵەتی ئێران بووە، هەربۆیە وەستا عەلی لە سەر نەبوونی ناسنامە چەندین جار کێشەوگرفتی بۆ دروست بووە ، لە لایەن دامودەزگاکانی حکومەت هەروەها نەبوونی ناسنامەکەی کێشەی بۆ دوا ڕۆژی منداڵەکانیشی دروست کردبووە ، هەروەها خەڵکی شاری ڕواندز وەستا عەلی بۆڕیچی یان زۆرخۆش دەویست زۆر پشگیریان لێ دەکرد گەلێک جارکەتووشی کێشەو گرفت دەبوو لە هەرشوێنێکی دام ودەزگانی میری خەڵک دەبوون بەکەفیلی تا لەوکێشە ڕزگاری دەبوو. وەستا عەلی لەڕێکەوتی (١٩٧٧/٧/١١) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت. وەستا عەلی (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (شوکریە ، فەوزیە ، بەیان) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بە ناوەکانی (محمدڕازی ، ڕزگار ، نەوزاد ، سەرکەوت) .

١٠٢- ڕەشید قادر ئەحمد عالی :- ناسراوبووبە (ڕەشیدی زێڕینێ) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕوانــدز لە دایک بووە ڕەشیدیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، ڕەشید زێڕین پیاوێکی هێمن و قسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین وزۆرهەزەلی وقسەزان قۆشمە چی بووە، ڕەشیدزێڕین کەسێکی ڕووخۆش وسوحبت چی بووە، کەقسەی دەکرد خەڵکی بە پێکەنین دەهێنا بۆیە وەسفی ئەومرۆڤە ناکرێت لە کەسایەتی و تێکەل بە خەڵک و کۆمەڵگای ڕواندز، ڕەشید زێڕین لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت و ئاوەرەی و دەربەدەری بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز و سەر کاری وەزیفەکەی خۆی کە کارمەندی شارەوانی ڕواندز بووە، ڕەشیدی زێڕینێ خزمەتێکی زۆری شاری ڕواندزی کردووە، لەتەمەنی (٦٣) ساڵی خانەنیشین کراوە، ڕەشید زێڕین لە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/٣/٢٤) لە شاری ڕواندز بەنەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایکردوە ، لە شاری ڕواندز لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت ڕەشید زێڕین


**ڕەشید قادر ئەحمد**

(١) یەک کچی هەبووە بەناوی (مریەم) هەروەها لەگەل (١) یەک کوڕبە ناوی (سلێمان) .


حاجی مستەفای مەدێ

١٠٣- حاجی مستەفا محمود کوردە:- ناسراوبووە بە (حاجی مستەفای مەدێ) لەڕێکەوتی (١٩٠٢/٧/١) لە دایک بووە، حاجی مستەفای مەدێ یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوەردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی مستەفا مەدێ لەسەرکوردایەتی چەندین جارتووش کێشەو گرفت وئاوارەی بووە لەساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕوانــدز ئاوارەی دەولەتی ئێران بووە بۆ ماوەی یەکساڵ دوای لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز دەستی کردوە بە کاروکاسبی خۆی لەدوکانەکانی خۆی لەشاری ڕواندز ، حاجی مستەفا پیاوێکی زۆر زیرەک وڕۆشنبیرو ئاقل وباوەڕ پێکراوهێمن وقسەخۆش وخوێندەوارو قسەزان بووە، حاجی مستەفا دوکانی فرۆشتنی شەکروچاوقوماشی هەبووە، بەیانیان کە دەهاتە دوکانەکەی خۆی پیاوێکی زۆر ڕێک وپێک و پۆشتەوخاوێن بووە ، بە دائم جلی کوردی نوێی وگران بەهای لەبەردابووە ، هەروەهامرۆڤێکی ئیمانداروئەهلی مزگەوت وجومعەوجەماحەت بووە ، حاجی مستەفا مەدێ خاوەنی دیوەخانی خۆی بووە ، هەرکەسێ لەناوچەی باڵەکایەتی دەهاتە شاری ڕواندز لەدیوەخانی حاجی مستەفا مەدێ میوان دەبوو، گەلێک جارمیوانەکان بۆچەند ڕۆژوشەولە ماڵەکەی دەمانە ، حاجی مستەفا ناسراو بووەبە کەسێکی هەژار دۆست ومیوان دۆست ونان‌دەر، هەروەها حاجی مستەفا مرۆڤێکی خێرخوازو دۆستی هەژارانیش بووە، حاجی مستەفا لە ڕێکەوتی (١٩٨٣/٦/٣) لەشاری ڕواندز بەنەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حاجی مستەفا (٣) سێ کچی هەبووە لەگەڵ (١) یەک کوڕ بە ناوی (محمدسالح) .

١٠٤- سید فتاح محمود بەگ:- ناسراوبووبە (سیدفتاح) لە ڕێکەوتی (١٩٢٠/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، سەیدفتاح یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥)

حکومەتی عێراق لێبوردەی گشتی بۆکوردە ئاوارەکانی کوردستانی عێراق دەرکرد کە بگەڕێنەوە عێراق وکوردستان بۆ سەرماڵ وحاڵی خۆیان ئینجا سەید فتاح خۆیی وخێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، سەید فتاح مرۆڤێکی هێمن وقسەزان وقسەخۆش وخۆشەویستی ناوهاوڕێ ودراوسێکانی وخەڵکی شاری ڕواندزبووە، هەروەها سەیدفەتاح پیاوێکی زۆرکاسب وزیرەک وبەتوانا بووە، هەرکارێکی بکردایە بەڕێک وپێکی ئەنجامی دەدا سەید فتاح محمود بەگ لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٣/١٨) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کرد لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.

١٠٥- حاجی محمد مستەفا مەزهەر ئەفەندی:- ناسرور بووە بە (محمد مستەفا ئەفەندی- یان حاجی محمد ئەفندی) لە ساڵی (١٩١٠) لە شاری لەدایک بووە، حاجی محمد مستەفا ئەفەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی محمد مەزهەرپیاوێکی هێمن ولەسەرەخۆوقسەزان و قسەخۆش و بەخزمایەتی وهەژار دۆست وخیرخواز وباوەڕ پێکراو بووە، هەروەها کەسێکی ڕۆشنبیرومەدریس خۆش وناسراوی شاری ڕواندزو دەوروبەری بووە، حاجی محمد مەزهەردەبێتە برای شێخ سولێمان ئەفەندی لەڕێکەوتی (١٩٥٧/٦/٣) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی محمد مستەفا مەزهەر (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (مریم) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕبەناوەکانی (عەلی ، زرار ، فەرهاد ، شێرزاد) .



**محمد مستەفا مەزهەر**

١٠٦-حوسێن فتاح حاجی عەلی؛- ناسراو بووە بە (حوسێن ڕەش) لەڕێکەوتی (١٩١٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حوسێن ڕەش یەکێک بووە، لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لە کاتی خۆیدا لە سەرکوردایەتی گەلێک کێشەوگرفتی بۆدروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکاروکاسبی خۆی کە شوفێری لۆری قەلاب بووە، حوسێن ڕەش هەمووژیانی خۆی بەکاروکاسبی شوفێری لەگەڵ ئۆتۆمبێلە قەلابەکۆنەکەی بردەسەر یەکەم کەس بووە لە ساڵی (١٩٥٧) کە لۆری قەلابەی هێناوەتە شاری ڕواندز بەردوزیخ وچگل و خۆڵی بۆ خەڵکی دەگەیاندە شوێنی مەبەست، حوسێن ڕەش مرۆڤێکی خوێندەواو ڕۆشنبیروزیرەک وقسەزان وقسەخۆش وهێمن وبەخزمایەتی بووە، بەڵام هەندێک جارتوڕەی پێوە دیاربوو، هیوایەتی کاسبی وئیشکردن بووە، بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی گەلێک جاریارمەتی کەسانی هەژاری دەدا لەکاتی کارکردنی واتە کرێی گواستنەوەی شتومەکەکانی لەکەسانی بێدەرامەت وهەژار وەرنەدەگرت حوسێن فتاح لەڕێکەرتی (١٩٩١/٣/٣٠) لەکاتی داگیرکردنەوەی شاری هەولێر لە لایەن ڕژێمی بەعسی گولە هاوەنێک لە پێشی دەکەوێت چەند پارچەیەکی پێ دەکەوێت و بریندار دەبێت دوای چەند ڕۆژێک کۆچی دوای دەکات لەشاری هەولێربەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حوسێن فتاح حاجی عەلی (٧) کوڕی هەبووە بەناوەکانی (فتاح ، محمەدعەلی ، دڵشاد ، سەرکەوت ، سیروان ، نەورۆز ، نەوزاد) .


**حوسێن فتاح حاجی عەلی**

١٠٧- عەلی عبدالله عبدالقادر:- ناسراوبووە بە (عەلی مەکتەبە) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە ، یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، عەلی مەکتبە لە ساڵی (١٩٤١) پەیوەندی بەڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق دەکات ودەبێت بەیەکێک لە ئەندامەکانی حزبی شیوعی عێراق لە سەرئەم حیزبە چەندین جارتوشی ئازارو ئەشکەنجەوگرتن وبەندیخانە دەبینێت، بۆیە هەرکەسێک لەلای عەلی مەکتەبە دادەنیشت باسی سیاسەت ومەتح وسەنای حیزبەکەی وتیکۆشەرەکانی ئەو حیزبەی بۆ دەکرد ، هەروەها زانیاری تەواوی هەبوو لەسەرمێژوی شاری ڕواندزو دەوروبەری ، زۆر بەجوانی بۆهاوریێ ودۆست ولایەنگرانی خۆی دەگێڕایەوە ، عەلی مەکتە کەسێکی زۆرزیرەک ورۆشنبیروبەتوانا بووە بەتایبەتی دەربارەی کتێبخانە وخوێنەر وپۆلین کردنی کتێب وخوێندنەوەی کتێب وگۆڤارو ڕۆژنامەکان ، لەم بوارەدا شارەزایەکی تەواوی لەسەرکتێبخانەوکتێبەکان هەبووە ، عەلی مەکتەبە لە ساڵی (١٩٤٣) لەبازاڕی شاری ڕوانــدز بۆ خۆی دوکانێک دادەنیت و دەی کاتە پەڕتوکخانە بەناوی (مکتەبەی سەرکەوتن) تا ساڵی (١٩٥٨) دوای ناوەکەی گۆڕیووە لەسەرکەوتن بۆ (مەکتەبەی پێشکەوتن) ئەم مەکتەبەیە لەشاری ڕوانـدز هەرمابووە تا ساڵی (١٩٧٢) خەڵکێکی زۆرسودیان لێ وەردەگرت بەتایبەتی چینی قوتابی ومامۆستاوفەرمانبەران، ئەو پیاوە هەرچەندی باسی بکەی وەسفی ناکرێت ، عەلی عبدالله کەسێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیروقسەزان وزۆرقسەخۆش بووە ، تا لەژیاندا مابوو حەزی لە خوێندنەوەی کتێب وگۆڤارو ڕۆژنامەکان بووە، ڕۆژانە ڕۆژنامەی دەخوێندنەوە ، عەلی عبدالله لەڕێکەوتی (٢٠١٠/٧/٢٦) لە تەمەنی (٨٦) ساڵی بەنەخۆشیەکی کوشندە ماڵئاوای لەشاری ڕواندزورۆشنبیرانی شارەکەکرد، لەگۆرستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، عەلی مکتەبە (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (بەختیار ، ئازاد ، ڕزگار ، بێزار ، وشیار)



**عەلی مەکتەبە**

١٠٨- محمدجەرجیس یونس :- ناسراوبووبە (محمد جەرجیس) لە ڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە. محمدجەرجیس یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، لە سەرکوردایەتی چەندین جارتووش کێشەوگرفت وگرتن وئاوارەی بووە ، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ، محمەد جەرجیس ساڵانێکی زۆرخۆبەخشانە خزمەتی ماڵی خوای دەکرد بە تایبەتی خزمەتێکی زۆری مزگەوتی تەکیەی گەیلانی ڕوانــدزی دەکرد جگە لەخزمەتکردنی مزگەرتی تەکیە،



محمد جەرجیس

چەندین کاری خێرخوازی تری دەکرد وەک (أ) دابینکردنی خەرجی فەقێ وهەندێک لە مەلایان شاری ڕوانــدز (ب) پاکڕاگرتنی مزگەوتی تەکیە (ج) دابەشکردنی داهاتی ساڵانەی مزگەوت وەک دەغڵ ودانی زەویەکانی سەربە مزگەوتی تەکیە بەسەر ماڵە هەتیوەکان وهەژارەکانی ڕواندز (د) پەیداکردن پارەو داهات بۆخەرجیەکان و پێداویستیەکانی مزگەوت وەک کڕینی قوماشی سپی خام وخەزنە بۆکفن کردنی مردووەکان بێ بەرامبەر وەهەروەها بەردو بلوک و تابود بۆقەبرستان (خ) مزگەوتی تەکیەی ڕوانـــدز لەسەردەمی ئەودا وەک شوێنێکی گرینگی ئیحلامی بووە، هەرشتێک لەناوشاری ڕواندز بزدەبوو وەیان دەدۆزرایەوە موحەمەد جەرجیس لە موکەبیرەی سەوتی مزگەوتی تەکیە هاواری دەکرد تا ئەوکاتەی خاوەنەکەی دەهات وئامانەتەکەی خۆی وەردەگرتەوە ، موحەمەد جەرجیس وەک مرۆڤێکی تێکۆشەر بەرامبەر بە مزگەوتی تەکیە وشارەکەی خۆی زۆرماندوبووە و خزمەتی زۆری مزگەوتی تەکیەی ڕوانـدزی دەکرد بە بێ بەرامبەر هەروەها کەسێکی زۆر بەتواناوزیرەک ئاقل و بەتەقواو خاوێن وئەهلی زکرو تسبێحات وقورئان خوێن بووە، موحەمەد جەرجیس لەڕێکەوتی (٢٠٠٥/٣/٣١) لە شاری ڕوانــدز بە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوای کردو لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت ، محمد جەرجیس (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (صباح ، جەرجیس ، گەیلان ، ئەیوب) .

١٠٩- زانەوێر سەعید حارس ئاغا:- ناسراوبووە بە (زانەوێر سەعید ئاغا) لە ساڵ (١٩٤٧) شاری ڕواندز لەدایک بووە، زانەوێر سەعید ئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، زانەوێرلەسالآنی حەفتاکان سەرۆکی شارەوانی ڕواندز بووەزانەوێر لەسەر کوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفت بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی، لەساڵی (١٩٧٨) لەبەر بارو دۆخی سیاسی ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەم شارە نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، زانەوێرکەسێکی هێمن ورۆشنبیرو بەخزمایەتی و زیرەک وقسەزان و قسە خۆش بووە، زانەوێر لەرێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٦) بەنەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆرستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، زانەوێر سەعید ئاغا (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (بەناز) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (سەعید ، محمد ، سەرهەنگ) .



**زانەوێر سەعید حارس ئاغا**

١١٠- قادر خورشید ڕەشید:- ناسراو بووە بە (قادرئاغای خورشید ئاغای ڕەشاغای) قادرخورشیدلەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، قادرئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزقادر خورشیدهەرچەندە لەمنداڵی نەچۆتە بەر خوێندن و نەخوێندەوار بووە، بەڵام ئەوکەسێکی ڕۆشنبیرو قسەزان ودونیادیتە بووە، زۆر لەداستان وچیرۆک وبەسەرهاتی دەڤەرەکەی وکوردستان و جیهانی دەزانی، هەروەها قادرخورشید پیاوێکی دوورەشەڕو قسە خۆش وهێمن ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، لەژیانیدا هیوایەتی داچاندنی باغچە بووە، لەپێش ماڵی خۆی باغچەیەکی زۆر گەوری هەبووە کەپڕ بووە لەداری زۆر گەورەو درێژ باغچەکەی لەبەر سێبەر ئەوەندەفێنک وخۆش بووە، سەردەمانێک بەکرێی دابوو کرابوو بە گازینۆ، ئێواران خەڵکێکی زۆر ڕووی لەم گازینۆیە دەکرد، قادر ڕەشیدلە ڕێکەوتی (١٩٧٣/٥/٢٣) لەشاری ڕواندز بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆیلەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە،

ڕوحی شاد بێت، قادرڕەشید ئاغا (٥) پێنج منداڵی هەبووە (٢) دوو کچ و (٣) سێ کوڕکچەکانی بەناوەکانی (نەسرین ، حلیمە) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (سەردار ، زاهیر ئاغا ، سەرتیپ) .

١١١- نەزهەت حاجی سولێمان بەگ :- ناسراوبوو بە ( نەزهەت ئەفندی) نەزهەت کوڕی حاجی سلێمان بەگی کوڕی مەجید بەگ کوڕی ڕەسول پاشای برای میرمحەمەد بەگە لە ساڵی (١٨٦٥) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، نەزهەت ئەفندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هیوایەتی ئازادی وسەرکەوتنی میلەتەکەی وئازاد کردن وپێشکەوتنی میلەتەکەی وخاکی کوردستان بووە ، نەزهەت لەمنداڵی چۆتەبەر خوێندن لەحوجرەو مزگەوتەکانی شاری ڕواندز بۆ ماوەی چەند ساڵێک خوێندویەتی تا مەلایەتی تەواوکردوە، فێری زمان عەرەبی دەبێت چونکە قورئان بەزمانی عەرەبیە ، دوای بۆخوێندن دەچێتە تورکیا لە شاری ئەستەمبۆڵ لەبەرخوێندن چەند ساڵێک دەمێنێتەوە لەوێ فێری‌زمانی تورکی دەبێت ، نەزهەت مرۆڤێکی ڕاستگۆوقسەزان وزۆرقسەخۆش وزاناو دانا بووە ، نەزهەت ئەفەندی دیارە خوێندنەکەی وای کردبووە کە ببێتەکەسێکی زۆر تێگەیشتی وڕۆشنبیرونوسەروشاعێرێکی باش وزیرەکوچالاک وبەتوانای شاری ڕواندز ، شعرەکانی نەزهەت بە زۆری لە سەرخۆشەویستی و دڵداری بووە ، هەموو شعرەکانیشی دەست نووس بوونە ونەی توانیوە لە چاپیان بدات بۆیە سێ بەشی شعرەکانی فەوتاون ونەماون ، ئەمەی خوارەوە چەند دێرێکن لە شعرەکانی نەزهەت ڕواندزی کە دەڵێت،



نەزهەت ئەفندی

ئەڵێن جەهەننەم مەخصوص بۆمەستە
بەم ئاواتە قەت دڵ مەبەستە
گەرعاشق ومەست بچنە جەهەنەم
بەهەشت چۆل وهۆڵ وەک بەری دەستە.

ئەمەو چەندین شعری جوان وڕازاوەی داناوە ، نەزهەت ئەفندی لە تەمەنی (٥٤) ساڵی واتە لەساڵی (١٩٢٩) زاینی لە شار ڕواندز کۆچی دوای کردوە ، تەرمەکەشی لە شاری ڕواندز لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت.

١١٢- لەتیف نادرئاغا :- ناسراوبووە بە (مامۆستا لەتیف نادر) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، لەتیف نادریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیروکوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدزە، لەتیف نادرکوڕی نادراغای ڕوانـدزیە لە ساڵی (١٩٦١) چۆتە بەر خوێندن، خانەی مامۆستایانی لەشاری هەولێر تەواو کردوە ، ئەوکاتی کە لە پەیمانگابووە لە کودەتا ڕەشەکەی ساڵی (١٩٦٣) ی بەعسیەکان دەسگیر دەکرێت دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێت لە ساڵی (١٩٦٤) پەیمانگای تەواو دەکات یەکسەر دادەمەزرێت لە قوتابخانەی کەنداری سمایل ئاغادا ، لەتیف نادر لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت وڕاوەدونان وگرتن ودەربەدەری و ئاوارەی دەبێت، لە ڕێکەوتی (١٩٦٧/٥/٢٣) دەگیرێت ودەخرێتە بەندیخانە هەروەها کێشەی زۆری بۆ دروست دەکەن دوای نەفی کراوە بۆ خواروی عێراق، بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ لە شاری دیوانیە دەمێنێتەوە تا بەیانامەی (١١) ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) دووبارە دەگەڕێتنەوە بۆ کوردستان، لەڕێکەوتی (١٩٧٢/٣/١١) دەکرێتە سەر پەرشتیاری پەروەردەی هەولێر وەک بەرێوەبەری پەیمانگەی گەیاندنی مامۆستایانی شۆرش لەناوپردان لەکۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ناو پردان وەکو سەرۆکی لقی هەولێر ئەم ڕێخراوە بە یەکەم هەڵ دەبژێردرێت ، هەروەها لەتیف نادر دەستی شعیری هەبووە ، چەندین شیعری دەست نووسی هەبووە ، لە سەردەمی گەنجی خۆیدابەشی زۆری شعرەکانیشی لەسەر نیشتمان وکوردوکوردستان بوون بەڵام بە داخەوە نازانم بۆچی نەی توانیوە هەمووشعرە دستنوسەکانی خۆی کۆبکاتەوە بیان کات بە کتێب یان نامیلکەیەکی شعری ، گوایە شعرە دەسنوسەکانی لەلای خۆی پارێزراو بوونە تا ئەو کاتەی ماڵئاوای دەکات ، بەڵام نازانین لەدوای کۆچی دوای کردنی ئەو دەستنووسانەچیان بەسەرهات ولای کێی داناوە ، ئەمەی خوارەوە چەنددێرکن لەشعرە جوانەکانی لەتیف نادر کە دەڵێت...

ئەی ڕواندز هێندە جوانی دیمەنت شادومان ئەکا
ئاوی بێخالت سەرانسەردەردو دڵ دەرمان دەکا
ئەی ڕوانـدز فەخرە بۆتۆ شاخی هڵگوردت هەبێ
شاهی شـاخان ولات و کـوردی سۆرانت هـەبێ
کـەوابوو ..... ئەی ڕوانـدز شـاری شیرینی منی
جێی هەوارگەی کوردی سۆرانی دەردودەرمانی منی

لەتیف نادر پاش خزمەتێکی زۆربەکایەکانی پەروەردە لەڕێکەوتی (٢٠٠١/٦/٢٢) لە گەڕەکی ڕاپەرینی شاری هەولێرکۆچی دوای دەکات هەرلەشاری هەولێریش بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت.

١١٣- فتاح تۆفیق ئاغا :- ناسراوبوو بە (مەلا حەسەن) لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، فتاح تۆفیق یەکێک بووە لەبنەماڵیەیەکی تێکۆشەروکوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، فتاح تۆفیق مرۆڤێکی هێمن ولەسەرە خۆ و قسەزان بووە ، بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتی سیاس کەسێکی ڕۆشنبیر و زیرەک وبەتوانا بووە ، هەروەها لەبواری سیاسی دا مەلا حەسەن لەساڵی (١٩٤٩) تێکەڵ بەسیاسەتی حزبی شیوعی عێراقی دەبێت ، بۆتە ئەندامی حزبی شیوعی لە ساڵی (١٩٨٢) دەبێتە ئەندامی مەکتب سیاسی ئەوحزبە ، وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کۆچی دوای دەکات ، فتاح تۆفیق لەڕێکەوتی (٢٠٠٨/٢/٢٩) لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوای دەکات تەرمەکەی لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت ، مەلا حەسەن خاوەنی یەک کوڕ بووە بە ناوی (ئاسۆ) .


**فتاح تۆفیق ئاغا (مەلا حەسەن)**

١١٤- صاڵح نادر ئەحمەد محمود :- ناسراو بە (صاڵح نادراغا) لەڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لەشاری ڕوانـدز لە دایک بووە ساڵح کوڕی نادرئاغا کوڕی ئەحمەد ئەفند کوڕی محمود ئاغا کوڕی زانەوێرئاغای کوڕی ڕەشاغای ڕوانـدزی یە، ساڵح نادرئاغا لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت بووە، هەمووی ژیانی لە پێناو سیاسەت وکوردایەتی بردۆتە سەربۆیە چەندین جارتووشی گرتن دەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانــدز ئاوەرەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ ، هەروەها ڕەشاغای


**صاڵح نادراغا**

باپیرەگەورەیان ، لە سەردەمی میرمحمد بەگ میری سۆران سەرلەشکری میرنیشنی سۆران بووە ، صالح پیاوێکی ئازاو لێهاتوو بووە ، هەروەها صالح نادر ئاغا لە کاتی گەنجی خۆی بۆتە جێگری ئەفسەر لە سوپای عێراق لەکاتی خۆیدا لە دامەزراندنی یەکەم شانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری ڕواندز وەک ئەندام لەوحزبە بە شدار بووە ، هەروەها لە گەڵ کۆمەڵێک گەنجی نیشتمان پەروەری شاری ڕوانـدز کە سەربە حیزبی هیوا بوون . بەشداری کردەوە لەپەڕتوکی حیزبی هیوا لە هەولێر وەرگیراوە، لە گەڵ ئەو بەڕێزانە سەبری نجیب ، نەجات ئەفندی ، نشـەت ئەفند ، برایم ئاغا ، حوسێن ئاغا مستەفا حاجی ڕەزاق و چەندین هاوڕێی تر کە ژمارە یان (٤٢) کەس بووە ، صالح نادر ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٤/٢٠) لە شاری ڕوانـدز بە نەخۆشێکی کتوپڕکۆچی دوای کردوە ، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕوانــدز بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت. سالح نادر ئاغا (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (قوبات ، ئازاد ، دڵشاد) .

١١٥- خورشید ڕەشید :- ناسراو بوو بە (خورشید ڕەشۆ) لە ڕێکەوتی (١٩١٤/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە ، خورشید ڕەشۆیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی وپیاوماقوڵانی شاری ڕوانــدز، خورشیدڕەشۆ پۆلیس بووە لە پۆلیسخانەی ڕوانـدزبە ناونیشانی (ڕەئیس عورەفا شورتە) خورشید ڕەشۆلە پیشەی پۆلیسی خۆی زۆر زیرەک وئازاو چاو نەترس بووە ، هەروەها خورشید ڕەشۆپیاوێکی قسەزان و مەدریس خۆش بووە، گەلێک چیرۆک و بەسەر هاتی لا بووە کەدەی گێڕایەوە، بەدەمی خۆی زۆر بەسود بەلەزەت بوون خورشید ڕەشۆلە ڕێکەوتی (١٩٨٤/٥/٦) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی سمایل بەگی لەحلی خان لە شاری ڕواندز بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت .خورشید ڕەشۆ (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عزیز ، حەسەن) .

١١٦- حەسەن خورشید ڕەشید :- ناسراو بووبە (مامۆستا حەسەن خورشیدڕەشۆ) لەڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردوە .دوای دەچێتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێر بۆ ماوەی سخزێ سخاڵ دوای تەواو کردنی خانەی مامۆستایان دەبێتە مامۆستای سەرتای کوران لە قوتابخانەی ڕواندزی کوران مامۆستا حەسەن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدزە ، لە ساڵی (١٩٧٤)



حەسەن خورشید ڕەشید

لە سەر کوردایەتی لە گەڵ خێزانەکەی خۆی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ، ئەوجا لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوەسەر کارو وەزیفەکەی خۆی کەمامۆستا بووە، لەقوتابخانەی پاشای گەورە ، مامۆستا حەسەن خورشید وانەبێژێکی زۆربەتواناو بە ئەزمون بووە ، بەتایبەتی وانەووتنەوە بە پۆلی یەکەمی سەرەتای واتا ئەو قوتابیانەی تازە دەچوونە قوتابخانە و پۆلی یەکەمی سەرەتایی مامۆستا حەسەن خورشید لەتوانای دابووە زۆر بەجوانی قوتابی فێری ئەلف وبێی کوردی بکات. مامۆستاحەسەن خورشید ڕەشۆ لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/١) خانەنیشن دەکرێت . ئیستالە ژیانداماوە لەشاری هەولێر دادەنیشێت، مامۆستا حەسەن خورشید (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (د.یوسف ، عەزیز ، حوسێن ، خورشید ، ڕێگا) .

١١٧-حوسێن ئەحمەد محمد:- ناسراو بووەبە (حوسێنی بوکێ) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حوسێنی بوکێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حوسێنی بوکێ لەسەر کوردایەتی چەندین جار توشی بەندیخانەو ئەشکەنجەو دەربەدەری و ئاوارەی بووە ، حوسێن بوکێ کەسێکی سیاسی وقسەزان ورۆشنبیروزیرەک و بەتوانابووە، لەکاتی خۆیدا ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی بووە، دوای بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەرئەم حیزبە و تێکۆشان و کوردایەتی یەکسەر دەگیرێت ولەڕێکەوتی (١٩٧٥/٦/٧) لەشاری موسڵ لە سێدارە دراوە، واتە بەدەستی ڕژێمی بەعسی عێراق گولە باران کراوە، تەرمەکەشی لەشاری ڕواندز لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، حوسێنی بوکێ (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عادل ، محرم) .


حوسێنی بوکێ

١١٨- زرار محمد مستەفا مەزهەر :- ناسراو بووە بە (مامۆستا زرار) لە ڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە مامۆستا زرار محمد مستەفا مەزهەریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزومامۆستا زرار لەساڵی شەستەکانی سەدەی بیستەم بۆماوەی (٤) چوارساڵ دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان لەشۆڕشی ئەیلول دوای ئەوماوەیە گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەمامۆستایی قوتابخانەی سەرەتای بووە، مامۆستازرار لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی گرتن وبەندیخانەو ئاوارەی ودەربەدەری بووە، هەروەها چەندین جار بێ ڕێزی پێ کراوە لەلایەن دارو دەستەیی حکومەتی بەعس عێراق، مامۆستا زرارکەسێکی بە ئەزمون وبەتواناوڕۆشنبیرو هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بووە، لە ساڵی (١٩٦٩- ١٩٧٠) دەستی داوەتە هونەری مۆسیقای کوردی چەندین تیپی بە سەرکەوتووی پێ گەیاندوە وەک تیپی مۆسیقای ڕوانــدز وتیپی مۆسیقای پاشای گەورە هەروەها لەڕووی خۆش نوسی وشێوەکاری وشانۆی گەری کوردی دەستێکی باڵای هەبووە، لە دەیان شانۆگەری لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەشدار بووە، بەتایبەتی لەساڵی (١٩٧٠تاساڵی١٩٧٤) دەورێکی باڵای گێڕاوە مامۆستا زرار یەکێکە بووە لە گەورە هونەرمەندەکانی کوردستان وشاری ڕوانــدز، هەروەها مامۆستا زرار لە قوتابخانەی پاشای گەورە مامۆستای وانەی ئینگلیزی بووە لەزمانی ئینگلیزی زۆرزیرەک وبەتوانابووە، مامۆستا زرار تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات هاوسەرگیری نەکرد، مامۆستا زرار هونەرمەندی گەورە لە ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٧) لە ماڵەکەی خۆی کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، بەبۆنەی کۆچی دوای مامۆستا زرار، شاعێرێکی بەڕێزی شاری ڕواندز (عومەر مستەفا سەعید ڕواندزی) لەچەند دێرە شعرێکدا کە، پێشکەشی کردوە بەگیانی پاکی هونەرمەندی گەورە (مامۆستا زرار محمەد مستەفا مەزهەر) ئەمەش لەشعرەکەیەیدا کە دەڵێت،



**مامۆستا زرارمحمد**

دەگمەن ئەوانەن بە جەستە مردوون
ڕوحیان واشادەو...هەمیشە زیندوون

ئەوەی بۆ (ڕاژەی) ...گەلا ژیبابیّ
لەهزری میللەت سەربەرزوزیندوون

*****

لە مەڵبەندی وەستا ڕەجەب
لە شارەکەی میری سۆران
تەمێکی ڕەش ئاسمانی ئەم دەڤەرەی داپۆشیوە
ڕواندزەکەم تارای ڕەشی وا پۆشیوە
پرسیم ئاخۆ مەرگی کێیە؟"
پرسەو ماتەمینی هونەرمەندیّ
ژیانی گەنجی وپیری وتوانای
ئابەم شارەدا بەخشیووە"
لەم ڕۆژەی ماڵئاوایت لەم خاکەکرد
هەورێکی ڕەش ئاسمانی شارەکەمی داچنیووە
فرمێسکی خەم وپەژارە لەچاوی لاوەکان هەڵوەریوە
لەئاسمانی هونەریتدا...
ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار بوویت
لەشەوێکی ئەنقوستە چاو
مەلی هیواو خەونەکانت...
بەرەو لوتکە هەڵفریووە

١١٩- حاجی عەلی ئەلیاس قەساب:- ناسراو بووە بە (حاجی عەلۆی قەساب) لەڕێکەوتی (١٨٩٢/٩/٢٧) لە شاری ڕواندز لە دایک بووەحاجی عەلۆی قەساب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی عەلۆی قەساب کەسێکی زۆرزیروک وبەتواناوکاسبکارودەوڵەمەند بووە، لە دوکانی خۆی سەرقاڵی فرۆشتنی پەنیروژاژی و پێستی حیوان و ڕیخەلۆکەی وشک کراو ومازی وگوێزو بادەم و پێستە ڕێوی ودەڵەکی لە بازاڕی شاری ڕواندز دەفرۆشتن، هەروەها حاجی عەلۆقەساب مرۆڤێکی زۆر خێرخوازو هەژاردۆست و هێمن و ڕۆشنبروقسەزان وبە خزمایەتی ومیوان دۆست وئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، حاجی عەلی ئەلیاس قەساب لە ڕێکەوتی (١٩٧١/٣/٥) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕوانــدز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی عەڵۆی قەساب (٦)

شەش کچی هەبووەبەناوەکانی (گولیزار ، مریەم ، ئامینە ، مسری ، قانیعە ، ) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (مامۆستا محمد الیاس) .

١٢٠- محمد الیاس عەلی الیاس :- ناسراوبووە بە مامۆستا (محمد حاجی عەلۆی قەساب) لە ڕێکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لە شاری ڕواندزلەدایک بووە، محمد الیاس یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، محمد الیاس خوێندنی سەرتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردوەو دوای لە ساڵی (١٩٦١) چۆتەخانەی مامۆستایانی شاری هەولێر، محمد الیاس لە ساڵی (١٩٦٤) کەخوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات ودەگەڕێتەوە شاری ڕواندز دادەمەزرێت دەبێت بە مامۆستای سەرەتای لە قوتابخانەی زۆزکی سەرتای کوڕان، وەک مامۆستای وانەی بیرکاری دەست بەکاردەبێت مامۆستا موحەمەد الیاس مامۆستایەکی زۆر زیرەک و وانە بێژێکی بە ئەزمون ورۆشنبیروزاناوتێگەیشتی بووە، هەروەها لە گەڵ قوتابیەکانی قوتابخانەکەی زۆرباش ونەرم ونیان بووە، جگە لەمەش زۆر یارمەتی قوتابیە هەژار وهەتیوەکانی دەدان وزۆر ڕێزی دەگرتن مامۆستا الیاس عەلی قەساب کەسێکی کورد پەروەرو دۆستی پێشمەرگە بووە، هیوایەتی سەرکەوتنی شۆڕش وهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، تاماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز ، مامۆستا محمد الیاس لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/٨) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە سەر داوای خۆی لە شاری ڕواندز لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپیردراوە، ڕوحی شاد بێت، مامۆستا الیاس عەلی قەساب (٣) سێ کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (ئەردەلان ، کامەڕان ، عەلی) .



**محمد الیاس علی**

١٢١-محمد ئیبراهیم ئەحمەد:- ناسراوبووە بە (مەمەدی حاجی برایمی) محمد حاجی ئیبراهیم لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، موحەمەدیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مەمەدی حاجی برایم لە سەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت و دەربەدەری وئاواری

ئەشکەنجە وبەندیخانەکان بووە، محەمەد حاجی ئیبراهیم هیوایەتی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بووە ، هەروەها هیوایەتی ئازادی ویەکرێزی وتەبای حزبەکوردستانیەکان بووە .محمد کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرو بەئەزموون وقسەزان و ئاقل وتێگەیشتی کوردپەروەر بووە ، هەروەها پیاوێکی زۆرکاسب بووە ، بەتایبەتی لەکاری تەندەری واتا قۆندڕات ئەوکارانەی دەکرد ، وەک دروستکردن ونۆژەن کردنەوەی دیواری پاڵپشت شەقامەکان جۆگاوقەنتەرە وباڵەخانەکۆنەکانی حکومەت ، محمدحاجی برایمی مرۆڤێکی پۆشتەوڕێک وپێک وپاکوخاوێن بووە ، بە دائیم جلی کوردی وڕانکوچۆخەی دەلینگ بەرینی کوردی لە بەردەکرد، ئەوخۆی وەک کەسێکی زۆر دەوڵەمەند و پارەدار نیشان دەدا ، بۆیە گەلێک کەس بەمحمد چەلەبی ناویان دەبرد ، یان پێیان دەوت چەلەبی ، بەڵام ئەوکەسێکی هێمن وزۆر سادە بووە ، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٠/١٦) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات ولە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، محمدحاجی ئیبڕاهیم (١) یەک کچی هەبووە، بەناوی (ڕۆناک) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (کۆچەر ، دلشاد ، ئیسماعیل ، دارا ، کەوکەس) .



**محمد ئیبراهیم ئەحمەد**

١٢٢- حوسێن ئەحمد محمد :- ناسرا بووە بە (حوسێن سورچی) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە کانی تاوکی شێخلەری دەڤەری سورچیایەتی لە دایک بووە حوسێن سورچی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حوسێن سورچی لە تەمەنی منداڵی لەساڵی (1942) لەگەڵ خێزانەکەی واتە دایک وباوکی لەبەرکێشەیەکی کۆمەڵایەتی گوندەکەی خۆیان لە دەڤەری سورچیایەتی جێ دەهێڵن بۆخۆدورخستنەوە لەشەڕو ئاژاوەماڵیان بار دەکەن دێنە گوندی ماویلیانی سەربە قەزای ڕواندز، ئینجا لەدوای ماوەی چەند ساڵێک لە بەرنەبوونی قوتابخانە بۆ خوێندن بۆمنداڵەکانی لە ساڵی (١٩٧٠) ماڵی خۆی لە گوندی ماویلیان دەگوازێتەوە بۆشاری ڕوانـدز ، هەروەها حوسێن سورچی لە فەرمانگەی ڕێگاوبان فەرمانبەر بووە، بە ناونیشانی ژمێریاری واتە (محاسب) ئیشخال، حوسێن لەسەر سیاسەت وکوردایەتی توشی گرفت و کێسەی دەربەدەری وئاوەرە زۆر بووە، گەلێک جارلە لایەن ڕژێمی بەعس بەغداد بەهۆی سیاسەت وکوردایەتی توشی بەندیخانە بووە ،

حوسێن ئەحمد محمد لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٧) لە شاریڕوانـدز کۆچی دوا کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت ، حوسێن سورچی (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (جەماڵ، کامەڕان ، شادومان ، بۆتان) .

١٢٣- عبدالله حوسنی عبدالله ئەفندی :- ناسراو بووە بە (عبدالله حوسنی ئەفندی ) لە ساڵی (١٩٠٩) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، عبدالله ئەفندی کوڕی حوسنی ئەفەندی لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز بووە، عبدالله پیاوێکی لە سەرە خۆو نەرم ونیان وقسەزان ڕۆشنبیر بووە، عبدالله ئەفەندی لەکاتی خۆیدا پۆلیسی گومرگ بووە لەناحیەی دیانا لەکارو وەزیفەکەی خۆی عبدالله ئەفەندی کەسێکی زۆرزیرەک وبەتوانا و ڕاست وئەمین ودەست پاک بووە ، هەروەها مرۆڤێکی دەم بەخەندە وپێکەنین بووە، لە ساڵی (١٩٦٣) خانەنیشن کراوە، لەساڵی (١٩٧٥) لە شاری ڕوانـدزکۆچی دوای کردوە ، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحـی شاد بێت، عبدالله ئەفەندی (٣) سێ کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (ڕەفعت ، مەجید ، حیکمت) .

١٢٤- ڕەفعت عبدالله حوسنی عبدالله:- ناسراو بوو بە (ڕەفعت ئەفندی حوسنی) لە ڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، ڕەفعت ئەفندی حوسنی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، ڕەفعت عبدالله هەرلەتەمەنی (٢١) ساڵی دەبێتە سەرباز تا ئەوکاتەی خانەنیشن دەکرێت هەموو تەمەنی خۆی لە سەربازی بەڕێ دەکات، دوای بە پلەی نائب زابت خانەنیشن دەکرێت خزمەتی زۆری لە ناوسوپای عێراق کردوە، ڕەفعت پیاوێکی هێمن وڕۆشنبیروقسەخۆش وقسەزان مەدریس خۆش بووە، زۆر جار لە مەدریسەکان کە




**ڕەفعت ئەفندی حوسنی**

دەستی بەقسەکردن دەکرد، هەرحەزت دەکرد گوێ لە قسەکانی بگریت جگە لەوەش چیرۆک ونوکتەی زۆر خۆشی لەمەدریسەکانی بۆهاوڕێکانی دەگێڕایەوە، لەڕێکەوتی (٢٠٠٤/٧/٨) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ڕەفعت عبدالله حوسنی (٢) دووکوڕی هەبووە

لەگەڵ (١) یەک کچ بەناوی (تانیە) هەروەها لەگەڵ (٢) دوو کوڕ بەناوەکانی (شوان ، سۆران) .

١٢٥- حیکمەت عبدالله حوسنی ئەفندی :- ناسراو بووە بە (مامۆستاحیکمەت ئەفندی) لەڕێکـەوتی (١٩٤٥/١٢/١٠) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، مامۆستا حکمت یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، مامۆستا حیکمەت خوێندنی سەرتای وناوەندی ودواناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردووە لەڕێکەوتی (١٩٧٠/٣/١٦) بەمامۆستا دامەزراوە بۆتە مامۆستایەکی چالاک وزۆر زیرەک وبەتوانا لە ڕوی وانەبێژی وچالاکیەکانی قوتابخانەکەی هەروەها لە ڕووی وەرزشی قوتابخانەکان مامۆستایەکی زۆر چالاک و سەرکەوتوو بووە ، مامۆستا حکمەت لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ خەڵکی شاریڕوانــدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، هەروەها مامۆستاحیکمەت ئەفەندی مامۆستایەکی ڕۆشنبیرو قسەزان وزیرەک وبەتوانا وهێمن وبەخزمایتی بووە، مامۆستا حکمەت لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٧/١) لەکاڕی ماۆستایەتی خۆیی خانەنیشن کراوە، مامۆستا حکمەت لەژیاندا ماوە لە شاری هەولێر دادەنیشێت، مامۆستا حیکمەت (٢) دووکوری هەیە بە ناوەکانی (گەیلان و کارزان) .




**مامۆستا حکیمەت عبدالله**

١٢٦ – ئەحمەد عەلی ئیبراهیم عەلی:- ناسراو بووە بە (حمد علی) لە ڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە دایک بووە، ئەحمەد عەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئەحمد عەلی لەسەر کوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەو گرفت وگرتن ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبن بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزو سەرکاروکەسابەتی خۆی، ئەحمەد عەلی مرۆڤێکی زۆرهێمن و قسەخۆش وقسەزان بووە، لە قسەکردن دا پیاوێکی زۆرنەرم ونیان ولەسەرەخۆ بووە، هەروەها کەسێکی ئیمانداروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، ئەحمەد عەلی ئیبراهیم لەڕێکەوتی (١٥/ ١٩٩١/٥) بەنکاوی لە لایەن مێردمنداڵێک دەمانجەی لە دەستی دەردەچێت بە ئەحمدعلی دەکەوێت وبەسەختی بریندناردەبێت ورەوانەی نەخۆشخانەی

تەواڕی شاری هەولێردەکرێت دوای پێنج کاتژمێرلە درەنگانی شەوگیانی لەدەست دەدات وکۆچی دوای دەکات.لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت ، ئەحمد عەلی (٦) شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئەیوب ، خالید ، زرار ، هێمن ، هەرێم ، ڕێبین) .

١٢٧- حەسەن یوسف شێخۆ:- ناسراوبووبە (وەستاحەسەن وسوو) .لەڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لە دایک بووەبەئەسل و نەسەبە لە هۆزی هەرکی بووە وەستا حەسن لە تەمەنی لاوی بە هۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی دورخستۆتەوە لە هۆزەکەی کەوتۆتە شاری ڕوانــدزلەم شارەخۆی سەرقالی کارو کاسبی و کرێکاری کردوە، بەرە بەرە لە کرێکاریەکەی دەبێتە وەستای خانووبەرە بە ماوەیەکی زۆر کەم لەبەر زیرەکی و بەتوانای خۆی بۆتەوەستایەکی زۆرزاناو زیرک، ئەوجا دەست دەکات بە دیواری خانوو دروستکردن ناوبانگی بڵاو دەبێتەوە وەک وەستایەکی باش لەناوخەلکی شاری ڕوانــدز و دەوروبەری، ئینجا هاوسەرگیری دەکات و لە شاری ڕوانــدز نیشتە جێ دەبێت، وەستا حەسەن کەسێکی کورد پەروەروبەڕێز و کەسایەتی شاری ڕوانـــدز بووە، هەروەهاپیاوێکی زۆر قسە خۆش ودونیا دیتە و لەسەرخۆ بووە، خاوەنی دوو ژن بووە ، لە ژنی یەکەم (٣) کوڕی هەبووە ، لە ژنی دووەمی (٧) کوڕی هەبووە ، لە هەردوکیان کچی هەبووە وەستا حەسەن لەڕێکەوتی (١٩٧٩/١١/١٧) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕشستانی گەردەگەر دنێژراوە، ڕوحی شادبێت وەستا حەسەن یوسف (٤) چوارکچی هەبووە بەناوەکانی (نازەنین ، خەجیج ، بەفرین ، ڕەنگین) هەروەها لە گەڵ (١٠) کوڕبە ناوەکانی (حوسێن ، سەعید ، نەجیم ، تاریق ، کەیفی ، ڕێبوار ، دلاوەر ، ڕزگار ، عەباس ، یوسف) .



**حەسەن یوسف شێخۆ**



عزیزی موختار

١٢٨- عزیز سولێمان حوسێن:- ناسراو بووە بە (عەزۆی موختاریان عزیزی موختار) لە ڕێکــەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەگوندی کانیە قوڕی سەر بەقەزای ڕواندز لە دایک بووە، عزیز سلێمان یەکێک بووەلە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، عەزیز موختارمرۆڤێکی هێمن وقسەخۆش ودەم بە خەندەو پێکەنین ومەدریس خۆش ڕۆشنبیر بووە، هەروەها پیاوێکی ئاقل وتیگەیشتی بووە، زیرەکی وزانای ئەو وای کردوەکە حکومەتی عێراق باوەڕی تەواوی پێبکات وبیکات بە موختاری گوندی کانیەقوڕ، عزیزموحتار لەکاری ڕۆژانەی خۆی زۆر زیرەک وبەتوانا بووە، عەزیز زۆربەڕێک وپێکی کاروباری هاولاتیانی ڕواندزو دەڤەرەکەی بەمۆری موختار ڕادەپەڕاند عەزیز موختارلە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١٢/١٨) لەڕۆژێکی تەم ومژاویدا بە کارێکی تیرۆرستی بەبێ سوچ و گوناه خۆی وکچەکەی شەهید دەکرێن، لە گەردەگەردی شاری ڕواندز بەخاکسپێردراون، ڕوحی شاد بێت. عزیز موختار (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (غازی ، سلێمان ، مەهدی ، ئیبراهیم) .

١٢٩- حوسێن حەسەن ڕەسول:- ناسراوبە (حوسێن دوزەڵە) حوسێن لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕوانـدز لە دایک بووە ، حوسێن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدزچەندین جارلەسەرکوردایەتی کێشەوگرفتی بۆ دروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ ، حوسێن کەسێکی بەخزمایەتی و تێکەڵاوقسەزان وقۆشمەچی ودەم بەخەندە وپێکەنین ، لە ناودۆست وخەڵکی ناسراو دیاربووە ، هەروەها حوسێن گەلیک جارچیرۆک وبەسەرهاتی پێشینانی دەگێڕایەوە، دیارە لەکاتی گەنجی خۆیدا دوزەلەی دروست کردوە ولە بۆنەکانیش گەلێک جارلە کاتی هەلپەڕکێ وشای وڕەشبەڵەکدا بۆسەما کەرانی دەژەنی هەربۆیە ناسراو بووە بە حوسێن دووزەڵە ، جگە لە مەش حوسێن دوزەڵە لە کاتی خۆی وەک وەستا خانووی دیواری



حوسێن حەسەن ڕەسول

خانووی دروست دەکرد ومارنجی دیواری خانووی دەرەوەو ژوورەوەی سواق دەکردن هەروەها سەرەسواندەی خانووەکانی بە قورڕچاک دەکردەوە، گەلێک جاریش بەردی بۆدیواری خانووەکان نەقار دەکردن، حوسێن کەسێکی زۆر زیرەک وبە تواناوبووە، هیوایەتی ڕاوکردن بووە بە تایبەتی ڕاوی کەودەسکە داوی‌بەدائیم هەبووە بۆگرتن باڵندەی کەو هەروەها چەندین کەوی لەقەفەزکردبوو لەماڵەوە بە خێوی دەکردن بۆڕاو پێکردنیان بەکاری دەهێنان لەوەرزی زستان ڕاوی پێدەکردن ، حوسێن دوزەڵە لەڕێکەوتی (٢٠٠٢/٥/١٦) لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای کرد لە گۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت، حوسێن (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (محمد ، عبدالله ، حەسەن) .

١٣٠-حاجی محمود ئەحمەد فتاح:- ناسراو بووە بە (حاجی محمود بەزاز) لە ساڵی (١٩٠٤) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە حاجی مەحمود یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی محمود پیاویکی هێمن وڕاستگۆ ودەست پاک وئەمین بووە، کاروکاسبی ئەوبەڕێزە قوماش فرۆشی بووە، بۆیە ناسراو بووە بە حاجی محمود بەزاز هەروەها پیاوێکی بەتەقواو ئیمانداروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، پیاوێکی خێرخواز وهەژاردۆست بووە سەردانی ماڵی خوای کردبوو، چیرۆک وبەسەرهاتی پێشینانی دەگێرایەوە لە قسەکردن مرۆڤێکی زۆر قسەزان وڕۆشنبیرومەدریس خۆش بەخزمایەتی وزۆرزان بووە، هەروەها حاجی محمود بەزاز (٢) دوو ژنی هێنابووە، لە ژنی یەکەم (٣) سێ کوڕی هەبووە، لە ژنی دووەم (٨) هەشت کوڕو (٣) سێ کچی هەبووە، حاجی مەحمود بەزاز لەڕێکەوتی (١٩٧٩/٥/١٩) بە نەخۆشی لە شاری ڕوانــدز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.حاجی محمود (٣) کچی هەبووە بەناوەکانی (پیرۆز ، فاتیمە ، حەیات) هەروەها لەگەڵ (١١) یانزە کوڕ بە ناوەکانی (عەزیز ، سەعید ، سولێمان ، فەتاح ، خالید ، کەریم ، مەحەمەد ، یوسف ، غەفور ، سەتار ، بەدیع) .



**حاجی محمود بەزاز**


١٣١:- جەودەت عبدالله مەلامحمد ئەمین:- ناسراو بووە بە (جەودەت ئەفندی) جەودەت کوڕی عبدالله کوڕی مەلا محمد ئەمین کوڕی مەلاعومەرئەفندی لەڕێکەوتی (١٩١٧/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە بنەماڵەیەکی زاناو کوردپەروەروکەسایەتی شاریڕوانـــدز لەدایک بووە ، خوێندنی سەرەتای وناوەند و دواناوەندی لە شاری ڕوانـدز تەواو کردوە، دوای چۆتە هەولێرو خانەی مامۆستایان دوای سێ ساڵ خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواودەکات، دادەمەزرێت لە شاری هەولێربە مامۆستا لە قوتابخانەی بێخاڵی سەرەتای کوڕان دەبێتە بەرێوەبەر، مامۆستا جەودەت ئەفندی کەسێکی زۆر بەتواناو زیرەک وچالاک بووە، لە کارەکانی قوتابخانەکەی مامۆستاو قوتابیانی ئەوکاتی زۆرلێی ڕازی بوونە لە بەرزیرەکی ودڵسۆزی بەرامبەربەمامۆستاو قوتابی قوتابخانەکەیان ، لە ساڵی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق داوای لەجەودەت ئەفندی کردوە کە ببێتە پارێزگای هەولێر بەڵام ئەوڕەتی کردۆتەوە لە ساڵی (١٩٧٦) خۆی خانەنیشن دەکات .لەساڵی (١٩٨٨) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، جەودەد (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (د.بۆتان ، ئاوات ، توانا) .

١٣٢- نەجیم عبدالله مەلامحمد ئەمین :- ناسراو بە (نەجیم درێژ) نەجیم کوڕی عبدالله کوڕی مەلا محمدئەمین کوڕی مەلا عومەرئەفندیە .لەڕێکەوتی (١٩١٠/٧/١) لەشاری ڕوانـدزلە دایک بووە، نەجیم یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، لە ساڵی (١٩٣١) بۆتە پۆلیسی خەیاڵە لەکاروئەرکەکانی پۆلیسی خۆی کەسێکی ئازاو زۆرزیرەک وبەتوانا بووە، لە ساڵی (١٩٦٧) خۆی خانەنیشن کردوە، دەستی بەکارو کاسبی کردوە، بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیی وخێزانی دوکانی فرۆشیاری عەتاری وشەکەراتی لەناو بازاڕی شاری ڕواندز داناوە، دوای (بایع) ی لە حکومەت وەرگرتووە بۆتە فرۆشیاری شەکرو چاوبرنج وڕۆن وتایدوسابون هەموو خۆرە خۆراکێکی لادەست دەکەوت، لە گەڵ هەموو جۆرەوشەکەرات نەجیم درێژلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕوانـــدزدووبارەدوکانی داناوەتەوە جگە لەمەش نەجیم پیاوێکی زۆرهێمن ولەسەرە خۆ وقسەخۆش ورۆشنبیربووە، گەلێک چیرۆک وداستان وبەسەرهاتی بۆ هاوڕێ وکەسانی دەوروبەری خۆی دەگێڕایەوە، بەتایبەتی بیرەوەریەکانی سەردەمی خۆی باس دەکرد، نەجیم مرۆڤێکی قسەزان ودونیا دیتە بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٧/١٨) کتوپڕکۆچی

دوای کرد لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، نەجیم عبدالله مەلا محەمەد (٢) دووکچی هەبووە بەناوەکانی (پیرۆز و شیراز) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی ( نیهاد ، نەوزاد ، نەبەز ، فازیل) .

١٣٣- ئەحمد حەمید مەجید:- ناسراو بووە بە (ئەحمدحمیدسایق) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ئەحمەد یەکێک بووەلە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی وناسراوی شاری ڕواندزبووە ، ئەحمد حمید لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت وگرتن وڕاوەدونان ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆ ماوەی یەکساڵ، ئەحمەد حمید فەرمانبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی ڕواندزبووە، بە ناونیشانی شۆفێری ئۆتۆمبێل واتە (سائق سیارە) ئەحمد حمید مرۆڤێکی هێمن ونەرم ونیان وقسەخۆش و دەم بە خەندەو پێکەنین بووە، هەروەها شوفێرێکی زیرەک و بە ئەزمون ودڵنەرم بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٣/١٨) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت ئەحمد حمید (٤) چوارکچی هەبووە بەناوەکانی (بوار ، حلیمە ، بەڵقیس ، ڕۆناک ، ) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕبە ناوەکانی (مجید ، عبدالله ، ڕەشید ، عبدالقادر) .

١٣٤- قادر محمد قادر کبابچی:- ناسراو بووە بە (قادرموزمید) لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، قادرموزەمید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز ، تاپۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوە، لەساڵی (١٩٥٥) دەبیتە سەربازبۆماوەی (٢١) مانگ کەسەربازی تەواودەکات دەگەڕیتەوە بۆ شاری ڕواندز، قادرمحمد کەبابچی بۆماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ باوکی لە کبابخانەکەی لەشاری ڕواندزکاردەکات لەکارەکەی کەسێکی بەئەزمون وپاکوخاوێن بووە ، لەساڵی (١٩٦٤) دەچیتە (دەورەی مزەمیدی) لەشاری هەولێربۆ ماوەی (٦) مانگ کەخولەکەی تەواو دەکات دەبێتە موزەمید لەنەخۆشخانەی گوندی باڵەکیان، قادر محمد کەبابچی کەسێکی هێمن وڕۆشنبیرو قسەخۆش وزیرەک بووە،



**قادر محمد قادر کبابچی**

لەبنکەی تەندروستی باڵەکیان وەک دکتۆرێک نەخۆشەکانی چارەسەر دەکرد، خەڵکی باڵەکیان زۆرلە هەڵسوکەوتەکانی ڕازی بوونە کەلێی دەگێڕنەوەوباسی دەکەن دەڵێن پیاوێکی بەئەزمون وبەڕەوشت وئاقڵ وتێگەیشتی وبەخزمایەتی قسەزان بووە ماوەیەکی زۆر لەم گوندە بووە، مرۆڤێکی ئەوندە باش بووە، کەس دڵی لێی نەڕەنجابووە، قادرمحمد قادرلە تەمەنی (٣٣) ساڵی واتا لە ساڵی (١٩٧٢) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، قادر محمد کبابچی (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (فاتمە) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕ بەناوی (محمد) ،

١٣٥- وەلید نوری باویل ئاغا :- ناسراو بووە بە (مقدم ولید) لە ڕێکەوتی (١٩٤٨/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، وەلید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکەسایەتی شاری ڕوانــدز، وەلید کەسێکی هێمن و زیرەک وقسەزان وڕۆشنبیرو بەخزمایەتی و مەدریس خۆش بووە، پیشەی (مقدم پۆلیس) بووە، وەلید نوری ماوەیەکی زۆر وەک بەرپرسی سەرای پۆلیسخانەی هەولێردەست بەکاربووە، دوای چەند ساڵێک خۆی گواستۆتەوە بۆ مەرکزسەرای پۆلیسخانەی ناحیەی هەریردوای چەند ساڵێکی تر لەهەریر دەگوازرێتەوە بۆ ناحیەی خەلیفان تاساڵی (١٩٨٩) دوای دەگوازرێتەوە بۆپارێزگای هەولێر، مقدەم وەلید ئێستاکەش لە ژیاند ماوە لە سوێد شاری ستۆکۆڵم نیشتەجێ بووە، وەلید نوری باویل ئاغا (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (نەسرین ، پەرژین) هەروەها لەگەڵ (٢) دوو کوڕ بە ناوەکانی (ئەحمەد ، سەرمەند) .


محمد عبدالله سولێمان

١٣٦- محمد عبدالله سولێمان:- ناسراو بووە بە (محمدکارەباء) لە ڕیکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، محمد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، محمد کارەباء لەساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم بەشداری کردووە لەشۆڕشی ئەیلول بەسەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی ، لەوکات وزەمانی دەبێتە پیشمەرگە بۆ ماوەی سێ ساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی

شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٧٦) لە فەرمانگەی کارەبای ڕواندز دادەمەزرێت، دوای ماوەیەک دەبێتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارەبای ڕواندز محمدعبدالله سولێمان لە کاری کارەباو فەرمانگەکەی کەسێکی زیرەک وبەتواناو چالاک بووە، زۆر خزمەتی شاری ڕواندزی کردوە، محمد کارەباء پیاوێکی هێمن وقسەزان وڕۆشنبیروقسەخۆش وقورئان خوێن بووە، محمد عبدالله سولێمان لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/١٥) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە لەگۆرستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت محمدکارەباء (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (ئەڤین ، دێرین ، دڵبین ، بەهرین) هەروەها لەگەڵ (٣) کوڕ بەناوەکانی (هاوژین ، هێمن ، هەردی) ،

١٣٧- محمد سالح محمود :- ناسراو بووە بە (محمد سالح) لەساڵی (١٩٠٥) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، محمد ساڵح یەکێکە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدزمحمد سالح لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەووە بۆ شاری ڕواندز، هەروەها محەمەد ساڵح کەسێکی ڕۆشنبیر وزیرەک وبەتوانا وقسەزان وقسەخۆش بووە، جگە لەمە گەلێک جار بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵی و سەردەمی گەنجی خۆی بۆ هاورێ ودۆست وخزمەکانی دەگێرایەوە ، محمد سالح موچە خۆری حکومەت بووە، واتا پۆلیسی قۆیسیاربووە، لە ساڵی (١٩٨٥) لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت. محمد سالح (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (سمکۆ ، سەردار ، سەرتیپ ، سالار ، خەسرۆ) .



**محمد سالح محمود**



**ڕئوف ئەفندی موختار**

١٣٨- ڕئوف ئەمین عبدالله:- ناسراو بووە بە (ڕئوف ئەفندی) یان بە (موختار) ناویان دەهێنا، ڕئوف موختار لە ڕێکەوتی (١٨٩٩/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە ، ڕئوف ئەفندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی خانەدان وکەسایەتی شاری ڕوانــدز، ڕئوف موختار پیاوێکی خوێندەوار ورۆشنبیرو قسەزان وزاناوبە تواناو زۆر زیرەک بووە، لەبەر زیرەکی خۆی حکومەتی ئەوکاتی زۆر باوەڕی پێی دەکات ودەیکات بە موختاری قەزای ڕوانــدزڕئوف ئەفندی کەسێکی نیشتمان پەروەرودلسۆزبووە، لەکاری موختاری زۆر یارمەتی خەڵکی شاری ڕوانــدزو گوندەکانی دەوروبەری داوە، بەتایبەتی لەکاروباری فەرمانگەکانی حکومەتی ئەوکاتی کارئاسانی بۆخەڵکی کردووە ، بۆیە خەڵکی ڕواندز وگوندەکانی دەوروبەری زۆر لە کارەکانی ڕازی بوونە ، ڕئوف ئەفندی لەبەرەبەیانی ڕێکەوتی (١٩٧٣/١/١) لە شاری ڕوانــدز کۆچی دوای کردوە ڕوحی شادبێت، ڕئوف ئەفندی موختاری شاری ڕوانــدز (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (وەفیقە ، کەلسوم) هەروەها لە گەڵ (٢) دوو کوڕبە ناوەکانی (لەتیف ، یونس) .



**بایز بەگ**

١٣٩- بایز حەسەن قادر بەگ :- ناسراوبە (بایز بەگی حەسن بەگ) یان (بایز بەگ) لەڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١) لە گوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، ناوی تەواوی بایز بەگ کوڕی حەسەن بەگ کوڕی قادربەگە، لە بنەڕەتدا بایزبەگ لە بەرەبابێ حەسەن بەگی دەرگەڵەیەلە کاتی خۆیدا واتە لەزەمانی میرسلێمان بەگ و میرحمدئەمین بەگی برازای لەسەرچەند کێشەیەکی ناوەخۆیان وەرگرتنی دەسەڵات، ئەوکاتی بایز بەگ توڕە دەبێت یەکسەرگوندی دەرگەڵەی جوان و ڕازاوە بەجێ دەهێڵێت ڕوو دەکاتە شاری ڕواندز ودەچێتە گوندی ئاکۆیان لەم گوندە نیشتەجێ دەبێت ، بایزبەگ هەرزوو تێکەڵی خەباتی چینایەتی بووەوماوەیەکی زۆر لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقی کاردەکات، زەحمەتی زۆری کێشاوە لە پێناویداو بایزبەگ کەسێکی دڵسۆزو کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز ودەرگەڵەو دۆلی ئاکۆیان

بووە ، هەروەها هاوسەرگیری لەگەڵ دوو ئافرەت کردوە واتە دوو ژنی هێناوە بایزبەگ لەڕێکەوتی (٢٠٠٣/٦/٨) لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، بایزبەگ (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (عەزیز، شێرزاد ، فرسەت ، وریا ، نەجات) .

١٤٠- ئەسعد ئەحمد سلێمان:- ناسراو بووە بە (ئەسعد تانۆک) لە ڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ئەسعد تانۆک لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدزبووە ، ئەسعەد تانۆک پیاوێکی هێمن وزۆر زیرەک وقسەخۆش وقسەزان بووە، کارمەندی فەرمانگەی کارەبای شاری ڕواندزبووە، بە ناونیشانی تێبینەرواتە (ملاحض فەنی) کاری چاککردنەوەی مەکینەی کارەی مولیدەی گەورەی دەکرد و بەکاری دەخست ئەوکاتی لەشاری ڕوانـدزموەلیدەی زۆر گەورەی چیکی کەبەگازکاریان دەکرد، ئەسعەد تانۆک زیاتر لە (٤٠) چڵ ساڵ خزمەتی شاری ڕواندزی کردوە، لە بواری کارەباو ڕوناکی بۆ شاری ڕواندز ودەورو بەری ئەسعد تانۆک لەسەر کوردایەتی چەندین جارتووشی کێشە وگرفت و دەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، لە ساڵی (١٩٨٨) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت ئەسعد تانۆک (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (کەیفی ، ڕزگار ، دڵدار ) .



**ئەسعد ئەحمد سلێمان**

١٤١- حاجی ئیبراهیم محمدامین ئیبراهیم عەوێز:- ناسراو بووە بە (حاجی حاجی ئیبراهیم) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لەشاری ڕوانـدز لە دایک بووە ، حاجی ئیبراهیم یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لەسەر کوردایەتی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، حاجی ئیبراهیم پیاوێکی کاسبکارو زۆر زیرەک بووە، سەردەمانێک لەدوکانی خۆی شەکرو



**حاجی ابراهیم محمدامین**

چاو ڕۆن و برنج عتاری و پێڵاویشی دەفرۆشتن جگە لەمەش هەموو جۆرە ئەرزاقی دەفرۆشتن هەروەها خاوەنی میگەلێک مەڕوبزن بووە ، چەندین سەرمەرو بزنی لەگوندەکان باڵەکایەتی لای شوانێک دانابووە بە شەراکەتی ساڵانە کە سودێکی زۆری بۆخۆی وخێزانەکەی هەبووە، لەم دوایانەش لە دوکانەکەی پێلاوی دەفرۆشتن ، حاجی ئیبراهیم کەسێکی زۆر قسەزان وزیرک و بەتوانا بووە، هەروەها مرۆڤێکی خێرخوازوئەهلی مزگەوت ونوێژی جەماعەت بووە ، کەس دڵی لێی نەڕەنجا تا لە ژیاندا مابوو کەسێکی زۆر خۆشەوویست بووە ، لەڕێکەوت (٢٠١٧/٢/٢٢) لە شاری ڕوانــدز بە نەخۆشی کتوپڕکۆچی دوای کرد لە گۆڕستانی مەلاوسووشێخان لە کاولۆکان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی ئیبراهیم (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (خوناو ، گەلاوێژ ، غوربەت) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕبە ناوەکانی (وریا ، محمد امین ، بێجان ، فریاد) .

١٤٢-خێری زینل خلیل:- ناسراو بووە بە (خێری باش چاوەش) یــان (خێری ئەفندی) لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لە دایک بووە، خێری یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها خێری پیاوێکی هێمن ورۆشنبیروقسەزان و زیرەک وبەتوانا بووە، بەتایبەتی لە کارەکانی وەزیفەی پۆلیسی ڕۆژانەی خۆی کە ڕەئیس عورەفای پۆلیس بووە ، لە بنکەی پۆلیسی سەرای ڕواندز هەروەها وەک نوسەروکارگێری بنکەی پۆلیس وبەرپرسی ئیدارەی پۆلیسخانەی ڕوانــدز دیاری کرابووە، ڕۆژانە لەبنکەی پۆلیسخانەکەی وەک نووسەرکارەکانی هاوڵاتیانی بەڕێک وپێکی بەڕێ دەکردن، خێری زینل باش چاەوش وەک کەسایەتێکی زۆر بەڕێزوگرنگی شاری ڕوانــدز بووە، هەرچەندە تەمەنی خێری زۆر کورت بووە، کەچی بەم تەمەنە کورتە توانیویەتی کەسایەتی خۆی نیشان بدات لەزیرەکی و چاکەو پیاوەتی وچالاکی لەناو فەرمانگەکەی، خێری زەینل لە ڕێکەرتی (١٩٦٥ /٥/١٤) لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزبە جەڵتەی دڵ کۆچی دوای کردوە، ڕوحی شاد بێت ، خێری باش چاوەش (٢) دوو کچ و (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (صلاح ، صباح ، صبحی ، زینل) .

١٤٣- ڕەفیق حمد قادرحوسێن :- ناسراربووە بە (ڕەفیق خەیات) لە ڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە شاری کۆیە لە دایک بووە، ڕەفیق خەیات یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، هەروەها ڕەفیق خەیات لەسالآنی زوو تەمەنی گەنجی خۆیی چەندین جارلە سەرسیاسەت وکوردایەتی تووشیکێشەو گرفتی ئاوارەی ودەربەدەری وگرتن وبەندیخانەی بووە، هەروەها لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ، لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە سەرکاری بەرگدرویی خۆی کەپیشەی خەیاتی بووە، ڕەفیق خەیات پیاوێکی هێمن وکاسب بووە، لە بازاڕی شاری ڕواندز دوکانی بەرگدروی هەبووە لە دوکانەکەی تەنها جلوبەرگی کوردی پیاوانی دەدوری وەک کورتەکوشڵواڕوەک جۆری (مرادخانی وسەتارخانی وڕانکوجۆخەی مەرەزی بێجامەی پیاوان) چەندین جۆری تری دەدووری هەروەهاڕەفیق مرۆڤێکی بەتەقواو قسەخۆش ونوکتە چی بووە، لەڕێکەوتی (٢٠٠٢/١٠/٣٠) لەماڵەکەی خۆی بەجەڵتەی مێشک کتوپڕکۆچی دوای دەکات، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، ڕەفیق خەیات (٤) چوارکچی هەبووە بەناوەکانی (بوار ، موکریان ، تانیە ، لاجان) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕ بەناوەکانی (تۆفیق ، سەلام ، محرم ، ئەحمەد ، ئومێد) .



ڕەفیق حمد قادرحوسێن

١٤٤- محمد شەریف سولێمان محمد :- ناسراو بووە بە (حاجی محمد شەریف) لە ڕێکەوتی (١٩٢٣/٧/١) لە دایک بووە، حاجی محمد شەریف یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی محمد شەریف لە سەرکوردایەتی چەندین جار توشی کێشەوگرفت وئاوارەی بووە، لە وساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان وشاری ڕواندز سەرکارو کاسبی خۆی لەدوکانەکەی کە پیشەی جامچیەتی بووە ، حاجی محمد شەریف لەکاتی خۆی فەرمانبەری میری بووە، لە فەرمانگەی گومرگی توتن لە ناحیەی دیانا، لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٧/١) لەفەرمانگەکەی خۆی خانەنیشین دەکرێت، ئینجا دەست دەکات بەکاروکاسبی بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانی، دەست دەکات بەکاری جامچیەتی وبەستنی جامی پەنجەرەکانی باڵەخانەی فەرمانگەو خانوی خەڵکی وجامی چوار چێوەی وێنەکان لەشاری ڕواندز، حاجی محمد شریف کەسێکی قسەخۆش وقسەزان وڕۆشنبیروبەخزمایەتی بووە، لە قسەکردنیش کەسێکی زۆربەتواناوزیرەک ومەدریس خۆش بووە، محەمەد شەریف لەڕێکەوتی (٢٠١١/٨/١٠) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حاجی محەمەد شەریف (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (جوان) هەروەها لەگەڵ (٢) دووکوڕبە ناوەکانی (شێرزاد ، فواد) .



**محمد شەریف سولێمان**

١٤٥- عزیز سولتان محمد:- ناسراو بە (وەستا عەزۆ) لە ڕێکەوتی (١٨٩٥/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، وەستا عەزۆیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەروکوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز هەروەها وەستا عەزۆ پیاوێکی قسەخۆش وقسەزان وزۆر زیرەک ودەم بە خەندە وپێکەنین بووە، وەستا عەزۆ کەسێکی ئیشکەرو زۆرکاسب بووە، دوکانی تەحین ودۆشاو ترێ وقەسپ وخورمای هەبووە، جگە



**عزیز سوڵتان محمد**

لە مەش گوێزومێوژو بادەم و پەنیرو ژاژی ناوپێست وهەنگوین وحەلوای موسڵ وقەزوان وخواردن وکەلو پەلی وشککراوی دەفرۆشت، هەروەها وەستا عەزۆ مرۆڤێکی زۆر خێرخواز وهەژار دۆست وکەسێکی خوا ناس و ئیماندار بووە، یەکێک بووە لەو کەسانەی کەکاری گۆڕهەڵکەندنی دەکرد واتە قەبری بۆ مردوەکان لێدەدان، بەم کارەی وەک خێرخوازێک خزمەتێکی زۆری خەڵک وشاری ڕواندزی کردوە وەستا عەزۆ لەڕێکەوتی (١٩٦٦/٨/١٥) لە دوکانەکەی خۆی لە شاری ڕواندزبەنەخۆشی کتوپڕ (جەڵتەی دەماغ) کۆچی دوای دەکات تەرمەکەشی لەگۆڕستانی گەردەگەرد ڕواندزبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت.وەستا عەزۆ (٧) منداڵی هەبووە (٥) کچ و (٢) دوو کوڕ، کچەکان بەناوەکانی (حەبیبە ، عیشە ، ئامینە ، وەزیرە ، منیرە) کورەکانیش بەناوەکانی (همداد ، کەریم) .

١٤٦- حەسەن فەرەج یارئەحمەد:- ناسراو بووە بە (حەسەن فەرەج) لەڕێکەوتی (١٩١٠/٧/١) لەشاری سولێمان لەدایک بووە، حەسەن فەرەج یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لەتەمەنی گەنجی کەوتۆتە شاری ڕواندز، حەسەن فەرەج فەرمانبەر بووە لە فەرمانگە گومرگی تووتن لە شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، سەر کارو وەزیفەکەی خۆی، حەسەن فەرەج کەسێکی زۆر ئاقل و زیرەک وڕۆشنبیرو قسەخۆش وقۆشمەچی بووە، گەلێک جارلە مەدریس ودانیشتنەکان چیرۆک وداستان وبەسەرهاتی زەمانی خۆی دەگێڕایەوە، لە هەرمەدریسێک بایە خەڵکی بەپێکەنین



**حەسەن فەرەج**

دەخست هەروەها یەکێک بووە لە دڵسۆزو بەئەمەک وکەسایەتی شاری ڕواندز لە ڕێکەوتی (١٩٧٦/١٠/٢٤) بە ڕووداوی هاتووچۆ لە ناحیەی دیانا دەکەوێتە ژێر ئۆتۆمۆبێل گیانی لەدەست دەدا، تەرمەکەشی لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حەسەن فەرەج (٤) چوار کچی هەبووە بەناوەکانی (دڵخواز ، مەهاباد ، شارستان ، ڕەوشەن) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕ بە ناوەکانی (نیاز ، کامەران ، قارەمان ، شاخەوان ، هۆشەنگ) .

١٤٧- ئەسعد سەعید حوسێن محمەد:- ناسراوە بە (مامۆستا ئەسعد سەعید خاتونێ) لە ڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لە گوندی مارەمەلایان لە سیدەکانی دەڤەری برادۆست لە دایک بووە ، ئەسعدسەعید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ئەسعدی سەعیدی خاتونێ خوێندنی سەرەتای و ناوەندی ودواناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردوە، دوای چۆتە پەیمانگای مامۆستایان لەشاری هەولێرلە ساڵی (١٩٦٨-١٩٦٩) خوێندنی پەیمانگای لە شاری هەولێرتەواوکردوە لەڕێکەوتی (١٩٧٠/٣/١١) یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی لە ناحیەی گەلای دەڤەری باڵەکایەتی بووە، مامۆستا ئەسعد مامۆستایەکی زۆر زیرەک وبەتوانا بووە، لەڕووی پەروەردە وفێرکردنی قوتابی، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٧/١) لەتەمەنی (٦٣) ساڵیدا بە پلەی سەر پەرشتیاری پەروەردە، خانەنیشین دەکرێت، مامۆستا ئەسعەد ئێستاکە لەژیاندا ماوە لەشاری سۆران دادەنیشیت، لە دوای خانەنیشین کردني بە شێوەی گرێبەست دەرس بە قوتابیانی سەرەتای دەداتەوە، خوای گەورە تەمەن درێژی بکات.



**ئەنوەر عەلی ئەمین**

١٤٨- ئەنوەر عەلی ئەمین عبدالله :-ناسراوبووە بە (ئەنوەر حاجی عەلی) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، ئەنوەرعەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ئەنوەرعەلی خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواوکردووە، دوای دەچێتە (سناعە) خوێندنی (سناعە) واتە پیشەسازی لەشاری هەولێرتەواو دەکات ، لەفەرمانگەی ئاودادەمەزرێت، ئەنوەرعەلی چەندین جارلەسەرکوردایەتی توشی کێشەو گرفت وئاوارەی ودەربەدەری ونەفیکردن بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، لە کۆتای ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، بەلام حکومەتیبەعسی عێراق یەکسەرنەفی دەکات بۆ خواروی عێراق، پارێزگای دیوانیە، لەکۆتای ساڵی (١٩٧٦) بەرلێبوردەی گشتی دەکەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ کودستان و شاری ڕواندزدوای ماڵی خۆی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر لە فەرمانگەی ئاوی هەولێر خۆی دادەمەزرێنێت، دوای لەبەرچالاکی وزیرەکی وتوانای خۆی دەکرێتە بەڕێوەبەری هونەری بیری ئێرتیوازی ومەشرۆعی ئاوی هەولێر، لە بەرچالاکی لەفەرمانگەکەی چەندین جارخەلاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە، لە

ڕێکەوتی (٢٠١٥/٧/١) لە تەمەنی (٦٣) ساڵی خانەنشین دەکرێت، تا ئێستاکە شوکر بۆخوا کە ساڵی (٢٠٢٢) لە ژیانداماوە، لەگەڕەکی کەسنەزانی شاری هەولێر دادەنیشێت ، ئەنوەر عەلی (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (شیلان ، شەونم ، شەوبۆ ، شنە ، ڕەیان) هەروەها لەگەڵ (٣) کوڕبەناوەکانی (شەماڵ ، شاخەوان ڕێبوار) .

١٤٩- محمدمامۆ محمود کارەش:- ناسراو بووەبە (محمدمامۆ) لە ڕێکەوتی (١٩٢٠/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، محمد مامۆیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، محمد مامۆلەساڵی (١٩٦٢) لە سەرکوردایەتی نەفی کراوە بۆشاری فەلوجەی خوارووی عێراق لە ساڵی (١٩٦٨) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆکوردستان وشاری ڕواندز، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، محمد مامۆ پیاوێکی زۆرنەرم ونیان وهێمن وتێگەیشتی بووە، لە نووسین وخوێندنەوە کەسێکی بە ئەزموون و بە تواناوچالاک بووە ، هەروەها مرۆڤێکی زۆر دڵنەرم وڕاستگۆ وقسە زان وقسەخۆش بووە ، محەمەد مامۆ فەرمانبەری حکومەت بووە بە ناونیشانی نووسەر واتە (کاتب) لە قائیمقامیەتی قەزای ڕوانـدز، لەکاتی فەرمانبەرایەتی خۆی خەڵکی زۆرلەکارەکانی ئەوڕازی بوون لە بەرئەوەی کاری خەڵکی زۆر بە جوانی و بەڕێکو پێکی جێ بەجێ دەکردلەڕێکەوتی (١٩٨٣/٧/١) خانەنیشن دەکرێت، لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/٧/١) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، محمدمامۆ (٦) کوڕی هەبووە بەناوەکانی (جەمیل، جلیل ، ڕوشدی ، شەماڵ، زریان ، تۆفان).

١٥٠- سەید ئەحمەد سەید سەعید سەید ئیبراهیم :- ناسراو بووە بە (سەیدەی سەعاتچی) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری




**سەیدە ڕەشی سەعاتچی**

ڕوانــدزلەدایک بووە، سەیدەی سەعاتچی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەیدە لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی گرتن وبەندیخانەو ئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزسەرکارو پیشەکەی خۆی کە پیشەی سەعاتچی بووە، سەیدەی سەعاتچی، دوکانی چاککردنەوەی هەمووجۆرە کاتژمێری دەستی ودیوار وسەرمێزی چاک دەکردن ودەفرۆشتن، لە پیشەی سەعات چاککردنەوەکەی کەسێکی ڕاستگۆوپاک بووە، هەروەها سەیدا فەرمانبەری میری بووە، لە دەزگای ئاوەدان کردنەوە، واتە (ئەشخاڵ) بەناونیشانی چاودێریانی (مراقیب) ئەشخاڵ سەیدا لەکاتی کارکردنیدا چاودێری ئیشکردنی کرێکارانی ڕێگاوبانی دەکرد، وەهەروەها هەموو بەیانیەک لەکاتی دەوام کردنی شوێنی کارکردنی بۆکرێکارانی ئەشخاڵ دیاری دەکرد، سەیدا لە ساڵی (٢٠٠٦) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت، سەیدا ئەحمد دوو ژنی هێناوە لە هەردووکیان (٣) کچی هەبووە، بەناوەکانی (ساجیدە ، خێریە ، فوخریە) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (ڕەشید ، ساڵح ، ڕەشاد ، سەعید ، نیهاد ، فواد) .

١٥١- مەلا ئەحمەد نیعمەت ئەحمەد :- ناسراوبووە بە (مەلا ئەحمەد) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، مەلا ئەحمەد لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز بووە، مەلا ئەحمەد پیاوێکی زۆرهادی وڕوخۆش قسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین وڕۆشنبیروقسەزان بووە، مەلا ئەحمەد فەرمانبەری شارەوانی بووە بە ناونیشانی (بەڕێوەبەر) لەکاتی خۆیدا لەساڵانی هەشتاکان ماوەیەکی زۆرسەرۆکی شارەوانی قەزای سەدیق بووە، دوای گواستراوەتەوە بۆشارەوانی ناحیەی دیانا تائەوکاتەی لەساڵی (١٩٨٧) تەمەنی دەگاتە (٦٣) ساڵی وخانەنیشین دەکرێت، مەلا ئەحمەد لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانــدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای

دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز ، هەروەها مەلا ئەحمەد خۆی مەلا نەبووە ، بەڵکو باپیری مەلابووە، لە یەکێک لەمزگەوتەکانی شاری ڕواندز لەسەردەمی میرنشینی سۆران ، نیعمەتی باوکی بەناو باوکی خۆی کردۆتەوە ، هەروەها مەلا ئەحمەد لە سەر کوردایەتی زۆر دەردەسەری ودەربەدەری وئاوارەی ئەشکەنجەی دیووە، لە ساڵانی شەستەکان بۆماوەی دووساڵ زیندانی دەکرێت لەبەندیخانەی شاری ڕواندزوشەقڵاوە وهەولێر و کەرکوک لەڕێکەوتی (١٩٩١/٤/١٩) لەشاری ڕواندز بەنەخۆشی کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مەلائەحمەد (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (وریا ، نیاز ، ئاراس ، دلۆڤان ) .


١٥٢- عبدالله محەمەد عبدالله :- ناسراوبووە بە (دکتۆرعەدێ) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕوانـــدز لە دایک بووە ، عبدالله ئەفندیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز ، دکتۆرعدێ لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز بۆ سەر کارووەزیفەکەی خۆی دکتۆر عەدێ جگە لە وەزیفەکەی خۆی سەردەمانێک کاری دەرزی لێدانی لە ماڵان



دکتۆرعەدێ


دەکرد، عبدالله محمد وەک دکتۆرێکی پسپۆڕ ماڵ بەماڵ دەگەڕا بۆ دەرزی لێدان چارەسەری نەخۆشکانی دەکرد، هەربۆیە خەڵکی بە دکتۆرناویان دەهێنا ، هەروەها بۆماوەی (٨) هەشت ساڵ بەرپرسی کتێبخانەی گشتی ڕوانـــدز بووە، لە ساڵی (١٩٩٣) لەتەمەنی (٦٣) ساڵی خانەنیشین کراوە، هەروەها دکتۆر عەدێ پیاوێکی ئیمانداروئەهلی جومحەو جەماعەت قورئان خوێنێکی دەنگخۆش بووە، لەهەمووتەعزیەکانی شاری ڕواندزودەوروبەری بۆخێری خۆی قورئانی دەخوێند دکتۆرعبدالله کەسێکی زۆر زیرەک ورۆشنبیر قسەخۆش وقسەزان دەم بە خەندەو پێکەنین ونوکتەچی بووە، دکتۆرعەدێ لەڕێکەوتی (٢٠١٥/١١/١١) لە شاری ڕوانـدز بەنەخۆشیەکی درێژخایان کۆچی دوای کرد، ڕوحی شادبێت، دکتۆرعبدالله (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (محەمەد ، فەوزی ، فازیل) .

١٥٣- هەڵگۆرد ئیبراهیم حوسێن ئاغا:- ناسراوبووە بە مامۆستا هەڵگۆرد ئەفەندی، لە ڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ماۆستاهەڵگۆرد یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا هەڵگۆرد قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە گەلاڵە تەواوکردوە هەروەها قۆناغی ناوەندی لە شاری ڕوانــدز تەواو کردوە ، ئینجا لە ساڵی (١٩٦٠) دەچێتە خانەی مامۆستایان لەشاری بەعقوبە بۆماوەی سێ ساڵ دوای تەواوکردنی خوێندن دادمەزریت، لە قوتابخانەی گوندی دەرگەڵە دەست بەکاردەبێت بەمامۆستای قوتابخانەی سەرەتای، مامۆستا هەڵگۆرد لە ساڵی (١٩٦٣تــا١٩٦٨) چەندین جارلە سەرسیاسەت وکوردایەتی توشی کێشەو گرفت وگرتن وڕاوە دوونان ودەربەدەری وئاوارەی بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆ ماوەی یەکساڵ ، لە ساڵی (١٩٨٧) بەناچاری لە بەرگرتن و ڕاوەدونان وڕەوانە کردنی بەناوی جەیشی شەعبی بۆ بەرەکانی شەڕی قادسیە خۆی خانەنیشن دەکات واز لە وەزیفەکەی دەهێنێت چونکە ئەوکاتی هەرکەسێک مامۆستا دەبوویان فەرمانبەر دەبوایە ساڵک جەیشی شەعبی بکات بۆیە مامۆستا وای پێ باش بووە، کەخۆی خانەنیشن بکات لە ساڵی (١٩٩٢) دووبارە دەگەڕێتەوە وەزیفەکەی خۆی بە پلەی سەرپەرشتیاری پەوەردەی ڕواندز، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/١) خانەنیشن دەکرێت، مامۆستا هەڵگۆرد لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٧/٤) لەشاری ڕواندز لەماڵەکەی خۆی بەجەڵتەی دڵ کۆچی دوای دەکات، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت مامۆستا هەڵگۆرد (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (شـێردل ، زاگـرۆز ، زانــــا ، دانـــــا) .



**هەڵگۆرد ئیبراهیم حوسێن**

١٥٤- کەریم فەرەج خەسرۆعەلی مراد:- ناسراوبووە بە (کەریم فەرەج قەساب) لە ساڵی (١٨٩٧) لە شارەزوور لە دایک بووە، کەریم فەرەج لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزە، لە شارەزوور دەبێتە سەربازو دەگوازرێتەوە بۆ حامیەی ڕوانـدز تاسەربازی تەواودەکات وناگەڕێتەوە بۆ شارەزوورلە شاری ڕوانــدز ژن دەهێنێت و نیشتەجێ دەبێت، کەریم فەرەج هەرلەتەمەنی گەنجی بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی دەست دەکات بەکاری قەسابی وبەخێوکردنی مەڕوبزن، کەریم فەرەج مۆرڤێکی بەتواناوپیاوێکی قسەزان وقسەخۆش ونوکتەچی وتوندوتۆڵ وزیرەک بووە ، بەتایبەتی لە ئیشوکاری خۆیدا ، کەریم فەرەج لەتەمەنی گەنجی خۆیدا دەبێتە چەکداری شێخ مەحمودی قارەمان لە شاری سلێمانی ولە شەڕی بەردەقارەمان و هەمووشەڕوهێرشەکانی سەربازەکانی ئینگلیزبۆسەرشۆڕشی شێخ مەحمود بە تایبەتی لە شەڕی سورداش بەشداری کردبووە، کەریم فەرەج لە شەڕەکاندا شەڕکەرێکی زۆر ئازاو توندوچالاک وچاونەترس بووە ، ئەمەش وای کردبوو، کە لە لای شێخ مەحموخۆشەویست بێت ، کەریم فەرەج بەئەسل ونەسەب خەڵکی شارەزووری پارێزگای سولێمانی بووە، هەروەک لەسەرەوە باسم کردوە لە بەرسەربازی کەوتۆتە شاری ڕواندز ونەگەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور لە شاری ڕوانــدز نیشتەجێ بووە، دەستی کردووە بە بەخێوکردن مەڕوبزن وگا وچێڵ، دوای ماوەیەک دەست دەکات بە کاری قەسابی تا دەبێت بە باشترین قەساب لە شاری ڕوانــدز، کەریم فەرەج لەڕێکەوتی (١٩٩٣/١/٢) لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای دەکات ولە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕوانـدز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.کەریم فەرەج (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (موحەمەد ، عەزیز ، کاک ئەمین ، عبدالستار) .



**کەریم فەرەج قەساب**

١٥٥- محمدئەمین شێخۆ مستەفا ئەحمەد :- ناسراو بووە بە (حمدئەمین شێخۆ) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لەدایک بووەمحمد ئەمین یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، محمدئەمین خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردوە دوای چۆتە خانەی مامۆستایانی هەولێر ئینجا دوای تەواو کردنی خوێندن لەخانەی مامۆستایان، دادەمەزرێت، لە یەکێک لە


قوتابخانەکانی شاری ڕوانـدز دەست بەکاردەبێت بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتای وانەی بیرکاری بە قوتابیان دەڵێتەوە، مامۆستا محمدئەمین لە وانە وتنەوەو پەروەردەی قوتابی زۆر زیرەک وپسپۆربووە، قوتابی زۆر بەباشی لێی فێردەبوون مامۆستا محەمەد قوتابی تەمبەڵی بەهیچ شێوەیەک دەرناچواندن واتە (ناجیح) ی نەدەکرد ئەگەر بەحەقی خۆی جوابی نەدابایەوە، ئەو زۆرکەیفی بە قوتابی زیرەک وپاکوخاوێن دەهات کار ئاسانی بۆ دەکردن دوای (١٥) پانزە ساڵ خزمەت کردنی لە بەرزیرەکی توانای چالاکی خۆی بە شێوەی تەنسیب دەیگوازنەوە بۆقوتابخانەی دواناوەندی ڕوانــدز وانەی بیرکاری بەقوتابیانی دەوتەوە، لەڕێکەوتی (١٩٩٠/٧/١) خانەنیشین دەکرێت ئێستاکە لە ژیانداماوە مامۆستا (٦) شەش کوڕی هەبووە بەناوەکانی (کامەڕان ، دڵشاد ، بەختیار ، دڵزار ، دلێر ، سەنگەر)

١٥٦–حاجی حمدئەمین سۆفی :– ناسراو بە (سۆریێ حەمبار) لەڕێکەوتی (١٩١١/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، مام سۆریێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروخانەدان وکەسایەتی شاری ڕوانــدز، حاجی حمدئەمین لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، سۆریێ حەمبار پیاوێکی زۆر قسە خۆش ودەم بە خەندە وپێکەنین وقسەزان بووە ، هەروەها کەسێکی زۆر کاسب وزیرەک وبەتوانابووە ، حاجی حمدئەمین هەرلە تەمەنی لاوی بۆ بژێوی ژیانی خۆی وخێزانەکەی سەرقاڵی کارو کاسبی بووە ئەگەر کارەکەشی زۆر قورس بایە دەی کرد ئەوبەڕێزە لەتەمەنی لاویدا بۆماوەی چەند ساڵێک کاری حەمباڵی دەکات دوای وازلەکارەکەی دێنێت دوکانی عەتاری وشەکرو چاو ڕۆن دادەنێت لەبازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت ، حاجی حمدئەمین سۆفی لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٦/٢٨) لەشاری ڕواندزبە نەخۆشی کۆچی دوای دەکات ولە گۆرستانی گەردەگەرد بە خاکسپێێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مام سۆریێ (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (نبیل ، سۆفی مەولود ، ڕەشید ، خالید ، ڕەوەند ) .

١٥٧– نەبیل محمدئەمین سۆفی:– ناسراو بووە بە (نەبی سۆریێ) لە ڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، نەبیل سۆریێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخیزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، نەبی سۆریێ لەسەر کوردایەتی چەندین جارتووش کێشەوگرفت بووە، نەبي سۆریێ پیاوێکی زۆرهێمن

ولەسەرەخۆبووە، هەروەهامرۆڤێکی قسەخۆش ومەدریس خۆش وبەخزمزیەتی بووە، نەبیل محمد ئەمین سۆفی لە تەمەنی مێرمندالّی کارو کاسبی ئەو پیاوە شۆفێری بووە، لەڕێکەوتی (٢٠١٤/١١/١٥) کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، نەبیل سۆرێ (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (نەبەز ، نیاز ، هەندرێن ، ئاراز) .

١٥٨- سۆفی مەولود محمدئەمین سۆفی :- ناسرو بە (سۆفی سۆرێ) لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، سۆفی سۆرێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر وکەسایەتی شاری ڕوانـدز، سۆفی سۆرێ مرۆڤێکی زۆرسادە و هێمن و زیرەک وبەتوانا وقسەزان وقسەخۆش ورۆشنبیرسیاسی بووە، هەروەها پیاوێکی کاسبکاربووە ، بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانی دوکانی شەکرو چاو ڕۆن وعەتاری وشەکراتی هەبووە، لەدوکانەکەی هەموو پێداویستی ماڵەوەی لادەست دەکەوت، هەروەها (بائع) حکومی واتە فرۆشیاری میری بووە، موادی ئازوقەی وەردەگرت ودابەشی سەرکۆمەلێک خێزانی شاری ڕوانـدز دەکرد، مام سۆفی پیاوێکی ڕاسگۆو خاوەن کەسایەتی وکۆمەلایەتی بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/٢٨) بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوای کرد، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت مام سۆفی (٤) چوارکوڕی هەبووە بەناوەکانی (ماجید ، عبدالستار ، وەسفی ، سەرکەوت) .



**سۆفی سۆرێ**

١٥٩- حمدئەمین عەلی فەتاح:- ناسراو بووە بە (مام دێوانە) لەساڵی (١٩٠٠) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە مام دێوانە، یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مام دێوانە کەسێکی ئاقڵ و ڕۆشنبیرو زیرک وقسەزان بووە، زۆرلەچیرۆک وداستان و بەسەرهاتی دەزانی، مام دێوانە لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، لەساڵی (١٩٧٥)



**مام دێوانە**

دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، مام دێوانە پیاوێکی زۆرئێسک سوک وهێمن و بەتەقواو ئیمانداروودەروێشی کاکی هیرانی بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/٩/١) لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت مام دێوانە (٢) کوڕی هەبووە بە ناوەکانی ( محمد ، ئەحمەد) .


ئەحمد دێوانە

١٦٠- ئەحمد حمدئەمین فەتاح :- ناسراوبە (ئەحمد دێوانە) لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، ئەحمد دێوانە یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها ئەحمەد دێوانە لە سەر کوردایەتی تووشی زۆر کێشەوگرفت دەبێت لە ساڵی (١٩٧٣) ڕژێمی بەعسی عێراق دەسگیری دەکات دەیخاتە بەندیخانەی قەسری نیهای لە خواروی عێڕاق تاماوەی زیاترلە یەکساڵ لەژێر هەڕەشەو تەعزیب دەمێنێتەوە هەموو لە شی بەکێبل وئاگر ئازاردەدەن دوای بە عەفوی عام بەردەدرێت، ئەحمد دێوانە مرۆڤێکی هێمن وهەژار دۆست وخێرخواز بووە، ئەحمد دێوانە لەسەرسیاسەت و کوردایەتی بەدەیان جارتووشی کێشەوگرتن وبەندیخانەوئاوارەی ودەربەدەری بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز و سەر کاروکەسابەتی خۆی کەپیشەی دوکانداری بووە، ئەحمەد دێوانە پیاوێکی زۆر کاسب وزیرەک بووە، لەساڵانی شستەکان تاحەفتاکان لەدوکانەکەی خۆی شەکرو چاوجگەرەی بەکارتۆن هەبووە دەی فرۆشت، لەم ساڵانەی دوایدا موادی شەریکەی ئەفریقی هێنایە شاری ڕواندز وەک سەلاجەو تەلفزیۆن وتەباغ وپانکە وهەمووجۆرەکەرستەی کارەباوجۆرەکانی تری دەفرۆشتن، لەڕێکەوتی (٢٠٠٤/٣/٢٧) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت . ئەحمەد دێوانە (١) یەک کچی هەبووە لەگەڵ (٤) چوارکوربە ناوەکانی (ئەنوەر ، ڕەنجبەر ، سیروان ، ئامانج ) .


ئیسماعیل محمد سالح

١٦١- ئیسماعیل محمد سالح محمود:- ناسراو بووە بە (سمکۆ محمد سالّح) لە ڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە سمکۆ یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو وکەسایەتی شاری ڕوانــدز، سمکۆ پیاوێکی زیرەک وچوست وچالاک بووە، کەسێکی کوردپەروەرو سیاسی ورۆشنبیروقسەزان و زۆر ئاقل وتێگەیشتی بووە، سەردەمانێک لە شارەوانی ڕوانـدز فەرمانبەر بووە، بە ناونیشانی ژمێریاری واتە (محاسب) لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەسەڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، لە ڕێکــەوتی (٢٠٠٥) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە ڕوحی شاد بێت سمکۆ (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئاسۆ ، زانکۆ ، ئاکۆ ، محەمەد ) .

١٦٢- مستەفا ئەحمەد حارس:- ناسراو بووە بە (مستەفای حاجی حمەدی) یان (مستەفای نەوت فرۆش) لە ڕێکەوتی (١٩٢١/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، مستەفا ئەحمەد حارس یەکیک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مستەفا پیاوێکی هێمن وکاسبکاروبەنزین و نەوت وگازی دەفرۆشت، شوێنی بەنزین خانەکەشی لە ژێر باڵەخانەی شارەوانی ڕواندز بووە، کە بەدائیم نەوت وگاز وبەنزینی هەبوودەی فرۆشت بە بەرمیل وبەتەنەکەی سەرمۆرنەوت وبەنزینی دەفرۆشت، هەروەها جگە لەکاری خۆی فەرمانبەری حکومەت بووە لە فەرمانگەی ئاوی ڕواندز، مستەفا حمەد حارس مرۆڤێکی بەخزمایەتی وقسەخۆس ومەدریس خۆش نوکتە چی وهەژار دۆست وئەهلی مزگەرت وجەماعەت بووە، مستەفا ئەحمەد حارس لەڕێکەوتی (١٩٨٣/٣/١) بەنەخۆشی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، مستەفا (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (فەخریە ، گولیزار ، گەلاوێژ) هەروەها لە گەڵ (٦) کوڕبە ناوەکانی (عومەر ، عوسمان ، ئەحمەد ، چەتۆ ، عەلی ، بێجان) .

١٦٣- عبدالله ئەحمەد شێخۆ :- ناسراو بووە بە (وەستا عەولای بەربەر) لەڕێکەوتی (١٩٢١/٧/١) لە گوندی فەقیانی سەربە قەزای ڕوانــدز لە دایک بووە، عبدالله بەربەر

یەکێک بووە لەڕیش سپی وکەسایەتی شاری ڕوانــدز، هەروەها لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرودڵسۆزی شاری ڕواندز بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، عبدالله بەربەرکەسێکی زۆر زیرەک وبە توانا بووە پیشەی (حەلاق) واتە سەرتاشی بووە، بۆیە نازناوی عبدالله بەربەربووە، هەروەها عبدالله مرۆڤێکی هێمن وقسە خۆش ودەم بەخەندە و پێکەنین بووە ، عەولابەربەرسەرتاشێکی زۆر زیرەک وبە توانــاو پاکوخاوێن بووە، وەستا عبداللهبەربەر کاری سەرتاشی خۆی زۆربەخاوێنی ورێکوپێکی دەکرد، بەدائیم پیاوی ماقول وکەسانی بەتەمەن وفەرمانبەروماموٚستا موشتەری سەرتاش خانەکەی بوون، عبدالله بەربەرلەڕێکەوتی (١٩٩٥/٩/٥) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. عبدالله بەربەر (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ئەحمەد ، جبار ، سەتار ، جەلال ، جەمال ) .


١٦٤- جمشید سولێمان محەمەد عبدالغفور:- ناسراو بووەبە (نائب زابت جمشید) لەڕێکەوتی (١٩٢٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، جمشید سلێمان یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، لە ساڵی (١٩٢٨) چۆتە بەرخوێندن خوێندنی سەرەتای لە شاری ڕواندز تەواو دەکات، لە ساڵی (١٩٤٠) لە بەرئەوەی قوتابخانەی ناوەندی ودواناوەندی لە شاری ڕوانـدز نەبووە، بۆ خوێندنی ناوەندی دەچێتە شاری کۆیە تابڕوانامەی ناوەندی وەردەگرێت، لە ساڵی (١٩٤٤) دەچێتە مەشقی سەربازی ودەبێتە عەریف عاشا لە ساڵی (١٩٤٨) لەجەنگی فەلەستین بەشداری دەکات، لەبەرزیرەکی وبەتوانای خۆی لە ساڵی (١٩٥١) پلەی بەرزدەبێتەوە بۆنائب زابت لەساڵی (١٩٥٥) دەبێتە زابت تەجنیدی قەزای ڕواندز دوای دووساڵ دەگوازرێتەوە بۆ تەجنیدی قەزای مێرگەسۆرلە ساڵی (١٩٥٧ تا ساڵی (١٩٥٨) وەک بەرپرسی تەجنیدی مێرگەسۆربۆماوەی دووساڵ دەمێنێتەوە، دوای دەگوازرێتەوە بۆ قەزای کۆیسنجاق تا ساڵی (١٩٦٣) لەم تەجنیدە کاردەکات، لە ساڵی (١٩٦٣) لە سەر بیروباوەڕی کوردایەتی دەسگیردەکرێت دەخرێتە بەندیخانە لە شاری عمارەی خواروی عێراق، دوای یەکساڵ بەواستەی کوردۆ ئاغای نوری باویل ئاغا لەساڵی (١٩٦٤) لە بەندیخانە



**جمشید سولێمان محەمەد**

ئازاد دەکرێت، دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی بەڵام لە کوردستان دوور دەخرێتەوە نەفی دەکرێت بۆپاریزگای عمارە. تا ساڵی (١٩٦٨) ئینجا خانەنیشن دەکرێت ویەکسەر خۆیی وخێزانەکە دەگەڕێنەوە بۆشاری ڕواندز، لەساڵی (١٩٨٣) کوڕێکیلەجەنگی عێراق و ئێران شەهید دەکرێت زۆر بێتاقەت دەبێت، بۆیە لە ساڵی (١٩٨٥) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلە وشارە نیشتەجێ دەبێت ، ناگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز لەڕێکەوتی (١٩٨٧/١٠/٢٣) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت .جمشیدسولێمان (١) یەک کچی هەبووە لەگەڵ (٩) نۆ کوڕبە ناوەکانی (ئازاد ، دلشاد ، نەوزاد ، جەماڵ ، جەلال ، سلێمان ، جەمیل ، ڕەشید ، دلێر) .

١٦٥- کمال محمود ڕەحیم:- ناسراو بووە بە (مامۆستا کمال محممود خولە) لە ڕێکەوتی (١٩٤٢/١/٩) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، مامۆستا کمال یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، کمال محمود خولە خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندزتەواو کردوە، دوای دەچێتە خانەی مامۆستایان لە شاری بەعقوبە تا خوێندن تەواو دەکات، دەبێتە مامۆستا لەقوتابخانەی پاشای گەورە لەشاری ڕواندز مامۆستا کمال کەسێکی بەتواناو زیرەک ورۆشنبیرو قسەخۆش بووە، هەروەها مامۆستایەکی مەدریس خۆش وبەخزمایەتی و نوکتە چی بووە، گەلێک جارلەسەر کوردایەتی کێشەی بۆ دروست بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی مامۆستای خۆی لەساڵی (١٩٧٧) خۆیی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر، لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت ، ناگەڕێتەوە، بۆشاری ڕواندز، مامۆستا کمال خولە لەڕێکەوتی (١٩٩٢/١/١٠) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولیر کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مامۆستا کمال محمود خولە (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (دلارام) هەروەها لەگەڵ (٥) کوڕ بەناوەکانی (نەریمان ، پشتیوان ، ڕێبوار ، ئاسۆ ، ئامانج) .



**کمال محمود ڕەحیم**

١٦٦- حاجی باپیر نیعمت ئەحمەد :- ناسراوبووە بە (حاجی باپیر) لە ڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە حاجی باپیر یەکیک بووە لە بنەماڵەیەکی وکورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، پیشەی شوفێری بووە، هەروەها فەرمانبەر بووە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ڕوانـــدز بە ناونیشانی شوفێری ئۆتۆمبێل حاجی باپیر مرۆڤێکی دەم بەخەندەودەم بە پێکەنین وقسەخۆش وقسەزان ورۆشنبیرومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، هەروەها پیاوێکی کاسب وباوەڕ پێکراو خێرخوازو هەژاردۆست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوەرەی دەوڵەتی ئێران بووە، لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری رواندز وسەرکاروکاسبیەکەی خۆی لەڕێکەوتی (١٩٩١/٣/١١) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی شاری هەولێر بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، حاجی باپیر (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (شلێر ، شیلان) هەروەها لە گەڵ (٨) هەشت کوڕبە ناوەکانی (فەریق ، ڕەفیق ، تۆفیق ، کەریم ، نیعمەت ، فاڕوق ، تاریق ، نەورۆز) .



**حاجی باپیر نیعمت**

١٦٧- مەحمود سەعید محمود :- ناسراو بووە بە (مەلامحمود) یان (مەلا کەڕ) هەرلە بەرئەوەی کە تۆزێک گوێی گران بووە لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە کاولۆکانی شاری ڕواندز لە دایک بووە، مەحمود سەعید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، مەلامەحمود سەعید مرۆڤێکی هیمن وئێسک سوک وقسە خۆش ورۆشنبیرو بە خزمایەتی بووە ، مەحمود سەعید لەسەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەوگرفت وئاوارەی ودەربەدەری وزیندانی کراوە، بە دەست دوژمنان ونەیارانی خۆی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ



**مەحمود سەعید محمود**

خەڵکی شاری ڕوانــدزو دەورو بەری ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزمەلامەحمود دووکوڕی لە سەرسیاسەت وحزبایەتی لەشەڕی ناوەخۆ شەهید کراون، بەناوەکانی (شوان و سیروان) مەلامحمود سەعید لەساڵی (١٩٩٩) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لە کاولۆکان لە گۆڕستانی مەلاوسووشێخ بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، مەحمود سەعید (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی ( گوڵخاتر ، سەلما ، بێریوان) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (محمدسەعید ، شوان ، سلێمان ، سیروان ، سەپان ، عبدالقادر ، ئادەم)

١٦٨- تەها سەعید مەحمود :- ناسراوبووە بە (وەستا تەها) لە ڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، وەستا تەها یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدز وەستا تەها سەعید لە سەر کوردایەتی چەندین جارکێشەی بۆدروست بووە، توشی ئاوارەی گرتن وبەندیخانە بووە، لە ساڵی1974) ) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبن بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزو گوندی کاولۆکان دەست بەکاری وەستای خۆی دەکاتەوە، وەستا تەها پیاوێکی زۆر قسەزان وڕۆشنبیر وقسەخۆش و بەخزمایەتی بووە، دۆست وهاوڕێی گەلێک زۆربووە، هەروەها وەستایەکی کارامە ودەست ڕەنگین بووە ، لەدروستکردنی دیواری خانووبەرە ، گێج کاری ، لەبخ کردنی دیواری خانوو ومارنجی دیواری خانوو، وەستا تەها لەئیشوکارەکەی خۆی وەستایەکی بەدەست و زۆر زیرەک و بەتوانابووە، هەروەها کەسێکی ڕاسگۆخاوەنی قسەی خۆی بووە ، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٧/٣٠) کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی مەلاوسووشێخان بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت. وەستا تەها (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (مەجید ، کریم ، یاسین ، تحسین ، همزە) .

١٦٩- عبدالله سەعید مەحمود ناسراو بووە (عبدلله سەعید) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، عبدالله سەعید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز عبدالله سەعید پیاوێکی زۆر ڕووخۆش وتێکەل بوو لەگەل خزم ودۆست و برادەرو دەورو بەری خۆی لە سەر کوردایەتی بە دەیان جارتووشی کێشەوگرفت وئاوارەی ودەربەدەری بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی



عبدالله سەعید معمود


لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) لەئاوارەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزوکانی عەتاری لەبازاڕی شاری ڕواندز بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانی دادەنێت ، عبدالله سەعید هیوایەتی سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان ، ئازاد کردنی خاکی کوردستان وسەرکەوتنی گەلەکەی بووە، لە ژێرزوڵم وستەم و زۆرداری دوژمنانی کورد، لەڕێکەوتی (١٩٩٨/١/١٨) لەشاری ڕواندزبەنەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی مەلاوسوشێخان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد عبداللەسەعید (٧) حەوت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (نەبەز ، نەوزاد ، شێرزاد ، هیوا ، ئاراز ، ئاری ، ڕەگەز ) .

١٧٠- مامۆستا سلێمان عبدالله سلێمان :- ناسراو بە (مامۆستا سلێمان) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، ناویتەواوی سولێمان کوڕی حاجی عبدالله کوڕی سلێمان ئەفندی کوڕی حاجی سلێمان ئاغا کوڕی زانەوێر ئاغا کوڕی ڕەشاغای ڕواندزی یە ، سولێمان ئەفەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، مامۆستا سولێمان قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕوانـدز تەواو کردوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٥٧) قۆناغی دواناوەندی لە شاری هەولێرتەواوکردوە ، لە ڕێکەوتی (١٩٥٨/١٠/٢٧) دامەزراوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی ڕوستێ بۆیەکەم جار دەست بەکار دەبێت، مامۆستا سلێمان کەسێکی زۆر بە توانا وزیرەک بووە، بەتایبەتی لە ڕووی فێرکردن وپەروەردەوپێگەیاندنی قوتابیان، ئەوجا لەدوای (٣) سێ ساڵ لە ساڵی (١٩٦١) لە گوندی ڕوستێ دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی زۆزکی سەرەتای کوڕان لە شاری ڕوانـدز، دیاربووە لەبەر زیرەکی وتوانای خۆی لە ساڵی (١٩٧٧) دەبێتە سەر پەرشتیاری پەروەردە، لەکۆتای تەمەنی دا لە ساڵی (٢٠٠٧) بە پلەی (سەرپەرشتیار) خانەنیشن دەکرێت،



مامۆستا سلێمان

سلێمان ئەفەندی لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٥/١٦) لە تەمەنی (٧١) ساڵی لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. مامۆستا سولێمان (٢) دوو کچی هەبووە، بەناوەکانی (ئاشتی ، ئاشنا) هەروەها لە گەڵ (٤) چوار کوڕ بە ناوەکانی (شێرزاد ، فەرهاد ، عبدالله ، نزار) ،



**غفوری کوردەی**

١٧١- غەفورمحمود کوردە:- ناسراوبووەبە (غفوری کوردەی) لەڕێکەوتی (١٩١٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، غەفوری کوردە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، غەفوری کوردە لە سەرسیاسەت و کوردایەتی چەندین جارتووشی گرتن وبەندیخانەو ڕاوەدونان وئاوارەی بووە، لە لایەن دارو دەستەی حکومەتەی بەعسی عێراق غەفوری کوردە پیاوێکی دورەشەڕوهێمن ومەدریس خۆش وبەخزمایتی وکەسێکی زۆرسادە بووە، هیچ زیانێکی بۆکەس نەبووە،

تەنها خۆشەوویستی خاکی کوردستان وئازاد بوونی نەتەوەکەی و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەوویست، غەفوری کوردە پیاوێکی ڕۆشنبیرو زیرەک وزۆرزان وئاقڵ بووە، هەروەها غفورکوردە مرۆڤێکی زۆر کاسبکار بووە، ڕۆژانە لە دوکانەکەی خۆی سەرقاڵی فرۆشتنی شتی ووشک کراوە بووە وەکوقەسپ وخورماوبــەڕو ومازی وگوێز وباوی ومێوژو قەیس وهەلوژەو نیسک و نۆک وماش ئەم شتانەشی لە ناوچەی باڵەکایەتی بۆدەهات لە دوکانەکەی خۆی ساغی دەکردەوە، جگە لە مەش بێستە ڕێوی ودەڵک وکوڕبەش وخوری ومووی حیوانی دەفرۆشت ، لەڕێکەوتی (١٩٨٦/٦/١٧) کۆچی دوای کردوەڕوحی شاد بێت غەفورکوردە (٨) هەشت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (قادر ، کوردۆ ، جەلال ، دڵشاد ، ئەنوەر ، مەزهەر ، سالار ، ڕزگار ) .

١٧٢- محمد عبدالله ڕەسول :- ناسراو بووە بە (حمەنەجم) لەڕێکەوتی (١٩١٤ /٧/١) لەشاری ڕواندزی کۆن واتە کاولۆکان لە دایک بووە ، یەکێک بووە لەکەسایەتی شاری ڕواندزودەوروبەری هەروەها لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەربووە، لە سەر کوردایەتی

چەندین جار توشی کێشە وگرفت و ئاوەرەوی ودەربەدەری بووە، حمەنەجم پیاوێکی زۆرڕۆشنبیرو زیرەک و تێگەیشتی و قسەزان قسەخۆش دەم بەخەندەو دەم بەپێکەنین بووە ، هەروەها پیاوێکی مەدریس خۆش و بوخزمایەتی بووە، حەمە نەجم لە کاولۆکان دوکانی شەکرو چاو ڕۆن وکەل وپەلی خواردن وعەتاری هەبووە، لەگەل هەمووجۆرە شتومەکی ناومالْ وەک قاپ وقاچاخ وپێداویستی ناومالْ، حەمە نەجم لەڕێکەوتی (١٩٧٨/٥/١٧) لەکاولۆکان گەڕەکی پاشای گەورەی شاری ڕوانـدزی کۆن کۆچی دوای کردوە، لە گۆرستانی مەلاوسوشێخان بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت، حمەنەجم (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالقادر ، ئیبراهیم ، ئیسماعیل) .

١٧٣- ئەحمەد سەعید محمود ئیبراهیم ) ناسراو بە (ئەحمد سەعید) لە ڕێکـەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ئەحمەد سەعید یەکێکە بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و کەسایەتی شاری ڕواندز ئەحمد سەعید لەسەر کوردایەتی گەلێک جار تووش کێشەو گرفت ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە سالْی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبن بۆماوەی یەکسالْ لەسالْی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە سەرکارو وەزیفەکەی خۆی کە فەرمانبەربووە لە نەخۆشخانەی ڕوانـدز بە ناونیشانی (شوفێر) واتە (سائق ئیسحاف) بۆکاری گواستنەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانەی قەزای ڕوانـدزبۆ نەخۆشخانەی تەواری هەولێرئەحمەد سەعید لە وەزیفەکەی




**ئەحمد سەعید**

کاری شۆفێری خۆی کەسێکی زۆرزیرەک وبەتوانا بووە، خزمەتێکی زۆری شاری ڕواندزو دەڤەرەکەی کردوە، لەتەمەنی (٦٣) سالْی واتە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٧/١) خانەنیشن دەکرێت لـە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٩) لەشاری ڕواندز بە نەخۆشییێکی کوشەندە کۆچی دوای کردوە. لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ئەحمەد سەعید (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (کلسوم ، محسومە) هەروەها لەگەڵ (٧) حەوت کوڕ بەناوەکانی (یوسف ، ئیسماعیل ، فەرهاد ، نەورۆز ، سەتار ، کاروان ، هۆگر) .

١٧٤- مەجید خورشید ئاغا :- ناسراوبووە بە (مەجید بەگ) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە مەجیدبەگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مەجید بەگ لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری رواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکارو وەزیفەکەی خۆی، مەجیدبەگ فەرمانبەری حکومەت بووە، لە فەرمانگەی پۆستەوگەیاندنی قەزای ڕواندز، مەجیدبەگ کارمەندێکی زیرەک وبەتوانا بووە، مەجید بەگ لەکاتی خۆی لە سەربەداله دەنگی خەڵکی ڕواندزی بە تەلەفۆنی ماڵان لە گەڵ شارەکانی عێراق بە یەک ئاشنا دەکردن چونکە ئەوکاتی وەکو ئێستاکە نەبووە هەندێک ماڵ خەتی تەلەفۆنیان هەبوو، ئەوەی تەلەفۆنی نەبووایە دەچوونە بەریدلای مەجید بەگ خەتی بۆ وەردەگرت و قسەی لەگەڵ هاوڕێ وخزم وکەسە دوورەکانی خۆی دەکرد، مەجیدبەگ لەکارو وەزیفەکەی خۆی خزمەتێکی زۆری خەڵکی شاری ڕواندزی کردبووە، لە ساڵی (١٩٨٧) خانەنیشن دەکرێت، ئینجابۆخۆی کاری عەریزە نووسین دەکات ماوەی چەند ساڵێک ئەم کارەدەکات لەم کارەش زۆرسەرکەوتوو دەبێت، لەجێبەجی کردنی کاروباری هاولاتیان ، بەتایبەتی لە نووسینی داواکاری وکاروباری هاولاتیان هەروەها لەنوسین دەست خەتی زۆرخۆش بووە ، مەجیدبەگ لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٨/١١) لە شاری ڕوانـدز بە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مەجید بەگ (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (پەروین ، نەسرین ، ئەڤین) هەروەها لەگەڵ (٣) سی کوڕ بە ناوەکانی (دلێر ، کاوە ، کارزان) .

١٧٥- سەید ئبراهیم سەید ڕەسول سید حوسێن:- ناسراوبووبە (سەید برامە گۆج) یان (کۆڵنەدەر) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە سەید برایم یەکیک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، سەید برایم مرۆڤێکی کەم ئەندام بووە هەردوو قاچی لەزگماکەوە گۆج بووە، توانای ڕۆیشتن وڕاوەستانی نەبووە، بەڵکو لە قونەوە دادەنیشت بەدەستەکان دەڕۆیشت لە سەر ئەم حاڵەش دەستی بۆکەس پان نەدەکردەوە کەخێری پێ بکەن ئەو بە فکرومێشکی خۆی وبە هەردوو دەستەکانی کاسبی بۆخۆیی وماڵ ومنداڵی خۆی دەکرد، دوکانێکی شەکەرات وعەتاری بۆخۆی دانابوو لە ناو بازاڕی شاری ڕوانـدز، بۆبژێوی ژیانی


**سەید برامە گۆج**

ڕۆژانەی خۆیی وماڵ ومنداڵەکانی کاری دەکرد، جگە لەمە سیدبرایم کەسێکی زۆر شوکربووە بەرامبەربە خوای خۆی ، هەروەها سیدبرایم مرۆڤێکی قسەزان وقسەخۆش ومەدریس خۆش بووە، سەید برایم هیوایەتی کوردایەتی وسەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بووە، هەروەها خەڵکی شاری ڕواندز زۆر خۆشیان دەویست و یارمەتیان دەدا، لە ئیش وکارەکانی ڕۆژانەی خۆی، سەیدبرایم لەڕێکەوتی (١٩٩٢/٩/١٤) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی‌لە شاری ڕواندزکۆچی دوای‌کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. سید برایم (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (خەجیج ، جیهان ، ڤیان ، کەژاڵ ، خەندە) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕ بە ناوەکانی (ڕەسول ، کمال ، غەریب ، جەماڵ ، ئەیوب ، ڕەنجدەر) .

١٧٦- یونس فقێ ئەحمەد قادر:- ناسرا بووە بە (یونسە گۆج یان ونسی ئامینە بنجوێ) ونس یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر وکەسایەتی شاری ڕوانــدز، هەروەها کەسێکی نیشتمان پەروەروکورد پەروەربووە یونس فەرمانبەری حکومەت بووە لە فەرمانگەی پۆستەوگەیاندنی شاری ڕواندز بەناونیشانی نامەگواستنەوە ودابەشکردن، لە هاوینی ساڵی (١٩٦٥) لە کاتی ئەرک وکارکردنی لەکاتی دەوام کەسەرقاڵی دابەشکردنی نامە بەسەرفەرمانگەکانی حکومی دەبێت لەناکاو تۆپەکانی پێشمەرگە مەرکزو قائیقامیەت وپۆلیسخانە لەسەرای شاری ڕواندزی تۆپ باران دەکەن یەکێک لەوتۆپانە لەپێش دائیرەی پۆستەو گەیاندنی ڕواندز دەکەوێتە خوارەوە


**یونس فقێ ئەحمەد**

پارچەیەک لەوگولە تۆپە بەدەستی ڕاستی یونس دەکەوێت پیلێکی دەپەڕێت، کەم ئەندام دەبێت، یونس کەسێکی زۆر هێمن وقسە خۆش وزیرەک بووە، یونس لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕوانــدزوسەرکارو وەزیفەکەی خۆی یونس لەڕێکەوتی (١٩٩٩/٣/١٧) بەهۆی نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕوانــدزکۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی

شاد بێت .یونس فەقێ ئەحمەد (٩) کچ هەبووە لە گەڵ (٢) کوڕبە ناوەکانی (یوسف ، سلێمان) .

١٧٧- فەرهاد محەمەد مستەفا مەزهەر:- ناسراوە بە (فەرهاد سۆرانی) یان فەرهاد برای مامۆستا زرار، فەرهاد سۆرانی لەڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، فەرهاد یەکێکە بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو و کەسایەتی شاری ڕوانــدز، فەرهاد سۆرانی لە سەر کوردایەتی چەندین جار تووشی ئاوارەی ودەربەدەری بووە، هەروەها فەرهاد سۆرانی بۆماوەی (١١) یانزە ساڵ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی (١) یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان لەبنکەی بەیتەریەی شاری ڕواندز دادەمەزرێت، لە ساڵی (١٩٩١) دووبارە بەشداری کردوە لەشۆڕشی نوێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرکردایەتی (جەلال تاڵەبانی) بۆ ماوەی (١٢) ساڵ کارکردنەکەشی بەشێوەی حزبی وکاری سیاسی ئیشی کردوە، فەرهاد سۆرانی جگە لەکاری سیاسی و پێشمەرگایەتی فەرمانبەری حکومی بووە، لە فەرمانگەی بەیتەریەی ڕوانــدز (٣٦) سی وشەش ساڵ خزمەتی کردوە، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٧/١) خانەنیشین کراوە، ئێستاکە پەڕتوکخانەیەکی بۆخۆی لەناو بازاڕی شاری ڕوانـدز داناوە، کاری فۆتۆکۆپی و فرۆشتنی کەلوپەلی قرتاسیە، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە لەشاری ڕواندز دادەنیشێت، فەرهاد سۆرانی (٣) سێ کوڕی هەیە بە ناوەکانی (هێمن ، هەردی ، هەوێر) .


**فەرهاد محەمەد مستەفا مەزهەر**

١٧٨-حوسێن ئەحمەد فەقێ حوسێن:- ناسراوبووە بە (حاجی حوسێن چاوشین) لە ڕێکەوتی (١٩١٨/٧/١) لە شاری ڕوانــدزلەدایک بووە، حوسێن چاوشین یەکیک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدزحوسێن چاوشین لە سەر سیاسەت وکوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەو گرفت و گرتن وبەندیخانە بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەرە شاری ڕواندز، حاجی حوسێن کەسێکی هێمن ونەرم نیان وهەژاردۆست خێرخوازوکاسب بووە، لەساڵانی

شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردولە کارەکەی خۆی لەگەڵ شەوکت بەگی ڕواندزی شریک بووە، کەخاوەنی (٤) چوارئاشی گەورە بووە، ئەوکات وسەردەمی وەک ئێستاکە لەبازاڕەکانی کوردستان ئارد بەفەردە وبەکیلۆش نەبووە ئەگەر هەبووە زۆر کەم بووە، بەتایبەتی لەشاری رواندزو دەوروبەری، ئەوکات بەزۆری خەڵکی گەنم وجۆیان دەکڕی دەیان بردە ئاش دەیان کردبەئارد، لەوکات وزەمانی من وەبیرم دێت لەبازاڕی شاری ڕواندز تەنها گەنم وجۆهەبووە، خەڵک دەیان کڕی دەیان برد بۆ ئەو ئاشانەخەڵکی لەوئاشانە سەڕەیان دەگرد لە پێش کۆلی ئاشەکە فەردەی گەنم یەک لە دوای یەکتری ڕیزدەکران تادەرەوەی ئاشەکە کەسەڕەت دادەهات گەنمەکەیان بۆ دەکردیە ناوکۆلی ئاش ودەبووە ئارد دەتبردەوە بۆماڵەوە کابانی ماڵ دەیکرد بەنان، هەوەها لەم ئاشانە جگە لە ئاردگەنمەکوتاو ساوارو بڕوش لەگەنم دروست دەکران وەهەروەها لە وەرزی هاویناندا بەفریش درووست دەکرا، حاجی حوسێن لەساڵی (١٩٨٩) بە نەخۆشی لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حاجی حوسێن چاوشین (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوە کانی (زولێخا ، ڕۆناک ، دڵخۆش ، دڵپاک ، مەهاباد) هەروەها لەگەڵ (٨) هەشت کوڕ بە ناوەکانی (عزیز، فازیل ، فواد ، تۆفیق ، محمەد ، ئازاد ، نەریمان، نەجات) .



**حاجی حوسێن چاوشین**

١٧٩- محەمەد یوسف میکائیل:- ناسراوبووە بە (محمد یوسف بەقاڵ) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە ناحیەی دزەی لەدایک بووە ، محمد یوسف بەئەسل ونەسەب خەڵکی گوندەکانی دەڤەری دزەیان بووە، محمدیوسف لەساڵی (١٩٥١) بۆکاروکاسبی ڕوو دەکاتە شاری ڕواندز، لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، دەست دەکات بە کاروکاسبی بۆ بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانی، لە بازاڕی شاری ڕواندز دوکانێک بۆخۆی دادەنێ سەوزەو هەمووجۆرە میوەی تیا دەفرۆشێت، دوای ماوەیەک لەم شارە دەبێتە کەسێکی باوەڕ پێکراو کەسایەتیەکی بەڕێزودڵسۆزی شاری ڕوانـدز موحەمەد یوسف یەکێک بووەلەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، محمد یوسف لە سەرکوردایەتی لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز

ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، محەمەد یوسف مرۆڤێکی قسەزان وقسەخۆش مەدریس خۆش بووە ، هەرچەندە هەندێک جارتۆزێک هەڵدەچوو خۆی تووڕە دەکرد بەڵام پاش ماوەیەک تووڕەی نەدەما وچاک دەبووەوە، لە ڕێکەوتی (٢٤/ ١٩٧٩/٥) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، محەمەد یوسف (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (جیهاد ، نزار، جەمال ، عەلی) .

١٨٠- ئەحمەد قادر سۆفی:- ناسراوبووە بە (ئەحمەد کەرک) لە ساڵی ( ١٨٧٠) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، ئەحمەد کەرک یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئەحمەد کەرک پیاوێکی زیرەک وکاسب وقسە خۆش بووە ، ئەحمەد کەرک گەلێک چیرۆک وبە سەرهات ونوکتەی دەزانی، لە کاتی خۆیدا کە کارەبا نەبووە ئەگەر هەشبووە زۆر بە کەمی شەوانە لە ماڵان کە مەدریس دادەمەزرا چەندین خێزان لە ماڵێک کۆدەبوونەوە ئەحمەد کەرک دەستی دەکرد بە نوکتە وبەسەرهات وچیرۆکی دورودرێژی بۆدەگێرایەوە ، هەرحەزت دەکرد لە مەدریسی ئەوپیاوە بەڕێزوبەساڵاچووە دادەبنیشی هەندێک جارئەگەرچیرۆکەی درێژبایە بەچەند شەوتەواوی دەکردن جگە لە مەش ئەحمەد کەرک کاری ناڵبەندی دەکرد، ڕۆژانە بۆبژێوی ژیانی خۆیی وماڵ ومنداڵی کاری ناڵبەندی کردوە، جگە لەم کارەشی ئەحمەد کەرک دکتۆری کوردەواری واتە (بەیتار) بووە، هەرکەسێک دەست وقاچی بشکابایە ئەوچاکی دەکردەوە ڕۆژانە لە هەموو گوندوشوێنە دورەکانیش ڕوویان لە ماڵی ئەحمەدکەرک دەکرد بۆئەم مەبەستە, هەروەها ئەحمەد کەرک دەستی شعریشی هەبووە، ئەمەی خوارەوە چەند دێرێکە لە شیعرەکانی ئەو کە دەڵێت.

ئەول جاردین وئیمان
پاشان ژنی جوان
توتنێ بۆندار
چای بەڕەنگ
ماستیش لەڕۆخ

هەروەها لە لاوک وبەندوحەیرانیش دەنگی زۆر خۆش بووە، ئەحەمەد کەرک لە تەمەنی (٨٩) ساڵی لەسەعات (٤) چواری بەیانی لەڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (١٩٥٩/٩/٩)

لە شاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت، ئەحمەد کەرک (٤) چوارکوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (حاجی ڕەشید ، قادر ، ئیسماعیل ، ئیبراهیم) .


١٨١- قادر ئەحمەد قادر سۆفی:- ناسراوبووە بە (قادر ئەحمەد کەرک) یان (قادر وەستا ئەحمەد) لە ڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، قادرئەحمەد کەرک یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، قادر لە سەرکوردایەتی چەندین جار دەربەدەری وئاوارەی دیوە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، قارد ئەحمەد فەرمانبەری حکومەت بووە وەک نووسەرو ڕەزام لە قوتابخانەی دواناوەندی کوڕانی ڕوانـدز، ئەحمەدکەرک وەک فەرمانبەرێکی کاراو زیرەک وبەتوانا ڕۆژانە کارەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی بۆقوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەکەی دەکرد، وەستا قادرجگە لە مەش پاش دەوام کاری ناڵبەندی دەکرد بۆبژێوی ژیانی خۆی کە پیشەکەی لەباوکی بۆی مابووە، وەستا قادر وەستا ئەحمەد پیاوێکی زۆرقسە خۆش وقسەزان بووە، لەڕێکەوتی (١٩٩٦/١٢/١٣) لە شاری هەولێرکۆچی دوایکردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، وەستا قادرئەحمەد کەرک (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سالار ، ڕزگار ، سەردار ) .

١٨٢- حەسەن یوسف حەسەن :- ناسراو بووە بە (حەسەنی نان ودۆی) لە ڕێکەوتی (١٩٢١/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، حەسەن یوسف یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆ ماوەی یەکساڵ، حەسەن یوسف مرۆڤێکی زۆرڕووخۆش و قسەخۆش مەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە ، حەسەنی نان ودۆیی کەسێکی کاسبکارزیرەک بووە، بۆبژێوی ژیانی خۆی لە تەمەن مێرمنداڵی دەستی داوەتە کاری حەمباڵی لەبەر ئەوەی لەوکاتی ژیان زۆرئەستەم بووە، کاوی حەمباڵی کارێکی باش بووە، بۆ ماوەی چەندساڵ ئەم کارە دەکات، لە دوای دوکانی بایەعی شەکرو چاو عتاری داناوە تا لەژیان مابووە کەسێکی زۆر کاسب بووە،


**حەسەنی نان ودۆی**

حەسەن نان ودۆلە تەمەنی (٦٧) ساڵی لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٨/١٤) لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت,حەسەن یوسف حەسەن (٦) شەش کوڕی هەبووەبە ناوەکانی (مەحمود ، مستە فا ، جەلال ، کمال ، جبار ، بێجان ) .

١٨٣- محمد شکری قادر محمود:- ناسراو بووە بە (حمە پێ پـان) یـان (دکتۆرحمە) لەڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لەشاری ڕوانـدزلە دایک بووە، حمە پێ پان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، دکتۆرحەمە لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز و سەرکار و وەزیفەکەی خۆی، دکتۆرحمە فەرمانبەربووە لە نەخۆشخانەی گشتی شاری ڕوانـدز بە ناونیشانی موزەمید، کاری تەداوی ودەرزی لێدانی دەکرد ، هەروەها جگە لەکاری فەرمانبەری، لەدەرەوە، پیشەی سونەت کردن واتە (خەتەنە) کردنی منداڵان هەموو ساڵێک لەوەرزی بەهاراندا گوند بە گوند دەگەڕا بۆخەتەنە کردنی منداڵانی خەڵەکی لەگوندەکانی دەوروبەری شاری رواندز، دکتۆرحمە کەسێکی زۆر قسەخۆش وقۆشمەچی کەیف خۆش ودەم بەخەندەوپێکەنین گاڵتە چی بووە، خەڵکی خۆشیان دەوویست حەمە پێ پان لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/١٠/٢٤) لە ماڵەکەی خۆی لەشاری سۆران کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، دکتۆرحمە (٣) سێ کوڕی هەبووەبەناوەکانی (دلزار ، دڵشاد ، عبدالقادر) .


**دکتۆر محمد شکری**

١٨٤- حەسەن حمدئەمین حەسەن :- ناسراو بووە بە (حەسەن پەپە) لە ڕێکەوتی (١٩١٣/٧/١٥) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، حەسەن پەپە یەکێک بووە ، لە بنەماڵەتەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حەسەن پەپە هیوایەتی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، بەسەردوژمناندا حەسەن لە کاتی شەڕوپێکادانـدا ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنیان بەدەست هێنابایە هەرکەسێک


**حەسەن حمدئەمین حەسەن**

مزگێنی دەدایە زۆرکەیفی خۆش دەبوو لە جیاتی ئەومزگێنیە کەسەکەی خەڵات دەکرد بەبڕێک پارە، جگەلەمەش گەلێک داستان وچیرۆک وبەسەرهاتی سەردەمی منداڵی خۆی لابووکە بۆدۆست وهاوڕێکانی دەورووپشتی خۆی دەگێڕایەوە، ئینجا کەقسەی دەکرد هەرحەزت دەکرد گوێ لە قسەخۆشەکانی بگری ، هەروەها حەسەن پەپە پیاوێکی زۆرهێمن وئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، مرۆڤێکی خێرخوازو هەژار دۆست دەم بەخەندە و پێکەنین و ڕووخۆش وقسەزان وقسەخۆش ونوکتەچی بووە، ئەومرۆڤە لەکاتی خۆی فەرمانبەری ڕێگاوبان بووە، بەناونیشانی پاسەوانی ئالیات لەڕێکەوتی (١٩٩٨/١٢/٨) بەنەخۆشی لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، حەسەن پەپە (١) یەک کوڕی هەبووە بە ناوی (حمدئەمین) .

١٨٥- حمدئەمین حەسەن محمدئەمین حەسەن:- ناسراو بووە بە (حمدئەمین حەسەن پەپە) لەڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لەشاری ڕوانـدز لەدایک بووە، یەکێک لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز حمەدئەمین لە سەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەوگرفت ودەربەدەری و ئاوارەی گرتن وبەندیخانە بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ حمدئەمین حەسەن پەپە فەرمانبەری حکومەت بووە، لە دواناوەندی کوڕانی ڕوانـدز بەناونیشانی پاسەوان لە ساڵی (١٩٨٧) خانەنیشن کراوە، دەست داوەتە کاسبی ودوکانی شەکروچاوسابوون وتایدوعەتاری لە ناوبازاڕی شاری ڕوانـدز داناوە، ڕۆژانە سەرقاڵی فرۆشتنی ئەوشتومەکانەبووە کە بۆ فرۆشتن لە دوکانەکەی خۆی هەبووە، حمدئەمین حەسەن پەپە کەسێکی زۆربە خزمایەتی وقسە خۆش وقسەزان ورۆشنبیر بووە لەڕێکەوتی (١٩١٠/١٠/١٠) بە نەخۆشی لە شاری ڕوانـدزکۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت حمدئەمین (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (پەروین) هەروەها لەگەڵ (٣) کوڕبە ناوەکانی (ئازاد ، سەدیق ، سولێمان) .


محەمەدسولێمان محەمەد

١٨٦- محەمەدسولێمان محەمەد :- ناسراو بووە بە (محەمەد زازۆ) لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە گوندی پیرموسای سەربەناحیەی بامەڕلی پارێزگای دهۆک لەدایک بووە، محمد زازۆی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، محەمەد زازای لە ساڵی (١٩٥٧) لە بەرهەندێک کێشەی کۆمەلایەتی هاتۆتە شاری ڕوانـدز لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، بۆخۆی دوکانێکی شەربەت فرۆشی دادەنێت شەربەتی مێوژ وپرتقاڵ وهەناری تیادا دەفرۆشت ئەوپیاوە جگە لە کاری شەربەت فرۆشتن، فەرمانبەری حکومی بووە لە قوتابخانەی دواناوەندی ڕوانـدزی کوڕان بەناونیشانی بەردەست، محمد زازای کەسێکی تێکەڵ وبەخزمایەتی وپیاوێکی زۆرئاوەدان وقسەزان وقسەخۆش مەدریس خۆش بووە، محەمەد زازای لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٢/١٤) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، محەمەد زازای (٣) سێ کچی لەگەڵ (٦) شەش کوڕ بە ناوەکانی (مەحمود ، ئەحمەد ، ئیبراهیم ، ئیدریس ، موخلیس ، عبدالکریم ) .

١٨٧- زرارعەلی مستەفا:- ناسراو بووە بە (زرار ئاغا) لە ڕێکەوتی (١/٧/ ١٩١٤) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، حاجی زرارئاغا یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی زرار ئاغا پیاوێکی هێمن وقسەزان وقسەخۆش وڕۆشنبیرو مەدریس خۆش بەخزمایەتی بووە، زرارئاغا لە سەر کوردایەتی چەندین جار تووش کێشەو گرفت بووە، لەگەڵ داروەدستەو پیاوەکانی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ دوای ڕوخانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٥) لە ئێران گەڕاوەتەوە شاری ڕواندزحاجی زرار ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٧/١٥) لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی لەحلی خان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، زرارئاغا (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالله ، تۆفیق ، ڕەفیق ) .


سەعیدی ئەحمد چەقەری

١٨٨- سەعید حمد سۆفی :- ناسرابووە بە (سەعیدی ئەحمد چەقەری) لەڕێکەوتی (١٩٤٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە سەعید ئەحمەدچەقەریەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، سەعید ئەحمەد چەقەر پیاوێکی زۆر زیرەک وئازاو تێکۆشەرو بووە، یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە قارەمانەکانی کوردستان لە شۆرشی ئەیلول لە هەموو شەڕەکاندا بەشداری کردوە بۆدواجارلەچیای کۆرەک بەشداردەبێت بۆئەوەی بەرگری لە خاکی کوردستان وشاری ڕواندزی خۆشەوویست بکات لە ساڵی (١٩٧٤) بەشداری لەهێرشێکی زۆرگەورە دەکات بۆسەرسەنگەرەکانی دوژمنی فاشستی بەغداد لەچیای کۆڕەک ، پاش شەرێکی زۆرگەورە لەدارە هیشک خۆیی وبراکەی پێکەوە بەرگولە تۆپێکی دوژمن دەکەون وهەردووکیان شەهید دەبن، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراون ڕوحی هەردووکیان شادبێت. سەعید ئەحمەد چەقەر (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (یوونس ، ئیدریس ، جەرجیس ، خاڵیس ، کاکەڕەش) .

١٨٩- عبدالله تۆفیق ئاغا :- ناسراوبووە بە (عبدالله ئاغا تۆفیق ئاغا) لە ڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، عبدالله تۆفتق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عبدالله ئاغا دەیان جارلەسەر کوردایەتی گیراوەو خراوەتە بەندیخانە توشی دەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی لەگەل خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت تا ساڵی (١٩٧٥) بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕوانـدز، عبدالله تۆفیق ئاغا پیاوێکی زۆرهێمن وقسەزان ورۆشنبیرو زۆرکاسب بووە دوکانی عەتاری لە ناو بازاڕی شاری ڕوانـدز هەبووە، ئەو پیاوە ڕۆژانە سەرقاڵی کاسبی خۆی بووە، بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی لە ڕێکەوتی (١٩٧٦/٥/٢٤) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، عبدالله تۆفیق ئاغا (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (زرار، شوان ، جەوهەر، سەربەست ، تۆفیق) .

١٩٠- صدیق حوسێن سۆفی:- ناسراوبووە بە (صدیق هەدلیَ) لە ڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، سەدیق هەدلیَ یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، سەدیق هەدلیَ لە سەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەو گرفت بووە، سەدیق هەدلیَ لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانــدزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندزسەدیق هەدلیَ لەڕێکەوتی (١٩٩٢/٧/١) خانەنیشن دەکرێت هیچ کاروکاسبی پیَ ناکرێت تەنها بەمووچەی خانەنیشنی خۆی بەڕێووە دەچێت، سەدیق پیاوێکی زۆرهێمن وقسەخۆش وکورد پەروەر بووە، هەرچەندە لەکاتی خۆیدا پۆلیسی حکومەتی عێراق بووە، بەڵام ڕوحی کوردایەتی زۆربەهێزبووە، هەردەم دڵی لای شۆرش و پێشمەرگە بووە، لەهەرشوێنێک پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە ئەوپیاوە دڵی زۆر خۆش دەبوو، بەداخەوە ، لەشەڕی ناوەخۆ لە ساڵی (١٩٩٦) چەند کەسێکی چەکداری بێوژدان لەدرنگانی شەوهەڵ دەکوتنەسەر ماڵی پیرە پیاوێکی بەساڵاچووی نەخۆش وبیَ کەس وبیَ چەک لەشاری ڕواندزدووری دەخەنەوە دەی ڕفێنن، لە سەرشەقامی گشتی ڕوانـدز سۆران، لەپشتی (ئیسقەلا) بەچوارکەس دەکەونەگیانی ئەوپیاوە بەساڵاچووەی تەمەن (٧٥) ساڵی لەدوای بێڕزیەکی زۆربەشەق وشلاق هەموو گیانی دەشێلن، تا لەهۆش خۆی دەچێت، ئەوجا هەرلەم شوێنەبەجێی دەهێڵن دوای چەند کەسێک بەخێری خۆیان بە ئۆتۆمبێل دەیگەڕێنەوە بۆشاری ڕوانـدزوتەسلیم بەکەس وکاری دەکەنەوە، لەو ڕۆژەوە یەکسەرنەخۆش دەکەوێت ، ڕۆژلەدوا ڕۆژ نەخۆشیەکەی زیاتر دەبوو، دەکەوێتە ناوجێگاوهەڵ نەستایەوە، لەڕێکەوتی (١٩٩٨/١١/٢٥) کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت صەدیق هەدلیَ (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (حوسێن، ڕەشید ، مستەفا ، یوسف ، عومەر) .



**صدیق حوسێن سۆفی**

١٩١- غازی شاکرسەدیق ئیبراهیم ئاغا :- ناسراوبووە بە (مامۆستاغازی شاکر ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩٣٥/٧/١) لە کاولۆکانی کۆنە پایتەختی میری سۆران لە دایک بووە ، لە ساڵی (١٩٦٤) هاوسەرگیری لەگەڵ مامۆستا جیهان سالَح نەورۆز کردوە ، مامۆستا


**ماموستا غازی شاکر ئاغا**

غازی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ماموستا غازی لە سەرکوردایەتی چەند جارخراوەتە بەندیخانە لە ساڵی (١٩٦١) لەسەر سیاسەت وکوردایەتی دوور خراوەتەوە بۆ قەزای مەخمور بۆماوەی دووساڵ دوای لە ساڵی (١٩٦٣) گەڕاوەتەوە شاری ڕواندزولە قوتابخانەی سەرەتای تێکەڵاوی کاولۆکان وەک بەڕێوەبەر دەست نیشان کراوە ، هەرلەم ساڵە ڕژێمی ئەوکاتی لەکاتی دەوام کردنی لەکاتژمێری (٨) ی بەیانی لەناوقوتابخانەکەی قۆڵبەستی دەکەن دەیخەنە بەندیخانە لە شاری ڕوانــدز بۆماوەی (٦) شەش مانگ دەست بە سەر دەبێت بەتۆمەتی یارمەتی دانی پێشمەرگە ، دوای ئەوماوەیە بەردەبێت ، بۆماوەیەکی زۆر دوور دەخرێتەوە، واتە (نەفی) دەکرێت ، بۆشاری ناسریەی خواروی عێراق، ئینجا بەواستەو هەیمەتی چەند خەمخۆرێک عەفودەکرێت دەگەڕێتەوە کاولۆکان دەبێتەوە بەرێوەبەری هەمان قوتابخانە بۆماوەی (١٤) چواردە ساڵ وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەی کاولۆکان دەمێنێتەوە، ماموستا غازی (٤٠) چل ساڵ خزمەتی پەروەردە و قوتابی کردوە، غازی ئەفەندی ماموستایەکی دەم بە خەندەو پێکەنین بووە لە گەڵ قوتابی زۆرنەرم ونیان و باش بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/٤/١٧) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆرستانی مەلاوسوشێخانی بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ماموستا غازی (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ئامانج ، موحەمەد ، بڕیار ) .


**مەحمود شێخ حارس**

١٩٢- مەحمود شێخ حارس کامەلا :- ناسراوبووە بە (مەحمود شێخۆ) لەڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، مەحمودشێخۆ یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، لە سەرکوردایەتی چەندین جارکێشەوگرفتی بۆدروست کراوەولەزەمانی حوکەمەتی بەعسی لە شاری ڕواندز زیاتر لەچوار جارگیراوەوخراوەتە بەندیخانە لەبەرئەوەی کە تەنها باسی شۆڕش وپێشمەرگەی کوردستانی کردبووە ، محمود شێخۆبەشداری کردوە لە شۆڕشی ئەیلول، لەو شۆڕشە زیاترلە (٨) ساڵ پێشمەرگە بووە، لە

ساڵی (١٩٧٤) بەشداری شەڕەکانی گۆڕنۆک ودارەهیشک وشاخی بێخاڵی کردوەو برینداریش بووە، هەروەها مەحمود شێخ حارس کەسێکی زیرەک و کاسب بووە دوکانی فرۆشیاری شەکرو چاوئاردی هەبووە، ئێستاکەساڵی (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە لەشاری ڕواندز دادەنیشێت ، محمود شێخۆهەرچەندە پیربووەو بەساڵاچووە تا ئێستاکەش لەکاسبی خۆی بەردەوامە، دوکانی (بائع) ی هەرماوە، مانگانە کەل وپەلی خۆراک وەردەگرێت بەسەر کۆمەڵێک خێزانی شاری ڕواندز دابەش دەکات، ئەو کارەشی کە دەیکات بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەیەتی ، حاجی محمود شێخ حارس (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (خـدر ، وریـا ، هەندرێن ، خوڕشید ، ئەحمـەد) .

١٩٣- سەعید شێخ حارس:- ناسراو بە (سەعید شێخۆ) لەڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لەشاری ڕوانـدزلە دایک بووە سەعید شێخۆیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، سەعید شێخۆیەکێک بووە لە پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلول، لەم شۆڕشە لە چەندن شەڕوداستانی نەبەردی کوردستان بەشداری کردووە، هەروەها لە شەڕی هەندرێن بەشداربووە، لەم شەڕە (٢) دوو دەمانچەویەک تفەنگێکی کلاشینکۆفی ڕووسی گرتووە ، سەعید شێخۆ کەسێکی دڵسۆزوکوردپەروەرو زیرەک وبەتوانا بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی زیاتر لە یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٦) گەڕاوەتەوە شاری ڕوانـدز، دوکانی عەتاری داناوە لە دوکانەکەی شەکرو چاو سابون وتاید وهەمووجۆرە شتومەکی ناو ماڵی تیادا دەفرۆشت، سەعید شێخۆ لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٥/٢٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، سەعید شێخۆ (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سۆران ، فاخر ، بەشدار ، ڕەشید) .



**وەستا سەعید زێڕەنگەر ڕواندز**

١٩٤- وەستا سەعید ڕواندز :- ناسراو بووە بە وەستا (سەعیدی زێڕەنگەر) وەستا سەعید لەڕێکەوتی (١٩٠٤/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە ، وەستاسەعید یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، هەروەها لەخانەوادەی زێڕنگەرەکانی شاری ڕواندز بووە ، وەستا سەعید نەوەی وەستا بەکری زێرنگەربووە کە ناسراو بووە بە وەستا (بۆکر) وەستا بۆکرخەزێنەداری مستەفا بەگی باوکی میرمحەمەد بەگ بووە ، وەستا سەعید زێڕەنگەر برازای وەستا ڕەفیق وحاج سەدیق زێڕەنگەربووە کەدووزێڕەنگەری زۆرزیرەک وبەتواناوبەناوبانگی کوردستان بوون وەستا سەدیق برایەکی هەبووە بە ناوی وەستافتاح هەروەها وەستا فتاح کوڕێکی هەبووە بە ناوی حاجی سالارئێستاکە زێرنگەرە لە شاری هەولێر، وەستا سەعید لە ساڵی (١٩٨٥) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، وەستا سەعید زێڕەنگەر (٣) سێ کوڕی هەبووەکە هەرسێکیان زێڕنگەر بوونە بە ناوەکانی (شاکر ، جەلیل ، سلێمان) .

١٩٥- حاجی شاکر سەعید زێرنگەر:- ناسراوبووە بەوەستا (حاجی شاکری زێرەنگەر) حاجی شاکرلە ڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەشاری ڕوانـدزلە دایک بووە، شاکری زێڕەنگەر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، وەستا شاکری زێڕەنگەر هەرلە تەمەنی مێرمنداڵی لە گەڵ باوکی خۆی فێری پیشەی زێڕەنگەری دەکات دەستی داوەتەکاری زێڕنگەری ، لەساڵی (١٩٥٧) لە باوکی جیا دەبێتەوە بۆخۆی دوکانی زێڕەنگەری لە شاری ڕوانـدز دادەنێت بۆخۆی بە تەنیاکاری زێڕنگەری دەکات، تاساڵی (١٩٧٤) بەردەوام دەبێت ئینجا کە دەبێتە شەڕی کوردو عەڕەب خەڵکی شاری ڕواندز هەمووی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، حاجی شاکر زێڕنگەرخۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) کە لە ئێران



**حاجی شاکر سەعید**

گەڕاوەتەوە لە بەرباردۆخی سیاسی ئەوکاتی نەی توانی لە شاری ڕوانـدز بمێنێتەوە . بۆیەماڵی خۆی ودوکانەکەی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر، لەناوقەیسەری هەولێردوکانی زێڕنگەری دادەنێت، لەم دوکانەی بەکاری زێڕەنگەری بەردەوام دەبێت ، تاساڵی (٢٠٠٣) ئینجا بێ تاقەت دەبێت وازلە کارەکەی دەهێنێت، لە ساڵی (٢٠٠٧) کۆچی دوای کردوە ، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت وەستا شاکر زێڕەنگەر (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (نـەوزاد ، ئـازاد ، ڕێبوار ، نـزار) .

١٩٦- جەلیل سەعید زێڕەنگەر:- ناسراو بووە بە وەستا (جەلیل زێڕەنگـەر) وەستا جەلیل لە ڕێکـەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە وەستا جەلیل یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، وەستا جەلیل زێڕەنگەرلە ساڵی (١٩٧٦) لە ئێران گەڕاوەتەوە لە بازاڕی شاری ڕواندز دوکانی زێڕەنگەری دادەنێت، ڕۆژانە سەرقاڵی پیشەکەی دەبێت ، لەدوکانەکەی خۆی بەردەوام دەبێت تا ساڵی (١٩٨٣) دوای لە بەرباردۆخی سیاسی کوردستان بەتایبەتی بارودۆخی شاری ڕوانـدزماڵی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر، لەو شارەدوکانی زێڕەنگەری دادەنێتەوە بەردەوام دەبێت تا ساڵی (٢٠٠٨) لەبەرنەخۆشی ناتوانێت چیترکاربکات بۆیە



**وەستا جەلیل سەعید زێڕەنگەر**

وازلەپیشەکەی دەهێنێت، پیشەکەی بەسیروانی کوڕەگەورەکەی خۆی دەسپێرێت ، ئینجا سیروان زێڕنگەرلە ساڵی (١٩٩٢) لەشاری ڕوانـــدز دوکانی زێڕنگەری دادەنێت تا ساڵی (١٩٩٥) دوای لەبەرشەڕی ناوەخۆوبارودۆخی سیاسی شارەکە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرتا ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) دوکانی لە شاری هەولێرە لەسەر پیشەی زێڕەنگەری کە پیشەی باب وباپیرانی بووە بۆی ماوەتەوە بەردەوامە ، هەروەها براکانی (سەلام و سۆران لە دوکانی باوکیان کاری زەێڕەنگەری دەکەن ، وەستا جەلیل زێڕەنگەر لە ساڵی (٢٠١٤) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت وەستا جەلیل زێڕنگەر (٣) سێ کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (سیروان ، سەلام ، سۆران) .



عوسمانی برایێ بەکۆی

١٩٧- عوسمان حاجی عومەر بەکر:- ناسراوبووە بە (ئیمام ) یـان (عوسمانی برای بەکۆی) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، عوسمان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، لەسەرکوردایەتی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانــدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) لە ئێران دەگەڕێتەوە یەکسەربۆ شاری ڕوانـدوز، دەست دەکات بەکاروکاسبی خۆی دوکانی عتاری وەک ساڵانی پێشوو بۆخۆی دادەنێتەوە، عوسمان حاجی عومەر کەسێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین و ڕۆشنبیربووە ، عوسمانی برای بەکۆ تا لە ژیانیدا مابووە دڵی کەسی لە خۆی نەڕەنجان بوو هەروەها کەسێکی باوەڕ پێکراودەم ڕاست ودووره شەربووە، ئەگەر نانێکی هەبووایە لەگەڵ دراوسێکەی دەکردە دوولەت، بۆیە دراوسێ وهاوڕێکانی خۆشیان دەویست، عوسمان حاجی پیاوێکی زۆر قەڵەوبوو کەچی ئەومرۆڤە زۆرحەزی لە کاسبی دەکرد، دوکانی شەکر وچاو برنج و سابوون وتایدی هەموو، لەڕێکەوتی (١٩٨٥/٣/١٢) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد نێژراوە ، ڕوحی شادبێت، عوسمان حاجی عومەر (٤) چوار کچی هەبووەبەناوەکانی (فاتمە ، خونچە ، گەلاوێژ ، سەیران) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕ بەناوەکانی (وریا ، وشیار ، بەختیار ، دیندار ، سەرکار ) .

١٩٨- سیدا عومەر ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (سەیدەی عومەری چایەچی) لەڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لە شاری ڕوانـدزی کۆنە پایتەختی میرنیشنی سۆران لە دایک بووە، سیداعومەر یەکیک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، سیدا عومەرئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، بۆیە لە سەرسیاسەتی حیزبی شیوعی چەندین جارتۆشی گرتن وڕاوەدونان ودەربەدەری وبەندیخانەبووە، سیداعومەرلەبەرئەندام بوونی لە حزبی شیوعی لەفەرمانگەکەی خۆی لەشارەوانی ڕواندز بەزۆری زۆرداری پێیان وتووە کە دەست لە کاربکێشێتەوە ، بۆیە هەرزووخۆی خانەنیشین کردوە ، سیداعومەرکەسێکی زۆرڕۆشنبیرو بەتوانا و ئاقل وزاناو زیرەک بووە ، بەتایبەتی لەکاری ڕۆژانەی خۆی کە فەرمانبەری شارەوانی

ڕوانـدزبووە بە ناونیشانی ژمێریاری سیدا عومەرمرۆڤێکی لەسەرخۆو خاوەن کەسایەتیەکی پاک وبێ گەرد بووە، قەت بۆ یەک چرکەش دڵی کەسی لەخۆی نەڕەنجاندوە، زۆر کەیفی بە چاکەو خێرکردن دەهات لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/٥/٢٢) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت ، سیداعومەر (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (وریـــا ، شـــوان ، حـــازم ، بێجـــان ) .

١٩٩- عەزیزعوعەرئەحمەد :- ناسراوبووە بە (عەزیرعومەر چایەچی) ، لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە عەزیز عومەر چایەچی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، گەلێک جار لە سەرسیاسەت وحیزبایەتی وکاری سیاسی توشی کێشە وگرفت بووە ،


عەزیرعومەر چایەچی

لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە، بۆشاری ڕواندز، دووبارە چایخانەکەی نۆژەندەکاتەوە دەست دەکات بەکاری چایەچیەتی خۆی ، عەزیزعومەرماوەی زیاترلە (٣٢) ساڵ لەشاری ڕواندز چایخانەی هەبووە، وچایەچی بووە، عەزیزعومەر ئەم پیشەی لەباوکی بۆمابووەوە بۆیە نەی توانی وازی لێ بێنێت، بەردەوام بووە لەپیشەکەی باوکی، عەزیزعومەرپیاوێکی ڕۆشنبیروهێمن وقسەزان و ئاقل بووە، زۆرکەیفی بە پیشەی خۆی دەهات لەپیشەکەی خۆی وەڕزنەدەبووە ،


بۆیە ئەمەش وای کردوە لەدوای کۆچکردنی باوکی شوێنی باوکی چۆل نەبێت بەڵکو زیاترمتمانەی بەکارەکەی داوە تاساڵی (١٩٨٨) لە کارەکەی بەردەوام بووە، دوای توانای بەڕێوەبردنی چایخانەکەی زۆرلاگران دەبێت وکەسیش نابێت لە گەڵی کار بکات وازلە کارەکەی دەهێنێت ئینجا چایخانەکەی بەکرێ دەدات بەکەسێکی تر، عەزیزعومەر کەسێکی زۆر بەخزمایەتی بە دۆست وبرادەربووە ، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/١٢/٢١) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد نێژراوە، ڕوحی شاد بێت عەزیزعومەر (٨) هەشت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (وشیار ، نزار ، سەردار ، ڕزگار ، عومەر ، بەختیار ، پێشرەو ، شۆرش ، هێرش) .

٢٠٠- قادرعوزێر ئاغا قادر:- ناسراو بووە بە (قادرعوزێر) لە ڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، قادرعوزێر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، قادرعوزێر کەسێکی کاسبکاروهێمن وقسەزان وڕۆشنبیروزیرەک بووە بەتایبەتی لەکارەکانی خۆی کەسێکی بەتوانا بووە، قادرعوزێرلەسالآنی شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابوردو گازینۆیەکی زۆرگەورەی لە شاری ڕواندز هەبووە، ئێواران خەڵکێکی زۆرلە مامۆستاوفەرمانبەران ڕوویان لەگازینۆکەی دەکرد، چونکە شوێنێکی زۆرفێنک وخۆش بووهەروەها یاری دۆمبەڵەی لێ دەکرا بۆیە زیاتروای کردبوو خەڵکی ڕوو لەگازینۆکەی بکات هەروەها قادرعوزێرمرۆڤێکی بەخزمایتی ودۆست وبرادەربووە، قادرعووزێرلە ساڵی (١٩٧٤) بەهۆی شەڕو پێکادان وبۆردومان کردنی شاری ڕواندز لەلایەن تەیارەکانی حکومەتی بەعسی عێراق خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزبەرەو گەلاڵە بەڕێ دەکەون ماوەی چەند ڕۆژێک لەپردی گەلاڵە دەمێنەوە، لە ناکاو تەیارەیەکی گەورەی (تۆبۆلیف) ی ڕژێمی بەعسی عێراق بۆردومانی خەڵکی ناوچەکەوخەڵکی تردەکات، چەند هاوولاتی شاری ڕواندزبەرئەو بۆردومانە دەکەون یەکێک لەوان قادرعوزێرئاغا بەردەکەوێت وشەهید دەبێت تەرمەکەشی لەگوندی دزێی کوردستانی ڕۆژهەلات بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، قادر عوزێرئاغا (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (بێریوان ، درەخشان ، عەریبە) هەروەها لە گەڵ (٣) کوڕ بە ناوەکانی (شوان ، ڕەشاد ، دڵشاد) .



قادر عوزێر ئاغا


٢٠١- عزیزڕەشید ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (عزیزئاغا) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە شاری ڕواندزلەدایک بووە عزیزئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی وڕیش سپی شاری ڕواندز، عەزیز ئاغا لە سەرکوردایەتی گەلێک جارکێشە وگرفتی بۆ دروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەلکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ ، عزیزئاغا کەسێکی کاسب بووە، فرۆشیاری حکومی بووە، واتە (بائع) بووە، لە دوکانەکەی خۆی شەکروچاوڕون وبرنج وپاکەتی جگەرەی دەفرۆشت، لەگەڵ کەل وپەلی خۆراک وپێداویستی ناوماڵ، هەروەها ساڵانە گوێز وهەنگوین وپەنیروژاژی وبادەم ومازی وپێستە ڕێوی ودەرەک وکوڕبەشی دەفرۆشتن ، عزیز ئاغا کەسێکی زۆرهێمن وقسەخۆش وبە خزمایەتی وباوەڕ پێکراوبووە، هەروەها پیاوێکی هەژار دۆست وخێر خوازبووە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٥/٢١) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەدبە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ، عزیزئاغا (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سەباح ، شوان ، شێروان ، غــازی) .


**عزیز ڕەشید ئەحمەد**

٢٠٢- یوسف ڕشید ئاغا:- ناسراوبووە بە (وسوا ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩١٦/٧/١) لەشاری ڕوانــدزلەدایک بووە وسوئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، وسواغا لەکاتی لاویی خۆیدا هەردەم وەک پێشمەرگەیەکی تێکۆشەری کوردستان بووە، لەسەرسیاسەتی کوردایەتی و یارمەتی دانی پێشمەرگە وپەیوەندی کردنی بەشۆڕش وسیاسەت وحیزبایەتی بۆ ماوەی زیاترلە (٤) چوارساڵ خراوەتە بەندیخانەی نوگرە سەلمانی خواروی عێراق هەروەها لەسەر سیاسەت وکوردایەتی بە دەیان جارتووشی کێشەوگرفت ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ، هەروەها لە سەردەمی حکومەتی بەعس لە ساڵی (١٩٦٧) لە لایەن پیاوەکانی حکومەتی ئەوکاتی بەدەیان جارتەهدید کراوە بێڕێزی پێی کراوە، داوای لێکراوە ماڵی لەشاری ڕواندز بگوازێتەوە بۆشوێنێکی ترلە بەرئەوەی بە نهێنی ئەندام ناوچەبووە لە حزبی پارتی ئەوکاتی، بۆیە بەردەوام لەلایەن ئەمن وئیستخباڕات و جاشەکان ڕۆژانە لەدوکانەکەی

گێچەڵیان پێ دەکرد، به ناچاری شاری ڕوانــدز بەجێ دەهێڵێت ماڵی دەگوازێتەوە بۆشارۆچکەی گەلاڵەی دەڤەری باڵەکایەتی ناوشۆڕش ناگەڕێتەوە تابەیانامەی ساڵی (١٩٧٠) ئەوکاتی دەگەڕێتەوە شاری ڕواندزسەرکاروکاسبی خۆی دوکان دادەنێتەوە، وسوئاغا کەسیبێکی قسەزان وقسەخۆش ڕۆشنبیربووە ، لەدوکانەکەی خۆی شتوومەکی جۆراوجۆری دەفرۆشت هەروەها فرۆشیاری میری بووە واتە (بائع) ی شەکروچاوخۆراک وشتومەک عەتاری وسابون وتایدی هەبووە، جگە لەمەش لەدوکانەکەی هەنگوین و گوێزوبادەم بەدەست دەکەوت، وسوئاغا پیاوێکی بەسالاچوی ڕیش سپی بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٧٦/٣/١٩) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە.ڕوحی شاد بێت، وسواغا (٣) سێ کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (جــەلال ، جەمــال ، ڕزگــار) .

٢٠٣- مستەفا سەعید حوسێن محمد :- ناسراو بووە بە (حاجی مستەفای سەعیدی خاتوونێ) لەڕێکەوتی (١٩٢٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی مستەفا یەکیک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی مستەفا مرۆڤێکی ئاقڵ وخوێندەوارو ڕۆشنبیرو قسەزان زیرەک بووە، هەروەها حاجی مستەفا فەرمانبەری میری بووە لە فەرمانگەی کارەبای شاری ڕواندزبە ناونیشانی (عامل فنی) لەکارەکەی کەسێکی چالاک ودڵسۆز بووە بۆخزمەتی شارەکەی ، حاجی مستەفا لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، حاجی مستەفا پیاوێکی دەم بەخەندە و پێکەنین و مەدریس خۆش وقسەخۆش وهیمن ولەسەرە خۆبووە ، حاجی مستەفا لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/١١/١٥) لەئاوارەی لە دەوڵەتی ئێران بەمەبەستی سەردانی خزم وکەس وکاری لە ئۆردوگای ڕەبەتی سەربەرقەزای سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەلات لەسەر ڕێگای سەرەکی مابەینی پیرانشارو سەردەشت ئۆتۆمبێلەکەیان تووشی ڕوداوی هاتووچۆدەبێت لە بەرسەختی ڕێگایەکە بەهەموو سەرنیشینەوە وەردەگەڕێت ، بەداخەوەحاجی مستەفا یەکێک بووە لەسەرنیشینەکانی ناو پاسەکە ، کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانێک لەگۆڕستانەکانی



**مستەفا سەعید حوسێن محمد**

گوندێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەخاکی دەسپێردرێت ، ڕوحی شادبێت، حاجی مستەفا (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (نەزیرە) هەروەها لەگەڵ (٢) دوو کوڕبە ناوەکانی (عوسمان ، عومەر) .

٢٠٤- بەکرحاجی عومەر:- ناسراوبووە بە (بەکۆی چایەچی) لە ڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە بەکۆی چایەچی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، بەکۆکەسێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیروزیرەک وقسەزان وکاسب و هێمن وقسەخۆش ولەسەرە خۆ بووە ، بەکۆی چایەچی، لە ساڵی (١٩٥٤) لە تەمەنی گەنجی خۆی دەستی کردوە بەکارو کاسبی دوکانێک بەکرێ دەگرێت و دەیکات بە چایخانە لە ناوبازاڕی شاری ڕوانــدز ، ئینجالە بەردڵسۆزی خۆی بەرامبەر بە موشتەریەکانی وپاکوخاوێنی چایخانەکەی خەڵکێکی زۆرلە مامۆستاو فەرمانبەری ئەوکاتی لەدوای دەوام ڕوو لە چایخانەکەی دەکەن، ڕۆژانە بای خۆی موشتەری خۆی هەبووە ، بەکۆلەکاری چایەچیەتی بەردەوام دەبێت ، تائەوکاتەی ماڵئاوای دەکات لەماڵ ومنداڵ وهاورێ وخزم وکەس وکاروشاری ڕواندز بەداخەوە لەڕێکەوتی (١٩٦٤/٤/١٥) لەڕۆژێکی تەڕوهەوروباراناویی دا لە ورۆژە کەسێک بەکرێ بەناوی پاشا کۆرسەربانی چایخانەکەی دەگێرا لە ناکاودا چایخانەکەی دەهەژێت ودادەڕمێت بەکۆی چایەچی دەکەوێتە ژێر دارو بەرد وقوڕی چایخانەکە ویەکسەرکۆچی دوای دەکات، ولەگۆرستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕۆحی شادبێت بەکۆحاجی عومەر (٤) چوار کچی هەبووە بە ناوەکانی (نەسرین ، پەروین ، شلێر ، شیلان) هەروەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (بهرام ، حاجی ، دلاوەر) .



**بەکۆی چایەچی**

٢٠٥- حاجی عەلی ئەمین عبداللە :- ناسراو بووبە (حاجی عەلی بەزاز) بەمانای قوماش فرۆش لەڕێکەوتی (١٩١٤/٧/١) لەشاری ڕوانـدز لەدایک بووەحاجی عەلی ئەمین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی عەلی مرۆڤێکی ڕیش سپی وباوەڕپێکراوئەمین ودەست پاک وقسەزان دونیا دیتەبووە ، حاجی عەلی یەکێک بووە لەگەوەرە بازرگان وقوماش فرۆشی شاری ڕواندز، حاجی عەلی کەسێکی

ناسراو و دیاربووە ، ماڵ ودوکانی لە گەڕەکی ژێری بووە، دوکانەکەشی لە ژێرخانووی خۆی بووە، قوماشی تیادا دەفرۆشت، ئەوکاتی بازاڕی زۆر گەرم وگوڕبووە، هەروەها حاجی عەلی بەزازکەسێکی هێمن وقسەخۆس ورۆشنبیروبەخزمایەتی بووە، حاجی عەلی لەڕێکەوتی (١٩٧٢/١١/١٧) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە ، لە گۆڕستانی گەردەگەردبە خاکسپێردراوە .ڕوحی شادبێت، حاجی عەلی ئەمین (٦) شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (دکتۆرمەزهەر، موزەفەر ، ئەنوەر ، دلشاد ، ئازاد ، نژاد) ،

٢٠٦- دکتۆرمەزەرعەلی ئەمین عبدالله:- ناسراوبووە بە (دکتۆرمەزەر) لەڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، دکتۆرمەزەر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، دکتۆرمەزەرکەبۆتە دکتۆرنەی توانیووە وەک دکتۆرێکی خەڵکی شاری ڕوانـدزلە نەخۆشخانەی شارەکەی خۆی کاربکات ، دکتۆرمەزەرلەدوای تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرای ماوەی چەند ساڵێک لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێردەوام دەکات ، دوای لە بەرزیرەکی وبەتوانای وزانایی خۆی دەگوازێتەوە بۆیەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری بەغدادی پایەتەخت ، لەدوایدا دەبێتە یەکێک لەباشترین دکتۆری عێراق، دکتۆرمەزەر ئەگەر چی لە نەخۆشخانەیەکی گەورەی شاری بەغدادی پایەتختی عێراق بووە، سودی زۆریشی بۆمیلەتەکەی خۆی وخەڵکی شاری ڕوانـدزهەبووە ، هەرنەخۆشێک لە شاری ڕواندز دەچووە شاری بەغداد بۆنەخۆشخانەکەی چارەسەری نەخۆشەکەی دەکرد، بەپێی پێویست یارمەتیشی دەدا، دکتۆرمەزەر دکتۆری جەراع بووە عەمەلیاتی گەورەی بۆ نەخۆش دەکرد، هەروەها خاوەن چەندین



**دکتۆرمەزهەرعەلی ئەمین**

بڕوانامەی گەورە بووە، دکتۆرای لە ئەمریکاو بەریتانیاو بەلجیکا وەرگرتووە، لە شاری بەغداد بەگەورەترین دکتۆر ئەژمار دەکرا ، دکتۆرمەزهەر لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/٢٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوەڕوحی شاد بێت، دکتۆرمەزهەر (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (شوان ، سۆران ، عەلی) .

٢٠٧- ئیسماعیل نبی محمد ئەمین حوسێن:- ناسراو بووە بە (ئیسماعیل حاجی نەبی) یان (ئیسماعیل نەفت فرۆش) ئیسماعیل لەڕێکەوتی1934/7/1) ) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، ئیسماعیل حاجی نبی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئیسماعیل پیاوێکی هێمن وقسەزان وبەخزمایەتی وهەژاردۆست وخێرخوازو ڕۆشنبیربووە، ئیسماعیل حاجی نبی کەسێکی کوردپەروەرو نیشتمان پەروەرو هیوایەتی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەیی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندزوسەرکارو کاسبی خۆی، ئیسماعیل حاجی نبی لە ساڵی پەنجاکان تا ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیستەم وەکالەتی نەفت وبەنزین وگازوایلی لەشاری ڕواندز هەبووە ، ئینجا نەوت وبەنزینی بەتەنەکەی سەرمۆروبە بەرمل دەفرۆشت، شوێنی نەوت فرۆشتنەکەو نەفت خانەکەشی لە ژێر باڵەخانەی شارەوانی ڕواندز بووە، ئیسماعیل حاجی نەبی مرۆڤێکی کاسب وئەهلی جومحەوجەماعەت بووە ئیسماعیل لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/١١/١٤) بە نەخۆپشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کرد، لە گۆڕستانی شێخ الله بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ئیسماعیل حاجی نەبی تەنها (٤) چوارکچی هەبووە، بە ناوەکانی (ڕۆناک ، ڕوپاک ، هەتاو ، ڕێزان) .



**ئیسماعیل حاجی نەبی**

٢٠٨- صلاح الدین عوزێر ئاغا قادر:- ناسراوبووە بە (صلاح عوزێر) لەڕێکەوتی (١٩٤٦/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، سلاح عوزێر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سلاح عوزێر کەسێک بووە لەم کەڵە پیاوانەکە توانیویەتی لە تەمەنی مێرمنداڵی لەسەر پێی خۆی بوەستێت بەکارو کاسبی هەمە جۆرتوانای هەبووە، بە ئارەقەی نێوچاوانی خۆی ژیانێکی شکۆمەندانە وسەربەرزانە بۆخۆی وخێزانەکەی دابین بکات، چونکە ئەو هەرلەمنداڵیەوە، شانی داوەتەبەر



**صلاح عوزێر اغا**

کارکردن ماوەی چەند ساڵێک لەلای سەعید نادی لەگازینۆ ومیوانخانەکەی لەشاری ڕواندز کاری کردوە، دوای توانی بەتەنها گازینۆیەک بۆخۆی لەشاری ڕواندز دابنێت وهەر بەخۆی سەرپەرشتی بکات و بەڕێوەی بەرێت، دوای توانی لە گەلی عەلی بەگ گازینۆ لە شارەوانی وسیاحە وەربگرێت چەندین شاگردیش وەربگرێت بۆ کاروباری بەڕیوەبردنی چێشتخانەو گازینۆکەی، سلاح عوزیر پیاوێکی قسەخۆش ومێرخاس ودڵ ودەرون پاک بووە ، هەروەها کەسێکی بەتواناو بە ئەزموون و زیرەک وڕۆشنبیرو قسەزان و هەژار دۆست و خێر خوازبەخزمایەتی بووە، هەروەها مرۆڤێکی بە هاوڕێ ودۆست وبرادەرو پاک وخاوێن بووە، بەدائیم جلوبەرگی نوێ وخاوێنی لە بەردەکردن پیاوێکی پۆشتەوڕێک وپێک بووە، سلاح حوزێر ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لەشاری هەولێر نیشتەجێ یە ماڵی لەگەڕەکی کویستانە، لە ژیانداماوە (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (ئەڤین ، ماردین) لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (شێخ ونس) .

٢٠٩- ئیبرایم حەمەدە لاو:- ناسراوەبە (برایمی حمدەلاوی) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، برایمی حمەدەلاوی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، برایم حمدلاو کەسێکی ڕۆشنبیروزیرەک وقسەزان بووە، هەروەها کە سێکی هەژاردۆست وخێرخوازبووە، برایم شارەزایایەکی تەواوی هەبووە لە سیاسەت وهەستی نەتەوەی و کوردایەتی، هەر بۆیە لە پێناوی دلسۆزی وخەبات وکوردایەتی، چەندین جارخراوەتە بەندیخانەکانی شاری ڕواندزو هەولێرو خواروی عێراق بەدەیان جارلەسەرسیاسەت کوردایەتی ئاوارە و دەربەدەربووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکای لەگەڵ خەلکی شاری ڕواندز ئاورەی دەوڵەتی ئێرانبووە، برایمی حمدەلاوی کەسێکی ماندو وکاسب بووە، خۆی ونەبی براکەی پێکەوەکاری (مقاوەلاتیان) دەکرد وەک گرتنەوە باڵەخانە وشەقام وپردوهەرکارێکی گەورەو بچوک هەبایە لەحکومەت بۆبڕێک قازانج بۆخۆیان کارەکەیان دەگرتەوە، لەکارەکانیش چەندین کەسێک لە کرێکاروکاسبکاران سوودمەند دەبوون، برایم ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢)



**ئیبرایم حەمەدە لاو**

لەژیانداماوە ، لە شاری ڕوانــدز دادەنیشێت برایم (٤) چوارکوڕی هەیە بە ناوەکانی (ئیسماعیل ، خلیل ، لوقمان ، کامەڕان) .

٢١٠- نەبی حەمەدە لاو:- ناسراوبووە بە (نەبی حەمەدەلاوی) لەڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١ ) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، نەبی حمەلاو یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز ، نەبی حەمەدە لاوی لەسەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەوگرفت بووە لەگەڵ حکومەتی بەعسی عێراق، چەندین جارگیراوە وخراوەتە بەندیخانەکانی شاری ڕواندزو هەولێرونوگرەسلمانی خواروی عێراق، هەروەها ئاوارەی ودەربەدەری زۆری دیووە بەتایبەتی لە سەردەمی حوکومڕانی حزبی بەعسی عێراق ، نەبی حەمەلاو پیاوێکی خوێندەوار و زیرەک ورۆشنبیرو بە تواناو زاناوسیاسی بووە ، کوڕێکی بەناوی (حەمەدەلاو) لە پێشمەرگایەتی کادیری (ی، ن، ک) بووە، شەهید کراوە ، نەبی وبرایم دووبرای بەڕێزوخۆشەویستی یەکتری بوونە هەموو کارو



**نەبی حەمەدە لاو**

کاسبی ڕۆژانەیان پێکەوە بووە، بەتایبەتی لەکاری (مقاوەلات) وەک دروستکردنی باڵە خانە وچاککردنی شەقام وکۆلان و پرد وشوێنە گشتیەکانی لەشارەوانی دەیان گرتەوە بڕەپارەیەکیان لێ قازانج دەکرد ، نەبی مرۆڤێکی خێرخوازوهەژاردۆست بووە، نەبی حەمەدەلاو لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٧/٢٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت، نەبی حەمەدەلاو (٦) شەش کوڕی هەبووەبە ناوەکانی (حەمەدەلاو ، بەختیار ، ڕێبوار ، سروود ، ڕێــدار ، ڕیار) .

٢١١- عوسمان محمد ئەمین خەیلانی:- ناسراو بە (عوسمانی مارەمەلایان) .لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕوانـدزلە دایک بووە ، عوسمان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز عوسمان لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی لەشارەوانی ڕواندز، عوسمان پیاوێکی زیرەک وقسەزان ورۆشنبیر و تێگەیشتی وقسەخۆش

ومەدریس خۆش بووە، هیچ کارو کاسبی نەدەکرد ، تەنها موچەی فەرمانبەری لەشارەوانی ڕوانــدز هەبووە، بە ناونیشانی (محاسیب) پێش ئەوەی خانەنیشین بکرێت بۆماوەی چەند ساڵێک بەڕێوەبەری شارەوانی ڕوانـدز بووە بەوەکالەت، عوسمان محمدئەمین لە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٦/٢) بە نەخۆشێکی کوشەندە لەماڵەکەی خۆی لە شاری سلێمانی کۆچی دوای کردوە هەرلەو شارە بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، عوسمان (١) یەک کوڕی هەبووە بە ناوی (شــوان) .

٢١٢- جمشید مستەفا عبدالڕەزاق:- ناسراوبووە بە (مامۆستا جمشید) لەڕێکەوتی (١٩٤٢/٨/٨) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستا جمشید لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، قۆناغی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٥٩) دەچێتەخانەی مامۆستایان لەشاری هەولێرلە دوای (٣) سێ ساڵ خوێندن تەواو دەکات، لەساڵی (١٩٦٢) دادەمەزرێت بەمامۆستا لەقوتابخانەی سەرەتای سەرەتایی گوندی بێشوک تاساڵی (١٩٦٨) گواستراوەتەوە بۆقوتابخانەی ڕواندزی سەرەتای تاساڵی (١٩٧٣) ئینجا بەتەواوەتی ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر، لەساڵی (١٩٨٨) خانە نیشین دەکرێت، بەپلەی مامۆستای پێشکەوتوو، مامۆستا جمشید کەبۆتەمامۆستای قوتابخانە مامۆستایەکی زیرەک و بەئەزموون بووە، خۆی دەڵیت لەوماوەیەی کە مانۆستا بووم لەگوندی بێشوک (٢) دوو جارقوتابخانەی بێشوکم نۆژەن کردۆتەوە، مامۆستا جمشید لە بواری حیساب بیرکاری مامۆستایەکی بەئەزموون وچالاک بووە، لەتوانای دابووە قوتابیان زۆرباشی لێی تێبگەن وفێری ژمارەوحیساب وبیرکاریان بکات، هەروەها مامۆستایەکی قسەزان ودڵساف وپاک وخاوێن وهێمن وڕۆشنبیربووە، ئێستاکە بەخۆیی وخێزانەکەی لە شاری هەولێر دادەنیشێت ، مامۆستاجمشید مستەفا عبدالرزاق (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (پەیمان ، لاجان) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بە ناوەکانی (سۆران ، مەریوان ، بۆتان) .



**جمشید حاجی عبدالڕەزاق**



**محمدئەمین ئەفندی**

٢١٣- محەمەد ئەمین ئەفند ڕوانـدزی :- ناسراو بووە بە (محمدئەمین ئەفندی) لە ڕێکەوتی (١٨٩٥/٧/١) لە شاری ڕوانـدزلەدایک بووە، محمد ئەمین یەکێک لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزمحمد ئەمین ئەفندی کەسێکی زۆر زیرەک و بە تواناو ڕۆشنبیرو تێگەیشتی وقسەزان بووە، لەسەردەمی لاویدا لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشە وگرفت بووە، بەتایبەتی کە هێزەکانی ڕووسیا ڕوانـدزیان داگیر کردوە ، محمدئەمین زۆرهانی گەنجانی وهاورێکانی شاری ڕواندزی دەدا کە شەڕلەدژی هێزەکانی عرووس بکەن لەشاری ڕوانـدزو دەڤەرەکە وەدەریان نێن بۆئەو مەبەستە کەسێکی بە تواناو زیرەک وچالاک ودەست ڕۆیشتوو بووە، هەروەها لە دژی
عوسمانی بە هەمان شێوە هاندەربووە ، بەدائیم لەگەڵ هاوڕێکانی کاری دەکرد بۆئەوەی شاری ڕواندز وگوندەکانی دەوروبەری لەدوژمن وداگیرکەرانی عوسمانی پاک بکەنەوە، محمد ئەمین ئەفندی بە دەیان چیرۆک وبەسەر هاتی بۆ هاوڕێ ودراوسێکان وکوڕونەوەکانی خۆی دەگێڕایەوە، بە تایبەتی شەڕوبەسەرهات وداستانەکانی سەردەمی منداڵی وگەنجی خۆی جگە لەوە مرۆڤێکی زۆر قسە خۆش ومەدریس خۆش بەخزمایەتی بووە، دەڵێن کەقسەی دەکرد هەر حەزت دەکرد لە لای دابنیشیت گوێ لەقسەکانی بگریت ، محمد ئەمین ئەفندی لەڕێکەوتی (١٩٨٣/٩/١٤) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت.

٢١٤- عوسمان سەعید بەگ :- ناسراو بووبە (وەسمان بەگی مصور) .لەڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، عوسمان بەگ یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عوسمان بەگ لەسەر کوردایەتی چەندین جارتووشی کێشە وگرفتی گرتن وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز سەرکاروکاسبی خۆی کەپیشەی وێنەگری، بووە، عوسمان بەگ مرۆڤێکی هێمن وسادە و وقسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین وقۆشمەچی ورۆشنبیرو نوکتەچی وقسەزان وزیرک وبەتوانا

بووە ، هەندێک جارکە مەرحەبایان لە عوسمان بەگ دەکرد ئەگەر پێیان دەگوت مام عوسمان چۆنی دەی گوت بەتەمای خواو فێنکی ئێوارێ ، هەروەها عوسمان بەگ لەکارو پیشەی وێنەگری خۆی وێنەکانی زۆربەجوانی بەسافی دەگرتن، واتە وێنەگرێکی بەتواناو زیرەک بووە، عوسمانبەگ مرۆڤێکی زۆر ئاقڵ وبەخزمایەتی بووە، هەموو خەڵکی دەڤەرەکە خۆشیان دەویست، عوسمان بەگ لە ڕێکەوتی (١٩٩٧/٨/٢) لە شاری هەولێر بە ڕوداوی هاتووچۆ دەکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێل وگیانی لە دەست دەدات کۆچی دوای دەکات هەرلەشاری هەولێر بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، عوسمان بەگ (٧) حەوت کچی هەبووە بەناوەکانی (فەوزیە ، نەسرین، موفیدە ، قانیعە ، بێریوان ، کوردستان ، جوان) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (کاکەڕەش ، وریـا ، شـوان) .



وەسمان بەگی مصور

٢١٥- قادربەگ سەعید بەگ ڕوانــدزی :- ناسراوبووە بە ( قادربەگ) لەڕێکەوتی (١٩٠٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، قادربەگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، قادربەگ لەتەمەنی (٢٠) بیست ساڵیدا لە بەرنەبونی کەم دەرامەتی دەبێتە پۆلیس لە مەرکەزسەرای شاری ڕواندز دەوام دەکات خزمەتی شارەکەی خۆی دەکات، قادربەگ کەسێکی کۆمەڵایەتی ورۆشنبیرو سیاسی و زیرەک وتێکۆشەرودڵسۆزی خاکونیشتمان بووە، قادربەگ (٣) سێ ژنی هەبووە ، لە گەڵ هەموویانیش زۆرباش بووە، هەروەها قادربەگ پیاوێکی هێمن ولەسەرەخۆو دەم بەپێکەنین ودەم بەخەندە وقسەزان وقسەخۆش وپیاوێکی بە تەقواو ئیماندار و خێرخواز و هەژاردۆست بووە ، لە دوای خانەنیشن بوونی بۆماوەی چەند ساڵێک دەست دەکات بەکاسبی دوکانێک لەناو بازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت، تا ئەوکاتەی پیروپەکەوتە دەبێت و وازلەکارو کاسبی دهێنێت، قادربەگ لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٧/٣) لە شاری



سەعید بەقادر بەگ

ڕوانــدزکۆچی دوای کردوەلەگۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپیردراوە، ڕوحی شادیبێت قادربەگ (٢) دوو کچ و (٧) حەوت کوڕی هەبووە، کوڕەکانی بە ناوەکانی (عبدالله ، تەقیەدین ، ساڵح ، مەحمود ، کەیفی ، شەوقی ، سالار) .

٢١٦- حاجی قادرمستەفا خەلیفە:- ناسراوبەحاجی (قادرمستەفا سەفار) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووەحاجی قادر لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز بووە، حاجی قادر کەسێکی کاسبکار بووە، لەساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو دوکانی عتاری هەبووە، لەناو بازاڕیشاری ڕواندز لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە کوردستان و شارەکەی خۆی ودەستی بەکاروکاسبی خۆی دەکاتەوە لەبازاڕی شاری ڕواندزکۆگایەکی گەورەی بۆفرۆشتن ودابەشکردی بیبسی کۆلا ومشن وتراوبی هەبووە، بۆدابەشکردنی بەسەر وەکیلەکان، ئەوکاتی بیبسی وکۆکاکۆلاو مشن وتراوبی لەشاری موسڵ دەهێنایە شاری ڕواندزبە بارهەڵگر واتە (لۆری) گەورە لەشەریکەی بیبسی پارێزگای موسڵ دەیگواستەوە بۆشاری ڕوانــدز، ئەوجاحاجی قادر دابەشی دەکردە سەردوکانی ساردەمەنی وچایخانە وشوێنەگشتیەکان ونادی وگازینۆکان، لەماوەی مانگێکدا چوارتاشەش جار ساردی دابەش دەکرد، حاجی قادرحاجی مستەفا سەفار کاروکاسبیەکەی بۆبژێوی ژیانی خۆی وخێزانەی دەکرد، هەروەها کەسێکی زۆرهێمن ولە سەرەخۆو هەژار دۆست وخێرخوازوبە ئەمەک بووە، هەروەهاپیاوێکی هێمن وقسەزان وڕۆشنبیربەخزمایەتی بووە، حاجی قادر لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٥/٤) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێرگەڕەکی (حی علماء) کۆچی دوای



**حاجی قادرمستەفا سەفار**

کردوە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، حاجی قادرمستەفا سەفار (٤) چوار کچی هەبووە بەناوەکانی (گوڕێ ، سوهام ، ڕابی ، قانیعە) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بە ناوەکانی (عومەر ، ئیبراهیم، محسین ، تحسین) .

٢١٧- حاجی حبیب عبدالله سلێمان:- ناسراو بووە بە (حاجی حبیب چایەچی) لەڕێکەوتی (١٩٠٥/٧/١) لە گوندی سانجودسەربەپارێزگای وەمێ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایک بووە، حاجی حبیب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی حبیب هەرلە منداڵیەوە تووشی نەگبەتی ونەبونی ونەهامەتی ودەبەدەری وئاوارەی بووە ، هەربۆیەکە گەورە دەبێت سەری خۆی هەڵ دەگرێت ولە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرەو باشوری کوردستان لە شاری سلێمانی نیشتەجێ دەبێت وناسنامەی عێراقی وەردەگرێت، ئەوجا لەبەرنەبوونی کاروکاسبی لەشارسلێمانی لەسەرەتای ساڵی چلەکان ڕوودەکاتە ناوچەی باڵەکایەتی ئەوکاتی سەردەمی حکومەتی مەلەکی و ئینگلیزەکان بووە، کە ڕێگای سەرەکی هەولێرو ڕواندز تاسنوری ئێران وشارۆجکەی حاجی ئۆمەران چاک دەکرا، ئەم کارەش وای کردبوو کە ئیش وکاروکاسبەکی لەدەڤەرەکە زۆرببێت وخەڵکیش ڕوو بکاتە ناوچەی باڵەکایەتی و شاری ڕوانــدز، ئینجا کەحاجی حبیب دەگاتە دەڤەری باڵەکایەتی بۆماوەی چەند مانگیک لەم ڕێگایە دەست دەکات بە کرێکاری کردن تا بۆخۆی برەپارەیەکی باش پەیدا دەکات ، ئینجا وازلەکرێکاری دێنێت بۆخۆی چایخانەیەکی بچکۆڵە لە گوندی



حاجی حبیب چایەچی

ڕەزان دادەنێت لە سەرڕێگای سەرەکی نوێکەی هاملتۆن دادەنێت، لەم کارەدا قازانج دەکات پارەیەکی باشی پێ دەبڕێت دوای لەساڵی (١٩٤٥) دێتە شاری ڕواندز، لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، لەم شارە چایخانەو میوانخانەیەک دادەنێت ، بەناوی (فندق وچایخانێ حبیب چایەچی) هەروەهاحاجی حبیب مرۆڤێکی ئیمانداروبەتەقواوئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، پیاوێکی هێمن وقسە خۆش وقسەزان ورۆشنبیرومرۆڤێکی خێرخواز وهەژار دۆست بووە ، حاجی حبیب جگە لەکاری خۆی سەردەمانێک (تووتن ومازی وکەتیرەو جەوی و هەنگوین وگوێزوشتی ووشک کراوەی دەفرۆشت ، هەروەها حاجی حبیب لەزمانەکانی تورکی و فارسی وعەرەبی شارەزای باشی هەبووە، حاجی حەبیب لەڕێکەوتی (١٩٩٧/١١/٢٢) بەنەخۆشی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە ، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت.حاجی حبیب (١) یەک کچی هەبووە لەگەڵ (٩) نۆکوڕی بەناوەکانی (محمد ، عبدالله ، صدیق ، تۆفیق ، شەفیق ، فاڕوق ، فەریق ، ڕەفیق ، کاوە ، ) .

٢١٨ – عبدالقادر سلێمان ئەمین :- ناسراو بووە بە (عبدالقادرئەفەندی یان قادر نفوس) لەڕێکەوتی (١٩١١/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە ، عبدالقادرنفوس یەکێک بووە لە بەرەبابی مەلاخدرئەفەندی وبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عبدالقادرئەفەندی مرۆڤێکی باڵابەرزی چوارشانەوکەڵەگەتی دەم بەخەندەو پێکەنین وقسەزان ورۆشنبیروقسەخۆش بووە، زۆرجارلەگەڵ کاربەدەستە گەورەکانی حکومەت لەسەرکەم وکورتیەکان وەک نەبوونی کارەباو کەمی ئاو دروستکردنی شەقام چاککردنی ئاوەڕۆی کۆڵانەکانی شاری ڕواندز، بەجواب دەهات، عبدالقادرئەفەندی لەڕێکەوتی (١٩٥٩/٧/١٤) بەکارەساتی هاتوچۆ ئۆتۆمبێل لێی دەدات کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت عبدالقادر (٢) دووکوڕو (٤) چوارکچی هەبووە، کوڕەکانی بەناوەکانی (صبحی ، سامی) کچەکانی بەناوەکانی (عەفیفە ، عەقیلە ، فوزیە ، فایزە) کچی دووەمی عەقیلەخان (نازناوی ئاوێستایە) کەسێکی سادەوئاقڵ وبەخزمایەتی ورۆشنبیرو نوسەرو شاعێروقسەخۆش وقسەزان وزیرەک وبەتوانابووە، کەتوانیویەتی ژمارەیەک کتێبی جوان وبە نرخ بەزاراوەی ڕواندزیان لەسەر شاری ڕواندز بنوسێت لەگەڵ چەند کتێبی شعری کوردی هەربەزمانی ڕواندزی داناوە ، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٠) تا ساڵی (١٩٧٤) لە شۆڕشی ئەیلول بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە، لە شاری ڕواندز، عقیلەخان خزمەت وخەباتێکی زۆری گەلەکەی خۆی وشاری ڕواندزی کردوە، هەروەها لە ساڵانی (٢٠٠٦و٢٠١٢) لەچەند کۆڕوسمینارلە شاری ڕواندز بەشداری کردووەشوکر بۆخوا ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لەژیاندا ماوە تەمەن درێژ بێت.



**عبدالقادرئەفەندی**

٢١٩- صبحی عبدلقادر سلێمان ڕوانــدزی :- ناسراو بووە بە (حاجی صبحی یان عقید صبحی) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٦/٢٧) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، حاجی صبحی یکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، عقیدصبحی هەردوو قۆناغی خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردوە ، دوای چۆتە

كۆلێژی پۆلیسی لە شاری بەغداد دوای تەواو كردنی كۆلێژ دەردەچێت بەپلەی مفوەزشرطە واتە (مەئمورمەركەز) بۆماوەی چەند ساڵێك بەپلەی مفوزلەمەركەزسەرایی پۆلیسی قەزای ڕواندز دەوامی كردوە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەكەی لەگەڵ خەڵكی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت لەساڵی (١٩٧٧) دوای گەڕانەوەی لەئاوارەی لە دەوڵەتی ئێران یەكسەرخۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر بۆیە ناتوانێ وەك ساڵانی پێشوولە وەزیفە وپۆستەكەی بمێنێتەوە، لەڕێكەوتی (١٩٧٨/١٢/٢٥) یەكسەرخۆی خانەنیشن دەكات، دوای ڕاپەرین لەساڵی (١٩٩١) دوبارە عەقید سوبعی دەگەڕێتەوە سەركارو وەزیفەكەی خۆی، ئینجا تا پلەی عەقید دەڕوات تا ئەو ڕۆژەی تەمەنی دەگاتە (٦٣) ساڵ واتە لە ڕێكەوتی (٢٠٠١/٦/٢٧) خانەنیشن دەكرێت، حاجی صبحی تائێستا لە ژیاندا ماوەلەشاری هەولێردادەنیشێت، حاجی سوبحی (٣) سێ كوڕی هەبووە بەناوەكانی (نزار ، محەمەد ، ئەحمەد) .



**حاجی صبحی**

٢٢٠- سامی عبدالقادرسلیمان ڕواندزی:- ناسراو بووبە (مامۆستا سامی) لەڕێكەوتی (١٩٤٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایك بووە، مامۆستا سامی یەكێك بووە لە بنەماڵەیەكی كورد پەروەر وكەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا سامی چەندین جارلە سەر كوردایەتی توشی كێشەی دەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەكەی لەگەڵ خەڵكی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو كردوە، دوای چۆتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێر بۆماوەی (٣) سێ ساڵ خوێندن تەواو دەكات دوای تەواو كردنی خانەی مامۆستایان لە ساڵی (١٩٦٢- ١٩٦٣) دامەزراوە لە قوتابخانەی سەرەتای زۆزك لە شاری ڕواندز دوای (٤) چوارساڵ گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتای كوران، هەمان قوتابخانە دوای ناوی گۆڕابووبە قوتابخانەی سەرەتای پاشای كۆرە، پاشان دووبارە ناوی گۆڕا بۆ قوتابخانەی پاشای گەورەی سەرەتای كوڕان ، مامۆستا سامی خزمەتێكی زۆری پەروەردەوهونەری شارەكەی كردوە تاساڵی (١٩٨٣) دوای لەبەرنەخۆشی وباردۆخی سیاسی شارەكە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر، لەڕێكەوتی (١٩٩١/٦/٨) خۆی خانە نیشین كردوە.

مامۆستا سامی دەستێکی باڵای لە ئەدەب وشعری کوردی هەبووە بە دەیان هۆنراوە وئاوازی کوردی داناوە، ئەمەی خوارەوە چەند دێرێکە لە هۆنراوە جوانەکانی مامۆستا سامی عبدالقادر ڕواندزی کە دەڵێت...

ئەم لای گەلی ئەو لای خەرەند
یاساوڵی شاری دڵمەند
بازنەی سنور شاخی ناودار
بنکەی گەشە و بزای باڵدار
کۆرەک بێخال زۆزک گۆرەز
چاوگەی مازو باڵدارو پەز
یا ئارمووشەوهەندرێنی سەنگ
چاو ئەگێرن بۆحەسەن بەگ



سامی عبدالقادرسلێمان

هەرچەندە ئەم هۆنراوەیە زۆر زیاترە تەنها چەند دێرێکم ئامادەکردوە، مامۆستا سامی لەڕێکەوتی (٢٠١٧/٦/٨) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مامۆستا سامی (٤) چوارکچ و (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (زاهید ، فەرهاد ، هەڵبەست) .

٢٢١- ئەنوەر عەلی عبدالرزاق:- ناسراوبووە بە (مامۆستا ئەنوەرعەلی) لەڕێکەوتی (١٩٢٥/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، ئەنوەرعەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٣٢-١٩٣٣) چۆتە قوتابخانە قۆناغی سەرەتایی وناوەندی لەشاری ڕواندزتەواوکردوە لە ساڵی (١٩٣٨) چۆتە دەورەی مامۆستایانی ڕیفی لەساڵی (١٩٤٥) لەشاری ڕواندز دامەزراوە بە مامۆستای ڕیفی لەقوتابخانەی سەرەتایی کوڕانی ڕواندز دەست بەکاربووە، مامۆستا ئەنوەرکەسێکی زۆر زیرەک و ڕۆشنبیربووە، قوتابی بەجوانی فێری نوسین وخوێندن


دەکردن، مامۆستا وەکو هاندەرێکیش بووە بۆقوتابیان چونکە زۆرهانی قوتابی دەدا کەواز لە خوێندن وقوتابخانە نەهێنن ئەوزۆربە پەرۆش بووە بۆ قوتابخانەو قوتابیەکان هەروەها زۆر یارمەتی قوتابیە هەژارەکانی داوە، لە هەموو بوارێکدا، دواتر بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانە تاساڵی (١٩٦١) دواتر لەبەرکاری سیاسی بارو دۆخی کوردستان گواستراوەتەوە خواروی عێراق، شارۆچکەی شامییە، لە ساڵی (١٩٦٧) دووبارە دەگەڕێتەوە کوردستان وەک مامۆستا لە قوتابخانە دەوام دەکات تا ساڵی (١٩٧٣) ئینجاخانەنیشن دەکرێت، ئەنوەر عەلی لە (٢٠٠٨/٢/٥) بەنەخۆشی لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، ئەنوەرعەلی (٣) سێ کوڕو (٢) کچی هەبووە،

٢٢٢- دلاوەرمحمد عەلی ئاغا :- ناسراو بووە بە (مامۆستادلاوەر) دلاوەرکـوڕی وەهاب ئاغای کوڕی محمد عەلی ئاغایجوندیانە دلاوەر لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لەدایک بووە، دلاوەریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز دلاوەر چەندین جار لە سەر کوردایەتی توشی کێشە وگرفت وبەندیخانەو ئاوارە ودەربەدەری بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، دلاوەر لە ساڵی (١٩٥٦) تێکەڵ بە سیاسەت و کوردایەتی بووە ، بۆیەکەم جار دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی عێراق ، تاساڵی (١٩٥٨) کە مەلامستەفای بارزانی لەڕووسیا دەگەڕێتەوە، بۆعێراق ودوای دێتەوە کوردستان ئەوکاتی پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات ودەبێتە ئەندامی ئەوحزبە بەردەوام دەبێت لەسیاسەت تا ئەوکاتەی ماڵئاوای لە ژیاندا دەکات ، مامۆستا دلاوەرلە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/٢/٢٢) بە نەخۆشی لەشاری هەولێرکۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی مەلاوسوشێخان بەخاکسپێردراوە، مامۆستا دلاوەر (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (پێشکەوت ، زەردەشت ، سەرکەوت ، هەڵکەوت ، هەڵمەت) .



**مامۆستا دلاوەر**


٢٢٣ - صالح قادربەگ سەعید بەگ سۆفی :- ناسراو بووە بە (مامۆستا صالح) لەڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە مێژوویکی زۆر گەورەوگەشی هەبووە لە بواری سیاسی وپەروەردە و پیشەیی وکۆمەڵایەتی، هەروەها کەسێکی هێمن وخاوەن هەڵوێستی نیشتمانی نەگۆڕبووە، مامۆستا صالح کوڕی قادربەگ کوڕی سەعید بەگ کوڕی شەوقی بەگی ڕواندزی یە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، مامۆستا صالح لە ساڵانی شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابردو تائەو ڕۆژەی کۆچی دوای دەکات کادیری پێشکەوتووی حزبی شیوعی عێراقی بووە ، لە ساڵی (١٩٩١) لە هەڵبژاردنەکانی لە کۆنگرەکاندا بەرگری کردوە لە مافەڕەواکانی مامۆستایان ، لە ساڵی (١٩٥٤) خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕوانـدز تەواو دەکات ودەچێتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێرلە ساڵی (١٩٥٩) دەبێتە سەرباز بۆماوەی (٢١) بیست ویەک مانگ هەروەها لەڕێکەوتی (١٩٦٢/١٠/١٥) بەمامۆستای وەرزش دامەزراوە لە ناحیەی سیدەکان لە قوتخانەی سەرەتایی سیدەکان دوای گوازراوەتەوە بۆ قوتابخانەکانی گوندەکانی بابشتیان وباڵەکیان وچۆمان وئاکۆیان، بەم شێووەیە گواستنەوەکەی درێژەی هەبووە ، تاکوسەرەتای ساڵی (١٩٧٢) مامۆستا صالح قادربەگ کەسێکی زۆر بە ئەزموون وزیرەک وچالاک بووە، لەبواری پەروەردو فێرکردنی قوتابیان لەڕێکەوتی (١٩٧٢/٨/٢٦) خۆی دەگوازێتەوەبۆ قوتابخانەی زۆزکی سەرەتای لەشاری ڕواندز بۆماوەی شەش ساڵ ، ئەوجا لە بەروەزعی سیاسی شارەکەی لەساڵی (١٩٧٩) ڕاژەکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆقوتابخانەی کۆدۆلەشاری هەولێر دەبێتە مامۆستایەکی نمونەی لەپەروەردەی هەولێرلەتگەمەنی (٦٣) ساڵی لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/١٠/١٥) خانەنیشین کراوە دوای بەماڵەوە دەچێتی هەندەران لەسوێد نیشتەجێ دەبێت ، حەوجا لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٤/١٥) لە سوێد کۆچی دوای دەکات، ڕوحی شادبێت مامۆستا ساڵح (٣) کچ و (٢) کوڕی هەبووەو کوڕەکان بە ناوەکانی (کۆچەر ، کارۆخ) .




**صالح قادربەگ سەعید**

٢٢٤- محسین عەزیز ڕواندزی :- ناسراوبوو بە (مامۆستا موحسین) لەڕێکەوتی (١٩٤٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە. لەتەمەنی (٧) حەوت ساڵی

چۆتەبەرخوێندن ، خوێندنی سەرەتای ناوەندی لەشاری ڕواندزتەواوکردوە، لەساڵی (١٩٦٨) دەچێتەخانەی مامۆستایان لە شاری هەولێر، دوای (٣) سێ ساڵ تەواوکردنی خانەی مامۆستایان ، دەبێتە سەربازبۆماوەی (٢١) مانگ ئینجاخزمەتی سەربازی تەواودەکات یەکسەر دادەمەزرێت لە ساڵی (١٩٧٠) دەبێتە مامۆستای سەرەتای لە قوتابخانەی بلێ سەربە دەڤەری بارزان واتا یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی لە قوتابخانەی سەرەتای تێکەڵاوی بلێ دەبێت، ودەست بەکاردەبێت، بۆماوەی (٣) سێ ساڵ لە بلێ دەوام دەکات دوای لە ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤) خۆی دەگوازێتەوە بۆقوتابخانەی بۆتانی سەرەتای کوڕان لە شاری هەولێربۆماوەی دووساڵ لە شاری هەولێر دەمێنێتەوە ، دوای لە ساڵی (١٩٧٥) خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری ڕواندز، گوندی بێشوک قوتابخانەی جوندیان دوایی پەروەردە دەیگوازێتەوە بۆ گوندی ئاکۆیان وبێخال) لەم ماوەیەدا توانیویەتی خزمەتێکی زۆری پرۆسەی پەروەردەو خوێندن وفێرکردنی قوتابیانی خۆشەوویست بکات چونکە مامۆستایەکی دلسۆزو زیرەک وبەتوانابووە ، لە ساڵی (١٩٨٣) لە شاری ڕواندز کراوەبە بەڕێوەبەری قوتابخانەی مژدەی سەرەتای تێکەڵاو، لە بەرهۆکاری سیاسی لە ساڵی (١٩٨٥) لە لایەن ڕژێمی بەعسی بەغداد دەسگیر دەکرێت، بێ سەرو شوێن دەکرێت، ڕوحی شاد بێت.


**مامۆستا موحسین**

٢٢٥-حاجی قادر ڕیشدار:- ناسرابوو بە (حاجی قاری بەڕدێن) لە ڕێکەوتی (١٩٠١/٨/٧) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی قادری ڕیشدارلە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی وڕیش سپی شاری ڕواندز بووە، حاجی قادربەڕدێن لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران




**حاجی قادر ڕیشدار**

دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ، دوای توشی نەخۆشی دەبێت، لەماڵی خۆی کۆچی دوای دەکات حاجی قادر لەشاری ڕواندز کۆشکێکی سێ قاتی هەبووە، دوکانیشی لەقاتی یەکەم لەسەرکۆسپەکان بووە، لە سەرقادرمان بەرامبەرماڵی عزیزعومەر چایەچی لەسەرەوەش بەرامبەر میوانخانەی حاجی حبیب چایەچی بوو.حاجی قادربەردێن پیاوێکی خواناس خێر خوازوهەژار دۆست ئیمانداروخاوەن باوەڕوهێمن و قسەزان وقسە خۆش مەدریس خۆش بووە، دوکانی شەکروچاوهەموو جۆرە خۆراکێکی دەفرۆشت هەروەها بائع حکومی بووە واتە فرۆشیاری میری بووە، هەروەهاجگە لە خواردەمەنی بێستی دەڵەک وڕێوی وکوڕبەشی دەفرۆشتن، حاجی قادرلە ڕێکەوتی (١٩٧٨/٦/١٦) کۆچی دوای کردوە ڕوحی شادبێت، حاجی قادر (٢) دووکچی هەبووە لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (عەلی) .

٢٢٦ –کەمال مەلاسەعید عومور ئەفەندی:- ناسراوبووە بە (کەمالی مەلاسەعید خیلانی) لە ڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، کەمال یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، کەمال لەسەر سیاسەت وکوردایەتی چەندین جارکێشە وگرفتی بۆ دروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دوەڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەمال سەعید پیاوێکی هێمن وقسەزان وڕۆشنبیر و خوێندەوار بووە، کەمال سەعید لەڕێکەرتی (١٩٩١/٦/١٤) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادە بێت . کەمال مەلا سەعید (٢) دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سامان ، سالار) .



**کەمال مەلاسەعید**

٢٢٧ – عبدالڕحمان فەقێ حەسەن ئیسماعیل:- ناسراوبووبە (عبدالرحمان فەقێ حەسەن) یان (عبدالرحمان پۆلیس) لەڕێکەوتی (١٩١٥/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، عبدالڕەحمان فقێ حسەن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، عبدالڕحمان فەقێ حەسەن چەندین جار لەسەرکوردایەتی کێشەوگرفتی بۆدروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ

ماوەی یەکسالْ دوای لەسالْی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، سەرکارو وەزیفەکەی خۆی کە پۆلیسی بووە عبدالرحمان پۆلیس پیاوێکی هێمن ومەدریس خۆش ودونیا دیتەو قسەزان ڕۆشنبیربووە، گەلێک جارباسی سەردەمی مندالْی وگەنجی خۆی بۆکەس وکاروهاوڕێ و دراوسێکانی خۆی دەکرد، بەتایبەتی سەردەمی عوسمانی وئینگلیزەکان کە چۆن هێرشیان کردۆتە سەرشاری ڕواندزودەوروبەری وە هەروەها باسی سەردەمی حوسێن حوزنی موکریانی و چاپخانەکەی بۆدەگێڕایەنەوە، ئەو مرۆڤە کەسێکی دەم بە خەندە وپێکەنین بووە، کەقسەی دەکرد هەرحەزت دەکرد لەلای دابنیشیت، عبدالرەحمان پۆلیس لە سالْی (١٩٧٣) خۆی خانەنیشن کردوە لەڕێکەوتی (١٩٩٥/٣/١٠) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوەو لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ، عبدالڕحمان فەقێ حەسەن (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (حوسێن ، موخلیس ، دلشاد ، بورهان) .

٢٢٨- حوسێن بەکر ئەحمەد:- ناسراوبووە بە (حوسێن مکتەبە) لە ڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حوسێن مەکتەبە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدزحوسێن مکتەبە مرۆڤێکی هێمن وقسەزان ورۆشنبیروسیاسی بووە، لە سەرسیاسەتی حزبی شیوعی وکوردایەتی چەندین جار توشی کێشەوگرفت وبەندیخانە بووە ، لەسالْی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبیت بۆماوەی یەکسالْ، لە سالْی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕوانـدز، دوای دوو سالْ مالْی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر لەشاری هەولێرنیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، حوسێن مکتەبە پیاوێکی قسەزان ونوکتە چی وقسە خۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین بووە، حوسێن مەکتەبە لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٦/٥) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حوسێن مکتەبە (٣) کچی هەبووە بەناوەکانی (سوحاد ، ویداد ، ماهیە) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (یونس) .

٢٢٩- عبدالقادرشەوکەت عومەرجانگیر:- ناسراوبووە بە (حاجی قادر شەوکەت سەفار) لە ڕێکەوتی (١٩٣٥/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی قادر لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لە سەر کوردایەت زۆر جارتووش کێشە وگرفت وگرتن ودەربەدەری و ئاوارەی بووە، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ئۆردوگای زێووە لە ئێران ژیان بەسەردەبات لە سال (١٩٧٦) گەڕاوەتەوەبۆ شاری ڕوانـدزدەستی بە کاسبی خۆی دەکاتەوە، بۆیەکەم جار چایخانەوچێشتخانەیەکی لەناو بازاڕی شاری ڕواندز دانا بەموشتەرکی لە گەل فتح الله وەستا عزیز ئاسنگەر بۆ ماوەی دووساڵ دوای لە بەرلاوازی کارەکەیان وازلە چایخانەکەیان دەهێنن ئەوجا حاجی قادربۆخۆی بەتەنها دوکانی قوماشفرۆشی دادەنێت تاساڵی (١٩٨٢) ئینجا لە بەربارودۆخی سیاسی ئەوکاتی شاری ڕواندز کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوخراپی وئالۆزی دەچوو بۆیە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرتا ئەوکاتەی، ماڵئاوای لە دونیای ڕووناک دەکات، عبدالقادر شەوکەت لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٩) لەشاری هەولێرکۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت حاجی قادر (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (گەلاوێژ ، نەسرین ، سمبل ، بەفرین ، نەرمین) هەروەها لەگەڵ (٦) کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ئادەم ، ئدریس ، شێخ ڕەسول ، یوسف ، جهانگیر ، نەجات) .



**حاجی قادر**

٢٣٠- تۆفیق شەوکەت سەفار:- ناسراوبووەبە (حاجی تۆفیق بەزاز) لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، حاجی تۆفیق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی تۆفیق کەسێکی زۆر تێگەیشتی وهێمن وزانابووە لەشاری ڕواندزدوکانی قوماش فرۆشی هەبووە، ئەوپیاوە هەرلە تەمەنی لاوی کاروکاسبی قوماشفرۆشی واتە بەزازی بووە، لە دوکانەکەی ئەنواعی قوماشی پیاوان وئافرەتانی لادەست دەکەوت لە هەموو جۆرە ڕەنگێک قوماشی هەبووە، هەروەها لەسەرکوردایەتی گەلێ جار تووش کێشە وگرفت دەبووە لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ودەڤەرەکە ئاوارەی

دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لە ئۆردوگای زێووەی ئێران ژیانی بە سەربردووە، لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە شاری ڕواندز دووبارە دوکانی قوماشفرۆشی دادەنێتەوە تا ساڵی (١٩٨٣) ئینجا لە بەربارو دۆخی سیاسی شاری ڕواندز وناوچەکە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر لە گەرەکی سێتاقانی هەولێرنیشتەجێ دەبێت، دوکانی قوماشفرۆشی لە بازاڕی سێتاقان دادەنێت، تا ساڵی (٢٠٠٨) توانای کار کردنی نامێنێت، نەخۆش دەکەوێت ، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیاندامـاوە ، بینای لەدەست داوە، نەخۆشە لە بەرنەخۆشیەکەی لەسەرجێگا کەوتووە، حاجی تۆفیق (٨) کچی هەبووە بەناوەکانی (قەدریە ، بەڵقیس ، حواء ، شوکریە ، گولیزار ، پایزە ، ئاواز ، بەهار) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕ بە ناوەکانی (ڕۆستەم ، ئیبراهیم) .

٢٣١- ئیسماعیل محمد صالح صالح :- ناسراوبووە بە (مەلا ئیسماعیل) لە ڕێکەوتی (١٩١٧/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لەدایک بووەمەلا ئیسماعیل یەکێک بووە یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی ومەلاوزاناوعالمی بنەماڵەی مارە مەلایانی شاری ڕواندز، مەلا ئیسماعیل لە منداڵیەوە دەچێتە بەرخوێندن و مەدرەسەرەسەکانی شاری ڕواندزودەبێتە فەقێ، لە لای مەلاعبدالکریم ئەفندی دەخوێنێ تا خوێندنی فەقێ تەواو دەکات ، دەبێتە موستەعید واتە ئامادەی ماوەی دووساڵی تردەخوێنێت تاخوێندن تەواو دەکات ئینجا مۆلەتی مەلایەتی لە هەولێرلای (شێخ مستەفا نەقشبەندی) وەردەگرێت ، دەبێتە مەلای ئاینی ماوەی چەند ساڵێک وەک مەلای مزگەوت خزمەتی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات، دوای دەچێتە دەورەی مامۆستایان لە شاری هەولێر وئەعدادیەی مامۆستایانی ئاینی ، تەواو دەکات دەبێتە مامۆستای ئاینی لە قوتابخانەی سەرەتای ، لە ساڵی (١٩٦١) دادەمەزرێت بە مامۆستای ئاینی لەگوندی (هیزانتی ژێری) سەربەقەزای ئاکرێ بۆماوەی دووساڵ دەمێنێتەوە ، دوای دووساڵ خۆی دەگوازێتەوە بۆگوندی بادلیان ماوەی یەکساڵ لەقوتابخانەی ئەوگوندە دەمێنێتەرە، ئینجا دەگوازرێتەوە بۆگوندی ئاکۆیان بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگوازرێتەوە بۆشاری ڕواندز وگوندی کانیەقوڕ، تا ساڵی (١٩٦٥) حکومەت دەیگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتای ڕواندزی کوڕان، لەم قوتابخانیە دەمێنێتەوە تاساڵی (١٩٧٦) دوای ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر گەڕەکی سێتاقان، لەقوتابخانەی پیرزینی سەرەتای کوڕان بە مامۆستای ئاینی دەست بەکار دەبێت، تا ئەوکاتەی خانەنیشین دەکرێت ، لەم قوتابخانەیە دەوام دەکات، مەلائیسماعیل مرۆڤێکی زۆر ئاقل وهێمن

وزیرەک وبەتوانابوو بەتایبەتی لەڕووی پەروەردەوفێرکردنی قوتابی بەئاینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز ، هەروەها مەلائیسماعیل لە سەرکوردایەتی لە ساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ، لە ڕێکەوتی (١٩٩٥/١/٢٩) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی شێخ ئەحمدی شاری هەولێر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت مەلائیسماعیل (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (محمد ، ئیبراهیم ، بەهزاد ، جەمال ، یوسف) .

٢٣٢- موخلص عبدالڕحمان محمد ئەمین:- ناسرابووەبە (وەستا موخلیس ئوتی چی) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، وەستاموخلیص ئوتوو چی یەکێکە بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، وەستامخلص ئوتوچی لە سەرەتای تەمەنی گەنجی کەسێکی زیرەک بووە، دەستی کردوە بە کاروکاسبی بۆبژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وخێزانی دوای دەبێتە سەربازئەوجا بە هۆی وەزیفەی سەربازی خۆی ماڵی لە شاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆشاری بەغداد ، ماوەی (١١) یانزەساڵ لە سەربازی بە پلەی (عەریف) دەمێنێتەوە، لە ساڵی (١٩٦٧) خۆی خانەنیشین دەکات ودەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕوانـدز ، دەست دەکاتەوە بەکاسبی، ماوەیەک چایخانە دادەنێت بەڵام لەدوایداتوانا نابێت، دوکانی ئوتوچی یەتی دادەنێت کە ئەوکاتی هیچ کەس لەشاری ڕوانـدز کاری (ئوتوی) نەدەزانی وەستا موخلیس دوکانی ئوتوی دادەنێت بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وخێزانی پەیدا دەکرد، وەستاموخلیص لەسەرکوردایەتی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی ئاوارە دەوڵەتی ئێران بووە، وەستاموخلیص کەسێکی قسەخۆش ودەم بە خەندەو پێکەنین بووە لە گەڵ دوکاندارودۆست وهاوڕێکانی زۆرحەزی لەقۆشمەو فشقیات دەکرد هەرچەندە گوێی لە هیچ قسەیەک نە دەبوو واتە (کەڕ) بووگەلێک جارئەگەر دوو کەس لە گەڵ یەکتری قسەیان بکردایە لە بەرامبەری ئەولای وابووئەو کەسانە باسی ئەودەکەن، وەستا موخلیص لە ڕێکەوتی (٢٠٠١/١/١٦) بەهۆی جەڵتەی دڵ .کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، وەستا موخلیس (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (مامۆستا مەغدید) .


موخلص عبدالڕحمان محمد ئەمین

٢٣٣-حاجی حیکمەت داود خلیل:- ناسراو بە (حیکمت داود) لەڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، حیکمت داود یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدز، حکمت داود کەسێکی هێمن وقسە خۆش وبەخزمایەتی بووە، هەروەها حیکمت داود کوردێکی دلسۆزودۆستی پێشمەرگە وشۆڕشی کورد بووە، لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت ودەربەدەری وئاوارەی و گرتن و بەندیخانە و ڕاوەدونان بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز خۆی و خێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری رواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) خۆی وخێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕوانــدز، حاجی حیکمەت لە سەر پەیوەندی کردن بە سیاسەت وکوردایەتی وڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، کوڕە گەورەکەی بەناوی (عبدالقـادر) لە ساڵی (١٩٧٦) دەسگیردەکرێت لەلایەن ڕژێمی بەعسی بەغداد یەکسەرلە شاری موسل لە سێدارە دەدرێت، حیکمت داود دیاربوو بە لەسێدارەدانی کوڕەکەی زۆر غەمبار بووبەڵام بیرو باوەڕی کوردایەتی لەدەست نەدابوو تا ئەوڕۆژەی ماڵئاوای لەشاری ڕواندز کرد، حیکمەت داود لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٦/١٤) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت. حاجی حیکمەت داودة (٣) کچی هەبووە بە ناوەکانی (گەلاوێژ ، کوردستان ، مژدە) هەرەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (عبدالقادر ، نەریمان ، ئازاد ، ) .




**حاجی حیکمت داود**

٢٣٤- محمد فەقێ حەسەن سلێمان:- ناسراو بووە بە (محمدی فەقێ حەسەنی) لە ڕێکەوتی (١٩٠٧/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، محمد فەقێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها مرۆڤێکی هادی وهێمن ولە سەرەخۆو بەتەقواو ئیمانداروخاوەن هەڵوێست وپاک بووە، محمدفەقێ حەسەن، پیرە پیاوێکی پاک وخاوێن وچاویلکەی لەچاو بووە، لە قسەکردندا کەسێکی زۆر زیرەک وقسەزان وقسەخۆش ونوکتەچی وچیرۆکزان مەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە ، هەروەهاچیرۆک وداستان وگەلێک سەربردەوبەسەرهاتی ساڵانی بیستەکان

وسی یەکانی بۆدراوسێ وهاوڕێکانی دەگێڕایەوە،  محمد فەقێ حەسەن کە لە مەدریسێکدا قسەی دەکرد ، هەموویان بێ دەنگ دەبوون و گوێیان لەقسە خۆشەکانی وحەکایەت و چیرۆکەکانی دەگرت کە پڕبوو لە داستان و بەسەرهات ، مخابن محمد فەقێ حەسەن لە ڕێکەوتی (١٩٧٥/٥/١٠) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات ولەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت محمد فەقێ حەسەن (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (فواد ، فریاد ، فەوزی ، فازیل ، سادات) .

٢٣٥- عەلی ئەحمەد سلێمان :- ناسراو بووە بە (عەلی تانۆک) لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە،  عەلی تانۆک یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز ، عەلی تانۆک لەساڵی (١٩٦١) لە تەمەنی مێرمنداڵی پە یوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلول دەکات و دەچێتە گەلاڵە ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە دوای دەچێتە بارەگای بارزانی دەبێتە شوفێری مەلامستەفای بارزانی لەناو شۆڕش دەمێنێتەوە،  تا ساڵی (١٩٧٤) ئەوجاعەلی تانۆک بەخۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت پاش (٢) دوو ساڵ دەگەڕێتەوە شاری ڕوانـدز،  عەلی تانۆک بۆ بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی وماڵ ومنداڵی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە هاوینە هەواری جوندیان وگەل عەلی بەگ چێشتخانەیەک دادەنێت بژێوی ڕۆژانەی دابین دەکات،  عەلی تانۆک،  پیاوێکی هیمن ولە سەرەخۆوقسەخۆش و بە خزمایەتی بووە،  لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١/٩) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت عەلی تانۆک (٢) دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (محمد ، حەمید) .

٢٣٦- سەدیق عوسمان قادر:- ناسراوبووەبە (سەدیقی پۆلیس) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕوانـدزلە دایک بووە (سەدیق عوسمان) لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدزبووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت ، سەدیق عوسمان قادر مرۆڤێکی هێمن وقسە خۆش و زیرەک ورۆشنبیربووە ، دیارە جاران لەشاری ڕواندزهەرکەسەو بەپیشەکەی ناوی دەرکردبووە،



سەدیقی پۆلیس

سەدیق عوسمانیش پیشەکەی (پۆلیسی) بووە، لە مەرکزسەرای ڕواندز هەربۆیە ناز ناوی بە (سەدیق پۆلیس) دەرکردبووە ، هەروەها سەدیق عەسمان کەسێکی دیاروکاراو تێکۆشەروخزمەتی زۆری شاری ڕواندز کردوە ، لەکاتی ئەرکو واجباتی خۆی توانیویەتی زۆر بە ڕێک پێکوپێکی جێ بەجێ بکات بەشەو بەڕۆژ بەرگر لە شارەکەی خۆی بکات، سەدیق عوسمان قادر لەساڵی (١٩٨١) لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای دەکات، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت سەدیق عوسمان قادر (٣) کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عەلی ، عوسمان ، عومەر) .

٢٣٧- سەعید شاکر عبدالرزاق فتاح مەحمود:- ناسراو بووە بە (حاجی شەواف) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە (حاجی شەواف) یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی شەواف لەسەرکوردایەتی چەندین جار لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی عێراق توشی کێشەو گرفت وگرتن بەندیخانەبووە، حاجی شەواف کەسێکی کاسبکاربووە، دوکانی کەمالیاتی لەناوبازاڕی شاری ڕواندزهەبووە، لە ئەنواعی بۆنی خۆشی گوڵاومکیاج وجلو بەرگ و هەموو پێداویستی ئافرەتان ومنداڵانی هەبووە، جگە لە مانەش کەل وپەلی کارەبایی وەک گڵۆپ و وایەر وپلاک وسویج، هەروەها ڕادیۆ وتەسجیل لایتی جۆراوجۆری هەبووە ، حاجی شەواف کەسێکی زۆر



سەعید شاکر عبدالرزاق

ڕۆشنبیرو تێگەیشتی وقسەزان وقسەخۆش هەزار دۆست و خێرخواز بووە، بەدائیم پێڵاوجلوبەرگی نویٚ وپاکوخاوێن و زۆرجوانی لە بەردەکرد ، حاجی شەواف لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە شاری ڕوانـدزبۆماوەی دووساڵ لەم شارە دەمێنێتەوە، دوای لەبەربێکاری وکاسبی بە یەکجاری ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێرلەم شارە نیشتەجیٚ دەبێت دوکانێک لە بازاڕی تەیراوە دادەنێت بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی، حاجی شەواف لە ساڵی (٢٠٠٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، حاجی شەواف (٣) سیٚ کوڕی هەبووەبە ناوەکانی (سوبحی ، سەمیر ، نەزیر ، سەفین ، عەلی) .


٢٣٨- سەدیق شاکرعبدالرزاق فتاح مەحمود:- ناسراو بووە بە (حاجی سەدیق چایەچی) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە شاریڕوانـدز لەدایک بووە حاجی سەدیق یەکێک بووەولە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی سەدیق چایەچی پیاوێکی کاسب وزۆر زیرەک وبەتوانا بووە، هەروەها کەسێکی زۆر قسەزان وقسەخۆش نوکتەچی وقۆشمەچی وڕۆشنبیر بووە، جگە لە مەش کەسێکی دڵسۆزوکوردپەروەربووە، لە سەر کوردایەتی گەلێک جار تووشی کێشەوگرفت وگرتن وبەندیخانە بووە، حاجی صدیق کەسێکی زۆرکاسب بووە لە تەمەنی هەرزەکاری دەبێتنە چایەچی تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات، زیاترلە (٣٠) ساڵ چایەچی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکە لە گەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ڕێکەوتی (١٩٧٥/١٠/١٢ ) بەڕێگای خانەقین دەگەڕێتەوە بۆکوردستان وشاری ڕواندز هەربۆیە حکومەت خۆیی وخێزانەکەی یەکسەر نەفی دەکات بۆ خواروی عێراق پارێزگای ڕومادی (ناحیەی البغدادیە) بۆماوەی دووساڵ لەخواروی عێراق دەمێنێتەوە دوای لێبوردەی گشتی بۆ نەفی کراوەکان دەردەچێت هەمویان دەگەڕێتەوە بۆکوردستان، ئینجا حاجی سەدیق خۆیی وخێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزو سەرکاروکاسبی خۆی چایخانەکەی پێشوو، حاجی سەدیق چایەچی مرۆڤێکی بە تەقواوئیمانداروخێرخواز و هەژاردۆست وئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە، لای هەموو دۆست و هاوڕێکانی زۆرخۆشەوویست بووە ، حاجی سەدیق لەبەهاری ساڵی (١٩٧٨) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت

حاجی سەدیق (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (شاکر حوسێن ، حەسەن ، صالح) .

٢٣٩-جەمیل جەرجیس:- ناسراوبووە بە (جەمیل عەمبار) لەڕیکەوتی (١٨١٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، جەمیل عەمباریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، جەمیل مرۆڤیکی زیرەک وبەتواناو کاسبکارو ڕۆشنبیرو قسەزان بووە، هەروەها مرۆڤێکی بەخزمایتی مەدریسخۆش بووە، جەمیل عمبارسەردەمانێک کاری عەمباری دەکرد بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانی، لە دوایدا لە ناو بازاڕی شاری ڕواندز دوکانی عەتاری دادەنێت، لە دوکانەکەی شەکرو چاوڕۆن وتایدو سابوون وشەکەراتی دەفرۆشت، جەمیل عەمبار پیاوێکی مەدریس خۆش ونوکتە چی وقسەخۆش بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٦٧/٦/١١) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، جەمیل عمبار (٤) چوارکچی هەبووە بە ناوەکانی (فاتیمە ، ڕەمزیە ، پیرۆز ، فەوزیە) هەروەها لە گەڵ (٢) کوڕ بەناوەکانی (جەبار ، جەرجیس) ٠.

٢٤٠- مەمدوح سەلیم نەجمەدین میکائیل :- ناسراوبووە بە (مامۆستا مەلا مەمدوح) لەساڵی (١٩٢٨/٧/١) لە گوندی (ئیدلب) سەربەقەزای مێرگەسۆرلە دایک بووە، مەلامەمدوح یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی ونوسەرو ڕۆشنبیرومەلاوزانای ئاینی شاری ڕواندز، مەلامەمدوح هەموو ژیانی خۆی لەخزمەتی زانست وقورئانی پیرۆزو دینی ئیسلام وشەرعی وانەبێژی لەمەدرەسە وحوجرەکانی شاری ڕواندز بردۆتە سەر، مەلامەمدوح مزوری لە ساڵی (١٩٥٥) بۆتە مەلا لـە گوندی گەرەوانی سەروی سەربە قەزای ڕواندزدەست بەکار بووە، دوای چەند ساڵ گواستراوەتەوە بۆ مزگەوتی تەکیەی گەیلانی شاری ڕواندز، لەم مزگەوتە دەمێنێتەوە تا ساڵی (١٩٧٤) ژمارەیەکی زۆری فەقێ لە حوجرەی مزگەوتەکەی فێری نوسین وخوێندنی قورئانیان دەکات ، دوای تەواو کردنی خوێندنی قورئان لە فەقێ دەبون بە موستەعیدوفێری تەرجەمەو تفسیری قورئان فەلک ناسی ژن وژن مارەکردن یاسا وقانونی ئیسلام وتار خوێندنەوەی سەر میمبەردەکران تا ئەوکاتەی دەبوون بەمەلا، مەلامەمدوح هەرچەندە خەڵکی شاری ڕواندز نەبووە بەڵام هەرلە تەمەنی منداڵی بۆخوێندنی فەقێ هاتۆتە شاری ڕوانـدز و نەگەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی ، کەبۆتە فەقێ لەلای مامۆستا مەلاعبدالکریم ئەفندی دەخوێنێت وتادەبێتە مەلاوزانای ئاینی، بۆیە

تەمەنێکی زۆری لەم شارە بەڕێی کردوە ، مەلا مەمدوح وەک کەسایەتێکی گەورەو بە نرخی شاری ڕواندزوهەژمارکراوە، مەلا مەمدوح ژمارەیەک کتێبی نوسیووە لە چاپی داوە ، لەسەر بنەماڵەکانی ڕواندزو ناودارانی دەرڤەرەکە ، مەلامەمدوح لەساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکە لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆ ماوەی (٢) دووساڵ دوای دەگەڕێتەوە کوردستان ، کەخۆی دەڵێت دوای گەڕانەوەم خۆشیم لە ژیانم نەبینی نارحەتی لە دوای نارحەتی بەسەرم دەهات تاساڵی (١٩٨٥) دووبارە تووشی نیگبەتی بوومەوە، ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووم لە گەڵ خێزانەکەم بۆماوەی (٥) پێنج ساڵی ترلە ئێران مامەوە، لەساڵی (١٩٩٠) گەڕاوەتەوە کوردستان بۆماوەی (٧) حەوت مانگ، بۆدواجارلە ڕێکەوتی (١٩٩١/٣/٣١) کەکۆڕەوی یەک ملیۆنی دەستی پێ کرد، دیسان خۆی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان بۆجاری سێیەم ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێتەوە ، بۆ دواجارلەڕێکەوتی (١٩٩١/١٠/٢) گەڕاوەتەوە کوردستان لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت تائەو کاتەی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/١٢) لەماڵەکەی خۆی لەتەمەنی (٩٢) ساڵی کۆچی دوای دەکات ، لەگۆڕستانی سەروچاوەی قەزای سۆران ناحیەی دیانا بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت مەلامەمدوح (٤) چوارکوڕی هەبووە بەناوەکانی (هیشام ، مزەفەر ، وەسیم ، عبدالڕحمان) .


مەلامەمدوح

٢٤١- ئەسعەد ڕەسول ئیبراهیم شێتنەی:- ئەسعەد ئاغا کوڕی ڕەسول ئاغا کوڕی ئیبراهیم ئاغای شێتنەیە، (ئەسعەد) ناسراو بوو بە (ئەسعەد ئاغای شێتنەیی) ئەسعەد ئاغا لە ڕێکەوتی (١٨٨٩/٧/١) لە گوندی شێتنەی سەربەقەزای ڕواندزی لە دایک بووە، لە ساڵی (١٩٤١) لە گوندی شێتنە لەبەر بارودۆخی سیاسی ناوچەکەی بەتایبەتی گوندی شێتنە، شەوێک لە مەڵی خۆی لەلایەن چەند چەکدارێک دەست ڕێژی گولەی لێ دەکرێت چەند فیشەکی ئێ دەکەوێت و بەسەختی بریندداری دەکەن، دەگەیەنرێتە


ئەسعەد ڕەسول

نەخۆشخانەی شاری رواندز، دوای نەشتەرگەری چاک دەبێتەوە، ئینجا بۆسەلامەتی خۆی وخێزانەکەی لە گوندەکەی و دەڤەرەکەی خۆی دووربخاتەوە، یەکسەرماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری ڕواندز، لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، ئەسعد ئاغا کەسێکی بەتواناوخاوەن عەشیرەت و خزم ودۆست وبرادەروکەس وکاری خۆی بووە، لەساڵی (١٩٤١) کەدێتە شاری ڕواندز، لە ماڵی مستەفا ئاغای لحلی خان میوان دەبێت، دوای دەچێتە ماڵی نوری باویل ئاغا، تا ئەوکاتەی بەتەواوی برینەکانی چاک دەبێتەوە جێگاو شوێنێک بۆخۆی دەدۆزێتەوە، ئەوجا دیارە حکومەتی ئەوکاتی زانیاری هەبووە، لەسەر ئەسعەد ئاغاو بنەماڵەکەی کە سەرۆکی عەشیرەتی دۆڵەمەرییە، بۆیە بە دوایدا دەنێرن کە کاربۆحکومەت بکات، پێی دەڵێن کە ژمارەیەک چەکداری لەکەس وکاروعەشیرەتەکەی خۆی بۆدادەمەزرێنن بەموچەیەکی باش بۆئەوەی پشگیری لەحکومەت ودام ودەزگاکانی سنوری شاری ڕواندز بکات ، هەر لە وکاتە ئەسعد ئاغا بە داخوازیەکانی حکومەت ڕازی دەبێت ، شوێنێکی بۆ خۆیی وخێزانەکەی دابین دەکەن، ماڵی خۆی دەباتە ناوبیناکەوە ، ئینجا خەبەری بۆخزمانی خۆی لەمەزنێ و شێتنە وگوندەکانی دەوروبەری دەنێرێت بۆئەوەی بێن بۆشاری ڕواندز چەک وەرگرن ، ئینجاحکومەت ئەسعد ئاغا بەپلەی ملازم ئەول وەردەگرێت، زیاترلە (١٠٠) سەد چەکداری بۆدادەمەزرێنێت بەمووچەیەکی باش، دوای ماوەیەک ئەسعد ئاغا لە شاری ڕوانــدز بە تەواوەتی دەسەڵاتی بەسەرهەموو جومگەکانی شاری ڕوانـدز دادەگرێت ودەست دەکات بەتووندوتیژی، حکومەت دەسەڵاتی تەواوی پێ دابووە ، لە گرتن وسزادانی خەڵک، ئەسعەد ئاغا دەسەڵاتی ئەوەندە توندوتیژ دەبێت کەس نەی دەتوانی لەدژی بوەستێتەوە، هەتا ئەمن وئیستغباڕات وحاکمەکانیش دەسەڵاتی ئەسعەد ئاغایان نەبووە ، ئاغایەکی ئەوەندە توند وتیژو خراپ بووە، بەتایبەتی لە گەڵ خەڵکی گوند ودەوروبەری ڕواندز، بۆیە هەموو خەڵک لێی دەترسان بەتایبەتی ئەوانەی کورەکانیان لەناو شۆرش و پێشمەرگە بوون کە دژی دەوەستانەوە، ئەسعەد ئاغا هەرچەندە خراپیش بوو، بەڵام زۆر ڕێزی لەکەسایەتی و وڕیش سپی ومامۆستای ئاینی دەگرت، ئەسعد ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/١١/١٤) بەنەخۆشی لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لەگوندی مەزنێ بەخاکسپێردراوە، ئەسعەد ئاغا (١٦) شانزە کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ڕەشید ، سەعید ، جەواد ، خورشید ، تۆفیق ، جەلال ، ڕەسول ، جمال ، ئیبراهیم ، کمال ، برزۆ ، دلشاد ، زۆراب ، نەبەز ، فەرهاد ، فەرەیدون) .

٢٤٢- سەدیق ڕەسوڵ ئیبراهیم شێتنەی:- ناسراو بووە بە (سەدیق ئاغا) سەدیق ئاغا لە ڕێکەوتی ( ١٩٠٢/٧/١) لەگوندی شێتنە لەدایک بووە، سەدیق ئاغایەکێک بووە لەکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها پیاوێکی هێمن قسەزان ورۆشنبیرونەرم ونیان ودووره شەڕبووە، سەدیق ئاغا پیاوێکی بەخزمایەتی ومەدریس خۆش وخواناس و ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، ڕێزی زۆری لەبەرامبەرەکەی خۆی دەگرت قسەوگفتوگۆ ومەرحەبای هەتا لەگەڵ گەنج ومنداڵانیش هەبووە، کەسێکی زۆر سادەو ئاقڵو تێگەیشتی ودورەشەڕ بووە، سەدیق ئاغا هیچ کاروکاسبی نەبووە ، تەنها حکومەت بڕەپاوەیەکی بۆ بڕی بووەوە ژیانی خۆی وخێزانەکەی پێ دابین دەکرد سەدیق ئاغا مرۆڤێکی پاک وخاوێن و پۆشتەو ڕێک وپێک بوو بەدائیم جڵ وبەرگی ڕانک وچۆخەی دەلینگ بەرینی دەبەردەکرد، هەموو کەس خۆشیان دەویست، لە بەر ئەوەی خۆی بەئاغاو گەورە هەژمار نەدەکرد زۆر کەیفی بەچەک و خراپەکاری نەدەهات لەڕێکەوتی (١٩٩٢/٢/١٥) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی مەزنێ بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، سەدیق ئاغا (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (فاتیمە ، سافیە ، ڕۆناک ، ڕوپاک ، ڕوجوان) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بە ناوەکانی (خالید ، سلاح الدین ، ڕەفیق) .



سەدیق ئاغا

٢٤٣-ڕەشید ئەسعد ڕەسوڵ ؛- ڕەشیدئاغا کوڕی گەورەی ئەسعەد ئاغای شێتنەی بووە، ڕەشید ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لە گوندی شێتنەی سەربەقەزای ڕواندز لە دایک بووە، ڕەشید ئاغا یەکێک بووە لەکەسایتیەکانی شاری ڕواندز، هەروەها ڕەشید کەسێکی دورەشەڕبوودائیم خۆی بەتەنیا بووە هیچ پیاوچەکداری لە دەوروپشتی نە دەوەستان کە دەچووە ناو بازاڕ بەتەنیا بووبۆ هەرشوێنێک دەچووکەسی لەگەڵ خۆی نەدەبرد، ڕەشید ئاغا پیاوێکی هێمن و قسەخۆش بەخزمایەتی بووە زۆر کەیفی بەمیوان ودۆست وبرادەرانی دەهات، ڕەشید ئاغا لە ساڵی ( ٢٠٠٠) لە قەزای سۆران بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی کۆچی دوای کردوە، لە گۆرستانی مەزنێ بە خاکسپێردراوە ، ڕەشید ئاغا (٩) نۆکوڕی هەبووە، بە

ناوەکانی ( تەحسین ، خەسرۆ ، محەمەد ، سەباح ، غازی ، سمکۆ ، عومەر ، هونەر ، سەیف) .

٢٤٤- سەعید ئەسعد ڕەسوڵ شێتنەی :- ناسراو بووە بە (سەعید ئاغا) لە ڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە گوندی شێتنە لەدایک بووە، سەعید ئاغا یەکێک بووە وەک کەسایەتی شاری ڕواندز، سەعید کەسێکی زیرەک وچوست وچالاک وبە توانابووە، لەکاتی لاوی خۆیدا لە سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو زۆر هاوکاری باوکی خۆی بووە، لە سالی (١٩٧٠) دوای بەیانامەی ١١ی ئازارلە بەرباروذۆخی سیاسی ناوچەکە لەشاری ڕواندزماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری بەغداد بۆماوەی (٥) پێنج ساڵ لە سالی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، دەست دەکات بەکاری (تەندەری) واتە قۆندڕات بۆماوەی پێنج ساڵ ئەم کارە دەکات، لە سالی (١٩٨٠) خۆی هەلدبژێرێت بۆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەدەوری یەکەم دەبێتە ئەندامی مجلیسی وطنی عیراق واتە (ئەندامی پەرڵەمانی عێراق) بۆماوەی چوارساڵ، ئینجا لەسالی (١٩٨٤) بارودۆخی دەوڵەتی عێراق بەهۆی شەڕی ئێران وعێراق زیاترتێک دەچێت، سەعید ئاغا لەسەر داوای حکومەتی عێراق دەکرێتە مستەشاری فەوجی خەفیفە تا سالی (١٩٩١) کەڕاپەڕین دەستی پێ کرد، بە چەک و فیشەک هاوکاری جەماوەری ڕاپەڕیوی دەڤەری سۆرانی کردووە،




**سەعید ئاغا شێتنەیی**

ئینجاکە بەرەی کوردستانی گەیشتنە شاری سۆران هەندێک لەسەرکرد حیزبەکانی ناوبەرەکە دەبنە میوانی سەعید ئاغا، لەوکاتی سەعید ئاغابەگەرمی پێشوازی لە هەموو سەرکردەکانی بەررەی کوردستان دەکات، لە سالی (١٩٩٦) بەهۆی شەڕی ناوە ناوە خۆ دەکوژرێت، سەعید ئاغا (٢) دوو ژنی هێناوە، لەژنی یەکەم (٤) چوارکوڕی هەبووە، بەناوەکانی (نەجات ، شێرزاد ، ئەڕسەلان ، محمەدعەلی) لەژنی دووەم (٥) کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (قەلەندەر ، مەنال ، هۆگر ، جێگر ، تەمەن) .

٢٤٥- جەواد ئەسعەد شێتنەی:- ناسراو بووە بە (عمید جەواد ڕواندزی) عمیدڕوکن جەواد لە ڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، جواد خوێندنی سەرەتا وناوندی لە شاری ڕواندز تەواوکردوە، هەروەها ئامادەی لە شاری هەولێرتەواوکردوە. لە سالی (١٩٥٩تا١٩٦٠) دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەی دەرگەلە.


دوای لە سەر داوای خۆی لە ساڵی (١٩٦١) دەچێتە کۆلێژی سەربازی لە شاری بەغداد بۆماوەی (٢) دووساڵ ئینجا کەکۆلێژ تەواو دەکات ودەبێتە مولازمی دووەم لەفەوجی (٣) ی لیوای (١٥) لە شاری بەسرا لەساڵی (١٩٧٠) دەچێتە کولیەی ئەرکان لەشاری بەغداد دوای دووساڵ دەبێتە ملازم ئەول ڕوکن ئەوجا دەگوازرێتەوە بۆڕومادی لەلیوای (٦) ئینجا دوای ماوەیەک دەچێتە میسرلە شاری قاهیرە بۆماوە (٦) مانگ دەخوێنێت ودەگەڕێتەوە لەوەزارەتی دیفاع دادەمەزرێت بە پلەی زابت ڕوکن، دوای ماوەیەک دەگوازرێتەوە بۆلیوای (٨) هەشت بە پلەی ئامرفەوج لەدوای دەیگوازنەوە بۆلیوای (٢٠) لە شاری بەسرە بەپلەی ئامرلیوا ، لەشەڕی عێراق وئێران لیواکەی یەکەم لیوابووە بۆشەڕکردن چووە ناوخاکی ئێران ئەوجا لەبەر زیرەکی خۆی سەرکەرەکانی لیواکەی پلەکەی بەرزدەکرێتەوە، بۆعەمیدڕوکن، ئەوجارە دەگواسرێتەوە بۆ فرقەی (١٢) دووبارەپلەی بەرزدەکرێتەوەبۆ عمیدالرکن، دەکرێتە قائیدفرقەی (١٢) لە شاری مەندەلی، لە بەخت وشانسی جواد دەبێتە شەرێکی زۆرسەخت لە هەمووشەرەکانیش سەرکەوتوو دەبێت بۆیە لە بەرئازایەتی وچاونەترسی خۆی دەگوازرێتەوە بۆ فرقەی (٣) لە (١٩٨٢/٤/٢٩) بانگێشی شاری بەغدای دەکەن بەمەبەستی خیانەت کردن لە حوکمەتی عێراق لەڕێکەوتی (١٩٨٢/٥/٢٥) بەدەستی عدنان خێڕوالله دەکوژرێت وتەرمەکەشی دەدەنە دەستی کەس وکار وخێزانەکەی، لەگۆڕستانی مەزنێ بە خاکسپێردراوە، جواد (١) یەک کوری هەبووە بە ناوی (ڕەوەند) .

٣٤٦- تۆفیق ئەسعەد ڕەسوڵ شێتنەی:- ناسراوبووەبە (تۆفیق ئەسعەد ئاغای) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، تۆفیق یەکێک بووە لەکەسایەتی دڵسۆزی شاری ڕواندز، خوێندنی سەرەتای تاپۆلی سێیەمی ناوەندی لەشاری ڕواندز خوێندوە، دوای واز لەخوێندن دێنیت، تۆفیق مرۆڤێکی سادەو ڕۆشنبیروهێمن قسەزان قسە خۆش وبەخزمایەتی خاوەن هەڵوێست وکەسێکی دوورە شەڕو ڕەوشتێکی جوان وبەرزی هەبووە، تۆفیق لەخۆشی و ناخۆشی لەبۆنەکان لەشاری ڕواندز بەشداری کردوە، تۆفیق ئەسعەد ئاغا هەموو دەم خۆی بەکوڕی شاری ڕواندز دەزانێت، تۆفیق لەساڵی (١٩٨٣) دەبێتە بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان



**تۆفیق ئەسعەد ڕەسول**

لەناوچەی برادۆست، چەندین پرۆژەوکاروچالاکی لەودەڤەرە ئەنجام دابووە، تۆفیق لەکارەکەی خۆی کەسێکی زۆرزیرەک وبەتوانابووە، خەڵکی لەبەڕێوەبردنی ناحیە وشارۆچکەکەیان زۆرلێی ڕازی بوونە ئێستاکەش باسی چاکە و کارەجوانەکانی ئەوسەردەمی کە بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان بووە بەباشی باسی دەکەن ، دوای ماوەیەک، حکومەت لەناحیەی سیدەکان دەیگوازێتەوە بۆناحیەی دیانا، لەوشارۆچکەیە زۆربە باشی کاروباری خەڵکی بەڕێوە دەبات، خەڵکی لێی ڕازبوونە، تۆفیق ئەسعەد ئاغا ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیاندا ماوە دانیشتوی شاری هەولێرە، تۆفیق ئەسعد ئاغا (٥) پێنج کوڕی هەیە بەناوەکانی (زەردەشت ، زامدار ، بریندار ، قائید ، ئەسعەدئاغا) .



**خورشید ئاغا**

٢٤٧- خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ:- ناسراو بووە بە (خورشید ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، خورشید ئاغایەکێک بووە بووە لە کەسایەتی شاری رواندز خورشیدئاغا پیاوێکی هێمن وقسەخۆش و ڕۆشنبیرمەدریس خۆش بەخزمایەتی بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٨/٩) لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی مەزنێ بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، خورشید ئاغا (٤) چوارکوڕی هەبووە بەناوەکانی (بەشار ، ئەڕشەد ، هێرش ، بەشدار ، جەبەلی ، گەیلان) .


٢٤٨- سەعید موحەمەد سالح:- ناسراو بووە بە (شێخ سەعید) سەعید لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەبەرزنجە لە دایک بووە، دیارە شێخ سەعید بەئەسڵ ونەسەب لەسەیدەکانی بەرزنجەبووە، لەبۆکاروکاسبی ڕوودەکاتە شاری ڕواندزشێخ سەعید پیاوێکی زۆرقسەخۆش وهێمن وڕاستگۆ وڕۆشنبیربووە، هەروەها یەکێک بووە، لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزشێخ سەعید فەرمانبەری حکومەت بووە لە شارەوانی قەزای ڕواندز لە کارو وەزیفەکەی خۆی کرێکارێکی (فەنی) وزۆر چالاک و زیرەک وبەتوانا و ئیشکەربووە بەتایبەیی ئیش وکاری چاککردنەوەی کارەبای ماڵان و، خەتی ڕەئیسی شەقام و کۆڵانەکانی شاری ڕواندزبەشەو بەڕۆژخزمەتی شارەکەی خۆی دەکرد، بەداخەوە ڕۆژێک لەکاتی کارکردنی بۆچاککردنەوەی خەتی کارەباکای ماڵان لە یەکێک لەشەقامەکانی شاری ڕواندزلە ساڵی (١٩٦٤) بۆ چاککردنەوەی خەتی ماڵان بەسەر عەمودی کارەبادەکەوێت تەزوی کارەبا دەیگرێت ولەعامودی کارەبا دەکەوێتە خواروە، یەکسەرگیانی لەدەست دەدات وکۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردە گەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، شێخ سەعید (٢) دووکچی هەبووە بە ناوەکانی (حبیبە ، بێریوان) هەروەها لە گەڵ (١) یەک کوڕبەناوی (مامۆستا دینۆ) .


**شێخ سەعید**

٢٤٩- عبداللە ئبراهیم خدر:- ناسراو بووە بە (مامۆستا عبداللە) لە ڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە ، مامۆستاعبداللە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوش کێشەوگرفت وگرتن ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆ ماوەی یەکساڵ، مامۆستا عبداللە لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم تاساڵی (١٩٦٠) مامۆستای قوتابخانەی سەرەتای ڕوانـدزی کوڕان و قوتابخانەی بێخاڵ و دوای گواستراوەتەوە بۆقوتابخانەی گوندی دەرگەڵە، لەگەل هەردوو مامۆستا ئەنوەرعەلی وجەودەت خەیلانی لە ساڵی (١٩٦١) گواستراوەتەوە بۆخواروی عێراق ڕومێسەو دیوانیە و بەغداد، مامۆستا کەسێکی دڵسۆزو زۆرکورد پەروەربووە بۆنەتەوەکەی

وکوردوکوردستان هەربۆیە نەفی کراوە، واتە لەکوردستانی خۆشەویست وخزم ودۆست وبرادەرەکانی خۆی دوور خراوەتەوە، مامۆستا عبدالله ئیبراهیم مرۆڤێکی قسەخۆش وقسەزان وزۆر زیرەک و ڕۆشنبیربووە، لە ساڵی (٢٠١٧) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت مامۆستا عبدالله (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (نەریمان ، جمشید ، سەلام ، پشتیوان ، کامەران ، دلشاد) .

٢٥٠- فەتاح محمود ئەحمەد:- ناسراو بە (مامۆستا فەتاح) لە ڕێکەوتی (١٩٤٥/١/٥) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە مامۆستا فەتاح یەکێکە بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، لە سەر کوردایەتی چەندین جارلەلایەن حکومەتی بەعسی عێراق کێشەو گرفتی بۆدروست بووە، لەسەر دلسۆزی بۆ نەتەوەکەی لە ساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ، مامۆستا فەتاح محمود لە ساڵی (١٩٥٤) چۆتەبەرخوێند، خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردوە، لە ساڵی (١٩٦٢) چۆتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێرلەدوای تەواوکردنی خانەی مامۆستایان لەڕێکەوتی (١٩٦٤/١/١) بەمامۆستای سەرەتای دامەزراوە، لە قوتابخانەی سەرەتای گوندی خرواتان سەربە ناحیەی هەریر، دوای (٤) چوارساڵ گواستراوەتەوە بۆ گوندی دێڵزیانی سەربەناحیەی دیانە ، دەبێتە بەرێوەبەری قوتابخانەی سەرەتای دێلزیان، دوای (٢) دووساڵ لەساڵی (١٩٧٠) گواستروەتەوە بۆ قوتابخانەی زۆزکی سەرەتای کوڕان لە شاری ڕواندز، هەروەها لە ساڵی (١٩٧١) دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتای پاشای گەورە، لەم قوتابخانە دەمێنێتەوە، بۆماوەیەکی زۆرلە ساڵی (١٩٩٤) لەهەمان قوتابخانە دەبێتە یاریدەدەری بەرێوەبەرودوای دەبێتە بەرێوەبەری قوتابخانەکە تا ساڵی (١٩٩٥) لەیەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی هەولێردەبێتە سەرپەرشتیاری نیشتەجێ لە شاری ڕواندز، دوای ئەرکی سەرپەرشتیاری گۆرابووە بە مامۆستای دواناوەندی ڕواندزوەک مامۆستای وانەی پەروەردەی وەرزش دیاری کرا لە ساڵی (٢٠٠٤) دووبارە دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی پاشای گەورە، لە ساڵی (٢٠٠٦) دەبێتە


مامۆستا فەتاح

سەرپەرشتیاری پەروەردەوکارگێری بۆماوەی (٢) دووساڵ بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی پەروەردەو قوتابخانەکانی شاری ڕواندزودەوروبەری ، ئینجا دوای (٤٣) چل وسێ ساڵ خزمەتکردن بە پەروەردەو قوتابخانەکان لە ساڵی (٢٠٠٨) خانەنیشن دەبێت ئەم مامۆستا بەرێزە ئیستاکەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیان ماوە لە شاری ڕواندز دادەنیشێت، بە هیوای تەمەن درێژی بۆمامۆستای فەتاح دەخوازین، مامۆستا فەتاح (٤) کچی هەبووە بەناوەکانی (ژیلان ، ژیان ، ڕۆژان ، ڕۆشنا) هەروەهاڵەگەڵ (٢) دوو کور بەناوەکانی ( کاروان ، کارزان) .

٢٥١- عبدالله مەحمود حەمەد:- ناسراوبوو بە (عبدالله ئاسنگەر) یان (عەولا کورە) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە گوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، عبدالله کورە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوش کێشەوگرفت وڕاوەدونان وگرتن وبەندیخانە ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) عبدالله خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) لەڕێگای خانەقین دەگەڕێنەوە، لە بەرئەوەی لەگەڵ لێبوردەی گشتی ئاوارەکانی کوردستان لە ئێران زوو نەگەڕابوونەوە، یەکسەرنەفی دەکرێن بۆ جنوبی عێراق، بەم هۆیەوە، زۆرلە خێزانە کوردەکان بەهۆی تاخیرهاتنەوەیان دوور خراونەوە بۆخواروی عێراق، بۆماوەی (١) یەکساڵ ، لەساڵی (١٩٧٧) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، دەست دەکات بەپیشەی خۆی کە ئاسەنگەری بووە، عبدالله کورە مرۆڤێکی زۆرهێمن وسادەو وقسە خۆش وبە خزمایەتی بووە، لە دوکانی خۆی چەکوچ وداس وبیورو قازمەو پێمەڕە وگاسن وزۆرلە کەلوپەلی کشتوکاڵی و ئاژەڵی دروست دەکرد، هەروەها کەسێکی زۆر دەست ڕەنگین وبە توانا


عبدالله ئاسنگەر

وزاناوزیرەک بووە، بەتایبەتی لە کاری ئاسەنگەری لەڕێکەوتی (٢٠٠٦/٦/١٣) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، ڕوحی شادبێت، عبدالله ئاسنگەر (٢) دووکوڕی هەبووە بەناوەکانی (صالح ، تاریق) .

٢٥٢- سلێمان دەروێش ڕەشید:- ناسراو بووە بە (ئاغا دەروێش رەشید) یان (مام ئاغا) سولێمان دەروێش لەڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، سلیمان دەرویش یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، چەندین جارلەسەر کوردایەتی تووشی گرتن وبەندیخانەودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگرێتەوە بۆکوردستان وشاری ڕواندز ئەوکاتی شارەکە خاپوورکرابوو یەک خانوو بە ساغی نەمابوو دووبارە خانووەکەی نۆژەن دەکاتەوە، بۆئەوەی لە ناویدا بحەسێتەوە ، ژیانی مام ئاغا پڕبووە لە دەردەسەری وناخۆشی، لە ساڵی (١٩٤٥) دەبێتە سەربازی ئینگلیزەکان بۆماوەیەکی زۆرلە گەڵایان دەبێت تائەوکاتەی ئینگلیز کوردستان بەجێ دەهێڵێت، ئاغای دەروێش ڕەشید لەساڵی (١٩٥٤) لەسەردەمی حوکمەتی مەلەکی دەبێتە فەرمانبەرلە فەرمانگەی پۆستە وگەیاندنی قەزای ڕواندز تا ئەوکاتەی تەمەنی دەبێتە (٦٣) ساڵ لە ساڵی (١٩٨٣) خانەنیشین دەکرێت، مام ئاغا مرۆڤێکی زۆر زیرەک وئاقل ولەسەرەخۆ وهێمن و قسەزان وقسەخۆش بەخزمایەتی بووە، کوڕێکی بەناوی ئەحمەد لەشەڕی براکوژی شەهید دەبێت ، مام ئاغای دەروێش ڕەشیدی لەساڵی (٢٠١٥) لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت. مام ئاغا یەک کوڕی هەبووە بە ناوی (ئەحمەد) کەنازناوی ئەحمەدی خانێ بووە .



**ئاغا دەروێش رەشید**

٢٥٣-کەمال صالح قادر:- ناسراو بووە بە (کەمال سالح سەلمێ) لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، کمال صالح یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر وکەسایەتی شاری ڕوانــدز، کەمال ساڵح لە سەرسیاسەت وکوردایەتی زۆرجار توشی گرتن وبەندیخانە ودەربەدەری وئاوارەی بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤)

خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری وڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دووبارەلەئاوارەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکای خۆی، کەمال سالح مرۆڤێکی هادی وهێمن و زاناو ڕۆشنبیر بووە ، کاروپیشەی دانانی هێڵی کارەبای ماڵان وباڵەخانەکانی حکومەت بووە، هەروەها کمال سالح دوکانی چاککردنەوەی ڕادیۆو تەسجیل وکەل وپەلی کارەبایی هەبووە، لە دوکانەکەی چاکی دەکردنەوە بۆخەڵکی، جگە لە وەش کمال صالح فەرمانبەری حکومەت بووە لە فەرمانگەی پۆستەوگەیاندنی شاری ڕواندز بەناونیشان (مەئمور بداله) لەساڵی (٢٠١٧) لە شاری سولێمانی کۆچی دوای کردوە لەوشارەش بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، کمال صالح (٤) چوارکوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (وشیار ، ڕزگار ، هیوا ، دلێر) .

٢٥٤- ئەکرەم عەباس ئەحمد:- ناسراوبووە بە (مامۆستا ئەکرەم عباس) لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لە شاری کۆیە لە دایک بووە ، مامۆستا ئەکرەم یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، باوکی مامۆستا ئەکرم بەناوی عباس ئەحمد لە ساڵی (١٩٥٩) لە شاری کۆیە ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندزلەم شارە نیشتەجێ دەبێت، دەست دەکات بەکاسبی بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانی ئینجا دوکانی عەتاری وشەکەرات دادەنێت لەدوکانەکانی ژێرماڵی ئەسعد ئاغا، مام عباس هەموو جۆرە شیرنەمەنی وشەکەرات وحەلوای سوروسپی وتەحین ودۆشاوی لە دوکانەکەی دەست دەکەوت، مام عباس پیاوێک بەتەمەن وڕیش سپی وقسەخۆش و هێمن سادە بووە، نازناوی بە (عەباس دێو) مەشور بووە، لە ساڵی (١٩٧١) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت، ئەو کاتی مامۆستا ئەکرەمی کوری عباس ئەحمەد لەقوتابخانەی سەرەتای زۆزک مامۆستا بووە، ئەکرەم مامۆستایەکی چالاک و زیرەک وبە ئەزموون بووە، مامۆستا ئەکرەم عباس لەساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکە لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری



**مامۆستا ئەکرەم عباس**

ڕوانــدز بۆ سەر وەزیفەی مامۆستای خۆی ، مامۆستا ئەکرم عباس لەڕێکەوتی (١٩٩٦/٥/٨) بەنەخۆشی لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی ئاغاژنە لەحلی خان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، مامۆستا ئەکرەم عباس (٢) کچی هەبووەلەگەڵ (٢) دووکوڕبە ناوەکانی (نیاز ، سامان) .

٢٥٥- موحەمەد ئەمین عبدالله ئەفندی :- ناسراوبووە بە (موحەمەد ئەفندی) لەڕێکەوتی (١٨٩٥/٧/١ ) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، موحەمەدئەفندی یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، محەمەد ئەفەندی مرۆڤێکی هێمن وقسە خۆش ورۆشنبیرو زۆرقسەزان وزیرەک بووە، محەمەد ئەفەندی فەرمانبەری حکومەت بووە، لە گومرگی تووتن لە ناحیەی دیانا لەکارو وەزیفەی فەرمانبەری خۆیدا فەرمانبەرێکی زۆر زیرەک وبە توانابووە ، موحەمەد ئەفەندی لە ژیانیدا (٤) چوار ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەم ودووەم هیچ منداڵی نەبووە ، بەڵام لە ژنی سێیەم (٢) دووکچی هەبووە ، لەژنی (٤) چوارەم (٣) کچ و (٢) دووکوڕی هەبووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٣/٣/١٦) بە نەخۆشی لەشاری ڕوانــدز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت. کوڕەکانی بە ناوەکانی (حوسێن ، حەسەن) .



**موحەمەد ئەمین عبدالله ئەفندی**

٢٥٦-ڕەسوڵ موحەمەد ئەمین عبدالله:- ناسراو بووە بە (ڕەسول خباز) لە ڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە ، ڕەسول خباز یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی


ڕەسول خباز

کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، ڕەسول خەباز لەسەرکوردایەتی گەلێک جار توشی گرتن ودەربەدەری وئاوارەی بووە، ڕەسول خبازلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕوانــدز، سەرکاروکاسبی خۆی کەپیشەی نانەوای بووە، ڕەسول خەباز، وەستای نانی لەواشەوکولێرا بووە، نانی کولێرای لەفرنی دروست دەکرد، نانی لەواشەی بەتەندور دروست دەکرد لە هەردووبابەتی دەزانی ، ڕەسول خەباز نانەوایەکی دەست پاکوخاوێن وکارامەو زیرەک بووە، دوکانی نانەواخانەی لە ناوبازاڕی شاری ڕوانــدزبووە ، ڕەسول خباز مرۆڤێکی ئیمانداروخاوێن ودەستەوای زۆربەتام و چێژبووە ، هەروەها پیاوێکی نوکتە چی وقسەزان وقسەخۆش ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، لەڕێکەوتی (١٩٨٩/٦/٣) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، ڕەسول خەباز (٧) حەوت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالله ، موحەمەد ، صالح ، سەدیق ، عوسمان ، عەلی ، سولێمان) .


ڕەسول خباز

٢٥٧- سالم کمال سوڵتان چەلەبی:- ناسراو بووە بە (سالم کمال) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، سالم کمال یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سالم کەمال کەسێکی دەوڵەمەند وخاوەنی زەوی ودوکانێکی زۆربووە، لەشاری ڕواندزو شاری هەولیر سالم کەمال دوکانێکی گەورەی کەرستەوکەلوپەلی کارەبای لەشاری بەغداد هەبووە موادی کارەبای بەجوملەو بەتاک دەفرۆشت، هەروەها کارگەی سیمی قاپانی لەشاری

هەولێر هەبووە ، جگە لەمەش بە قۆندەڕات ئازوقەی عەسکەری گرتبوەوە ، بەتایبەتی حامیەی سەربازی ڕواندز وباڵەکیان وسپیلک لەوکات وزەمانی حکومەتی عێراق هەردوو سەربازگەی بەقۆندەڕات بەسالم کەمال سپاردبووە، بەم بۆنەیە لەشاری ڕواندز چەند کەسێک نانیان پێ دەخوارد، قازانجیان لەکارەکانی سالم کەمال دەکرد، واتا کەسێکی سود بەخش بووە بۆ شاری ڕواندز، وخەڵکەکەشی هەروەها سالم کەمال پیاوێکی خێرخوازو هەژاردۆست وئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە، جگە لەوەش سالم کەمال مرۆڤێکی سەنگین وقسەزان ورۆشنبیرو بە خزمایەتی بووە، دۆست وبرادەری زۆری هەبووە، هەروەها لەدام ودەزگاکانی میری کاری بۆ خەڵک ئاسان دەکرد، سالم کەمال لەڕێکەوتی (١٩٨٣/٣/٢٠) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە لە شاری موسڵ بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، سالم کەمال (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (سەمەر ، لمیاء ، سەنا) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (ساماڵ ، ئەنمار ، نزار ، عودەی) .

٢٥٨-حوسێن ئەحمەد مستەفا :- ناسراو بووە بە (حوسێن ئەحمەد مراک) لە ڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حوسێن ئەحمەد مراک یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حوسێن لە سەرسیاسەتی حیزبەکەی چەندین جارتوشی گرتن وبەندییخانە بووە، حوسێن لە پێناوی حیزبەکەی و ڕێبازی حیزبی شیوعی کوڕێکی قارەمانی شەهید دەبێت بەناوی (خدر) حوسێن، حوسێن ئەحمەد مراک مرۆڤێکی سادەوهێمن وقسەخۆش وزیرەک ورۆشنبیربووە، هەژار دۆست خێرخوازبووە، زۆرحەزی بەمیوان دەکرد، ڕێزی لە بەرامبەرەکەی خۆی دەگرت، هەروەها کەسێکی زۆرڕێکو پێک ودەم بەخەندەو پێکەنین ومەدریس خۆش بووە، حوسێن مراک لەڕێکەوتی (١٩٦٦/٧/٩) بەنەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕوانــدز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، حوسێن ئەحمەد مراک (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (مەحمود ، خدر ، وەلید ، ڕەسول) .

٢٥٩- مەحمودحوسێن ئەحمەد مستەفا:- ناسراوبووە بە (محمودە ڕەش) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، محمودەڕەش یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، محمود حوسێن پیاوێکی زۆر زیرەک وخوێندەواروتێگەیشتی وڕۆشنبیروقسەزان وکاسب بووە، محمودە ڕەش کاروپیشەی بەقاڵی بووە، لەبازاڕی شاری ڕواندز دوکانی میوەوسەوزە فرۆشی هەبووە، لە دوکانەکەی ئەنواعی سەوزەو میوەی دەفرۆشت هەروەها محمودە ڕەش کەسێکی هەژاردۆست خێرخوازو قسەزان ومەدریس خۆش وقسەخۆش بووە، لە ساڵی (٢٠٠٩) لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، محمود حوسێن ئەحمەد مراک (٧) حەوت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (حەسەن ، بارزان ، سۆران ، موحسین ، حوسێن ، دلۆ ، خەمبار) .



**محمودە ڕەش**

٢٦٠-کەریم سۆفی مەولود:- ناسراو بووە بە (کەریم سۆفی دەلال) لە ڕێکەوتی (١٩١٨/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە کەریم سۆفی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرەوکەسایەتی شاری ڕواندز، کەریم سۆفی مرۆڤێکی زۆرسادە وهێمن وقسەخۆش وزیرەک وتوانا وکاسب بووە ، کەریم سۆفی لەشاری ڕواندز ئیشوکاروکاسبی جەرەب کڕینی بووە، وەک کڕینی مەڕوبزن وڕەشە ووڵاغ بەزۆری ئەسپ وهێسترو گوێ درێژی لەگوندەکانی دەوروپشتی شاری ڕواندزدەکڕی بۆقازانجی خۆی دەی بردە گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قازانج دەی فرۆشتن هەروەها لە ئێران ئەسپی چاکوجوانی دەکڕی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە شاری ڕوانـدزو دەی فرۆشت وقازانجی باشی لێ دەکرد، ئەوە پیشەوکاروکاسبی کەریم سۆفی دەلال بووە، کەریم سۆفی لە ڕێکەوتی (١٩٧٠/٧/٣) بەنەخۆشی لەشاری ڕوانـدزکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت کەریم سۆفی دەلال (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (برایم ، ئەحمەد ، محمود) .

٢٦١- سولێمان عەلی حوسێن:- ناسراو بووە بە (سلێمان عەلی گاور) لە ڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، سولێمان عەلی گاور یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، سلێمان عەلی گاور لەساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، سلێمان پیاوێکی قسەخۆش وزۆر ڕاستگۆو بە ئەمەک وبەخزمایەتی بووە، لەهەر مەجلیسێک سلێمانی تیابایە مەجلیسی بەپێکەنین و نوکتەو قسەی خۆش دەڕازاندەوە هەروەها سلێمان لە شۆڕشەکانی کوردستان وەک پێشمەرگە بەشدار بووەو بەرگری لەخاکی کوردستان کردوە، سلێمان عەلی حوسێن مرۆڤێکی قسەزان وزیرەک وزانا بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٢/٢٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، سلێمان عەلی گاور (٢) دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (بێجان ، مستەفا) .



**سلێمان عەلی گاور**

٢٦٢- ڕەشید بـایـزعـەلی:- ناسراو بووە بە (ڕەشید ئینزبات) یــان (ڕەشید بایز) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕوانـدزلەدایک بووە، ڕەشید بایز یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها ڕەشید مرۆڤێکی هێمن وقسەزان وخوێندەوارو ڕۆشنبیر بووە، ئەو بەڕێزە لەکاتی خۆی لەجیاتی سەربازی خۆی دەکات بە پۆلیس دوای لەبەر زیرەکی چالاکی خۆی دەبێتە ئینزبات لە ناوبازاڕی شاری ڕواندز، ڕەشیدبایز هەرچەندە پۆلیس بووە چەکداری حکومەت بووە، بەڵام کەسێکی کوردپەروەربووە، هیوایەتی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، ڕەشید بایزلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانــدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ئاوارەی دەمێنێتەوە، دوای لـەسـاڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕوانــدز، ڕەشید



**ڕەشید ئنزبات**

بایزمرۆڤێکی هێمن وقسە خۆش ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە ، ئینجا کە کەسێک قسەی لەگەڵ دەکردزۆربە هێمنی گوێی لێ دەگرت جوابی دەدایەوە، ڕەشید بایزلە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/١٠) بە نەخۆشی لەماڵی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوایی دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ڕەشید بایز (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ڕزگار ، نزار ، دڵزار، نەهرۆ ، هەڵۆ) .

٢٦٣- خەلیل کاکل ئەحمەد :- ناسراو بووە بە (خەلیل کاکل) لەڕێکەوتی (١٩٠٤/٧/١) لەگوندی فەقیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، خەلیل کاکل لە تەمەنی لاویدا کەوتۆتە شاری ڕواندزو لەم شارە نیشتەجێ بووە، خلیل کاکل یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها کوردێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەربووە، خەلیل کاکل چەندین جار لە سەرخۆشەوویستی خاکی کوردستان وشۆرش وپێشمەرگە تووشی کێشەوگرفت بووە، هیوایەتی ڕزگارکردنی خاکی کوردستان بووە، خەلیل کاکل لەسالانی چلەکان وپەنجاکان تا ناوەندی شەستەکانیش کاری جوتیاری دەکرد لە زەویەک لەگۆڕێ دارتێلان نزیک قوتابخانەی دواناوەندی کوڕانی ڕواندز لە کاتی خۆی ئینگلیزەکان ئاویان بەشێوەی جۆگای سندوقی لە گەلی مێگر هێنابوو بۆشاری ڕواندز، ئاوەکەش بۆخواردنەوەو بۆ کشتوکاڵیش بەکاریان دەهێنا هەر بۆیە خەلیل کاکل توانی بووی سوود لەم ئاوە وەربگرێت لەم زەویە بۆبژێوی ژیانی خۆی وخێزانەکەی کشتوکاڵ بەرهەم بێنێت وەک (کەرەوز ، دۆلاغ ، پیاز، بامیە ، باینجان ، کدو، خەیار، تەماتە) چەندین جۆری سەوزەی تری دەچاند بۆخۆی لە بازاڕی شاری ڕواندز ساغی دەکردەوە خەلیل کاکل مرۆڤێکی هێمن وئاقل وقسەزان وزیرەک بووە، لەساڵی (١٩٦٦) لەبەربارودۆخی سیاسی شارەکە وازی لە کاری کشتوکاڵ دەهێنێت ودوکانی قوماش فرۆشی لەبازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات، لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٣/٢٣) بەنەخۆشی جەڵتەی مێشک کتوپڕلە ناو بازاڕی شاری ڕواندز بەردەبێتەوە وکۆچی دوای دەکات ڕوحی شادبێت ، خەلیل کاکل ئەحمەد (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (نەحیمە) هەروەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (مەحمود ، عبدالله ، عەلی) .

٢٦٤-کاکەئەمین محمود کاک محەمەد:- ناسراو بە (کاکە ئەمین خەیات) لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لە گوندی سەردڕەی دۆڵی خانەقا سەربەقەزای ڕوانــدزلە دایک بووە، کاک ئەمین خەیات یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، کاک أمین لەسەر شۆڕش وپێشمەرگەوکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشە وگرفت و ڕاوەدونان دەربەدەری وئاوارەی بووە لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، دوای یەکساڵ گەڕاوەتەوە کوردستان، لەشاری ڕواندز نیشتەجێ دەبێت، بۆبژوی ژیانی خۆی وخێزانەکەی دەستی داوەتەکاسبی ، دوکانی بەرگدوری واتە (خەیاتی) لە ناو بازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت ، ڕۆژانەلە دوکانەکەی جلی کوردی پیاوانی دەدوری کاکەمین جگە لە پیشەی بەرگ دوری فەرمانبەری میری بووە، لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سۆران وڕوانــدز، کاک ئەمین لە کاری وەزیفەکەی خۆی لە فەرمانگەی کشتوکاڵ فەرمانبەرێکی زیرەک و زاناو زۆربەتوانا بووە ، هەروەها کاکەمین مرۆڤێکی زۆر هێمن وقسەزان وڕۆشنبیر بووە، هەروەها کاکەمین لەگەڵ هاورێ وبرادەرو دۆست و دراوسێکانی کەسێکی زۆربەخزمایەتی وبەئەمەک بووە، کاک ئەمین ئێستا لە ژیاندا ماوە کەساڵی (٢٠٢٢) لەشاری سۆران نیشتەجێ بووە، کاک ئەمین خەیات (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (مەحمود ، لقمان ، سامان ، کارزان ، بێستون) .



**کاکە ئەمین خەیات**

٢٦٥- مەلا ئەحمەد وەرتی:- ناسراوبووە بە (مەلا ئەحمدی وەرتی) لە ڕێکەوتی (١٩٢٥/٧/١) لەگوندی وەرتێ سەربە قەزای ڕوانــدز لە دایک بووە ، مەلا ئەحمەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی وزاناو عالم و مەلاو ئیمام وخەتیب وپێش نوێژی مزگەوتی گەورەی شاری ڕواندز بووە ، مامۆستا مەلا ئەحمەد وەرتی مەلایەکی زاناوزۆر زیرەک بووە ، مەلا ئەحمەد چەندین جارلە سەر وتارخوێندنەوە وبەرگری لەشۆرش وپێشمەرگەی کوردستان توشی کێشەوگرتن و بەندیخانە وڕاوەدونان ودەربەدەری وئاوارەی بووە، مەلا ئەحمەد وەرتی مەلایەکی چاونەترس وخۆڕاگرو تێکۆشەربووە، گەلێک جارلە سەر میمبەری ڕۆژانی هەینی گەورە پیاوانی ڕژێمی بەعسی ئەوکاتی وەک ئامیرلیواو زابت ئیستیخباڕات وسەرباز بۆنوێژی هەینی دەهاتنە مزگەوتی گەورەی شاری ڕواندز، مامۆستا مەلا وەرتی کەووتاری هەینی لەسەر میمبەر دەخوێندەوە گوێی نەدەدایە بەرپرس و دارودەستەی ڕژێمی بەعسی، بەهیچ شێوەیەک نەدەترسا قسەی خۆی دەکرد بەجواب دەهات لە سەر ئەنفال و گرتن کوشتن وسزادانی خەڵکی شاری ڕواندزو گوندەکانی دەوروبەری، مەلا ئەحمەد مەلایەکی ئازاوقسەزان و ڕۆشنبیرو بووە، لەڕێکەوتی (٢٠١٧/١/١١) لە شاری هەولێرکۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت مەلا ئەحمەدوەرتی (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ڕەشاد ، صلاح).



**مەلا ئەحمدی وەرتی**

٢٦٦- حاجی حاجی ئیبراهیم ئەحمەد :- ناسراوبووە بە (حاجی برایم) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی حاجی برایم یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ ، لە ساڵی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوەبۆشاری ڕوانـدزدەست دەکات بەکاروکاسبی خۆی، حاجی حاجی برایم پیاوێکی زۆرقسەخۆش ئێسک سوک وقۆشمەچی بووە ، هەرحەزت دەکرد لە لای دابنیشیت گوێ لەقسە خۆشەکانی بگریت، حاجی حاجی برایم پیاوێکی زۆرکاسب بووە، لەبەیانی تائێوارە لەدوکانەکەی کاری

دەکردبۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی، حاجی پیاوێکی دەوڵەمەندو پارەداربووە دوکانی حاجی لەناو بازاڕی شاری ڕوانـدز بووە ، لە دوکانەکەی ڕون و ئارد و شەکر و چاو سابون وتایدی دەفرۆشت، حاجی (بائع) حکومی بووە ، هەموو ڕۆژ لە کاتی چونەوەی لەدوکانەکەی بۆماڵەوەی کەدوکانەکەی دادەخست (٢) دوو قوفڵی گەورەی لەدەرگای دوکانەکەی دەدان دیاربوو زۆر لەخەمی دوکانەکەی خۆی بووە، حاجی حاجی برایم لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٢/٣) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدبەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت، حاجی حاجی برایم (٦) شەش کچی هەبووە بەناوەکانی (گەلاوێژ ، نەزیرە ، قانیعە ، ژیان ، جیهان ، پەخشان) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (نەوزاد ، نەجات ، موخلیص ، ئیدریس) .





**حاجی برایم**

٢٦٧- عبدالرحمان سلێمان عەلی:- ناسراو بووە بە (عبدالڕحمانی فڕاش) لەڕێکەوتی (١/٧/ ١٩١٧) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، عبدالڕحمان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕوانــدز، وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کە فەرمانبەری حکومەت بووە بە ناونیشانی بەردەست واتە فەڕاش لە دیوانی قائیمقامی قەزای ڕوانـدزبووە، عبدالڕحمان سلێمان پیاوێکی چاوبەعەینک وقسەزان و قسەخۆش و زیرەک وڕۆشنبیر مەدریس خۆش بووە، لەساڵی (١٩٨٠) لە وەزیفەکەی خۆی خانەنیشین دەکرێت ، عبدالرحمان لە ڕێکەوتی (١٩٩٧/١٠/٦) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، عبدالرحمان سولێمان (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (گەلاوێژ ، نەسرین) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (محمد ، عەلی ، ئەنوەر ، مەزهەر ، دلاوەر ، نەوزاد) .

٢٦٨- وەفـا قادر سولتان:- (ناسراو بووە بە (حاجی وەفا) حاجی وەفا کوڕی قادرخەیات کوڕی سوڵتان بووە، لەڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک

بووە، حاجی وەفـا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەشاری ڕوانـدزتەواوکردوە، دوای دەچێتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێر، ئینجا دوای تەواو کردنی خوێندن خانەی مامۆستایان، لەڕێکەوتی (١٩٧٠/٤/٢٧) دامەزراوە، بەمامۆستا لە قوتابخانەی گەلاڵەی سەرەتای بۆماوەی یەکساڵ، لەساڵی (١٩٧١) گواستراوەتەوە بۆ شاری هەولێر بۆماوەی یەکسال، لە ساڵی (١٩٧٢) گواستراوەتەوە بۆشاری بەغدای پایتەختی عێراق وقوتابخانەی (ئەبتاڵ المسائیە) بۆماوەی (٢) دووساڵ لە ساڵی (١٩٧٤) دووبارە دەگوازرێتەوە بۆشاری هەولێر وقوتابخانەی ئەحمەدی خانێ بۆماوەی چەند مانگێک کە بۆتە شەڕی کوردو عەرەب، خۆی دەگەڕێنێتەوە شاری ڕوانـدز، ئینجا بەهۆی شەڕو پێکادان لەمابەینی هێزی پێشمەرگەو حکومەت لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری هەولێر قوتابخانەی ئەحمەدی خانێ تاساڵی (١٩٧٦) ئەم جارە دەگوازرێتەوە بۆقوتابخانەی دیانای سەرەتای کوڕان، دوای لە بەرهۆی سیاسی خۆی دەگوازێتەوە بۆگوندی کاولۆکانی سەربە قەزای ڕوانـــدزلەم قوتابخانەیە دەمێنێتەوە تا ساڵی (١٩٨٠) حکومەتی بەعس دەسگیری دەکات بەتۆمەتی حزبی ئیسلامی ڕەوانەی یەکێک لە بەندیخانەکانی شاری هەولێری دەکات بۆ دادگایی کردنی ، دوای ئازاردانێکی زۆر ڕەوانەی شاری بەغداد دەکرێت بۆماوەیەکی زۆر لە بەندیخانە دەمێنێتەوە ، لەسەرەتایی ساڵی (١٩٨١) لەبەندیخانە ئازاد دەکرێت ودەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز دوکانی بەرگدروی دادەنێت جلی کوردی پیاوان دەدورێت، لە ساڵی (١٩٨٢) بەمامۆستا دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی (کارۆخی) سەرەتای کوڕان لە شاری هەولێر گەرەکی شۆڕش، لەم قوتابخانەیە دەمێنێتەوە تا ساڵی (١٩٨٨) لە بەرکاری سیاسی وبارودۆخی کوردستان ناتوانێت چیترلە کوردستان بمێنێتەوە، بۆیە لەڕێکەوتی (١٩٨٨/٥/٣١) خۆی دەگەێنێتە قەزای مێرگەسۆریەکێک ڕێگای چونەدەرەوەی بۆناوچە ئازاد کراوەکان نیشان دەدات وکە دەگاتە ناوهێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشوازی گەرمی لێ دەکەن ڕێگای تورکیای نیشان دەدەن تا سەرسنوری تورکیا لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٧/٤) دەچێتە شاری ئەستمبۆل لەوێ بەواستەی (un) لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٢/١) خۆی دەگەینێتە سوێد لە ئەوروپا ، لەڕێکەوتی (١٩٨٩/٢/٢٢) لە سوێد دەست دەکات بە خوێندنی زمانی سوێدی دوای ماوەیەک دادەمەزرێت بە بەرێوەبەری مەرکەزی ئیسلام ، دوای بۆخوێندنی ئیسلامی چۆتە فەڕەنساولە شاری (شاردوشنۆ) جامیحەی ئیسلامی

دەکرێتەوە ، بۆماوەی (٤) چوارساڵ دەخوێنێت بەکلۆریۆز وەردەگرێت، دوای لە ساڵی (١٩٩٩) دەچێتە ئەمریکا لە شاری واشنتۆن (الجامحەأمریکیە المفتوعە المشکاتدوا) خوێندن تەواو دەکات، لەساڵی (٢٠١٢) دەچێتە میسرشاری قاهیرە بۆخوێندن، شەهادەی ماجستێر وەردەگرێت ، دوای هەرلە شاری قاهیرە بەردەوام دەبێت لە خوێندن ، تا ساڵی (٢٠١٨) دکتۆرای لە شەریعەی ئیسلام لە شاری قاهیرە بە ناوی (نوازل لمحاملات المالیەخارج دیارالیسلامیە) وەردەگرێت ، حاجی وەفا کەسێکی زۆر بەتواناو زیرەک وزاناو قسەزان وڕۆشنبیرە، لە خوێندنی قورئانی پیرۆزو عیلمی زانست لەشەریعەتی ئیسلام زۆر زیرەکە، هەروەها مامۆستا مرۆڤێکی بەتەقواو خێرخوازو هەژاردۆستە، حاجی وەفا لەشاری ڕواندز مزگەوتێکی گەورەی بەناوی خۆی دروست کردوە ، بۆیەخەڵکی شاری ڕواندز وەک کەسێکی دلسۆزو خەمخۆری شاری ڕواندز هەژمار کراوە ، حاجی وەفـا ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە لەگەڵ خێزانەکەی لە سوێد نیشتەجێیە، هەروەها حاجی وەفا (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالله ، مەحمود ، موحەمەد ، عبدالرحمان ، ئەحمەد) .



**مامۆستاحاجی وەفا**

٢٦٩- ئیسماعیل ئەسعد باپیر:- ناسراوبووە بە (سمکۆخەیات) ئیسماعیل کوڕی ئەسعدخیاتە لەڕێکەوتی (١٩٤٤/٧/١) لە شاری ڕواندزلەدایک بووە، ئیسماعیل یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سمکۆ خەیات لە سەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلول دوبارە لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز دوکانی خەیاتی دادەنێت ودەست دەکات بەکاری بەرگدروی کەپیشەی کۆنی خۆی بان وباپیرانی بووە، سمکۆ کەسێکی دەم بەخەندەوقسەزان وقسەخۆش بووە



**سمکۆخەیات باپیر**

لەگەڵ دراوسێ وبرادەرو هاوڕێکانی، بە ئەمەکو دڵسۆزوخۆشەویست بووە، سمکۆ خەیات چەند جۆرجلوبەرگی پیاوانی دەدووری وەک کولتەک وشلواری مرادخان وسەتارخانی وڕانکوچۆخەی کورد زۆربەجوانی دەدورین ، سمکۆ خەیات لە ساڵی (١٩٨١) لەبەربارودۆخی سیاسی ناوچەکە ماڵی خۆی لە شاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر ، لە ناو قەیسەریەی خەیاتەکان دوکانی بەرگدرو دادەنێت تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات، لەکارەکەی بەردەوام بووە، ئیستاکە کوڕەکانی لەسەرکارو پیشەی باوکیان بەردەوامن ، سمکۆخەیات لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٥) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات ولەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت سمکۆ خەیات (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکان (نەوروز، نەوزاد ، نزار ، ئازاد ، بەهزاد) .

٢٧٠- ئەمین ئەفندی ڕواندزی:- ناسراوبووەبە (ئەمین ئەفندی) لەساڵی ( ١٨٩٨) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، ئەمین ئەفەندی یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئەمین ئەفەندی لە مەدرەسەی ئیسلامی وڕوشدیەی لە شاری ڕوانـدز خوێندوە دوای بۆتەواو کردنی خوێندن چۆتە تورکیاولە شاری ئەستمبۆل خوێندنی تەواو دەکات ئینجا دەگەڕێتەوە کوردستان و شاری ڕواندز، دوای ماوەیەک لە سوپای عێراق دەبێتە سەربازو لەبەرزیرەکی وبەتوانای خۆی دەبێتە ئەفسەر وتا دەگاتە پلەی موقەدەم ، لەساڵی (١٩٤٩) لەسەربازی خانەنیشن دەکرێت، ئینجا لەساڵی (١٩٥١) لە شاری ڕوانـدز دەبێتە سەرۆکی شارەوانی قەزای ڕواندز، کە بۆتە سەرۆکی شارەوانی زۆردڵسۆزانە کارکانی بەڕێوەی دەبات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەزیرەکی خۆی شارەکەی خۆی بەرەوپێشی دەبرد لەڕووی ئاوەدانکردنەوە وخزمەت گوزاری وچاککردنەوەی ڕێگاوبان وکۆڵان وشەقامەکانی ناوشاروزیادکردنی ئاووکارەبا، هەروەها ئەمین ئەفندی خاوەنی ڕۆژنامەی (هەتاو) بووە، کە لە شاری هەولێر دەردەچوو، ئەمین ئەفندی لەڕێکەوتی (١٩٥٥/١١/٦) لەشاری ڕوانـدزکۆچی دوایکردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، بەداخەوە ناوی منداڵەکانی بۆم نەهاتووە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم،

٢٧١- عەلی حەیدەر سلێمان بەگ سلاح شور:- ناسراوبووەبە (عەلی حەیدەر ڕواندزی) لەڕێکەوتی (١٩٠٥/٣/٤) لە شاری ڕوانـدزلە دایک بووە، عەلی حەیدەریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدزعەلی کوڕی حەیدەر کوڕی

سلێمان بەگ کوڕی عەلی بەگی سیلاح شورە لە نەوەی میری سۆرانە ، خوێندنی سەرەتای وناوەندی وئامادەی لە شاری موسڵ تەواو کردوە ، لە ساڵی (١٩٢٦) بۆتەواو کردنی خوێندن چۆتە لوبنان لە شاری بەیروت زانکۆی ئەمریکی خوێندویەتی لە ساڵی (١٩٣٠) بەکلۆرۆزی لە زانستە سیاسیەکان بەدەست هێناوە ، ئەوجا گەراوەتەوە بۆعێراق، لەشاری بەغداد بۆتە مامۆستا دوای دەبێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەی لەساڵی (١٩٣٣) گوازراوەتەوە بۆوەزارەتی ناوەخۆلە ساڵی (١٩٣٥) کراوە بە یاریدەدەری بەرێوەبەرایەتی گشتی لەوەزارەتی ناوەخۆ، لە ساڵی (١٩٣٧) بۆتە دیبلۆماسی وەزارەتی عێراق سکرتێری موفەوەزیەی عێراق لە ڕۆما پاشان بۆ قاهیرە لە ساڵی (١٩٤٨) بۆتە نوێنەری قەزای ڕواندزلە پەرلەمانی عێراق لەرێکەوتی (١٩٤٨/٨/١٩) کراوە بە وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی لە ڕێکەوتی (١٩٤٩/١٢/١٠) بۆتە وەزیری هاتووچۆ ورێگاوبان لە ساڵی (١٩٥٠-١٩٥٢) دووجارلە پەرلەمانی عێراق بۆتە نوێنەری قەزای ڕواندز، دوای لە ساڵی (١٩٥٦) بۆتە باڵوێزی عێراق لەبۆن پایتەختی ئەڵمانیا لەساڵی (١٩٦٨) خانەنیشن دەکرێت ، لە ڕێکەوتی (١٩٩١/٩/١٠) کۆچی دوای کردوەوە، لە شاری بەغداد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت. بەداخەوە تا چاپکردنی کتێبەکە چاوەڕوان بووە ناوی منداڵەکانی بۆم نەهاتووە،



٢٧٢- حاجی مستەفا خەلیفە:- ناسراو بووە بە (حاجی مستەفا سەفار) لە ساڵی (١٨٩٧) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی مستەفا سەفاریەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو وکەسایەتی شاری ڕواندز حاجی مستەفا کەسێکی کاسب و زاناو بە هێزبووە لەکارو پیشەکەی خۆی کە کاری سەفاری بووە، دوکانی پیشەی کارسەفاری لە ناوبازاری شاری ڕواندز لە تەنیشت مزگەوتی تەکیەی گەیلانی بووە ، هەرچەندە لەو کاتی پیشەی سەفاری کارێکی زۆر زەحمەت وگران و پیس پەڵۆس بووە، هەمووکەس نەی دەتوانی لەم کارە بەردەوام بێت ، لەکاتی خۆیدا مەنجەڵ قاپ و هەمووئەوکەلوپەلانەی کە لەسفردروست کرابوون دەبوایە ناوە ناوەیان هەردوو مانگ جارێک سپیان بکردایە ، ئەوجا هەرکەسەو لە ماڵی خۆی مەنجەڵ وقاپ وخوانچەی سفری هەبووایە دەیان بردە دوکانی حاجی مستەفا سەفار، بە ئاگرومەوادی نۆشاتر سپی دەکردنەوە بەبرە پارەیەکی کەم، حاجی

مستەفا سەفار لە ساڵی (١٩٧٤) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردە گەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی مستەفا سەفار (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (قادر ، عەزیز ، زرار)

٢٧٣- ڕەفیق بەکر سەعدواللە:- ناسرابووە بە (ڕەفیق زێڕەنگەر) لەڕێکەوتی (١٩٠٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، وەستا ڕەفیق زێڕەنگەر یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کە سایەتی شاری ڕواندز، وەستاڕەفیق زێڕەنگەر لە سەدەی بیستەم دوکانی زێڕەنگەری لە ناوبازاڕی شاری ڕواندز هەبووە، واتە لە ساڵانی چل وپەنجاکان تـا ناوەڕاستی ساڵی شەستەکان کاری زێڕەنگەری کردوە، تا ئەوڕۆژەی ماڵئاوای لەشاری ڕواندزدەکات، وەستاڕەفیق زێڕەنگەرپیاوێکی هێمن ودەم بەخەندە و پێکەنین وزۆرقسەخۆش بووە، لە کارو پیشەکەی خۆی زۆریارمەتی خەڵکی دەدا بەتایبەتی ئەوانەی کەم دەرامەت بوون، موشتەریەکەی ئەگەرپارەش پێ نەبایە بە قەرزوبە قیست زێڕی پێ دەفرۆشت ، بەتایبەتی بۆخەڵکی شاری ڕواندزوگوندەکانی دەوروبەری زۆر کارئاسانی بۆئەوکەسانە دەکرد کەهاوسەر گیریان دەکرد، ئەگەر پارەیان تەواوپێ نەبایە بۆماوەیەک لەسەریان دەوەستا تـا پارەیان پەیدا دەکرد، ڕەفیق زێڕنگەرمرۆڤێکی خێرخوازوهەژاردۆست وئیمانداروبەهاوڕێ وبرادەربەخزمایەتی بووە، وەستاڕەفیق زێڕەنگەرلە ڕێکەوتی (١٩٦٦/٥/١٣) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، وەستاڕەفیق زێڕەنگەر (١) یەک کوەڕی هەبووە بە ناوی (صلاح) .



**ڕەفیق زێڕەنگەر**

.

٢٧٤- محمد سەبری حەسەن:- ناسرابوو بە (حاجی محمد سەبری) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، موحەمەد سەبری یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لەتەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی دەبێتە سەربازو کە سەربازی تەواو دەکات دووبارە (تتەوەح) دەکاتەوە واتە خزمەتی سەربازی (نوێ) دەکاتەوە، هەموو ژیانی لە سەربازی بەڕێ دەکات تاپلەی (نائب زابت) دەچێت، بۆ ماوەی (٢٢) ساڵ لەسەربازی دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی خانەنیشن دەکرێت بەپلەی (نائب زابت) حاجی موحەمەد سەبریکەسێکی نیشتمان پەروەروکورد پەروەرو دۆستی شۆڕش و پێشمەرگە بووە، چەندین جارلە سەرکورد بوونی وکوردایەتی لە فەوجی سەربازی خۆی شوێنی کارکردنی تووشی کێشەو گرفت بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە شاری ڕواندز، لە ڕێکەوتی (٢٠٠١/٦/١٥) بە نەخۆشی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، حاجی موحەمەد سەبری (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (ساجیدە ، زینەب ، خەجیج) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبەناوەکانی (واجید ، عبدالله ، هیوا) .



**حاجی محمد سەبری حەسەن**


٢٧٥- حمدئەمین حەمەد حمدئەمین:- ناسراوبووەبە (حمەدئەمین سەعاتچی) لەڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لە گوندی دەرگەڵەی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، وەستا حمەدئەمین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ، لەساڵی (١٩٧٥) لەئێران دەگەڕێتەوە بۆکوردستان و شاری ڕواندز دوکانی خۆی دادەنێتەوە ، دووبارە دەست دەکات بە پێشەی سەعاتچی یەتی خۆی ، وەستا حمدئەمین جگەلە وەستای (کاتژمێر) لە دوکانەکەی (کاتژمێری دەستی وکاتژمێری گەروره دیواروسەرمێزی دەفرۆشتن وەهەروەها هەموو جۆرە کاتژمێرێکی چاک دەکردنەوە، دوکان وشوێنی پیشەکەشی لە ناوبازاڕی شاری ڕواندزبووە، وەستا حەمەدئەمین لەشاری ڕواندزماوەی (٤٠) چل ساڵ کاری چاککردنەوەی سەعاتی

دەکرد وەستاحمدئەمین پیاوێکی هێمن ورۆشنبیروقسەزان و مەدریس خۆش بووە، هەروەها وەستایەکی کارامەو زیرەک بووە لە چاککردنەوەی کاتژمێر وەستا حمدئەمین لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٥) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕوانـدز کۆچی دوای دەکات و لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت وەستاحمەدئەمین سەعاتچی (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سەردار ، سالار ، سەربەست ، کارۆخ ، سەرکەوت) .



**حمەدئەمین سەعاتچی**

٢٧٦ – حەسەن بەکر ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (حەسەن مکتەبە) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕوانـدزلەدایک بووە، حەسەن مەکتەبە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حەسەن مکتبە مرۆڤێکی هێمن وخوێندەواروقسەزان ودەم بەپێکەنین ودەم بەخەندە و قسەخۆش ورۆشنبیربووە ، حەسەن بەکرلەکاتی خۆیدا پەڕتوکخانەیەی لەبازاڕی شاری ڕواندز هەبووە، کە هەموو جۆرەدەفتەروکتێب وکەل وپەلی قرتاسیەی لەدوکانەکەی لای دەست دەکەوت لەگەڵ هەموو جۆرە کاغەزو پەڕی ڕەنگاو ڕەنگ وقەلەم هەروەها لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانی قوتابی حەسەن مکتەبە بۆماوەی چەند ساڵێک بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارەبای ڕواندز بووە،



**حەسەن مکتەبە**

تا ئەوکاتەی خانەنیشن دەکرێت، واتە لە تەمەنی (٦٣) ساڵی لەساڵی (٢٠٠٣) خانەنیشین دەکرێت، هیچ کارێک ناکات، حەسەن مکتبە لە سەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشە وگرفت ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی، حەسەن مکتبە لە وەزیفەکەی خۆی لە فەرمانگەی کارەبای ڕواندز فەرمانبەرێکی فەنیی وبەڕێوەبەرێکی چالاک وزیرەک بووە، لەساڵی (١٩٧٦) دوای نۆژەن کردنەوەی شاری

ڕواندز ئەوبەڕێزە توانی بەماوەیەكی كەم دلسۆزانە كارەبای هەمووشاری ڕواندز ودەوروبەری چاك بكاتەوە وسەرلە نوێ كارەبای مالآن بگەڕێنێتەوە دۆخی جارنی خۆی، حەسەن مەكتەبە ئێستاكە سالْی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیاندا ماوە لە شاری هەولێر دادەنیشێت، حەسەن مكتەبە (٤) چواركوڕی هەبووە بەنـاوەكانی (ئەسكەندەر ، ئیسماعیل ، بێستون ، بــژار) .

٢٧٧- عەزیز نیعمت ئەحمد:- ناسراو بووە بە (عزیز نیعمەت) لەڕێكەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایك بووە ، عەزیز نیعمەت یەكێك بووە، لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەروكەسایەتی شاری ڕواندز، عزیز نیعمەت مرۆڤێكی زۆرزیرەك وكاسبكاربووە، لە بازاڕی شاری ڕواندز دوكانی عەتاری وشەكرو چاو برنج وسابوون وتایدو هەمووجۆرە شتومەكی ناومالّی دەفرۆشت گەلێك جاربێستە ڕێوی ودەلّەك وكوڕبەشی دەفرۆشت، گەشتیارە عەڕەبەكان دەیان كڕی لەگەلّ خۆیان دەبردە خواروی عێراق بە قازانج دەیان فرۆشتەوە ، عەزیز نیعمەت پیاوێكی خێرخوازوهەژاردۆست بووە، هەربۆیە متمانەیەكی باشی هەبووە لەناوخەلّكی شاری ڕواندزوگوندەكانی دەوروبەری، عەزیز ئەوكاتی كاروكاسبی بەزۆری لەگەلّ خەلّكی گوندەكان بووە، خەلّكی گوندەكان پێستە پەنیروژاژی وهەنگوین ودۆشاوی ترێ ومێوژوگوێزیان بۆدەهێنا عەزیزلێی دەكڕین گەلێك جارواڕێك دەكەوت بۆماوەی چەند ڕۆژێك كەمێك پارەی ئەوكەسانەی لادەما تا ئەوپەنیروهەنگوینەی ساغ دەكردەوە، كە دەگەڕانەوە یەكسەرپارەكەی دەدانەوە بۆیە متمانەی باشی لەلای موشتەریەكانی خۆی پەیدا كردبووە ، عەزیز نیعمەت كەسێكی بە تەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هاوڕێ وبرادەری زۆری هەبووە، هەروەها مرۆڤێكی قسەزان وقسەخۆش ونوكتەچی زیرەك وڕۆشنبیروهێمن ومەدریس خۆش بووە، عەزیز نیعمەت لە ڕێكەوتی (١٩٦٨/١٢/١١) لە ماڵەكەی خۆی لەشاری ڕواندزكتوپڕ بەردەبێتەوە كۆچی دوای دەكات، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاكسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، عەزیز نیعمەت (١) یەك كچی هەبووە بەناوی (چیمن) هەروەها لەگەلّ (٣) سێ كوڕبە ناوەكانی (ڕزگــار ، ســەپان ، ســالار) .

٢٧٨- عبدالله عزیز یوسف:- ناسراوبووەبە (عبدالله چاوشین) یان (عبدێی وەستاعزیزی ئاسنگەر) لەرێكەوتی (١٩٢١/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایك بووە، عبدالله یەكێك بووە لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەرو كەسایەتی شاری ڕواندز، لە سالّی (١٩٧٤)

خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەر کاروکاسبیەکەی خۆی کە کاری مقاوەلات بووە لەحامیەی سەربازی ڕوانـدز، عبداللە پیاوێکی خێرخوازودەم ڕاست وبەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەها پیاوێکی هێمن وقسەزان وقسە خۆش وڕۆشنبیربووە، عبدێی وەستا عەزیزکەسێکی ناسراو کارپێکراوکاسب بووە ، لەحامیەی عەسکەری ڕوانـدز قۆندڕاتی خوادەمەنی وەک گۆشت وسەوزەو مێوە وتەماتەو پەتاتەو کدو باینجان وهەموو ئەوکەلوپەلانەی کە بۆچێشت لێنان وخواردەمەنی بەکار دەهات ڕۆژانە ئەم کەل وپەلانەی



بۆ سەربازەکانی حامیەی ڕواندزی دەبرد، ئەم کارەش حکومەتی عێراق لەکاتی خۆی بە عبداللە چاوشینی سپارد بووە چونکە تەنها ئەو زیاتر لەم کارەی دەزانی، لەلایەن حکومەت متمانە پێکراو بووە، عبدێی وەستا عزیزی کەسێکی زۆر بەتواناو زیرەک بووە، هەروەها مرۆڤێکی هەژاردۆست هێمن و تێکەڵ بووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٨/٥/١٥) لە شاری ڕوانـدزکۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی

**عبدالله عزیز یوسف**

شادبێت عبداللە عزیز ئاسنگەر (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (ڕەمزیە ، ڕەسمیە ، فتحیە ، خانزاد ، شهرزاد، ئاوات) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (فەرمـان ، سـیروان ، شێخ جمال) .

٢٧٩- خدرعەلی عبداللە:- ناسراوبووەبە (خدرعالی) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، خدرعالی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، خدرعالی لە سەرکوردایەتی چەندین جارکێشەی بۆدروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان وشاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە شاری ڕوانـدزوسەرکارو وەزیفەکەی خۆی لە نەخۆشخانەی قەزای ڕواندز ، ئەوکاتی خدرعالی فەرمانبەربووە، لە نەخۆشخانەی گشتی ڕواندز بە ناونیشانی (بەردەست) واتە (فەڕاش) هەروەها خدرعالی مرۆڤێکی هەزەلی وقسەخۆش وقۆشمەچی ودەم بەخەندە وپێکەنین ونوکتە چی بووە، هەمووکات کەیفی خۆش ونێوچاوانی گەش بووە


، گەورەو بچوکی شاری ڕواندز دەیاناسی وخۆشیان دەویست، خدرعالی (٢) دوو ژنی هێنابووە لەژنی یەکەم (٤) چوارکوڕی هەبووە لە ژنی دووەم (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عەلی ، ڕەمەزان ، عومەر ، عوسمان ، شوان ، دارەوان) خدرعالی لەڕێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٥) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوایی کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕوانــدز بەخــاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.

٢٨٠- حاجی کوردە مەحمود کوردە:- ناسراوبووە بە (حاجی کوردە) لەڕێکەوتی (١٩٠٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی کوردە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدزبووە ، حاجی کوردە مرۆڤێکی ئیمانداروباوەڕپێکراو بە تەقواوئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، پیاوێکی مەدریس خۆش وقسەزان وقسەخۆش بووە، هەموو دراوسێکانی خۆشیان دەویست حاجی کوردە چیرۆک و بەسەرهاتی زۆری لابووە دەیگێریەوە لە شەوەکانی زستان لە بەرئاگردان وسۆپەی داران دادەنیشتن بەچیرۆک وقسەی خۆش شەوەکانیان بەڕێ دەکرد، هەروەها حاجی کوردە هیچ وەزیفەیەکی میری نەبووە تەنها بەدەستی خۆی کاسبی بۆخۆی دەکرد ، حاجی کوردە بۆبژێوی ژیانی خۆی وخێزانی باغچەیەکی زۆرگەورەی لەبەرماڵی خۆی داچاندبوو کەپڕبووە لە میوەی جۆراو جۆری بەتام و خۆش وەک (هەنار ، هەنجیر ، ترێ ، سێو ، هەرمێ ، قەیس ، عەلوکە ، گوێز ، عەلوچکە ، ئاڵوباڵو) جگە لەمەش حاجی کوردە، لەوەرزی هاوین بەروبومی سەوزەوی لە باغچەکەی دەچاند وەک (کدو ، باینجان ، بامیە ، بیبەر ، تەماتە ، کەرەوز ، دۆڵاغ ، سلق ، تور، تەڕەتولە هەمووجۆرە سەوزەی بەرهەم دەهێنا، هەندێک لەبەرەکەشی دەخوارد ئەوەی تری لە ناوبازاڕی شاری ڕوانــدز دەیفرۆشت وساغی دەکردەوە ، حاجی کوردە لە ڕێکەوتی (١٩٨٠/٤/٥) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە،ڕوحی شاد بێت. حاجی کوردە (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (محمد صبر) .



**حاجی کوردە**

٢٨١- موحەمەد صبری حاجی کوردە محمود کوردە:- ناسراو بووە بە (موحەمەدی حاجی کوردەی) لەڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە ، محمەد سەبری یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز ، موحەمەد لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی دەربەدەری وگرتن و ڕاوەدونان و ئاوارەی بووە لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، محمدسەبری مرۆڤێکی ئازاو هێمن وتێگەیشتی و ڕۆشنبیر سیاسی بووە، زۆردۆستی پێشمەرگەوشۆڕش بووە ، هیوایەتی سەرکەوتنی پێشمەرگەو ئازادکردنی خاکی کوردستان بووە، لە ڕێکـــەوتی (١٩٨٧/٥/١٩) لەڕاپەرینەکەی شاری ڕواندز لەگەڵ خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە بەشداری دەکات هێڕش دەکاتە سەربارەگای حزبی بەعسی لە شاری ڕوانـدز لەگەڵیدا کەسێکی تێکۆشەربەناوی موحەمەد زێندین شەهید دەبێت، ئەویش بەسەختی بریندار دەبێت، دوای چەند ڕۆژێک لەبەر سەختی برینەکەی کۆچی دوای دەکات وشەهید دەبێت، ڕوحی شادبێت. موحەمەد صبری (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئەحمەد ، سەردار ، کاروان ، پشتیوان ، صدیق) .


**موحەمەدی حاجی کوردە**

٢٨٢- عبدالله محمد ڕواندز :- ناسراو بووە بە (عبدێی نەجار) لە ڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، وەستاعبدێ نەجار یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، عبدێ نەجارلەسەرکوردایەتی چەندین جارە توشی کێشەوگرفت بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە شاری ڕوانــدز، وەستا عەبدێ نەجارکۆنترین دارتاشی شاری ڕوانـدزبووە ، لە ساڵانی پەنجاکان تائەوکاتەی کۆچی دوای کردوە، وازی لەکاری دارتاشی نەهێناوە بەڵکو بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی خۆی، هەروەها لەگەڵ کارەکەشی کەلوپەلی دارتاشی دەفرۆشتن، وەک بزمارو قوفڵو کلیلۆنی دەرگا وچەکوچ و پلایزوگازودەڕنەفیس وهەمووجۆرە کەلوپەلی دارتاشی وەک تەختەو فایبەرو معەکس وجامی پەنجەرەکانی لای دەست دەکەوت، لە ساڵانی (١٩٦٠تا ساڵی ١٩٧٤) لە ڕۆژانی جەژن چەلخوفەلەکی


هەبووە لەگۆڕەپانی گەردەگەرد داي دەمەزراند مندڵانی شاری ڕواندز بەکرێ سواری چەڵخوفەلەکی دەکردن، وەستا عبدالله نەجار دارتاشێکی زۆر زیرەک و بەتوانا بووە، لە دروستکردنی هەمووجۆرە مێزوسندوق و دۆلاب وکورسی پەنجەرەو دەرگا هەرشتێک لەداردروست دەکرا جگە لەوەش لەدوکانەکەی بەیاخ وفڵچەوتەوروبێڵ ومشار شتوومەکی نەجاڕی وخانووبەرەوکەل وپەلی ناوماڵیشی لای دەست دەکەوت، وەستا عبدالله نەجارمرۆڤێکی خواناس وخێرخوازوهێمن وقسە خۆش بووە لە ساڵی (١٩٨٦) لەبەربێ کاری بارودۆخی شاری ڕوانــدزماڵی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر دوکانی بەیاغ فرۆشتن لەبازاڕی سێتاقان بۆخۆی دادەنێت بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانی تائەوکاتەی نەخۆش دەکەوێت تواناى کارکردنی نامێنێت لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٢/٢٧) بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت ، وەستا عبدالله نجاڕ (٢) دووکچی هەبووە لەگەڵ (٢) دووکوڕ بە ناوەکانی (جمال ، کمال) .

٢٨٣- جەمال عبدالله موحەمەد:- ناسراوبووە بە (وەستاجمال نەجاڕ) لەڕێکەوتی (١٩٤٦/٤/٣) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، وەستاجەمال نەجاڕ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، وەستا جەمال لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتە سەرکارو کاسبی خۆی لەشاری ڕوانــدز دوکانی دارتاشی دادەنێت بۆ بژێوی ژیــانی ڕۆژانـەی خۆی ، وەستا جەمال مۆڤێکی هێمن وزیرەک وکاسب بووە، ماوەیەکی زۆر لەشاری ڕواندز دوکانی دارتاشی هەبووە، لەدوکانەکە دەرگاو پەنجەرە وکەنتۆروبۆفیە ومێزوکورسی وسندوقی زۆربە جوانی دروست دەکردن ، هەروەها وەستا جەمال، گەلێک جارقۆندراتی دەگرتنەوە لە حکومەت ، وەک بینایەو دروستنکردنی قەمتەرە وئاوەڕۆ دیواری پاڵپشتی شەقامەکان تاساڵی (١٩٨٥) دوای ماڵی گواستۆتەوە بۆ شاری هەولێرلە شاری هەولێر دوکانی دارتاشی دادەنێت تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات، لەڕێکەوتی (٢٠١٠/٦/٣) بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات، لەگۆڕستانی شێخ


**وەستاجمال نەجاڕ**

ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت وەستا جەمال (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (کاروان ، سۆران ، کاوان ) .

٢٨٤- فتح الله قادر یوسف هۆدەباشی:- ناسراوەبووە بە (فتح الله موختار) لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لەشاری ڕوانـدزلەدایک بووە، فتح الله یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، خوێندنی تاپۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، فتح الله لەبەرهەژاری وکەم دەرامەتی ونەبوونی نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت، لەتەمەنی لاوی خۆیدا دەستی کردوە بە کاروکاسبی وکرێکاری بۆبژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وخێزانەکەی ، فتح الله موختار چەندین جارلەسەرکوردایەتی توشی کێشە وگرفت وگرتن ڕاوەدونان وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٦٧) بۆتە پێشمەرگە لە شۆرشی ئەیلول، تا ساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت ، بۆماوەی دووساڵ دوای دەگەڕێتەوە شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٧٦) یەکسەرنەفی دەکرێت بۆ شاری ڕومادی خواروی عێراق، لە ساڵی (١٩٩١) دوبارە پەیوەندی بەڕیزەکان پارتی دەکاتەوە، لەساڵی (١٩٩٧) دەکرێتە موختاری شاری ڕوانـدز، فتح الله موختار تا ئێستاکە لە ژیاندا ماوە لە شاری ڕواندز دادەنیشێت، فتح الله موختار کەسێکی هێمن وڕۆشنبیرە ، هەروەها کەسێکی دڵسۆزو خەمخۆرە بەرامبەر بەشارەکەی خۆی، فتح الله (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (باوەڕ، یاوەر) .



**فتح الله قادر یوسف**

٢٨٥- صدیق سولێمان ئەحمەد گۆنە :- ناسراو بووە بە (صدیقی ئەحمەد گۆنێ) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە ، صدیق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سەدیق سولێمان زۆر دۆستی پێشمەرگەو شۆرشی کوردستان بووە ، لەسەرکوردایەتی چەندین جار توشی گرتن ودەربەدەری بووە ، لەڕووی سیاسی وکوردایەتی کەسێکی زۆرزیرەک وبەتواناو خۆڕاگربووە، هەموودەم وەک پێشمەرگەیەکی پڵنگ ئاسا دەجەنگا بۆدژایەتی کردنی داگیر کەرانی کوردستان، سەدیق لە هاوینی ساڵی (١٩٧٤) لە قەزای مێرگەسۆرلە ناوچایخانەیەک دەبێت، فرۆکەی بەعس عێراق بۆردومانی چێشتخانەکەی دەکات بەبۆمبی ناپاڵم ، ئەوکاتی بەردەوام بە شەو بە ڕۆژ بەفرۆکەی باجەرو تۆپۆلیف

شارەكانی كوردستانیان بۆردومان دەكرد لەوكاتەچەند كەسێك لەم چێشتخانە دەبن هەموویان بەر بۆردومانەكە دەكەون ، یەكێك لەوانە سەدیق سولێمان ئەحمەد گۆنە لەم بۆردومانە بەردەكەوێت لە ساڵی (١٩٧٤) شەهید دەكرێت ، ڕوحی شادبێت سەدیق (٥) پێنج كوڕی هەبووە بەناوەكانی (سەربەست ، ئازاد ، نەوزاد ، دلشاد ، فەرمان) .

٢٨٦- ئیسماعیل خورشید ئاغا :- ناسراو بووە بە (سمایل ئاغا) لەڕێكەوتی (١٩٢٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایك بووە، ئیسماعیل ئاغا یەكێك بووە لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەرو كەسایەتی شاری ڕوانـدز، (سمایل ئاغا) كەسێكی بە تواناو زیرەك وقسەزان بووە، لەساڵی (١٩٦٣) تاساڵی (١٩٧٣) نائیب زابت تەجنید بووە، لە شاری ڕوانـدز، ئیسماعیل ئاغا پیاوێكی ناسراو بووە، لە ناوخەڵكی شاری ڕوانــدزوگوندەكانی دەوروبەری لە بەرئەوەی كە لە تەجنیدی ڕوانــدز كاربەدەست بووە ، ئەوكاتی سەربازیان دابەش دەكرد بۆسەربازگەكانی عێراق لە باكوروخوارو لەهەرسەربازگەیەك سەربازیان بویستایە كە مەوالید دەهات دەبوایە لە ڕێگەی تەجنیدی شارەكانی عێراق، ئەوگەنجەی كەناوی دەهات بۆ سەربازی لەڕێگەی تەجنید ڕەوانەی سەربازگەكان دەكران بۆیە ئیسماعیل ئاغا كەسێكی ناسراوكار پێكراوبووە ، كاری بۆهەندێك دۆست وبرادەرەكان ئاسان دەكرد، سمایل ئاغا لە ڕێكەوتی (١٩٩١/٢/٢) بە نەخۆشی لە شاری هەولێركۆچی دوای كردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاكسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ئیسماعیل ئاغا (٤) چوار كوڕی هەبووەبە ناوەكانی (محمدعەلی ، نوری ، خالید ، جەمال) .

٢٨٧- نەبی حەمەدئەمین حوسێن:- ناسراوبووە بە (حاجی نەبی) لەساڵی (١٨٩٨) لەشاری ڕواندز لە دایك بووە ، لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەروكەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی نەبی كەسێكی قسەخۆش وزیرەك وقسەزان بووە، پیاوێكی نورانی وزۆربەسەبر بووە ، گەڵێك سەربردەو داستان وچیرۆك وبەسەرهاتی قەدیمی دەزانی و دەی گێرانەوە، كەلای دادەنیشت هەرحەزت دەكرد گوێ لەقسەخۆشەكانی بگری، گەلێك جار لەكاتی شەوان لە ماڵی دراوسێ یان ماڵی خزم وكەسە نزیكەكان وبرادەرەكانی كۆدەبوونەوە وەك میوانی یەكێك لەو ماڵانە، لەژوورێكی گەورە دادەنیشتن، ئەوجا كابانی ماڵ چای لێ دەنا حاجی نەبی دەستی دەكرد بەگێڕانەوەی چیرۆك وبەسەرهاتە كۆنەكانی سەردەمی باب وباپیرانی ئینجا مەدریسەكەی گەرم

دەکرهەموویان گوێیان لیّ دەگرت ئەوەندە بەتام و کێژی دەیگێڕایەوە، جگەلەمەش حاجی نەبی کەسێکی نوکتەچی ودەم بەخەندە وپێکەنین بووە، هەروەها پیاوێکی هێمن ومەدریس خۆش ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، هەروەها پیاوێکی زۆر کاسب بووە، دوکانی لە ناوبازاڕی شاری ڕواندزبووە، لە دوکانەکەی قوماشی دەفرۆشت، هەروەها دوکانی (بائع) ی وشەکرو چاو هەموو جۆرە خۆراک وخواردەمەنی دەفرۆشت، لەڕێکەوتی (١٩٧٠/٣/٥) بە نەخۆشی لە شاری ڕوانـدزکۆچی دوایکردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت.حاجی نەبی (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (ئامینە ، خجیجە ، فاتمە ، ناجیە ، شوکریە) هەروەها لە گەڵ (٨) هەشت کوڕ بە ناوەکانی (ئەحمەد ، ئیسماعیل ، عبدالقادر ، کەمال ، حمدئەمین ، یوسف ، نیاز) .

٢٨٨- ئەحمەد نەبی محمدئەمین:- ناسراوبووە بە (ئەحمەدی حاجی نەبی) لەڕێکەوتی (١٩١٤/٧/١) لەشاری ڕوانـدز لەدایک بووە، حاجی ئەحمەد نەبی یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی ئەحمەد لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی ئاوارەی وکێشەوگرفت بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندزدوکانی داناوەتەوە دەستی کردوە بە کاسبی خۆی کە پیشەی قوماشفرۆشی بووە، واتە (بەزاز) لە دوکانەکەی ئەنواعی قوماشی ئافرەتان وپیاوان دەست دەکەوتن، حاجی نەبی مرۆڤێکی زۆرقسەخۆش ودەم بە پێکەنین و هەوەستی وبەکەیف وقۆشمەچی بووە، بەدائیم حەزی لە سوعبەت وفشقیات وپێکەنین دەکرد، گەلێک جارلەگەل ئافرەتانیش فشقیات وقسەی لابەلای دەکرد جگە لەمەش کەسێکی قسەزان وزیرەک وزۆر هێمن وباوەڕ پێکراو بەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، هەروەها کەسێکی خێرخوازوهەژاردۆست بووە، حاجی ئەحمەدی حاجی نەبی لەڕێکەوتی (١٩٨٥/٤/١٤) بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات ولە گۆرستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حاجی ئەحمەد (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (دڵشاد ، ئازاد ، ڕزگار، ) .

٢٨٩- محمد قادر عەزیز:- ناسراوبووە بە (محمد سید قادر) سیدمحمد کوڕی سید قادرکوڕی سیدعەزیزە، لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، سید محمد لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لەسەرکوردایەتی

چەندین جارتوشی کێشەوگرفت بووە ، محمد سید قادرکەسێکی کاسب، بووە، دوکانێکی زۆر گەورەی هەبووە لە گەڵ مەخزنێک کە پڕبووە، لەکەل وپەلی کارەبای وەک ڕادیۆ ومسجل وسەعات هەروەها لەئەنواعی کەل وپەلی ناوماڵیشی دەفرۆشت تــا ئەوکاتەی شەڕێکی گەورە دەستی پێکرد لەنێوان کورد وعەڕەب، لە ساڵی (١٩٧٤) کەبووە هۆی چۆل کردنی شاری ڕواندز، هەربۆیە محمدلە (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ، دوای لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندز، ئینجا خۆی لە فەرمانگەی ئەحساء دادەمەزرێت بە ناونیشانی شوفێر، موحەمەد سید قادر مرۆڤێکی قسەخۆش و ڕۆشنبیرو دەم ڕاست بووە بە ئەسل ونەسەب باپیرە گەورەیان لە هۆزی عەرەب بووە، لە ناوچەی شەرگات هاتۆتە شاری ڕوانــدز نەگەڕاوەتەوە بۆزێدی خۆیان لە شاری ڕوانــدز نیشتەجێ بووە، ئەوخێزانە گەورەی لێ دروست بووە، سید محمد لە ڕێکەوتی (٢١/ ٢٠٠٢/١) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، سەیدمحمد سیدقادر (٧) حەوت کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (ئیسماعیل ، وریــا ، ئیبراهیم ، سەرباز ، جمشید ، ئــازاد ، نــەوزاد) .




**محمد سید قادر**

٢٩٠- جەوهەرحەسەن صالح عبدالله بهاالدین :- ناسراو بووە بە (حاجی جەوهەر) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لەشاری ڕوانــدز لەدایک بووە ، حاجی جەوهەریەکێک بووە ، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، حاجی جەوهەر لە سەرکوردایەتی چەندین جارکێشەوگرفتی بۆ دروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزاکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ ئینجا لە ساڵی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی بۆئاوارەکان دەکرد، خۆیی وخێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕوانــدز، دوکانی قوماش فرۆشی دادەنێت لە ئەنواعی قوماشی ئافرەتان وپیاوانی لەدوکانەکەی دەست دەکەوت ، بەڵام لەم دوایانە تەنها قوماشی ئافرەتانی دەفرۆشت تائەوکاتەی کۆچی دوای دەکات دوکانی قوماشفرۆشی هەبووە، لە بازاڕی شاری ڕوانــدز، حاجی جەوهەرکەسێکی هێمن وبەتەقواوخێرخوازوئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەها پیاوێکی ئێسک سوک

ومەدریس خۆش بووە ، لە قسەکردندا زۆر هێمن ولە سەرەخۆ بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١/١٩) بەنەخۆشی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی جەوهەر (٥) پێنج کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (عبدالله ، خورشید، عومەر ، صادق ، کاوە) .

٢٩١- مستەفا عەلی تەها:- ناسراو بووە بە (وەستا مستەفا) بە ئەسل ونەسەب خەڵکی ناوچەی برادۆستە لەساڵی (١٩٤٣) لەیەکێک لەگوندەکانی ناحیەی سیدەکان لە دایک بووە ، وەستا مستەفا ماوەی (٨٠) ساڵە لە شارۆچکەی سیدەکان هاتۆتە شاری ڕواندزولەم شارە نیشتەجێ بووە، وەستا مستەفا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز (مستەفاوئەحمەد) دووبرای خۆشەویستی یەکتربوونە، هەردوو برا لە تەمەنی لاویدا هاتونەتە شاری ڕواندز بۆکارو کاسبی وبژێوی ژیانیان دەستیان کردوە بەکرێکاری پاش ماوەیەک لە بەرزیرەکی وهێزوتوانای خۆیان دەبن بەوەستای خانووبەرە ، وەستا مستەفا کە بۆتە وەستای خانووبەرە ، متمانەی تەواوی بە خۆی هەبووە لە دروستکردنی دیواری خانوو لە کۆتای دەبێت بەوەستایەکی زیرەک وکارامەو زۆرباش لەدەڤەرەکە ناوی دەرکردبوو، وەستا مستەفا هەرچەندە وەستای دیواری خانوو بەرە بووە، لەکاری سواق کردن



وەستا مستەفا


وگێج کاری ولەبغ کردن وهەموو جۆرەکارێکی خانووی بەرەی بۆخەڵکی شاری ڕوانــدز دەکرد، کارەکەشی زۆربەڕێک و پێکی وهەندەسی دەکرد ، وەستا مستەفا و وەستا ئەحمەد دووبرای زۆر ڕێک وپێک وبوون، هەروەها وەستا مستەفا کەسێکی هێمن ولە سەرەخۆو ئاقل و تێگەیشتی ورۆشنبیر زۆر بەخزمایەتی وتێکەڵ بووە، لەڕێکەوتی (٢٠١١/٨/١٠) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، وەستا مستەفا (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (تەهــا ، وریــا ، ڕزگــار ، شابــاز) .



وەستا ئەحمەد

٢٩٢- ئەحمەد عەلی تەها :- ناسرابووە بە (وەستا ئەحمەد) لەساڵی (١٩٣٤) لە گوندێکی سەربە شارۆچکەی سیدەکان لەدایک بووە ، وەستا ئەحمەد یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدز، هەروەها مرۆڤێکی تێگەیشتی ڕۆشنبیرو هێمن وقسەزان وزیرک وبەتوانا بووە، وەستا ئەحمەد برای وەستا مستەفا بووە هەردوکیان پێکەو کاری دیواری خانووبەریان دەکرد، وەهەروەهاسواق کردن وخۆرەبان کردنی سەربانی خانو وگەچکاری ولەبغ کردنی خانوو، ئەم دوو برایە پێکەوە هەموو کارەکانیان دەزانی زۆربە جوانی وهەندەسی ورێکوپێکی ئەنجامیان دەدا هەموو خەڵکی شاری ڕواندز لە کارە جوانەکانیان زۆر ڕازی بوون، وەستا ئەحمەد مرۆڤێک هێمن وقسە زان وسەرڕاست بووە، خەڵکی شاری ڕواندزلە کارە جوانەکانی ڕازی بوونە، وەستا ئەحمەد ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە لە ژیاندماوە، لە شاری ڕواندز دادەنیشێت، وەستا ئەحمەد (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عەلـی ، نـزار ، بەهـرام ، ئـارام ، هونەر) .


٢٩٣- کەریم حەسەن ئەحمەد هەینی :- ناسراوبووە بە (سیدکەریم) یان (وەستاکەریم) سید کریم لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لە شاری ڕواندزلەدایک بووە ، سیدکەریم یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدز، سیدکریم کوردێکی دڵسۆز نیشتمان پەروەرە بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ ونیو لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، سەرکاری خۆی کە وەستای خانوو بەرە بووە، وەستا کەریم زیاتر لە (٣٠) ساڵ لەشاری ڕواندز وەستای دیواری خانووبەرە بووە ، بە هەردوو شێوە قوڕوبەرد وچیمەنتۆ وبلوک دیواری دروست دەکرد، وەستا کەریم لەکاتی خۆیدا وەستایەکی باش بووە، ئێستاکە توانای کارکردنی نەماوە، بۆخۆی دوکانێکی لە ناو بازاڕی شاری



کەریم حەسەن ئەحمەد

ڕوانــدزداناوە ، لەدوکانەکەی جگەرە وعتاری بسکویت وشەکەرات دەفرۆشێت بەم دوکانەی بژێوی ژیانی خۆی ومنداڵەکانی پێ دابین دەکات، ئێستاکە منداڵەکانی یارمەتی دەدەن دوکانەکەشی بەڕێوە دەبەن ، وەستا کەریم تا ئێستا کە ساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە لە ژیانداماوە، سەید کەریم (٤) چوارکوڕی هەبووە بەناوەکانی (حەمدئەمین ، حوسێن ، یاسین ، تەحسین) .

٢٩٤- مەلاعبدالرزاق حەمەد حمدئەمین عومەر:- ناسراو بووە بە (مەلا ڕەزاق) مەلاڕەزاق لە ڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لە گوندی کەەرکی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە ، مەلاڕەزاق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی ومەلاو زاناو ئیمام وپێش نوێژی مزگەوتی گەورەی شاری ڕوانـدز ، مەلا عبدولڕەزاق لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن وڕاوەدونان بەندیخانە بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ، دوای گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕوانـدز، سەرکارو وەزیفەی مەلایەتی خۆی، هەروەها لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٦/١٦) لەگەڵ ئەنفال کراوەکانی شاری ڕوانـدزگیرا بۆماوەی چەند ڕۆژێک بێسەروشوێن کرا دوای بەکەفالەت بەردەبێت، هەروەها چەندین جارلە لایەن ئەمن وئیستخباراتی ڕژێمی بەعسی بغداد ئیهانە کراوە، مەلا ڕەزاق قسەخۆش ومەدریس خۆش بووە، لەساڵی (١٩٩٦) کوڕێکی بە ناوی (نجات) لەشەڕی براکوژی شەهید دەبێت، مەلاڕەزاق کەسێکی کۆمەڵایەتی وزۆرهێمن ولە سەرە خۆ و بەخزمایەتی بووە ، بەقسەی کەس تووڕە نەدەبوو کەسێکی دەم بەخەندە و پێکەنێن ودوورە شەڕو پیاویکی زۆر بەدڵ بووە، لە تەمەنی (٧١) ساڵی واتە لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٢/٩) بە نەخۆشیەکی کوشندە، لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە ، لە گۆڕستانی گەروێ ناوڕەزان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مەلاعبدالڕەزاق (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (نـەجات ، نـەوزاد ، نەوشــاد ، دەربــاز ، ڕابــەر) .



**مەلاعبدالرزاق حەمەد حمدئەمین**

٢٩٥- سید محمد سەید مەجید :- ناسراوبووەبە (سەید موحەمەد) یان (سەیدی بەفرفرۆش) لەڕێکەوتی (١٩١٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە سەیدمحمد یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها پیاوێکی نورانی وئەهلی مزگەوت وجەماعەت ومرۆڤێکی خێرخوازوهەژار دۆست بووە ، سید محمد هەرلەتەمەنی لاویدا سەرقالی کاروکاسبی بووە ، بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وخێزانەکەی ، سیدمحمد دوکانی سەوزەومیوەفرۆشی هەبووە ، هەندێک جارلە وەرزی زستان گوێزوبادەم ومێوژو خورما وقەسپ وهەنگوینی دەفرۆشت لەوەرزی هاویندا تەماتە وترێ وهەنارو هەنجیرو شوتی


سەید موحەمەد

وگندۆرە وکدو باینجان وهەمووجۆرە تەڕەوسەوزەی دەفرۆشت ، هەروەها لە وەرزی هاوین لەبەر ئەوەی ئەوکاتی سەلاجەو موجەمیدە نەبووە، خەڵکی ڕواندز بەفریان دەکڕی، ئەوکاتی سەید محمد بەفری چیای دەفرۆشت ئەگەر بەفری چیای نەبوایە لە ئاشەکانی شاری ڕواندزبوزی بەقالب دەکڕی بە نیو قالب وبەچارەگ ونیوچارێگ بوزەکەی دەفرۆشت، هەمووکات بەفری لادەست دەکەوت، بۆیە هەندێک کەس بە سەیدی بوز فرۆش ناویان دەبرد ، سید موحەمەد لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ئۆردوگای ئاوارەکان دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی لە ساڵی (١٩٧٥) دەرەکات، سید موحمەد خۆیی وخێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، سید محمدمرۆڤێکی سەرڕاست وقسەزان وکەسێکی ڕۆشنبیربووە، هەرچەندە هەندێک جارلە سەرسڕەی بەفر فرۆشتنەکەی خۆی توڕە دەکرد بەڵام دوای هێمن دەبووە هیچی لەبەردڵی نەدەما ، ئەوکاتی شاری ڕواندز بەم جۆرە کەسانە شارێکی پڕنوروبەرەکەت وئاوەدان و خۆشگوزەران بووە ، سیدمحمد لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٩/٩) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە سیدمحمد (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عەلی ، عبدالله ، حوسێن ، حەسەن ، مەجید) .


حاجی سەید مستەفا

٢٩٦- حاجی سەید مستەفا حوسێن :- ناسراوبووە بە (حاجی سید) یان (حاجی سیدۆک) لە ڕێکەوتی (١٩٠٠/٧/١) لە گوندە جوانەکەی کانیە قوڕی گەڕەکی کانی ئێستاکەی شاری ڕواندز لە دایک بووە ، حاجی سید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی سیدۆک لەسەرکوردایەتی لە ساڵانی شەستەکان چەندین جار ڕەزوباغ وخانوو گوندەکەیان لەلایەن حکومەتی دکتاتۆری ئەوکاتی عێراق سوتاوە ، هەروەها دانیشتوانی گوندەکەش ئاوارە بووەنە بۆ ناوشاری ڕواندز، هەروەها حاجی سەیدۆک لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە لە ناو بازاڕی شاری ڕواندز دوکانی وەکالەتی شەریکەی ئەفریقی دادەنێت ، هەموو جۆرە کەل وپەلی کارەبا وەک سەلاجەو تەلەفزیۆن وتەباغ وهەرچی کەل وپەلی کارەبا هەیە لە دوکانی ئەو بەدەست دەکەوت، حاجی سەید مرۆڤێکی زۆرهێمن وقسەخۆش ورۆشنبیروقسەزان ودەم بە خەندەو پێکەنین بووە ، هەروەها حاجی سیدۆک کەسێکی هەژاردۆست وخێرخواز بە تەقواوئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووەو، جگە لەوەش پیاوێکی مەدریس خۆش وقۆشمەچی ونوکتەچی بووە، هەرکەسێک کەلای دادەنیشت هەرحەزی دەکرد گوێ لەقسەکانی بگری حاجی سیدمستەفا حوسێن لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/١٢/٢٢) بەنەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوایکردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت حاجی سیدۆک (٦) شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی ( حوسێن ، محمد ، حەسەن ، کەمال ، جەلال ، حەجاج) .

٢٩٧- سەیدحوسێن مستەفا حوسێن:- ناسراوبووە بە (حاجی حوسێن) یان (سیدحوسێن) لە ڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لەگوندی کانیەقوڕ سەربەقەزای ڕوانـدزلەدایک بووە ، سیدحوسێن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدزلە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕوانـدزو دەست دەکات بە کاروکاسبی بۆبژێوی ژیانی خۆی وخێزانی دوکانی قوماشفرۆشی دادەنێت دوای دوکانەکەی دەگۆڕێت بۆکەل وپەلی کارەباووەکالەتی

شەریکەی ئەفریقی وەردەگرێت ، کەل وپەلی گران بەها وەک تەلەفزیۆن وموجەمیدەو سەلاجەوهەموو جۆرە پێداویستیەکانی ناوماڵ لە دوکانەکەی وەدەست دەکەوت، بۆفرۆشتن ، حاجی حوسێن کەسێکی هێمن قسەخۆش ومەدریس خۆش وڕۆشنبێروخێرخوازو هەژاردۆست وئەهلی مزگەرت وجەماعەت بووە، هەروەها مرۆڤێکی زیرک وبەتوانا بووە ، لەکڕین وفرۆشتن زۆریارمەتی خەڵکی دەدا کەل وپەلی بەقیستی مانگانە بەخەڵکی شاری ڕواندز دەدا مرۆڤێکی زۆر بە ئەمەک وسەرڕاست بوو، حاجی سید حوسێن لەڕێکەوتی (٢٠١٧/٣/٢٩) لە شاری ڕواندزبە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوای کردوە ، لە گۆڕستانی کانیە قوڕبەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، حاجی سیدحوسێن (٣) سێ کوڕی هەبووە، بەناوەکانی ( سمکۆ ، ئیبراهیم ، نەبی) .

٢٩٨-جەودەت جەمیل صالح :- ناسراوبووە بە (جەودەت بەرید) جەودەت لە ڕێکەوتی (١٩٠٩/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە ، جەودەت لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، جەودەت کەسێکی هێمن وقسەزان وزۆرقسەخۆش وڕۆشنبیربووە ، جەودەت فەرمانبەری میری بووە، لە فەرمانگەی پۆستەوگەیاندنی شاری ڕواندز، هەربۆیە نازناوی بە جەودەت بەرید ڕۆیشتبووە، جەودەت ڕۆژانە کەبەریدونامەکانی شارەکانی عێراق بە پۆستە دەگیشتە شاری ڕواندز ، جەودەت نامە هاتووەکانی ئەوکەسانەی کەبۆیان دەهات یەکسەردابەشی دەکردەسەرفەرمانگەوماڵ وخاوەن دوکانەکانی ناوبازاڕی شاری ڕواندز، جەودەت کەسێکی زیرەک وزۆردڵسۆزی شارەکەی خۆی بووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٤/٢/١٢) لە شاری ڕوانـدزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت جەودەت (٢) دووژنی هێناوە، لە ژنی یەکەم (٣) کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (صالح ، عبدالقادر ، جەمال) لە ژنی دووەم (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (فەوزی ، ڕەمزی نیاز ، ڕزگار ، نزار) .واتە (٨) هەشت کوری هەبووە،

٢٩٩- محمد قادرحمدئەمین عبدالله:- ناسراو بووە بە (وەستامحمد نەجار) موحەمەد نەجارلەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، محمد نەجاڕ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، محمد قادرلە ساڵی (١٩٤٦) لەکۆماری مەهاباد لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی دەبێت ، دوای ڕوخانی ئەوکۆمارە دەگەڕێتەوە بۆکوردستان وشاری ڕوانـدز، بۆیە حکومەتی ئەوکاتی عێراق بۆ ماوەیەک نەفی دەکات بۆخواروی عێراق دوای دەبێتە سەربازلە جەیشی عێراق ، بۆماوەی زیاترلە (٢٥) بیست وپێنج ساڵ دوای (٢٥) ساڵ خانەنیشن دەکرێت بە پلەی (ڕەئیس عوڕەفا) دوای خانەنیشنی هەڵدەستێت بۆخۆی دوکانی دارتاشی دادەنێت تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات دارتاشی دەکات لە شاری ڕواندز، لەسەرکوردایەتی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکاروکاسبی خۆی کەپیشەی دارتاشی بووە، وەستا موحەمەد مرۆڤێکی خێرخوازو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، هەروەها پیاوێکی هێمن ولەسەرەخۆوقسەخۆش وخاوەن پیشەی خۆی بووە، لەکارەکانی زۆر سەرکەوتوو بووە، بەتایبەتی لەدروستکردنی (دەرگە وپەنجەرەوکەوەنتەرومێزوکورسی وهەموو جۆرەکەل وپەلی ناوماڵی دروست دەکردن، وەستا محمدنجار لەڕێکەوتی (٢٠١٠/١٢/٢٢) بەنەخۆشی لەشاری ڕوانـدزکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، وەستا موحەمەد نەجاڕ (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (فاتیمە) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕبە ناوەکانی (بورهــان ، ئیبراهیم) .




**محمد قادرنەجار**

٣٠٠-حوسێن سەلیم ئەحمەد :- ناسراو بووە بە (حوسێن سەلیم خان) لە ساڵی (١٨٩٧) لە شاری ڕواندزلەدایک بووە حوسێن سلیم خان یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدزحوسێن سەلیم خان لە تەمەنی (١٨) ساڵی دەبێتە پۆلیس بۆئەوەی ڕزگاری بێت لە خزمەتی سەربازی، هەروها بەوەرگرتنی مووچەی پۆلیسی بژێوی ژیانی خۆی وخێزانەکەی پێ دابین دەکرد، حوسێن سەلیم خان مرۆڤێکی زۆر هێمن وئاقل وتێگەیشتی وقسەخۆش بووە ، چەندین جارلە سەر

کوردایەتی، لە دوای خانەنیشن بوونی کێشەی بۆدروست بووە ، هەروەها ئەم پیاوە هیچ کارو کاسبی نەبووە و نەی دەکرد، تەنها بە مووچەی خانەنیشنی خۆی بەڕێوە دەچوو، حوسێن سەلیم خان ڕواندزی لە ساڵی (٢٠٠٠) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی (چراخ) بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، حوسێن سلیم خان (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالوهاب ، فواد ، بارزان ، زۆراب ، شوان) .

٣٠١- شمس الدين سلێمان بەگ سلاح شوور:- ناسراو بووە بە (شمس الدين بەگی سولێمان بەگ) لە ساڵی (١٩٠٧) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، شمس الدين لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، شمس الدين لەسەرکوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەوگرفت وگرتن بووە ، شەمس الدين مرۆڤێکی لە سەرەخۆو هێمن وڕاستگۆو ڕۆشنبیربووە، گوایە زۆرجارئەو بەیتەی کە لەخوارەوەیە لە ماڵەوەو لە دەرەوە بۆ هاوڕێکان وخزم وکەس وکارەکانی دەگووت ئەوبەیتەش بەزمانی عەرەبی بووە شمس الدين بەدستی خۆی کردویەتی بەکوردی ئەمەش بەیتەکەیەتی.



**شمس الدين بەگی سولێمان بەگ**

كنى غنى القلب واقنع بالقليل
دڵ دەوڵەمەندبەو ڕازییە بەکەم
متى ولاتكلب معاشامن لئيم
بمره نەکەی داوا لەپیسکەی بێ ڕەوشت کەم
لاتكن للعيش مغلول الفواد
دڵ تەنگ وپەست مەبە بۆژیان
إنماالرزق على الله الكريم
ڕزق لای خودای میهرەبانە

شمس الدين لە ساڵی (١٩٩٦) کۆچی دوای کردوە ڕوحی شاد بێت، (٣) کوڕی هەبووە. بەداخەوە ناوەکانی بۆ نەهاتووە،

٣٠٢- تەهـــا بەکـرتەهـــا سابیر:- ناسراو بووە بە (تەها خەباز) تەهاخەباز لە ڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، تەهای خەباز لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز بووە ، تەهاخەباز پیاوێکی زۆرکاسب ونانەوایەکی زۆر زیرەک ودەستەوای پاکوخاوێن بووە ، دوو جۆرنانی دەزانی نانی لەواشە بە تەندورنانی کولێرە بە فڕنی بە زمانی ڕواندزیان ئەستورکی بەڕوونی بۆخواردنی بەیانیان دروستی دەکردە ، هەروەها تەهای خەباز یان (تەها نانەوا) مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیرو هێمن ولە سەرەخۆ بووە، هەروەها کەسێکی خاوەن فکری سیاسی و کوردپەروەر بووە، لە سەرکوردایەتی چەندین جار توشی کیشە گرفت وگرتن وڕاوەدونان وئاوارەی بووە ، هەروەها کوڕێکی بەناوی (سەردار) لە ساڵی (١٩٨٨) لەشاری ڕواندز، ئەنفال کراوە تەها نانەوا لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندز، دووبارەبۆ بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی فڕنی نانەوای دادەنێت ودەست دەکات بەکارەکەی خۆی، تەها خەباز لە (٢٠٠٨/٦/١٣) بەنەخۆشی لەشارهەولێرکۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، تەها خەباز (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (فەخریە ، ژیان ، پەیمان) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (دڵشاد ، ڕەشاد ، سەربەست ، سەردار ، لارزۆ) .


٣٠٣- سیدا ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد :- ناسراو بووە بە (سیداحاجی برایم) سیدا لە ڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، سیداحاجی برایم لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزبووە ، سیدا لە سەرکوردایەتی وشۆرش وپێشمەرگەو سیاسەت وحزبایەتی زۆر ئازاری چێشتووە، لە ساڵی (١٩٤٦) لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی لەکۆماری مەهاباد بەشداری کردوە ، هەروەها بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردوە ، کوڕێکی بەنای (کەمال) لە ساڵی (١٩٦١) شەهید کراوە لە ساڵی (١٩٦٤) لە شاری ڕواندز لەسەر سیاسەت دەسگیر دەکرێت، بۆماوە (٧) ساڵ دەخرێتە زیندان لەبەندیخانەی شاری ڕواندز دوای دەگوازرێتەوە بۆ بەندیخانەی شاری هەولێر دوای یەک مانگ لەشاری هەولێر دەگوازرێتەوە بۆبەندیخانەی عمارە ، لەم بەندیخانەیەش لە دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە عمارە دەگوازێتەوە بۆبەندیخانەی نوگرە سەلمان لەوێ حوکم دەدرێت واتەبەندی دەکەن بۆ (تاهەتایە) ، لەنوگرە سەلمان دەمێنێتەوە ، دوای (٤) چوارساڵ بەرلێبوردنی گشتی دەکەوێت، لە زیندان ئازاد

دەکرێت ودەگەڕێتەوە بۆناوماڵ ومنداڵی خۆی لەشاری ڕواندز ماوەیەک دەیەوێت کارو کاسبی بکات وازلە سیاسەت دێنێت ، بەڵام لە بەرباروودۆخی ناوچەکە چاودێری دەکرا لەفەرمانگەی ئەمن وئیستخبارات ، بۆیە خۆی پێ ڕانەگیراو نەبادا دووبارە دەسگیری بکەنەوە ، بەشەوخۆی دەگەینێتە ناوچە ئازاد کراوەکان و دەڤەری باڵەکایەتی دەبێتە پێشمەرگە، لە گەلاڵە بەلام بەداخەوە لەڕێکەوتی (١٩٦٩/٣/٢١) لەسەر پردی گەلاڵە دەکەوێتە بەرهێرشی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق ، زۆر بە سەختی بریندار دەبێت یەکسەردەگەیەنرێتە شاری (پیران شەهر) واتە خانە دوای (٢) دووڕۆژ لەبەرسەختی برینەکەی لەڕێکەوتی (١٩٦٩/٣/٢٣) لە نەخۆشخانەی پیران شەهرکۆچی دوای دەکات ، ڕوحی شاد بێت سیدا ئەحمد ئیبراهیم (٦) شەش کوڕی هەبووە بەناوەکانی (جەمال ، کەمال ، جبار ، جەلال ، جەهانگیر ، دلێر) .

٣٠٤- ئەحمد محمود قادرمحمود:- ناسراوبووەبە (حاجی ئەحمد پێ نەرمۆکە) حاجی ئەحمد لە ڕێکەوتی (١٩٢٢/٧/١) لەگوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، حاجی ئەحمد لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزبووە ، حاجی ئەحمەد فەرمانبەری میری بووە لەسەربازگەی حامیەی ڕواندز بەناونیشانی نانەوا ، ڕۆژانە نانی بۆئەفسەرو سەربازەکانی نەخۆشخانەی سەربازی حامیەی ڕواندز دروست دەکرد، لەم کارەی بەردەوام بووە تا ئەوکاتەی لەڕێکەوتی (١٩٨٥/٧/١) خانەنیشن دەکرێت، حاجی ئەحمەد مرۆڤێکی هێمن و زۆرنەرم ودڵساف وقسە خۆش وقسەزان بووە ، هەروەها پیاوێکی ڕاسگۆوباوەڕ پێکراو ولەسەرەخۆو نەرم وعلیم لەکاتی قسەکردن زۆر لەسەرخۆبووە، هەر بۆیە بە حاجی پێ نەرمۆکە ناوی دەرکردبووە ، گەلێک جارلەسەر کوردایەتی لەشوێنی کارکردنی خۆی لە سەربازگەی حامیەی ڕوانـدز، ئەفسەرو سەربازەکانی ئیستخباراتی عەسکەری کێشەوگرفتیان بۆ دروست دەکرد، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕوانـدزو سەر وەزیفەکەی خۆی لە نەخۆشخانەی سەربازگەی حامیەی ڕواندز ، تا ساڵی (١٩٨٥) خانەنیشن دەکرێت، حاجی ئەحمەد لەڕێکەوتی (٢٠١٥/١٢/٢٧) بەنەخۆشی لە شاری ڕوانـدز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی ئەحمەد (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (خـدر ، قـادر ، مـوسـا ، عیسا ، محمد) .

٣٠٥- مەلا عەزیزقادر ئیبراهیم :- ناسراو بووە بە (مەلا عەزیز نجار) لە ساڵی (١٨٩٨) لەدایک بووە، مەلاعەزیز لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە .چەندین جارلە سەرکوردایەتی توشی گرتن وکێشە وگرفت وئاوارەی بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز دوکانی خەیاتی دادەنێت جل وبەرگی پیاوان وەک کولتەک وشلوارو ڕانکو چۆغەوقەمیسی دەدوری ، هەروەها لە دوایدا دوکانەکەی دەگۆڕێت بۆکاری دارتاشی واتە (نەجاڕی) دەست دەکات بەدرووستکردنی کەونتەرو دەرگاو پەنجەرەو مێزوکورسی و سندوقی نوێنان، مەلا عزیز نەجار جگە لەم کارانە کاری چەخماخ چیەتیشی دەزانی وەک چاککردنەوەی تفنگ دەمانچە دەستکاری دەرزی چەکەکانی دەکرد، هەروەها دروست کردن داری تفەنگ وقۆنداغی تفنگ ودەمانجە مەلا عەزیزکەسێکی زۆر زیرەک وبەتوانا بووە ، زۆرکاری تری دەزانی هەروەها پیاوێکی هێمن ولەسەرە خۆوقسەزان و ڕۆشنبیرو ئاقڵ بووە ، هیچ کارێکی لەبەردەست حاسێ نەدەبوو، مەلا عەزیز لەساڵی (١٩٩٠) لەشاری ڕواندزبە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، مەلا عەزیز (٢) دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (قــادر ، عــەزیز) .

٣٠٦- قــادرمەلاعزیز قــادر:- ناسراو بووە بە (قادرئاغا) (یان قادرئاغای مەلاعزیز) لەڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، قادرلەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزە ، لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت وڕاوەدونان بووە ، لەکاتی خۆیدا قادرمەلا عەزیز فەرمانبەری فەنی بووە ، لەسەرسکەی قیتارلە شاری بەغداد ، کاری ئەوتەنها چاککردنەوەی سکەی قیتاربووە، لە ناوشاری بەغداد ودەرەوەی بەغداد ئەوجا لە بەرهۆکاری سیاسی بارو دۆخی عێراق وازی لەم کارە دەهێنێت و دەگەڕێتەوە شاری ڕوانــدزلەگەڵ باوکی کاری دارتاشی وچەخماغچیەتی دەکات ، دوای بە تەنها دوکانی چەخماغ چیەتی دادەنێت تا ئێستاکەش لە کارەکەی بەردەوامە قادرمەلا عەزیز پیاوێکی زۆر زیرەک وئاقل وتیگەیشتی وڕۆشنبیر وقسەزان و بەخزمایەتی بووە ، لەکاری وەستاقادر کەسێکی


قادر مەلا عەزیز

بەتواناو زیرەک بووە هەموو کارێک دەزانی بەتایبەتی پیشەی بەرگدوری ودارتاشی وچەخماغ چیەتی، هەروەها وەستا قادر پیاوێکی قسەخۆش مەدریس خۆش وخاوەن کەسایەتی خۆی بووە، قادرمەلا عەزیز تائێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە لەژیانداماوە لەسەرکارەکەشی بەردەوامە، قادرمەلاعەزیز (٤) چوارکوڕی هەبووە بەناوەکانی (فەیسل، کامەڕان ، نەریمان ، سیروان)

٣٠٧:- محمد حمدئەمین ئیبراهیم :- ناسراوبووە بە (محمد قەندۆ) لەڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لە گوندی کانیەقوڕی شاری ڕواندز لەدایک بووە، محمد قەندۆ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لە شۆرشی ئەیلول یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە قارەمانەکانی کوردستان و شاری ڕواندزلە ساڵی (١٩٧٤) لە بەرەکانی شەڕی کۆڕەک وگۆڕنۆک وداره هیشک و شاخی بێخاڵ بەرگری لەخاکی کوردستان وشاری ڕواندز کردوە، محمد قــەندۆلە ساڵی (١٩٧٧) لەفەرمانگەی شارەوانی ڕواندز بەفەرمانبەر دامەزراوە بەناونیشانی (پاسەوان) ئەوکاتی کەدامەزراوە توانیویەبەرێک وپێکی دەوامی خۆی ئەنجام داوە، تائەوکاتەی تەمەنی دەگاتە (٦٣) ساڵ لە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٧/١) خانەنیشن دەکرێت، محمد قەندۆ پیاوێکی لەسەرەخۆ وهێمن ودەم بەخەندە وپێکەنین وقسەخۆش قسەزان وزیرەک بووە، لەکاتی لاویدا، بەتایبەتی لەئیش وکاری کشتوکاڵی وەک داچاندنی گەنم وجۆ نیسک ونۆک ودانانی ڕەزوباخ کەسێکی بەهێزوجوتیارێکی کارامەو زۆربەتوانا بووە، چەندین ڕەزی ترێ داناوە، بەرەکەشی لێی کردۆتەوە، بۆخواردن و بۆ فرۆشتن ، لە وەرزی هاوین بەرەکەی هەندێکی بۆخۆی دەخوارد، ئەوەی تریشی لەبازاڕی شاری ڕواندز دەفرۆشت و ساغی دەکردەوە، موحەمەد قەندۆلە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/٢٣) لەشاری ڕوانــدزکۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی کانیەقوڕ بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، محمدقەندۆ (٧) حەوت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ڕەسول ، نەبی ، حوسێن ، عەلی ، عەباس ، عومەر ، ڕزگار) .



**محمد قەندۆ**

٣٠٨- ئیبراهیم حمدئەمین ئیبراهیم:- ناسراو بووە بە (برایم ئەفەند) ئیبراهیم لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕواندزلـەگوندی کانیەقوڕلـەدایک بووە، برایمە فەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، برایم ئەفەندی لەشۆڕشی ئەیلول یەکێک بووە لە پێشمەرگە دڵسۆزو ئازاو قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٤) برایمە فەندی لەشەرەکانی چیای کۆرەک وگۆڕنۆک وشاخی پشتی بێخاڵ بەشداری کردوە ، لەگەڵ فەرماندە سید سەلیم ئەو پیاوە دلسۆزە بەرگری لەشارەکەی خۆی کردوە، تادوژمنی داگیرکەربەقاچە پیسەکانی نەتوانیت شاری ڕواندز داگیری بکات، برایم ئەفەندی لە پێشمەرگایەتی خۆی بەردەوام بووە تا ئەوکاتەی شۆڕشەکەیان تێکدا، ئەوجا لەساڵی (١٩٧٥) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە شاری ڕواندز، دەستی کردوە بە (فەلاحەتی) وداچاندنی کشتوکاڵ و ڕەزو باغ بێستان بۆ بەرهەم هێنانی ترێ و هەنجیروهەنار، لەبێستانیش گندۆرەوخیاروتەرۆزی بەرهەم دەهێنا بەروبومەکەی بەشێکی بۆخۆی دەی خوارد بەشەکەی تریشی لەبازاری شاری ڕوانـدزساغ دەکردەوە، برایم ئەفەندی لەساڵی (١٩٧٩) بە فەرمانبەرخۆی دادەمەزرێنێت لەبنکە وەرزش و لاوانی ڕواندز، بە ناونیشانی (پاسەوان) لە ساڵی (٢٠٠١) خانەنشین دەکرێت، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیانداماوە لە گەڕەکی کانی شاری ڕواندز دادەنیشێت، ئیبراهیم حەمەدئەمین (٩) نۆ کچی هەبووە بەناوەکانی (خەجیجە ، حلیمە ، شوکریە ، حبیبە ، نەحیبە ، جوان ، سەیران ، ڕۆژان ، ئەژین ) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕ بەناوەکانی (یونس ، ئیدریس ، هێمن ، هیوا ، هەڵمەت ، بڕوا) .




**ئیبراهیم حمدئەمین ئیبراهیم**

٣٠٩- کمال حەسەن ئەسعەد خەیلانی:- ناسراوبووە بە (کەمال مەلاحەسەن) کەمال لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕوانـدزلە دایک بووە ، کەمال مەلا حەسەن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق لێبودنی گشتی ڕاگەیاند بۆ ئاوارە کوردەکان لە ئۆردوگاکانی ئێران کەبگەڕێنەوە سەر ماڵ وموڵکی خۆیان لەکوردستانی عێراق، بۆیە دووبارە کمال حەسەن خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندزدەگرێتەوە بۆ شاری ڕواندز کەمال مەلاحەسەن کەسێکی زۆر هێمن و لە سەرەخۆو قسە خۆش بەخزمایەتی بووە ، هەروەهامرۆڤێکی بەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە ، فەرمانبەری میری بووە، لەڕێکەوتی (٢٠١٧/٦/٤) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە ، ڕوحی شادبێت کمال (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئـازاد ، چـالاک) .



**کمال ملاحەسەن**

٣١٠- حاجی تاهیرمەلا ئەحمەد حمد:-ناسراو بووبە (حاجی تاهێر) حاجی تاهێر لە ساڵی (١٨٩٠) لە شاری ڕوانـدز لە دایک بووە، حاجی تاهیر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر وکەسایەتی شاری ڕوانـدز، حاجی تاهیر پیاوێکی هێمن وزۆرزان وقسەخۆش وڕۆشنبیرو مەدریسخۆش وبەخزمایەتی بووە ، هەروەها کە سێکی سیاسی وتێگەیشتی وزاناوسیاسی ودەم بەخەندە و پێکەنین و خێرخوازو هەژاردۆست وئەهلی مزگەوت وجماعەت بووە، حاجی تاهیرزۆرحەزی لەباغ وباغات وکشتوکاڵ دەکرد حاجی تاهێر لەپێش ماڵی خۆی باخچەیەکی زۆرگەورەی دروستکردبووە، لە باغەکەیدا



**حاجی تاهیر**



**بنەماڵەیی حاجی تاهیر ڕوانـدز**

لە ئەنواعی سەوزە ومیوەی تێدا چاندبووە، حاجی تاهیر ڕۆژانە لە ناو باخچەکەی خۆی دەسوڕایەوەو کاری تیا دەکرد، دەی ووت کە ئێواران دەچم بۆ ناو باخچەکەم زۆر دڵخۆش دەبم ، حاجی تاهیرخاوەنی دیواخانی خۆی بووە، زۆرحەزی لەمیوان دەکرد، بە دائم میوانی هەبووە، حاجی تاهێرلە ساڵی (١٩٥٩) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی تاهیر (٢) دووکوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (حەسەن، حوسێن) .

٣١١- حەسەن تاهیر مەلا ئەحمەد حمد:- ناسراو بووە بە (حەسنی حاجی تاهیر) حەسەن لە ڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە شاری ڕواندزلەدایک بووە، حەسەن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حەسن حاج تاهیرمرۆڤێکی ئاقل وتێگەیشتی وزانازوڕۆشنبیروسیاسی وزیرەک وبەتوانا بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) لە بەرباردۆخی سیاسی حەسەن خۆیی وخێزانەکەی شاری ڕواندزجێ دەهێڵێت وڕووله شاری بەغداد دەکات، لەم شارە نیشتەجێ دەبێت تاکۆچی دوای دەکات، هەروەها حەسەن کەسێک قسەزان وزۆر قسەخۆش بووە، لەوکاتەی کە لە شاری ڕواندز بووە تا چۆتە شاری بەغداد ماڵی حەسن بە دائیم شوێنی میوان ودۆست وهاوڕێکانی بووە، هەروەها حەسەن کەسێکی هەژاردۆست وخێرخواز بووە ، مرۆڤێکی بەخزمایەتی ومەدریسخۆش وزۆر ڕێزی میوانی دەگرت، حەسەن حاجی تاهێرلە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٩/٦) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری بەغداد کۆچی دوای کردوە، هەر لەم شارەش بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حەسن حاجی تاهێر (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سەردار ، سەپان ، کاکە ڕەش ، کاکە سۆر) ،

٣١٢-حوسێن حاجی تاهیر:- ناسراو بووە بە (حوسێنی حاجی تاهیر) حوسێن لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حوسێن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حوسێن برای حەسەن حاجی تاهیرە کەسێکی سیاسی و زۆر تێگەیشتی و ئاقڵ و زانا و ڕۆشنبیربووە، لەکاتی خۆی حوسێن لە سەر سیاسەت و کوردایەتی چەندین جار توشی کێشەوگرفت وگرتن و ئاوارەی بووە، هەروەها حوسێن پیاوێکی زیرک وبەتواناوخێرخوازو هەژار دۆست بووە، بە دائم میوانی هەبووە زۆر حەزی لە میوان بووە و ڕێزی لە میوانەکانی خۆی دەگرت، حوسێن یەکێک بووە لە خانەدانەکانی شاری ڕواندز خەڵکی شاری ڕواندز

زۆر خۆشیان دەویست لەبەرچاکەو پیاوەتی ئەو بەرێزە کە بەرامبەربەخزم وکەس وکارودۆست وهاوڕێیان وخەڵکی خۆی دەکرد، حوسێن لەساڵی (١٩٩٥) بەنەخۆشی لەشاری بەغداد کۆچی دوای کردوە، ڕوحی شادبێت، حوسێن (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (دلاوەر ، دلێر ، دارۆ، دڵدار) .

٣١٣- محمد مەلا ئەحمەد حەمەد:- ناسراو بووە بە (محمد پڵینگ) یــان (حاجی پڵینگ) محمد پڵینگ لە ڕێکەوتی (١٩٠٢/٧/١) لەشاری ڕوانــدزلە دایک بووە ، محمد پڵینگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی پڵینگ مرۆڤێکی ڕاستگۆودەم ڕاست وباوەڕ پێکراوبووە، دەڵێن لەکاتی ڕاوکردنی ئاژەڵی پڵینگی کوشتوە بۆیە لەو ڕۆژەوە ناوی بە محمد پڵینگ دەرچووە، هەروەها محمد پڵینگ وەستای دیواری خانووبەرەبووە، وەستایەکی زیرەک وکارامە بووە، موحەمەد مرۆڤێکی خوێندەوارورۆشنبیروقسەزان وقسەخۆش ونووکتەچی بووە ، زۆرحەزەی لە قۆشمە وسوعبەت دەکرد، بەتایبەتی لە گەڵ هاوری ودراوسێکانی خۆی زۆرباش بووە، هەموودەم دەي ووت لای من یەکەم خوا دووەم جیرانی باش چونکە جیرانی چاک وەک براوایە، محمد پڵینگ لە ڕۆژێکی گەرم وهاویندا لەکاتی کارکردندا کە دیواری ماڵی خۆی دروستکردن دەکرد لەسەر دیوار لە ناکاوسەری دەسوڕێت یەکسەر دەکەوێتە خوارەوە گیانی لەدەست دەدات واتە محمد پڵینگ لەساڵی (١٩٦٣) کۆچی دوای دەکات وماڵئــاوای لەخزم و کەس وکاروشاری ڕواندز دەکات ، لە گۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت موحەمەد پڵینگ (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (عبدالله ، گەزۆ ، شێرۆ) .

٣١٤- عبداللەعەلی ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (مەلاعەلی) مەلاعەلی لەڕێکەوتی (١٩٢٢/٧/١) لەگوندی فەقیانی سەربەقەزای ڕوانـدزلە دایک بووە، مەلاعەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانــدز، عبدالله عەلی لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت بووە ، مەلاعەلی مرۆڤێکی قسەخۆش وزۆرهێمن ولەسەرەخۆبووە ، هیوایەتی سەرکەوتنی شۆڕش و پێشمەرگەی کوردستان بووە، هەروەها عبدالله پیاوێکی کاسبکاربووە، بۆ بژێوی ژیانی خۆیی وماڵ ومنداڵی دوکانی شەکەرات وعەتاری لە ناوبازاڕی شاری ڕوانــدز هەبووە، ڕۆژانە سەرقالی کاسبی بووە لەدوکانەکەی خۆی، مەلاعەلی هەرچەندە پیاوێکی بەتەمەن بوو بەڵام زۆر بە خزمایەتی مرۆڤ دۆست بووە، هەرکاتێک دەچویتە لای



عبداللەعەلی ئەحمەد

لە دوکانەکەی کە قسەی دەکرد لە قسەکانی تێرنە دەبووی، کەسێکی زۆر دەم بەخەندەو پێکەنین بووهەرحەزت دەکرد گوێ لە قسە خۆشەکانی ڕابگریت، زۆربەداخەوە لەڕێکــەوتی (١٩٨٧/٩/٧) لە شاری ڕواندزدەستێکی ڕەش وپیس وچەپەڵ وپیاوکوژ نامەردانە لە درەنگانی شەو لەماڵەکەی خۆی دەی بێ سوج وگوناح دەیکوژن بێ ئەوەی هیچ زیانی بەکەس گەیاندبێت، ئینجا تەرمەکەی لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، مەلاعەلی (٤) چوار کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (نەجیم ، جەبار ، کەریم ، پیشتیوان) .

٣١٥- ئەحمەد ڕەشید ئەحمد ئیبراهیم :- ناسراو بووە بە (مام ئاغا) یان (ئاغای ڕەشید ئاغای ) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مام ئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مام ئاغا پیاوێکی هێمن و زیرەک وقسەزان وخوێندەواروڕۆشنبیربووە ، فەرمانبەری حکومەت بووە، بە ناونیشاانی ڕەزام لەفەرمانگەی مالیەی قەزای ڕواندز، لە کارەکانی وەزیفەکەی خۆی کەسێکی بەتواناو زیرەک بووە، مام ئاغا لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دووبارە گەڕاوەتەوە شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی ، مام یاغا بەواستای وەزیفەکەی لەڕێکەوتی (١٩٨٢) ماڵی لە شاری ڕواندز گواستۆتەرە بۆ شاری سۆران، مام ئاغالە ڕێکەرتی (١٩٩٤/٧/٢٤) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری سۆران کۆچی دوای کردووە، لەکاولۆکان گۆڕستانی (مەلاوسوشێخان) بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت مام ئاغا (٥) پێنج کچ و (٣) سێ کوڕی هەبووە ، کوڕەکانی بەناوەکانی (فواد ، نەهرۆ ، فەیسڵ ) .

٣١٦- عبدالله محمد مەلا ئەحمەد حەمەد:- ناسراوبووە بە (عبدالله پڵینگ) عبدالله لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لە شاری ڕوانــدز لە دایک بووە، عبداللەپڵینگ لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە ، عبدالله مرۆڤێکی زیرەک وبە توانا وڕۆشنبیربووە عبداللەپڵینگ فەرمانبەربووە لە فەرمانگەی (نفوسی) قەزای ڕواندز بە ناونیشانی (نوسەر) واتە (کاتب نفوس) بووە، عبدالله پڵینگ لەکارەکانی خۆی

کارمەندێکی هێمن وباش بووە کاروباری هاولاتیانی زۆربە جوانی وڕێک وپێکی بەڕێ دەکرد ، دەستخەتی زۆرجوان بووە، خەڵکی لێی ڕازی بووە کاری خەڵکی زۆرئاسان دەکرد لەکاتی دەرهێنان ونوێ کردنەوەی ناسنامە (نفوس) عبداللە پڵینگ جگە لەوەزیفەکەی خۆی لەکاتی خۆی چایخانەوچێشتخانەی هەبووە لە ناو بازاڕی شاری ڕواندز، لەچێشتخانەکەی خۆی برنج وتکەو کەبابی دەفرۆشت، عبداللە پڵینگ پیاوێکی زۆر کاسبکار بووە، بۆبژێوی ژیانی خۆی وماڵ ومنداڵەکانی هەمووجۆرەکارو کاسبی دەکرد، عبداللە پڵینگ کەسێکی قسەخۆس ودەم بەخەندەو پێکەنین وهیمن وقسەزان و بەخزمایەتی بووە، لەڕێکەوتی (١٩٩٦/٥/١) لەماڵەکەی خۆی بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت عبداللەپڵینگ (٢) دووکوڕی هەبووە بەناوەکانی (سەرکەوت و هەڵکەوت) .



**عبداللە پڵینگ**

٣١٧- شێرۆ موحەمەد مەلا ئەحمەد حەمەد:- ناسراوبووە بە (شێرۆ پڵینگ) لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، شێرۆپڵینگ یەکک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، شێرۆپڵینگ کەسێکی زۆرهێمن وقسەخۆش وبە خزمایەتی بووە، لە گەڵ دراوسێکانی وەک هاوڕێ وبراوخزمی خۆی نیشان دەدا شێرۆپڵێنگ زۆرحەزی لە سەرکەوتنی پێشمەرگە وئازاد کردنی خاکی کوردستانی دەکرد، لەبەردڵسۆزی چەندین جارتوشی گرتن وکێشەوگرفت بۆ دروست بووە، شێرۆپڵێنگ کەسێکی زۆرکاسب بووە، دوکانی وێنەگری ڕەش وسپی هەبووە، لە شاری ڕواندز، شێرۆپڵێنگ وێنەگرێکی زۆر زیرەک وبەتواناوکارامە بووە لەپیشەی وێنەگری، هەروەها شێرۆ پڵێنگ کەسێکی پێشمەرگەوشۆڕشگێڕو سیاسی وڕۆشنبیروئازاوچاونەترس بووە ، بەداخەوە لەڕێکەوتی (١٩٩٦/٨/٢٨) لەشەڕی ناوەخۆ لە بناری چیای هەندرێن دەکوژرێت تەرمەکەشی لە گۆڕستانی گەردەگەرد




**شێرۆپڵێنگ**

بەخاکسپێردروە، ڕوحی شادبێت شێرۆپڵینگ (٥) پێنج کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (محەمەد ، نەبەز ، زیرەک ، عەلی ، نیاز) .

٣١٨- ڕەمەزان حمدئەمین ڕەسول:- ناسراو بووە بە (خار ڕەمەزان ) لەڕێکـەوتی (١٩٤٦/٧/١) لەگوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕوانـدز لە دایک بووە، خار ڕەمەزان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی و شاری ڕواندزو دەوروبەری خاڵ ڕەمەزان لە سەرکوردایەتی چەندین جار تووش کێشەوگرفت ودەربەدەری ونەبوونی بووە، خاڵ ڕەمەزان کەسێکی وهێمن ومەدریسخۆش وقسەزان و قسەخۆش وکاسبکاروەستای خانووبەرەبووە، خارڕەمەزان لە کاری وەستای خۆی کەسێکی زۆر کارامە وئیشوکاری زۆرجوان بووە ، خاڵ ڕەمەزان ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە، توشی نەخۆشی بووە، چاوی باش نابینێت بۆیە تواناى کارکردنی نەماوە، خار ڕەمەزان (٢) دوو کوڕی هەبووە بە نـاوەکـانی (فتـاح ، حمدئەمین) .

٣١٩- عبدالله زرارعەلی ئەفندی :-ناسراوبووە بە (عـەدیل ئاغا) عەدیل ئاغا لە ڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، عەدیل ئاغا لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕوانـدزبووە، عەدیل ئاغا لە سەرکوردایەتی چەندین جارتووشی گرتن وکێشەوگرفت بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکە لە گەڵ خەڵکی شاری ڕوانـدز ئاوارەی دەوڵەت ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕوانـدزوسەر کارو وەزیفەکە خۆی، عەدیل ئاغا پیاوێکی هێمن وقسەخۆش وتێکۆشەروڕۆشنبیروقسەزان کارپێکراوبووە ، گەلێک جارئەگەرکەسێک کارێکی لە دام ودەزگاکانی میری بۆ نەدەکرا ئەوبەڕێزە کارەکەی یان کێشەی بە قسەی خۆش ونەرم لەگەڵ فەرمانبەری فەرمانگەکان قەناعەتی پێ دەهێنان کارەکەی بۆکەسەکە چارەسەردەکرد، هەربۆیە عەدیل ئاغا بەکەسێکی ناسراوقسەزان ناسرابووە، هەروەها عدیل ئاغا دوو جارلە شاری ڕواندز بە ئەندامی ئەنجومەنی شاری ڕواندز هەڵبژێردراوە، ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە نەخۆشە لەماڵەوە لە سەرجێگا کەوتووە، خوای گەورە شفای بۆ بنێرێت. عدیل ئاغا لە شاری هەولێرنیشتە جێیە، هیچ کوڕی نەبووە، تەنها (١) یەک کچی هەبووە، تەمەن درێژ بێت.

٣٢٠- مامۆستا حوسێن تاهێرنەبی:- ناسراو بووە بە (مامۆستا حوسێن تاهێر) مامۆستا حوسێن لە ڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستا حوسێن تاهێرلە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، مامۆستا حوسێن مامۆستایەکی چالاک وزیرەک وقسەزان وهێمن ورۆشنبیر بووە. لە سالانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتای کوڕان لە ساڵی (١٩٧١) قوتابخانەکەی ناوگۆڕا بۆ قوتابخانەی پاشای کۆرە ، لەساڵی (١٩٧٨) دووبارەناوی گۆڕا بۆ قوتابخانەی پاشای گەورە، مامۆستا حوسێن تاهێر تاساڵی (١٩٨٥) لەم قوتابخانە خزمەتی بە قوتابیان وقوتابخانەی پاشای گەورەو شاری ڕواندز کردوە ، حوسێن تاهیرمامۆستایەکی زۆر زیرەک وبە ئەزموون بووە، قوتابی باش لێی تێ دەگەیی مامۆستای بیرکاری بووە، مامۆستا حوسێن لە سەرکوردایەتی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوەبۆ شاری ڕواندزوسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەمامۆستای سەرەتای بووە. لە ساڵی (١٩٨٥) لە بەربارودۆخی سیاسی شاری ڕواندزوناوچەکە خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر لە یەکێیک لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر بە مامۆستا دەوام دەکات، لە ڕێکەوتی (١٩٩٧/٧/١) خانەنیشن دەکرێت. مامۆستا حوسێن تاهێر لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٢/٢٠) لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات.لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مامۆستاحوسێن (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی ( دلشاد ، نیاز ، سامان) .



**مامۆستا حوسێن تاهێر**

٣٢١- جەبارجمیل جرجیس :- ناسراو بووە بە (جەبار جمیل) لەڕێکەوتی (١٩٤٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، جەبارجمیل یەکێک بووە لەکەسایەتی شاری ڕواندز، جەبارجەمیل پیاوێکی قسەزان وسیاسی ورۆشنبیر بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی



**جەبارجمیل جرجیس**

وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز ماوەیەک لەشاری ڕواندز دەمینێتەوە لەبەربێکاری ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەوشارە نیشتەجێ دەبێت، دەبێتە مەفرەزەخاسەپلەو پۆستێکی گەورە لەحکومەتی عێراق وەردەگرێت لە ڕێکەوتی (١٩٩١/١/٢٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت جەبار جەمیل (٢) دوو کچی هەبووە بە ناوەکانی (پەیمان، پەریشان) هەروەهالەگەڵ (٤) کوڕبەناوەکانی (جەمیل ، شەهید ، هەڤاڵ ، دەرباز) .

٣٢٢- عزیزحاجی مستەفا سەفار:- ناسراو بووە بە (عزیزئەفەندی زڕاعەی) لە بەرئەوەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی ڕواندزبووە، عەزیزحاجی مستەفا لەڕێکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، عزیز ئەفەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدز، عزیز ئەفەندی مرۆڤێکی تێگەیشتی وقسەزان وڕۆشنبیروبە ئەزموون بووە، عەزیزلەکاتی خۆیدالەسەرکوردایەتی زۆر جارکێشەوگرفتی بۆدروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕوانــدز عەزیزئەفندی لە بەرزیرەکی وتوانا خۆی لە ساڵی (١٩٧٦) دەبێتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی قەزای ڕوانــدز، لە ساڵی (١٩٨٣) خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یەلەژیاندا ماوە لەشاری هەولێرە دادەنیشێت، عزیزحاجی مستەفاسەفار (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (ئەرخەوان ، ئاریان ، ئالان ، ئەژین ، ئەڤین) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بە ناوەکانی (ئەردەلان ، گەیلان ، محمد) .



**عزیزحاجی مستەفا**


٣٢٣-حەسەن خدرمەولود:- ناسراو بووە بە (حەسەن گۆران) حەسەن گۆران لە ڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە گوندی ئاکۆیانی سەر بە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، حەسەن گۆران یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەرەورو کەسایەتی شاری ڕواندزو دۆڵی ئاکۆیان و دەوروبەری ، حەسەن گۆران مرۆڤێکی دەم بەخەندەو پێکەنین نوکتەچی وقۆشمە چی مرۆڤێکی زۆرڕاستگۆهێمن وباوەڕی بەبەرامبەرەکەی خۆی هەبووە، لە هەرمەدریسێک بایە مەدریسەکەی جۆش دەداوخەڵکی بەپێکەنین دەخست هەروەها، حەسەن گۆران لە شارەوانی ڕواندز فەرمانبەربووە، زیاتر لە (٢٠) ساڵ خزمەتی شاری ڕواندزی کردوە، لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/٧/١) خانەنیشن کراوە، حەسەن گۆران لەڕێکەوتی (١٩٩٥/٤/١٤) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حەسەن گۆران (٤) چوارکوری هەبووە، بەناوەکانی (ئیسماعیل ، ئیبراهیم ، لوقمان ، حەکیم) .



**حەسەن گۆران**

٣٢٤- حوسێن محمد ئەمین جۆلا :- ناسراو بووە بە (حوسێن جۆلای) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لە گوندی ئاکۆیانی سەر بە قەزای ڕواندزلەدایک بووە، حوسێن جۆلا لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانــدزودۆڵی ئاکۆیانە، حوسێن جۆلا لەساڵی (١٩٥١) لە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی لە جیاتی سەربازی خۆی دەکات بەپۆلیس واتەبۆتە (شوڕتە) ی حکومەتی عێراق ، بۆماوەی (١٥) ساڵ لەساڵی (١٩٦٦) خۆی خانەنیشن کردوە، حوسێن جۆلا لەسەرکوردایەتی زۆرجارتووشی دەربەدەری وگرتن وڕاوەدونان وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبن بۆماوەی (٢) دوو ساڵ دوای دەگەرێتەوە بۆکوردستان وشاری ڕوانــدز حکومەتی بەعسی یەکسەرخۆیی وخێزانەکەی نەفی دەکات بۆ خواروی عێراق هەر لەبەرئەرەی لەئاوارەی درەنگ گەڕاونەتەوە ، حوسێن جۆلا پیاوێکی هێمن وقسە خۆش ولەسەرە خۆ وقسەزان و کەسێکی ڕۆشنبیروخوێندەواربووە. ئێستاکە دانیشتوی شاری ڕواندزە و لە ژیاندا ماوە کە ساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە نەخۆشە بە ئەستەم گوێی لە قسەکانی من دەبووە لە کاتی ئەم لێدوانەم لەگەڵ بەڕێزی کرد، خوای گەورە شفای بدات، حوسێن جۆلای (٤) چوارکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (خالید ، زرار ، زبێر ، لوقمان) .


٣٢٥- خدر حمدئەمین جۆلا :- ناسراو بووە بە (خدر جۆلا) حاجی خدرجۆلا لە ڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە گوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە. خدرجۆلا لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزودۆلی ئاکۆیان بووە، خدرجۆلا فەرمانبەری میری بووە لە بنکەی وەرزش ولاوانی ڕوانـدز بە ناونیشانی بەردەست. خدرجۆلا لە سەرکوردایەتی چەندین جار تووشی گرتن ودەربەدەری وڕاوەدونان وئاوارەی بووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دوای دەگەڕێتەوە، شاری ڕواندزبەلام حکومەتی بەعسی عێراق لێی ناگەڕێت بگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز یەکسەر بەخێزانەوە نەفی دەکات بۆ خواروی عێراق، ئەوجا بەهۆی عەفوی عام لە ساڵی (١٩٧٧) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز چەندین جارحکومەتی بەعسی عێراق کێشەوگرفتی بۆدروست دەکات هەروەها لەساڵی (١٩٨٨) کوڕێکی گەنجی لێ ئەنفال کراوە بە دەستی ڕژێمی بەعس عێراق، تا ئێستاکەش بێ سەروشوێنەبووە، خدرجۆلای لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/٤/٢٣) بە نەخۆشی لە شاری ڕوانـدزکۆچی دوای دەکات ، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت خدرجۆلا (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالله ، ڕزگار ، مەولان) .



**خدر جۆلا**

٣٢٦- حوسێن ئیبراهیم ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (مامۆستا حوسێن حاجی برایم) لە ڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حوسێن ئەفندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو کورد پەروەر وکەسایەتی ومامۆستاو زاناو ڕۆشنبیری شاری ڕوانـدز، مامۆستا حوسێن خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری ڕوانـدز تەواوکردوە لە ساڵی (١٩٥٧) چۆتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێرلە ساڵی (١٩٦٠) دامەزراوە بە مامۆستا لە ناحیەی حاجی ئۆمەران بۆ ماوەی یەکساڵ دوای گواستراوەتەوە بۆناحیەی گەلاڵە دوای (٢) دووساڵ لەگەلاڵە دەگوازرێتەوە بۆگوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز بۆ ماوەی یەکساڵ دوای دەگوازرێتەوە بۆگوندی کانیەقوڕدوای بە یەکجاری لە ساڵی (١٩٦٤) دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی زۆزکی

سەرەتایی کوڕان لە شاری ڕواندز، مامۆستا حوسێن (٣٨) سی وهەشت ساڵ ونیو خزمەتی پەروەردەوقوتابی وقوتابخانەکانی کردووە وەک مامۆستای قوتابخانە وسەرپەرشتیار لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/١) بەپلەی سەرپەرشتیارخانەنیشین کراوە، هەروەها مامۆستا حوسێن لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ، مامۆستاحوسێن ئێستاکە لەژیاندا ماوە کەساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە نیشتەجێی شاری هەرلێرە، مامۆستاحوسێن (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (ئاواز ، چنار ، نیگار) هەروەها لەگەڵ (٥) کوڕبە ناوەکانی (نەبــەز ، ئــاراز ، ئیبراهیم ، لالــۆ ، ڕێبــاز) هەروەها ئارازی کوڕەگەورەی کەسێکی ڕەوشت بەرزوکاسب وخێرخوازوهەژاردۆست بووە، لە ڕووی خێروچاکەوپیاوەتی زۆرکاری باشی بۆشارەکەی خۆی فەرمانگەکانی میری کردوە، تەمەن درێژ بیت.


**مامۆستا حوسێن**

٣٢٧- ڕەسول عبدالله ئەحمەد:- ناسراوبووە بە (حاجی ڕەسولی عدی) لە ڕێکەوتی (١٨٩٧/٦/١٢) لە گوندی کانیەقوڕی شاری ڕواندزلە دایک بووە، حاجی ڕەسول لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزوگوندی کانیەقوڕبووە، حاجی ڕەسوڵ لەسەرکوردایەتی چەندین جارڕەزوباخ وخانووی لە گوندی کانیەقوڕ سوتاوە، ئاوارەودەربەدەر کراوە، لە لایەن حکومەتی عێراق ، حاجی ڕەسوڵ خاوەنی زەوی وڕەزوباخێکی زۆربووە لە گوندی کانیە قوڕهەروەها حاجی ڕەسوڵ پیاوێکی زۆر زیرەک وبەهێزو بەتواناو کاسب بووە، هەموو ساڵێک بەدەستی خۆی جۆتی بەگایەکانی خۆی دەکردوزەوی دەکێڵان دەیکردە بە بیستان ودەغڵودان ڕەزی چاک دەکردن وپەرژینی دەکردن حاجی ڕەسوڵ تا لە ژیاندا مابووە، بەدەستی خۆی کاسبی بۆخۆی دەکرد، بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانی، هەروەها حاجی ڕەسوڵ مرۆڤێکی قسەزازو دونیادیتە بەخزمایەتی بووە ، زۆرسەربردەو داستان وچیرۆک ونوکتەی دەزانی کە دادەنیشت هەرحەزت دەکرد لە لای دابنیشیت


**ڕەسول عبدالله ئەحمەد**

وگوێی لە قسەخۆشەکانی بگریت، حاجی ڕەسوڵ لە ڕێکەوتی (١٩٩٧/٦/١٦) لەگوندی کانیەقورکۆچی دوایکردوەک لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی ڕەسوڵ (٣) کچی هەبووە بەناوەکانی (عائیشە ، ڕەندێ ، حلیمە) هەروەها لە گەڵ (٢) دووکوڕبە ناوەکانی (ئەحمەد ، قـــادر) .

٣٢٨- کەریم محمود ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (عەمید کەریم) لەڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عەمید کەریم یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، عمید کەریم خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە، هەروەها عەمید کەریم لە شۆڕشی ئەیلول وەک پێشمەرگە بەشداری کردووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆکوردستان بەڵام حکومەتی بەعسی عێراق یەکسەر نەفی دەکات بۆ خواروی عێراق بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان وشاری ڕواندز، عەمید کەریم (خەریج کولیەی عەسکەریەخوێندنی سەربازی لەشاری بەغداد تەواو کردوە ، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یەلە ژیاندا ماوە بەپلەی (عمید) دەوام دەکات لەشاری ڕانیە دادەنیشێت، عمید کەریم کەسێکی هێمن وقسەخۆش ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی ودۆست وبرادەر بووە، عەمید کریم (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (هاژە ، ئیڤان ، ئاریان) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕ بەناوەکانی (مەریوان ، کاروان) .



**عەمید کەریم**

٣٢٩- حیدەر قادر ڕواندزی:- ناسراو بووە بە (حیدەرقادر ڕواندزی) لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندزی لەدایک بووە، حیدەر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حیدەرقادر لەسەر کوردایەتی زۆرجارکێشەوگرفت وگرتن و بەندیخانە وئاوارەی بۆدروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکاروکاسبی خۆی، حیدەرقادر لەساڵی (١٩٧٦) چایخانەیەکی گەورەی لە بازاڕی شاری ڕواندز دانابووە، ڕۆژانە خەڵکیکی زۆرلەمامۆستاو فەرمانبەروکەسانی تر ڕوویان لەم چایخانە دەکرد، حەیدەر ئەم کارەی بۆبژێوی ژیانی خۆی وخێزانەکەی دەکرد، لەم چایخانە ڕۆژانە برەپارەیەکی بۆخۆی دابین دەکرد، حیدەر پیاوێکی هەزەلی ودەم بەخەندە و پێکەنین ونوکتەچی بووە، هەروەها کەسێکی کاسب وزیرەک وبەتواناو ڕۆشنبیرو مەدریس خۆش بووە، هەموودەم دڵخۆش وڕووخۆش بووە، جگە لەمەش مرۆڤێکی هەژاردۆست وخێرخواز بووە، حیدەرقادرڕواندزی زۆرهەزەلی و قسەخۆش وقۆشمەچی وقسەزان بووە، حیدەر لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٤/٢٨) لەشاری هەولێر بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حیدەرقادرڕواندزی (٣) کچی هەبووە بە ناوەکانی (سمبل ، کوردستان ، پەیمان) هەروەها لە گەڵ (٣) کوڕ بە ناوەکانی (وشیار ، پۆلا ، مزەفەر) .



**حیدەر قادر ڕواندزی**

٣٣٠- قادر ڕەسول عبدالله ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (قادری حاجی ڕەسول) قادرلە ڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لە گوندی کانیە قوڕی سەربەشاری ڕوانــدز لە دایک بووە، قادر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی گوندی کانیەقوڕوشاری ڕوانــدز بووە، هەروەها قادرکەسێکی دەم بە خەندەو پێکەنین وهێمن وله سەرە خۆ بووە، لە ساڵی (١٩٧٦) لە فەرمانگەی کارەبای شاری ڕوانــدز دادەمەزرێت بە ناونیشانی (عامل درج) دوای دوو ساڵ لە بەرزیرەکی خۆی ناونیشانی دەگۆڕێت بۆ عامل فنی کارەبائی) قادر لە کارەکانی خۆی فەرمانبەرێکی زۆرزیرەک ووریا بووە ، هەروەها لە ناو خەڵکی


قادری حاجی ڕەسول

شاری ڕوانـدز کەسێکی دیارو ناسراو خاوەن کە سایەتێکی بەهێزبووە، لە هەموو شین وشایەکانی شاری ڕوانــدز بەشداری دەکرد وەک کەسێکی زۆر تێکۆشەر ودڵسۆزی شاری ڕوانــدز ناسرابووە، بەداخەوە تەمەنی زۆر کورت بووە لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٧/١) لە گوندی بێخال لەسەرتاوەر کارەبا دەیگرێت و بەردەبێتەخوارەوە کۆتای بە ژیانی دێت، ڕوحی شادبێت، قادر (٣) کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (سەپان ، عومەر ، یوونس) .

٣٣١- سلێمان عبدالله سلێمان:- ناسراوبە (سلێمان موزەمید) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، سلێمان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لە ساڵی (١٩٦٠) لە نەخۆشخانەی شاری ڕواندز بەموزەمید دادەمەزرێت، سلێمان فەرمانبەرێکی زۆر زیرەک وبەتوانا بووە، بەتایبەتی لەکاتی دەوام کردن ودەرزی لێدان وبرین پێچی وتەداوی کردنی نەخۆشەکان ، سلێمان لەساڵی (١٩٦٦) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول وهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەکات ودەبێتە پێشمەرگە تا ساڵی (١٩٦٨) سلێمان لەسەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەوگرفت ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئیران بووە. بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە شاری ڕواندزو سەر کارو وەزیفەکەی خۆی لەنەخۆشخانەی شاری ڕواندزتا ساڵی (١٩٨٦) لەبەر بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو شاری ڕواندز نەی توانی چیترلە وەزیفەکەی خۆی بمێنێتەوە، خۆی خانەنیشن دەکات، سلێمان لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدەنگی خۆشەو کەسێکی زیرەک ودینداروئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە سلێمان (٧) حەوت کوڕی هەبووە بەناوەکانی (لوقمان ، بورهان ، گەیلان ، ڕضوان ، فەرمان ، کامەڕان ، کاروان) .


سلێمان عبدالله سلێمان



**مامۆستا صدیق حاجی**

٣٣٢- صدیق حمدئەمین ئیبراهیم عەوێز:- ناسراو بووە بە (مامۆستاصدیق) لەڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، مامۆستاسەدیق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا سەدیق مامۆستایەکی شێوەکارو زیرەک وزانا و ڕۆشنبیربووە، مامۆستا صدیق خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە لەساڵی (١٩٥٧) چۆتە خانەی مامۆستایان لەشاری هەولێرلەساڵی (١٩٦٠) دامەزراوە بە مامۆستا لەقوتابخانەی ڕواندزی سەرەتای کوڕان، مامۆستا سەدیق لەڕووی پەروەردە وفێرکردنی قوتابی مامۆستایەکی زۆر زیرەک وبەتوانا بووە، بەتایبەتی لە کاری خەت و شێوەکاری دەستێکی باڵای هەبووە، بەتایبەتی لە دروستکردنی وێنە و زەغرەفە مامۆستا سەدیق لەبەر بارودۆەغی شاری ڕواندز لەساڵی (١٩٦٨) ماڵی خۆی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەم شارە نێشتەجێ دەبێت، ڕاژەی مامۆستایەتی خۆی دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی (بابەتاهێری هەمەدانی) لەگەڕەکی زانیاری شاری هەولێر، مامۆستا سەدیق تائێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لەژیاندا ماوەولەشاری هەولێر دادەنیشێت (٢) کچی هەیەبەناوی (دلارام ، بێخاڵ) هەروەها لە گەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (هونەر ، دلێر ، دلاوەر ، هەندرێن) .

٣٣٣- سعدالله حمدئەمین ئیبراهیم عەوێز:- ناسراو بووە بە (مامۆستا سعدالله ئەفەندی) لەڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، سەعدالله ئەفەندی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕوانـدزە، مامۆستا سەعدالله مامۆستایەکی زیرەک وزاناو وانە بێژێکی بە تواناو ڕۆشنبیر وقسەخۆش وهێمن بووە ، مامۆستا سعدالله خوێندی سەرەتایی وناوەندی لەشاری ڕواندزتەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٥١) چۆتە خانەی مامۆستایان لەشاری هەولێربۆماوەی (٣) سێ ساڵ لە ساڵی (١٩٥٦) بە مامۆستایی قوتابخانەی سەرەتای دامەزراوە لەگوندی بلێ و بارزان بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ دوای گوازراوەتەوە بۆ گوندی بادلیانی سەربە ناحیەی دیانە دوای دووساڵ لەساڵی (١٩٦٠) دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتای کوڕان بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ لەساڵی (١٩٦٦) دەگوازرێتەرە بۆ قوتابخانەی زۆزکی

سەرەتای لەشاری ڕواندزلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٧) ماڵی خۆی لەشاری ڕواندزدەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر، لە ساڵی (١٩٩٧) خانەنیشین کراوە، تائێستاکە لەشاری هەولێر نیشتەجێ یە، بەڵام ماوەیەکە نەخۆشە لە ناوجێگا کەوتووە ، لە ژیاندا ماوە خوای گەورە شفای بدات، مامۆستا سعدالله (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (ئارەزوو) .

٣٣٤- حەسەن عبدالله مەلاشێخ :- ناسراو بووە بە (حەسەن عەمبار) لەڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لەگوندی فەقیانی سەر بەقەزای ڕواندز لە دایک بووە، حەسەن عبدالله مەلا شێخ یەکێک بووە لە بنە ماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حەسەن لەبەرئەوەی ئەوکاتی نەخوێندەواربووە باری ئابووریشی باش نەبووە، بۆیە دەست دەکات بەکرێکاری پیشەی عمباری ئەم کارەی لە زۆر کاروکاسبی ترپێ باشترو بە قازانج تر بووە، دیارە لەوکاتی لە شاری ڕواندز بە سودترین کاروکاسبی کاری عمباری بووە ، کە لە ناو بازاڕفەردەی ئاردو گەنم وبرنج هەموو کەل وپەلەکانیان بە پشت دەگواستەوە بۆماڵان کاری عەمباری بە هەمووکەس نەدەکرا لە بەرئەوەی کارێکی زۆرگران وناخۆش وزەحمەت بووە، بەڵام ئەوکات و زەمانی کاری عمباری لای خەڵکی شاری ڕواندزکارێکی زۆر پیرۆزبووە، حەسەن لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆ ماوەی یەکساڵ و نیوێک لە ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکاری خۆی ، حەسەن عمبارپیاوێکی سادەوهێمن وقسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین وقسەزان وزیرەک و بەهێزوتوانابووە، هەروەهاحەسەن جگەلەکاری خۆی فەرمانبەربووە ، لەقوتابخانەی پاشای گەورەی سەرەتایی کوڕان بەناو نیشانی (بەردەست) حەسەن لەڕێکەوتی (٢٠١٢/١٢/٥) بەنەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە ، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت حەسەن (٦) شەش کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (خالید ، وەلید ، مەغدید ، حمید ، عەزیز ، نیاز) .




**حەسەن عبدالله مەلاشێخ**

٣٣٥- بنەماڵەی محەمەد گورگۆ ڕواندزی:- ئەوبنەماڵە تێکۆشەرە هەمووژیانیان لەپێناوکوردایەتی و خاکی وکوردستان بەخت کردبووە، یەکەم کەسی ئەو بنەماڵە (أ) - محەمەد گورگۆ (٥) پێنج کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (حەمەدئەمین ، بارزان ، شوان ، کامەڕان شێرزاد) (ب) - عەزیز گورگۆ (٣) سێ کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (شێروان ، سامان ، محەمەد) (ج) - سیدەوان (٥) پێنج کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (مقداد ، موئید ، سفا ، علی ، ئەحمەد) (١) حەمەدئەمین :- ناسراو بووە بە (حەمەدئەمین گورگۆ) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حەمدئەمین گورگۆلە بنەماڵەیەکی تێکۆشەروکوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، حەمەدەمین گورگۆ کەسێکی سیاسی وکورد پەروەرونیشتمان پەروەرو پێشمەرگەیەکی ئازا زیرەک و چالاک و چاونەترس بووە، حمدئەمین گورگۆ



**حەمەدئەمین محەمەد گورگۆ**

لەسالانی شەستەکانی سەدەی بیستەم بۆچالاکی وکاری سیاسی وحیزبی ئێوارەیەک بەنهێنی دێتە شاری ڕواندز شەوێک دەمێنێتەوە کەسێک ئیخباری لێی دەکات دەگریت و قۆلبەستی دەکەن ، یەکسەر ڕەوانەی نوگرەسەلمانی خواروی عێراقی دەکەن بۆ ماوەی (٤) چوارساڵ دەخرێتە بەندیخانە، دوای ئەوهەموو ساڵە لە بەندیخانە بەرلێبوردەی گشتی دەکەوێت لەبەندیخانە بەردەبێت. دوای ماوەیەک دووبارەدەست دەکاتەوە بەکاری سیاسی خۆی ماوەیەکی زۆرلە گەڵ جەماعەتی مام جەلال دەبێت، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٦٧) لەشاری هەولێر بە تۆمەتی جەلالی شەهیدی دەکەن، حەمەدئەمین گورگۆ پیاوێکی ڕاستگۆوقسەزان، زۆرقسەخۆش ودەم بەخەندە بووە ، لەسەر کارو قسەی حەق لەکەسی قبول نەدەکرد هەروەها حمدئەمین پیاوێکی زۆر ئازاو چاونەترس بووە لەسەرحەق وخەدرکردن لەخەڵک بەجواب دەهات. دوای کۆچکردنی تەرمەکەی لەشاری ڕواندزگۆڕستانی گەردە گەردبە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.حەمەدەمین گورگۆ (٤) چوارکوڕی هەبووەبە ناوەکانی (بارزان ، شوان ، کامەڕان ، شێرزاد) (٢) عەزیز محمد گورگۆ ناسراو بووە بە



**عەزیز گورگۆ**

(عەزیزگورگۆ) لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عەزیز لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لەشۆڕشەکانی کوردستان پێشمەرگە بووە، دوای وازی لە پێشمەرگایەتی دەهنێت لە دائیرەی ئیشخاڵ خۆی دامەزراندوە، لە ڕێکەوتی (١٩٩٤/٧/١) خانەنیشین دەکرێت تا ئێستاکە لە ژیاندا ماوە عەزیزگورگۆ مرۆڤێکی قسەخۆش وهێمن وقسەزان بووە، (٣) کوڕی هەبووە بەناوەکانی (شێروان ، سامان ، محەمەد) .

٣٣٦- عوسمان مستەفاحەسەن:- ناسراوبووە بە (مامۆستا عوسمان) لەڕێکەوتی (١/٧/ ١٩٣٦) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، مامۆستاعوسمان یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزعوسمان خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوەدوای چۆتەخانەی مامۆستایان لەشاری هەولێر، کە خانەی تەواوی کردوە یەکەم دامەزراندنی لەشاری ڕواندزقوتابخانەی گوندی کانیەقوڕ بووە، دوای خۆی گواستۆتەوە بۆناوشاری ڕواندز قوتابخانەی زۆزک، مامۆستا عوسمان لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت وگرتن وڕاوەدونان وبەندیخانە بووە، لەساڵی (١٩٦٣) لەشاری ڕواندز گیراوە خراوەتە بەندیخانەی شاری ڕواندز، دوای گواستراوەتەوە بۆبەندیخانەی قەزای شەقڵاوە دوای ماوەیەک دەی گوازنەوە بۆبەندیخانەی شاری هەولێر بۆماوەیەکی زۆر لەکارەکەی دوور دەخرێتەوە، مامۆستا عوسمان مامۆستایەکی ڕۆشنبیرو قسەزان و زیرەک وبەتواناوقسەخۆش بووە، هەروەها کەسێکی هەژار دۆست وخێر خوازبووە، مامۆستاعوسمان مرۆڤێکی لێ هاتوو بووە، ماوەی (٣٠) سی ساڵ خزمەتی هەبووە، لە ساڵی (١٩٨٦) خانەنیشین کراوە، دوای دوو ساڵ لەڕێکەوتی (١٩٩٨/٦/٢١) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.مامۆستا عوسمان (٢) دووکوڕی هەبووە بەناوەکانی (شێروان ، نەریمان) .

٣٣٧- عومەر مستەفا حەسەن :- ناسراوبووە بە (عومەرەکەڕ، یان عومەر پەنچەرچی) عومەرلەڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لەشاری کۆیە لە دایک بووە، لە تەمەنی گەنجی کەوتۆتە شاری ڕواندز عومەرپەنچەرچی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزە عومەرپەنچەرچی مرۆڤێکی قسەخۆش وقۆشمەچی ودەم بەخەندە وپێکەنین وزۆر تێکەڵ بووهەروەها فیتەرێکی زۆرزیرەک وبەتوانا وبەهێز بووە هیچ کارێکی لەبەردەست گیر نەدەبوو، واتەڕانەدەوەستا هەم فیتەربوو، هەم پەنچەرچی و شۆفێرێکی زیرەک وبە تواناش بووە، لە ساڵی (١٩٦٥) سەیارەیەکی قەمەڕەی مۆدیل (٥٦) ی لێ کەوتە ناودۆڵی خەرەندی ڕواندز، عومەرپەنچەرچی (٢) دوو ژنی هێنابووە، ژنی یەکەمی ناوی (حەبیبە) بووە لەم ژنە (٣) سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئاراز ، قادر ، شیراز) ژنی دووەمی ناوی (شوکریە) بووەلەم ژنەش (٢) دووکوڕی هەبووە. بەناوەکانی (کامەڕان ، کاروان) عومەرلەسەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشە وگرفتی گرتن و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندز دەستی بەکاری فیتەری وپەنچرجیەتی خۆی دەکاتەوە تا ساڵی (١٩٨٣) ئەوجارە بە تەواوەتی کوردستان جێدە هێڵیت ودەچێتە ئەوڕوپا لە سوێد نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە، عومەرپەنچەرچی لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/٧/١٥) لەسوێدکۆچی دوای دەکات ، هەرلەسوێد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت. وەستا عومەر پەنچەرچی (٣) سێ کچ و (٥) پێنج کوڕی هەبووە کوڕەکانی بە ناوەکانی (ئاراز ، قادر ، شیراز، کامەڕان ، کاروان) .




**عومەر مستەفا حەسەن**

٣٣٨- عبدالستارحوسێن حەسەن :- ناسراو بووە بە (عبدالستار بەزاز) لە ڕێکەوتی (١٩١٤/٥/٦) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، عبدالستار یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها عبدالستار مرۆڤێکی قسەزان وڕۆشنبیرو زاناو زۆرزیرەک وئاقڵ و کاسب بووە، دوکانی قوماشفرۆشی لەئەنواعی قوماشی ئافرەتان وپیاوانی هەبووە، دوکانەکەشی زۆرگەورە بوو، لە ناو بازاڕی شاری ڕواندزبووە، هەروەها لە کاتی هاتنی موشتەری بۆدوکانەکەی دەڵێن پیاوێکی

زۆر قسە خۆش ومحامە لە خۆش بووە، موشتەری ئەگەر پارەشی پێ نەبووایە بە قەرزپێی دەدان، هەروەها عبدالستارکەسێکی زۆر هەژار دۆست وخێرخوازبووە، لە هێنانی ئاوی گەلی مێگردەستێکی بالای هەبووە ، زۆر هاندەر بووە تائەو ئاوە بگاتە شاری ڕواندز ، بەداخەوە عبدالستار بەزازبەهۆی نەخۆشی یەوە لەڕێکەوتی (١٩٥٤/٦/١٤) لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت عبدالستار (٤) چوارکوڕی هەبووە بەناوەکانی ( عبدالغفار ، مەهدی ، محمدفتحی ، جبار) .

٣٣٩- عبدالغفار عبدالستار حوسێن:- ناسراو بووە بە (مامۆستا عبدالغفار) لەڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، مامۆستاعبدالغفاریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا عبدالغفار خوێندنی سەرەتای وناوەندی لە شاری ڕواندز تەواو کردوە، دوای لەساڵی (١٩٥٨) دەچێتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێرلە ساڵی (١٩٦٠) خانەی مامۆستایان تەواو دەکات ویەکسەر دادەمەزرێت، لە قوتابخانەی گوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندزدەست بەکار بووە، دوای دووساڵ گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی پاشای گەورە لەشاری ڕواندزبۆ ماوەی دوو ساڵ دوای گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (زۆزک) لەم قوتابخانەیە ماوەتەوە تاساڵی (١٩٨٠) دوای بە یەکجاری خۆی دەگوازێتەوە بۆ یەکێک لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر، ئینجا لە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٧/١) کە تەمەنی دەگاتە (٦٣) ساڵی خانە نیشین دەکرێت، مامۆستا عبدالغفارلەساڵی (٢٠٠٧) لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی ڕێگای (١٠٠) سەد مەتری هەولێر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، عبدالستار (٣) سێ کوڕی هەبووە. بە ناوەکانی (نیاز ، سالار ، سامان) .



**مامۆستا عبدالغفار**

٣٤٠- ئەحمەد عبد ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (ئەحمەد بۆرە) ئەحمەد دەبێتە کوڕی وەستا (عبدی ناڵبەند) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، ئەحمد بۆرە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ئەحمەد بۆرە چەندین جار لەسەر کوردایەتی تووشی کێشە و گرفت و بەندیخانە ئاوارەی

بووە. هەروەها ڕوحێکی کوردایەتی پاکی هەبووە، لەساڵی (١٩٤٠تا١٩٤٤) لە نەخۆشخانەی سەربازگەی (حامیەی) ڕواندز (موزەمید) بووە هەربۆیە لەشەڕی بارزان لەساڵی (١٩٤٤) دەورێکی باشی هەبووە، لەناردنی داو دەرمان بۆ نەخۆش وبریندارانی پێشمەرگەکانی ئەوکاتی، بۆچەندین جار بەنهێنی ئەوکارەی دەکرد تادوا جار لەساڵی (١٩٤٤) ئاشکرا دەبێت ودەسگیردەکرێت یەکسەر ڕەوانەی بەندیخانەی نوگرە سەلمان دەکرێت بۆ ماوەی زیاتر لە (٢) دوو ساڵ دوای ئازاد دەکرێت، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی زیاتر لە (٢) دوو ساڵ ئەوجا دەگەڕێتەوەو یەکسەر ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر تا ئەوکاتەی خانەنیشین دەکرێت، ئەحمەد بۆرە مرۆڤێکی ڕۆشنبیروقسەزان و زۆرئاقڵ وتێگەیشتی وزانا ودانا بووە، جگە لەمەش زۆرهیوایەتی ڕاوکردن بووە، بەتایبەتی ڕاوی کەو، ئەحمەد بۆرەلەشاری ڕواندز کەسێکی دیارو ناسراو بووە، لەڕیکەوتی (١٩٩٧/٧/١١) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. ئەحمەد بۆرە (٤) چوارکوڕی هەبووەر بە ناوەکانی (عبدالعزیز ، فکری ، فەخری ، فەرهاد) .

٣٤١- جبار مامە شێخ مەلاشێخ :- ناسراو بووەبە ( جبارمامەشێخ) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەگوندی گەرەوانی خوارو سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، جبارمامەشێخ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، جەبارمامە شێخ لەسەر کوردایەتی چەندین جار، تووشی کێشەوگرفت وبەندیخانەو ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی دووساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە حکومەت یەکسەر بەماڵەوە نەفی دەکات بۆ خواروی عێراقی ماوەی (٣) سێ ساڵ لەشاری ناسریە دەمێنێتەوە، دوای حکومەتی بەعسی عێراق لێبوردەنی گشتی دەردەکات بۆ هەمووکوردە نەفی کراوەکان بۆیە جبارمامە شێخ وخێزانەکەی



**جبار مامە شێخ**

بەرلێبوردنەکە دەکەون ودەگەڕێتەوە بۆکوردستان لە شاری ڕواندز نیشتە جێ دەبێت

، جبارمامە شێخ (٢) دووژنی هێناوە بەناوەکانی (گولیزار ، حەبیب خان) جبارمام شێخ خزمەتێکی زۆری لەجەیشی عێراقی کردوە تا پلەی نائب زابت دەچێت، ئینجا، لەسەربازی کەسێکی زیرەک و چالاک و ئازابووە، لە ساڵی (١٩٧١) خۆی خانەنیشین دەکات هەروەها لەسەرسیاسەت و

کوردایەتی جەبارمامە شێخ لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٦/١٩) لەشاری ڕواندز کوڕێکی ئەنفال کراوە، تائێستاکە بێ سەرو شوێنە، جبارمامە شێخ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیروقسە زان وزۆر قسەخۆش بووە، جگە لەمەش کەسێکی زۆر هێمن و بەخزمایەتی بووە، ژیانی ڕۆژانەی لەسەرکاری شوفێری بووە، جبار مامە شێخ لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٨/٣١) لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندزبە نەخۆشی کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی گەروێ ڕەزان بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، جبارمامە شێخ (٧) حەوت کچی هەبووە بەناوەکانی (سەعدی ، سوحاد ، دڵخۆش ، بەهار ، چنار ، جوان) هەروەها لەگەڵ (١١) یانزەکوڕبە ناوەکانی (شێرزاد ، شوان ، فاڕوق ، زیاد ، سیروان ، سەمیر ، کارۆخ ، هاوار ، هیوا ، ئەڕکان ، کاوە ) .

٣٤٢- سید حوسێن سید ڕسول حوسێن:- ناسراو بووە، بە (سید حوسێنی میراو) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، سیدحوسێن یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەیدحوسێن لە سەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشی گرتن و دەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەیی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندز، سەرکارو وەزیفەکەی خۆی سیدحوسن مرۆڤێکی ئیماندارو خۆبەخش ودڵسۆزبووە، بەرامبەربەخەڵکی شاری ڕواندز، وەک کەسێکی زۆر چالاک وزیرەک و بەتوانا، بەتایبەتی لەڕووی خێرخوازی وقەبر هەڵکەندن وچاککردنەوەی بۆڕی ئاوی ماڵان و ئاوتەوزیح کردن بەشێوەیەکی زۆر ڕێک وپێک بۆسەرماڵەکانی شاری ڕواندز، بەڕاستی خەڵکی شاری ڕواندز زۆر لە کارەکانی ڕازی بوون جگە لەوەش سید حوسێن



**سید حوسێن سید ڕسول**

مرۆڤێکی قسەزان وزۆر قسەخۆش ونوکتەچی وبەخزمایەتی بووە، هەروەها کەسێکی ومەدریس خۆش و ڕۆشنبیرو ئازاوزیرەک بووە، دەڵێن لەوکاتی کەفەرمانبەر بووەلەفەرمانگەی ئاوی ڕواندزکە بۆڕی ئاوی گەلی مێگر بەردێکی بکەوتایە ناویان بگیرابایە ئەو دەی زانی لەکوێ گراوە کەشوێنەکەی دیاری دەکرد قسەکەی ڕاست دەردە چوو بۆ ئەم کارەی زۆر زیرەک وزانا بووە، لەڕێکەوتی (٢٠١٠/٩/٢) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە. ڕوحی شاد بێت، سەید حوسێن (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (ئامینە ، گوڵخاتر) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕ بە ناوەکانی (عبدالله ، عبدالقادر ، نەبیل ، عومەر) .


٣٤٣- ئەحمەد عبدالله حەسەن :- ناسراو بووە بە (ئەحمەدە قوت) ئەحمەدەقووت لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە ، ئەحمەدەقوت یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ئەحمد لەسەر کوردایەتی چەندین جار لەلایەن حکومەتی عێراق توشی کێشەوگرفتی گرتن و ئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ ئینجا لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزسەر کارو کاسبی خۆی مام ئەحمەد مرۆڤێکی هێمن ودەم بەخەندە و پێکەنین وسادەو کاسبکار بووە، هەرچەندە بەبەژن پیاوێکی قوتەخڕیلە بوو، واتە بەژنی زۆر درێژ نەبووە، کەچی کەسێکی بەتواناو بەهێزو زیرەک و قسەزان وقسەخۆش ونوکتە چی وچیرۆک زانیش بووە، ئەحمەد عبدالله حەسەن لەڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/٢٥) لەماڵی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە. لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. ئەحمەدە قوت (٩) نۆکوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (عبدالله ، عدنان ، ئیسماعیل ، ئیبراهیم ، سەتار ، فتاح ، عبدالرزاق ، مستەفا ، هەژار) .



**ئەحمەدە قوت**

٣٤٤- أبابكر ڕەسول نەبی:- ناسراوبە (سۆفی عەبۆ) سۆفی عەبۆ لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لە ناوچەی سورچیایەتی لەدایک بووە، سۆفی عەبۆ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، سۆفی عەبۆ لەتەمەنی گەنجی خۆی

کەوتۆتە گوندی ماویلیانی سەربە قەزای ڕواندز لە ماویلیان بۆتەسۆفی شێخ مەلاسادیقی ماویلان، گوایە شێخ زۆری خۆش دەویست، لە مزگەوتی ماویلیان برێک فێری خوێندنەوەو نووسین دەبێت، هەروەها لەمزگەوتی ماویلیان سەلەوات لێدان و بانگ دانیش لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، بۆیە دوای نەمانی شێخ مەلاسادیق لەساڵی (١٩٧٦) ماویلیان بەجێ دەهێڵێت خۆی وخێزانەکەی دێنە شاری ڕواندز لە مزگەوتی خانەقای شێخ کاکەمینی سەران دەبێتە بانگدەر ماوەی چەند ساڵێک دوای دەچێتە مزگەوتی تەکیەی شێخ عبدالقادری گەیلانی شاری ڕواندز تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات،



**سۆفی عەبۆ**

سۆفی عەبۆ دەنگی زۆر خۆش بوو بەتایبەیی لەکاتی کەبارو بانگ و سەڵاوات لێدان، سۆفی عەبۆ لەڕێکەوتی (٤/٧/ ٢٠٠٢) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، سۆفی عەبۆ (٧) حەوت کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی ( بورهان ، ئەحمەد ، عبدالله ، حوسێن ، عومەر ، عبدالرحمان ، هەینی) .

٣٤٥- ڕەحمان ڕەسول مەلاشێخ :- ناسراو بووەبە (سۆفی ڕەحمان) سۆفی ڕەحمان لەڕێکەوتی (١٩٤٢/١٢/٣١) لە گوندی فەقیانی دۆڵی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە ، سۆفی ڕەحمان لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزە، لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت ودەربەدەری و ئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ ونیو واتە لەساڵی (١٩٧٦) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز، خۆی دادەمەزرنێت لەشارەوانی ڕواندز بەفەرمانبەربە ناونیشانی (شوفێر) بەردەوام دەبێت لەکارەکەی لەشارەوانی ڕواندز تا تەمەنی دەبێتە (٦٥)ساڵ لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١٢/٣١) خانەنیشین دەکرێت، سۆفی ڕەحمان مرۆڤێکی سادەوقسەخۆش وهێمن



**سۆفی ڕەحمان**

ودەم بەخەندە وپێکەنین بووە، ئێستا لە ژیاندا ماوە لەشاری ڕواندز دادەنیشێت، سۆفی ڕەحمان (٥) پێنج کوڕی هەیە بەناوەکانی (ئەحمەد ، محەمەد ، ڕەسول ، جبار ، هەمزە) .

٣٤٦- قادر عبدالله مەلاشێخ :- ناسراو بووە، بە (حاجی قادر) لەڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لەگوندی فەقیانی دۆڵی ئاکۆیانی سەر بەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، حاجی قادر لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، حاجی قادر لەکاتی خۆیدا لەسەر کوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەوگرفت بووە، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) حاجی قادرخۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز، لەساڵی (١٩٧٧) خۆی دامەزراندوە وەک فەرمانبەر لەشارەوانی ڕواندز بەناونیشانی (بەردەست) حاجی قادر کارەکانی خۆی زۆر بەڕێک وپێکی بەڕێوە دەبرد، حاجی قادر چەندین جار سوپاس وپێزانینی لە وەزارەتی شارەوانی وەرگرتووە. حاجی قادر (٢٦) ساڵ خزمەتی هەبووە، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٧/١) خانەنیشین کراوە، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لەژیاندا ماوەحاجی قادرمەلا شێخ (٥) پێنج کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (فتح الله ، عبدالله ، شەماڵ ، زریان ، ئەحمەد) .

٣٤٧- مەلاشێخ عبدالله مەلا شێخ :- ناسراو بووە بە (مەلاشێخ) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە گوندی فەقیان لەدایک بووە، مەلاشێخ لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، مەلا شێخ مرۆڤێکی قسەزان ونوکتەچی ودەم بەخەندە وپێکەنین وزۆرقسە خۆش بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ واتە لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوەبۆشاری ڕواندز، مەلاشێخ فەرمانبەری مەدەنی بووە بەناونیشانی (خباز) لەحامیەی عەسکەری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٧٦) دەگوازرێتەوە واتە (نقل دەکرێت) بۆسەربازگای شاری موسڵ، بۆیە لە بەردوری وەزیفەکەی لە ساڵی (١٩٧٩) ماڵی خۆی لە شاری ڕواندز یەکسەر دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرونیشتەجێ ئەو شارە دەبیت ونەگەڕاوەتەوە ، مەلاشێخ لەڕێکەوتی (١٩٨٩/٦/١٤) بەنەخۆشی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردووە، هەرلەشای هەولێربەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مەلا شێخ (٣) سێ کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (سەلمان ، سالم ، عەدنان) .

٣٤٨- عەلی سەیدە ئەحمەد :- ناسراو بووە، بە (عەلی حەجەم) ئەم نازناوەی لەمندالّیەوە، بەخۆشەویستی لەلایەن دایکی لێنراوە، عەلی حەجەم لە ڕێکەوتی (١٩١٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، عەلی حەجەم لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، عەلی سید ئەحمەد لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت وئاوارەی بووە لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ واتە لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز، عەلی حەجەم، کەسێکی زۆر کاسبکار بووە ، دووکانی (بایەع) ی ئاردوشەکرو چاوڕونی هەبووە، هەروەها لە کاتی هاوین سەوزەو میووەی وەک ترێ وهەنجیرو گندۆرە وشفتی خەیار وتەماتە وئەنواعی سەوزەی دەفرۆشت ، علی سید ئەحمەد پیاوێکی زۆرمحامەلە خۆش وهەژار دۆست خێر خوازو بەئەمەک بووە ، بەهیچ شێوەیەک دڵی کەسی لەخۆی نەدەڕەنجاند، هەموو خەڵک خۆشیان دەویست، هەروەها عەلی عەجەم پیاوێکی خوێندەوار ورۆشنبیر وقسەزان وزۆر زیرەک وبەتواناوقسەخۆش بووە ، لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/١٢/١٦) بەسەردان دەچێتە ماڵی کچەکەی لەشاری کۆیە، کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردەگەردی شاری ڕواندز بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت، عەلی عەجەم تەنها (١) کچی هەبووە بە ناوی (عیشەگور) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕ بە ناوی (محی الدین) .

٣٤٩ – ئەحمەد حەسەن عومەرکاروانچی:- ئەحمەد ناسراو بووەبە (ئەحمەد کاروانچی) لەڕێکەوتی (١٩١٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، ئەحمەد لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە. ئەحمەد کاروانچی هەموو ژیانی خۆی لە سەرکوردایەتی وپێشمەرگایەتی وشاخ وداخ وشەونخونی لە سەنگەری پێشەوە بەخواردنی نانەڕەقەوخواردنەوەی ئاوی گەرم بەرامبەر دوژمنی خۆیی ونەتەوەکەی بەرگری لەخاکی کوردستان کردووە، ئەحمەد لەهەمووشەڕەکان کە دوژمن دەی کردە سەرناوچەکانی کوردستان بەشداری تیا کردوە ، ئەحمەد کاروانچی پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس زۆر زیرەک وبەتوانا بووە، لەسەرکوردایەتی گەلێک ئازارو بەندیخانە ودەربەدەری وئاوارەی دیووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی



**ئەحمەد کاروانچی**

دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی (٢) دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) کە دەگەڕێتەوە حکومەتی بەعسی عێراق خۆیی وخێزانەکەی بەکوڕونەواکانی نەفی پارێزگای (ئەنباڕ) ی خواروی عێراقی دەکات، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم حکومەت لێبوردەی گشتی بۆ نەفی کراوە کوردەکان دەردەکات دەگەڕێنەوە بۆخاکی کوردستان وزێدی خۆی لەشاری ڕواندز، ئەحمەد کاروانچی لە ڕێکەوتی (١٩٩٥/٦/١٨) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای دەکات ، لەگۆڕستانی گەردە گەردبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. ئەحمەد کاروانچی (٥) پێنج کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (ئیبڕاهیم ، سەعید ، مەغدید ، مەجید ، ئەسعد) .

٣٥٠- ئبڕاهیم ئەحمەد حەسەن عومەر:- ناسراو بووە (ئبڕاهیم کاروانچی) لەساڵی (١٩٢٦) لە دایک بووە، هەرچەندەڕۆژی کۆچکردنی نەزانراوە، ئیبڕاهیم دەبێتە کوڕی گەورەی ئەحمەد کاروانچی ئبڕاهیم مرۆڤێکی دەم بەخەندە وپێکەنین قسەخۆش بووە، هەروەها پیاوێکی زۆرئازاو چاو نەترس بووە، لە هەمووشەڕەکان دژی ئینگلیزو داگیرکەرانی خاکی کوردستان وشاری ڕواندزلەگەڵ باویل ئاغان ڕواندزی دابووە، ئیبڕاهیم (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (ئیسماعیل) هەروەها ئەحمەد کاروانچی (٣) سێ کوڕی هەبووەبە ناوەکانی (سەعید ، مەغدید ، مەجید) مەجیدی لێ دەمرێت، لەساڵی (١٩٥١) سەعیدی کوڕە گەورەکەشی بەنەخۆشی دەمرێت، وەجاغ کۆربووە، واتەهیچ کوڕی نەبووە (مەغدید) لە ساڵی (١٩٣١) لە دایک بووە، لە ساڵی (١٩٥٩) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە (١) یەک کوڕی هەبووە، بەناوی (جەمیل) ، سێیەم کوڕی بەناوی (مەجید) بووە، لەساڵی (١٩٣٨) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مەغدید وەجاغ کۆر بووە، هیچ کوڕی نەبووە تەنهایەک کچی هەبووە ، لە ساڵی (١٩٧٨) لەچیای کۆڕەک لەدارە هیشک قاچی بەبەرمیل دەکەوێت یەکسەر شەهید دەبێت، هەرسێ برا لەگۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بە خاکسپێردراون ڕوحیان شاد بێت،

٣٥١- ئەسعەد ئەحمەد حەسەن عومەرکاروانچی:- ناسراوبووە، بە (ئەسعەد کاروانچی) ئەسعەد لەڕێکەوی (١٩٣٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، ئەسعەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز ئەسعەد کاروانچی هەموو تەمەنی خۆی لە پێشمەرگایەتی بەسەربردووە، لە سەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەو گرفت بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی (٢) دوو ساڵ لەساڵی (١٩٧٦) کە دەگەڕێنەوە حکومەتی بەعسی عێڕاق یەکسەر خۆیی وخێزانەکەی نەفی دەکات بۆخواروی عێڕاق، دوای ماوەیەک بە بەرلێبوردەی گشتی دەکەون ودەگەڕێنەوە بۆشاری ڕواندز، ئەسعەد کاروانچی ئێستا کەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیاندا ماوە لە ناحیەی خەلیفان دادەنیشێت ئەسعد کاروانچی (٤) چوار کوڕی هەبووە بەناوەکانی (محمد ، مەجید ، سادیق ، بەختیار) .



**ئەسعەد کاروانچی**

٣٥٢-عەزیز ئەحمەد حەسەن عومەر) ناسراو بە (عەزیز کاروانچی) لەڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عەزیز لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، عەزیز کاروانچی هەموو ژیانی خۆی لەپێناوی کوردایەتی وپێشمەرگایەتی ودەربەدەری بە ئاوارەی و نەفی کردن بردۆتە سەرلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی (٢) دووساڵ دوای لە ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆکوردستان بەڵام حکومەت یەکسەر خۆیی وخێزانەکەی نەفی دەکات بۆخواروی عێڕاق گوندی (زەیەستح ) لەپارێزگای ڕومادی بۆماوەی چەند مانگێک دوای بەرلێبوردەی گشتی دەکەوێت، دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، عەزیز کاروانچی مرۆڤێکی زۆرهێمن وسادە وقسە خۆش وئەهلی مزگەوت وجەماحەت بووە، عەزیز کاروانچی تا ئێستا کە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لەژیاندا



**عەزیز کاروانچی**

ماوە، (٥) پێنج کوڕی هەیە بەناوەکانی (مستەفا ، تەها ، ڕەسول ، هێرش ، هونەر) .

٣٥٣- ئیسماعیل ئبراهیم ئەحمەد حەسەن کاروانچی:- ناسراوبووە بە (ئیسماعیل کاروانچی) لەڕێکەوتی (١٩٤٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، ئیسماعیل یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ئیسماعیل لە ساڵی (١٩٧٤) دەبێتە پێشمەرگە لە تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلول دەبێتە تۆپ هاوێژ، بۆماوەی یەکساڵ دڵسۆزانە دژی داگیرکەرانی کوردستان وەستاوەوسەنگەرو ڕەبیەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقی لەچیای کۆڕەک، ڕیبیەکانی دارەهیشک وگۆڕنۆک دەکوتی دەورێکی باشی هەبووەلە تۆپ باران کردنی



**ئیسماعیل کاروانچی**

هێزەکانی دوژمن، هەروەها ئیسماعیل چەندین جارلەسەر پێشمەرگەوسیاسەتی کوردایەتی توشی کێشە وگرفت وئاوارەی بووە ، لەساڵی (١٩٧٤) دوای ڕوخانی شۆڕشی کورد، خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی (٢) دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) کەدەگەڕێتەوە بۆکوردستان و شاری ڕواندزحکومەت یەکسەر بەخێزانەوە نەفی دەکات بۆ خواروی عێراق وگوندی زەیەستەح سەر بە پارێزگای ڕومادی لەوێ دەمێنێتەوە، بۆماوەی چەند مانگێک دوایی حکومەتی بەعسی عێراق لێبوردەی گشتی بۆیان دەردەکات، دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و شاری ڕواندز ئینجا لەساڵی (١٩٧٨) خۆی دامەزراندوە لە فەرمانگەی ئاوی ڕواندز بە ناونیشانی (شوفێر) ئیسماعیل لە کارەکەی خۆی خزمەتێکی زۆری شاری ڕواندزی کردوە ، لەڕێکەوتی (٢٠١١/٧/١ ) خانەنیشین کراوە، ئێستاکە لەژیاندا ماوە لەشاری ڕواندز دادەنیشێت، ئیسماعیل کاروانچی (٣) سێ کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (ئبراهیم، هێمن ، هیوا) .

٣٥٤- سەعید حوسێن زەرگێتە :- ناسراو بووە بە (سەعیدی نادی) لەڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، سەعید لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، هەروەها سەعیدی نادی مرۆڤێکی زۆر کاسب وزیرەک وبەتوانا وڕۆشنبیرو قسەزان وقسەخۆش بووە، زۆرکەیفی بەکاری

گازینۆو چایخانە دەهات، لەم کارەی چەند شاگردی هەبووە ، کەکاریان لەگەڵی دەکرد سەعید تەنها سەرپەرشتی کارەکانی چایخانەی دەکرد هەروەها سەعید نادی سالآنە گازینۆ و نادی فەرمانبەرانی لەشارەوانی قەزای ڕواندزی دەگرتەوە ، بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانی چەندکەسێکیش وەکوکرێکاروشاگرت کاریان تیادا دەکرد، واتە چەند کەسێک لەکارەکانی ئەوسودمەند دەبوون، وەک کرێکاروشاگرد کاریان لە چایخانە وگازینۆ ونادی ئەو بەڕێزە دەکرد بەبڕە پارەیەکی کەم بژێوی ژیانی خۆیان ومالٚ ومنداڵیان پێ دابین دەکرد، سەعید حوسێن زەرگێتە پیاوێکی بەئەمەک وبەهاوڕێ ڕاستگۆوزۆر بەڕێزو خۆشەویستی ناو کۆمەڵگای شاری ڕواندز بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٦٥/١٢/١٣) بەنەخۆشی کتوپڕلە ماڵەکەی خۆی کۆچی دوای کردووە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت. سەعیدی نادی (٣) سێ کوڕی هەبووە ، بەناوەکانی ( نزار ، نەوزاد ، شێرزاد) .

٣٥٥- عارف حەسەن ئەسعەد:- ناسراو بووە بە (مامۆستا عارف) لەڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستاعارف لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفتی گرتن وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەروەزیفەی مامۆستای خۆی ، مامۆستا عارف مامۆستایەکی زۆر زیرەک وبەتوانا بووە، لە بواری وانە بێژی وپەروەردە وفێرکردنی خوێنکارو قوتابی هەروەها کەسێکی کۆمەلآیەتی ومرۆڤ دۆست وبەهاوڕێ وکەسایەتی ومەدریس خۆش وقسەزان وبەخزمایەتی بووە، مامۆستاعارف تائێستاکە لەژیاندا ماوە، ماڵی لەگوندی بێشوک وجوندیانە بەتەواوی لەشاری سولێمانی دادەنیشێت ، مامۆستاعارف (٤) چوارکوڕی هەیە بەناوەکانی (بەختیار ، بارزان ، دلٚزار ، زانا) .



**مامەند ئاغا**

٣٥٦- مامەند ئاغا شاکر ئاغای کاولۆکان:- ناسراو بووە بە (مامۆستا مامەند) یان (مامەند ئاغا) لە ڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕواندز گەڕەکی کاولۆکان لەدایک بووە، مامەند ئاغا لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، مامۆستا مامەندئاغا خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە، لە ساڵی (١٩٥٨) چۆتەخانەی مامۆستایان لە پارێزگای دیالە واتە (بەعقوبە) کەتەواو دەکات، لەساڵی (١٩٦١) لە قوتابخانەی سیدەکان دادەمەزرێت بە مامۆستا ، ئینجا بۆماوەی (٣) سێ ساڵ لە قوتابخانەی سیدەکان دەمێنێتەوە، لەساڵی (١٩٦٤) خۆی دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی کاولۆکان ، مامۆستا مامەند لە سەرکوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەوگرفتی گرتن وبەندیخانەو ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای لە ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزسەرکارو وەزیفەکەی خۆی، مامەندمامۆستایەکی زۆرزیرەک ورۆشنبیروقسەخۆش وقسەزان بووە، هەروەها پیاوێکی زۆر بەخزمایەتی وبەدۆست و برادەربووە، مامۆستا مامەند ئاغای کاولۆکان مرۆڤێکی زۆر هێمن وڕاستگۆودورە شەڕبووە، بۆیەک سانیە دڵی کەسی لەخۆی نەڕەنجاندووە ئەوەندە مرۆڤێکی هێمن وسادو خۆشە وویستی ناوکۆمەڵگاودەوروبەری بووە، مامەند ئاغا لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٨/١٦) لەشاری هەولێربەنەخۆشی کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مامەند ئاغا (٤) چوار کچ و (٥) پێنج کوڕی هەبووە، کوڕەکان بەناوەکانی (نیاز ، ئاراز ، شاباز ، دەرباز ، بارزان) .

٣٥٧- عزت عبدالله مەلا قوندیل :- ناسراو بووە بە (عزەت عبداللەی مەلا قوندیلی) عزت لەڕیکەوتی (١٩١٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، عزت یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها کەسێکی هێمن ودەم بەخەندە و پیکەنین وقسەخۆش و بەخزمایەتی وخوێدەوارو ڕۆشنبیر بووە، لە ساڵی (١٩٢٧) دەبێتە چەکدار وەگەرسەفەربەرگ کەوتووە، کەئینگلیز دەوڵەتی عێراقی داگیرکردووە، خۆی دەکات بەپۆلیسی حکومەتی ئینگلیز تا ساڵی (١٩٥٨) دوای خۆی خانەنیشین دەکات، دەست دەکات بە کارو کاسبی لە بازاڕی شاری ڕواندز دوکانێک

بۆخۆی دادەنیت عتاری وکەلوپەلی ناوماڵ وخۆراک وەک شەکرو چاو برنج وڕۆن وساواروهەموو پێداویستیەکانی ناو ماڵی دەفرۆشت، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٩) ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١٠/١٤) لە شاری هەولێرکۆچی دوای دەکات ڕوحی شادبێت، عزەتی مەلا قوندیلی (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ئیسماعیل ، عبدالغالق ، عبدالڕزاق) .

٣٥٨- ئبڕاهیم عبدالله مەلا قوندیل:- ناسراو بووەبە (مامۆستا ئیبراهیم یان ئیبڕاهم مەلا قوندیل) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، مامۆستا ئیبڕاهیم لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزبووە، خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواوکردوە، دوای چۆتە خانەی مامۆستایان لەشاری هەولێر، ئینجا دوای تەواوکردنی خانەی مامۆستایان لە ساڵی (١٩٦٦) دادەمەزرێت لە قوتابخانەی گوندی باڵەکیانی سەرەتای تێکەڵاو دەست بەکار دەبێت بۆ ماوەی (٢) دووساڵ، ئینجا دوایی خۆی دەگوازێتەوە بۆقوتابخانەی زۆزکی سەرەتایی لە شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٧٧) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەم شارە نیشتەجێ دەبێت تا ئەوکاتەی ماڵئاوای لەخزم وکەسوکاری خۆی دەکات ، مامۆستا ئیبڕاهیم مەلا قوندیلی مامۆستایەکی زۆرزیرەک ڕۆشنبیرو وانە بێژێکی بەتوانابووە، هەروەها مرۆڤێکی زۆرهیمن وقسە خۆش وقسەزان بووە، لە ساڵی (١٩٨٣) لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی شاری هەولێر بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مامۆستا ئیبڕاهیم (٤) چوارکوڕی هەبووە، بەناوەکانی (عبدالله ، مستەفا ، توانا ، زانا) .


مامۆستا ئیبراهیم عبدالله مەلا قوندیل

٣٥٩- ڕەسول سەعید بەگ سۆفی:- ناسراوبووە بە (ڕەسول بەگ) لەڕێکەوتی (١٩٠٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، ڕەسول بەگ یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ڕەسوڵ بەگ مرۆڤێکی دڵ نەرم وهێمن وقسەخۆش وزیرەک وزانا وڕۆشنبیر و قسەزان بووە ، ڕەسوڵ بەگ پیاوێکی هەژار دۆست وخێر خوازبووە ، هەروەها ڕەسوڵ پیاوێکی زۆربەخزمایەتی میوان دۆست بووە زۆرحەزی لەمیوان دەکرد ئەو ماڵەکەی دائیم بە میوان بووە، هەروەها مرۆڤێکی زۆر تێکەڵ وبەپیاوەتی وچاکەکار بووە، لەڕێکەوتی (١٩٦٨/٩/١٨) لەشاری ڕواندزبە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە ، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ڕەسوڵ بەگ (٢) دوو کچی هەبووە لەگەڵ (٤) چوارکوڕ، کوڕەکانی بەناوەکانی (هەمزە ، عباس ، حەسەن ، حوسێن) .




**ڕەسول بەگ**

٣٦٠ - فتاح بەگ سەعید بەگی سۆفی:- ناسراو بووە بە (فتاح بەگی ڕواندزی) لەڕێکەوتی (١٩١٠/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، فتاح بەگ یەکێک بووە، لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، فتاح بەگ مرۆڤێکی زاناوخوێندەوارو ڕۆشنبیرو دەم بەخەندەودەم بەپێکەنێن ونوکتە چی وقسە خۆش بووە ، هەروەها کەسێکی هەژار دۆست وخێر خواز دەستکراوە وناسراو وبەئەمەک وڕاسگۆ بووە ، فتاح بەگ لەڕێکەوتی (١٩٧٩/٧/١٢) لەشاری هەولێربە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، فتاح بەگ (٣) سێ کچ و (٦) شەش کوڕی هەبووە ، کوڕەکانی بەناوەکانی (عومەر ، ئەنوەر ، جەوهەر ، نەریمان ، مزەفەر ، غازی ، نەریمان) .


**فتاح بەگی ڕواندزی**

٣٦١-حمدامین مصطفی حوسێن :- ناسراو بووه به ( حمدامین قساب) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لەگوندی فەقیانی دۆڵی ئاکۆیانی سەر بە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، حمەدئەمین قەساب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حمەدئەمین قەساب پیاوێکی هێمن ودەم بەخەندەو پێکەنین ، قسەخۆش وزۆر سادەو بەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجومحەوجەماعەت بووە، هەروەها کەسێکی زۆرتێکەڵ وبەخزمایەتی بووە، پیشەوکاروکاسبی حمەدئەمین قەسابی بووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٤/٣/٦) بەئەنقەست و ڕوداوی هاتوچۆ دەکەوێتە ژێر ئۆتۆمۆبێل زۆر بە سەختی بریندارەبێت ، دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە بۆچارەسەرکردنی لەبەر قوڵی برینەکەی کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردە گەردی ڕواندز بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، حمەدئەمین قەساب (٢) دوو ژنی هێناوە لە هەردوکیان (٢) دووکچ و (٧) کوڕی هەبووە ، کوڕەکانی بەناوەکانی (مستەفا ، جەمال ، کمال ، کەریم ، هادی ، مەهدی ، کەیفی) .


**حمدامین مصطفی حسین**

٣٦٢- صالح مصطفی حسین:- ناسراو بووه به (حاجی صالح) لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لە گوندی فەقیان لەدایک بووەحاجی سالح لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، حاجی سالح لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ بەشێک لەخەڵکی شاری ڕواندز لە ناوشاری ڕواندز دەمێنەوە، نەیان ویستووە خۆیان ئاوارەیی دەوڵەتی ئێران بکەن، بۆیە مانەوەیان لەشاری ڕواندز پێ باشتر بووە ، هەر چەندە شەڕوپێکادان لەمابەینی هێزی پێشمەرگەو لەشکری سەربازەکانی بەعسی عێراق زۆربە هێزبووە، کەڕۆژانە بەدەیان گولەتۆپ بەشاری ڕواندز دەکەوتن لەگەڵ بۆردومانی ڕۆژانەی فڕۆکە شارەکەیان غەڵقی تەپ وتۆزودوکەڵ کردبووە، هەروەها نەبونی وبێکاری بەرۆکی لێ گرت بوون بۆماوەی یەکساڵ ئەوخەڵکەی کە لە ناو شاری ڕواندز مابوونەوە بەهەموو توانایانەوە بەرگریان لەخۆیان کردوە، تا ئەوکاتەی


**صالح مصطفی حسین**


كۆتای بەوشەڕە نەگریسە هات حاجی سالح پیاوێكی زۆربەتەقواو ئەهلی مزگەوت ونوێژی جەماعەت بووە، هەروەها بانگ دەرێكی دەنگ خۆش بووە، هەروەهاسەردانی ماڵی خوای كردبووە، حاجی سالح لە ڕێكەوتی (٢٠٠٦/٦/٢٣) لەشاری ڕواندزكۆچی دوای كردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاكسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت حاجی سالح (٢) دووژنی هێناوە، لە هەردوكیان منداڵی نەبووە.

٣٦٣- حمدئەمین عەلی عبدالڕحمان:- ناسراو بووە بە (حمدئەمین گابەدین) لە ڕێكەوتی (١٩٢٩/٧/١) لە گوندی ئاكۆیانی سەربەقەزای ڕواندزلە دایكبووە، حمەدئەمین یەكێك بووە لەبنە ماڵەیەكی كورد پەروەرو كەسایەتی شاری ڕواندزحمدئەمین گابەدین مرۆڤێكی ڕاستگۆوقسەخۆش وهێمن ومەدریس خۆش دەم بەخەندە وپێكەنین بووە، هەروەها كەسێكی بەجیرانایەتی میوان دۆست بووە ، حمەدئەمین گابەدین لەساڵی (١٩٥٩) لە نەخۆشخانەی سەربازی حامیەی ڕواندز بە فەڕاش خۆی دامەزراندبووە تا ئەو كاتەی تەمەنی دەگاتە (٦٣) ساڵ لەحامیەی سەربازی دەوامی دەكرد، لەساڵی (١٩٩٢) خانە نیشین دەكرێت، حمدئەمین گابەدین لە ڕێكەرتی (٢٠١٧/١/٢٢) بەنەخۆشی لەماڵەكەی خۆی لەشاری ڕواندز كۆچی دوای دەكات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاكسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، حمدئەمین گابەدین (٢) دوو كچ و (٤) چوار كوڕی هەبووە، كوڕەكان بەناوەكانی (محمد ، مستەفا ، عبدالله ، خلیل ) .



**حمدئەمین گابەدین**


٣٦٤- مەجید ڕەسوڵ مەلا شێخ :- ناسراو بووە بە (مەجیدی عمبار) یان (حاجی مەجید) لەڕێکەوتی (١٩٣٥/٧/١) لەگوندی فەقیانی سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە ، حاجی مەجید لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە ، حاجی مەجید عمبار پیاوێکی زیرەک وکاسبکاروچوارشانەی بەهێزوزۆربەقوەت بووە، بۆبژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وماڵ ومنداڵی ڕۆژانە لە بازاڕی شاری ڕواندز کاری عەماڵی دەکرد کاری ئەو بەڕێزە گواستنەوەی شتومەکی خەڵکی شاری ڕواندز بووە لە ناو بازاڕی ڕواندز بۆ ماڵەکانیان وەک گونیەی ئارد وگەنم تەنەکەی ڕوون تەنەکە نەوت هەموو جۆرە شتومەکی قورسی بەکرێ وبەبڕە پارەیەکی کەم بەپشتی خۆی دەگواستەوە بۆماڵان، هەروەها حاجی مەجید کەسێکی بە تەقواوئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، لە سەر کوردایەتی چەندین جارکێشەی بۆدروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ ونیودوای ئەوماوەیە دەگەڕێتەرە بۆ شاری ڕواندزوسەرکاری عەمباڵی خۆی ، حاجی مەجید عمبارلە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١/٢٧) لەشاری ڕواندز بە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، حاجی مەجید (٥) پێنج کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (عبدالله ، ئیسماعیل ، ئیدریس ، ئەیوب ، جەردیس) .


**مەجیدی عمبار**

٣٦٥- کمال عبدالڕحمان نەورۆز:- ناسراو بووە بە (کمالی منیرە خانێ) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، کمال عبدالڕحمان نەورۆز یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز، خوێندنی تاپۆلی شەشەمی سەرەتای خوێندووە، کمال کەسێکی ڕۆشنبیرو زیرەک وقسەزان بووە، هیچ کارێکی لەبەردەستی گیرنەدەبوو بەتایبەتی نوسراو وکاروباری شارەوانی کمال لەسەرسیاسەت وکوردایەتی زۆرئازار ودەربەدەری چێشتووە، لە ساڵی (١٩٥٩) لە شارەوانی ناحیەی حەریر دامەزراوە، بە ناونیشانی (نوسەر) لەساڵی (١٩٦٢) لەشارەوانی حەریردەگوازرێتەوە بۆشارەوانی قەزای ڕواندزدوای یەکساڵ لەساڵی (١٩٦٣) لە بەرهۆکاری سیاسی وکوردایەتی (بەندکراوە) لەبەندیخانەی نوگرەسەلمان لە خواروی عێراق بۆماوەی (٣) سێ ساڵ دوای لەزیندان بەردەبێت دەگەڕێتەوە شاری


ڕواندز دووبارە لەبەرهۆکاری سیاسی لەساڵی (١٩٦٦) دەسگیردەکرێت بۆماوەی چەند ڕۆژێک دوای بەردەبێت یەکسەر بەماڵەوە (نەفی) دەکرێت بۆپارێزگای عمارە شارۆچکەی مەیمونیەی خواروی عێراق، بۆماوەی (٤) چوار ساڵ دەمێنێتەوە، تابەیاننامەی (١١) ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) حکومەتی عێراق لێبوردەی گشتی دەرکرد، ئەوکاتی کمال خۆیی وخێزانەکەی دەگەڕێنەوە کوردستان، یەکسەرگواسترایەوە بۆ شارەوانی قەزای مێرگەسۆر، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی دووساڵ دوای دەگەڕێتەوە، لەشاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت ، بە یەکجاری ناگەڕێتەرە بۆشاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٨٨) خۆی خانەنشین دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ کاروکاسبی بۆخۆی بکات تا ڕێکەوتی (٢٠٠٣/١٢/٢٥) لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، کمال منیرەخان (٦) شەش کچ و (٥) کوڕی هەبووە ، ئەمەش ناوی کوڕەکانی (سیروان ، ڕیزوان ، دلێر ، بارزان ، سرود) .

٣٦٦- موحسین عبدالرحمان نەورۆز:- ناسراوبووە بە (وەستا موحسین صباغ) یـان (موحسین بۆیاغ چی) لەڕێکەرتی (١٩٣٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە ، موحسین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ، موحسین کەسێکی زۆر کاسب بووە، پیشەی (صباغ) واتە بۆیاغچی یەتی بووە، بە قۆندەڕات بینایەو باڵەخانەی حکومی دەگرتنەوە برێک پارەی لێ قازانج دەکرد بژێوی ژیانی خۆی خێزانەکەی پەیدا دەکرد، هەروەها موحسین مرۆڤێکی هێمن وقسەزان وقسە خۆش بووە، هەموو خەڵکی شاری ڕواندز خۆشیان دەویست لەبەرئەوەی پیاوێکی کاسب وبەخزمایەتی ودورە شەڕبووە دڵی کەسی لەخۆی حادز نەدەکرد، لەڕێکەوتی (٢٠٠٣/٤/١) بەنەخۆشی کۆچی دوای کردووە، ڕوحی شادبێت، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، وەستا موحسین (٥) پێنج کچی هەبووە لەگەڵ (٤) کوڕ، کوڕەکانی بەناوەکانی (کاروان ، مەهدی ، عبدالقادر ، ئەڕسەلان) .



**وەستا موحسین صباغ**

٣٦٧- شێروان عبدالڕحمان نەورۆز:- ناسراو بووە، بە (مامۆستا شێروان ئەفندی) لەڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستا شێروان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆ سەرکارو وەزیفەکەی خۆی کە مامۆستای بووە، شێروان ئەفەندی مامۆستایەکی زۆرزیرەک وبە ئەزموون بووەبەتایبەتی لەوانەی ئینگلیزی، لەسالآنی حەفتاکان تا سالآنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو مامۆستای قوتابخانەی سەرەتای پاشای گەورە بووە، لەژێر دەستی ئەو قوتابی باش لێی فێردەبوون مامۆستا شێروان لە ساڵی (١٩٨٤) ماڵی خۆی دەگوازێتوە بۆ شای هەولێرلەم شارە نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە ڕاژەکەی دەگوازێتەوە بۆقوتابخانەیەکی شاری هەولێر، مامۆستا شێروان لەڕێکەرتی (٢٠١١/١/٢١) بەجەڵتەی مێشک لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردووە لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، مامۆستا شێروان (٢) دوو کچ وچوار کوڕی هەبووە کوڕەکانی بە ناوەکانی (ڕزگار ، زریان ، سازگار ، سامان) ..



**شێروان ئەفندی**

٣٦٨-حاجی علی عوسمان حەسەن:- ناسراو بووە بە (حاجی عەلی) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەگوندی گەرەوانی خواروی سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، حاجی عەلی یەکێک بووە لەبنە ماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزودۆڵی ئاکۆیان وگوندی گەرەوان، حاجی عەلی مرۆڤێکی هێمن وزیرەک وکاسبکار بووە، ماوەیەکی زۆرە دوکانی لەشاری ڕواندز بووە، ل دوکانەکەی (شەکر وچاو برنج ورۆن وهەموو جۆرە خۆراکێکی لا دەست دەکەوت، جگە لەمەش جگەرەووشخاتە وعتاری دەفرۆشت، حاجی عەلی لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە لە شاری ڕواندز نیشتەجێ دەبێت حاجی




**حاجی علی عوسمان**

عەلی پیاوێکی قسەخۆش وبە خزمایەتی بووە، بەتایبەتی لەگەڵ جیرانەکانی زۆر تێکەڵ بووە، حاجی عەلی لەڕێکەرتی (٢٠١٩/١/١٩) بەنەخۆشی جەڵتەی دەماغ لە ماڵەکەی خۆی کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، حاجی عەلی (٣) کچی هەبووە بەناوەکانی (کەلسوم ، گولیزار ، ڕۆناک) هەروەها لەگەڵ (٣) کوڕبە ناوەکانی (خالید ، ئیبڕاهیم ، حەمڕین) .

٣٦٩- قادرعزیز حمد:- ناسراو بووە بە (قادر چاوشین) یان (قادرە کتک) قادر لە ڕێکەرتی (١٩٤٣/٧/١) لە گوندی گەرەوان لەدایک بووە، قادرچاوشین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، قادرچاوشین چەندین جارلەسەرکوردایەتی توشی کێشەو گرفت بووە لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزو دۆڵی ئاکۆیان ئاوارەی دەوڵەی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) لەئاوارەی دەگەڕێتەوە یەکسەرماڵی دەگوازێتەوە بۆشاری ڕواندز لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، ئینجا بۆ بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانی دەست بەکاروکاسبی دەکات، لەبازاڕی ڕواندزدوکانی سەوزەو میوە فرۆشی دادەنێت تا ساڵی (١٩٨٩) لە بەربارودۆخی سیاسی شاری ڕواندز یەکسەر ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر، قادرچاوشین پیاوێکی هێمن وقسە خۆش وکورد پەروەر بووە، هەروەها کەسێکی خێر خوازو هەژاردۆست بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٢/٢٨) بەنەخۆشی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپیردراوە، ڕوحی شادبێت، قادرچاوشین (٣) کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (ئەکرەم ، کارزان ، کارمەند) .



**قادر عزيز حمد**

٣٧٠- ئەسعد شاکر عبدالڕزاق:- ناسراو بووە، به (ئەسعد تیرۆ) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە کاولۆکانی کۆنە پایتەختی ڕواندزومیرنیشینی سۆران لەدایک بووە، ئەسعد تیرۆیەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئەسعد تیرۆلەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە سەرکارو کاسبی خۆی، ئەسعد تیرۆلەکاتی خۆی لەسەر پردی خوارەوەی ناو کاولۆکان دوکانی عتاری وخۆراکی هەبووە، لەدوکانەکەی ئەنواعی شەکەرات خۆراک وەک برنج وشەکرو چاو نیسک و نۆک وساواروفاسولیاوڕۆن وهەموو جۆرە خۆراکێکی لادەست دەکەوت، ئەسعد تیرۆ پیاوێکی هێمن وقسە خۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین وقسەزان بووە، ئەسعد تیرۆ لە ڕێکەوتی (١٩٨٣/١٢/٢٤) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە کاولۆکانی شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی مەلاوسوشێخان بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ئەسعد تیرۆ (٣) کچ و (٢) دوو کوڕی هەبووە، کوڕەکان بەناوەکانی (ڕزگار ، نزار) .



**ئەسعد شاکر عبدالڕزاق**


٣٧١- صالح محەمەد حەسەن:- ناسراو بووە بە (سید ساڵح) لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لەگوندی کانیەقوڕی شاری ڕواندز لەدایک بووە، سید ساڵح یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، سید ساڵح پیاوێکی کاسبکاروخاوەن زەوی وڕەزو باغێکی زۆربووە، لە شاری ڕواندزو بێخاڵ وکانیەقوڕ بەدائێم کاری داچاندنی گەنم وجۆیی دەکرد ساڵانە کاری جۆتیاری واتە (فەلاحەتی) دەکردلە تەمەنی گەنجی کەسێکی بە تواناوبەهێزو زیرەک بووە ، دوو گاجووتی هەبووە، زەویەکانی خۆی پێی دەکێلان ، سید ساڵح لەسەر کوردایەتی زۆر ئازاری چێشتووە لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی (٢) دوو ساڵ دوای گەڕاوەتەوە شاری ڕواندز و



**سید ساڵح**


سەرکاری جۆتیاری خۆی، سید ساڵح مرۆڤێکی بەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەها کەسێکی قسەزان ومەدریس خۆش بووە، لە شەڕی ناوەخۆ (٢) دوو کوڕو (١) یەک نەوەی لێ شەهید بووە، بە ناوەکانی ( غەفور ، زاهیر) سید ساڵح لەڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/١٢) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەگوندی بێخاڵ کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی بێخاڵ بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، سەید ساڵح (٤) چوارکوڕی هەبووە، بەناوەکانی (غەفور ، غەفار ، زاهیر ، فتاح) .

٣٧٢- ئەسعەدعەلی نەبی:- ناسراو بووە، بە (فەتحی تۆپچی) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە گوندی ڕێزانی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، فەتحی تۆپچی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، فەتحی لەسەرکوردایەتی بەدەیان جارتوشی کێشەوگرفت ڕاوەدونان ودەربەدەری وگرتن وئاوارەی بووە، ئەسعەد عەلی نەبی، لەبەرئەوە نازناوی بە فەتحی تۆپچی ڕۆیشتبووە، لە ساڵی (١٩٦٣ تا١٩٧٤) یەکێک بووە لە پێشمەرگەو تۆپ هاوێژە هەرە قارەمانەکانی داستانەکانی چیای هەندرێن وحامیەی ڕواندز وملتۆگرو پانکی ڕواندز چیای کۆرەک وگۆرەز وگۆڕنۆک، بە هەدەفێکی ڕاست وتەواو ڕەبایەکانی دوژمنی تۆپ باران دەکردن، هەروەها لە زۆربەی شەڕو داستانەکانی دۆڵی ئاکۆیان بووە، دواجارلەکانی زیلی گوندی ڕێزانی ناوچەی باڵەکایەتی وەک پێشەنگێکی پێشمەرگەکان شەرەفی ئەوەی پێ دەبەخشرێت کە ئەوانەی پەیوەندی بەشۆڕشەوە دەکەن لەبارەگای تایبەتی فێری ڕاهێنانی سەربازیان بکات ، فەتحی تۆپچی کەسێکی زۆربەتواناو زیرەک وچاونەترس وئازا بووە، لە کاتی پێشمەرگایەتی خۆی تۆپ هاوێژێکی بەتوانا بووە، یەک گولە تۆپی بەخەسار نە دەچووبەڵکوبە ناوەندی ڕەبایەکانی دوژمن دەکەوتن، بەتۆپەکانی زیانی زۆری لەدوژمن دەدا، فەتحی تۆپچی لەڕێکەوتی (٢٠١٦/١٠/١٣) بە نەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەروێ ڕەزان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، فەتعی تۆپچی (٢) دوو ژنی هێناوە لە هەردوو ژنەکانی (٩) نۆ کچ و (١٠) دە کوڕی هەبووە، کوڕەکانی بەناوەکانی (عەلی ، کاوە ، سەعید ، مەلا ئاراز ، ئەڕسەلان ، ئاری ، فاخیر ، زریان ، زیاد ، ئیسماعیل) .



**فەتحی تۆپچی**

٣٧٣- قادر فتاح قادر:- ناسراو بووە بە (قادر فەتاح) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، قادر فەتاح یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، قادر فتاح لەسەر کوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفت ودەربەدەری و ئاوارەی وگرتن وبەندیخانە بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە شاری ڕواندزوسەرکاروکەسابەتی خۆی دوکانەکەی دادەنێتەوە، لە شاری ڕواندز، قادرفەتاح پیاوێکی کاسب بووە، لەدوکانەکەی عتاری وخۆراک کەل وپەلی ناوماڵی دەفرۆشت لە وەرزی هاوین گەلێک جارسەوزەو میوەو تەڕەی دەفرۆشت، جگە لەمەش قادر فتاح کەسێکی نوکتە چی وقسەزان وڕۆشنبیرو قسەخۆش ودەم بە پێکەنین بووە، بەعەکسەوەش هەندێک جاریش لەکاتی قسەکردن ومحامە کردنی لە گەڵ موشتەریەکانی تۆزێک تورە بوونی پێوە دیاردەبوو، قادر فەتاح لەڕێکەوتی (٢٠٠٥/٥/٢٠) بە نەخۆشی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شاد بێت قادر فەتاح (٣) سێ کچ و (٦) شەش کوڕی هەبووەکوڕەکان بە ناوەکانی ( ئازاد ، کاکەڕەش ، سامان ، سالار ، سەباح ، کارۆخ) .




**قادر فتاح قادر**

٣٧٤- عبدالله حاجی حاجی ؛- ناسراوبووە بە (عەولا مۆتا) یان (حاجی عبدالله مۆتا) لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لەگوندی ئاکۆیانی سەر بەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، حاجی عبدالله مۆتا یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی عبدالله لە سەر کوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەو گرفت وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ دوای دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەر کارو کەسابەتی خۆی ، حاجی عبدالله مرۆڤێکی بەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەروەها پیاوێکی دەم بەپێکەنێن ودەم بەخەندە وقسە خۆش وهێمن ومەدریس خۆش و بەخزمایەتی بووە، هەروەها مرۆڤێکی دراوسێ دۆست بووە، زۆر ڕێزی لە دراوسێ و بەرامبەرەکەی خۆی دەگرت، حاجی عبداللەمۆتا لە ڕێکەرتی (٢٠٠٣/٤/٢٤)

به نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، حاجی عبدالله مۆتا (١) کچی هەبووە بە ناوی (ئامینە) لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (ئەحمەد ، محەمەد ، خالید) .

٣٧٥- عەزیزعوسمان ئیسماعیل:- ناسراو بووە بە (عەزیز ئاغای کاولۆکان) لە ڕێکەرتی (١٩١٨/٧/١) لە کاولۆکانی ڕواندزی کۆنە پایتەختی میرنیشینی سۆران لە دایک بووە، عەزیز ئاغا یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عەزیزئاغا لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت ودەربەدەری وئاوارەی وبەندیخانە بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی زیاترلە یەکساڵ دوای دەگەڕێتەوە، بۆ شاری ڕواندزوسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کە ئەوکاتی فەرمانبەری توتن بووە لە فەرمانگەی توتنی دیانا، عەزیزئاغا پیاوێکی وزیرەک وڕۆشنبیروقسەزان بووە، دەستی شیعریشی هەبووە، هەروەها کەسێکی قسەخۆش و نوکتە چی وقۆشمەچی ودەم بەخەندەو پێکەنین بووە، عزیزئاغا پیاوێک بووە لە کەس تووڕە نەدەبوو هەردەم بەکەیف بووە، هەروەها عەزیزئاغا کەسێکی خێرخوازو هەژار دۆست بووە، لەدوای کۆچکردنی گەڕەکێک لەکاولۆک دروستکراوە بەناوی (گەڕەکی عەزیز ئاغا) ئەو ڕێزەش دەگەڕێتەوە سەرخۆشەویستی عزیزئاغا لەلایەن خەڵکی کاولۆکان، عەزیز ئاغا لە ڕێکەوتی (٢٠٠١/٧/٤) لە ماڵەکەی خۆی لە کاولۆکان بەنەخۆشی کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی مەلاوسوشێخان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، عەزیزئاغا (٤) کوڕی هەبووە ، بەناوەکانی (مەزەر ، کەرسەر ، یاوەر ، ئاسکەندەر) .


**عەزیز ئاغای کاولۆکان**

٣٧٦- فتاح حەسەن ئیبراهیم :- ناسراوبووە بە (فتاح بەگی دەرگەڵەی) لەڕێکەوتی (١٩٠٠/١٢/١) لەگوندی دەرگەڵە لەدایک بووە، فتاح بەگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، فتاح بەگ لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن وبەندیخانە و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی




**فتاح بەگی دەرگەڵەی**

یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە شاری ڕواندز و گوندی کاولۆکان سەرکاروکاسبی خۆی کە پیشەی دوکانداری بووە، لە دوکانەکەی عتاری وکەلوپەلی پێویستی ماڵ و ئەنواعی خواردەمەنی وشک کراوە هەروەها تەحین ودۆشاو هەنگوین وقەسپ وخورما ومێوژ گوێزو بادەمی دەفرۆشت، فتاح بەگ مرۆڤێکی ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، هەرچەندە گەلێک جار لەدوکانەکەی لەگەڵ موشتەریەکانی تۆزێک تورەی پێوەدیار دەبووە بەڵام لەدوایدا ئاشت دەبووەوە ، فتاح بەگ لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٤/٢٥) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە کاولۆکان کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی قونگرێ شەمامێ بە خاکسپێردراووە، ڕوحی شادبێت، فەتاح بەگ (٥) کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالله ، مەجید ، بەکر ، محمد ، حمد ئاغا) .


٣٧٧- حمدئەمین حوسێن مستەفا :- ناسراو بووە بە (سەید حمدئەمین) لە ڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە ، سەید حمدئەمین یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سەید حمدئەمین لە سەر کوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەو گرفت وگرتن و دەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٦) کە دەگەڕێتەوە حکومەتی بەعسی عێراق خۆیی وخێزانەکەی بەماڵ و منداڵەوە یەکسەر نەفی دەکات بۆشاری ناسڕیەی خواروی عێڕاق بۆ ماوەی یەکساڵ دوای نەخۆش دەکەوێت لەناسڕیە کۆچی دوای دەکات، سەید حمەدئەمین لەکاتی خۆیدا فەرمانبەری شارەوانی ڕواندز بووە، بەناونیشانی (باغەوان) سەید حمدئەمین پیاوێکی زۆربەخزمایەتی وکەسێکی تێکەڵ وچیرۆک وبەسەرهاتی زۆری دەزانی هەروەها مرۆڤێکی مەدریس خۆش وقسەخۆش وقسەزان بووە، بەدائیم دەم بەخەندەو پێکەنین ونوکتە چی وڕوخۆشبووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٦/٧/٢٣) لەشاری ناسڕیەکۆچی دوای کردوە، تەرمەکەیان هێناوەتەوەبۆشاری ڕواندز ، لەگۆڕستانی گەردگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت سەید حەمەدئەمین (١) یەک کچ و (٤) چوار کوڕی هەبووەکوڕەکانی بەناوەکانی (قادر ، کەریم ، غەفور ، سابیر) .

٣٧٨- جەلال ئەلیاس عزیز مستەفا:- ناسراو بووە بە (جەلال عەتال) جەلال عەتارلەڕێکەویی (١٩٤٦/٧/١) لەگوندی گەرەوانی خواروی سەربە قەزای ڕواندز لەدایک بووە، جەلال عەتال یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، جەلال عتارلە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت ودەربەدەری وگرتن و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی دووساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، لە بەر ئەوەی درەنگ هاتۆتەوە حکومەتی عێراق یەکسەر بەماڵەوە نەفی دەکات بۆ جنوبی عێراق قەزای ناسرِیە گوندی (فهود) بۆماوەی (٢) دووساڵ دەمێنەوە دوای بەرلێبوردەی گشتی دەکەوێت، خۆیی وخێزانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارووەزیفەکەی خۆی ئەوکاتی فەرمان بەری شارەوانی ڕواندز بووە بەناونیشانی (شۆفێر) جەلال عەتال پیاوێکی هێمن وکاسب ولەکاتی خۆیدا عتارێکی گەڕۆک بووە قوماش وجلوبەرگی ئافرەتانی بەکۆڵەپشت لەگوندەکان دەگێراو ساغی دەکردەوە، لەدوایدا خۆی دادەمەزرێنێت لەشارەوانی ڕواندز، جگە لە وەزیفەکەی خۆی دوکانی عەتاری وشەکەراتی لەناو بازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت، هەربۆیە ناوی بە جەلال عەتال ڕۆیشتبووە، جەلال عەتال کەسێکی بەخزمایەتی وهەژاردۆست ئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە، جەلال لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٤/٢٠) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردووەن لە گۆڕستانی کەسنەزان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، جەلال عەتال (٤) چوار کچ و (٥) پێنج کوڕی هەبووە، کوڕەکانی بەناوەکانی (الیاس ، هەژار ، سیروان ، شێروان ، شوان ، ) .


جەلال عەتال

٣٧٩- ئیسماعیل ئەحمەد قادر :- ناسراو بووە بە (ئیسماعیل کەرک) لەڕێکەوتی (١٩٤٦/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە ، ئیسماعیل کەرک یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئیسماعیل کەرک چەندین جار لە سەرکوردایەتی توشی کێشەو گرفتی گرتن ودەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە،

بۆ ماوەی (٢) دووساڵ لە ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزسەر کارو وەزیفەکەی خۆی کە فەرمانبەر بووە لە فەرمانگەی ئاوی قەزای ڕواندزبە ناونیشانی (میراو) ئیسماعیل کەرک مرۆڤێکی دەم بەخەندەو دەم بە پێکەنین بووە، کەسێکی بەهاوڕی وبرادەربووە، هەروەها پیاوێکی نوکتە چی وقسەزان وقسەخۆش بووە ، دائیم حەزی لەسوحبەت کردن و قۆشمەچیەتی بووە، هەروەها کەسێکی زۆر تیکەڵ بووە، بەتایبەتی لەگەڵ برادەرو دراوسێکانی، ئیسماعیل کەرک لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٦) بە نەخۆشی جەڵتەی مێشک لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردە گەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ئیسماعیل کەرک (٢) دوو کچ و (٥) پێنج کوڕی هەبووە، کوڕەکانی بەناوەکانی (سەرهەنگ ، هۆشەنگ ، فەرهەنگ ، سەنگەر ، گۆڤەند) .



**ئیسماعیل کەرک**

٣٨٠- شاکرئاغا سەدیق ئیبراهیم :- ناسراو بووە بە (شاکرئاغای کاولۆکان) شاکرئاغا کوڕی سەدیق ئاغاکوڕی عبدالله ئاغا کوڕی ئەحمد ئاغا بەئەسڵ و نەسەب لەعەشیرەت وهۆزو ئاغاکانی ئاکۆن، شاکرئاغا لەڕێکەرتی (١٨٩٣/٧/١) لە دایک بووە، شاکر ئاغا یەکێک بووە، لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزبووە، لەسەر کوردایەتی ئازاری زۆری چێشتووە لەگرتن ودەربەدەری و ئاوارەی بەندیخانە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆماوەی یەکساڵ، شاکرئاغا مرۆڤێکی قسەخۆش ونوکتە چی وقسەزان وڕۆشنبیرو خوێندەوار بووە، چیرۆک وبەسەرهاتی زۆری دەزانی، هەروەها پیاوێکی مەدریس خۆش وکەسێکی هەژار دۆست وخێرخوازبووە، هەروەها لە دەورووپشتی کاولۆکان و ڕواندز ڕەزوباغ وزەوی وزارێکی زۆری هەبووە. کاروکاسبی وژیانی ڕۆژانەی لەسەرزەوی وباغ وبێستانەکانی خۆی بووە، شاکرئاغا کەسێکی زۆر دەوڵەمەند بووە، لەساڵی (١٩٨٧) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە کاولۆکان کۆچی داوی کردووە، لە گۆڕستانی قونگرێ شەمامێ بە خاکسپێردراووە، ڕوحی شادبێت شاکرئاغا (٥) پێنج کچ و (٤) چوار کوڕی هەبووە، کوڕەکانی بەناوەکانی (جەمیل ، فەیسەڵ ، غازی ، محمد عەلی) .

٣٨١- موعتسم عزیز سەعید:- ناسراوبووە بە (موعتسم نانەوا) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە گوندە جوانەکەی سەرانی سەر بەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٨٢) لە بەربارودۆخی سیاسی ناوچەکەو بێکاری ماڵی لەگوندی سەران دەگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندزو لە شاری ڕواندز نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی، موعتسم لەشاری ڕواندز فرنی کولێرا دادەنێت واتە بەزمانی ڕواندزیان (ئەستورکی بەڕون وکونجی) دروست دەکرد موعتسم دەستەوای زۆربەتام وچێژو پاک و خاوێن بووە، هەروەها مرۆڤێکی قسەخۆش وڕۆشنبیرو بەخزمایەتی وزیرەک وقسەزان بووە، موعتسم یەکێک بووە لە بنەماڵەی شێخەکانی سەران و بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها لە ساڵی (١٩٦٣تاساڵی١٩٧٤) لە شۆڕشی ئەیلول خزمەتێکی زۆری کردوە، وەک پێشمەرگە نانەوای شۆڕشی ئەوکاتی بووە، موعتسم لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/١١/٤) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، موعتسم نانەوا (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (لیمۆ ، شیراز ، شاناز ، بەناز ، کوردستان) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (طیب ، عبدالله ، سەربەست) لێرەوە دەبێت باسی کوڕەگەورەی موعتسیم عزیز بکەین کە ناوی طیب بووە، کاک طیب موعتسیم هەرچەندە مرۆڤێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە بەڵام خوای گەورە بەهرەیەکی گەورەی هونەری وچاپەمەنی پێی داوە، لەڕووی شێوەکاری وکۆمپیوتەروچاپەمەنی ونوسین وشێوەی دانان وبەرگ کردنی کتێب کەسێکی زیرەک وبەتوانا و ڕۆشنبیرو بە ئەزموون بووە،


**موعتسم عزیز سەعید**

٣٨٢- عەزیز عەوڵا عەزیز:- ناسراو بووە بە (عەزیز بەگ) یان (عەزیز بەگی فەقیانێ) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە گوندە جوان و ڕازاوەکەی فەقیان چاوی بەدونیا هەڵێناوە، عەزیزبەگ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز و دۆڵی ئاکۆیان وگوندی فەقیان، عزیزبەگ لەسەرکوردایەتی چەندین جارلەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق کێشەوگرفتی بۆدروست بووە، لەگرتن ودەربەدەری وئاوارەی بەندیخانە لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی

(٢) دوو ساڵ واتە لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە، دەڤەرەکەی وشاری ڕواندزو سەرکاروکاسبی خۆی ، عەزیزبەگ پیاوێکی قسەخۆش وقسەزان وکەسێکی ڕۆشنبیربووە، هەرەها هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی کوردو کوردستان و پێشمەرگایەتی سەرف کردووە، عەزیزبەگ جگە لەسیاسەت وکوردایەتی مرۆڤێکی هێمن وڕاستگۆو بەخزمایەتی دۆستی زۆربووە، عەزیزبەگ لەڕێکەرتی (١١/٧/ ٢٠١٩) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گوندی فەقیان بەخاکسپێردراووە ، ڕوحی شادبێت، عەزیزبەگ (٣) کچی هەبووە بەناوەکانی (جوعدە ، نورە ، سۆزان) لەگەڵ (٤) کوڕ بەناوەکانی (عادل ، فاخیر ، عەولابەگ ، مستەفا) .



**عەزیز بەگی فەقیانێ**

٣٨٣- یەحیابەگ ساڵح شێروانی:- ناسراوبووە بە (حیابەگ) لەڕێکەوتی (١/٧/١٩٣٢) لە ناحیەی شێروان لەدایک بووە، حیابەگ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە ، یەحیابەگ بەئەسل ونەسەب خەڵکی شێروان مەزنێی سەر بەقەزای مێرگەسۆرە، یەحیابەگ لەساڵی (١٩٥١) دێتە شاری ڕواندز ولەم شارە نیشتەجێ دەبێت ناگەڕێتەوە شێروان مەزنە ، یەحیابەگ پیاوێکی هێمن ودەم بەخەندە وپێکەنین وقسەخۆش ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز سەر کاروکاسبی خۆی، یەحیا بەگ لەڕێکەوتی (٩/٧/٢٠٠٣) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، یەحیابەگ (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (زارا ، زولێخا ، خەجیج ، گەلاوێژ ، ئامینە) هەروەها لە گەڵ (٢) دووکوڕ بەناوەکانی (حەیدەر ، غازی) .



**یەحیابەگ ساڵح**


٣٨٤- عەلی حوسێن عەلی:- ناسرراو بووە بە (عەلی گاور) لەڕێکەوتی (١٩٢١/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عەلی گاوریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لە سەر کوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفت ، ئاوارەی و گرتن و دەربەدەری و بەندیخانە بووە، عەلی گاور لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای گەڕاوەتەرە بۆ شاری ڕواندزوسەر کارو کاسبی خۆی عەلی گاورلەسەر کوردایەتی ولەپێناو خاکی کوردستان (٢) دوو کوڕی شەهیدو ئەنفال کراون ، عەلی گاورپیاوێکی هێمن وقسەخۆش ونوکتەچی ومەدریس خۆش بووە، کەسێکی کاسبکار بووە، دوکانی عتاری فرۆشیاری هەبووە واتا بائع حکومی بووە، شەکرو برنج ورۆن وهەموو جۆرە خۆراکێکی دەفرۆشت، عەلی گاور لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/٦/٧) بە نەخۆشی کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەردبە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، عەلی گاور (٤) چوار کوڕی هەبووە بەناوەکانی (حوسێن ، حەسەن ، وەلید ، خالید) .


نوح بەگ حمدئەمین عەزیز

٣٨٥- نوح حمدئەمین عەزیز:- ناسراو بووە بە ( وەستا نوح بەگ) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لەگوندی سەروکانی سەربە ناحیەی شێروان مەزن لە دایک بووە، نوح بەگ یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، نوح بەگ لە بەرنەبوونی ڕێگاوبان ونەبوونی خزمەت گوزاری و لە بەرهۆکاری سیاسی ناوچەکەی خۆی لەسەرەتای ساڵی شەستەکان ڕوودەکاتە شاری ڕواندز دەست دەکات بەکارو کاسبی بۆ بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی، ئەوجاکەدێتە ئەو شارە لەبازاڕی شاری ڕواندز دوکانی دارتاشی دادەنێت ودەست دەکات بەپیشەی دارتاشی ودروستکردنی دەرگاو پەنجەرە و کانتۆر و مێز و کورسی وسندوقی نوێنان ولانک وهەمووجۆرەکەل وپەلی ناوماڵی لەداروتەختەی دروست دەکردن هەروەها گەلێک جارداری تفەنگ و ئالەتی مۆسیقای دروست دەکردن، وەستا نوح بەگ دارتاشێکی، زیرەک ودەست ڕەنگین بووە، هەروەها وەستا نوح بەگ لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ وشەش مانگ لەکۆتای ساڵی

(١٩٧٥) دەگەڕێتەوە حکومەت بەماڵەوە نەفی خواروی عێراقی دەکات بۆماوەی (٨) هەشت مانگ دوای ئەو ماوەیە دەگەڕیتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکاری دارتاشی خۆی، هەروەها نوح بەگ پیاوێکی هێمن وقسە خۆش وڕۆشنبیرو قسەزان ومرۆڤێکی تێکەڵ وبەخزمایەتی ودنیادیتە و ڕوخۆش دەم بەخەندەو پێکەنین بووە، وەستا نوح بەگ لەڕێکەوتی (١٩٩٨/٣/٢٣) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لەگۆرستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت وەستا نوح بەگ (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (ڕەمزیە ، ڕازیە) هەروەها لەگەڵ (6) کوڕ بە ناوەکانی (عوسمان ، عومەر، محمد ، یوسف ، سەلیم ، سەلام) .

٣٨٦- عومەر عبدالله سلێمان:- ناسراو بووە بە (عومەری عەولای سێمانی) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/١/١١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عومەریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کە سایەتی شاری ڕواندز، عومەرکەسێکی کاسبکاروزیرەک وبەتوانا بووە، دوکانی کەل وپەلی دارتاشی وخانووبەرەی هەبوو لە بازاڕی شاری ڕواندز وەک (بزمارو تەور وبێڵ وچەکوج و پلایز و گاز و مشار ئەنواعی بوڕغی وکەل وپەلەکانی تری) لادەست دەکەوت عومەرپیاوێکی هێمن دەم بەخەندەوپێکەنین بووە، هەروەها کەسێکی خوێندەواروسیاسی وڕۆشنبێرو قسەزان وقسەخۆش بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١٣) لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، عومەرعبدالله سلێمان (٢) دووکچی هەبووەبەناوەکانی (قانیحە ، ئاسیا) هەروەهالە گەڵ (٢) دوو کوڕ بەناوەکانی (تەیب ، ئەیوب ) .


**عومەر عبدالله سلێمان**


٣٨٧- حمدئەمین عەزیز حوسێن:- ناسراو بووە بە (حمدئەمین ئینزیبات) حمدئەمین لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەگوندی فەقیان سەربەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حمدئەمین لەبنە ماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت بووە، حمد ئەمین پۆلیسی حکومەتی عێراق بووە، لە ساڵانی شەستەکان تاساڵانی حەفتاکان وەک پۆلیسی چاودێرلەناو بازاڕی شاری ڕواندز بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوبازاڕی شاری ڕواندز چاودێر بوون هەرکەسێک لەم بازاڕە شەڕێکی ئەنجام بدایە یەکسەر ڕەوانەی مەرکزی پۆلیسی ڕواندزیان دەکرد، حمدئەمین لە کارەکەی ئینزیباتێکی چالاک و زیرەک و بەتوانا بووە، لە ڕێکەرتی (١٩٩٠/٧/١) خانە نیشین کراوە، ئینجالەڕێکەوتی (٢٠٠٥/٦/٦) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حمدئەمین ئینزبات (٢) کچ و (٤) چوارکوڕی هەبووە، کوڕەکانی بەناوەکانی (هیوا ، ئارام ، هەنگاو ، ئازاد) .



**حمدئەمین عەزیز حوسێن**

٣٨٨-وەستا نەبی ئەحمەد :- ناسراو بووە بە (نەبی گورگۆ) لەڕێکەرتی (١٩٢٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە نەبی یەگورگ لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، نەبی پیاوێکی دەم بەخەندەودەم بە پێکەنین وقسەزان وزۆر قسەخۆش بووە، هەروەها کەسێکی زۆر بەتواناو کاسب بووە، کاری ئەوبەدائیم کرێکاری بووە، هەندێک جارکاری وەستایی دیواری خانووی دەکرد هەروەها چاککردنەوەوسواق کردنی سواندەو دیواری خانووە کۆنەکان جگە لەم کارانەش دەستی نەقاڕکردنی بەردی دیواری هەبووە ، بۆیە هەندێک کەس بە وەستا نەبی گازیان دەکرد، وەستا نەبی لەبواری هەنگ ومێش هەنگوین زۆر زیرەک بووە لەشاخەکان هەنگوینی دەدۆزیەوە، لە کونی هەنگ هەنگوینی دەردەهێنا لەم بوارەدا زۆرشارەزایەکی باشە هەبووە ، وەستا نەبی مرۆڤێکی بەخزمایەتی وزۆر بەهاوڕێ و دۆست وبرادەربووە، هەموو کەس خۆشیان دەویست، لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٦/١٤) بەنەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، وەستا نەبی (٢) دووکوڕی هەبووە، بەناوەکانی (لەتیف ، ڕەفیق) .

٣٨٩- ئیسماعیل ئەحمد ئیسماعیل:- ناسراو بووە بە (ئیسماعیل قەرەج) لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، ئیسماعیل قەرەج لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لەسەر کوردایەتی وسیاسەت چەندین جارتووشی کێشەو گرفت ودەربەدەری وگرتن وڕاوەدونان وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٦٣) خراوەتە بەندیخانە بۆ ماوەی (٢) دووساڵ هەروەها لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی (١) یەکساڵ دوای ئەوماوە دەگەڕێتەوە شاری ڕواندزو سەرکاروکاسبی خۆی، ئیسماعیل لەساڵانی (شەستەکان) کارگەی دروستکردنی پێڵاوی لەشاری ڕواندز هەبووە، بەناوی (پیسۆل) ئەوجۆرە پێڵاوانە دەسکردی خۆی بووە لەکەوری حیوان وتایەی ئۆتۆمۆبیل دروستی دەکرد لە ئەنواعی پێڵاوی گەورەو بچوک دوای دوکانەکەی گۆڕی بۆفرۆشتنی پێڵاولەساڵی (١٩٧٦) دووبارە دوکانەکەی گۆڕی بۆ کەمالیات وجل وبەرگی منداڵان وئافرەتانی تیادا دەفرۆشت ئیسماعیل ئەحمەدکەسێکی خێرخوازو هەژار دۆست وئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، پیاوێکی پۆشتەوپاک وخاوێن وبەدائیم جلی جوان وڕێک وپێکی دەبەر دەکردن، لە بەرباروەدۆخی سیاسی شاری ڕواندزلە ساڵی (١٩٨٧) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولیرلەم شارە نیشتە جێ دەبێت، لەڕێکەوتی (٢٠٠٥/١٠/١٤) بە نەخۆشی لەشاری هەولێرکۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، ئیسماعیل قەرج (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (سەبریە ، خوناو ، سولحیە) هەروەها لەگەڵ (١) کوڕبە ناوی (سلێمان) .



**حەسەن ئەحمەد ئیسماعیل**

٣٩٠- حەسەن ئەحمەد ئیسماعیل:- ناسراوبووە بە (حەسەن قەرەج) لەڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حەسەن قەرەج لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لەسەر کوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفت ڕاوەدونان وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی (١) یەکساڵ دوای دەگەڕێتەرە سەرکاروەزیفەکەی خۆی، حەسەن ئەحمەد فەرمانبەر بووە بەناونیشانی (پاسەوان) لەقوتابخانەی زۆزکی سەرەتای کوڕان لە شاری ڕواندز، لە ساڵی (٢٠٠٥) خانەنیشین دەکرێت دەست دەکات بەکاسبی کاری چێشتخانەدەکات ، حەسەن پیاوێکی ڕۆشنبیروهێمن وقسەخۆش ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٤/١٤) لە ماڵەکەی خۆی لە شاری سۆران کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی مەلاسوشێخان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حەسەن قەرەج (١) یەک کچی هەبووەبەناوی (سەیران) هەروەها لەگەڵ (٢) دووکوڕبە ناوەکانی (فەرهاد ، فریاد) .

٣٩١- حارس حەسەن ئیبڕاهیم:- ناسراوبووە بە (حارس حەسەن شێروانی) حارس لەڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، حارس حەسەن شیروانی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٥٢) دەبێتە سەربازلەسەربازی دەبێتە موزەمیدلە نەخۆشخانەی عەسکەری، حارس لەجەیشی عێراق تا پلەی نائیب زابت دەچێت، واتا (٢٠) بیست ساڵ خزمەتی سەربازی دەبێت، دوای لەساڵی (١٩٧٢) لە سەربازی خانە نیشین دەکرێت، لەساڵی) ١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز دەست دەکات بەکاروکاسبی، چێشتخانەیەک دادەنێت، لەناو بازاڕی شاری ڕواندز ، کەتیایدا هەمو جۆرە خواردنێکی دەفرۆشت وەک (برنج وفاسۆلیاو، بامیە، وباینجان، کودو، کەباب ، جەرگ وتکە) خواردنەکان زۆر بەتام و چێژو خۆش وپاک وخاوێن بووە، هەربۆیە ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ڕویان لە چێشتخانەکەی دەکرد، حارس حەسەن شێروانی لەبەر بارو دۆخی سیاسی شاری ڕواندزلەساڵی (١٩٨٨) ماڵی خۆی لەشاری ڕواندز گواستۆتەوە بۆ

شاری هەولێر گەڕەکی مفتی لە کاری چێشتخانە واتە (مەتحەم) بەردەوام بووە تا ساڵی (٢٠١٢) ئینجا لەبەر پیری وازی لەکارەکەی هێناوە، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە، لەشاری هەولێر دادەنیشێت، حارس حەسەن شێروانی (١٠) کچی هەبووە، لەگەڵ (٧) حەوت کوڕ بەناوەکانی (بڕهان ، گەیلان ، سەروەر ، سەربەست ، حەسەن ، ئەحمەد ، محمود) ،


٣٩٢- فتاح حەسەن ئیبڕاهیم :- ناسراو بووە بە ( فتاح حەسەن شێروانی) فتاح لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، فتاح حەسەن شێروانی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، فتاح حەسەن شێروانی لەساڵی (١٩٤٦) دەبێتە سەرباز لە جەیشی عێراق کەخزمەتی سەربازی تەواودەکات دووبارە خۆی نوێ دەکاتەوە واتە (طتوح) دەکات لەسەربازی دەمێنێتەوە تا پلەی رئیس عورەفا دەڕوات لەدوای خزمەتی (٢٥) بیست وپێنج ساڵ، لە ساڵی (١٩٧١) خۆی خانەنیشین دەکات بەپلەی ڕەئیس عورەفا ، ئینجا تاساڵی (١٩٧٤) لە چێشتخانەیەک کاردەکات بۆ بژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی، لەساڵی (١٩٧٤) کە شەڕدەستی پێ کرد خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز بۆخۆی چێشتخانەیەکی لە دوکانێکی بچکۆڵە لە بازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت، بەیانیان چاو ماست نیوەڕۆیان تکەوکەباب وجەرگی دەفرۆشت ، بەم شێوەیەڕۆژانە بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانی سەرقاڵی کاری چێشتخانە بووە، فتاح پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەچی ڕۆشنبیرو قسەزان بووە ، هەروەها مرۆڤێکی خێرخواز وهەژار دۆست و ئیماندارو ئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە، لە ڕێکەرتی (٢٠٠١/٤/١٤) لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، فتاح حەسەن شێروانی (٥) کچی هەبووە بەناوی (سەیران ، جوان) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (نورالدین) ،

٣٩٣- عەلی قادر ئیبراهیم :- ناسراو بووە بە (مەلا عەلی ئاکۆی) لە ڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، مەلاعەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مەلا عەلی لەسەرکوردایەتی چەندین جار توشی کێشەوگرفت وگرتن ودەربەدەری وئاوارەی بووە لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆماوەی یەکساڵ مەلاعەلی پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرو قورئان خوێن بووە، هەروەها مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆس وقسەزان کەسێکی بەڕێزو خۆشەویستی شاری ڕواندزو دۆڵی ئاکۆیان بووە، وەهاروەهامرۆڤێکیمەدریس خۆش و بەخزمایەتی بووە، مەلا عەلی لەکایی خۆی فەرمانبەری حکومەت بووە، لەپەروەردەی ڕواندز بە ناونیشانی (پاسەوان) لە قوتابخانەی شەمامی کچان لەقەزای ڕواندز لە ڕێکەوتی (١٩٩٥/٧/١) خانەنیشین کراوە، مەلاعەلی لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٣٠) بە نەخۆشی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆرستانی ئاکۆیان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، مەلاعەلی (٤) چوارکوڕی هەبووە بەناوەکانی (زرار ، عبدالغفار ، عبدالستار ، عبدالهادی) .



**مەلا عەلی ئاکۆی**

٣٩٥-حەسەن لەتیف محمدئەمین ئیبراهیم:-مناسراو بووە بە (حەسەن حاجی لەتیف) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حەسەن یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حەسەن حاجی لتیف کەسێکی کەسبکارو زیرەک وبەتوانا بووە، توانیویەتی بەکاسبیەکەی ژیان و بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات، لەساڵی (١٩٦٧) دەستی داوەتەکاری بەزازی لەبازاڕی شاری ڕواندز دوکانی قوماشفرۆشی دادەنێت تاساڵی (١٩٧٤) لەم کارەی بەردەوام دەبێت، لە دوکانەکەی هەموو جۆرە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگی ئافرەتان وپیاوانی دەفرۆشتن، حەسەن حاجی لەتیف پیاوێکی هێمن وخێرخوازو هەژار دۆست بووە، هەروەها کەسێکی ڕۆشنبیروقسەزان وبەخزمایەتی




**حەسەن لەتیف محمدئەمین**

بووە، لەسەرکوردایەتی جەندین جار کێشەی بۆ دروست بووەلەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاورەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوەبۆ شاری ڕواندز، دوای ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر، ئینجا دەست دەکات بەکاری مقاوەلات واتە تەندەری ، کاری بیناسازی ونۆژەن کردنەوەی باڵەخانە وفەرمانگەکانی میری، لەم کارەی بەردەوام دەبێت تاساڵی (١٩٩٦) لەکۆتایدا ناتوانێت وەک جارون کار بکات بۆیە واز لەم کارە دینیت ، ئیستاکەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لەژیاندا ماوە، لەشاری هەولێر دادەنیشێت، حەسەن حاجی لەتیف (٧) حەوت منداڵی هەبووە، (٤) چوار کچ و (٣) سێ کوڕ، (٤) چوارکچی بەناوەکانی (ئاشتی ، گەزەنگ ، سازان ، ساکار) هەروەها لەگەڵ (٣) کوڕبەناوەکانی (سالار ، سامان ، سەنگەر) .


**حاجی عبدالله لۆغانی**

٣٩٦- حاجی عبدالله قادر حوسێن حەسەن:- ناسراو بووە بە (حاجی عبدالله لۆغانی) لە ڕیکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لە گوندی ئاکۆیان لەدایک بووە، حاجی عبدالله لۆغانی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزو دۆڵی ئاکۆیان ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە ماڵی لەگوندی ئاکۆیان دەگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندز لەم سارە نیشتەجێ دەبێت، حاجی عبدالله لەگوندەکەی خۆی هیچ جۆرە کاروکاسبەیەکی نەبووە، لەکاتی خۆیدا لە تەمەنی گەنجی لە سالآنی پەنجاکان تاسالآنی هەشتاکان جگە لەڕەزو باغ و بێستان هیچ کارێکی تری نەدەکرد، جگە لە کاری فەلاحەتی وەک داچاندنی گەنم وجۆونیسک و نۆک وماش و ڕەزو باغ وبێستان، بۆیە کەدێتە شاری ڕواندز بۆبژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی دوکانێک دادەنێت بۆژیانی ڕۆژانەی خۆی، حاجی عبدالله پیاوێکی هێمن وقسە خۆش وبەخزمایەتی ومەدریس خۆش بووە، ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) لەژیاندا ماوە، حاجی عبدالله لۆغانی (٣) سی کوڕی هەیە بەناوەکانی (قادر، حوسێن ، ئیسماعیل) .

٣٩٧- عبداللەحمد عباس:- ناسراوبووە بە (عبدالله حمد ئاکۆی) لە ڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لە گوندی ئاکۆیان لە دایک بووە، عبدالله یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عبداللەحمدعباس لە ساڵی (١٩٥٩) بەفەرمانبەری مەدەنی خۆی لە نەخۆشخانەی سەربازی لەحامیەی ڕواندز دادەمەزرێنێت بەناونیسانی خەباز، واتە (نانەوا) ماوەی (٣٨) ساڵ لە وەزیفەکەی دەمێنێتەوە، لە ساڵی (١٩٩٧) کە تەمەنی دەبێتە (٦٣) ساڵ خانەنیشین دەکرێت، عبداللەحمد عباس کەسێکی هێمن وزیرەک وقسەخۆش بەخزمایەتی ومەدریسخۆش بووە، عبدالله حمد ئاکۆی لەژیانیدا هیوایەتی بەخێوکردنی هەنگ بووە، لە مانگی بەهاردا شرخەی هەنگی لەناو باعچەکان دەگرتنەوە، لەلای خۆی لەسندوق یان خەرێفەی دەکردن، ئینجا بەخێوی دەکردن هەندێک جاریش لە شاخەکانیش لەکونە هەنگەکان هەنگوینی پەیدا دەکرد، عبدالله حمد بەدائیم لە ماڵەکەی خۆیدا هەنگوینی هەبووە، هەروەها عبدالله حمد ئاکۆی لەکاتی گەنجی خۆیدا زۆر کەیفی بەڕاوکردن دەهات وەک ڕاوی بزنەکێوی و پۆڕ وکەوکەروێشک، عبدالله حەمەد پیاوێکی مەدریس خۆش وقسەزان وبەخزمایەتی بووە ، ئێستاکە لەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینیداین لە ژیاندا ماوە، ماڵی لە شاری ڕواندزە ، عبدالله حمد (٨) کچی هەبووە بە ناوەکانی (هەیبەت ، غوربەت ، بەسێ ، خەجیجە ، شەمام ، سەمیرە ، خاتون ، سەبریە) هەروەها لە گەڵ (٢) دووکوڕ بە ناوەکانی (مامۆستاجەبار ، مامۆستا نەجات)



**عبدالله ئەحمەد عەباس**

٣٩٨- جەبار سەیدا ئیبراهیم ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (جەبار سەیدا) لە ڕێکەوتی (١٩٤٨/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، جەبار سەیدا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، جەبار سەیدامرۆڤێکی سادەورۆشنبیروخوێندەواروهێمن وکورد پەروەربووە، لە ساڵی (١٩٦٠) لەشۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە لە یەکەم مەفرەزەی شۆڕش، لە گەڵ محمود کاوانی بەشدار بووە، لەهەموو چالاکیکانی لەگەڵ محمود کاوانی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، جەبار سەیدا پێشمەرگەیەکی چالاک وتێکۆشەرو ئازاوچاونەترس بووە، ئینجالەوکاتی لە پێشمەرگایەتی دەمێنێتەوە تاساڵی (١٩٧٤) ئەوجا هەرلەوساڵە شەڕ لەگەڵ ڕژێمی عێراق دەست پێدەکات، بەشداری لە هەموو شەڕەکانی کۆڕەک ودارەهیشک وگۆڕنۆک دەکات، ئەوجا کەشۆڕش تێک چووخۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی


جەبار سەیدا ئیبراهیم ئەحمەد

دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، ماوەیەک بە بێ کاری ژیانی بەسەر دەبات، تاساڵی (١٩٨٠) ئەمجارە پەیوەندی بەڕیزەکانی (ی.ن.ک) دەکات دەبێتە ئامیرکەرت لە هەرێمی (٧) حەوت لەتیپی (١٢) ی سۆران بەردەوام دەبێت لە پێشمەرگایەتی تاساڵی (١٩٨٨) جەبار سەیدا کەسێکی زیرەک وبەتوانا بووە، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) یزاینی یە ماڵی لە ئەوروپایە لە ژیاندا ماوە، جەبار سەیدا (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (نەمام ، لاوین ، تاڤگە) هەروەها لەگەڵ (٢) دووکوڕ بە ناوەکانی (نەهرۆ ، حەحمەد) .

٣٩٩- محمد ڕەشید:- ناسراو بووە بە (محمدی شەمامێ) لەڕێکەرتی (١٩٢٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، محمەدی عیشە شەمامێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، محمەدی شەمامێ لە سەرکوردایەتی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆکوردستان و شاری ڕواندز لەبەر خاپوربوونی خانووەکەیان ناتوانێت ژیانی لەشاری رواندز بەسەر بەرێت بۆیە یەکسەر ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت ، محمدی شەمامێ مرۆڤێکی هێمن ونوکتەچی وچیرۆکزان و قسەخۆش ودەم

بەخەندەو پێکەنین بووە، کەسێکی مەدریس خۆش و قسەزان وبەخزمایەتی بووە، محمەدی شەمامێ لەڕێکەوتی (١٩٧٦/٤/٢٣) لەشاری هەرلێر بەنەخۆشی کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپیردراوە، ڕوحی شاد بیت، محەمەدی شەمامێ (٢) کوڕی هەبووە بەناوەکانی (سەبری ، ساڵح) .

٤٠٠- شێرکۆ سەعید قادر :- ناسراو بووە بە (شێرکۆ فەندی) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، مامۆستا شێرکۆ ئەفەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا شێرکۆ خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەشاری ڕواندز تەراو کردوە، دوای چۆتە خانەی ماۆستایان لەشاری هەولێربۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ دوای تەواوکردنی خانەی مامۆستایان، دەبێتە سەرباز لە سوپای عێراق بۆماوەی (٢١) مانگ خزمەتی سەربازی تەواودەکات دەگەڕێتەوە شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٥٩) بەمامۆستا دادەمەزرێت دەبیتە مامۆستای سەرەتای، هەروەها مامۆستا شێرکۆ لەکاتی خۆیدا لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشە وگرفتی گرتن وبەندیخانەوئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکارو وەزیفەکەی خۆی کە مامۆستایەتی بووە، شێرکۆ ئەفەندی مرۆڤێکی بە ئەزمون وزیرەک وڕۆشنبیر بووە، لەڕێکەوتی (٢٠٠٣/٧/١) خانەنیشین کراوە ئێستاکە لەشاری هەولێردادەنیشێت ولە ژیاندا ماوە، مامۆستاشێرکۆ (٤) چوارکچی هەبووە بەناوەکانی (سەیران ، ڕێزان ، جیهان ، نارین) لە گەڵ (٣) کوڕ بە ناوەکانی (سیروان ، نەریمان ، سامان) .


٤٠١- نەجات سەعید قادر:- ناسراو بووە بە (نەجات ئەفەندی) لە ڕێکەوتی (١٩٢٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، نەجات ئەفەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەرورو کەسایەتی شاری ڕواندز، نەجات ئەفەندی لە کاتی خۆیدا لە سەرشۆڕش و کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن و ڕاوەدونان وبەندیخانە بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکارو وەزیفەکەی خۆی نەجات ئەفەندی فەرمانبەربووە لە دارای قەزای ڕواندز بە ناونیشانی (مەئموری دارای) نەجات ئەفەندی پیاوێکی چوار شانەی کەڵەگەتی قەڵەوبووە، هەروەها کەسێکی قسەخۆش وزیرەک وقسەزان ورۆشنبیر ومەدریس خۆش بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٩٠/٢/٢٤) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، نەجات ئەفەندی (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (حەسیبە ، گوڵ بەهار) هەروەها (٤) چوار کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (فەرهاد ، دلشاد ، شێرزاد ، دڵدار) .



**نەجات ئەفەندی**

٤٠٢- عبدالله حەبیب عبدالله سلێمان:- ناسراو بووە بە (عبدالله حەبیب) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عبدالله حەبیب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، عبداللەحبیب خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە، لە ساڵی (١٩٧٩) ئامادەی کشتوکاڵی لە شاری سلێمانی لەبەکرەجۆ تەواوکردووە، لەساڵی (١٩٧٠) بەچاودێری کشتوکاڵ دامەزراوە، عبدالله حبیب کەسێکی سیاسی وکوردپەروەربووە لە ساڵی (١٩٥٨) تێکەڵ بەسیاسەت دەبێت ، دەبێتە بەرپرسی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لەساڵی (١٩٦٣) دەسگیرکراوە، پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر، بەهەوڵی چەند کەسایەتیەکی شاری ڕواندز ئازاد دەکرێت، لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕیتەوە بۆ شاری ڕواندز، لەساڵی (١٩٧٦- ١٩٧٧) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەکات لەساڵی (١٩٨٦) پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دەکات، ناگەڕێتەوە تاڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بەشداری

لەڕاپەرین دەکات ئەوجا لەگەڵ بەرەی کوردستان دەگەڕیتەوە بۆشاری رواندز دەکرێتە (بەرپرسی کۆمیتەی سۆران) ئەوجا لە دوای چەند پلەو پۆستی حیزبی خانەنیسین دەکریت بەڕاوێژکاری دەزگای شەهیدان، عبدالله حبیب ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لەژیاندا ماوە، خۆیی وخێزانەکەی لە دەرەوەی ووڵات لە سوید نیشتەجێ بووە، عبدالله حبیب (١) یەک کچی هەبووە بە ناوی (ژیلوان) هەروەها لە گەڵ (٧) حەوت کوڕبە ناوەکانی (دەرسیم ، میدیا ، بێستون ، زمناکۆ ، زەردەشت ، دیاکۆ ، ڕابەر) .


عبدالله حەبیب عبدالله

٤٠٣- عباس مستەفا عزیز:- ناسراو بووە بە (عباس ڕیوی) لەڕێکەوتی (١٩٠٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عباس ڕێوی یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، عباس ڕیوی پیاوێکی ئاقڵ و هێمن وقسە خۆش قسەزان بووە، هەموو ژیانی گەنجی خۆی لە سەربازی بردۆتە سەرلە تەمەنی (٢٢) ساڵی واتا لە ساڵی (١٩٢٥) دەبێتە سەربازتاپلەی نائب زابت دەڕوات زیاترلە (٢٧) بیست وحەوت ساڵ خزمەتی لە سوپای عێڕاق وەک سەربازێکی ئازاو چالاک کردوە، لە ساڵی (١٩٥٢) خۆی خانەنیشین دەکات، بەمووچەی خانەنیشی بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی بەڕێ دەکرد، عباس ڕیوی کەسێکی مەدریس خۆش وزیرەک وبەخزمایەتی وڕۆشنبیرومەدریس خۆش بووە، عباس ڕیوی لە ڕێکەوتی (١٩٦٩/١٠/١٣) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەپێش چایخانێ خالید زێڕۆی لەبازاڕی شاری رواندز دانیشتبووەلەکاتی پێکەنین وقسەکردن کتوپڕلەسەر کورسی دەکەوێتە خوار بەجەڵتەی مێشک کۆچی دوای دەکات، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت عباس ڕیوی (٣) کچی هەبووە بە ناوەکانی (نجیبە ، حەسیبە .ساجیدە) لە گەڵ (٦) شەش کوڕ بەناوەکانی (جبار ، جمال ، مەعروف ، برهان ، کمال ، کامەڕان) .


عباس ڕیوی

٤٠٤-خالید مەحمود ئەحمەد:- ناسراوبووە بە (مامۆستا خالید) لەڕێکەوتی (١٩٤٦/٤/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستاخالید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزلەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت ئاوارەی بووە لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وبنەماڵەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەرە بۆشاری ڕواندزوسەرکارو وەزفەکەی خۆی کە مامۆستای دواناوەندی ڕواندزی کوڕان بووە، خالید ئەفەندی مامۆستایەکی زیرەک وبەتواناو هێمن وڕۆشنبیربووە ، هەروەها کەسێکی قسەخۆش و قسەزان ودەم بەخەندەو پێکەنین وبەخزمایەتی ومەدریس خۆش بووە، بەتایبەتی لە قوتابخانەکەی لەگەڵ قوتابیەکانی زۆر نەرم نیان بووە، مامۆستایەکی بەڕێزو دیندارو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت وهەژار دۆست بووە، مامۆستا خالید لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/٧) بەداخەوە لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆڕۆنا کۆچی دوای کرد لە گۆڕستانی گەردە گەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مامۆستا خالید مەحمود (٢) دووکچی هەبووە بەناوەکانی (ژاڵە ، ئەستێرە) هەروەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (محمود ، گەیلان ، دەرباز) .



**خالید مەحمود ئەحمەد**

٤٠٥- حوسێن خدرحوسێن:- ناسراو بووە بە (حاجی حوسێن سەفێ) حاجی حوسێن لەڕێکەرتی (١٩٤٣/٧/١) لە گوندی ئاکۆیانی سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، حوسێن سەفێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی حوسێن سەفێ لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن وڕاوەدون وبەندیخانەو دەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی (١) یەکساڵ حاجی حوسێن پیاوێکی کاسبکاروزیرەک بووە ، دوکانی سەوزەومیوەی هەبووە لە ناو بازاڕی شاری ڕواندز، حاجی حوسێن مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆش وقۆشمەچی بووە، کەقسەی دەکرد هەرحەزت دەکرد گوێ لەقسەکانی بگریت مرۆڤێکی بەخزمایەتی و مەدریس خۆش وڕۆشنبیرو دەم بەخەندەو دەم بە پێکەنین بووە، لە ڕێکەوتی

(١٩١٧/٧/٢٧) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری رواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردە گەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی حوسێن (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (ئامینە ، مەهاباد ، نێرگز) لە گەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (خدر ، سەعید ، بەختیار ، بارزان ، بەهرۆز) .

٤٠٦- فتاح شێخ حارس کامەلا:- ناسراو بووە بە (فتاح شێخۆ) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، فتاح شێخۆلە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، فتاح شێخۆ لە سەر کوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفتی گرتن وئاوارەی ودەربەدەری و بەندیخانە بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) فتاح شێخۆخۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەرە بۆشاری ڕواندزو سەرکاروکاسبی خۆی، فتاح شێخۆ کەسێکی دەم بەپێکەنین ودەم بەخەندە بووە، لەسەر سیاسەت وکوردایەتی کوڕێکی بەناوی شێخە لە ساڵی (١٩٩١) لەشاری کەرکوک شەهید بووە، فتاح شێخۆ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/٣) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچیی دوای کردووە، لە گۆڕستانی داری سیدئەحمەدی گۆرستانی کانیە قوڕ بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، فتاح شێخۆ (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (ئامینە ، نازەنین ، گورچین ، پەروین ، نەرمین) هەروەها لە گەڵ (٥) پینج کوڕ بە ناوەکانی (شێخە ، حارس ، فارس ، حەسەن ، عبدالرەزاق) .


**فتاح شێخۆ**

٤٠٧-حەمەنەحمان مستەفا قەساب:- ناسراوبووە بە (حەمە نەحمان) حەمە نەحمان لە ڕێکەرتی (١٩٢٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، حەمەنەحمان لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاڕی ڕواندز بووە، هەروەها قەسابێکی زیرەک وبەتوانا بووە، بەڵام کاری قەسابی نە دەکرد، ئەولە حانوتی حامیەی عەسکەری کاری دەکرد ڕۆژانە جەرگ وگۆشتی دەبردە حامیە لەحانووت تکەو جارگی دەفرۆشت ئەوکارەی وەک پیشەی ڕۆژانەی خۆی بووە، کە بژێوی ڕۆژانەی خۆی وخێزانی پێ دابین دەکرد، هەروەها حەمە نەحمان مرۆڤێکی قسەخۆش ومەدریسخۆش وبەخزمایەتی بووە،

کەسێکی خوێنەوارو ڕۆشنبیرو بەخزمایەتی ودەم بەخەندە بووە ، حەمە نەحمان لەڕیکەوتی (١٩٧٢/١٠/١) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە، لەگۆرستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، حەمە نەحمان (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (گوڵیزار ، گوڵ بەهار ، شلێر ، شیلان ، جیهان) لەگەڵ (٣) کوڕبە ناوەکانی (عزیز ، مامەند ، عبدالقادر) .

٤٠٨- ئسماعیل عبدالله عبدالله :- ناسراوبووە بە (مامۆستا ئسماعیل) لە ڕیکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستا ئسماعیل یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا ئسماعیل خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواوکردوە دوای چۆتە خانەی مامۆستایان لە شاری هەولێر بۆماوەی (٣) سێ ساڵ کە تەواوی کردوە، بەمامۆستا دامەزراوە، مامۆستا ئسماعیل لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخیزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز سەر وەزیفەی خۆی کەمامۆستایی بووە، ئینجا لەبەر بارودۆخی سیاسی شاری ڕواندز ودەڤەرەکە لەساڵی (١٩٧٩) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەم شارە نێشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە شاری ڕواندز، مامۆستا ئسماعیل مرۆڤێکی هێمن ومەدریس خۆش وڕۆشنبیرو قسەخۆش بووە، هەروەها مامۆستایەکی زیرەک وبەتواناوبەئەزمون بووە، بەتایبەتی لەڕووی زانست وفێرکردن وپەروەردەی قوتابی، لەساڵی (١٩٨٩) خۆی خانەنیشین دەکات، کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمێل دەکات ، بۆماوەی چەندساڵێک لەمەحرەزان ئەم کارە دەکات دوای بێ تاقەت دەبێت واز لەم کارە دەهێنێت ، مامۆستا ئسماعیل ئێستاکە لە ژیانداماوە، لە شاری هەولێردادەنیشێت، مامۆستا ئسماعیل (٦) شەش کچی هەبووە بەناوەکانی (بەیان ، باران ، بێریوان ، جوان ، شەیما ، شەیدا) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (ئیبراهیم ، مەریوان ، کاروان) .



ئسماعیل عبدالله عبدالله

٤٠٩- حمەزیاد فقیانی:- ناسراو بووە بە (حمەزیاد) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە گوندی فەقیانی سەربەقەزای ڕواندز لە دایک بووە، حمەزیاد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزو دۆڵی ئاکۆیان، حمەزیاد لە ساڵی (١٩٦١) دەبێتە پێشمەرگە لەوکاتی پلەی سەرپەلی پێدراوە، تا ساڵی (١٩٧٤) ئینجا لەبەرزیرەکی وئازای ودەبێتە ئامیربەتالیۆن، حمەزیاد پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس وشۆڕشگێری شاری ڕواندزودۆڵی ئاکۆیان بووە، حمەزیاد لەهەربەرەیەکی شەڕبوایە دوژمن تووشی ترس وتۆقان دەبوو، لەهەموو شەڕەکان پێش پێشمەرگە دەکەوت بۆیە پێشمەرگەش سەرکەوتنی گەورەی بەدەست دەهێنا حمەزیاد کەسێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبێرو قسەزان وخوێندەواربووە، کەسێک بووە لەهیچ بەرپرس ومشەخۆرێک نە دەترسا بەڵکو بەگژیاندا دەچووەوە، زۆر بەرگری لەپێشمەرگە وخەڵکی هەژار دەکرد چیای کوڕەک دەبێتە مەیدانی پاڵەوانی وسوارچاکی حمە زیاد وبنەماڵەکەیان، چونکە خۆیی و (٢) دووبرای لەشاخی کۆڕەک شەهید دەبن، لە ساڵی (١٩٧٤) بەفەرمانی مەلا مستەفای بارزانی دەبێتە ئامیر بەتالیۆن درێژە بەخەباتی چەکداری وشۆڕشگێڕانەی خۆی دەدات، چیای کۆڕەک دەکاتە گۆڕستانی دوژمنان دەرسێکی وای دایە دوژمنی بەعسی عێراق ڕۆژانە چەندین مۆڵگەی بەسەر دووژمن دەڕوخاند بە دەیان سەربازی دوژمنی کوشت بووە ، بەڵام بەداخەوە، لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٨/٨) لەشەڕێکی زۆرگەورەوسەخت لەچیای کوڕەک شەهید دەبێت دەچێتە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان، لە گوندی فەقیانی دۆڵی ئاکۆیان بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، حمە زیاد (٢) دووکچی هەبووە بەناوەکانی (شەمام ، گوڵ) لە گەڵ (١) یەک کوڕ بە ناوی (سەعید) .




**حمە زیاد فقیانی**

٤١٠- خالید ڕەشید حوسێن:- ناسراو بووە بە (خالید فەقیانی یان خالید پیر) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەگوندی فەقیانی لەدایک بووە خالید ڕەشید فقیانی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لەسەرشۆڕش وکوردایەتی وپێشمەرگایەتی چەندین جارتووشی ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خیزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥)

دەگەڕێتەوە بۆ شاری رواندز بەڵام حکومەت بەماڵەوە نەفی دەکات بۆخواروی عێراق،



**خالید ڕەشید حوسێن**

ئینجا حکومەت لێبوردنی گشتی بۆئاوارەکان دەرکرد، خالید فەقیانی لەساڵی (١٩٧٨) خۆیی وخێزانەکەی گەڕایەوە لە شاری ڕواندز نیشتەجی دەبێت وناگەڕێتەوە بۆگوندەکەی خۆی، خالید فەقیانی مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین بووە، هەروەها پیاوێکی بەخزمایەتی ومەدریس خۆش بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/١٢/١١) بەنەخۆشی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، خالید فەقیانی (١) کچی هەبووە بەناوی (فاتم) هەروەها لە گەڵ (٩) نۆ کوڕبە ناوەکانی (کەمال ، خورشید ، مەغدید ، وەلید ، فارۆق ، ئەرسەلان ، سورێن ، کامەران ، ئەردەلان) .

٤١١- حاجی مەغدید کوێخا ڕەسوڵ حارس:- ناسراو بووە بە (حاجی مەغدید) لەڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لەگوندی گەرەوانی سەروی سەربەقەزای ڕواندزلە دایک بووە، حاجی مەغدید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندزو، حاجی مەغدید لە تەمەنی (٢١) ساڵی دەبێتە سەربازلە سوپای عێراق بۆماوەی زیاتر (٢٥) ساڵ تا پلەی (نائیب زابت) خزمەتی سەربازی بەڕێک وپێکی بەڕێ دەکات، حاجی مەغدید پیاوێکی هێمن وقسەخۆش وڕۆشنبیروخوێندەواروقسەزان بووە ، هەروەها مرۆڤێکی مەدریس خۆش بووە، وەهەروەها زۆر حەزی لەمیوان دەکرد، حاجی مەغدید لەڕێکەرتی (٢٠٠٦/٤/١٠) بەنەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەرەوانی سەرو بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی مەغدید (٧) حەوت کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (ئەسوەد ، سوادی ، زریان ، خالید ، شەماڵ ، جەحفەر ، پەیوەند) .

٤١٢- خالید کوێخا ڕەسوڵ حارس:- ناسراو بووە بە (خالید برای حاجی مەغدید) لەڕێکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لە گوندی گەرەوانی سەروسەربەقەزای ڕواندز لە دایک بووە، خالید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز لە سەر کوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەی گرتن و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥)

دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزو دەست دەکات بەکارو کاسبی بۆیەکەم جاربۆ ماوەی چەند ساڵ کاری بەرگدرووی دەکات، دوای دوکانی بەزازی واتا (قوماش فرۆسی) دادەنێت تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات دوکانی قوماش فرۆشی هەبووە، (خالیدی برای حاجی مەغدید) کەسێکی هەژاردۆست وخێرخواز دەم بەخەندەو پێکەنین بووە، هەروەها پیاوێکی زۆربەخزمایەتی ودۆست وبرادەر بووە، خالید لەڕێکەوتی (٢٠٠٤/٤/١٨) بە نەخۆشی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی مەلاوسوشێخان بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، خالید کوێخا ڕەسوڵ (٥) پێنج کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ئەحمەد ، ڕەسوڵ ، مەغدید ، بەشدار ، پێشڕەو) .

٤١٣- حاجی خدرعبدالله خدر:- ناسراوبووە بە (دەروێش خدر) یان (حاجی خدر پینەدۆز) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لە دایک بووە، حاجی خدری پینەدۆز لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، حاجی خدرپیاوێکی خواناس ئیماندارو بەتەقواودەروێش ومریدی شێخ محەمەدی کەسنەزانی بووە، دەروێش خدرمرۆڤێکی باوەڕپێکراوکوردپەروەربووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەرە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو پیشەکەی خۆی کەکاری پینەدۆزی بووە، دوکانی پینەدۆزی خۆی لەکۆڵانی تەکیەی گەیلانی بووە، کە زیاتر لە پەنجا ساڵ کاری پینەدۆزی لەشاری ڕواندز کردووە، دەروێش خدرکەسێکی قسەخۆش وهێمن ونوکتەچی وقسەزان بووە، لە کارەکەشی زۆریارمەتی هەژارەکانی دەدا لەڕێکەوتی (٢٠٠٥/٥/١٥) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەروێ ڕەزان بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت دەروێش خدر (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (شوکریە) لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (عبدالله ، محمد دیدی ، مستەفا) .


**دەروێش خدر**

٤١٤-عبدالواحید محمد محمد:- ناسراو بووە بە (واحیدە ڕەش) لەڕێکەرتی (١٩٠٤/٣/٣) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، عبدالواحید محەمەد یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عبدالواحید لە ڕێکەوتی


(١٩٧٤/٢/٢٦) لە بەرباروودۆخی سیاسی شاری ڕواندز ئەوکاتی پێش دروست بوونی شەڕی کوردوعەرەب ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر، لەوشارە نیشتەجێ دەبیت وناگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، عبدالواحید محەمەد پیاوێکی مەدریس خۆش وبەخزمایەتی قسەزان وهێمن وقسەخۆش بووە، هەروەها عبدالواحید محمد پیاوێکی کاسبکارودوکانی عتاری و شەکەرراتی لەناو بازاڕی شاری ڕواندز هەبووە، لەڕێکەوتی (١٩٧٥/١٠/١٥) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت عبدالواحید محمەد (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (جەمیلە ، بەهار ، منیرە) لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (ئیبراهیم ، ئیسماعیل ، محەمەد) .

٤١٥- ئیبراهیم عبدالواحید محمد محمد:- ناسراو بووە بە (مامۆستا ئیبراهیم واحید) لە ڕێکەوتی (١٩٤١/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، مامۆستا ئیبراهیم واحید یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا ئیبراهیم واحید خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردووە، دوای چۆتە خانەی مامۆستایان لەشاری هەولێر پاش سێ ساڵ تەواوکردنی خانەی مامۆستایان دەبیتە سەربازبۆماوەی (٢١) مانگ ئینجا لەدوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی لەساڵی (١٩٥٥) دەبێتە مامۆستای سەرەتای ئیبراهێم واحید کەبۆتە (معلیم) واتە مامۆستا، ماۆستایەکی زاناو داناو زیرەک وڕۆشنبیر بووە، لە ساڵانی شەستەکان وحەفتاکان مامۆستای وانەی زیندەوەرزانی واتە (علوم) ی بەقوتابیانی پۆلی پێنجەم وشەشەمی سەرەتای قوتابخانەی پاشای گەورەی کوڕان دەگووت، مامۆستان ئیبراهیم واحید مرۆڤێکی پۆشتەوپاک وخاوێن بووە، لەسەر دەستی ئەو بەڕێزە خوێنکاربەجوانی لەوانەکانی دەگەیشتن، لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٦/١٤) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی کەسنەزان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مامۆستا ئیبراهیم واحید (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (بۆتان ، ئیڤان ، تابان ) لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بە ناوەکانی (شاخەوان ، پشتیوان ، کاروان ، ڕێکان) .




**مامۆستا ئیبراهیم واحید**

٤١٦- ئیسماعیل عبدالواحید محمەد:- ناسراو بووە بە (ئیسماعیل واحید) لە ڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ئیسماعیل واحید یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئیسماعیل فەرمانبەری تەندروستی بووە، لە نەخۆشخانەی شاری ڕواندزبە ناونیشانی (موزەمید) ئیسماعیل واحید فەرمانبەرێکی زیرەک وبەتوانا ودەست پاک وخوڕەوشت بەرزبووە بەتایبەتی لەکاری موزەمیدی خۆی لە نەخۆشخانەی شاری ڕواندز ، هەروەها ئیسماعیل واحید پیاوێکی قسەخۆش ورۆشنبیرو بەخزمایەتی وخوێندەوار بووە، لە ساڵی حەفتاکان لەبەرباردوۆخی سیاسی ناوچەکە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت و ناگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز ، ئیسماعیل واحید لەڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/١٩) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لەگۆرستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، ئیسماعیل واحید (٢) دوو کچی هەبووە بە ناوی (ئەڤین ، ڕێژین) لە گەڵ (١) یەک کوڕ بە ناوی (ڕێبین) .



**ئیسماعیل واحید**


٤١٧- سەعید ڕەزاق مەلا ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (سەعید ڕەزاق) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەگوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، سەعید ڕەزاق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەعید ڕەزاق لەسەر کوردایەتی لەکاتی خۆیدا چەندین جارتوشی کێشەو گرفتی گرتن ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزودۆڵ ئاکۆ ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٨٠) خۆی دادەمەزرێنێت لە فەرمانگەی ئاوی ڕواندز بە ناونیشانی (میراو) ، سەعید ڕەزاق لە کارەکەی خۆی کەمیراوی بووە، زۆر چوست وچالاک بووە شەوڕۆژ خزمەتی خەڵکی ڕواندزو شارەکەی خۆی کردووە، لەساڵی (٢٠٠١) خانەنیشین کراوە، هەروەها



**سەعید ڕەزاق**

سەعیدڕەزاق پیاوێکی قسەخۆش وهیمن وزیرەک بەخزمایەتی بووە، سەعید ڕەزاق تائێستاکە لە ژیاندا ماوە، لەشاری ڕواندزدادەنیشیت سەعید ڕەزاق (٢) دوو کچی هەبووە بە ناوەکانی (پایز ، شلێر) لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بەناوەکانی (ڕەزاق ، محمەد ، ئەحمەد ، ڕزگار) .

٤١٨- تاهیرجهانگیر دەرباز:- ناسراو بووە بە (وەستا تاهیر) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەگوندی بیرێی سەربەقەزای ئامێدی لەدایک بووە، وەستا تاهیر یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، وەستا تاهێرلە تەمەنی گەنجی دەکەوێتە شاری ڕواندز ولەم شارە نیشتەجێ دەبێت دەست دەکات بەکاری کرێکاری دوای ماوەیەک خۆی دەکات بەوەستای دیواری خانوبەرە، وەستا تاهیر لە کاری وەستای زۆرزیرەک وبەتوانا بووە، دیواری بەشێوەیەکی هەندەسی وزۆرڕێک وپێک دروست دەکردن ، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ دوای دەگەرێتەرە بۆ شاری ڕواندز وسەرکاروکاسبی خۆی هەروەها وەستا تاهێر پیاوێکی قسە خۆش وقسەزان وکەسێکی ڕۆشنبیروهێمن و مێوان دۆست و بەخزمایەتی بووە، ئێستاکە کەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیاندا ماوە نەخۆشەوماڵی لەقەزای سۆرانە، وەستا تاهێر (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (گوڵیزار ، ئامینە ، نافیحە ، کوردستان ، حلیمە) هەروەها لەگەڵ (٨) هەشت کوڕ بەناوەکانی (محەمەد ، یوسف ، ئیبراهیم ، جانگیر ، ئەیوب ، ئەنوەر ، جەلال ، جمال) .



**تاهیر جهانگیر دەرباز**

٤١٩- ڕەسوڵ فەقێ عوسمان:- ناسراو بووە بە (ڕەسوڵ فەقێ ڕوستای) لەڕێکەرتی (١٩٤٧/٧/١) لەگوندی ڕوستێی سەر بەقەزای سۆران لە دایک بووە ، ڕەسول فەقێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ڕەسوڵ فەقێ پیاوێکی هێمن وکاسبکاربووە، لەساڵانی شەستەکان لەگوندی ڕوستێ لەبەر شەڕوکاری سیاسی خۆیی وخێزانەکەی ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندز لەم شارە نیشتەجێ دەبێت و دەست دەکات بەکاروکاسبی بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی دوای لە ساڵی (١٩٧٨) لە فەرمانگەی ئیشخاڵ بەشوفێری بلدۆزەرخۆی دادەمەزرێنێت،

لەفەرمانگەکەی خۆی کارەکانی زۆر بەسەرکەوتویی جێ بەجێ دەکردن ، هەروەها ڕەسوڵ فەقێ ، مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆش ومیوان دۆست وبەوەفا بووە، لەڕیکەوتی (٢٠٠٧/٨/٣٠) لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزبەنەخۆشی کۆچی دوای کردوە، لەگۆرستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ڕەسوڵ فەقێ (٢) دوو کچی هەبووە بە ناوەکانی (عەیشە گوڵ ، گوڵەباغ) هەروەها (٣) کوڕی هەبووە بەناوەکانی (فەتاح ، حیدەر ، عبدالڕزاق) .

٤٢٠- سیدئەحمەد حمدئەمین محمەد خەیلانی:- ناسراو بووە بە (وەستا سەیدۆ) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٤) لە دایک بووە، وەستا سەیدۆ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، وەستا سەیدۆلەسەر کوردایەتی لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەرە بۆ شاری ڕواندز وسەر کارو وەزیفەی خۆی کە فەرمانبەری حکومەت بووە لە فەرمانگەی ئاوی ڕواندزبە ناونیشانەی (میراو) وەستا سەیدۆ پیاوێکی هێمن وزیرەک وبەتوانا بەئەزمون بووە ، بەتایبەتی لەڕووی بەستنی هێڵی بۆڕی ئاوی شاری ڕواندز وهێڵی ماڵان، وەستا سەیدۆ مرۆڤێکی دیندارو مرۆڤ دۆست ومەدریس خۆش بووە، لە ڕێکەرتی (٢٠٢١/٦/١٧) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، وەستا سەیدۆ (٢) دووکچی هەبووە بە ناوەکانی (فاتیمە ، خەجیج) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (محمەدسەدیق ، ) .



**سید ئەحمەد حمدئەمین**

٤٢١- سەعدی حمەدئەمین محمەد خەیلانی:- ناسراو بووە بە (مام سەعدی) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لەدایک بووە، مام سەعدی یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سەعدی حمدئەمین هیچ کارو کاسبی نەبووە، تەنها بەخێوکردنی مەڕوبزن وگاوگۆلک وچێڵی بەخێو دەکردن تازۆر قەڵەو دبووندوای بەپارەیەکی باش دەی فرۆستنەوە قازانجی باشی لێ دەکردن لەم کارە کەسێکی بە ئەزمون وزیرەک بووە ئەوکارەشی بۆ بژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی دەکرد، مام



**سەعدی حمەدئەمین محمەد**

سەعدی مرۆڤێکی بەخزمایەتی ومەدریس خۆش وقسەزان ورۆشنبیربووە ، هەروەها زۆر چیرۆک وداستان و سەربردەی لادەست دەکەوت وزانیاری هەبووە لەم بوارە، مام سەعدی لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٤) واتە (٨) ڕۆژدوای براکەی بەنەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مام سەعدی خەیلانی (٦) شەش کچی هەبووە بە ناوەکانی (پەریزاد ، زلێخا ، بدیعە ، سەبیعە ، مامز ، چنار) هەروەها لە گەڵ (٤) چوار کوڕ بەناوەکانی (نەبەز ، هۆگر ، نیاز ، زیاد) .


٤٢٢- ئەکرەم ئیسماعیل حەیدەری:- ناسراو بووە بە (ئەکرەم حیدەری) لەڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/١) لە دایک بووە، ئەکرەم حەیدەری یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، ئەکرەم حیدەری لە سەرسیاسەت وکوردایەتی کوڕێکی شەهید کراوە هەروەها لە کاتی خۆیدا لەلایەن حکومەتی عێراق چەندین جارکێشەو گرفتی بۆ دروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە کوردستان و لە شاری ڕواندز نیشتەجێ بووە ، ئەکرەم حەیدەری فەرمانبەر بووە لە شارەوانی ڕواندز بە ناونیشانی چاودێری شارەوانی، ئەکرەم حەیدەری پیاوێکی هێمن وقسەزان ومەدریسخۆش وقسەخۆش بووە، هەروەها کەسێکی بە تواناو بە ئەزمووەن وزیرەک ورۆشنبیر بووە، لە کارەکانی ڕۆژانەی خۆی وەک چاودێری کرێکاران لە شارەوانی ڕواندز زۆرماندو بووە بۆ پاک وخاوێنی شەقام وکۆڵانەکانی شارەکە، بۆئەم مەبەستە خزمەتێکی زۆری شاری ڕواندزی کردوە، ئەکرەم حەیدەری لەڕێکەوتی (١٩٩١/١٢/٢) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد



**ئەکرەم حیدەری**

بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ئەکرەم (٢) کچی هەبووە لە گەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (ئیسماعیل ، نیژاد ، شێرزاد ، ساڵح ، فەرهاد ، دلشاد ، ) .

٤٢٣- سەعید مستەفا حوسێن:- ناسراو بووە بە (سەعیدە مستەفا) لەڕێکەوتی (١٩٤٤/٧/١) لەگوندی فەقیانی سەربە قەزای ڕواندز لەدایک بووە، سەعید مستەفا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەعید لە سەرکوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفت بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەر کارو کاسبی خۆی، سەعید مستەفا دوکانی عتاری وشەکرو برنج وچای هەبووە لەبازاڕی شاری ڕواندز سەعید مستەفا حوسین پیاوێکی زۆر هێمن وقسە خۆش ومەدریس خۆش بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٦) لە ماڵەکەی خۆی بە نەخۆشی کۆچی دوای کردووە ، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ، سەعید مستەفا (٣) کچی هەبووە بەناوەکانی (کلسوم ، چنار ، شوکریە) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕبە ناوەکانی (عبدالڕحمان ، حوسێن) .



**سەعید مستەفا حوسێن**

٤٢٤- خالید وەسمان حمدئەمین عەلی:- ناسراوبووە بە (مەلاخالید مەلەکی) لەڕێکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لەگوندی مەلەکان لەدایک بووە، مەلاخالید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری رواندز، لە ڕێکەوتی (١٩٥٠/١١/١٠) دەچێتە بەرخوێندنی فەقێ لەگوندی هەرتەڵێ لەلای مەلامحمدی هەرتەلی دەخوێنێت تا بەتەواوەتی فێری حدیس وقورئان وزانستەکانی دەبێت بۆماوەی (٢) دووساڵ ئینجا دەچێتە شاری کۆیێ لای مەلا قادری گۆپتەپە بۆماوەی (٢) دووساڵی تردوای دێتە شاری ڕواندز لای مەلا مەمدوح مزوری بۆماوەی (٢) ساڵی ترئەوجا دەچێتە ناوچەی باڵەکایەتی گوندی داروسەلام لەلای مەلا مستەفای داروسەلام دەخوێنێت بۆ ماوەی (٧) حەوت مانگ تا بەتەواوەتی فێری هەموویاساوزانست و تەفسری قوڕئان دەبێت، ئەوجا دەچێتە شاری هەولێربۆماوەی (٤) چوار مانگ لە کۆتایدا دەگەڕێتەوە بۆئەوشوێنەی کە بۆ یەکەم جار بۆتە فەقێ کە گوندی هەرتەلێ بووە، بۆ ئەوەی زیاتر

زانیاری لە خوێندنەکەی وەر بگرێت دەمێنێتەوە، بۆماوەی (٦) شەش مانگ هەرلەم گوندە ئیجازەی مەلایەتی پێ دەدرێت، واتە لە ساڵی (١٩٧٠) لە لایەن مەلا محمدی هەرتەلی دەبێتە مەلایمزگەوتی گوندی گەرەوانی خواروتا ڕیکەوتی (١٩٨١/٢/١) ئینجا لەبەر بارودۆخی سیاسی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری رواندزو مزگەوتی لحلی خان، دوای ماوەیەک دەگوازریتەوە بۆ مزگەوتی (شیخ مەلاسادق) ئینجا دوای چەند ساڵ دەگوازرێتەوە بۆ مزگەوتی (تەکیەی گەیلانی) هەر لە شاری ڕواندز، مەلاخالید لەساڵی (١٩٦٢تاساڵی١٩٧٤) وەک مامۆستاوپێشمەرگەیەکی زیرەک لەشۆڕشی ئەیلول بەرگری لەخاکی کوردستان کردوە، مەلاخالید مرۆڤێکی هێمن وقسەزان وزیرەک وبەخزمایەتی بووە، ئێستاکە لە ژیاندا ماوەلەشاری سۆران دادەنیشێت، بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانە، مەلاخالید (٣) کچی هەبووە بە ناوەکانی (بەڵقیس ، شادیە ، هەدیە) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بە ناوەکانی (مەسعود ، کاکە ، هێرش ، هێمن) .



**مەلا خالید وەسمان حمدئەمین**


٤٢٥- سەیدتەها سید نەبی تەها:- ناسراو بووە بە (سەید تەها) لە ڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، سەید تەها یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سەید تەها لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفتی دەربەدەری وگرتن و بەندیخانە وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٤) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزسەید تەها لەساڵی (١٩٧٧) چاودێر بووە لەسەر درووست کردنی خانووەکانی قەزای سۆران نەبادا خەش لەدروست کردنی دیواری خانووەکان بکەن، سەیدتەها پیاوێکی هێمن وقسەزان وزۆر زیرەک بووە، هەروەها سەید تەهاکەسێکی دوورە شەڕ بووە، هەموو کەس خۆشیان دەویست سەید تەها لە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/١/٢١) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی



**سەید تەها**

لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت سەید تەها (٤) چوار کچی هەبووە بەناوەکانی (جەواهیر ، ئامینە ، سەکینە ، مەهاباد) هەروەها لە گەڵ (٢) دوو کوڕ بە ناوی (خورشید ، شاکر) .

٤٢٦- عبدالقادر ئیسماعیل محەمەد :- ناسراو بووە بە (کاکەی عیشەخان) لە ڕیکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، کاکەی عەیشەخان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز کاکە فەرمانبەری فەرمانگەی کارەبای قەزای ڕواندز بووە، بە ناونیسانی (عامل فنی کارەبایی) کاکە لە کارەکەی خۆی خزمەتێکی زۆری شاری ڕواندزی کردووە زیاتر لە (٣٧) ساڵ لە فەرمانگەی کارەبای ڕواندز، خزمەتی هەبووە، دوای ئەو هەمووخزمەتەی لەڕێکەوتی (١٩٩٣/٧/١) خانەنیشین کراوە، کاکەی عەیشەخان لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی (١) یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کاکەی عەیشەخان کەسێکی مەدریس خۆش وڕۆشنبیرو قۆشمەچی وقسەخۆش وبەخزمایەتی نوکتەچی بووە، کاکە بەردەوام حەزی لە قسەی هەڵیت وبەڵیت فشەوگاڵتەوگەپ دەکرد، هەروەها کاکە هەموو دەم مرۆڤێکی دڵساف وخۆشەویستی ناو هاوڕێکانی بووە، کاکە ئێستاکە لەژیاندا ماوەو لەشاری هەولێر دادەنیشێت، کاکەی عیشەخان (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (کامەڕان ، پاوان ، ئیسماعیل) .



**کاکەی عیشەخان**

٤٢٧- خدر عبداللە قادر شێخ:- ناسراو بووە بە (حاجی خدر) لە ڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لە گوندێکی ناوچەی پشدەرسەربەقەزای ڕانیە لە دایک بووە، حاجی خدر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی خدر لەساڵی (١٩٥٥) دەبێتە سەربازلە سوپای عێراق بۆماوەی (٣) ساڵ ئەوجا خزمەتی سەربازی تەواو دەکات لەساڵی (١٩٥٨) لەبەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یەکسەرماڵی خۆی لەپشدەر دەگوازیتەوە بۆشاری ڕواندزولەم شارە نیشتەجێ دەبێت، ماوەیەک کارو کاسبی بۆخۆی دەکات لە ساڵی (١٩٥٩) بەفەرمانبەرخۆی دادەمەزرێنێت، لەکتێبخانەی گشتی


حاجی خدر

ڕواندز بە ناونیشانی پاسەوان ، حاجی خدرلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە کۆتای ساڵی (١٩٧٥) کە دەگەڕێتەوە یەکسەربەماڵەوە نەفی دەکرێت بۆخواروی عێراق، بۆ ماوەی (٢) دووساڵ لەساڵی (١٩٧٧) دەگەڕێتەرە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی، ئەوجا ماوەی (٣) ساڵ دوکانی عتاری وشەکەراتی لەناو بازاڕی شاری ڕواندز بۆخۆی دادەنێت، دوای دوکانەکەی دەکات بە چێشتخانە واتە (مەتعم) تا ساڵی (٢٠٠٧) دوای کە بازاڕی شاری ڕواندزیان تێک دا دوکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆسەرەوەی شاری ڕواندز لە تەنیشت ماڵی خۆی، حاجی خدرلە تەمەنی (٦٣) ساڵی واتە لە ساڵی (١٩٩٩) خانەنیشین دەکرێت، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یەحاجی خدرلە ژیانداماوە، لە شاری ڕواندزە دادەنیشێت، حاجی خدر (٤) کوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عبدالله ، محەمەد ، گەیلان ، ئەیوب) .

٤٢٨-خالید محمود عزیز محمەد:- ناسراو بووە بە (خالید حاجی محمود پەڕۆ) یان (خالید بەزاز) لە ڕێکەویی (١٩٤٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، خالید یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها کەسێکی قسەخۆش وهێمن ورۆشنبیروکاسب بووە، خالید بەزاز لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٧) تا ساڵی (١٩٨٢) لەبازاڕی شاری ڕواندزدوکانی (بەزازی) واتە قوماشفرۆشی هەبووە، دوای لەبەرباروردۆخی سیاسی وشەڕوئاژاوەو پێکدادان لەناوچەکە هەرلەم ساڵە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێر دوکانی لە بازاڕی قوماشفرۆشی بازاڕی تەیراوە دادەنێت ، لەوکاتەوە ناگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزو لەم شارە نیشتەجێ دەبیت، هەروەها خالید مرۆڤێکی هەژار دۆست وخێرخواز ئەهلی مزگەوت


خالید محمود عزیز

وجەماعەت بووە، لە دوکانەکەی خۆی زۆریارمەتی خەڵکی شاری ڕواندزی دەدا ئەگەر کەسێک پارەی تەواوی پێ نەبایە بەقەرز قوماشی پیدەدا، بەتایبەتی زۆریارمەتی ئەوکەسانەی دەدا کەتازە هاوسەرگیریان دەکرد ، خالید بەزاز لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١/٣) لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت خالید بەزاز (١) یەک کچی هەبووە بەناوی نازەنین) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بە ناوەکانی (وەلید ، ڕزگار ، طالب ، سالار) ،

٤٢٩- شێخەمەلاڕەسول ئیسماعیل:- ناسراو بووە بە (شێخە مەلا ڕەسول) لەڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لە گوندی پیرسوان لە دایک بووە، شێخە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، شێخەلە ساڵی (١٩٦٣) لە شۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە لە بارەگای مەکتەب سیاسی تا ساڵی (١٩٧٤) شێخە لە سەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن وبەندیخانە وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندزوسەرکاروکەسابی خۆی دووبارە دوکان دادەنێتەوە، دەست دەکات بەکاسبی جارانی خۆی شێخە مەلاڕەسوڵ کەسێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسەخۆش وڕۆشنبیرو بە خزمایەتی بووە، هەروەها کەسێکی کاسب ونیشتمان پەروەربووە، شێخەلە شاری ڕواندزدوکانی (بائع) ی شەکروچاوبرنج ورۆونی هەبووە، هەروەها لەدوکانەکەی خۆراکی تری هەبووە، وەک نیسک ونۆک وساوار ماش جگەلەمەش سابوون وتاید وهەموو جۆرە کەل وپەلی ناوماڵی دەفرۆشت، هەروەها شێخە مرۆڤێکی دڵساف ومحامەلە خۆش وقسەزان بووە، شێخە لەڕیکەوتی (١٩٩٥/٢/٢٥) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، شێخە (٩) نۆکچی هەبووە بەناوەکانی (زێنەب ، زبێدە ، قانیعە ، نەجیبە ، فاتیمە ، ڕازیە ، چیمەن ، بۆکان ، بورژان ) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕبە ناوەکانی (جەبار ، ڕەسول) .



**شێخە مەلا ڕەسول**

٤٣٠- مەلا تاهیر :- ناسراو بووە بە (مەلا تاهیر گەرەوەی) لەڕێکەوتی (١٩٣٠/٧/١) لەگوندی گەرەوانی خوارولەدایک بووە، مەلاتاهیر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی وزاناو عالم ودانای شاری ڕواندز ودۆڵی ئاکۆیان، مەلاتاهیر مرۆڤێکی زیرەک ومەلاوزانا وقسەزان ورۆشنبیرو مەدریس خۆش و قسەخۆش ودەم بە خەندە بووە، مەلاتاهیرکەسێکی سیاسی وکوردێکی نیشتمان پەروەربووە، مەلاتاهێرلەکاتی خۆی لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەی گرتن وڕاوەدونان ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە ، بۆماوەی دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز، مەلاتاهیرسەردەمانێک ئیمام وپێش نوێژی مزگەوتی گەروێ ڕەزان بووە، بۆماوەی چەند ساڵێک دوایخانە نیشین دەکرێ مەلاتاهێر تائێستاکە کە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیانداماوە ماڵی لە شاری ڕانیەیە، مەلا تاهیر (٣) سێ کچی هەیەبەناوەکانی (سەودەت ، سەلمە ، سوحاد) هەروەها لەگەڵ (٥) کوڕ بە ناوەکانی (مەلاهیوا ، ساڵح ، سڵاح ، کاوە ، کاردۆ) .


**مەلا تاهیر**

٤٣١- محمەد حمد عباس:- ناسراو بووە بە (حاجی محمەد) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەگوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لەدایک بووە، حاجی محمەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزو دۆڵی ئاکۆیان لەکاتی خۆیدا لەسەر کوردایەتی چەندین جارحاجی محمەد تووشی گرفتی گرتن وڕاوە دوونان دەربەدەری بووە، حاجی محمەد پیاوێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسەخۆش بەخزمایەتی بووە، حاجی محمەد لە کاتی گەنجی خۆیداکاری فەلاحەتی لەدۆڵی ئاکۆیان کردووەتائەوکاتەی لەساڵی (١٩٧٥) ماڵی خۆیلەگوندی ئاکپیان دەگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندزلەو شارە نیشتەجێ دەبێت ئینجاخۆی لەیەکێک لەفەرمانگەکانی حکومەت بە فەرمانبەردادەمەزرێنێت


**محمەد حمد عباس**

لەساڵی (٢٠٠١) خانەنیشین دەکرێت، محمد حمد ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە لە ژیاندا ماوە لەشاری ڕواندز دادەنیشێت حاجی محمەد (٤) کچی هەبووە بە ناوەکانی (ئامینە ، حبیبە ، شوکریە ، شیلان) هەروەها لە گەڵ (٥) کوڕبە ناوەکانی (سەمەد ، عباس ، خالید ، حەسەن ، کۆچەر) .

٤٣٢- ڕەسوڵ حمد عباس :- ناسراو بووە بە (حاجی ڕەسول ئاکۆی) لەڕێکەرتی (١٩٣٥/٧/١) لەگوندی ئاکۆیانی سەر بە قەزای ڕواندز لەدایک بووە، حاجی ڕەسوڵ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەوکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی ڕەسوڵ کەسێکی دڵساف وقۆشەچی وزۆر کۆمەڵایەتی بووە، هەروەها پیاوێکی مەدریس خۆش ونوکتەچی دەم بەخەندە و پێکەنین بووە، حاجی ڕەسوڵ لە ساڵانی حەفتاکان ماڵی لە گوندی ئاکۆیان دەگوازێتەوە بۆشاری ڕواندز لەم شارە نێشتەجێ دەبێت، حاجی ڕەسوڵ کەسێکی زۆردڵسۆزوخۆشەویستی شاری ڕواندز بووە، هیوایەتی پێشکەوتن وجوان کردنی شارەکەی بووە، هەروەها حاجی ڕەسوڵ بۆماوەی (٢) دووساڵ لە ساڵی (١٩٩٤تا ١٩٩٦) ئەندامی ئەنجومەنی شاری ڕواندز بووە، لە لایەن خەڵکی شاری ڕواندز هەڵبژاردرابوو لە ڕێکەوتی (٢٠١١/١٢/٩) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لەگۆرستانی ئاکۆیان بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی ڕەسوڵ (٤) چوارکچی هەبووە بە ناوەکانی (مریەم ، خەجیجە ، ئاشتی ، ئاشنا) هەروەها لە گەڵ (٤) چوارکوڕبەناوەکانی (ئەحمەد ، مزەفەر ، یونس ، کارۆخ) .




**حاجی ڕەسول حمدۆک**

٤٣٣- عەلی حمد عباس:- ناسراو بووە بە (حاجی عەلی ئاکۆیی) لە ڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لە گوندی ئاکۆیانی سەر بەقەزای ڕواندز لە دایک بووە، حاجی عەلی ئاکۆی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٨٧) بەشداری دەکات لە خۆپیشاندانی جەماوەری شاری ڕواندز، ناوی دەکەوێتە ناو لیستی خۆپیشاندەران ئەوە بوولە ساڵی (١٩٨٨) حکومەتی بەعسی عێراق هێرشێکی گەورەی کردە سەرشاری ڕواندز یەکێک لە دەسگیرکراوەکان حاجی عەلی ئاکۆیی بووە، کەناوی لەلیستی داواکراو هەبووە، حاجی عەلی پیاوێکی زیرەک وهێمن

وکاسبکاروبەتوانا بووە، حاجی عەلی لە ساڵانی حەفتاکان ماڵی خۆی لەگوندی ئاکۆیان دەگوازێتەوە بۆشاری ڕواندز، لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، حاجی عەلی مرۆڤێکی باڵابەرزی کەڵەگەتی قسەخۆش و ڕۆشنبیربووە، کاری تەندەری دەکرد وەک چاککردنەوەی ڕێگاوبان ودروست کردنی باڵەخانە وکۆنکرێتی کۆڵانەکان، جگە لەم کاری دەواجینی مریشک بەخێو کردنی هەبووە، حاجی عەلی کەسێکی زاناو قسەزان بووە، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لەژیاندا ماوە لە شاری ڕواندز دادەنیشێت حاجی عەلی حمد عباس (٨) کچی هەبووە بەناوەکانی (نەحیمە ، فاتیمە ، خەرمان ، سەیران ، لاجان ، پەیمان ، ژاڵە ، ژیلان) هەروەها لەگەڵ (٨) هەشت کوڕ بە ناوەکانی (عیسا ، موسا ، سۆران ، بارزان ، سەنگەر ، جوتیار، کرێکار ، فەرهەنگ) .


**حاجی عەلی ئاکۆیی**

٤٣٤ حەسەن تاهیر نەبی:- ناسراو بووە بە (حەسەن پەنچەرچی) لەڕیکەوتی (١٩٣٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حسەن تاهیریەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حەسەن پەنچەرچی کاروکاسبی پیشەی فیتەری بووە، بەتایبەتی پەنچەر کردنی تایەی ئۆتۆمۆبێل، دوکانی پەنچەرچیەتی لەنزیک مەرکەزی پۆلیسیخانەی سەرای ڕواندز بووە، هەرچەندە کارو پیشەکەی زۆرپیس وچڵکن بووە، بەڵام توانیویەتی لەوکات وزەمانی بەم کارەی بژێوی ژیانی خۆی وخێزنەکەی دابین بکات، حەسەن پەنچەرچی مرۆڤێکی هێمن وزیرەکوئاقل وقسەخۆش وقسەزان بووە، هەروەها ئیش وکاری زۆربە جوانی وڕێک وپێکی بۆشوفێرەکان دەکرد، گەلێک جار لەکاتی کارکردنی لە هەندێک شوفێرتوڕە دەبوو، ئەوجاکەتووڕە دەبوو بەسەریاندا هاواری دەکرد، بەڵام دوای چاک دەبووەوە هیچی لەبەر دڵی نەدەما، حەسەن پەنچەرچی


**حەسەن پەنچەرچی**

لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٤) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردووە لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت حەسەن پەنچەر چی (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (بەهزاد) ،


٤٣٥- حمید محمودعزیز محمد:- ناسراو بووە بە (حمیدی حاجی محمود پەرۆ) یان (حمید بەزاز) حمیدبەزاز لەڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، حمید بەزاز یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حمید بەزازلەسەر کوردایەتی چەندین جارتووشی کێشەی گرتن وبەندیخانەو ڕاوەدونان ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزدوکانی قوماشفرۆشی بۆخۆی دادەنێت لەبازاڕی شاری ڕواندزلەساڵی (١٩٨٢) لەبەر بارودۆخی شەڕی ئێران وعێراق لەسەربازی ڕادەکات دووبارە ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی (٢) ساڵ لە ساڵی (١٩٨٤) بەلێبوردەی گشتی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزدوکانی قوماشفرۆشی دادەنێتەوە، وەک جاران دەست دەکات بەکاری بەزازی خۆی، حمید بەزاز لەبەر ئەوەی کەسێکی کوردپەروەرودڵسۆزی شارەکەی خۆی بووە، هەستی نەتەوەی و کوردایەتی وای لێ کرد لەساڵی (١٩٨٧) بەشداری ڕاپەڕینی شاری ڕواندز دەکات ئینجا ناوی دەکەوێتە ناو لیستی تاوانبارانی بەشدار بوو لەڕاپەڕینی شاری ڕواندزدژی ڕژێمی حکومەتی بەعسی عیراق، بۆیە هەرزوو بۆ جاری سێیەم ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، خۆی دەگەینێتە شاری شنۆی لەکوردستانی ڕۆژهەڵات، ناگەڕێتەوە، تاساڵی (١٩٩١) ئێستاکە لەژیاندا ماوە خانەنیشینی پیشمەرگەیە لە شاری هەولێرلە گەڕەکی هەولێری نوێ دادەنیشێت، حمید بەزاز (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (زکیە ، ئەرخەوان ، سیڤانە) هەروەها لە گەڵ (٤) چوار کوڕ بەناوەکانی (سادق ، ئەڕکان ، زمناکۆ ، محمد) .



**حمید محمود عزیز**

٤٣٦- سەید سەلیم سەید نەبی سەید تەها:- ناسراو بووە بە (سەید سەلیم) لەڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، لە بنەماڵەیەکی شۆرشگێڕوپێشمەرگەو کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، سەید سەلیم لەساڵی (١٩٦١) پەیوەندی

بەشۆڕشی ئەیلول دەکات لەدەڤەری ڕواندز دەبێتە پێشمەرگە، تاساڵی (١٩٧٠) بەدەیان چالاکی گەورەی لەدژی حکومەتی بەعسی بەغداد ئەنجام دابووە، لە هەموو شەڕەکانیش سەرکەوتنی گەورەی بەدەست دەهێنا سید سەلیم پێشمەرگەیەکی بەتواناوبەهێز وئازاوچالاک بووە، هەروەها لەساڵی (١٩٧٤) کەشەڕدەستی پێکردەوە خۆیی وهێزەکەی لەچیای کوڕەک دەبێتە پاڵەوانی داستانی گۆڕنۆک وشاخی بێخاڵ بەدەیان جارحکومەتی عێراق هێرشی گەورەگەورەی دەکردە سەرسەنگەرەکانی پێشمەرگە بەزیانێکی زۆرەوە پاشەکشەی دەکرد، دوژمن بەدەیان کوژراوی لەدوای خۆی بەجێ دەهێشت، چیرۆک وداستان وسەرکەوتنی خۆیی وهێزەکەی سەیدسەلیم، گەلێک زۆرن بەداخەوە ناتوانین هەمووی باس بکەین، سەید سەلیم لەتەمەنی (٣٩) ساڵی لەڕێکەوتی (١٩٧٩/١٢/٢٤) لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا لەدۆڵی سماقوڵی بەتەقەی دۆشکەی تەیارەی هەلکۆپتەری دوژمنی بەعسی عێراق شەهید دەبێت، ناوی دەچێتە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان، سەید سەلیم سید نەبی لەگۆڕستانی سماقوڵی بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، سەید سەلیم (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (بەفرین) هەروەهالەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (هیوا ، وریا ، بەختیار ، هێرش).



**سەید سەلیم سەید**

٤٣٧- سەیدعومەرسەید نەبی سەید تەها:- ناسراو بووە بە (سەیدعومەر) لە ڕیکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ، سەید عومەر یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر وکەسایەتی شاری ڕواندز، سەید عومەرکەسێکی بەتواناو زیرەک وچالاک و ڕۆشنبیرو قسەزان و مەدریس خۆش بووە، هەروەها پیاوێکی بە خزمایەتی بووە، سەیدعومەرلە ساڵی (١٩٧١) تاساڵی (١٩٧٤) بەرپرسی ناوچەی ڕواندزی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بارەگاکەی لە شاری ڕواندزبووە، سەیدعومەر پیاوێکی مەردو ئازاو زیرەک وبەتوانابووە



**سەید عومەر**

بەتایبەتی لەکاری حزب وسیاسەتی حزبەکەیدا، سەید عومەرلەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ، سەید عومەرلەڕێکەوتی (١٩٨٧/٧/٢١) لەماڵەکەی خۆی شاری ڕواندز بەنەخۆشی کۆچی دوای کردووە، لە گۆرستانی گەردەگەرد بەخاکسپیردراوە، ڕوحی شادبیت، سەید عومەر (١١) منداڵی هەبووە (٩) کچ و (٢) دوو کوڕکچەکانی بەناوەکانی (سەبریە ، کوردستان ، نیشتمان ، شیرین ، شلێر ، بەیان ، نێریوان ، شیلان ، ڤیان) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕبەناوەکانی (موسلیح ، محمد)

٤٣٨- سەید عبدالله سەید نەبی سەید تەها:- ناسراو بووە بە (سید عبدالله) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، سەید عبدالله یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەیدعبدالله لە سەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفتی گرتن ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆ ماوەی (٢) دووساڵ، سەید عبداللەپیاوێکی هێمن وڕۆشنبیروقسەزان بووە، هەروەهاکەسێکی بەخزمایەتی وخاوەن هەڵوێست بووە ، سەید عبدالله لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٧/٥) بە نەخۆشی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، سەید عبدالله (٤) چوارکچی هەبووە بە ناوەکانی (مریم ، جەمیلە ، نەجیبە ، میدیا) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بەناوەکانی (ئازاد ، سالح ، ڕزگار ، نەوزاد) .




**سەید عبدالله**

٤٣٩- سەید ڕەشید سەید نەبی سەید تەها:- ناسراو بووە بە (سەید ڕەشید) لەڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، سەید ڕەشید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، سەید ڕەشید لەکاتی خۆیدا لەسەر کوردایەتی چەندین جاربەدەستی ڕژێمی بەعسی عێراق توشی گرتن وبەندیخانەو دەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ، سەید ڕەشید مرۆڤێکی دەم بەخەندە وپێکەنین بووە ، سەید ڕەشید لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/٢٤) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردە گەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، هەروەها سەید ڕەشید (١٣) منداڵی هەبووە (٤) چوارکچ و (٩) نۆکوڕ، کچەکانی بەناوەکانی (پەروین ، نەرمین ، سۆزان ، خەرمان) هەروەها لەگەڵ (٩) نۆکوڕبە ناوەکانی (ئەحمەد ، ئیسماعیل ، ئیبڕاهیم ، کاروان ، سۆران ، کارزان ، گەرمیان ، گۆران ، چیا) .


**سەید ڕەشید**

٤٤٠- فتح الله کامەلا ڕەسول سەعید:- ناسراو بووە بە (فتح الله کامەلا) لەڕیکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لە گوندی سەرانی سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، فتح الله یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، فتح الله لە سەرسیاسەت وکوردایەتی کوڕێکی شەهێد بووە، هەروەها لە کاتی خۆیدا چەندین جارتوشی کێشەوگرفتی گرتن وبەندیخانە وڕاوەدونان ودەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی (٢) دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان لەڕێگای مەندەڵی حکومەتی بەعسی عێراق یەکسەر بەماڵەوە نەفی خواروی عێراقی دەکات بۆماوەی یەکساڵ ئینجا لەساڵی (١٩٧٧) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دادەمەزرێت بە ناونیسانی (تەباغ) فتح اللەکامەلا لەکارەکەی خۆی


**فتح الله کامەلا**

کەسێکی زیرەک وبەتوانا بووە، هەروەها پیاوێکی قسەخۆش ونوکتەچی وقۆشمەچی وقسەزان و کۆمەڵایتی ودەم بەبەخەندە وپێکەنین وکەسێکی سادەومەدریس خۆش بووە، فتح الله لە بەرباروودۆخی سیاسی وبێ کاری لەساڵی (١٩٩٦) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆشاری هەولێرلە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/٨/٣) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی بیرکۆت بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، فتح الله (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (فاتیمە ، دیمەن ، چیمەن) هەروەها (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (محمەد ، عەلی ، ئەحمەد) .

٤٤١- عەونی شاکر محمد نەجاڕ :- ناسراو بووە بە (وەستا عەونی نەجاڕ) لەڕێکەوتی (١٩٠٤/١٠/٨) لە دایک بووە، وەستاعەونی لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، وەستا عەونی پیاوێکی کاسبکارو دارتاشێکی زیرەک وبەتوانا بووە، لە ساڵانی شەستەکان وحەفتاکان یەکەم کەس بووە کە وەک دارتاش کاری دەرگەو پەنجەرەوسندوق وهەموو پێداوێستیەکانی ناوماڵی دروست دەکرد، هەروەها وەستا عەونی بۆ منداڵانی شاری ڕواندز چەرخ وفەلەکی دروست کردبووە لەڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان وجەژنی قوربان لەگۆڕەپانی گەردەگەرد بۆکرێ بەکاری دەهێنا، جەوێکی زۆرجوان وباشی بۆمنداڵ ومێرمنداڵان ڕەخساند بووە، تائێستاکەش یادی ڕۆژەکانی جەژن وسواربوون لە چەرخوفەلەکەکەی ئەودەگێڕنەوە، وەستا عەونی کەسێکی کوردپەروەر بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، دوو بارەدەست بە کاری نەجاڕی خۆی دەکاتەوە، تاساڵی (١٩٨٠) ئینجا ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر، وەستا عەونی مرۆڤێکی قسەزان و مەدریسخۆش وڕۆشنبیر بووە، هەروەها کەسێکی دەم بەخەندەو دەم بەپێکەنین ونوکتەچی بووە، وەستاعەونی لەڕیکەوتی (٢٠٠٠/١٢/٢٠) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی کارگەی قیڕی هەولێر بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت وەستاعەونی (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (بەرات ، سوحاد ، سوهام) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕبەناوی (ڕەشاد) .



**وەستا عەونی نەجاڕ**

٤٤٢- مستەفا سەعید ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (مستەفا حەلاق) لەڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مستەفا حەلاق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مستەفا حەلاق چەندین جارلەسەرکوردایەتی کێشەوگرفتی بۆ دروست بووە، مستەفاحەلاق لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی دەرکرد خەڵکی ئاوارەی کوردستان زۆربەی زۆری دەگەڕانەوە بۆ کوردستان مستەفا حەلاق خۆیی وخێزانەکەی دەگەڕێنەوە بۆشاری ڕواندزدوکانی سەرتاشی دادەنێتەوە دەست دەکات بە سەرتاشین مستەفا حەلاق وەستایەکی زیرەک بووە لەکاری حەلاقی خۆی، هەروەها مستەفا پیاوێکی قۆشمەچی ودەم بەخەندەو دەم بەپێکەنین بووە، جگە لەمەش کەسێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسە خۆش ورۆشنبیر بووە، مستەفاحەلاق لەڕیکەوتی (٢٠٠٠/١٢/٢٠) لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مستەفا حەلاق (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (شیلان ، شەیما) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (نزار ، دلشاد ، دلزار) .



**مستەفا حلاق**

٤٤٣- ئەحمەد سەعید ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (ئەحمەد حەلاق) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، ئەحمەد حەلاق یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئەحمەد حەلاق لەکاتی خۆیدا لەسەر کوردایەتی چەندین جار لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق تووشی گرتن وبەندیخانەو دەربەدەری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٦٢) لەسەر سیاسەت وکوردایەتی گیراوە، ڕەوانەی بەندیخانەی نوگرەسەلمانی دەکەن، لە گەڵ (٦) شەش هاوڕێی تری بە ناوەکانی (عبدالرزاق ومستەفاوجمیل ونەشەت ومحمد) بەتوندترین شێوە تەعزیب دەدران لەوبەندیخانەدا لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی دەردەکات دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکاروپیشەکەی

خۆی کە سەرتاشی بووە، دوکانی سەرتاشی ئەو لەژێر مزگەوتی گەورەی شاری ڕواندز بووە، ئەحمەد حەلاق مرۆڤێکی قسەزان


ئەحمەد حەلاق

وڕۆشنبیرو مەدریس خۆش بووە، لە ساڵی (١٩٨٤) لەبەربارودۆخی سیاسی ناوچەکە ماڵی خۆی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر لەوشارە نیشتەجێ دەبێت ، وناگەڕێتەوە، ئەحمەد حەلاق لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/١٠/١٦) لە ماڵەکەی خۆی بەنەخۆشی لە شاری هەولێرکۆچی دوای دەکات، تەرمەکەشی لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ئەحمەدحەلاق (٧) حەوت کچی هەبووە بە ناوەکانی (کوردستان ، ئاواز ، دڵخواز ، بێریوان ، تەزرین ، بەفرین ، نەرمین) هەروەها لە گەڵ (٢) دوو کوڕ بەناوەکانی (شوان و شاخەوان) .

٤٤٤- مەزهەرمحمد نەورۆز:- ناسراوبووە بە (مامۆستا مەزهەر) لەڕێکەوتی (١٩٣٦/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە ، مامۆستا مەزهەرنەوی وەستا ڕەجەب بووە ، هەروەها یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری رواندز، لەساڵی (١٩٤٠-١٩٤١) دەچێتە قوتابخانە، مامۆستا مەزهەر خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لەشاری ڕواندز تەواوکردوە، دوای دەچێتە (دارالمعلیین) واتەخانەی مامۆستایان لەشاری هەولێربۆماوەی (٣) سێ ساڵ دوای تەواوکردنی خانەی مامۆستایان دەبێتە سەرباز


مەزهەرمحمد نەورۆز

بۆماوەی (٢١) مانگ ئینجا کەسەربازی تەواو دەکات، یەکسەردادەمەزرێت بەمامۆستا، لەکاتی خۆیدا لە شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسۆ حەریری هەبووە، مامۆستا مەزهەرلە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆسەرکاروەزیفەکەی خۆی کەمامۆستای بووە، مامۆستا مەزهەرمرۆڤێکی هێمن وزیرەک وقسەزان ورۆشنبیر بووە، لەڕێکەوتی (١٩٩٧/٧/١)


خانەنیشین کراوە، ئینجا لە دوای (١٧) ساڵ لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٣/٣) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی (گەردەگەرد) بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مامۆستا مەزهەر (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (چنور ، چنار ، جوان) هەروەها لە گەڵ (٦) شەش کوڕ بە ناوەکانی (محمەد ، نیژاد ، نەجات ، ڕەجەب ، زیرەک ، گەیلان) .

٤٤٥- قادر وەلی:- ناسراو بووە بە (حاجی قادر) یان (قادر وەلی خەیات) لەڕێکەوتی (١٩٤٤/٧/١) لەگوندی ماویلیانی سەربە قەزای ڕواندز لە دایک بووە، قادروەلی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، قادر وەلی لەکاتی خۆیدا لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت بووە ، هەروەها یەکێک بووە لەپێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول، قادروەلی لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە یەکسەر ماڵی خۆی دەگوازێتەرە بۆشاری ڕواندزلەم شارە نیشتەجێ دەبێت، ئینجا لەبازاڕی شاری ڕواندزدەست دەکات بەکاروکاسبی دوکانی (خەیاتی) واتەبەرگدوری بۆخۆی دادەنێت، دەست دەکات بەکاری بەرگدروی تاساڵی (١٩٩٢) دوای لەبەر نەخۆشی واز لەکاری بەرگدروی دێنێت قادرخەیات مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆش ودەم بە خەندە وپێکەنین ورۆشنبیر بووە، هەروەها پیاوێکی مەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، قادروەلی لەڕێکەوتی (٢٠٢٢/١/٤) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەردبەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی قادر وەلی (٢) کچی هەبووە، لەگەڵ (٣) کوڕ بە ناوەکانی (سەعدون ، مستەفا ، ئەحمەد) .



**قادر وەلی خەیات**

٤٤٦- وەستا ئەحمەد نەجاڕ:- ناسراو بووە بە (وەستا ئەحمەد) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەگوندی گەرەوانی خواروی سەربەقەزای ڕواندزلە دایک بووە، وەستا ئەحمەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، وەستا ئەحمەد مرۆڤێکی قسەخۆش ودەم بەخەندەوپێکەنین و ڕۆشنبیرو زیرەک وبەتواناو دەست ڕەنگێن بووە، کاروکاسبی ئەوبەڕێزە پیشەی دارتاشی بووە، واتە (نجار) ی وەستا ئەحمەدکەسێکی دورەشەڕوهێمن وبەخزمایەتی مەدریسخۆش بووە، هەمووژیانی خۆی لە پێناوی کوردوکوردستان بەڕێ کردووە ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز وکوردستان ئاوارەی دەوڵەتی ئیران دەبێت، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆکوردستان یەکسەرلەشاری رواندز نیشتەجێ دەبێت دوکانی دارتاسی دادەنێت، وەستائەحمەد دارتاشێکی کارامەوبەئەزموون بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٢/٣) کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، وەستا ئەحمەد نەجاڕ (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (سۆرێ) هەروەها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕ بە ناوەکانی ( عەلی ، خدر ، سولێمان ، خالید ، وەلید) .



**وەستا ئەحمەد نەجاڕ**

٤٤٧- سەلیم خان حەمەدەمین فەتاح:- ناسراو بووە بە (سەلیم خان) لەڕێکەرتی (١٩٤٧/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، سەلیم خان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، سەلیم خان پیاوێکی هێمن وقسەخۆش ودورەشەڕ وڕۆشنبیرومەدریسخۆش وبەخزمایەتی بووە، سەلیم خان فەرمانبەری حکومەت بووە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ڕواندز، سەلیم خان لەکارەکانی خۆی لەفەرمانگەکەی فەرمانبەرێکی بەتواناو زیرەک وچالاک بووە، لە ساڵی (٢٠٠٠) خانەنیشین کراوە، سەلیم خان لەکاتی خۆیدا لە سەرکوردایەتی چەندین جارلەلایەن حکومەتی عێراق کێشەوگرفتی بۆدروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی



سەلیم خان حەمەدەمین فەتاح

لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەر کارو وەزیفەکەی خۆی، سەلیم خان زۆر حەزی لە ڕاوەکەو بووە، بەدائم کەویشی هەبووە لە قەفەزبەخێوی دەکردن، هەموو بەیانیەک لەماڵەکەی خۆی دەنگی قاسپەی کەو دەبیسترا، سەلیم خان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٦ کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاک سپێردراوە ڕۆحی شاد بێت، سەلیم خان (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (سروە ، لاجان ، ژیان ، سکاڵا ، قاسپە) هەروەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (فەرهاد ، هاوکار ، بژار) .

٤٤٨- عبدالله الیاس مستەفا :- ناسراو بووە بە (عەوڵا لاس) لەڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/١) لە گوندی گەرەوانی سەروی سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، عەوڵا لاس یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عەوڵا لاس پیاوێکی پۆشتەوپاک وخاوێن بووبەدائیم جل وبەرگی جوان وخاوێنی لەبەردەکردن پیاوێکی زۆر کەشخەچی وقسەزان وڕۆشنبیرو سیاسی وکوردپەروەربووە، لە ساڵانی هەشتاکان دوکانی وەکالەی شەریکەی ئەفریقی لەشاری ڕواندز هەبووە، لە ئەنواعی کەڵ وپەلی کارەبای وەک سەلاجەوتەلەفزیۆن وڕادیۆ وئوتی وگڵۆپ لەلای دەست دەکەوت، هەروەها لەکاتی خۆیدا لەسەر کوردایەتی چەندین جارکێشەی گرتن وبەندیخانەو دەربەدەری بۆدروست دەبوو، عەوڵا لاس لەساڵی (١٩٩٣تا ١٩٩٦) ئەندامی ئەنجومەنی شاری ڕواندز بووە، لەکاری ئەنجومەن کەسێکی زۆر چالاک وزیرەک بووە، عەوڵا لاس لەڕێکەوتی (١٩٩٦/١٠/١٨) بەجەڵتەی مێشک کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت عەوڵا لاس (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (نەسرین ، بەسێ ، زلێخا ، پەروین ، شیلان) هەروەها لەگەڵ (٧) حەوت کوڕ بە ناوەکانی (نەجیم ، نەجم الدین ، عبدالعزیز ، سەنگەر ، ئاڵان ، ڕێکار ، سۆران ) .



عبدالله الیاس عەوڵا

٤٤٩- عومەر حەسەن مستەفا:- ناسراو بووە بە (مەلاعومەری حەسەنی مەلاژنێ) لەڕێکەوتی (١٩٠٣/٧/١) لە گوندی فەقیانی سەربە قەزای ڕواندز لەدایک بووە ، مەلاعومەری حەسەنی مەلاژنێ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مەلاعومەرلە تەمەنی (١٢) دوانزە ساڵی دەبێتە فەقێ، لە مزگەوتی فەقیانێ بۆماوەی دووساڵ خوێندنی قورئان تەواو دەکات، ئینجا بۆئەوی زیاترزانیاری لەدین وئایەتەکانی قورئان وەرگرێت دەچیتە گوندی بلەی ژێری بۆ ماوەی چوارساڵ، ئەوجابۆ ئەوەی زیاترزانیاری لەسەردەستوری ئیمام وخەتیب ومەلایەتی وەربگرێت دێتە شاری ڕواندز مەدرەسەی ئیسلامی لەمزگەوتی گەورەلای مەلا عبدالكريم ئەفەندی، بۆ ماوەی چوارساڵ دەخوێنێت، تا دەبێتە موستەعید، هەمووزانیاریەکانی فەلەکناسی وحەدیسەکانی پێغەمەروياساوقانونەکانی ئیسلام بەتەواوی فێردەبێت، ئەوجادوای چەند ساڵێک لەدوای تەواو کردنی خوێندنی فەقێ ئیجازەی مەلایەتی پێ دەدرێت، لە لایەن مەلا عبدالکری ئەفەندی دەبێتە مەلا، لە ساڵی (١٩٦١) دەبێتە ئیمام وخەتیبی مزگەوتی گوندی کانیە قوڕ، تا ئەوکاتەی گوندی کانی قوڕدەسوتێت لەلایەن حکومەتی عبدالسلام عارف، ئەوجا مەلا عومەرلە ساڵی (١٩٦٤) دەگەڕێتەوە گوندی فەقیان دەبێتە مەلای ئەوگوندە، تا ساڵی (١٩٧٦) هەرلەوساڵە لە بەربارۆدۆخی ناوچەکە خۆی دەگوازێتەوە بۆ مزگەوتی گەڕەکی شۆڕش لەشاری ڕواندز، تا ساڵی (١٩٨٧) لەم مزگەوتە دەمێنێتەوە، مەلاعومەر مرۆڤێکی زیرەک وزاناوهێمن وقسەزان وڕۆشنبیربووە ، لەڕێکەوتی (١٩٨٨/١٢/١٧) بەنەخۆشی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مەلاعومەر (٢) دووژنی هێناوە، لەژنی یەکەم (٢) دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی (عوسمان ، حەسەن) هەروەها لە ژنی دووەم (١) یەک کچی هەبووە بەناوی ڕابی لەگەڵ (٥) پێنج کوڕبەناوەکانی ( مەغدید ، زرار ، مزەفەر ، عبدالرحمان ، زەکەریا) .




**مەلا عومەری حەسەنی**

٤٥٠- عارەب کاک ئەحمەد عبدالله:- ناسراوبووە بە (وەستا عارەب) لەڕێکەوتی (١٩٤٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، عارەب کاک ئەحمەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر کەسایەتی شاری ڕواندز، عارەب لەسەر کوردایەتی لەساڵی (١٩٦٤) زیندانی کراوە، بۆماوەی یەکساڵ لەڕێکەوتی (١٩٦٥/٩/٩) لەزیندان ئازاد دەکرێت ، عارەب کەسێکی کاسبکاروقسەزان وڕۆشنبیروخوێندەواروقسەخۆش بووە ، وەستاعارەب هەرلەتەمەنی مێرمنداڵی خۆی ڕووی لە کاروکاسبی کردووە، بەتایبەتی کاری (مەتعەم) واتەچێشتخانە لەساڵانی حەفتاکان گازینۆوچێشتخانەی هەبووە، لەشاری ڕواندز وهاوینە هەواری گەڵی عەلی بەگ وبێخاڵ وجوندیان سەردەمانێک لەساڵانی حەفتایان چێشتخانەوگازینۆی لەدەربەندی ڕایات هەبووە، ئەوکاتی خەڵکێکی زۆرلە گەشتیارانی عێراق وکوردستان ڕوویان لەگازینۆ وچێشتخانەکەی دەکردلە هاوینە هەواری دەربەند ، بەڵام لە کۆتای کارەکان لە شاری هەولێر کاری بەقاڵی دەکرد لە دوکانەکەی سەوزەو تەڕەی دەفرۆشت بۆئەوەی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات ، وەستاعارەب مرۆڤێکی ناسراوبووە، لەکارەکەشی زۆر پاک وخاوێن بووە، هەروەها دەستەوای بەتام وچێژ بووە، عارەب لەڕێکەوت (٢٠٠٧/١١/١١) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، وەستاعارەب (٥) پێنج کچی هەبووە بەناوەکانی (ئەمەل ، نازدار ، نازەنین ، مەنال ، هەورین) هەروەها لە گەڵ (٢) دووکوڕبە ناوەکانی (ئەحمەد ، ئەمجەد) .



**عارەب کاک ئەحمەد**

٤٥١- عبدالله کاک ئەحمەد عبدالله:- ناسراو بووە بە (عبدالله کاک حەحمەد) لە ڕێکەوتی (١٩٣٥/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، عبدالله یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عبداللەکاک ئەحمەد کارمەندی شارەوانی ڕواندز بووە، لە کارەکانی کەسێکی زیرەک وبەتوانا بووە، بۆخۆی خاوەنی بیرو باوەڕێکی بەهێز بووە، هەروەها پیاوێکی قسەخۆش وهێمن و بە خزمایەتی بووە، عبدالله کاک ئەحمەد لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز


**عبدالله کاک ئەحمەد**

ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزو سەرکارو وەزیفەکەی خۆی، عبدالله لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/٩/٢٣) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ، عبدالله کاک ئەحمەد (٢) دوو کچی هەبووە بە ناوەکانی (خەپان ، لاجان) هەروەها لە گەڵ (٢) دووکوڕ بە ناوەکانی (ڕزگار ، یونس) .

٤٥٢ صالح حکیم حوسێن قادرمیرعەزیز) ناسراوبووە بە (سالح حکیم) لەساڵی (١٩٠٤) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، سالح حکیم یەکیک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سالح حەکیم پیاوێکی قسەخۆش وزیرەک ورۆشنبیر بووە، هەروەها ساڵح حکیم کەسێکی کاسبکاربووە، دوکانی عتاری لەناو بازاڕی شاری ڕواندز هەبووە، لە دوکانەکەی عەتاری وشەکرو چاوتایدوسابوون وکەل وپەل و پێداویستی ناوماڵی لەلای دەست دەکەوت، ساڵح حەکیم لەساڵی (١٩٦١) لە سەر سیاسەت لەلایەن ڕژیمی ئەوکاتی دەسگیر دەکرێت ودەکەوێتە بەندیخانە بۆماوەی یەکساڵ ئەوجاکە لە بەندیخانە بەردەبێت ودەگەڕێتەوە شاری ڕواندزسەرکاروکاسبی خۆی دوکانی عەتاری دادەنێتەوە، ئەوجا دووبارە لە ڕێکەوتی (١٩٦٣/٦/١٠) ڕەشبگیری دەکرێت خەڵکێکی زۆرلە شاری ڕواندز دەگیرێت ساڵح حەکیم یەکێک دەبێت لەدەسگیرکراوەکانی ئەوکاتی، ئینجا دوای ماوەیەک هەموویان بەردەدرێن دەست دەکات بەکارو کاسبی خۆی، ساڵح حکیم لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ دوای دەگەڕێتەرە بۆشاری ڕواندز، سەرکاروکاسبی خۆی، سالح حکیم لەڕێکەرتی (١٩٧٧/٤/١٠) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، سالح حکیم (٣) سێ کچی هەبووەبە ناوەکانی (ڕابی ، جەمیلە ، مەدینە) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕبەناوەکانی (حەکیم ، ئەسعەد ، شێرزاد ، ڕەشاد) .

٤٥٣- حەکیم ساڵح حوسێن قادر:- ناسرار بووە بە (حکیم ساڵح) لەساڵی (١٩٣١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، حکیم ساڵح یەکێک بووەلە بنەماڵەیەکی

کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حەکیم سالح هیچ کاروکاسبی نەبووە تەنها مووچەی خانە نیشینی سەربازی هەبووە، حەکیم ساڵح لەشۆڕشی ئەیلول لەساڵی (١٩٦٢) دەبێتە پێشمەرگە دوای دەبێتەکارگێڕی ناوچە، لەساڵی (١٩٦٨) لەسەرکاری سیاسی دەخرێتە بەندیخانە بۆماوەیەکی زۆر، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئیران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٤) دەگەڕێتەوە، بۆشاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٨٦) ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەم شارە نیستەچێ دەبێت، حەکیم ساڵح مرۆڤێکی مەدریس خۆش وقسە خۆش وخوێندەوارو ڕۆشنبیر بووە، لە ساڵی (١٩٩٦) لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حەکیم سالح (٨) مندالی هەبووە (٣) سێ کچ لەگەڵ (٥) کوڕکچەکانی بەناوەکانی (شازەمان ، فاتیمە ، خەبات) هەرواها لەگەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (عبدالرحمان ، ئازاد ، ئارام ، سەربەست ، ئاری) .



**حەکیم سالح حوسێن**


٤٥٤- ئازاد محمد نەورۆز:- ناسراو بووە بە (مامۆستا ئازاد) لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستائازاد لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، مامۆستا ئازاد لە ساڵی (١٩٥٣) دەچێتە بەرخوێندن، خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو دەکات، لە ساڵی (١٩٦٨) دەچێتە دەورەی مامۆستایانی شۆڕش دەبێتە مامۆستای شۆڕش، ئینجا دەگوازرێتەوە بۆگوندی ڕەزانی مەلابرایم، تابەیان نامەی (١١ی ئازاری ساڵی١٩٧٠) ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزبەڕەسمی دادەمەزرێت بە ناونیشانی (مرشیدڕیفی) لەسەر (میلاکی پەروەردە) بەناونیشانی نوسەر لە قوتابخانەی دواناوەندی ڕواندز دەست بەکار دەبێت، تا ساڵی (١٩٧٤) لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) لە ئاوارەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز بۆماوەی (١) یەکساڵ لە قوتابخانەی دڵدار وەک مامۆستا دەست بەکاردەبێت، لەساڵی (١٩٧٦) دووبارە دەگەڕێتەوە دواناوەندی ڕواندز تا ساڵی (١٩٧٨) ئینجا دەگوازرێتەوە بۆ کتێبخانەی گشتی ڕواندز بە (ئەمین مەکتەبە) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ دەمێنێتەوە تا ساڵی (١٩٨٧) ئینجا لەبەربارودۆخی سیاسی دەبێتە سەربازدوای

چەند مانگ لەسەربازی ڕادەکات، حکومەت لە مامۆستایەتی (فەسڵی) دەکات تاساڵی (١٩٩١) دووبارە دەگەڕێتەوە وەزیفەکەی بۆماوەی (١٠) ساڵ ئینجا لە ساڵی (٢٠٠١) بە مامۆستا دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتای گوندی (کەڕەک) بۆماوەی دووساڵ ، دەمێنێتەوە دوای لەساڵی (٢٠٠٣) یەکسەرخۆی دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی (ئەرخەوان) لەشاری هەولێر لەساڵی (٢٠١٠) خانەنیشین دەکرێت ئێستاکە لە ژیاندا ماوە لە شاری هەولێر نیشتەجێ یە مامۆستا ئازاد (٣) کچی هەبووەبە ناوەکانی (لانە ، لێزان ، لەنجە) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕبە ناوەکانی (دەرباز ، باسان) ،



**ئازاد محمد نەورۆز**

٤٥٥- شێرکۆمحمد قادرکەبابچی:- ناسراوبووە بە (مامۆستا شێرکۆ) لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لەشاری ڕواندزلە دایک بووە، مامۆستا شێرکۆیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزلە ڕێکەوتی (١٩٧٠/١٠/٢٦) بەمامۆستای شۆڕش دادەمەزرێت لە ناوچەی باڵەکایەتی لە قوتابخانەی گوندی خەلانێ سەربەقەزای چۆمان بۆ ماوەی (٤) چوارساڵ وەک مامۆستا لەم قوتابخانە دەوام دەکات لە ساڵی (١٩٧٤) بەهۆی شەڕوئاژاوە خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی (١) یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە سەرکارو وەزیفەکەی خۆی وەک نوسەردەوام دەکات لە قوتابخانەی دواناوەندی کوڕان، لە وەزیفەکەی بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی تەمەنی دەگاتە (٦٣) ساڵ لە ڕیکەوتی (٢٠١٠/٧/١) خانەنیشین دەکرێت مامۆستا شێرکۆ کەسێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسەزان وزیرەک وبەخزمایەتی بووە، مامۆستا شێرکۆمحمد کەبابچی شوکر بۆخوا تا ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە لە ژیاندا ماوە، ماڵی لەشاری سۆرانە مامۆستا شێرکۆ (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (نیگار ، نێرگز ، ڕابی) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕبە ناوەکانی (بەختیار ، نزار ، گۆڤەند ، عبدالله ، زریان).



**شێرکۆمحمد قادر کەبابچی**

٤٥٦ -سەعید محمود ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (سەعید ئەفەندی) لەڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، سەعید ئەفەندی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مامۆستا سەعید لەسەر کوردایەتی لەکاتی خۆیداچەندین جارکێشەوگرفتی بۆدروست بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەرە بۆشاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەپیشەی مامۆستای بووە، سەعید ئەفەندی مرۆڤێکی هێمن ومەدریس خۆش و قسەخۆش مامۆسیایەکی زیرەک وڕۆشنبیربووە ، بەتایبەتی لە گەڵ قوتابییەکانی قوتابخانەکەی مامۆستایەکی زۆر بەڕێز ونەرم ونیان و بە خزمایەتی بووە، مامۆستا سەعید مەحمود بەزازلەڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٥) لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوای کردووە لەگۆرستانی گەردەگەرد بەخاک سپێردراووە وڕوحی شاد بێت ، مامۆستا سەعید (٥) پێنج منداڵی هەبووە سێکچ و دوو کوڕ (٣) سێ کچەکانی بەناوەکانی (چیمەن ، ئاراز ، ڕۆژگار) هەروەها لە گەڵ (٢) دوو کوڕ بە ناوەکانی (هەژار ، بژار) .



**سەعید محمود ئەحمەد**

٤٥٧- کریم ڕەسوڵ حەسەن:- ناسراو بووە بە (سید کەریم) لەڕێکەوتی (١٩٤٤/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، سەید کەریم یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سەیدکەریم پیاوێکی هێمن وڕۆشنبیروخوێندەوارو قسەخۆش وکاسب بووە، لەناو بازاڕی شاری ڕواندز دوکانی (کەمالیاتی) هەبووە، لەهەموو جۆرە بۆنی گوڵاوجلوبەرگ و پێداویستی ئافرەتان ومنداڵانی دەفرۆشت ، سەید کەریم لە گەڵ موشتەریەکانی زۆر نەرم ونیان بووە، هەرەها زۆر یارمەتی ئەوکەسانەی




**کریم ڕەسوڵ حەسەن**

دەدا کەتازە هاوسەرگیریان دەکرد لەشت ومەکەکان داشکاندنی بۆدەکردن هەروەها ئەگەر پارەشیان پێ نەبایە بەقەرزپێی دەدان وکارەکەی بۆ ئاسان دەکردن، سەید کەریم پیاوێکی مەدریس خۆش وبەخزمایەتی وبەبرادەرایەتی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز سەرکاروکاسبی خۆیسەید کەریم لەساڵی (١٩٧٨) لەدروستکردنی قەزای سەدیق واتە قەزای سۆرانی ئێستاکە لەسەر وەستاو کرێکارەکان چاودێر بووەن نەبادا دیوارەکانی خانووەکان فێری تێ بکرێلەدوایدا واز لەکارەکەی دێنێت لەساڵی (١٩٧٩) دوکانی کەمالیاتی لەبازاڕی شاری ڕواندز دادەنێت تاساڵی (١٩٩٠) لە ڕێکەوتی (١٩٩١/٤/١٩) لە دەربەندی ڕایات بەکارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، سیدکەریم (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (ئاشتی ، ئەرخەوان) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبەناوەکانی (ئارام ، ئاکام ، ئاری)

٤٥٨- محمەد ئەمین خدر:- ناسراو بووە بە (محمەد گەڕگارین) لە ڕێکەوتی (١٩٠٩/٦/١٨) لە ناحیەی هێرۆی قەزای پشدەر لە دایک بووە ، محمەد گەرگارین یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، محمەد گەرگارین، کەسێکی سیاسی نیشتمان پەروەرو زۆرزیرەک وبەتوانا بووە، ئەوبەڕێزە زیاتر ئەوخزمەتەی کەکردویەتی لە ناوحزبی شیوعی عێراق پێشمەرگە بووە، بەرگری لە خاکی کوردستان کردوە، محمەد گەرگارین مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆش وڕۆشنبێرومەدریس خۆش وبە خزمایەتی بووە، لە ساڵی (١٩٩١) خۆیی وخێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوەبۆ شاری ڕواندز، لەساڵی١٩٨٨دووبارە ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێتەوە، لەڕێکەوتی (١٩٩٢/١/١٣) لە ئۆردوگای بارزان ئابادی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆچی دوای دەکات تەرمەکەی دەگەڕێنەرە بۆشاری ڕواندزلە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت، محمدگەڕگارین (٥) کچی هەبووە بە ناوەکانی (عەیشەگوڵ ، فەهیمە ، خەجیجە ، ئوم کلسوم ، مەحسومە) هەروەها لە گەڵ (٦) کوڕبە ناوەکانی (محمەد ، خالید ، ئەحمەد ، مستەفا ، یوسف ، ئازاد) .

٤٥٩- عبدالرحمان عبدالله ئەحمەد:- ناسراو بووه بە (حاجی ڕەحمانی عدی) لەڕێکەوتی (١٩١١/٧/١) لەگوندی کانیەقوڕلە دایک بووە، حاجی عبدالرحمان لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، حاجی ڕەحمان مرۆڤێکی هەژاردۆست وخێر خوازوئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، سەردانی ماڵی خوای کردبوو، حاجی ڕەحمان لەتەمەنی گەنجی لە کارکردندا پیاوێکی بەتواناو زۆر زیرەک بووە ، دەستی شعروگۆرانی وتنی هەبووە، لەگۆرانی وحەیرن ووتن دەنگی زۆر خۆشبووە، هەروەها هیوایەتی کارکردن وجۆتیاری داچاندنی گەنم وجۆو نۆک ونیسک وماش بووە، هەروەهاحەزی لەدانانی ڕەزوباغ وچاندنی تووتن وتەماتەو کدو باینجان وبامیەخەیارو هەموو جۆرە سەوزەیەکی دەچاند، بەتایبەتی لەوەرزی هاوینان، جگە لەمەش لەوەرزی زستاندا زۆرحەزی لەڕاوکردن دەکرد وەک ڕاوی کەوبزنەکێوی وکەروێشک، حاجی عبدالرحمان کەسێکی هێمن ودورە شەڕو مەدریس خۆش وڕۆشنبیروخوێندەواروقورئان خوێن بووە، جگە لەمە حاجی عبدالڕەحمان پیاوپیاویکی بەخزمایەتی ومەدریسخۆش وزۆرقسەزان وقسەخۆش ودەم بەخەندەو پێکەنین بووە، حاجی رەحمان زۆر حەزی لەمیوان دەکرد، دڵساف ووەک ڕیش وباوەڕپێکراوی کانیە قوڕوشاری ڕواندز بووە، حاجی ڕەحمان لە ڕێکەوتی (١٩٩١/٥/٣٠) بەنەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی کۆچی دوای کردووەلەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبیت، حاجی ڕەحمان (٢) کچی هەبووە بە ناوەکانی (فاتیمە، ئامینە) هەروەهالەگەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (تاهێر، عبدالله ، محمود ، عوسمان) .



**عبدالرحمان عبدالله ئەحمەد**

٤٦٠- تاهیرعبدالرحمان عبدالله ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (حاجی تاهیریان مەلا تاهیر) لەڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، حاجی تاهیرلە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، لە ساڵی (١٩٥٧) چۆتەبەرخوێندن، تاپۆلی شەشی ئامادەی خوێندووە، حاجی تاهێرزۆرحەزی لەخوێندنی کتێبە هەروەها کەسێکی قورئان خوێنە، لەخوێندنی قورئان دەنگ زۆرخۆشە مەلاتاهیر لە لەساڵی (١٩٧٦) بەفەرمانبەر لەفەرمانگەی ئاوی ڕواندز دامەزراراوە، لەکارو پیشەی فەرمانگەکەی کەسێکی زیرەک وچالاک بووە، حاجی تاهێر وەک فەرمانبەرێکی ئازاو چالاک لەبواری چاککردنەوەودامەزراندنی بۆڕی ئاوی سەرەکی و شەقام و کۆڵانەکانی شاری ڕواندز خزمەتێکی زۆری شارەکەی کردووە، حاجی تاهێرلە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٧/١) بە ناونیشانی (بەڕێوەبەری پیشکەوتوو) خانەنیشین کراوە، حاجی تاهیرمرۆڤێکی هێمن وزیرەک وقسەخۆش ومەدریس خۆش بووە، هەروەها لەکاتی خۆیدا هیوایەتی کشتوکال کردن ودەچاندنی ڕەزوباغ وشینای بووە، جگە لە مەش زۆر حەزی لەڕاوکردن دەکرد بە تایبەتی ڕاوی کەو، حاجی تاهیرئێستا کەساڵی (٢٠٢٢) لە ژیانداماوە، ماڵی لە ڕواندزە لە گەڕەکی کانی حاجی تاهیر (٤) چوارکچی هەبووە بە ناوەکانی (ئاسیا ، ڕازیە ، ڕێزان ، جوان) هەروەها لە گەڵ (٧) حەوت کوڕ بەناوەکانی (زاهیر ، محمەد ، فاخیر ، سابیر ، تەحسین ، نیاز ، نەبەز) .



**تاهیرعبدالرحمان عبدالله**

٤٦١-مەلا خدر حمدئەمین ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (مەلاخدر) لەڕێکەرتی (١٩٢٢/٧/١) لەگوندی ئاکۆیانی سەربە قەزای ڕواندز لەدایک بووە، مەلاخدریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزودۆڵی ئاکۆیان، لە ساڵی (١٩٣١) چۆتە بەرخوێندنی فەقێ دوای بۆئەوەی زیاتر زانیاری وەربگرێت، بۆخوێندن دەچێتە گوندی سەران بۆماوەی چەند ساڵێک ماوەیەک لەگوندی دەرگەڵە دەخوێنێت تا کتێبی قورئانی پیرۆز تەواو دەکات لەگەڵ چەند زانیاریکی ئاینی تردوای دێتەشاری ڕواندز بۆ ئەوەی زیاتر لە قانونی مەلاو ئاینی ئیسلام تێ بگات، دەبێتە مەلا لەگوندی بنمێردە بۆماوەی (٧) حەوت ساڵ لە مزگەوتی بنمێردە دەبێت، دوای دەبێتە مەلای



مەلا خدرحمد ئەمین ئەحمەد

مزگەوتی ئاکۆیان بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ لەساڵی (١٩٨٣) دەبێتە مەلای مزگەوتی باویل ئاغا تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات، مەلاخدرلەکاتی خۆیدا لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت ودەربەدەری وئاواری بووە، مەلاخدرمرۆڤێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسەخۆش زیرەک بووە، مەلاخدرلەڕێکەوتی (٢٠١٦/٩/١٣) لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گوندی ئاکۆیان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مەلاخدر (١) یەک کچی هەبووە بە ناوی (هەدیە) هەروەها لە گەڵ (٣) کوڕبە ناوەکانی (مەلاتاهێر ، مەلاتۆفیق ، حوسێن) .

٤٦٢- ئەسعد باپیر عبدالله سلێمان:- ناسراو بووە بە (ئەسعد خیات) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەشاری ڕواندزلەدایک بووە، ئەسعەخیات یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئەسعد خیات کەسێکی کاسبکارو هێمن وقسەخۆش ومەدریس خۆش بووە، پیشەی بەرگدروی بووە، لەدوکانەکەی خۆی لەشاری ڕواندزجلوبەرگی پیاوانی دەدوری لەکاری خەیاتی خۆی کەسێکی زۆر زیرەک ودەست ڕەنگین بووە، ئەسعەد خیات لەشاری ڕواندزبەرگدروێکی بەناو بانگ بووە، لەبەر ئەوەی جڵ وبەرگی پیاوانی بەجوانی دەدوری، ئەسعدخیات لەکاتی خۆیدا لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفتی گرتن وبەندیخانەوئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزدوکانی بەرگدروی خۆی دادەنێتەوە، تا ساڵی (١٩٨٩) ئینجاماڵی خۆی ودوکانی بەرگدروەکەی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەو شارە نیشتەجێ دەبێت، بەدوای ناگەڕێتەوە ڕواندز، ئەسعد خەیات لەڕێکەرتی (١٩٩٤/٣/٣) لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوای دەکات، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ئەسعەد



ئەسعد خەیات رواندزی

خەیات (٧) حەوت کچی هەبووە بە ناوەکانی (ئامینە ، نازەنین ، بەیان ، جیهان ، کوردستان ، شارستان ، بێریوان) هەروەها لە گەڵ (٦) شەش کوڕ بەناوەکانی (سمکۆ، سەرهەنگ ، سەردار ، کاوە ، سالار ، سامان) .


٣٦٣- حوسێن میرزا حەسەن :- ناسراو بووە بە (حوسێن مەمی خان) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، حوسێن مەمی خان یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، حوسێن مەمی خان فەرمانبەری شارەوانی ڕواندزبووە بەناونیشانی ژمێریاری واتە (محاسیب) حوسێن مەمی خان لەکارەکانی خۆی لەشارەوانی ڕواندز کەسێکی بە تواناو زیرەک بووە، حوسێن لە کاتی خۆیدا لە سەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت ودەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی دوو ساڵ لەساڵی (١٩٧٦) لەئێران دەگەڕێتەوە حکومەتی عێراق یەکسەر بەماڵەوە نەفی دەکات بۆ خواروی عێراق لە ساڵی (١٩٧٨) بەلێبوردەی گشتی دەگەڕێتەوە کوردستان لەشاری هەولێرنیشتەجێ دەبێت، ناگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، حوسێن مەمی خان مرۆڤێکی قسەزان و نوکتەچی ودەم بەخەندەوپێکەنین وزۆر قسەخۆش بووە، بەئەسڵ ونەسەب لەهۆزی شکاک بووە، لەڕێکەوتی (٢٠٠٢/٥/١٢) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حوسێن مەمی خان (٣) سێ کچی هەبووە، بە ناوەکانی (نەسرین ، نازەنین ، کوردستان) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕ بە ناوەکانی (نەریمان ، دڵشاد ، دلاوەر ، لوقمان ، خەسرۆ) .

٤٦٤- تاهیر فقێ خضر حمدئەمین:- ناسراو بووە بە (مەلاتاهیر) لەڕێکەوتی (١٩٤٦/٧/١) لەگوندی ئاکۆیان لەدایک بووە، مەلا تاهیریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز ودۆڵی ئاکۆییان، تاپۆلی شەشەمی سەرەتای خوێندوە، هەروەها کەسێکی قورئان خوێن وزیرەک بووە، مەلاتاهیرلە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٠) تاساڵی (١٩٧٤) پێشمەرگە بووە لەساڵی (١٩٧٤) بەشداری کردوە لە شەڕی بەرگری خاکی کوردستان و شاری ڕواندز لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق لەچیای کۆرەک تاکۆتای وڕوخانی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی (١٩٧٧) دووبارە پەیوەندی بە شۆڕشی نوێی (ی، ن، ک) دەکات لەوکاتەوە تائێستاکە دانەبڕاوە، لەحیزبەکەی، مەلاتاهێر هیوایەتی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەو ڕزگارکردنی خاکی


مەلا تاهیر خدر حمدئەمین


کوردستان بووە، هەروەها هیوایەتی خوێندنەوەی کتێبەکانە بەتایبەتی کتێبی مێژوو، لە کاتی خۆیدا لە سەر کوردایەتی چەندین جارلەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق تووشی گرتن وبەندیخانەو ئاوارەی بووە، مەلاتاهیر لەساڵی (١٩٨٥) ماڵی لەگوندی ئاکۆیان دەگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندز لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، هەروەها لەساڵی (١٩٨٨) بەتۆمەتی بەشداری کردن لەخۆپیشاندان دەگیرێت بۆماوەیەک دوای ئازاردانێکی زۆرلە بەندیخانە ئازاد دەکرێت، مەلاتاهیر پیاوێکی ڕۆشنبیروهێمن وقسەزان ومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، هەروەها کەسێکی هەژاردۆست وخێرخوازوبەدۆست وبرادەرایەتی بووە، مەلاتاهیر (٥) کچی هەبووە بەناوەکانی (دیمەن ، چیمەن ، پەیمان ، پەرژین ، بۆژین) هەروەها لەگەڵ (٢) کوڕ بە ناوەکانی (ئارام ، ئامانج) .

٤٦٥- حوسێن لەتیف محمدئەمین ئبڕاهیم) نەسراوبووە بە (حوسێن حاجی لەتیف) لە ڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، حوسێن لەتیف یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حوسێن لەتیف پیاوێکی هێمن وقسەزان و خوێندەوارو ڕۆشنبیرومەدریس خۆش وبەخزمایەتی بووە، کاروپیشەی حوسێن حاجی لەتیف لەکاتی خۆیدا فەرمانبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی قەزای ڕواندزبووە، حوسێن لەتیف لەکاری فەرمانگەکەی کەسێکی چاڵاک وزیرەک وبەتوانا بووە، بەتایبەتی لە کاروباری کشتوکاڵی بۆماوەیەکی زۆرلەفەرمانگەی کشتوکاڵی دەمێنێتەوە، لەڕێکەوتی (٢٠٠٠/٧/١) خانەنیشین دەکرێت، حوسێن حاجی لتیف لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزوسەرکارو کاسبی خۆی، حوسێن لەتیف ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) زاینی یە لە ژیاندا ماوە لە شاری هەولێر دادەنیشێت، حوسێن


حوسێن حاجی لەتیف

(٥) منداڵی هەبووە (١) یەک کوڕو (٤) چوارکچ، کچەکان بە ناوەکانی (فرمێسک ، فێنک ، تریسکە ، تاوک) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕ بەناوی (توانا) ،

٤٦٦- محمدئەمین مەولود مستەفا :- ناسراو بووە بە (حمدئەمین تەسجیلات) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، حمدئەمین لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، محمدئەمین لەسەرکوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەوگرفت وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز دەست دەکات بەکاروکاسبی بۆ بژێویژیانی خۆیی وخێزانەکەی دوکانی تەسجیلات دادەنێت، حمدئەمین مرۆڤێکی قسەخۆش وخوێندەوارو ڕۆشنبیرودەم بەخەندەوپێکەنین بووە، هەروەها کەسێکی مەدریس خۆش وهێمن وخوێندەوارو ڕۆشنبیرو دوورە شەڕبووە، محمدئەمین مەولود خانەنیشینی پۆلیسی بووە ، لە ڕێکەوتی (١٩٩٨/٥/١٣) بەنەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، محمەدەمین مەولود (٣) سێ کچی هەبووە بەناوەکانی (زولێخا ، سنور ، سروە) هەروەها لەگەڵ (٢) دوو کوڕبەناوەکانی (ئیبراهیم ، دلێر) .



**حمدئەمین مەولود**


٤٦٧- صالح کودێ:- ناسراو بووە بە (سالح کودە) لەڕێکەوتی (١٩٢٩/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، سالح کودە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، سالح کودەچەندین جار لەسەر کوردایەتی تووشی کێشەو گرفتی گرتن وبەندیخانەودەربەدەری وئاوارەی بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و منداڵەکانی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزساڵح کودە هیچ کارو کاسبی نەبووە، تەنها خانەنێشینی حکومەت بووە،



**صالح کودە**


سالح کودە کەسێکی سیاسی وهێمن وقسەزان ورۆشنبیروخوێندەواربووە، هەروەها زۆرحەزی لەدۆستایەتی خزمایەتی بەرامبەرەکەی خۆی دەکرد، مرۆڤێکی بەخزمایەتی تێکەڵ بووە، جگە لەمەش پیاوێکی دەم بەخەندەوپێکەنین نوکتەچی وقسەخۆش بووە، ساڵح کودە لە ڕێکەوتی (١٩٩٠/٦/١٢) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ساڵح کودە (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (کوردستان) لەگەڵ (١) یەک کوڕبەناوی (نەریمان) .

٤٦٨- ونس مجید مستەفا:- ناسراوبووە بە (حاجی ونس لار) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی ونس یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی ونس هەرچەندە زمانی لاڵ بووە، بەڵام کەسێکی ڕوح سوک ودەم بەخەندە وپێکەنین بووە، هەروەها کەسێکی بەتواناو زۆر زیرەک وکاسبکارو پاکوخاوێن بووە، حاجی ونس چێستخانەیەکی گەورەی لەناو بازاڕی شاری ڕواندزلە تەنیشت مزگەوتی گەورەی ڕواندزهەبووە ، کەتیایدا لەئەنواعی چێشتی تیادا ئامادە دەکرد، وەک (سەرو پێ ، برنج وگۆشت ، کەباب ، جەرگ ، تکە) هەروەها گۆشتی (مریشک وگۆلک وبەڕخ ومەڕوبزن) ی لادەست دەکەوت چێشتەکانیشی زۆرپاک وخاوێن و بەتام وچێژ بووە، حاجی ونس کەسێکی بەخزمایەتی وزۆر تێکەڵ وبەهاوڕێ وخزمایەتی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز دووبارە چێشتخانە دادەنێتەوە، حاجی ونس لەساڵی (١٩٧٩) کۆچی دوای دەکات لەشاری هەولێرلەگۆرستانی مەحمەل قیڕی هەولێربەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی ونس (٤) چوارکچی هەبووەبەناوەکانی (سەعدیە ، سەبریە ، فەوزیە ، حبیبە) هەروەها لەگەڵ (١) یەک کوڕبە ناوی (نەبی) .



**حاجی ونس**

٤٦٩- هەمزەبەگ ڕەسوڵ بەگ :- ناسراوبووە بە (هەمزەبەگ) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، هەمزەبەگ کەسێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەمزەبەگ لەسەر کوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەو گرفت وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆ ماوەیی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە، بۆشاری ڕواندز هەمزەبەگ کەسێکی دڵساف وقسەزان ورۆشنبیر وخوێندەواربووە، هەروەها پیاوێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسەخۆش وبەخزمایەتی بووە، لە ساڵی (٢٠١٨) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی کەسنەزانی شاری هەولێر بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، هەمزەبەگ (٣) سێ کچی هەبووە ، بە ناوەکانی (ژیان ، لاجان ، ڕێناز) هەروەها لە گەڵ (٥) پێنج کوڕ بەناوەکانی (ئەمین ، سۆران ، دەرباز ، ڕێباز ، بێجان) .



**هەمزە بەگ**

٤٧٠ ڕەشاغا:- ناسراو بووە بە (ڕەشاغا) لە ساڵی (١٨١٢) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، ڕەشاغای ڕواندزی یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد؛پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، ڕەشاغا تەمەنی لە (٨٧) ساڵی تێپەڕاندبووە ڕەشاغای ڕواندزی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی وڕپشنبیری شاری ڕواندز بووە، ڕەشاغا لە سەردەمی میرنیشینی سۆران ڕاوێژکاری میر محمەد بەگ بووە، هەروەها پیاوێکی زیرەک وئازاوچاونەترس بووە، ڕەشاغایەکێک بووە لە فەرمەندەی میحوەرێکی ناوچەیەکی گەورەی میرنیشینی سۆران، یەکیک بووەلە سەرکردەوکەسە نزیکەکان ومتمانە پیکراوی میرمحمەدبەگ هەروەها ڕەشاغا فەرماندە وجەنگاوەرێکی زۆر چالاک وسەر کەوتوو بووە، لە هەر شەرێک بەشداری کردبایە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست دەهێنا، ڕەشاغا لە ساڵی (١٨٩٩) بەپیلانێکی نادیاروتەمومژاوی لە نزیک ماڵەکەی خۆی دەکەوێتە کەمینی نەیارانی دەکوژرێت، لە کاولۆکان بەخاکسپێردراوە، ڕەشائاغا (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (زانەوێر ئاغا) زانەرێر ئاغا (٩) نۆ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (مەلا ئەحمەد ، کامەلائاغا ، سلێمان ئاغا محمود ئاغا ، نادر ئاغا، سەعید حارس ئاغا ، سالم کەمال ، نوری شەریف ، لەتیف نادر) .

٤٧١- سەعید حەسەن ئەحمەد:- ناسراو بووە بە (سەعیدی پلکە زولێ) یان (سەعیدی حەسەن چارحانەی) لە ڕیکەوتی (١٩٤١/٧/١) لە گوندی ئاکۆیان لەدایک بووە، سەعید یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ودۆڵی ئاکۆیان، سەعیدلەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفت بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە لە شاری ڕواندز نیشتەجێ دەبێت، ئینجائەوکاتی بۆبژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی وخێزانەکەی دوکانی عەتاری دادەنێت، تیایدا شەکروچاوبرنج وڕون وسابون وتاید وهەمووجۆرە کەل وپەل وپێداویستیی ناوماڵی دەفرۆشت، هەروەها جگە لەکارو کاسبی خۆی فەرمانبەری حکومەت بووە لە نەخۆشخانەی گشتی ڕواندز بە ناونیشانی (بەردەست) سەعید حەسەن لەڕێکەوتی (٢٠٠٤/٧/١) لە کارەکەی لەنەخۆشخانەی ڕواندزخانەنیشیندەکرێت، تەنهاکاری دوکانداری دەکات، سەعیدی پڵکە زولێ مرۆڤێکی مەدریسخۆش و هێمن وقسەخۆش وبەخزمایەتی بووە، سەعیدئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیاندا ماوە لە شاری ڕواندز دادەنیشێت، سەعیدی پلکەزولێ (٤) چوارکچی هەبووە بە ناوەکانی (کەلسوم ، نەزیرە ، شوکریە ، بەناز) هەروەها لە گەڵ (٤) چوارکوڕبە ناوەکانی (ئەیوب ، یونس ، سامی ، بەشدار) .

٤٧٢- محمودڕەحیم ڕەشید یوسف :- ناسراو بووە بە (محمودخولە) لەساڵی (١٩٠٧) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، محمود خولەیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، محمودخولە پیاوێکی ئیمانداروخێرخوازوهەژاردۆست وئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە، هەروەها کەسێکی سادە وڕۆشنبیروقسەخۆش وقسەزان ومەدریسخۆش وهێمن بەخزمایەتی بووە، مرۆڤێکی بەئەمەک و باوەڕپێکراو وکوردپەروەرو نیشتمان پەروەربووە، زۆر حەزی بەمیوان ودۆستایەتی کەسانی دینداروئیماندار دەکرد محمود خولە لە ساڵی (١٩٧٣) لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت، محمود خولە (٣)



**محمودخولە**

کچی هەبووە بەناوەکانی (نەجیبە ، بەدریە ، نەسرین) هەروەها لە گەڵ (٧) حەوت کوڕ بەناوەکانی (جمال ، جەلال ، کەمال ، فەرهاد ، جەبار ، ئازاد ، نەوزاد) .

٤٧٣-جەلال محمود ڕەحیم ڕەشید یوسف:- ناسراو بووە بە (مامۆستا جەلال محمود خولە) لەڕیکەوتی (١٩٤٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، جەلال خولە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز بووە، جەلال محمودخولە، خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردووە، دوای تەواو کردنی خویندنی ناوەندی دەچێتە خانەی ماۆستایان لەشاری هەولێربۆ ماوەی (٣) سی ساڵ کەتەواو دەکات بەمامۆستا دامەزراوە لە قوتابخانەی پاشای گەورەی ڕواندز، جەلال ئەفەندی مامۆستایەکی بەئەزمون وزیرەک وبەتوانا بووە، بەتایبەتی لەڕووی پەروەردەو فێرکردنی قوتابیان، هەروەها مامۆستا جەلال محمود خولە لەسەرکوردایەتی وپیشمەرگایەتی چەندین جارتووشی کێشەو گرفت وئاوارەی و دەربەدەری بووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبیت بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی، ئینجا دوای چەند ساڵ لەبەر بارو دۆخی سیاسی شاری ڕواندزو ناوچەکە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرولەم شارە نیشتەجێ دەبیت، وناگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزمامۆستا جەلال لە ڕێکەوتی (١٩٩٠/٧/١٤) لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوای کردوە لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، ماۆستاجەلال (٤) چوارکچی هەبووە بە ناوەکانی (نەمام ، چنار ، ڕێناس ، فرمێسک) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (کاروان ، کامەڕان ، مەریوان) ،



**مامۆستا جەلال محمود خولە**

٤٧٤- هادی حەسەن عەلی:- ناسراو بووە بە (هادی بەریدی) لەڕێکەوت (١٩٢٦/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، هادی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هادی بەریدی لە سەر کوردایەتی لەساڵی (١٩٦٢) گیراوە خراوەتە بەندیخانە، کە بەردەبێت، لەفەرمانگەکەی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر

دوای وەک سزادانێک دەگوازرێتەوە بۆ شاری کەرکوک، تا ساڵی (١٩٦٧) ئەوجا دووبارە دەگوازرێتەوە بۆ شاری ڕواندز، دوای ماوەی یەکساڵ دەبیتە بەرپرسی فەرمانگەی بەریدی ڕواندز، هادی بەرید لە کارەکەی کەسێکی هێمن وزیرەک وچالاک بووە، هەروەهامرۆڤێکی سادە ورۆشنبیروقسەزان ومەدریس خۆش بووە، هادی بەڕێوەبەری پۆستەوگەیاندنی قەزای ڕواندز بووە، لە کاری فەرمانگەکەی کەسێکی فەنی ودیاربووە، هادی چەندین جار لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی سوپاس وپێزانینی وەرگرتووە، هادی بەرید لە ساڵی (١٩٦٨) دەبیتە بەڕێوەبەری پۆستەو گەیاندنی قەزای ڕواندز تا ساڵی (١٩٧٣) وەک بەڕیوەبەرو فەرمانبەردەوامی خۆی کردوە لەساڵی (١٩٧٤) ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرو لەم شارە نیشتەجێ دەبێت وناگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز لەڕێکەوتی (١٩٧٩/٨/١٨) لە شاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت هادی حەسەن عەلی (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (خوناو ، پەیمان) هەروەها لە گەڵ (٤) چوار کوڕبە ناوەکانی (د. عبدلقادر ، ئازاد ، شێرزاد ، عیماد) .

٤٧٥- عبدالله خورسید ئاغا:- ناسراو بووە بە (عەولا بەگ) لەڕیکەوتی (١٩٢٧/٣/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، عبدالله بەگ یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، عەولا بەگ لەکاتی خۆیدا لە سەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارکێشەی بۆ دروست بووە، عەولابەگ لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەپێشترفەرمنبەری پۆستەو گەیاندنی قەزای ڕواندز بووە، عەولابەگ پیاوێکی هێمن وبەخزمایەتی بووە، لە فەرمانگەکەی پیشەکەی کاری گەیاندنی نامەی هاتووبووە کەلە شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق دەهاتە ڕواندز، عبدالله وەک فەرمانبەری پۆستەو گەیاندن هەموو ئەو نامانەی تەوزیح دەکردە سەرخاوەنەکانیان لە فەرمانگەو ماڵ ودوکاندارەکانی ناوشاری ڕواندز، عبداللەبەگ لەڕێکەوتی (٢٠١٣/٨/٢٣) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، عبداللەبەگ (٣) سێ کچی هەبووە بە ناوەکانی (خونجە ، سمبل ، لەیلی) هەروەها لەگەڵ (٦) شەش کوڕبە ناوەکانی (شاسوار ، نزار ، خورشید ، سالم ، کەیفی ، بێستون)

٤٧٦- مستەفا عارەب خضرعالی:- ناسراو بووە بە (مستەفا عارەب) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مستەفا عاڕەب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مستەفا عاڕەب لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفتی گرتن ودەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ، ئینجا لە ساڵی (١٩٧٩) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز سەرکارو وەزیفەکەی خۆی مستەفا عارەب فەرمانبەری نەخۆشخانەی شاری ڕواندز بووە، بە ناونیشانی شوفێری (ئیسعاف) مستەفا عاڕەب پیاوێکی دەم بەخەندەوهێمن وکەسێکی سادەوقسەزان وڕۆشنبیربووە، مستەفا عارەب دووبارە لەبەر بارو دۆخی سیاسی کوردستان وناوچەکەی دەچێتەوە دەوڵەتی ئێران لەوێشەوە بۆ فیلندا ماوەی زیاتر لە (١٢) ساڵ لە وولاتی فیلندا ژیانی بردۆتەسەربەخۆی وخێزانەکەی، مستەفا عارەب لە ڕیکەوتی (٢٠٠١/٥/٤) لەدەرەوەی وولات، لە وولاتی (فیلندا) کۆچی دوای دەکات، هەرلە وووڵاتە بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مستەفا عەرەب (٥) کچی هەبووە بە ناوەکانی (حلیمە ، بەهار ، شلێر ، شیلان ، پایز) هەروەها لە گەڵ (٢) کوڕ بە ناوەکانی (حوسێن ، کمال).


**مستەفا عارەب خضرعالی**

٤٧٧- خضر عاڕەب خضرعالی:- ناسراو بووە بە (خدر عاڕەب) لە ڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، خدرعاڕەب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، خدرعارەب کەسێکی هێمن و ئاقڵ دەم بە خەندەو پێکەنین وقۆشمەچی ومەدریس خۆش بووە، زۆر حەزی لەمیوان خزمەت کردنی میوان دەکرد، هەروەها پیاوێکی قسەزان وڕۆشنبیروقسە خۆش بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، لەساڵی (١٩٧٦) گەراوەتەوە بۆشاری رواندز،


**خضر عاڕەب خضرعالی**

خدرعارەب لە ڕێکەوتی (١٩٩٠/٦/٩) بەنەخۆسی لەماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردە گەرد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، خدر عاڕەب (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (ناهیدە ، بدیعە) هەروەها لەگەڵ (٣) کوڕ بەناوەکانی (جەمال ، خالید ، لوقمان) ،



محمد خەلیل مەولود

٤٧٨- محمد خەلیل مەولود :- ناسراو بووە بە (محمد خەبات) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەناوچەی باڵەکایەتی گوندی مەمی خەلانی سەربە قەزای چۆمان لەدایک بووە، محمد خەبات یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٥٣) لەبەر بێکاری ڕوو لەشاری ڕواندز دەکات بۆ دۆزینەوەی کارێک بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی دەست دەکات بەکارو کاسبی بۆخۆی دوکانێک دادەنێت عتاری وشەکەرات دەفرۆشێت، محمد خەبات لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی دووساڵ لەساڵی (١٩٧٦) دووبارە دەگەرێتەوە بۆ شاری ڕواندزدەست دەکات بەکارو کاسبی خۆی کە دوکانداری بووە، لە دوکانەکەی (شەکرو ، چا ، برنج ، ڕۆن ، تاید ، سابوون، هەموو جۆرە خۆراکێک وکەل و پەلی ناوماڵی دەفرۆشت، محمد خەبات مرۆڤێکی دەم بەخەندەو پێکەنین بووە، زۆر حەزی لەمیوان وخزمایەتی دۆستایەتی دەکرد کەسێکی مەدریس خۆش وقسەخۆش بووە، محمد خەبات، لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٢/٢٢) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی بێرکۆت بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، محمد خەبات (٦) شەش کچی هەبووە بەناوەکانی (گەلاوێژ ، کوردستان ، مەحسومە، کەلسوم ، سەیران ، پەروانە) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕ بەناوەکانی (خەلیل ، جەلیل ، شاخەوان) .

٤٧٩- سوڵتان خەلیل مەولود:- ناسراو بووە بە (مام سوڵتان) لەساڵی (١٨٩٢) لەناوچەی باڵەکایەتی گوندی مەمی خەلانی سەربەقەزای چۆمان لەدایک بووە، مام سوڵتان یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٥٣) هاتۆتە شاری ڕواندزلەم شارە نیشتەجێ دەبێت، دەست دەکات بەکارو کاسبی بۆ بژێوی خۆیی وخێزانەکەی ، مام سوڵتان پیاوێکی هێمن ومەدریس خۆش وقسە خۆش بووە ، گەلێک چیرۆک ونوکتەو داستان وبەسەرهاتی لابووە و دەی زانی، بۆهاوڕێکانی دەیگێڕایەوە، هەروەها مام سوڵتان کەسێکی کاسبکاروزیرەک بووە، دوکانی عتاری وشەکەراتی هەبووە، لە دوکانەکەی هەموو جۆرە شەکەرات وکەل وپەلی ناو ماڵی دەفرۆست، مام سوڵتان لەڕێکەوتی (٢٠٠٣/٦/١٣) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، مام سوڵتان تەنها (١) یەک کوڕی هەبووە بەناوی (عبدالرحمان) .


**سوڵتان خەلیل مەولود**

٤٨٠- ئەحمەد ڕەسوڵ حەسەن عبدالله:- ناسراو بووە بە (ئەحمەد ڕەسوڵ) لەڕێکەوتی (١٩٠٥/٧/١) لە گوندی هەرتێی برادۆستی سەر بەناحیەی سیدەکان لە دایک بووە، لە ساڵی (١٩٢٦) دەبێتە پۆلیس لەقەزای میرگەسۆر دوای دەگوازرێتەوە بۆ مەرکەزی پۆلیسی ڕایات دوای بۆ گەلاڵە و دیانە و دواجار لە ساڵی (١٩٥٧) دەگوازرێتەوە بۆ شاری ڕواندزلە ساڵی (١٩٥٩) خانەنیشین دەکریت بە پلەی (عەریف) لە شاری ڕواندز نیشتەجێ دەبێت ئەحمەد ڕەسوڵ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ئەحمەد ڕەسوڵ پیاوێکی کاسبکاربووە، دوای خانەنیشین کردن، توانیویەتی بۆخۆی دوکانی عتاری لەنزیک مەرکزی پۆلیسخانەی ڕواندز دابنێت، لە دوکانەکەی هەموو جۆربابەتێک شەکەراتی تیادا دەفرۆشت وەک کێک و بسکویت وبنێشت وشکرۆکەوجگەرەو شخاتە، هەروەها هەموو پیداویستی پاکوخاوێنی وەک تاید وسابوونی دەفرۆشت، مام ئەحمەد کەسێکی بەساڵان چوو وهێمن وقسە خۆش


ئەحمەد ڕەسوڵ حەسەن

ومەدریس خۆش قسەزان وڕۆشنبیر بووە ، زۆر حەزی لەخزمایەتی ودۆستایەتی ومیوان دەکرد، هەروەها کەسێکی بە تەقواوخاوەن هەڵوێست وخێرخواز وهەژاردۆست وئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، مام ئەحمەد لەڕێکەوتی (١٩٦٨/١٢/١) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە، لەگۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندز بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، ئەحمەد ڕەسوڵ (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (موحتەبەر) هەروەها لە گەڵ (٢) دووکوڕبە ناوەکانی (عبدالله ، ڕەشید) .


بەهرام شەوکەت بەگ


٤٨١- بەهرام شەوکەت ئەحمەد بەگ:- ناسراو بووە بە (بەهرام شەوکەت بەگ) لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، بەهرام یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، بەهرام شەوکەت بەگ خوێندنی سەرەتایی وناوەندی ودواناوەندی لە شاری ڕواندز تەواوکردوە، دوای بۆتەواوکردنی خوێندن دەچێتە شاری هەولێر بەشی یاسا بەماوەی چەند ساڵێک خوێندنی تەواو دەکات دەبێتە پارێزەر، بەهرام شەوکەت بەگ لە کاری خۆی کەسێکی زیرەک وبە تواناوڕۆشنبیر وقسەزان بووە، هەروەها مرۆڤێکی هەژاردۆست و خێرخواز قسەخۆش ومەدریس خۆش بووە، زۆر ڕێزی لەبەرامبەری خۆی دەگرت وگوێی لێ دەگرت، بەهرام شەوکەت بەگ لەتەمەنی (٧٣) ساڵی واتە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٧) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێرکۆچی دوای کردوە، تەرمەکەشی لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت،

٤٨٢- فتاح شێخۆ عبدالله :- ناسراو بووه به (فتاح شێخۆ) یان (حاجی یه کەچەر) له ڕێکەوتی (١٩١٩/٧/١) له شاری ڕواندز لەدایک بووه، فتاح شێخۆ عبدالله یەکێک بووه له بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، فتاح شیخۆ له سەر کوردایەتی توشی کێشەو گرفتی گرتن وئاوارەی بووه، فتاح شێخۆله ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ له ساڵی (١٩٧٥) دووباره دەگەڕێتەوه بۆشاری ڕواندز، سەرکاروکاسبی خۆی که دوکانداری بووه، فتاح شێخۆدوکانی عتاری وشەکەراتی هەبووه، له تەنیشت ماڵی خۆی له شاری ڕواندز، فتاح پیاوێکی سادەو هێمن وکاسب بووه هەروەها مرۆڤێکی بەساڵا چوودەم بەخەندە وپێکەنین وقسەخۆش ورۆشنبیرو مەدریس خۆش بووه، فتاح شێخۆ لەڕێکەوتی (١٩٩٣/٧/١٢) به نەخۆشی له ماڵەکەی خۆی له شاری هەولێرکۆچی دوای کردوه، له گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوه، ڕوحی شادبیت، فتاح شییێخۆ (٧) حەوت کچی هەبووه به ناوەکانی (حەبیبه ، سەبیحه ، حلیمه ، نازەنین ، خونچه ، پەخشان ، شیراز) هەروەها له گەڵ (٣) سێ کوڕبه ناوەکانی (ڕەسوڵ ، یەحیا ، محی الدین) ،



**فتاح شێخۆ عبدالله**

٤٨٣-جمال سیدا ئیبراهیم:- ناسراو بووه به (جمال سیدا) لەڕێکەوتی (١٩٤٦/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووه، جەمال سیدا یەکێک بووه له بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، جەمال سیدا له ساڵی (١٩٦٠) دەبێته پێشمەرگی کوردستان لەشۆرشی ئەیلول تاساڵی (١٩٧٤) جەمال سەیدالەساڵی (تاساڵی ١٩٧٠١٩٦٦) وەک حاکم له ناوشۆڕش لەدۆڵی ئاکۆیان کاربەدەست بووه، جەمال سەیدا چەندین جارتوشی کێشەوگرفت و ئاوارەی بووه، لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقی ئەوکاتی، له کۆتای ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ له ساڵی (١٩٧٦) دەگەڕێتەوه بۆ کوردستان وشاری ڕواندزوسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەفەرمانبەری شارەوانی بووه، به


جمال سیدا ئیبراهیم


ناونیشانی ژمێریاری، جەمال سیدا کەسێکی بەخزمایەتی وبەهاوڕێ ودۆست وبرادەربووە، هەروەها مرۆڤێکی دەم بەخەندەو پیکەنین وبووە، جگە لەمەش پیاوێکی زیرەک وڕۆشنبیرو مەدریس خۆش بووە، جەمال سەیدا لەڕێکەوتی () بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، جەمال سەیدا (١) یەک کچی هەبووە بەناوی (موکریان) هەروەها لەگەڵ (٤) چوارکوڕ بەناوەکانی (کمال ، ئەردەلان ، شاخەوان ، هێمن) .

٤٨٤- وەسمان محمد عەلی ئاغای جندیان:- ناسراوبووە بە (وەسمان ئاغا) لەڕێکەوتی (١٩٣١/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، وەسمان ئاغا یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، وەسمان کەسێکی سیاسی وکورد پەروەرو نیشتمان پەروەر بووە، لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگەبووە، لە چەندین شەڕی بەرگری لەخاکی کوردستان بەشداری کردبووە، هەروەها وەسمان ئاغا لەسەر سیاسەت وکوردایەتی بەدەیان جارتووشی کێشەی گرتن وبەندیخانەودەربەدری وئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆشاری ڕواندزوگوندی بێشوک سەرکارو وەزیفەکەی کەفەرمانبەری پێوەری (کەشناسی وئاو وهەوا) بووە ، وەسمان ئاغا پیاوێکی ئاقڵ وهێمن ومەدریس خۆش وقسەزان وڕۆشنبیر بووە، هەروەها زۆر کەیفی بەمیوان دەهات، دیوەخانی لەگوندی بێشوک بەدائیم بە میوان بووە، هەروەها وەسمان ئاغا مرۆڤێکی قسەخۆش ودەم بەخەندەو دەم بەپێکەنین بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/١٢/٢) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە گوندی بێشوک کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی بێشوک بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت وەسمان ئاغا (٦) کچی


وەسمان محمد عەلی ئاغای

هەبووە بەناوەکانی (پەریشان ، هەتاو ، سیڤەر ، بەیان ، سۆزان ، پەخشان) هەروەها لەگەڵ (٤) کوڕبە ناوەکانی (سۆران ، سەرباز ، سامان ، نەریمان) .

٤٨٥- سالح ئیسماعیل باپیر:- ناسراو بووە بە (مفەوەز سالح) لە ڕێکەوتی (١٩٤٩/٧/١) لە شاری ڕواندزلە دایک بووە، مفەوەزسالح یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، ساڵح ئیسماعیل باپیر لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی گرتن وڕاوەدونان بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزبۆسەرکارو وەزیفەکەی خۆی لەساڵی (١٩٧٧) دووبارە دەسگیردەکرێتەوە، بۆماوەی چەندڕۆژێک دوای بەردەبێت، خۆی دەگەینێتە ناوچە ئازاد کراوەکان دەچییتەوە دەوڵەتی ئێران ناگەڕێتەوە، تاساڵی هەشتاکان، لەساڵی (١٩٩١) دووبارە دەگەڕێتەوە سەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەنوسەری پۆلیسی بووە، بۆ دواجار لەڕێکەوتی (٢٠١٢/٧/١) خانەنیشین دەکرێت بەپلەی (مفەوەز) سالح کەسێکی ڕۆشنبیروقسەزان ومەدریس خۆش بەخزمایەتی بووە، لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٢/٢٣) لە شاری سۆران کۆچی دوای کردوە، لە گۆرستانی مەلاوسوشێخان بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ، مفەوەزسالح (٤) کچی هەبووە بەناوەکانی (شلێر ، مەهابات ، خەبات ، خەلات ، ) هەروەها لە گەڵ (٥) کوڕ بە ناوەکانی (شۆڕش ، هەرێم ، هەڵوێست ، هەڵمەت ، هەڵکەوت ، ) .



**سالح ئیسماعیل باپیر**

٤٨٦- قادر شێخە بەگ :- ناسراو بووە بە (قادری نادی) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، قادری نادی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، قادری نادی کەسێکی زیرەک وکاسبکار بووە، پیشەکەشی وەستای چێشت لێنان وکاروباری ناونادی فەرمانبەران بووە، لە گازینۆونادی شاری ڕواندز، قادرنادی هیچ موچەو وەزیفەیەکی لەحکومەت نەبووە، تەنها کاری لە نادی دەکرد وەک وەستای نادی لەکارەکەشی چەندین شاگردی هەبووە، نادی ئەوشوێنە بووە کە ئێواران مامۆستاو فەرمانبەران بۆ جەوگۆرین ڕویان تێ دەکرد کاتەکانیان تادرەنگانی شەو بەیاری کۆنکان ودۆمینە وتاوڵە وخواردنەوە بەڕێ دەکرد، ئەوکات

وسەردەمی تەلەفزیۆن نەبووە تەنها ڕادیۆی کارەبای هەبووە، نادی شوێنێکی فێنک وخۆش بووە. بەتایبەتی لەوەرزی هاوین، قادرنادی پیاوێکی بەتەمەن وقسەخۆش وڕۆشنبیرومەدریس خۆش بووە، هیوایەتی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەبووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز و سەرکاروپیسەکەیی پێشووی خۆی تاساڵی (١٩٧٩) ئینجا قادری نادی ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەوشارە نیشتەجێ دەبێت لەساڵی (١٩٩٢) لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، قادری نادی () کوڕی هەبووە بەناوەکانی (فەیسەڵ ، ) .


٤٨٧- قادرعزیز باویل ئاغا:- ناسراوبووە بە (قادرئاغای موختار) لە ڕێکەوتی (١٩٣٧/٧/١) لەشاری رواندز لەدایک بووە، قادرئاغا یەکێک بووە لە کەسایەتی وموختارو ناسراوی شاری ڕواندز، قادرئاغای موختارلە کاری موختاری خۆیدا کەسێکی هێمن وقسەزان و زیرەک بووە، هەرچەندە هەندێک جار (ختم یان مۆرەکەی) بۆ هەندێک کەس بەکار نەدەهێنا واتە کارەکانی بۆ هەمووکەس نەدەکرد، دیاربووە نەدەوێرا لەبەرحکومەتی ئەوکاتی مۆرەکەی بۆ هەندێک کەس بەکار بهێنێت، هەرچەندە کەسێکی خراپیش نەبووە، بەڵام زۆر باوەڕی بەحکومەتی ئەوکاتی دەهات کارەکانی بەجدی زیاتر بۆ حکومەت دەکرد، ئەوەش وای کردبووە کە هەندێک کەس لێی ڕازی نەبن، قادرائاغا لەڕێکەوتی (١٩٨٩/٦/١٤) لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردە گەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، قادرئاغا (٣) سێ کچی هەبووە، بەناوەکانی (ڕۆناک ، جمیلە ، خێریە) هەروەها لە گەڵ (١) یەک کوڕ بە ناوی (عزیز) .


**قادرئاغای موختار**

٤٨٨- مراد ڕەسوڵ نەبی:- نەسراوبووە بە (مراد ڕەسول یان مرادی باش) لە ڕێکەوتی (١٩٤٦/٧/١) لە گوندی فەقیانی سەربە قەزای ڕواندز لەدایک بووە، مراد ڕەسوڵ یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، مراد ڕەسوڵ لەساڵی (١٩٦٣) تاساڵی (١٩٧٦) پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراقی بووە، لە ناو ئەوحزبە چەندین جارتوشی گرفتی گرتن وبەندیخانەو دەربەدەری و ئاوارەی کێشەی زۆری بۆ دروست بووە، مراد ڕەسوڵ لەکاتی خۆیدا لەهەموو شەڕەکانی کوردستان بەشداری کردوە، وەک شەڕی هەندرێن وزۆزک، هەروەهامرادڕەسوڵ کەسێکی قارەمان وکوردپەروەروتێکۆشەر بووە، لە ساڵی (١٩٧٧) بۆدواجار وازلەحزبی شیوعی دێنێت ، لەساڵی (١٩٨١) پەیوەندی بە (ی.ن.ک) دەکات تا ئەوکاتەی کۆچی دوای دەکات بەپلەی ئەندام مەڵبەند خانەنیشین دەکرێت، مراد ڕەسوڵ پیاوێکی هێمن وقسەخۆش وبەخزمایەتی وڕۆشنبیروخوێندەوارو قسەزان بووە ، مراد ڕەسوڵ لە ڕیکەوتی (٢٠١٧/٨/١٦) لەشاری ڕانیە کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەردەگەردی ڕواندزبەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت مراد ڕەسوڵ (٢) دووکچی هەبووە بە ناوەکانی (سازان ، سازگار) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبەناوەکانی (سەلام ، سامان ، مستەفا).



**مراد ڕەسوڵ**

٤٨٩- ڕەشید سەبری حەسەن :- ناسراو بووە بە (ڕەشید سەبری) یان (ڕەشید حاجی سەبری) لەڕیکەوتی () لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، رەشید سەبرییەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی ڕەشیدسەبری کەسێکی ئیماندارو بە تەقواوخواناس قورئان خوێن وهەژار دۆست وخێرخواز بووە، هەروەها سەردانی ماڵی خوای کردبووە، ڕەشید سەبری لە شۆڕشەکانی کوردستان بەشدار بووە، لە ڕووی سیاسی وپێشمەرگایەتی کەسێکی تێکۆشەربووە، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی


**ڕەشید سەبری حەسەن**

ئێران بووە، بۆماوەی یەکسالْ لەسالْی (١٩٧٥) گەڕاوەتە وەشاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی، هەروەها حاجی ڕەشید سەبری پیاوێکی هێمن و ڕۆشنبیروقسەخۆش وبەخزمایەتی ومەدریس خۆش بووە، لەڕێکەوتی (٢٠٢٢/٧/١٥) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەقەزای سۆران کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی ئیسقەلآ بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی ڕەشید سەبری (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ڕەوشت ، ڕەگەز ، ڕەوەز) .

٤٩٠-جەبارمحمود خولە:- ناسراوبووە بە (مامۆستاجەبارخولە) لەڕێکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، جەبارخولە یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ماۆستا جەبار خولەکەسێکی نیشتمان پەروەروکوردێکی دلْسۆز بووە، چەندین جارلەلایەن حکومەتە داگیرکەرەکان توشی کێشەو گرفتی گرتن وئاوارەی بووە، لە سالْی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆ ماوەی یەکسالْ لەسالْی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکارو وەزیفەکەی خۆی کە مامۆستای سەرەتای بووە، مامۆستاجەبار لەسالْی (١٩٨٠) لە شاری ڕواندز مالْی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەرلێرو لەو شارە نیشتەجێ دەبێت و نا گەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز مامۆستا جەبارخولە کەسێکی هێمن وقسەخۆش و ڕۆشنبیرو زیرەک بووە، هەروەها مامۆستایەکی بەتواناو بەئەزمون بووە، مامۆستا جەبار خولە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٧/١٢) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، مامۆستا جەبار (٤) کچی هەبووە بە ناوەکانی (تارا ، هێرۆ ، لانە ، ژیلە ) هەروەها لەگەڵ (٢) دوو کوڕبە ناوەکانی (هێمن ، هیوا) ،



**جەبار محمود خولە**

٤٩١- سالح سەعید ئەحمەد زێڕنگەر:- ناسراو بووە بە (سالح سەعید چایەچی) لەڕێکەوتی (١٩٤٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە، سالح سەعیدیەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، سالح سەعید کەسێکی کاسبکارودوکاندار بووە لەساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو بەزاز بووە، واتە دوکانی قوماشفرۆشی هەبووە، لەدوکانەکەی هەموو جۆرە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگی ئافرەتان و پیاوانی دەفرۆشت، لەدوکانەکەی زۆر یارمەتی کەسانی کەم دەرامەتی دەدابەتاییەتی ئەوکەسانەی کە هاوسەر گیریان دەکرد قوماشی بەقەرز پێدەدان بۆماوەیەکی زۆر، واتە کارئاسانی بۆخەڵکی شارەکەی خۆی دەکرد، لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە دەباتە شاری بغداد واز لەکاری بەزازی دێنێت، کاری تەندەری واتە (مقاوەلات) دەکات وەک دروستکردن ونۆژەن کردنەوەی خانووبەرەو باڵەخانەی حکومەت، ئێستاکە لە شاری هەولێردادەنیشێت ولەژیاندا ماوە کاری مۆبیلیات دەکات بەجوملە، سالح کەسێکی بەدۆست و برودەروقسەزان و قسەخۆس ورۆشنبیرو بەخزمایەتی بووە، وساڵح حاجی سەعید هەروەها (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (مژدە ، عالیە) هەروەها (٤) چوار کوڕ بە ناوەکانی (سامان ، کامەڕان ، مەریوان ، ماهیر) .




**سالح سەعید چایەچی**

٤٩٢- سولێمان یوسف ئیسماعیل:- ناسراوبووە بە (مام سولێمان) لە ڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لە گوندی گەرەوانی دۆڵی ئاکۆیان لە دایک بووە، مام سولێمان یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، مام سولێمان لە ساڵی (١٩٤٩) دەبیتە سەرباز بۆماوەی (٢١) مانگ ئینجا کەسەربازی تەواو دەکات دوای سێ مانگ لەساڵی (١٩٥١) بە خزمەت گوزارخۆی دادەمەزرێنێت لەقوتابخانەی سەرەتای ڕواندزی کوڕان دوای قوتابخانەکەی ناوی گۆڕاوە بۆ قوتابخانەی پاشای گەورە، ئینجاسولێمان تاخزمەتی دەگاتە (٣٩) ساڵ ولەم قوتابخانەیە دەوام دەکات، لە ساڵی (١٩٩٠/٧/١) لە تەمەنی (٦٣) ساڵی ئەوجا خانەنیشین دەکرێت، سولێمان یوسف ئیسماعیل لەساڵی (١٩٧٤) جۆیی وخیزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی (٨) هەشت مانگ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکارو

وەزیفەکەی خۆی، ئینجا ناونیشانەکەی دەگۆڕێ لە خزمەتگوزار بۆ پاسەوانی شەوان مام سولێمان پیاوێکی هێمن وقسەخۆش زیرەک بووە، بەتایبەتی لە ووتنی حەیران وبەستەونوکتە وداستان و بەسەرهاتی زۆری دەزانی، هەروەها کەسێکی دەم بەخەندەو پێکەنین و ڕۆشنبیروبە خزمایەتی بووە ، مام سولێمان لەڕیکەوتی (١٩٩٧/٣/١) لە شاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپیردراوە، ڕوحی شادبێت ، مام سولێمان (٤) چوار کچی هەبووە بە ناوەکانی (گەلاوێژ ، شلێر ، سەبریە ، نەسرین) هەروەها لە گەڵ (٢) کوڕبەناوەکانی (مامۆستا تەها ، مامۆستا عوسمان) .


**سولێمان یوسف ئیسماعیل**

٤٩٣- حاجی کاک ئەحمەد عبدالله:- ناسراوبووە بە (حاجی کاک ئەحمەد) لە ڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، حاجی کاک ئەحمەد یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، حاجی کاک ئەحمەدفەرمانبەری فەرمانگەی ئاوی ڕواندز بووە، لە کاری خۆی کەسێکی چالاک بووە، هەروەها حاجی مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆس وبەخزمایەتی بووە، حاجی لە سەرکوردایەتی گەلێک جارتووشی کێشەو گرفت بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خیزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاواری دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزو سەرکار وەزیفەکەی خۆی هەروەها حاجی کاک ئەحمەد پیاوێکی ڕۆشنبیرو قسەزان و نوکتەچی و دەم بەخەندە و پێکەنین بووە، حاجی لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٢) بە نەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لە گۆڕستانی گەروێ ڕەزان بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حاجی کاک ئەحمەد (٥) پێنج کچی هەبووە بە ناوەکانی (جیهان ، جوان ، سەیران ، پەیمان ، بێریوان) هەروەها لە گەڵ (٧) حەوت کوڕبە ناوەکانی (سیروان ، پشتیوان ، نەریمان ، شێروان ، ئەردەلان ، گەیلان ، محمد) .


**حاجی کاک ئەحمەد**

٤٩٤- جمال محمود ڕەحیم:- ناسراو بووە بە (جمال خولە) لە ڕێکەوتی (١٩٣٩/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، جمال خولە یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، جمال خولە پیاوێکی هێمن وقسەخۆش ورۆشنبیرو قسەزان و بە خزمایەتی بووە، هەروەها کەسێکی کاسبکارو زیرەک بووە، جمال خولە لە تەمەنی مێرمنداڵی کاری شوفێری دەکات ماوەیەکی زۆر کاری تەکسی دەکات لەخەتی ڕواندز وهەولێر، جمال خولە لەسەر کوردایەتی چەندین جارتوشی کێشەو گرفتی دەربەدەری و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ئاوارەی دەولەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٦) خۆیی و خێزانەکەی نەفی دەکرێت بۆ خواروی عێراق بۆماوەی یەکساڵ دوای لەساڵی (١٩٧٧) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز دوکانی پەنچەر چی یەتی دادەنیتلەدوکانەکەی کاری ڕون گۆڕین وبەنج وگزۆزی ئۆتۆمۆبیلی دەگۆڕی و لەحیم کردن وچاکی دەکردەوە، تا ساڵی (١٩٨٢) ماڵی خۆی لەشاری ڕواندزدەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر نا گەڕێتەوە، تا ئەوکاتەی لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٩/١٠) بەنەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شارەوانی بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، جمال خولە (٢) دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (مەهاباد ، نیگار) هەروەها لەگەڵ (٢) دوو کوڕ بەناوەکانی (خالید ، ڕزگار) .



**جمال محمود ڕەحیم**

٤٩٥- محمد یوسف جعفەر تاهیر:- ناسراو بووە بە (سەید محمدی بنەکاولی) لەڕێکەوتی (١٩٢٧/٧/١) لەگوندە جوانەکەی بنەکاول لەبناری هەندرێن سەر بەرز لەدایک بووە، سەید محمد بنەکاولی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز ودۆڵی ئاکۆیان سەید محمد لەساڵی (١٩٦٠) دەبێتە پێشمەرگە بەشداری لە چەند شەڕی گەورەی ناوچەکەی دەکات، لە ساڵی (١٩٦٦) بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی حکومەتی بەعسی ئەوکاتی لەگوندی بنەکاول (٢) دوو کوڕی شەهید دەکرێن لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، لە ساڵی (١٩٧٦) پەیوەندی بەڕیزەکانی (ی.ن.ک) دەکات تائەوکاتەی کۆتای بەژیانی دێت

لەسەر ئەو ڕێبازە دەبێت، سەید محمد بنەکاولی مرۆڤێکی بەساڵاچووی بەخزمایەتی وقسەزان وڕۆشنبیروباوەڕپێکراوبووە، هەروەها پیاوێکی ڕیش سپی وئەهلی مزگەوت و جەماحەت وکەسێکی کۆمەڵایەتی بووە، چەندین جار بەشداری لە سولح وچارەسەری کێشەی هاولاتیانی دەڤەرەکەی کردوە، چونکە پیاوێکی باوەڕ پێکراو بووە، خەڵکی باوەڕیان پێی دەکردو بەگوێیان دەکرد، سەید محمد بنەکاولی لەڕێکەوتی (١٩٩٤/٣/٣) بەنەخۆشی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە، لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، سەید محمد (٦) شەش کچی هەبووە بەناوەکانی (هەیبەت ، ڕابیعە ، هەمین ، خەجیج ، جیهان ، کەلسوم) هەروەها لەگەڵ (٧) حەوت کوڕی هەبووە بەناوەکای (ئاغا ، موسلیح ، تەها ، موخلیس ، ئەحمەد ، سادق ، مەولان) .



**محمد یوسف جعفەر**

٤٩٦- عبدالله عەلی عبدالله:- ناسراو بووە بە (عبداللەی نازداریَ) هەندێک کەس بە (وەستاعبدالله کەپ بەتەنی) ناویان دەهێنا ئەمەشی لەبەر پیشەکەی کەکاری تەنەکە چیەتی وپلێمزوسۆپا هەمووی تەنی ونەفت چڵک وڕەشای بووە گەلێک جار دەستی بەتەنی بە دەموو چاو کەپی دەکەوت ڕەش دەبوو بۆیە بەدائیم کەپووی بەتەنی دەبوو، چونکە پیشەکەی تۆزێک پیس بووە، عبدالله نازدار لە ڕێکەوتی (١٩٤٠/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، عبدالله نازداریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزعبدالله نازدار کوڕی وەستا عەلی سەفاربووە، لەکاتی خۆیدا لەساڵانی پەنجاکان و شەستەکان باوکی دوکانی سەفاری لەشاری ڕواندز هەبووە، خۆشی لەگەڵ باوکی ماوەیەکی زۆر کاری سەفاری کردووە کەکارەکەیان کزبووە، دەستی کردووە بە کاری تەنەکەچیەتی، عبدالله نازدارتائەوکاتەی کۆچی دوای دەکات دوکانی تەنەکە چیەتی هەبووە، لەدوکانەکەی سۆپای داری وتەشت و مەنجەڵ وهەموو جۆرە کەلوپەلی ناو ماڵی لە تەنەکە دروست دەکرد، هەروەها سەماوەرو پلێمزو تەباغ وسۆپای نەوتی چاک دەکردەوە، وەستاعبداللەی نازداریَ کەسێکی زیرەک و بەتواناو وەستایەکی کارامەبووە، وەستا عبداللەی نازداریَ لەسەر کوردایەتی چەندین جار تووشی کێشەو گرفت بووە، لە


**عبداللەی نازداریَ**

ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندز و سەرکارو پیشەکەی خۆیی دووبارە دووکانی تەنەکەچیەتی بۆخۆی دادەنێتەوە، تاساڵی (١٩٨٧) ئەوجا ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێروناگەڕێتەوە لەم شارە نیشتەجیَ دەبێت، وەستاعبداللەی نازداریَ لە ڕێکەوتی (٢٠٠٢/٩/٢٧) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت وەستا عبدالله نازدار (٣) سیَ کچ و (٤) چوار کوڕی هەبووە کچەکانی بە ناوەکانی ( ژیان ، پەخشان ، پەیمان) هەروەها کوڕەکانی بەناوەکانی (عەلی ، سلێمان ، عباس ، زمناکۆ) .

٤٩٧ – عبدالله ئیسماعیل عەزیزئاغا:– ناسراو بووە بە (عبدالله بەرسیرینی) لەڕێکەوتی (١٩٤٣/٧/١) لە گوندی بەرسیرینی سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، عبدالله بەرسیرینی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندزبووە، هەروەها مرۆڤێکی هێمن وقسەخۆش وبەخزمایەتی بووە، لەکاتی خۆیدا بەهۆی دروستکردنی ڕێگای سەرەکی هامیلتۆن لەقەزای ڕواندز بۆحاجی ئۆمەران، کە خەڵکێکی زۆر کاری لەسەر ئەم ڕێگایە دەکردهەروەها سەرۆکوسەرکردەسەربازیەکان وپلە بەرزەکانی عێراق لەم کات و سەردمی شوێنێک نەبووە کەچەند ساتێک تیایدا دابنیشن و پشوێک بدەن جگە لەدیوەخان وماڵی ئیسمایل ئاغای بەرسیرین کەدەکاتە باوکی عبدالله هەروەها لە سەدەمی شۆڕش بەرسیرین هەمیشە شوێنی حەوانەوەوماڵی پێشمەرگەوسەرکردەکانی بووە، هەروەها بۆ چەند جار مەلامستەفا بارزانی سەردانی بەرسیرین وماڵی ئیسماعیل ئاغای باوکی عبداللەی کردووە، واتا لەگوندی بەرسیرین کەسێکی دیاروخانەدان بووە، لەدوای هاوسەرگیری کردنی لەسەرەتای ساڵانی (١٩٦٠) ماڵی خۆی لەگوندی بەرسیرین دەگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندزلەم شارە نێشتەجیَ دەبێت، بۆئەوەی دواڕۆژێکی پڕشەنگداربۆکوڕو نەوەکانی دابین بکات هەر لەوسەردەمانە کە هاتۆتە شاری ڕواندزڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە ڕێزەکانی شۆڕش، شەوانە لەگەڵ (سەید عبدالله و حوسێنە ڕەش وفەتاح شێخۆ وسەید مستەفاوحەمەزیاد، شەونخونیان کردووە لە پێناو پاراستنیسەرو ماڵی خەڵکی

وئاسایشی شاری ڕواندز، لەشۆرشی ئەیلول لەگەڵ مام و براو ئامۆزاکانی هێزێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە هەمیشە بەرگریان لە خاکی کوردستان کردوە، عبدالله کەسایەتیەکی کۆمەلآیەتی بەڕێز بووە، هەمیشەحەزی لەمیوان ودۆستایەتی بووە، لەنسکۆی شۆڕش لە کۆتای ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەولەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی (٨) هەشت مانگ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز و سەرکارەکەی خۆی، عبدالله مرۆڤێکی ئیمانداروهەژار دۆست و مەدریس خۆش وقسە خۆش ودەم بە خەندەو پێکەنین بووە، عبدالله (٢) دووکچی هەبووە بەناوەکانی (چیمەن ، چنار) هەروەها لە گەڵ (٦) شەش کوڕ بە ناوەکانی (بەختیار ، سیروان ، هۆشیار ، حەوێز ، محمەد ، چیا) .دیارە ژینگەو دیرۆکی ڕواندز تژی بووە لە ڕۆشنبێران وهونەرمەندان وخەڵکی لێهاتوو ئەمەش هاندەرێکی باش بووە بۆ ئەوەی کوڕوکچەکانی بتوانن لەم ژینگەیەدا پەروەردەبن، ڕۆڵی کارا بگێڕن لەخۆپێگەیاندن، جێی باسە، کاک (سیروانی کوڕی دوای تەواوکردنی خوێندن لەئەمریکا ومالیزیا وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لەبواری ڕابەریەتی وپەروەردداا چەندان پۆستی سەرکردایەتی وەرگرتووە توانیویەتی تیایدا سەرکەوتوو بیت لەبواری کارگێڕی وهونەری ورۆشنبیری وپەرلەمان ولەدوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا دەبێتە قائیمقامی قەزای ڕواندز، بۆماوەی (٥) پێنج ساڵ لەساڵی (٢٠٠٩تا٢٠١٤) دواتر دەبێتە ئەندامی ئەنجومانی نوێنەرونی عێراق وسەرۆکی لێژنەی پەروەردی پەرلەمان، دوای دەبێتە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپلەی وەزیر، کاک سیروان لەکارەکانی کەسێکی زیرەک وبەتونابووە کارپێکراو بووە، عبداللەکوڕی ئیسمایل ئاغای بەرسیرینی لەڕێکەوتی (١٩٩١/٣/١١) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی کۆچی دوای کردووە لەگۆڕستانی کەورین لەقەزای سۆران بەخاکسپێردراوە ڕوحی شاد بێت.



**عبدالله بەرسیرینی**

٤٩٨- محمد الیاس حارس:- ناسراوبووە بە (حاجی محمد شەپۆ) لەڕێکەوتی (١٩٣٢/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووەحاجی محمد شەپۆ لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز بووە، هەروەها کەسێکی کاسبکارودوکاندار بووە، لە دوکانەکەی شەکرو چاو ئەنواعی خۆراکی دەفرۆشت هەروەها کەڵ وپەلی عتاری

و باغەشی دەفرۆشت، حاجی محمد لەسەر کوردایەتی لەسالانی هەشتاکان لەسەر کوردایەتی بۆماوەیەکی کەم گیراوە، هەروەها حاجی محمد شەپۆفەرمانبەری حکومی بووە بەناونیشانی پاسەوانی شەوان لەبنکەی مافوری ڕواندز، حاجی محمد لەسالّی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ واتە لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکاروکاسبی و وەزیفەکەی خۆی، لەساڵی (١٩٨٤) ماڵی خۆی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێرلەم شارە نیشتەجێ دەبێت و ناگەڕێتەوە، حاجی محمد شەپۆ لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٤/١٥) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبیت، حاجی محمد شەپۆ (٥) پینج کچی هەبووە بەناوەکانی (خالیدە ، سولحیە ، بەهار ، گولیزار ، سمبل) هەروەها لەگەڵ (٢) دوو کور بەناوەکانی (دلشاد ، نەجات) .

٤٩٩- مجید الیاس حارس:- ناسراو بووەبە (مجید الیاس) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، مەجید الیاس یەکێک بووە لە بنە ماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز، پیشەی پۆلیس بووە لەمەرکزی پۆلیسخانەی ڕواندز، مەجید الیاس پیاوێکی هێمن وبەخزمایەتی ودەم بەخەندەو پیکەنین وقسەخۆش وڕۆشنبیر بووە، هەروەها مرۆڤێکی هەژاردۆست ومیوان دۆست وبەتەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لە گەڵ خەڵکی شاری ڕواندزئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز ، سەرماڵ وحاڵی خۆی هەرچەندە لەپۆلیسی خانەنیشین کرابوو، هیچ کارو کاسبی پێی نەدەکرا، تەنها مووچەی خانەنیشینی بژێوی ژیانی ئەوی دابین دەکرد، لە ساڵی (١٩٨٤) ماڵی خۆیی لەشاری ڕواندز دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر لەم شارە نیشتەجێ دەبێت، ناگەڕێتەوە، لەڕێکەوتی (٢٠٠٢/١٠/١٤) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێرکۆچی دوای دەکات لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مەجید الیاس (١) یەک کچی هەبووە



**مجید الیاس حارس**

بەناوی (جوان) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بەناوەکانی (الیاس ، حارس ، ڕەسوڵ ، نەڵیوان) .

٥٠٠- خورشید ڕەشید خورشید ئاغا:- ناسراو بووە بە (باوەکە) لەڕێکەوتی (١٩٤٤/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، باوەکە یەکێک بووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواند ، باوەکە فەرمانبەری میری بووە، لەساڵی (١٩٧٦) خۆی دادەمەزرێنێت لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ڕواندزلەساڵی (١٩٨٤) ڕاژەکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆوەزارەتی نەوت، لە بەنزین خانەی ڕواندز دەست بەکار دەبێت دەبێتە فەرمانبەری ئەو بەنزینخانە، باوەکە مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو بەخزمایەتی ودەم بەخەندەو دەم بەپێکەنین بووە، کەسێکی زۆر تێکەڵ وبەدۆست و برادەربووە، هەروەها زۆر حەزی لەڕاوەکەو بەخێو کردنی کەو دەکرد لەماڵەکەی خۆی ژمارەیەک کەوی بەخێو دەکردن و بۆ ڕاوکردن بەکاری دەهێنان، باوەکە لە ڕیکەوتی (١٩٨٧/٨/١٩) شەوێک بە دەستی چەند تیرۆرستێکی پارە پەرست وپیاو کوژ لەماڵەکەی خۆی دەی ڕفێنن بەناحەق وبێسوچ وگوناح لەنزیک گەڕەکی کانیەقوڕی شاری ڕواندز تیرۆروشەهیدی دەکەن، تەرمەکەشی لەگۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپیردراوە، ڕوحی شادبێت، باوەکە (٢) دووکچی هەبووە بەناوەکانی (نیگار ، بنار) هەروەها لە گەڵ (٤) چوارکوڕ بە ناوەکانی (خۆشەوی ، هەژار ، هێمن ، خەسرۆ) .

٥٠١- تقی الدین قادربەگ سەعید بەگ:- ناسراو بووە بە (مامۆستا تقی الدین) لە ڕێکەوتی (١٩٣٥/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، مامۆستا تقی الدین یەکێک بووە لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزو خانەوادەی بەگزادەکان، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردووەدوای دەچێتە خانەی مامۆستایان لەشاری بەغداد لە ساڵی (١٩٥١) خانەی مامۆستیان تەواو دەکات، یەکسەر دادەمەزرێت لەیەکێک لەقوتابخانەکانی شاری ڕواندز ودەست بەکار دەبێت، تقی الدین خزمەتێکی زۆری لەبواری پەروەردەو فێرکردن وپەروەردە کردنی قوتابی لەشاری ڕواندز و گوندەکانی دەورو بەری کردووە، هەروەها تقی الدین لەسەر کوردایەتی وهەڵوێستە



**تقی الدین قادر بەگ**

نیشتمانی وپەروەردەییەکانی لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی (١٩٦١) زیندانی دەکرێت ڕەوانەی بەندیخانەی نوگرە سەلمانی باشوری عێڕاق دەکرێت، هەروەها دوای بەربوونی دووردەخرێتەوە بۆخوارووی عێڕاق بۆماوەی زیاتر لە (٦) شەش ساڵ دوای ئەوماوەیە لەساڵی (١٩٦٧)  دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان ، شاری ڕواندز،  لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت،  بۆماوەییەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی کەمامۆستای قوتابخانەی سەرەتای بووە، مامۆستا تقی الدین کەسێکی ڕۆشنبیروزیرەک وقسە خۆش وبەخزمایەتی ومەدریس خۆش بووە، ئێستاکە ساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لە ژیانداماوە لەشاری هەولێردادەنیشێت،  (٣) سێ منداڵی هەبووە، واتە (١) یەک کچ و (٢) دووکوڕ کچەکەی بە ناوی (بەیار) هەرەها کوڕەکانی بە ناوەکانی (ئازاد ،  نەوزاد) .

٥٠٢- حەسەن محمد ئیسماعیل:- ناسرا بووە بە (حەسەن عارەب)  لەڕێکەوتی (١٩٢٨/٧/١) لەشاری ڕواندز لە دایک بووە،  حەسەن عارەب یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەروکەسایەتی شاری ڕواندز،  محمد عارەبی باوکی بەئەسڵ ونەسەب خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری شاری موسڵ بووە،  لە ساڵی (١٩١٣) لەبەر چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە شاری ڕواندز،  ناگەڕێتەوە بۆگوندەکەی لەشاری ڕواندز نیشتەجێ دەبێت، لەم شارە دەست دەکات بەکاروکاسبی بۆبژێوی ژیانی خۆیی وخێزانەکەی ،  دیارەئەمەش وای کردوە،  کە حەسەنی کوڕەکەشی ناز ناوی باوکی وەربگرێت،  بۆیە تا ئەمڕۆکەش کوڕ ونەوەکانیشی بەناوی کوڕونەوەکانی حەسەن عارەب زیاتر ناسراون، لەکاتی خۆیدا حەسەن عارەب فەرمانبەر بووە لەحامیەی سەربازی ڕواندز بە ناو نیشانی (خەباز) واتە نانەوا حەسەن عارەب لە پێشمەرگایەتی کوڕێکی شەهید بووە،  بە ناوی (زیاد) لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆ ماوەی یەکساڵ لە ساڵی (١٩٧٥) دووبارە دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز وسەرکارو وەزیفەکەی خۆی،  لەساڵی (١٩٨٨) خانەنیشین دەکرێت، حەسەن عارەب مرۆڤێکی قسەخۆش وقسەزان ومەدریسخۆش ونوکتەچی بووە،  هەرچەندە مرۆڤێکی دەم بەپێکەنین و قۆشمەچی ومەدریسخۆش بووە،  بەڵام هەندێک جار کەتوڕە دەبوو دۆودۆشاوی تێکەڵاو دەکرد،  بەتایبەتی هەندێک جار لە گەڵ بەرامبەرەکەی خۆی لەسەر قسەیەکی زۆر بەسیت وکەم حەسەبی دەبوو ،  بەڵام پاش کەمێک هیچی

لەبەردڵی نەدەماو چاک دەبووەوە، حەسەن عارەب لەڕێکەوتی (٢٠٠٤/٥/٢٤) بە نەخۆشی لەماڵەکەی خۆی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، حەسەن عارەب (٣) سێ کچی هەبووە، لەگەڵ (٦) شەش کوڕ بە ناوەکانی (فارۆق ، فەریق ، ڕەفیق ، زیاد ، تاریق ، شەفیق)

٥٠٣- فەخری بەگ سلاح شور:- ناسراو بووە بە (فەخری بەگ) فەخری بەگ لە ڕێکەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەشاری ڕواندز لەدایک بووە، فەخری بەگ سلاح شور یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، هەروەها فەخری بەگ بەئەسڵ ونەسەب دەگەڕێتەوە سەربنەماڵەی میرانی سۆران، فەخری بەگ لەساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت، بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوەبۆکردستان لەشاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت نەگەڕێتەوە، بۆ شاەی ڕواندز، ئینجا دوای چەندساڵێک، خۆیی و خێزانەکەی دەچنە ئەوڕوپا، ناگەڕێنەوە، تائێستاکەش هەر لەئەوڕوپایە، بەڵام جاربەجار دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز بۆماوەی چەند مانگێک دەمێنێتەوە، دوای دەگەڕێتەوە سوێد، فەخری بەگ پیاوێکی تێکەڵ وهەژاردۆست و قسەزان وقسەخۆش وڕۆشنبیرو بەخزمایەتی ومەدریس خۆش بووە، هەروەها کەسێکی دیارو ناسراوی شاری ڕواندزبووە، بەگ تائێستاک کەساڵی (٢٠٢٢) ی زاینی یە لەژیاندا ماوە لەئەوڕوپا دەژی واتە دانیشتووی سوێدە،


**فەخری بەگ سلاح شور**

٥٠٤- حوسێن عبدالتیف ئیسماعیل:- ناسراو بووە بە (حوسێن حوزنی موکریانی) لەساڵی (١٨٨٢) ی زاینی لەگەڕەکی حاجی حەسەنیانی شاری مەهاباد لە دایک بووە، حوسێن حوزنی موکریانی، هەرچەندە خەڵکی شاری ڕواندز نەبووە، بەڵام وەک کەسێکی کوردپەروەرو کەسایەتی یەکی ڕۆشنبیرو نوسەرێکی زیرەک وبەتواناو دەست ڕەنگین و دڵسۆزی شاری ڕواندز بووە، حوسێن حوزنی موکریانی توانی بۆماوەی (٩) نۆساڵ خزمەتێکی زۆر گەورەی شاری ڕواندزبکات، حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵی (١٩٢٥) چاپخانەیەکی لە شاری ڕواندز دامەزراند بە ناوی زاری


حوسێن عبدالتیف ئیسماعیل

کرمانجی لە چاپخانەیە ڕۆژانە وحەفتانە ڕۆژنامە ی زاری کرمانجی لەچاپ دەدا هەروەرها گۆڤاری مەنگانە و لەگەڵ چەندین کتێب لەچاپ دەدران ، هەروەها حوسێن حوزنی ماڵەکەی خۆی بەگوڵی زۆرجوان ڕازاندبووە، هەروەها پێش ماڵەکەی خۆی بەدارو درەختی بەمیوە داپۆشی بووە، جگە لەوەشکرمی ئاوریشمی بەخێو دەکرد لەگەڵ هەنگ و مکینەی جوجەڵە دەرهێنانی لە حەوشی ماڵەکەی خۆی دانابووە بەخێوی دەکردن تاگەورە دەبوون دەبوون بەمریشک ، حوسێن حوزنی موکریانی خەڵکی ڕواندزی فێری گەلێک کاری باش کرد، حوسێن حوزنی موکریانی کەسێکی مێژوو نووس ولێکۆڵەرو ڕۆژنامە نووسی ناوداری کورد بووە، هەروەها پیاوێکی هێمن وقسەخۆش و مەدریس خۆشبووە، لەساڵی١٩٤٧/٩/٣٠) لەماڵەکەی خۆی لەدرەنگانی شەو لەشاری بەغداد بەجەڵتەی دڵ کۆچی دوای کردووە، تەرمەکەشی لەشاری هەولیربەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت.

٥٠٥- محمد زین الدین حەسەن:- ناسراو بوو بە (محمد زێندین) لەڕێکەوتی (١٩٣٥/٧/١) لە گوندی گەرەوان لە دایک بووە، محمد زێندین یەکێک بوو لە بنەماڵەیەی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزمحمد زێندین پیاوێکی هێمن وقسەخۆش و بە خزمایەتی بووە، هەروەها کەسێکی زۆر کاسبکار و ئازاو زیرەک بووە، محمدزێندین مرۆڤێکی بە تەقواو ئەهلی مزگەوت وجەماعەت کوردێکی دڵسۆز بەوەفا بووە، محمدزێندین لەسەر کوردایەتی چەندین جارکێشەی بۆ دروست بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی لەگەڵ خەڵکی شاری ڕواندز ئاوارەی دەوڵەتی ئێرابووە بۆماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزوسەرکارو کاسبی خۆی، کە کاری کرێکاری و عەمباڵی بووە، کارو کاسبی ئەو بەڕێزە لە ناو بازاڕی شاری ڕواندزبووە، محمد زێندین ئەو پیرە پیاوە ئازایەبووە لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٥/١٩) بەشداری ڕاپەڕینە گەورەکەی جەماوەری شاری ڕواندز دەکات وەک پاڵەوانی ڕاپەڕینەکە خۆیی وچەند کەسێک هێرش دەکەنە سەر بارەگای حیزبی بەعسی عێڕاق، ئازایانە بە نارنزۆک قومبەلەی دەستی یەکسەر خۆی دەکات بەژووری بارەگای بەعسیەکان، ئەوانیش لەژوورەوە دەست ڕێژی گولەی لێ دەکەن و لە هۆڵی ناو

بارەگاکە دەس بەجێ شەهیدی دەکەن واتە لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٥/١٩) کۆچی دوای دەکات ناوی دەچێتە ناو کاروانی شەهیدە نەمرەکانی کوردو کوردستان، تەرمەکەشی لە گۆڕستانی لحلی خان بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت ، محمد زێندین (٣) سێ کوڕی هەبووە بەناوەکانی (ئەحمەد ، بەکر ، تۆفیق) .

٥٠٦- ئیسماعیل مەولود حەسەن حمد:- ناسراوە بووە بە (ئیسماعیل مەولود) لەڕێکەوتی (١٩٣٨/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە ئیسماعیل مەولود یەکێک بووە، لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئسماعیل مەولود مرۆڤێکی هێمن و قسە زان و قسەخۆش ودەم نەخەندەو بەخزمایەتی بووە، لەساڵی (١٩٥٦) دەبێتە پۆلیس لەکارەکەی زۆر خزمەتی شاری ڕواندزی کردوە شەو ڕۆژ بۆپاراستن وخزمەت کردنی شارەکەی وشەو نخونی بەتەواوی واجبی خۆی جێ بەجێ دەکات، پاش (٢٢) ساڵ پۆلیس بەپلەی ڕەئیس عوڕەفا لە ساڵی (١٩٧٨) لە بەر هۆی سیاسی وکوردایەتی خانەنیشیندەکرێت، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانە کەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبیت بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە سەری کارو وەزیفەکای خۆی کەپۆلیسی بووە، ئیسماعیل مەولود، دوای خانەنیشین کردنی بۆماوەی سێ ساڵ بێ ئیش وکار دەبێت، ئەوجا لەساڵی (١٩٨٠) بەشێوەی گرێ بەست لە مرکز شباب ڕواندز بە فەرمانبەری موەقەت دادەمەزرێت بۆماوەی (٤) چوار ساڵ، ئینجا لە ساڵی (١٩٨٤) گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێتەوە بێ کار دەبێت، دوای تووشی نەخۆشیەکی دەگمەن دەبێت لە لوتی ماوەی چەند ساڵێک بەم نەخۆشیەوە دەناڵێنێت تا لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/١/١١) ماڵئاوای یەکجارەکی دەکات، واتە کۆچی دوای دەکات لە گۆڕستانی گەردەگەرد بە خاکسپێردراوە ، ڕوحی شادبێت ، ئیسماعیل مەولود (١) کچی هەبووە بەناوی (ڕۆناک) هەروەها لە گەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (ئیبراهیم ، مەولود ، محمد) .

٥٠٧- ناوخۆش عبدالرحمان ئەحمەد :- ناسراو بووە بە (مام ناوخۆش) لە ڕێکەوتی (١٩٢٣/٧/١) لە شاری ڕواندز لەدایک بووە، مام ناوخۆش یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، لەکاتی خۆیدا مام ناوخۆش لە سەر کوردایەتی چەندین جار توشی کێشەو گرفت و ئاوارەی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی و خێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە بۆ ماوەی یەکساڵ لەساڵی (١٩٧٥) گەڕاوەتەوە بۆ شاری ڕواندزمام ناو خۆش لەساڵی (١٩٧٠تا ساڵی١٩٧٤) دوکانی

سەوزە فرۆشی وبەقاڵی هەبووە، هەروەها بەفری چیاو بووزی دەفرۆشت، هەروەها مام ناوخۆش فەرمانبەری حکومی بووە لە فەرمانگەی تووتن لە ناحیەی دیانە لە کارەکەی بەردەوابووە تا ئەوکاتەی خانەنیشین دەکرێت، مام ناوخۆش پیاوێکی هێمن وبەخزمایەتی ورۆشنبیر وقسەزان و نوکتە چی وقسە خۆش بووە، هەروەها کەسێکی دەم بەخەندەو پێکەنین وئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە، مام ناوخۆش لەسەر کوردایەتی کوریکی بەناوی ئەمین بەدەستی ڕژێمی بەعسی عێراق ئەنفاڵ کراوە تائێستاکەش بێ سەرو شوێنە، مام ناوخۆش لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/١٢/٢٧) لە شاری ڕواندز بەنەخۆشی کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، مام ناوخۆش (٤) چوار کچی هەبووە بەناوەکانی (سەبریە ، خوناو ، سوڵتان ، ئاواز) هەروەها لەگەڵ (٤) چوار کوڕ بەناوەکانی (ئازاد ، محمد ، ئەمین نەورۆز) .



**ناوخۆش عبدالرحمان ئەحمەد**

### * کەسایەتی قسەخۆشەکان *

ئایە دەزاني جاران شاری ڕوانـدز شوێنی پیاوی زاناوخاوەن فیکروقسەزان وقسەخۆش وزیرەک ومرۆڤی بەتوانا بووە، بەتایبەتی کەسانی هەزالی ئاوەدان ودەم بەخەندەوپێکەنین وقسەخۆش ونوکتەچی وقۆشمەچی جۆرە مرۆڤێک بوونە کە تائێستاکەش خەڵکی بەسەیرو سەمەرە قسەخۆشەکانیان دەگێڕنەوە، لە هەرشوێنێک لەلای هەرپیرە پیاوێک دادەنیشن نوکتەو قسە خۆشەکاني ئەوخۆشەویستانە دەگێڕنەوە بۆیە لێرەوە باسی ئەو مرۆڤانە دەکەین کە زۆر بەتوانابوونە لەڕووی نوکتەو قسەکردنیان لەهەرماڵێک بەژوور کەوتبانە وەیان لەپێش دوکان وناوبازاڕخەڵکی لەدەورەیان کۆدەبوونەوە قسەیان دەکرد وخەڵکیان بەپێکەنین دەخست ئەوکەسانە لەهەر شوێنێک دیار بانە ئەو ناوەیان ڕوناک دەکردەوە هەرحەزت دەکرد لەگەڵیان دابنیشیت بۆیە باسی هەندێکیان دەکەین کە قسەکانیان تاڕادەیەک بە جوانی بۆتان دەگێڕمەوە بۆیە ئەمەی خوارەوە بەشێکن لەم کەسایەتی و مرۆڤانەکە نەماون و چونەتە بەرقاپی خوایگەورە ومیهوەبان وکۆچیان کردوە.

١- عوسمان عەلی ئەحمەد:- ناسراوبووبە (عوسمانی میراو) لەڕێکەوتی (١٩٣٤/٧/٤) لەگوندی فەقیانی سەربەقەزای ڕواندز لەدایک بووە، عەسمان علی یەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، ئەومرۆڤە یەکێک بووە لە مرۆڤە هەرەجوانەکان وقسەخۆشەکانی شاری ڕوانـدز، ئێستاکەش گەلێک جارنوکتەو بەسەرهاتی ئەوبەڕێزە دەگێڕنەوە وەهەرخۆشی گەلێک جار نوکتەکانی خۆی دەگێڕایەوە، عوسمان میراو لەشاری ڕوانــدزفەرمانبەری فەرمانگەی ئاوی ڕوانـدز بووە، بەناونیشانی میراو، واتە ئاوی دابەشی سەرماڵان دەکرد لە گەڕەکەکانی شاری ڕوانـدز زۆربەی دەوامەکەشی لەکاتی شەودا بووە لەکاتی بەردانەوەی ئاوی ماڵان دیارە لەساڵانی حەفتاکان وهەشتاکانی سەدەی بیستەم بەتایبەتی لەکاتەکانی شەودا، ئەوکاتی شاری ڕوانـدزلەبەر بارو دۆخی سیاسی پڕمەترسی بووە، چونکە کە دەبووە شەو حکومەت کەمینی دەردەکرد بۆ دەورو پشتی شاری ڕواندز لەترسی پێشمەرگە ئەوکاتی پۆلیسی ڕوانـدز زۆربەی زۆری عەرەب بوون لە مەرکەزی سەرای پۆلیسی ڕوانـدز لە درەنگانی شەوکەمینیان بۆ ناو بازاڕ دەردەکرد گەلێک جار واڕێک دەکەوت سڕەی ئاوی هەندێک گەڕەک لە درەنگانی شەوو بووە، ئەوجا شەوێک عوسمان عەلی میراو دەیەوێ لە ناوبازاڕئاو بۆماڵان بەربداتەوە لەکاتژمێری (١) ی شەو، کەلەماڵ دەرچووەکلیلي ئاوبەردانەوەی لە سەرشانی دادەناو دەهاتە ناو بازاڕ، واڕێک

دەکەوێت لەپڕشەوێک تووشی کەمێنی پۆلیسەکان دەبێت لەهەموو لایەک پۆلیس بەزمانی عەرەبی پێی دەڵێن بوەستە یانی (قیف) نەیان دەزانی عوسمانی میراوە دەیەوێت ئاوبەرداتەوە بۆمالآن هەرچەند عوسمانی بەسەزمان جوان زمانی عەرەبی نەی دەزانی هەرئەوەندەی دەزانی دەیگوت (حێنی وەلآ ئانی بلمای ) پۆلیسە عەرەبەکانیش دەیانگوت کاکە بلمای شنوو ئەوهەردەیگوت بەخوای ئانی عامل ئانی بلمای ئەوجا کەعوسمان دێتە پێشەوە بەرەو ڕووی پۆلیسەکان یەکسەر عوسمان دەگرن بەزمانی عەرەبی پێی دەڵێن (انت شسمک) ئەویش دەڵێت وەلآهی بلمای بەم



**عوسمانی میراو**

شێوەیە کەلێی نزیک دەبنەوە دوای دەی ناسن کە عوسمانی میراوە پێی دەڵێن ڕوح بابە ڕوح عەلا شوغڵەک کاکە ، ئەوجا ئەو مرۆڤەکە لێی دەگێڕنەوەو باسی دەکەن زۆرنوکتەی سەیرو سەمەری هەیە.عوسمان میراو لەڕێکەوتی (١٩٨٠/٧/٢٩) بەنەخۆشی لەشاری ڕواندزکۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاکسپێردراوە، ڕوحی شاد بێت، عوسمان عەلی (٢) کچی هەبووە بەناوەکانی (خونجە ، خەرمان) هەروەها لەگەڵ (٣) سێ کوڕبە ناوەکانی (تاریق ، سەباح ، نەشوان) .

٢- سید برایم بێخاڵی: - ناسرا بووە بە (مدیر) سیدبرایم پیاوێکی قوتە خڕیلەی دەم بەخەندەو پێکەنین وهەزەلی وقسە خۆش وقۆشمەچی وئاوەدان بووە، هەروەها مرۆڤێکی قورئان خوێن وبەتەقوا ئەهلی مزگەوت و جەماعەت بووە، پیاوێکی ڕوح سوک زۆرحەزی لە قۆشمە وسوحبەت وهەلآو ورياو پێکەنین بوو ئەومرۆڤە کەدەهاتە ناوشاری ڕواندز بەتایبەتی ناو بازاڕی دوکانداروگەنجەکان لە دەورویشتی کۆدەبوونەوە، بەمدیر ناویان دەهێنا، ئەویش دەیگوت کێ دێتە ناوحزبێ من حزبەکەشی بەناوی حزبی گوێ درێژانی کوردستان بوو ناسنامەشی هەبوو بەناوی حزبی کەرجەماعەتی ئەوحزبە کەکۆدەبوونەوە لەچایخانەوشوێنە گشتیەکان دەستیان دەکر بەقسەی زل زل و قۆشمەوسوحبەت کردن بەدۆق دۆقانێ شەقیان لە سوکردی یەکتری دەدا گەلێک جار بەیەکتریان دەگوت گەواد هەر چەندە سیدبرایم بۆکەیف وخۆشی قسەی هەڵیت وپەڵیتی دەکرد بەلآم خەڵک بەجۆرێکی تر ئەیا ڕوانیە کارەکانی سید برایم بیخاڵی زۆر بە حماسەتەوە کارەکانی لەم بەزم و ڕەزمە دەڕازاندەوە، وات



**سید برایم بێخاڵی**

دەزانی قسەکانی کەدەیکات بەڕاستی یە حزبی گوێ درێژان توانای ئەوکارەی هەیە وەیان هەرچەندە ئەودەی ووت حزبي کەرحزبێکی گەورەو مهیمە هەرلۆفشەی خەڵکی بانگ دەکرد دەی گووت وەرن با تەنزیم وبکەم ئەم کارەشی هەرلۆ فشەی بووە، تەنها بۆکات بەسەربردن وڕابواردن بووە، جارێک واڕێک دەکەوێت یەک دوونەفەر لە گەنجانی شاری ڕوانـدز لەبازگەی کاولۆک لە لایەن مەفرەزەیەکی سەر بەملازمێکی ئیستخباڕاتی عەسکەری دەگیرێن خەبەردەدەنە سید برایم کە ئەم دووگەنجە گیراون لە بازگەی کاولۆک ئەویش بەپەلە خۆی و جەماعەتێک بە ئۆتۆمبیل لەدیانە دەگەڕێتەوە بەرەو شاری ڕوانــدز کە دەگاتە بازگەی کاولۆکان تەماشا دەکات دوو گەنج لەدەستی ئیستخباراتە و دەسگیریان کردونە چاوەکانیشیان بەستبوون،

ئەوجا سید برایم کەئەم دوو گەنجە بەم شێوە دەبینێت خۆی تورە دەکات لە ملازم ئیستخباراتی عەسکەری یەکسەر پێیان دەڵێت بەریان بدە ئێوە نازانن ئەوانە لەگەڵ مندانە سەربە حزبی منن ئەوجا لێرەوە زۆر خۆی تووڕە دەکات لەملازمەکە ئەویش زۆر دەترسێنێت سەید برایم پێی دەڵێت وەڵای دەبێ نەقلت بکەم بۆ جەبهەی عمارە ئەوکاتی کەشەڕی ئێران وعێراق بووبۆیە ملازمەکە دەترسێ و پێی دەڵێت گەورەم نەم زانی ئەمانە سەر بەتوون لێم ببورە ئەویش دەڵێت ئەوجارە لێتخۆش دەبم نەکەی جارێکی ترجەماعەتی من بگری ملازمەکەش دەڵێت بەڵێ گەورەم ئابەم شێوەیە هەردوو گەنجەکە لەدەستی ملازم ئیستخباراتی عەسکەری لەبازگەی کاولۆک ڕزگـار دەکات و دەیان هێنێتەوە، بۆ ڕواندز، ئەم ڕوداوە لـەساڵی (١٩٨٨) ڕویداوە .هـەرچەنـدە نوکـتەو چیرۆکەکـانی ئـەومرۆڤە قسەخۆشە گەلێک زۆرن بەڵام ناتوانم هەموو یان باس بکەم تەنها بۆئەوەی کەبزانین ئەومرۆڤە کەسێکی بەتواناو چاونەترس بووە، هەروەها جارێکی تر کە خۆم لەوێ بووم هەرلۆ فشەی من بەسیدبرایم ووت کە ئەم کارە بکات، ڕۆژێکیان لە ڕێکـەوتی (١٩٨٨/٦/١٢) لەو کاتیماڵم لە هەولێر بوو, دوکانیشم لەژێر قەڵای هەولێر بوو دوکانی چاککردنەوەی تەلەفزۆنم هەبوو بەرامبەردەلال خانەی دوکانەکانیش سەر بەشارەوانی هەولێربوو، بۆیە شارەوانی هەموو دوکاندارەکانی ئاگادار کردبوون کە هەرکەسەو پێش دووکانی خۆی کاشی

بکاتن بۆ جوانکاری بازاڕ ، ئینجا هەموو دوکاندارەکان پێش دوکانی خۆیان کاشی کرد بوو چەند ڕۆژێک بوو تەنها یەک دوکاندار پێش دوکانەکەی خۆی کاشی نە دەکرد، خۆی هەڵدەکێشا دەی گوت برام لە ئەمنەوئەو پارەش سەرف ناکەم پێش دوکانم کاشی ناکەم، واتە خۆی بە کابرایەکی موهیم و باڵادەست دەزانی تەنها ئەویش مابوو کە پێش دوکانەکەی کاشی بکات بۆیە ڕۆژێکیان لە هەولێر لە ناکاودا سیدبرایم بەدەرکەوت لەپێش دوکانی من منیش بەناوی مدیر بانگم کرد مدیر بەخێربێیت ناوی خاوەن دوکانەکەم دایەو مەسەلەکەم بۆگێڕایەوە کەدەڵێت من پێش دوکانەکەم کاشی ناکەم برام لە دائیرەی ئەمن کاربەدەستە مام سید ووتی تەماشاکەن چی بەسەر دەهێنم یەکسەر لەخاوەن دوکانەکە چووە ژوورەوە پێی ووت لەئێستاکە تائێوارە پێش دوکانەکەت کاشی نەکەی غەرامەت دەکەم و دوکانەکەشت پێ دادەخەم ، دەی هەر ئێستاکە بڕۆکاشی بێنەو زوو تەواوی بکە خاوەن دوکان سەرسام بوو هیچ قسەی پێی نەکراو نەی توانی جواب بداتەوە مام سید یەکسەر ڕۆی هەر لەدوای ڕۆیشتنی سیدبرایم بێخاڵی خاوەن دوکانەکە دوکانی داخست ڕۆیشت ئێمە وامان زانی دەچێتە لای براکەی لەدائیرەی ئەمن بەڵام زۆر پێ نەچوو یەک تەلەکتەر زیخ وکاشی وچیمەنتۆی هێنا لەپێش دوکانەکەی خۆی ڕووی کردە یەکسەروەستای کاشی وکرێکاری هێنا ودەستیان کرد بە کاشی کردن تاپێش ئێوارە هەمووی تەواو کرد ئەوجا بەئێمەی دەگووت ئەم جارە بابێت بڵێت کاشی بکە خۆکاشیم کرد دوای کەتەواو بوو من پێم گووت ئەو پیاوە مام سید برایم بوو لەرواندزێ لۆفشەی حزبێکی داناوە بە ناوی حزبی گوێ درێژان ئێمە پێمان ووت کەتۆبترسێنێت ئەوێش تۆی ترساند کە پێش دوکانت کاشی بکەی ئەوجا زۆر لە من توڕە بوو، ووتی بەخوای تۆڵەت لێ دەکەمەوە، ئینجا ئەگەر باسی کارەکانی ئەو پیاوە بکەین بەسەدان چیرۆک وسەربردەی هەیە، بەڵام من تەنها توانیم ئەم دوو سەربردەی بگێڕمەوە پێشکەشی خوێنەرانی ئازیزو خۆشەوویست بکەم بۆئەوەی سید برایم بناسن کەچۆن بە قسەخۆشەکانی خۆی توانیویەتی جێگای خۆی لەناو گەنج وخەڵکی شاری ڕوانـدز ودەورو بەری بکاتەوە هەربۆیە لە ڕۆژی وەفات کردنی مام سید ئبراهیم هەموو خەڵکی شاری ڕوانـدزو دەوروبەری زۆر خەمباروسەرسام بوون، خەڵک ئەوەندە حادزبوون وەک کورد گۆتەنی کەدەڵێن ، وا لە دونیـا بژی ئەگـەر بمری هەرچی ناوت بزانی بۆت بگری .

٣- سـواره ئاغا حميد ئاغا عبدالله :- ناسراو بووه، به (سواره أغا ) سواره ئاغالەسالّی (١٨٨٤) یزاینی لەشاری رواندز لەدایک بووه، پیاوێکی بەسالاّچووی تەمەنی له نێوان (١١٠ تا ١١٥) ساڵ دەبوو، سوارئاغا مرۆڤێکی بالاّ بەرزو چوار شانەوپان پۆروکەڵەگەتی ڕیشداری سمێڵ گەورەو شەدەی لەسەری بوو، بەدائیمی جلوبەرگی کوردی کورتەک وشڵوارو هەندێک جار ڕانکوچۆغەی دەڵینگ بەرینی دەبەر دەکرد پشدێنی سپی گورگوری ڕەنگاو ڕەنگ و زۆر درێژوکراسی سپی بەکلکەی کوردی



سواره ئاغا حميد عبدالله

لەبن جل وبەرگی مرادخانی دەبەردەکرد، پشدێنی بەگرێ گرێ دەبەست، هەروەها چاکەتێکی درێژی دەبەردەکرد، سواره ئاغا هەرچەندە لەبەر پیری تۆزێک پشتی چەمابوو، بەڵام لەقسه کردن زۆر زیرەک و بەتوانا بوو، که له لای دادەنیشتی هەرحەزت دەکرد گوێی لەقسەکانی خۆشەکانی بگریت ، سوارا ئاغا گەلێک چیرۆک و بەسەر هاتی سەردەمی گەنجی خۆی بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە، باسی شەڕی ڕوسیاوهاتنی لەشکری عوسمانیەکان وئینگلیزو سالّی گرانی دەکرد، هەروەها باسی هەموو ئەو کاره ساتانەی دەکرد کەبەهۆی داگیرکردنی کوردستان و شاری ڕواندز لەکاتی خۆی کەچۆن ڕویاندا بووه، هەروەها داستان وبەسەرهاتی زەمانی مێرمندالّی خۆی به سەیرو سەمەرەی دەگێڕایەوە، سوارا ئاغا کەقسەی دەکرد، هەر حەزت دەکرد لەلای ئەم مرۆڤه بەڕێزوقسه خۆشه دابنیشیت وگوێی لێ بگری.سواروغا له ڕێکەوتی (١٩٧٤/١/٣) بەنەخۆشی لەماڵەکەی خۆی له شاری رواندز کۆچی دوای کردوه لەگۆڕستانی گەردەگەرد به خاکسپێردراوە، ڕوحی شادبێت، سوارئاغا هاوسەرگیری نەکردبووه،


٤- فەتحی حەسەن عەلی :- ناسراو بووه، به (فتحی حەنیفێ) لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٧/١) له شاری ڕواندز لەدایک بووه، فەتحی یەکێک بووه له بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز، فەتحی پۆستەچی بووه، دوای دەبێته عامل فەنی لەسالّی (١٩٥٧) له پۆستەو گەیاندنی شاری ڕواندزدامەزراوە به ناونیشانی (مەئمورخەت) له سالّی (١٩٧٤) مالّی خۆی لەشاری ڕواندزگواستۆتەوه بۆ شاری هەولێر لەشاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت ئەگەر قسەخۆشەکان وسەربردەو ڕۆژ ڕابواردن و قۆشمه

کردنی ناڕاست و دروستی ئەو مرۆڤەجوانە وەبیر خەڵکی ڕوانـدزوهەموو خوێنەران بێنینەوە و ئاشنایان بکەین کە ئەم شارە چەندین مرۆڤی هەزەلی وقسە خۆشی تیادا ژیاوە ئەومرۆڤە هەرقسەیەکی دەکرد هەرلۆ فشەو پێکەنین وکات بەسەر بردن و ڕۆژڕابواردن بووە، فتحی لەناو دۆست وبرادەرەکانی لە ناکاودا یەک قسەی دەکرد کەس خۆی پێی نە دەگیراوئەوەندە پێ دەکەنی بەقسە خۆشەکانی بۆیە ئەم مرۆڤە شوێنی خۆی کردبووە لەلای خەڵکی شاری ڕواندزو دەوروبەری، بۆئەم مەبەستە دەمەوێت هەندێک لە قسەکانی ئەوپیاوە بەڕێزەتان بۆبگێڕمەوە کە لە ناوهەندێک خەڵک بە درۆزن ناویان دەهێنا هەرچەندە ئەوکەقسەکانی دەکرد هەرلۆ فشەی بووە تەنها بۆ پێکەنین وڕۆژ بردنە سەر بووە کەچی هەنێک کەس کە گوێیان لەقسەکانی دەبوو گوێی خۆیان دەگرد کە درۆی ئەوەندە گەورەی دەکرد هەندێک کەس بڕوای دەکرد بۆیە یەکێک لە درۆکانی ئەوەیە کە لەناو خەڵکی دەگێڕایەوە، یەکەم قسەیی خۆشی هەرلۆفشەی کە دەی دەکرد تەنها بۆ گاڵتەوگەپ بوو، ئەمەش یەکێکە لە قسە خۆشەکانی ، گوایە بەقسەی خۆی ڕۆژێکیان بۆ ڕاوکردن دەچێت گەلی مێگر تائێوارە لە گەڵي دەبێت ئەوجا شەوی بەسەرردادێت واتە درەنگی لێی دادێت دیارە ئاوی ڕوانـدزسەرچاوەکەی لەگەلی مێگرە بە بۆڕی گەورە ئاوەکەی بۆشاری روانـدز هاتووە ئەوجا ئەو زۆر بەحەماسەتەوە دەی گێڕایەوە کە درەنگی لێی داهاتووە واتە بۆتە شەو ئەو دەیگوت من یەکسەرفکرم لەخۆم کردەوە هیچ چارەم نەما خۆم فڕێ دایە ناوحەوزی سەرچاوەی ئاوەکەی گەلی مێگرو چوومەناو کونی بۆڕی ئاوەکەی کەدێتە شاری ڕوانـدزلە گەڵ ئاوەکەی دێت دەگاتە کانیە قوڕدەیگوت گوێم لەدەنگی خەڵکی کانیە قوڕبوو زانیم کە گەیشمە کانیە قوڕئەوجا بەقسەی خۆی دەی گوت ئاوەکە ئەوەندە بە خوڕوبەتێن بوو لەناکاو کەوتمە ناو تانکی گەورەی ئاوی ڕوانـدز ئەی گوت لەناوتانکی دوو بۆڕی گەورە هەبوون نەمزانی کامەیان دەچێتە گەڕەکی ئێمەگوایە دەی ووت هەر لۆفشەی خۆم هاوێشتە ناو بۆڕیەکی نەم زانی بۆکوێ دەڕوات بەڵام لەنیوەی ڕێ زانیم بەهەڵە هاتیمەناو ئەم بۆڕیە ئەوجا ئەی ووت گوێم لەدەنگی دوکاندارەکانی ناوبازاڕی بوو زانیم کەئێستاکە لەناو بازاڕم ، بۆیە دووبارە گەڕامەوە هەربەمەلەکردن بۆناوتانکی لەوێ خۆم هاوێشتە ناو بۆڕی دووەم لە ناو ئەم بۆڕیە داهاتم تاگەیشتمە گەڕەکی خۆمان گوێم لەدەنگی جیرانەکانم بوو، لەناو بۆڕی گەورە بۆڕی هەموو ماڵەکانم دەزانی بۆیەماڵ بە ماڵ دەم ناسین تا بۆڕی ماڵی خۆم دۆزیەوە ئەوەبووچوومە ناو بۆڕی ماڵی خۆم لەوکاتی خێزانەکەم جلی دەشووشت لەپێش حەوزەکەمان، ئەوە بوو لەناکاو یەکسەر کەوتمە ناو تەشتی جل

شووتن پێش حەنیفی خێزانم دیاربوو زۆر ترسا پێی گوتم سەر بەهەش لەکێ بووی منیش پێم ووت شەوم بەسەر هات لەگەلی مێگرتازووتر بگەمە مارێ هیچ چارەم نەبوو بۆیە خۆم هاوێشتە ناو بۆڕی مەشروعی ڕوانـدزو ئێستاکە ئەوە دەبینیت هاتمەوە ماڵەوە ، نوکتەی دووەم :- ڕۆژێکیان مام فەتحی بەمام کریم چایەچی دەڵێت لە باغچەکەی خۆم لەماڵەوە دوو داری قەیسی وخۆخ هەیە هەموو ڕۆژێک دوو زەمیل قەیسی وخۆخ دەبەمە بازاڕ دەیفرۆشم، بۆ مام کریم بڕوابەقسەکانی دەکات و ڕۆژێک دەس دەداتە زەمیلەکەی دەچێتە ماڵی فەتحی لەدەرگا دەدات حەنیفی خێزانی دەرگەی لێی دەکاتەوە ، مام کریم بە حەنیفی خێزانی دەڵێت هاتیمە دوو کیلۆ قەیسی وخۆخم بۆ بکەی لەباخچەی خۆتان ئەویش پێی دەڵێت سەربەهەش قەیسی وخۆخی چی چما باغچەلە لەگەلای مێو وگوڵ زیاتر چي تری لێیە قەیسی وخۆخی چی، بەم شێوەیە مام کریم دەگەڕێتەوە چایخانەکی ئەڵێت بەخوا فەتحی ئەم هەتکەشی پێکردم لەچایخانەکەی هەموو خەڵکەکە دەست دەکەن بە پێکەنین و لێی دەکەنە هەڵاو وریا، فەتحی حەنیفێ پیاوێکی هیمن وڕۆشنبیرو قسەزان وئاقل وقۆشمەچی بوو واتە ئەو قسانەی هەرلۆ فشەی بازاری مە دریسەکەی خۆی پێ گەرم دەکرد هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی بێت ئەمەو چەندین قسەی ئەم مرۆڤە قسەخۆش ونوکتەچی یەی ئەومرۆڤە خۆشە وویستە دەگێڕیەوە دیارە ئێستاکەش قسەکانی وەک نوکتەو چیرۆک هەرماوەتەوە لە ناوخەڵکی شاری ڕوانـدزفتحی حەنیفێ لە ساڵی (١٩٨٦) بە نەخۆشی لەشاری هەرلێر کۆچی دوای کردوەڕوحی شادبێت فەتحی (٢) دوو کوڕی هەبووە، بەناوەکانی (بەهادین ، نوری) .

٥- مـەجید مـەلا قـــادر :- ناسراو بووبە (مەجەی مەلا قادری) لەڕێکەوتی (١٩٢٤/٧/١) لە شاری کۆیە لەدایک بووە، مەجید مەلا قادریەکێک بووە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندز ، لە ساڵی (١٩٧٤) خۆیی وخێزانەکەی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران بووە، بۆ ماوەی یەکساڵ، لەساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندز سەر کارو کاسبی خۆی، ئەوکاتی دوکانی چەرەزاتی هەبوولە سەر کۆسپانی ڕێگای نەخۆشخانەی گشتی ڕواندز بووە، لە دوکانەکەی چەرەزات وقەزوان وسوراوک وگولە بەڕۆژەو دنکەکدوی دەفرۆشتن، مەجەی مەلاقادری پیاوێکی ئەوەندە ڕوح سوک وقسە خۆش بوو ئەگەر هەرکەسێک لای دادەنیشت قەت لە قسەکانی تێر نەدەبووی گەلێک جار دەیگووت ئەم شەو پاسەوانیم لەشاری ڕوانـدز کردوە، وەک چۆن پەڕەشووت لە بەرزای ئاسمان لە فڕۆکە دێتە خوارەوە، ئەویش

دەیگووت بەم سەیوانە واتە (چەتر) بەم شەوە لەسەر ئەم چیایانە گەڕاوم یان ئەگەر چەند ڕۆژێک لەشاری ڕوانــدز هەورو باران بایە بەتایبەتی لەوەرزی بەهاران لە ناکاو شەوێک دەبووە سامالْ بۆ بەیانی هەرکەسێک بەلای دوکانەکەیدا تێ دەپەڕین، مام مەجید پێیانی دەگوت ئەم شەو خەوم لێ نەکەوتووە تابەیانی نە وەستاوم گەسکێکی



مـەجید مـەلا قـــادر

گەورەم پێ بووە هەموو هەورم بەم گەسکە ڕامالْي بۆیە ئەمڕۆکە بۆتە سامالْ، گوایە ئەو ئەم شەو ئەوەندە خۆی ماندوو کردوە تا بەیانی ڕانەوەستاوە بە گەسکەکەی هەموو هەورەکەی ڕامالْیوە، ئەوجا دەیگوت بۆیە ئەمڕۆ بۆتە سامالْ، ئەم قسانەشی کە دەی کرد هەر لۆ فشەو قۆشمە وخۆشی بووە، ئەوجا گەلێک جار سوێندي دەخوارد دەی ووت بەگۆڕی بابم یان دەی ووت بەسەری من بەسەری تۆ ئینجا دەستی دەکرد بەپێکەنین و فشەو گالْتەو گەپ مام مەجید مرۆڤێکی لەسەر خۆو نوکتە چی وزۆرقسەخۆش بووە، هەروەها مەجید مەلاقادر چاوی برێک کەم بینا دەبێت شەوێک بەتەنها لە کاتی شەو بەپێ دەگەڕێتەوە بۆ مالْی خۆی لەڕێگا خۆی لەحامودی کارەبا دەدات دەلْێت (ئەلحفو) واتە ببورە (لێم خۆش بە) مام مەجیدلای وابووە خۆی لە زەلامێک داوە نەی زاني کەخۆی لەحەمودی کارەبا داوە، ئەمەو چەندین نوکتەی جوانی دەگێڕنەوە، وەک چیرۆک وداستان قسەکانیان دەگێڕینەوە، ئەوکات وزەمانی ئەوجۆرە کەسانە زۆر بوون، کە حەزیان لە قۆشمە و گالْتەو گەپ وخۆشیی وکات بەسەربردن دەکرد، مەجەی مەلاقادری لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/٦/١١) بە نەخۆشی لە مالْەکەی خۆی لەشاری ڕواندز کۆچی دوای کردوە لە گۆڕستانی گەردەگەگەرد بەخاکسپێردراوە ڕوحی شادبێت مەجە (١) کچی هەبووە بە ناوی (خەجێ) هەروەها لەگەلْ (٢) دوو کوڕبە ناوەکانی (محمد ، جەمالْ) .

*** ژیانامەمەی نوسەر ***

بەکورتی چەن دیرێک لەژیان نامەی نوسەری کتێب، ناوی سیانی نوسەر (صالح محمد صالح ڕواندزی) لە ڕێکەوتی (١٩٥٦/٧/١) لە شاری ڕواندز لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتای وناوەندی لەشاری ڕواندز تەواو کردوە، صالح محمد لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو کەسایەتی شاری ڕواندزە، لە سەرسیاسەت وکوردایەتی چەندین جارتوشی گرتن وڕاوەدونان وئاوارەو دەربەدەری وتالآن وماڵ وێرانی بووە، لە ساڵی (١٩٧٤) لەگەڵ دایک وخوشک وبراکانی ئاوارەی دەوڵەتی ئێران دەبێت بۆماوەی یەکساڵ لە ئۆردوگای نەڵیوان لەشاری شنۆ وئۆردوگای ڕەبەتی سەربە شاری سەردەشت دەمێنێتەوە، لە ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە بۆشاری ڕواندزماوەی چەند ساڵێک کاری کارەباوچاککردنەوەی تەڵەفزیۆن وهەموو جۆرە جیهازێکی کارەبای، لەساڵی (١٩٧٩) لەبنکەی وەرزش ولاوانی ڕواندز بە فەرمانبەر دادەمەزرێت، لە ساڵی (١٩٨٠) بەهۆی شەڕی ئێران وعێراق دەبێتە سەربازی (ئحتیاد) بۆماوەی (٨) هەشت مانگ سەربازی دەکات ، ئینجا لە سەربازی ڕادەکات خۆی دەگەینێتە ناوچە ئازاد کراوەکان وگوندی دەرگەڵەی مرۆڤ دۆست، دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٧) حەوت، ئەوجا لە دوای ساڵێک دەگەڕێتەوە شاری ڕواندزسەرکارو وەزیفەکەی خۆی لەساڵی (١٩٨٢) لە سەرداوای وەزیری ڕۆشنبیری بۆماوەی (٦) شەش مانگ دەچێتە دەورەی (علمی) واتە (زانستی ئەلیکترۆنی) بەشی (کارەباو ڕادیۆو تەلەفزیۆن) لەم خولە بە پلەی یەکەم دەردەچێت، خولەکەشی لەشاری بەغداد بووە، لە ساڵی (١٩٨٣) دەبێتە (مەسئول علمی) واتە (بەرپرسی زانستی) ئەوکاتی توانی لەسەر بوجەی حکومەت چەندین دەورەی کارەباو ئەلیکترۆنی بۆ قوتابیانی شاری ڕواندز لە بنکەی وەرزش و لاوانی ڕواندز بکاتەوە، کەلەم خولە چەندین قوتابی بەپلەی نایاب دەرچون، لە ساڵی (١٩٨٨) لە بەربارودۆخی سیاسی شاری ڕواندز ڕاژەکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری ولاوانی هەولێر، ئەوجا لە سەر داوای جێگری بەڕێوەبەری گشتی سالح محمد سالح دەکرێتە بەرپرسی (هۆڵی داخراو) دوای یەکساڵ لەسەر داوای خۆی دەگوازرێتەوە بۆ (مخیم شباب) لەمصیف صلاح لدین، دەبێتە بەرپرسی مخیم شەباب، لەمەسیف بەواستای کارەجوانەکانی چەندین سوپاس وپێزانینی وەرگرتووە، ئینجا شەڕی کوێت دەستی پێ کرد، دوایش لە ڕێکەوتی (١٩٩١/٣/٥) ڕاپەرینی جەماوەری کوردستان دەستی پێکرد دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز، دەبێتە بەرپرسی هەردوو بنکەی وەرزش ولاوانی ناحیەی ڕواندز وقەزای سەدیقی ئەوکاتی، ئینجا شەڕی ناوەخۆ لە نێوان دوو حزبی سەرەکی پارتی و یەکێتی

دەستی پێ کرد، بارودۆخی کوردستان یان بەتەواوەوەتی تێکدا، لە ساڵی (١٩٩٤) لەسەر داوای خەڵکی شاری ڕواندز بە ئەندامی ئەنجومەنی شاری ڕواندز هەڵبژێردرا ، بۆماوەی دووساڵ واتە تا ساڵی (١٩٩٦) لەم دووساڵە چەندین کاری باشی بۆخەڵکی شاری ڕواندز ئەنجام دا ، ئینجا ساڵح محمد ساڵح لەڕێکەوت (٢٠٠١/٥/٦) لە بنکەی وەرزش ولاوانی ڕواندز دەگوازرێتەوە بۆ کتێبخانەی گشتی ڕواندز، دەبێتە بەرپرسی کتێبخانەکە، لەم کتێبخانەیە چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام داوە وەک کردنەوەی پیشانگای کتێب پیشانگای شێوەکاری کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر هەروەها لەگەڵ چەندین کۆڕوسمینار لەقوتابخانەکان ولەهۆڵی کتێبخانەی گشتی ڕواندزبەسەرکەوتویی ئەنجامی داوە، هەروەها لەساڵی (٢٠١٨) سەردانی ماڵی خوای کردوە، ئینجا دوای (٤١) چلو یەکساڵ خزمەت کردن بەوەرزش ولاوان وکتێبخانی گشتی ڕواندز وبەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/١) لەتەمەنی (٦٣) ساڵیدا خانەنشین دەکرێت، تا ئێستاک ژمارەیەک کتێب ونامیلکەی جۆراوجۆری لەسەرکوردستان و شاری ڕواندزو دەڤەرەکەی خۆی نووسیووە، ئەمەبەشیک بووە لەژیان نامەی نوسەرساڵح محمد ساڵح ڕواندزی.



**نوسەری کتێب صالح محمد صالح**

* **پێڕێست** *


| | | |
|---|---|---|
| ١ | **پێشەکی** | ١ |
| ٢ | **میرانی میرنشینی سۆران** | ٣ |
| ٣ | میرە بەگ | ٣ |
| ٤ | میرئەحمەد بەگی کوڕی ئۆغوزبەگ | ٣ |
| ٥ | میر ئۆغزبەگی بچو ک | ٤ |
| ٦ | میر مستەفا بەگ | ٥ |
| ٧ | میر محمد بەگ | ٧ |
| ٨ | میر ئەحمەد بەگ | ١٣ |
| ٩ | میر سلیمان بە گ | ١٣ |
| ١٠ | میر ڕەسوڵ بەگ | ١٤ |
| ١١ | **شێخ وپیاو چاکەکان** | ١٦ |
| ١٢ | پیر نەبی :- ناسراوبووە بە (پیری ماویلیان) | ١٦ |
| ١٣ | شێخ مەلا صادیق خلیفە حارسە | ١٧ |
| ١٤ | بنەماڵەی شێخی سەردڕ ە | ١٨ |
| ١٥ | شێخ مەلا کاک محەمە د | ١٩ |
| ١٦ | شێخەکانی گوندی سەران | ٢٠ |
| ١٧ | **مەلا و عالم و زاناکایانی ڕواندز** | ٢٣ |
| ١٨ | مەلامحمدی خەتێ | ٢٣ |
| ١٩ | **بنەمالەی مارە مەلایان** | ٢٧ |
| ٢٠ | مەلا تاهێرە ئەفەندی | ٣٠ |
| ٢١ | **کەسایەتیەکان** | ٣١ |
| ٢٢ | **کەسایەتی قسەخۆشەکان** | ٣٧٩ |
| ٢٣ | **ژیانامەمەی نوسەر** | ٣٨٧ |
| ٢٤ | **پێرست** | ٣٨٩ |
| ٢٥ | **خشتەی ناوی کەسایەتیەکانی ڕواندز** | ٣٩٠ |
| ٢٦ | **شاڕی ڕواندز** | ٤٠٤ |
| ٢٧ | **تێبینی کۆتایی** | ٤٠٥ |

## * خشتەی ناوی کەسایەتیەکانی ڕواندز *

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیسماعیل بەگ لحلی خان | ٢٢ | حاجی الیاس سالّح سەعید | ٤٣ | وەستا عزیز یوسف حداد |
| ٢ | سلیمان بەگ سلاح شور | ٢٣ | سەعید سالّح سەعید | ٤٤ | فتح الله عزیز یوسف |
| ٣ | ئەسعد سەعید خیلانی | ٢٤ | کوردۆ نوری باویل ئاغا | ٤٥ | یوسف عزیز یوسف |
| ٤ | جەلال سەعید خەیلانی | ٢٥ | شێخ سلێمان مستەفا فەندی | ٤٦ | محمد مولود گەردی |
| ٥ | نوری سەعید خەیلانی | ٢٦ | شەوکت ئەحمد بەگ | ٤٧ | قادر مەولود گەردی |
| ٦ | ئەمین پاشا ڕواندزی | ٢٧ | نەشئەت شەوکەت | ٤٨ | قاسم کورد |
| ٧ | باویل ئاغا ڕواندزی | ٢٨ | عەدیل قنج | ٤٩ | حاجی کریم قاسم کوردە |
| ٨ | سید محمد سید ڕەسولّ | ٢٩ | حسن عبدالله عبدالله | ٥٠ | حاجی لەتیف ئاغا |
| ٩ | نوری باویل ئاغا | ٣٠ | ئەحمەد دیاب جوندیانی | ٥١ | عومەر یوسف قادر |
| ١٠ | علی باویل ئاغا | ٣١ | جالال ئاغا بەزاز | ٥٢ | حاجی محمود پەڕۆ |
| ١١ | شاکر مەجروم | ٣٢ | حمدێ ئیسماعیل میرزا | ٥٣ | حاجی شاکر سیکۆ |
| ١٢ | عبدالعزیز شاکر مەجروم | ٣٣ | مستەفا عزیزحسن/ حاجیلە | ٥٤ | ئەحمدی حاجی نربی |
| ١٣ | شێرکۆ شاکر مەجروم | ٣٤ | عبداللەسلێمان/عەولاسێمان | ٥٥ | حاجی مستەفا قەساب |
| ١٤ | فەرهاد شاکر مەجروم | ٣٥ | ئیبراهیم عبدالله سلێمان | ٥٦ | قادر حاجی مستەفا قەساب |
| ١٥ | سەبری نەجیم نەرۆز | ٣٦ | مەلاحمدامین عبدالله سلێمان | ٥٧ | کاک امین مستەفا قەساب |
| ١٦ | مستەفا ئاغای لحلی خان | ٣٧ | مستەفامەزهەرحاجی محمد | ٥٨ | ئەحمد سلێمان/احمدتانۆک |
| ١٧ | عبدالله ئەلیاس/ فەریدە | ٣٨ | محمد علی حسێن | ٥٩ | وەستا بەکر خدر |
| ١٨ | مام ئەلیاس سۆفی | ٣٩ | محمد نەورۆز مستەفاپەجب | ٦٠ | حاجی سەبری حسن |
| ١٩ | سالّح حاجی نەورۆز | ٤٠ | عبدالله عیشەگولّ | ٦١ | حاجی محمد فەخری |
| ٢٠ | سالّح سەعید هەولێری | ٤١ | محمد عیشە گولّ | ٦٢ | حاجی سەید قادر |
| ٢١ | محمد سالّح سەعید | ٤٢ | ئیسماعیل عیشە گولّ | ٦٣ | سەید جبار سەیدعزیز |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٤ | م/ جالال ئاغا سەعید | ٨٥ | حسن عمر بكر | ١٠٦ | حسێن فتاح علی |
| ٦٥ | وەهاب ئاغای جوندیان | ٨٦ | سەدیق حارس ئاغا | ١٠٧ | علی عبداللە/ علی مكیبە |
| ٦٦ | حاجی سەعید چایەچی | ٨٧ | فتح اللە سەعید بەگ | ١٠٨ | محمد جردیس یونس |
| ٦٧ | قادرعبدالرحمان شەمامی | ٨٨ | علی بەگ حمید بەگ | ١٠٩ | زانەوێر سەعید حارس ئاغا |
| ٦٨ | حمد سەمین قەساب | ٨٩ | عبداللە علی بەگ | ١١٠ | قادر خورشید ڕیشید |
| ٦٩ | سید محمد سید سەعید | ٩٠ | حاجی سەدیق زێڕەنگەر | ١١١ | نەزهەت ئەفەندی شاعیر |
| ٧٠ | حمدامین ئەحمەد شاە | ٩١ | مستافا حاجی ڕەزاق | ١١٢ | م/ لەتیف نادر ئاغا |
| ٧١ | حسێن سەیدم ئەحمد | ٩٢ | ڕەشید محمد شەریف | ١١٣ | م/ فتاح تۆفیق ئاغا |
| ٧٢ | عزیز محمد عزیز | ٩٣ | ئیسماعیل خدر قەساب | ١١٤ | سالح نادر ئاغا |
| ٧٣ | م/ خەسرۆ جەلال ئاغا | ٩٤ | سەدیق عەلی باویل | ١١٥ | خورشید ڕەشۆ |
| ٧٤ | م/ سەدیق حمدامین فتاح | ٩٥ | ئیسماعیل باپیر | ١١٦ | م/ حسن خورشید ڕەشۆ |
| ٧٥ | باویل خورشید ڕەشید | ٩٦ | سمكۆ حسن عزیز | ١١٧ | حسێن بوكێ |
| ٧٦ | قاسم بەگ | ٩٧ | ڕەشید حسن عبداللە | ١١٨ | م/ زرار محمد مستەفا |
| ٧٧ | ئەفندی مامۆ محمد مامۆ | ٩٨ | سەعید حاجی حسێن | ١١٩ | حاجی علۆ قساب |
| ٧٨ | هاشم سید سەعید | ٩٩ | ئەنوەر مستەفا ئەفندی | ١٢٠ | م/ محمدالیاس علی الیاس |
| ٧٩ | فریاد مستەفا میراحمد | ١٠٠ | عدالقادرمحمد كبابچی | ١٢١ | محمد حاجی ئیبراهیم |
| ٨٠ | احمد شاە حمدامین | ١٠١ | وەستا علی بۆڕیچی | ١٢٢ | حسێن احمدمحمد/سورچی |
| ٨١ | حسن محمد ئیسماعیل | ١٠٢ | ڕەشید قادراحمد/ زێڕینێ | ١٢٣ | عبداللە حوسنی ئەفەندی |
| ٨٢ | عبداللە نوری بایز | ١٠٣ | حاجی مستەفا مەدێ | ١٢٤ | ڕەفعت عبداللە حوسنی |
| ٨٣ | فەقێ عەولای فەقیانێ | ١٠٤ | سەید فتاح محمود بەگ | ١٢٥ | م/ حیكمت عبداللە حوسنی |
| ٨٤ | ئاغا سەعید حمد | ١٠٥ | محمد مستەفا مەزهەر | ١٢٦ | احمد علی ئیبراهیم |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٧ | وەستا حسن وسوو | ١٤٨ | انور علی امین عبدالله | ١٦٩ | عبدالله سعید محمود |
| ١٢٨ | عزیز سلێمان حسێن | ١٤٩ | محمد مامۆ محمود کاڕش | ١٧٠ | م/سلێمان عبدالله سلێمان |
| ١٢٩ | حسێن حسن ڕەسوڵ | ١٥٠ | سەید احمد سەیدسعید | ١٧١ | غفور محمود کوردە |
| ١٣٠ | محمود احمد فتاح/بەزاز | ١٥١ | ملا احمد نیعمت احمد | ١٧٢ | محمد عبدالله ڕەسوڵ |
| ١٣١ | جەودەت عبداللەحمدامین | ١٥٢ | عبدالله محمد عبدالله | ١٧٣ | احمد سعید محمود |
| ١٣٢ | نجیم عبدالله محمدامین | ١٥٣ | م/هلگۆردابراهیم حسێن | ١٧٤ | مجید خوڕشید ئاغا بەگ |
| ١٣٣ | احمد حمید مجید/سائق | ١٥٤ | کریم فرج خسرۆعلی مراد | ١٧٥ | ئیبراهیم ڕەسوڵ حسێن |
| ١٣٤ | قادرمحمد قادر/ کبابچی | ١٥٥ | محمد امین شێخۆمستەفا | ١٧٦ | یونس فقێ احمد قادر |
| ١٣٥ | ولید نوری باویل ئاغا | ١٥٦ | حاجی حمدامین سۆفی | ١٧٧ | فەرهادمحمدمستەفامەزهەر |
| ١٣٦ | محمد عبدالله سلێمان | ١٥٧ | نبیل حمدامین سۆفی | ١٧٨ | حاجی حسێن چاوشین |
| ١٣٧ | محمد سالح محمود | ١٥٨ | سۆفی مولود حمدامین | ١٧٩ | محمد یوسف میکاءیل |
| ١٣٨ | ڕئوف امین عبدالله | ١٥٩ | حمدامین علی فتاح | ١٨٠ | احمدقادرسۆفی/احمدکەرک |
| ١٣٩ | بایز حسن قادر بەگ | ١٦٠ | احمد حمدامین علی فتاح | ١٨١ | قادر وەستا احمد کەرک |
| ١٤٠ | اسعد احمد سلێمان | ١٦١ | ئیسماعیل محمد سالح | ١٨٢ | حسن یوسف میکاءیل |
| ١٤١ | حاجی ئیبراهیم حمدامین | ١٦٢ | مستەفا احمد حارس | ١٨٣ | محمد شکری قادرمحمود |
| ١٤٢ | خێری زینل خێری | ١٦٣ | عبدالله احمد شێخۆ | ١٨٤ | حسن حمدامین حسن |
| ١٤٣ | ڕەفیق حمد قادر حسێن | ١٦٤ | جمشید سلێمان محمد | ١٨٥ | حمدامین حسن محمد |
| ١٤٤ | محمد شریف سلێمان | ١٦٥ | احمد ابراهیم مستەفا | ١٨٦ | محمد سلێمان محمد |
| ١٤٥ | عزیز سوڵتان محمد | ١٦٦ | حاجی باپیر نیعمت | ١٨٧ | زرار علی مستەفا |
| ١٤٦ | حسن فەرەج یاراحمد | ١٦٧ | محمود سعید محمود | ١٨٨ | سعیدحمدسۆفی/ چەقەڵ |
| ١٤٧ | اسعد سعید حسێن محمد | ١٦٨ | تەها سعید محمود | ١٨٩ | عبدالله تۆفیق اغا |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠ | سەدیق حسێن سۆفی | ٢١١ | عوسمان محمد امین | ٢٣٢ | مخلیس عبدالرحمان محمد |
| ١٩١ | م/ غازی شاکر ئاغا | ٢١٢ | م/ جمشید عبدالرزاق | ٢٣٣ | حاجی حکمت داود خلیل |
| ١٩٢ | محمود شێخ حارس | ٢١٣ | محمد امین ئەفندی | ٢٣٤ | محمد فقێ حسن سلێمان |
| ١٩٣ | سعید شێخ حارس | ٢١٤ | عوسمان بەگ سعید بەگ | ٢٣٥ | علی ئەحمد سلێمان |
| ١٩٤ | وەستا سعید زێرنگەر | ٢١٥ | قادر بەگ سعید بەگ | ٢٣٦ | سەدیق عوسمان قادر |
| ١٩٥ | حاجی شاکر زێڕەنگەر | ٢١٦ | حاجی قادر مستەفا سفار | ٢٣٧ | سەعید شاکر عبدالرزاق |
| ١٩٦ | جلیل شاکر زێڕەنگەر | ٢١٧ | حبیب عبدالله سلێمان | ٢٣٨ | سەدیق شاکر عبدالرزاق |
| ١٩٧ | عوسمان حاجی عمەر | ٢١٨ | عبدالقادر سلێمان ئەمین | ٢٣٩ | ئیسماعیل ئەسعد خیات |
| ١٩٨ | سیدا عمر احمد | ٢١٩ | سوبحی عبدالقادر سلێمان | ٢٤٠ | جمیل جەردیس |
| ١٩٩ | عزیز عمر احمد | ٢٢٠ | م/ سامی عبدالقادر سلێمان | ٢٤١ | ملا مەمدوح مزوری |
| ٢٠٠ | قادرعوزێرئاغا قادر | ٢٢١ | ئەنوەرعلی عبدالرزاق | ٢٤٢ | اسعد ئاغای شێتنەیی |
| ٢٠١ | عزیز ڕەشید احمد | ٢٢٢ | م/ دلاوەر محمد علی ئاغا | ٢٤٣ | سەدیق ئاغا شێتنەیی |
| ٢٠٢ | یوسف ڕەشید احمد | ٢٢٣ | م/ سالّح قادر بەگ | ٢٤٤ | ڕەشید ئەسعد ئاغای |
| ٢٠٣ | مستەفا سعید حسێن | ٢٢٤ | م/ موعسین عزیز | ٢٤٥ | سەعید ئەسعد ئاغا |
| ٢٠٤ | بکر حاجی عمر بکر | ٢٢٥ | م/ حاجی قادر بەڕدێن | ٢٤٦ | جەواد ئەسعد ئاغا |
| ٢٠٥ | حاجی علی ئەمین عبدالله | ٢٢٦ | کمال سعید عمر افندی | ٢٤٧ | تۆفیق ئەسعد ئاغا |
| ٢٠٦ | د/ مەزهر علی امین | ٢٢٧ | عبدالرحمان فقێ حسن | ٢٤٨ | خوڕشید ئەسعد ئاغا |
| ٢٠٧ | انوەر علی امین عبدالله | ٢٢٨ | حسێن بکر احمد | ٢٤٩ | سەعید محمد سالّح |
| ٢٠٨ | سلاح عوزێر ئاغا قادر | ٢٢٩ | عبدالقادرشەوکت سەفار | ٢٥٠ | عبدالله ئیبراهیم خدر |
| ٢٠٩ | ئیبراهیم حمد لاو | ٢٣٠ | تۆفیق شەوکت سەفار | ٢٥١ | م/ فتاح محمود ئەحمد |
| ٢١٠ | نبی حمد لاو | ٢٣١ | ملائیسماعیل محمد سالح | ٢٥٢ | عبدالله محمود ئاسنگەر |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥٣ | سلێمان دەروێش ڕەشید | ٢٧٤ | ڕەفیق بکر سەعدالله | ٢٩٥ | ملا عبدالڕزاق حمدامین |
| ٢٥٤ | کمال سالّح سەلمێ | ٢٧٥ | محمد سەبری حسن | ٢٩٦ | سەید محمد سەیدمجید |
| ٢٥٥ | م/ ئەکرەم عباس دێو | ٢٧٦ | حمدامین حمد حمدامین | ٢٩٧ | حاجی سەیدۆک |
| ٢٥٦ | حمدامین ئەفندی | ٢٧٧ | حسن مکتبه | ٢٩٨ | حاجی سید حسێن |
| ٢٥٧ | ڕسوڵ خباز | ٢٧٨ | عزیز نیعمت احمد | ٢٩٩ | جەودت جمیل سالّح |
| ٢٥٨ | سالم کمال | ٢٧٩ | عبدالله عزیز یوسف | ٣٠٠ | وەستا محمد نجاڕ |
| ٢٥٩ | حسێن احمد مراک | ٢٨٠ | خدرعلی عبدالله/خدر عالی | ٣٠١ | حسێن سلیم احمد |
| ٢٦٠ | محمود حسێن ئەحمد | ٢٨١ | حاجی کوردە محمود | ٣٠٢ | شمس الدین سلێمان بەگ |
| ٢٦١ | کریم سۆفی مولود | ٢٨٢ | محمد حاجی کوردە | ٣٠٣ | تەهابکرتەها سابیر/ خباز |
| ٢٦٢ | سلێمان علی گاور | ٢٨٣ | عبدالله محمد/عبدێ نجاڕ | ٣٠٤ | سیدا حاجی ئیبراهیم |
| ٢٦٣ | ڕەشید بایزعلی | ٢٨٤ | جمال عبدالله محمد/ نجاڕ | ٣٠٥ | حاجی احمد پێ نەرمۆکە |
| ٢٦٤ | خلیل کاکل ئەحمد | ٢٨٥ | فتح الله قادر یوسف | ٣٠٦ | ملا عزیز قادر ئیبراهیم |
| ٢٦٥ | کاک امین محمودکاکامین | ٢٨٦ | سەدیق سلێمان احمدگۆنە | ٣٠٧ | قادر عزیز قادر ئیبراهیم |
| ٢٦٦ | ملا ئەحمد وەرتی | ٢٨٧ | ئیسماعیل خوڕشید ئاغا | ٣٠٨ | محمدحمدامین ئیبراهیم |
| ٢٦٧ | حاجی حاجی ئیبراهیم | ٢٨٨ | نبی حمدامین حسێن | ٣٠٩ | ئیبراهیم حمدامین ئیبراهیم |
| ٢٦٨ | عبدالرحمان سلێمان علی | ٢٨٩ | احمد نبی محمدامین | ٣١٠ | کمال ملا حسن |
| ٢٦٩ | م/ وەفا قادر سوڵتان | ٢٩٠ | سیدمحمد سیدقادر عزیز | ٣١١ | حاجی تاهێر ملا احمد |
| ٢٧٠ | سمکۆ خیات | ٢٩١ | جوهرحسن سالّح عبدالله | ٣١٢ | حسن حاجی تاهێر |
| ٢٧١ | ئەمین ئەفندی ڕواندزی | ٢٩٢ | مستەفا علی تەها | ٣١٣ | حسێن حاجی تاهێر |
| ٢٧٢ | علی حیدرسلێمان بەگ | ٢٩٣ | احمد علی تەها | ٣١٤ | محمدملا احمد /پڵێنگ |
| ٢٧٣ | حاجی مستەفا خلیفه | ٢٩٤ | کریم حسن احمد هەینی | ٣١٥ | عبدالله علی احمد |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣١٦ | عوسمان علی احمد | ٣٣٧ | م/ عوسمان مستەفا حسن | ٣٥٨ | ئيبراهيم ملا قونديل |
| ٣١٧ | عبدالله پڵينگ | ٣٣٨ | عمرمستەفاحسن/عمركەڕ | ٣٥٩ | ڕەسول سەعيد بەگ |
| ٣١٨ | شێرۆ پڵينگ | ٣٣٩ | عبدالستار بەزاز | ٣٦٠ | فتاح بەگ سعيد بەگ |
| ٣١٩ | ڕەمەزان حمدامين رسول | ٣٤٠ | عبدالغفار عبدالستار بەزاز | ٣٦١ | حمدامين مستەفا حسێن |
| ٣٢٠ | عبدالله زرارعلی ئەفندی | ٣٤١ | احمد عەبد احمد | ٣٦٢ | ساڵح مستەفا حسێن |
| ٣٢١ | م/ حسێن تاهێر نەبی | ٣٤٢ | جبار مامە شێخ ملاشێخ | ٣٦٣ | محمدامين گابەدين |
| ٣٢٢ | جبار جميل جرديس | ٣٤٣ | سيد حسێن سيد ڕەسوڵ | ٣٦٤ | مجيدرەسوڵ/مجيد عمبار |
| ٣٢٣ | عزيزحاجی مستەفا سفار | ٣٤٤ | احمد عبدالله حسن/قوت | ٣٦٥ | كمال منيرەخان |
| ٣٢٤ | حسن خدر مولود | ٣٤٥ | سۆفی رحمان رسول | ٣٦٦ | محسين عبدالرحمان |
| ٣٢٥ | حسێن حمدامين جۆلا | ٣٤٦ | قادر عبدالله ملا شێخ | ٣٦٧ | شێروان عبدالرحمان |
| ٣٢٦ | خدرحمدامين جۆلا | ٣٤٧ | ملاشێخ عبدالله ملاشێخ | ٣٦٨ | حاجی علی عوسمان |
| ٣٢٧ | م/ حسێن ئيبراهيم احمد | ٣٤٨ | علی سيد احمد | ٣٦٩ | قادر عزيزحمد/قادركتك |
| ٣٢٨ | حاجی ڕەسوڵ عدی | ٣٤٩ | احمدحسن عمركاروانچی | ٣٧٠ | ئەسعدشاكرعبدالرزاق |
| ٣٢٩ | كريم محمود احمد | ٣٥٠ | ئيبراهيم كاروانچی | ٣٧١ | ساڵح محمد حسن |
| ٣٣٠ | حيدر قادر ڕواندزی | ٣٥١ | ئەسعد كاروانچی | ٣٧٢ | اسعد علی نبی |
| ٣٣١ | قادر حاجی ڕەسوڵ | ٣٥٢ | عزيز كاروانچی | ٣٧٣ | قادر فتاح |
| ٣٣٢ | سلێمان عبدالله سلێمان | ٣٥٣ | ئيسماعيل كاروانچی | ٣٧٤ | عبدالله حاجی حاجی |
| ٣٣٣ | م/صديق حاجی حمدامين | ٣٥٤ | سەعيدی نادی | ٣٧٥ | عزيز ئاغای كاولۆكان |
| ٣٣٤ | سعدالله حاجی حمدامين | ٣٥٥ | م/ عارف جنديانی | ٣٧٦ | فتاح حسن ئيبراهيم |
| ٣٣٥ | حسن عبدالله ملا شێخ | ٣٥٦ | م/ مامەند ئاغا | ٣٧٧ | حمدامين حسێن مستەفا |
| ٣٣٦ | بنەماڵەی محمد گورگۆ | ٣٥٧ | عزيز عبدالله ملا قوبديل | ٣٧٨ | جالال عەتال |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٧٩ | ئیسماعیل احمد کەرک | ٤٠٠ | شێرکۆ سعید قادر | ٤٢١ | سەعدی حمدامین محمد |
| ٣٨٠ | شاکرئاغای کاولۆکان | ٤٠١ | نەجات سەعید قادر | ٤٢٢ | اکرم ئیسماعیل حیدەری |
| ٣٨١ | موعتسیم عزیز سەعید | ٤٠٢ | عبدالله حبیب عبدالله | ٤٢٣ | سەعید مستەفا حسێن |
| ٣٨٢ | عزیز بەگ فقیانێ | ٤٠٣ | عەباس مستافا عزیز | ٤٢٤ | ملا خالید مەلەکی |
| ٣٨٣ | یەحیا بەگ شێروانی | ٤٠٤ | خالید محمود ئەحمد | ٤٢٥ | سەید تەها سەید نەبی |
| ٣٨٤ | علی حسێن علی/گاور | ٤٠٥ | حسێن خدر حسێن | ٤٢٦ | عبدالغالق ئیسماعیل محمد |
| ٣٨٥ | نوح حمدامین عزیز | ٤٠٦ | فتاح شێخ حارس | ٤٢٧ | خدرعبدالله قادرشێخ |
| ٣٨٦ | عمر عبدالله سلێمان | ٤٠٧ | حمه نەحمان مستەفا | ٤٢٨ | خالیدحاجی محمود/ پەڕۆ |
| ٣٨٧ | محمد امین عزیزحسێن | ٤٠٨ | م/ئیسماعیل عبداللهعبدالله | ٤٢٩ | شیخه ملا ڕەسوڵ |
| ٣٨٨ | وەستا نەبی احمد/گورگ | ٤٠٩ | حمه زیاد فەقیانی | ٤٣٠ | ملا تاهێر گەرەوەی |
| ٣٨٩ | ئیسماعیل احمدئیسماعیل | ٤١٠ | خالید ڕەشید حسێن | ٤٣١ | حاجی محمد حمد عباس |
| ٣٩٠ | ئیسماعیل احمدئیسماعیل | ٤١١ | حاجی مغدید کوێخا | ٤٣٢ | حاجی ڕەسوڵ حمد عباس |
| ٣٩١ | حارس حسن شێروانی | ٤١٢ | خالید حاجی مغدید | ٤٣٣ | حاجی علی حمد عباس |
| ٣٩٢ | فتاح حسن شێروانی | ٤١٣ | خدر عبدالله خدر | ٤٣٤ | حسن تاهێرنەبی/پەنچەر |
| ٣٩٣ | ملا علی ئاکۆی | ٤١٤ | عبدالواعید محمد محمد | ٤٣٥ | حمید حاجی محمود/ پەڕۆ |
| ٣٩٤ | حاجی احمد ئاکۆی | ٤١٥ | م/ ئیبراهیم عبدالواحید | ٤٣٦ | سەید سەلیم سەید نەبی |
| ٣٩٥ | حاجی احمدقادر/ پوشۆ | ٤١٦ | ئیسماعیل عبدالواعید | ٤٣٧ | سەید عومەر سەید نەبی |
| ٣٩٦ | حاجی عبدالله احمد | ٤١٧ | سەعید ڕەزاق ملا احمد | ٤٣٨ | سەیدعبدالله سەید نەبی |
| ٣٩٧ | عبدالله حمد عباس | ٤١٨ | تاهێر جانگیر دەرباز | ٤٣٩ | سەید ڕەشید سەید نەبی |
| ٣٩٨ | جەبار سیدا ئیبراهیم | ٤١٩ | ڕەسوڵ فقێ عوسمان | ٤٤٠ | فتح الله کامەلا |
| ٣٩٩ | محمد ڕەشید | ٤٢٠ | سیداحمد حمدامین محمد | ٤٤١ | وەستا عەونی نەجار |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٤٢ | مستەفا حەلاق | ٤٦٣ | حسێن مەمی خان | ٤٨٤ | وەسمان ئاغای جوندیان |
| ٤٤٣ | ئەحمد حلاق | ٤٦٤ | ملا تاهێر ملا خدر | ٤٨٥ | سالّح ئیسماعیل باپیر |
| ٤٤٤ | م/مەزهەرمحمد نەورۆز | ٤٦٥ | حسێن حاجی لتیف | ٤٨٦ | قادر شێخە بەگ/ ق نادی |
| ٤٤٥ | قادر وەلی خەیات | ٤٦٦ | حمدامین مولود مستەفا | ٤٨٧ | قادر ئاغای موختار |
| ٤٤٦ | وەستا ئەحمد نەجاڕ | ٤٦٧ | سالّح کوده | ٤٨٨ | مرواد ڕەسولّ |
| ٤٤٧ | سلیم خان حمدامین فتاح | ٤٦٨ | ونس مجید مستەفا | ٤٨٩ | ڕەشید سەعید حسێن |
| ٤٤٨ | عبدالله الیاس | ٤٦٩ | همزەبەگ ڕەسەڵ بەگ | ٤٩٠ | جبار محمود خوله |
| ٤٤٩ | ملا عمرحسن مەلاژن | ٤٧٠ | ڕەشا ئاغای ڕواندزی | ٤٩١ | قادر یوسف حسێن |
| ٤٥٠ | عارەب کاک ئەحمد | ٤٧١ | سەعید حسن ئەحمد | ٤٩٢ | سلێمان یوسف حسێن |
| ٤٥١ | عبدالله کاک ئەحمد | ٤٧٢ | محمود ڕەحیم ڕەشید | ٤٩٣ | حاجی کاک احمد |
| ٤٥٢ | سالّح حکیم حسێن | ٤٧٣ | جەلال محمود ڕەحیم | ٤٩٤ | جمال محمود خولّه |
| ٤٥٣ | حکیم سالّح | ٤٧٤ | هادی حسن علی | ٤٩٥ | محمد یوسف جەعفەر قادر |
| ٤٥٤ | ئازاد محمد نەورۆز | ٤٧٥ | عبدالله خورشید بەگ | ٤٩٦ | عبدالله علی عبدالله/نازدارێ |
| ٤٥٥ | شێرکۆمحمدقادر/کبابچی | ٤٧٦ | مستەفا عارەب | ٤٩٧ | عبداللهئیسماعیل عزیز ئاغا |
| ٤٥٦ | م/ سعید محمود احمد | ٤٧٧ | خدر عارەب | ٤٩٨ | محمد الیاس حارس/شەپۆ |
| ٤٥٧ | کریم ڕەسولّ حسن | ٤٧٨ | محمد خەبات | ٤٩٩ | مەجید الیاس حارس |
| ٤٥٨ | محمد گارگارین | ٤٧٩ | مام سولّتان | ٥٠٠ | خورشید ڕەشید خورشید |
| ٤٥٩ | حاجی ڕەحمان عەدی | ٤٨٠ | ئەحمد ڕەسولّ | ٥٠١ | تقی الدین قادر بەگ |
| ٤٦٠ | تاهێر عبدالرحمان عدی | ٤٨١ | بهرام شوکت بەگ | ٥٠٢ | حسن محمد ئیسماعیل |
| ٤٦١ | ملا خدر ئاکۆی | ٤٨٢ | حاجی فتاح شێخۆ عبدالله | ٥٠٣ | فەخری بەگ سلاح شور |
| ٤٦٢ | ئەسعد باپیر عبدالله | ٤٨٣ | جمال سیدا ئیبراهیم | ٥٠٤ | حوسێن حوزنی موکریانی |

| | |
|---|---|
| ٥٠٥ | محمد زین الدین حەسەن |
| ٥٠٦ | ئیسماعیل مولود حسن |
| ٥٠٧ | ناوخۆشعبدالرحمان احمد |

## * شاری ڕواندز *

قەزای ڕواندز یەکێکە لەشارە هەرەکۆنەکانی کوردستانی باشور و دەوڵەتی ئێستاکەی عێراق، ڕواندز بەدوری (١٢٥) کیلۆ مەترلەشاری هەولێردووورە، لە کاتی خۆیدا مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی بووە، چونکە شوێنی جوگرافیای ڕواندزکەوتۆتە سەرسنوری ئێران وعێراق وتورکیا، هەروەها ڕواندززیاترلە (٢٠٠) ساڵ پایتەختی میرنشینی سۆران بووە، چەندین ناوچەی گرینگی لەژێر دەستی بووە حوکمی تیاکردوە، ئێستاکە شاری ڕواندز کەوتۆتە سەرلوتکەی شاخی دۆڵی گەلی ودۆڵی خەرەندی شاری ڕواندز لوتکە شاخەکە لە ژێر چیای کۆرەک و بانەزۆک دەست پێدەکات و تەسک دەبیتەوە تا دەگاتە سەرڕوباری کاوکۆکان، ڕواندزچەندین جارلەلایان دوژمنان وهێرشی ڕووسیاوعوسمانیەکان وحکومەتەیەک لە دوای یەکەکانی عێراق سوتاوەوکاول و وێرانکراوە، خەڵکەکەشی ئاوارەو دەربەدەربووە،




**وێنەیەکی کۆنی شاری ڕواندز**

دیمەنی سروشتی شاری ڕواندزئەوەندە جوان ودڵڕفێنە مرۆڤ والێدەکات کە لەبەهەشتێک دابێت، هەروەها چەندین سەرچاوەی ئاو وتاڤگەی جوانی هەیە وەک سەرچاوەی ئاوی بێخاڵ وجوندیان وگەلی علی بەگ وگەلی مێگر وگەلی شێخ سەیدی کەڕەک وگەلی ئاکۆیان وسەران، بۆیە ئەوەش وای کردوە کەگەشتیارێکی زۆر لە هەموو شوێنێک ڕووی تێ بکەن و کاتەکانیان لەم هاوینە هەوارە فێنک وخۆشانە بەسەرببەن، هەروەها خەڵکی شاری ڕواندز خەڵکێکی بەئەمەک ودڵسۆزو میوان دۆستن،

## * تێبینی کۆتایی *

لەکۆتایی کتێبەکەدا داوا لە گشت کەسایەتیەکانی شاری ڕواندز دەکەم ئەگەر هەرکەم وکورتیەک لەسەر نوسراوەکان و باسکردنیان ناتەواو بێت، دەگەڕێتەوە، سەر ئەوکەسەی کە زانیاری بە تەواوەتی بۆمن نەناردوە وەیان ئەوکەسانەی کە لەبیرکراون، هەرچەندە من لەفەیزبووک ماوەی یەکساڵ زیاترخەڵکم ئاگادار کردبووەوە ئەوکەسانەی بە پیربانگەوزەکەم هاتن نوسراویان داوە بەمن ناویان تۆمارکراوە، هەروەها هەندێک لەکەس وکاری کەسایەتیەکان نوسراویان بەتەواوی نەناردوە، بۆیە ئەوانیش لەبەرکەم وکوڕی بابەتەکەیان دامان نەناوە، بۆیە داواکارم بۆبەرگی کتێبی دووەم دەتوانن نوسراوێکی جوانی خانەوادەکەیان وەک کەسایەتێک وخەڵکی شاری ڕواندز، بۆم بنێرن، ئینجا لەکتێبی بەرگی دووەم بەجوانترین شێوە دای دەنێین و باسیان دەکەین، بۆیە لەکۆتایدا داوای لێبوردن لەوکاسایەتیانە دەکەم کەناوەکانیان بەدەستم نەگەیشتووە، کەهەندێکیان بەهۆی کەم تەرخەمی کورونەوەکانیان وخزم و کەس و کاریان بووە، هەروەها لەکۆتایدا سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کەزانیاری تەواوی کەسایتیەکان وبنەماڵەکەی خۆیان داوە بەمن دووبارە زۆر سوپاسی گشت لایەک دەکەم ئەوەی بە یەک ووشە یارمەتی منی داوە.